# کاکە مەم بۆتانی

## (کاکە مەم)ێکی تر



بیرەوەری..

# کاکە مەم بۆتانی

## ( کاکە مەم ) یێکیتر

# یاداشت

بەرگی یەکەم

ژمارە ( ٦٨ )ی بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژە

■ کتێب: (کاکە مەمێکی تر)
■ نوسینی: کاکە مەم بۆتانی
■ ژمارە (٦٨)ی بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ
■ مۆنتاژ: طه حمه نوری
■ سەرپەرشتی چاپ: سەردەشت حمەصالح
■ تیراژ: (١٠٠٠) دانە
■ چاپخانەی: سیما
■ ساڵی چاپ: ٢٠٠٥ ز
■ ژمارەی سپاردن: (٥٤٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ.

# مێژووە بێیادەکانی (شار)

## کۆست

## (١)

ئێمەی منداڵ ، هەر ئەوەندەمان دەزانی کە (باب) مان دەردە دارە ، بەڵام چییە و چۆنە؟.. نەک ( ئافتاو ) ی پێرۆکە و ( سلێمان ) ی پێنج ساڵە ، بۆ منی حەوت ساڵەش روون نەبوو!.. تەنیا شتێك کە منی لەوان هاوێر دەکرد ، هەناسە ساردی و دڵۆپە فرمێسکە بێدەنگیەکانی دوای گریانی بە کوڵی ( هەمین ) ی دایکم بوو . ڕۆژانە ژن و پیاوی گوندی ( هەرتەل ) بە تایبەتی فەراش و خێزانی .. بە پەرۆشەوە هەواڵیان لە خێزانی( چوارشەو ردشی سەرو روو داپۆشراوی) دەپرسی ، ئەویش بە مەلولییەوە ، هەناسەی بێدەسەلاتی هەڵدەکێشاو سوپاسی دەکردن. کە نائومێدیش سەری تێدەکرد ، بە دەم شەرمی ئافرەتی شارییەوە دەیووت ( لە ڕۆژان خراپترە!) ئەوانەی خۆیان بە دراوسێ و نزیکتر دادەنا ، جگەرە خۆرێ لە پشت سەری ( فەخری ) دادەنیشتن و پڕ بە دڵ دوعای چاك بوونەوەیان بۆ دەکرد .. بەڵام بۆ نەیان دەبردە دکتۆری شارۆچکەی کۆیە ، رانیە.. بۆ نەیان دەگەیاندە شاری هەولێر ، سلێمانی .. ئێمە لێیحاڵی نەبووین .. فێریش کرابووین ، لەکاری گەوران هەڵنەدەینێ!..

زۆر ڕۆژی خۆش ، لاساری ، من و برامی دەگەیاندە کۆڵانە پیسەکان و گۆڕەپانی قوڕی بەردەم مزگەوت و لە تەك منداڵانی ئاوایی یاریمان دادەبەست یان سەیری ( مووشێن ) ی لاوان و ( جگێن ) ی لە خۆمان هەراشترمان دەکرد .. هەر یەکێ دەیدیتین ، دەستی دڵسۆزی بەسەرماندا دەهێنا و هەواڵی باوکمانیان دەپرسی.. ئێمەش بەدەم وازییەوە ، هەمان وەڵامی دایکمان دەدایەوە!.. بەدەم دۆعا و نزای خێرەوە دوای چاکبوونەوەیان بۆ دەکردو لەبەینی خۆشیاندا دەیانووت:

– هەوکردنی سیی ، دەرمانی نییە.. خوا رەحم بە لاویەتی خۆی و جوان و جحێڵی خێزانی و کۆرپی ساوای بکا ! ! .. لە نەساغی ( فرك ) دەرباز بوون زەحمەتە !

ئێمە ، وەك تووتی ، قسەی ( مەلا ) مان دەوتەوە (.. توشی ذات الرئە بووە) بێئەوەی مەترسی دەردەکە بزانین . نەبردنە شاریش ، لای ئێمە، مەسەلەیەك نەبوو!.. جا هەر کەسێ نەخۆش بوو ، بیگەیێننە شاری ، دەبێ هەموو دێیەکە هەر بە رێگاوەبن!

هەرتەل ، گوندێکی ۳۰– ۳۵ماڵەی لاچەپ و عاسێ و دوورە شارستانی بوو . کەوتبوە لای چەپی دۆڵی دوور و درێژی پڕ ئاو و رووباری خۆشناوەتی.. دۆڵی هەرتەلی لێژو تەسکی پڕ درەخت و کانی و سۆلاو ، تا بەرەو خوار دەبۆوە پان و فراوانتر دەبوو . باخ و باخاتی گوێز و هەنار و ئاربیاری و هەرمێ و هەنجیر و سێوە لاسوورە و .. رەزی بچوکی زۆر بوو . لە لاپاڵی بەشی خواروی دۆڵەکە، پەڵە دانەوێڵە و نیسك و ماش و نۆك و .. سەوزە و میوەی هاوینە دەکرا . کێوەکانی دەوری دارستان و لێرەواری بەروو ، مازوو، کەوەت، دارەبەن ، ترش ، هەرمێ کێویلە . بوون .. دانەوێلەی ئەوەندە کەم بوو ، بەشی خاوەنەکەشی نەدەکرد . هەندێ لە گوندیەکان ، کردبوویانە پیشە ، پایزان ، کەر و باری : مێوژ ، گوێز ، هەناری شیرین ، جەوت ، بەرووی گەورە و شیرین ، دۆشاو ، هەنگوین ، بنێشت .. یان بەرەو گەرمێن دەبردو بە گەنم و جۆیان دەگۆڕییەوە یان لە شارۆچکەکاندا دەیان فرۆشت و بە پارەکەی پێویستیەکانیان دەکڕی . کاروانە رێی ، بەلاپاڵی شاخەکەدا دەکشا ، تا دەگەیشتە دۆڵە بەرینەکەی خۆشناوەتی و تێکەڵ بە کاروانە رێیەکانیتر دەبوو .. لە دووڕیانێکدا رێگەی کۆیێ لایدەدا و راستەڕیش بەناو دێی ( سەروچاوە ) دەچووە رانیە.

لە زستاندا ، بەفرێکی زۆر لە ناوچەکە دەکەوت و رێی کاروانیشی دادەپۆشی و بە مانگ لە شارۆچکەکان دادەبڕان . ئەوەندەی پێیان بکرایا شەکرو چاو نەوت .. یان دا دەکرد. هەر لە پایزانەوە داری قەراشکەرییان لە پەنا دیوار و ئاخوڕ و ژێرخان هەڵدەچنی .. زووربەی

ماڵەکان ، بۆ ڕووناکی شەوان ( قوتیلە ) ی نەوت یان ( شاپلیتە ) یان پێدەکرد .. چرا .. تەنیا لە ماڵی کوێخا و مەلا و مامۆستادا هەبوو! .. سۆپای دار باو بوو ، ئاگردانیش لە ناوەڕاستی ژووری ماڵەکاندا هەبوو .

هاوینی هەرتەل سازگارو خۆش و فێنك و دڵگیر .. بوو . ڕێگای پێچاوپێچی ژێر سێبەری درەختان ، ڕێبواری دەخستە دنیای خەون و خەیاڵ و ئارەقەی ماندوو بونی بە گەڵاکانی دەسڕی! .. ئێستاش ، ئەو ساتانە ، ناخم دەهەژێنێ! .. شەیدای ئەو تاڵە ڕەنگاڵانەم کە لە دڵۆپە ئاوی سۆڵاوەکەوە دیار دەبوو . کە خۆر لە بەینی گەڵای پانی دار گوێزەوە خۆی بەکانی و حەوزو ئاوەکەدا دەکرد و پەلکە زێرینەی دەوروژاند! .. زووربەی پاشنیوەڕۆیانی هاوین بە دوای باوکماندا هەڵدەزناین و لە بەردەم سۆڵاوەکە وازیمان دەکرد و پڕ بەدەم پێدەکەنین. فەڕاشەکەش ، لە تەختانیەکدا ، لاکێشێکی رادەخست و سەرینێکی خڕی دادەنا و مامۆستا شانی دادەدا و بە دەم خوێندنەوەی کتێب و گۆڤاری گەلاوێژ و موجەلەی موعەلیم و .. ڕۆژی بەسەر دەبرد..

نازانم .. لە نەگبەتی بابمان بوو ، کە ساڵی ١٩٤٢ ئەم قوتابخانە یەك مامۆستاییە ، لەم لاچەپە قوتکرا بۆوە یان ڕێکەوت دەوری دیبوو؟.. ئەگینا ، لە سەرەتای چلەکاندا ، لە زووربەی شارۆچکەکاندا قوتابخانە و مامۆستای پێویست نەبوو! .. ڕاستی ئەم کارە لەکەس روون نەبوو.. هەندێ دەیانگوت : لەسەر داوای ئاغای ناوچەیە ، بۆیە کوێخا دیوەخانی لەقەبەڵ کردووە! .. هەندێکیتر بۆ ئەوە دەچوون کە خەڵکی گوندەکە ئەوەندە گەرمێن و شاریان کردووە ، چاویان کراوەتەوەو خۆیان داوایان کردووە! .. بەڵام سیاسیەکان رایان وا بوو کە حکومەت لە رقی ئێران قوتابخانەی لە گوندەکانی نزیك سنور کردۆتەوە ، دەیەوێ شارستانیەتی عەرەبان نیشانی فارسان بدا! .. لە کاتێکدا ، بێدەرامەتی ، بێ نەوتی .. باوبوو . برسیەتی بەرویانەوە دیار بوو . خواردنی سەرەکیان : شلە ساوار . پیرخەنی . دۆینە . سەمەنی . نیسك. نۆکاو . کەشك .. بوو . بەرچاییان باش بوو . نانیان مزاش بوو. شەکر و چا کەم بوو . هەتا ئێمە و ماڵی کوێخاش .. مانگی چەند ڕۆژێ

چامان بە قەسپ دەخواردەوە .. ئەو شەکرە ئەسمەرە دەنگ گەورەیەی لە (تەمووین) وەردەگیرا .. دەکولێندراو دەکرا (قەند) و چاش هەر بە (دیشلەمە) دەخورایەوە .. لە بەرچاییا ، شیرینێکمان بۆ تێدەکرا (شەکرەکە ئەوەندە کەم بوو) ئەویش نیمچە تاڵ بوو .. رۆژێ ، زۆرم هەوڵدا بۆیان شیرین نەکردم ، چاوی پڕ فرمێسکی پاڕانەوەم دڵی باوکمی نەرم کرد .. سێ دەنکە شەکری (هەریەك بەقەد دەنکە نیسکێکی بچوك ) بۆ تێکردم بێ ئەوەی تامی بگۆڕێ!!.. گۆشتی پەرەوری هەفتانە هەر لە ماڵی کوێخاو مامۆستا دەخورا . خەڵکی ئاوایی ( بەمەلاشەوە) دەمیان لە گۆشت نەدەدا . مەگەر مریشکێ خەریکبێ مردار بێتەوە ، یان کەڵەبابێ لە ناوەختدا بانگی دابێ ، یان پەزێکی نەخۆش ، نەتوانرابێ بگەێندرێتە شارۆچکە!.. تەنیا چەژنان گۆشتاریان هەبوو . بەڵام ئێمە لە پایزانیشدا ( قاورمە ) مان دەکرد .
دوو – سێ ساڵ بوو قوتابخانەکە کرابۆوە ، باوکم تاکە مامۆستای هەموو وانەی هەر سێ پۆڵ بوو . گشتمان نۆزدە قوتابیێ بووین . لە سەرەتای ساڵی خوێندنا ، باوکم ، فەڕاشەکەی بە دوای خۆی دەدا و ماڵ بە ماڵ دەسوڕایەوە .. جامە دۆیێ ، ئاوێکی لا دەخواردنەوەو داوای لێدەکردن منداڵەکانیان بنێرنەوە بەر خوێندن ، بە نیمچە پاڕانەوەوە :
– هیچ نەبێ ، قورئان دەور دەکەنەوە . فێری خوێندن و نووسین دەبن و کاغەزی عەزیزانتان لۆ دەخوننەوە.
بەڵێنیشی دەدانێ ، رێگای کاسبییان نەگرێ و رۆژانی نۆرە شوانی و گاوانی و رەز برین و کاری جوتیاریش مەرەخەسیان بکا.. مەلای دێش بە پێچەوانەوە ، پەشیمانی دەکردنەوە . لە وتەی هەینیشدا هێرشی دەکردە سەر قوتابخانە .. چەند جار ، لەسەر ئەمە ، دەمەقاڵێیان بووە، لێك زوویر بوون . بەڵام کە نەخۆشکەوت ، سەری لێدەداو دۆعای بەسەرا دەخوێند .. تا باوکم دەردی کوشندەتر دەبوو ، فرمێسکی دایکیشم بە خوڕتر و هەناسە ساردیش بۆ ئێمە .. ژنی فەڕاش شەوانە ( بە دەست و شاپلیتەیەوە) دەهات و شەونخونی لە گەڵ هەمین

دەکێشاو چاودێری ئێمەیان دەکرد ( کە لە پەینگانی باوکماندا جێگامان بۆ ڕا دەخرا ) تا .. شەوەی ١٨ / ٢ /١٩٤٤ لە زریکە و شین و شەپۆڕی بەر چرای دایکم بەخەبەر هاتین .. پیاوانی ئاوایی بە سەرمان وەربوون و لاشەی ساردەوە بووی فەخریان بردە مزگەوت و قورئانیان لەسەر خوێند (ئەو نەخۆشیە ئێستا بەچەند دەرزییەکی بەنسلین بنبڕ دەبێ!!) هەر بەو شەوە تاریك و ساردە ، تەتەریان رەوانەی کۆیە کرد!.. پاش مەلا بانگدان ، شۆرا و پێش خۆرهەڵاتن کفن کرا . دارە مەیتیان لەسەر ( بارگین ) دابەست و مەیتی فەخری (٣٣) ساڵەیان لەسەر دابەست . هەمینیش سواری ( هێستر ) کراو کچیش لە باوەشیا. من و سلێمانیش سواری گوێدرێژمان پێبڕا . لەگەڵ چەند گوندیەکی پیادە رێمان کرد .. لەژێر هەوری سەختی زستاندا ، بەرێگای تەسك و بەردەلانیدا بەرەو خوار بوینەوەو بە درێژی رێگا ، دایکمان فیغانی بوو ، دەیلاواندەوە .. لە حەشمەتی گریانا شل بوو ، ئافتاوی لە دەست کەوت و ماوەیەك بێهۆش بوو . هەر چەندە ئافتاو بریندار نەبوو . بەڵام ملی نەدەگرت .. ناچار لە کۆڵی کاروانچیەکیان شەتەك دا .. دایکم لەبەر سۆزی گریان هۆشی بە کچەوە نەبوو. ئێمەش ، چۆن لەشەوەوە حەپەسابووین ، هەروا مابووینەوە!!

پێش ئەوەی بگەینە ناوشار ، خزم و دۆست و فەرمانبەر و مامۆستا و خوێندکاران .. لە پێشوازی تەرمی ریزیان بەستبوو . خاڵوانم و رەفعەت عیزەتی ئامۆزام لە پێشیانەوە بە مەلولیەوە وەستا بوون . رەفعەت بە کوڵ دەگریا و بە دوای لاشەکەیەوە شیوەنگێر بوو . لە مزگەوتی (قامیشان) نوێژیان لەسەر کردو لە گۆڕستانی ( عەرەبیان ) نێژرا .. حەفتەی نەچوو ( ئافتاو ) یش دوای باوکم کەوت!.. من و سلێمان و هەمینی بێوەژنی (٢٤) ساڵەی جوان و جحێڵ ماینەوە . کە مامە عەبدوڵلام لە (دیوانیەوە) گەیشت ، شیوەنی تازەکردەوە!.. بارو بارگەمان لە ( هەرتەل ) هاتەوە ، لە خانووی حاجی سۆفی مستەفای ( باپیرم ) ژوورێکمان لە ( سۆفی بەکری خاڵم ) وەرگرت . بەڵام ئاگر و

دوومان یەکبوو . پاش چەند ڕۆژێ چوومەوە قوتابخانەی ( ئەوەلی ) سەرەتایی کوڕان.

ماڵەکەمان ، هەر ئەو خانووە کۆنە کەلتورییە بوو کە خاڵەکانم و پورەکانمی تێدا لە دایك بوو بوون . دەرگایەکی گوێزی گەورەی قورس بە ( کلیل و کلۆم ) داخراو . ڕاڕەوێکی درێژ دەچۆوە سەر حەوشە و حەوزێ کە بۆ دەستنوێژ هەلگرتن دروستکرابوو . خانوەکە دووقاتێکی گومبەتی بە بەرد و گەچ و قسڵێ دروستکرابوو . سێ ژووری بەرهەیوانێ لە خوارەوە ، دوو ژووری ( کەلەگی ) یەك لە سەرەوە . قاڵدرمەیەکی گومبەتی رگیش بۆ سەربان ( لە یادی دە ساڵەی کۆچی عومەر دەبابەی سەرکردە داوام لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد ، بکرێتە مۆزەخانەی کەلتووری بۆ شاری کۆیە ! ) .

(٢)

ئەوەی لەم بنەماڵەوە بە من گەیشتووە(مەلاسلێمانی صبغة الله)ی باپیری باوکم ( کە سلێمانی برامی بە ناو کراوە) لە مزگەوتێکی ( سنجق)ی جزیرەی کوردستانی باکوور ، مەلا و خەتیب بووە . هەر لەوێش ژنی هێناوە . لە نەوەکانی کوڕی ( سامی ) هەبووە . ئەویش لە دایەرەی( پۆستە )ی دەوڵەتی عوسمانی بۆتە فەرمانبەر . خزمایەتیەکی نزیکیشمان لە گەڵ بنەماڵەی ( وەستا ) هەیە کە نەوەکانی لە ناوچەی رەواندز و گەلالە دەژیان . لەوانە حەسەن کە بە ( خادم ) ناسراوبوو ، حوسێن ( نەوەکانی لە هەولێر دەژین ) سامی ژنی هێناوە و عیزەت و نەدیم و کەمال ( کە بەلاویەتی دەمرێ ) و حەلیمی لێبووە و ( نەوەی نەوەکانی عیزەت لە شاری هەولێر دەژین و هی حەلیمەش لە باقوبە – بعقوبە – ن و نەدیمیش وجاخ کوێر بوو ) . خێزانەکەی کۆچی دوایی دەکا . لە خێڵی ( شکاك )ـان ( عەیشێ ) دێنێ و بە فەرمانبەری دەکەوێتە ئەمەد و جزیرە و رەواندز و هەولێر و

کۆیێ . عەبدوڵا لە جزیرە ١٩٠٨ لە دایك دەبێ لە شاری کۆیێ فەخری ١٩١١ و فتحیەی لێدەبێ . کە هەراش دەبن ، پێش ئەوەی بە نانی خۆیان بگەن ، باوکیان بە سەردان دەچێتەوە جزیرە و لەوێ ئەمری خوا دەکا و دەنێژرێ .. هەر دوو برا دەبنە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی و فەتحیەی خوشکیان خوێندی سەرەتای تەواو دەکات .

هەر لە هەرزەکارییەوە ، رامیاری دەیان بزوێنێ و زووربەی ژیانیان بۆ تەرخان دەکەن . لە ماوەی دە – دوانزدە ساڵی مامۆستایی فەخری ئەم شوێنانەی پێدەکەن " چەمچەماڵ ، کۆیە ، شەقڵاوە ، الاسکندریە ، الهندیە ( لە ناوەراستی عێراق) ، کەرکووك ، پردێ ، هەولێر ، دیوانیە ( لە خواروی عێراق ) ، کۆیە ، هەرتەل " لە شاری کۆیە ، عەبدوڵڵا لە بنەماڵەی ( خادم السجادە )ی کۆییان ( فاطمە ) دەهێنێ ( ئێستا نەوەکانی لە هەولێرو بەغدا دادەنیشن ) و پاش دوو ساڵێکیش فەخری لە نەوەکانی ( حاجی سۆفی مستەفا )ی بازرگان ( هەمین / ١٩٢٠ ) دەهێنێ و ئەو ماوەی لە کۆیێ دەبن ، پێکەوە دەژین و یەك ئاگر و دوویان دەبێ . هەر لەو ماوەیەشدا ( فەتحیە ) دەدەنە مامۆستا ( جەلال حەوێز حەوێزی ) کە لەگەڵ خۆیان مامۆستا بووە . هەرسێکیان روحیان لەسەر یەك بووە . نەنکە ( عەیشێ )شم دەوری سەرەکی لەیەکبونیاندا دیووە .

فەخری ، نەك هەر کاکی خۆشویستووە ، گەورەو بچوکیشی فامیوە و لە قسەی دەرنەچووە . سیاسەتەکەشی هەر لە عەبدوڵڵا ی برای وەرگرتووە . بە تەبیعەت بەرەحم بوە . بەزەیی بە هەموو گیاندارێکدا هاتووە . لەم بارەیەوە کەسوکارم شتی سەیری لێدەگێرنەوە . لەوانەی بیرمە :

هەر سەگ و پشیلەیەکی زامداری دیبێ ، بردویەتیە ماڵەوە و تیماری کردووە . ( کە ئەوسا ، لای موسڵمانان ، سەگ گڵاو بووە ! ) هەر بۆی نەلوابێ ماوەیەك بەرامبەری دۆش داماوە ، خەم و خەفەتی لێخواردووە . لەو ( گوفك ) و کۆڵانانە لایداوە کە گیانداری تۆپیوی لێبووە .. بەرەحمی فەخری لای هەموو کۆییان باس بووە ! !.

جارێکیان ئەنکم پێیوتووە : کوڕم ، چایەکەت ساردبۆوە. بۆتە دەمی مردی! .. نەك هەر چایەکەی نەخواردۆتەوە . چای ناو قۆریەکەشی نەویستوە ! !

کە عەبدوڵڵا کچی بوو بە ( خاتوزین ) ناو زەدی دەکا ، بەو هیوایەی فەخریش ( کاکە مەم )ی ببێ و چیرۆکی دڵداری ( مەم و زین ) تەواو بکەن ، ئەمانیش لەیەك دانەبڕێن و لە ژێر سێبەریاندا بحەسێنەوە.. بەڵام .. چالاکی سیاسیان و گەرم وگوڕی و هەڵپەی وشیارکردنەوەی خەڵك و ڕێکخستنی جەماوەر ، بە جۆرێ لێکی دابڕاندن، نەك هەر بە زیندووی یەکتریان نەدیتەوە، عەبدوڵڵای کاکی بە ناشتنیشی رانەگەیی! .. لە بارەی دڵسۆزیان بۆ مەسەلەی کوردستان ، مێژوو نووس طاهر حەوێزی لە کتێبی ( مێژوی کۆیێ یان کویسنجق ) زۆری لەسەر دواوە .. دڵداری شاعیریش ( کە قوتابی فەخری بووە ) رێزی زۆری بۆ هەبووەو لە (موزەکەراتی یونس رەئووف- دڵدار-) ی لەم بارەیەوە لە ساڵی ١٩٣٥ دەڵێ : ( .. لە عەینی رۆژدا ، معلیمی کیمیا ( فەخری ئەفەندی سامی ) سنفی شەشی کۆکردەوەو ووتی : ئینشائەڵلا .. ساڵێکیتر دەم و چاوتان لەم سنفە نابینم . لام محەقەقە کە زۆرترینتان دەرئەچن و دەکەونە شاران . هەندێکتان دەخوێنێتەوە ، هەندێکیشتان مل ئەداتە لایکیتر .. لەبەر ئەمە ، بە پێویستم زانی کە ئیمرۆکە ، ئاخر جار کۆتان بکەمەوەو رازو گلەیی لە یەکتر بکەین . با دڵمان لە یەکتری نەمێنێ . لە هەموو شتێك خۆشتر زکرەیاتی خۆشە . من گلەیم لە هیچ کامتان نییە . هەمووتان ساعی و بە ئەخلاقن وە تێگەیشتوون . ئەگەر دڵی هەرکامێکتانم شکاندبێ ، لەسەر مەسلەحەت و قازانجی ئەو کەسە بووە . وە لە قەراری دڵی خۆمدا ، لەم تەهەورەی خۆم زۆر پەشیوان بوومەتەوە .

برایانم .. ئێوە ئینشائەڵلا دەرئەچن و ئەکەونە حەیاتی تەحسیلەوە . بەڵام حەزئەکەم کە ژیانتان تێبگەیێنم .. ژیانی تەحسیل ، وەك ئاوێنەیەك وایە کە ژیانی حەقیقی تێدا دیارە . بەڵام ژیانی حەقیقی وەك موسابەقەی ( ریازە ) وایە . ئەوەی چاك تەمرینی کردبێ و نەترسێ ،

ئەو کەسە هونەر ئەباتەوە . ئەبێ ئێوە تەمرین زۆر بکەن . تەحسیلی ئیبتدائی موقەدیمەیەکی زۆر ( بەسیتی ) عیلمە . ئەبێ تەمرین زۆر بکەن و سەیری ئەم ئاوێنەیەش بکەن . کێ ؟ چۆن ؟ پێشکەوتووە ئێوەش خاسیەتی ئەو بگرن .. مەترسن .. ترسان گەلێ شت لە دەست ئینسان ئەدا .. ئێوە ئەچنە شاران ، ئەنواعی دەم وچاو ئەبینن . ئەنواعی ( تەبائیع ) و ( ئەخلاق ) تان تووش ئەبێ و ئەنواعی جەمعتان تووش ئەبێ .. مەترسن ، موداخەلە بکەن . مەساعیان لەگەڵ بکەن . بەڵام ویجدانی خۆتان موعەزەب مەکەن . هەر ئیشێکی کە کردتان ، سەیری ویجدانتان بکەن .. ئەگەر موعەزەب بوو ، ئەمە گەورەترین جەزاتە !.. ئەگەر ( مەسعود ) بوو ، ئەمە بە قیمەترین موکافاتە .
ئیتر ئێستا یەك یەك بێن موسافەحەم لەگەڵ بکەن و خودا حافیزتان بێ.. یەك یەك هەڵساین ، دەستیمان گوشی ، ئەویش بە روومان پێئەکەنی بە چاوێك کە هەموو برایەتی و خۆشەویستی بوو ، لێمان ورد ئەبۆوە .. )[1]

پیاوێ بەم شێوەیە بیری کردبێتەوە ، بێگومان باش پەروەردە کراوە و لەسەر حەقیش بێدەنگ نەبووە . فەخری وەك رووناکبیرێکی سەردەمی خۆی لە ریزی پێشەوە تێکۆشاوە ، بە تایبەتی ساڵانی پێش جەنگی جیهانی دووەم کە لە کوردستاندا قات و قڕی بووە . پارە دەگمەن بووە . بێکاری سیمای دەورەکە بووە .. هەرچەندە لێشاوی نەوتی کەرکووك لە ( بانیاس ) و ( حەیفا ) لە پاپۆڕان بار دەکرا ، بەڵام بە تاڵانی دەبراو ئەو پارەیەی وەریشدەگیرا ، لە شوێنی خۆی خەرج نەدەکرا!.. بۆ بەربەست کردن لە ناڕەزایی خەڵکی ، حکومەت ، هەندێ ئازووقەی پێویستی بە پارەیەکی کەم دەدا بە ماڵەکان .. ئەو دائیرەیەی ئەم کارەی دەکرد پێی دەوترا ( تەموین ) .. سەرەڕای ئەوەی لێیدەدزرا ، مانگانەش دابەش نەدەکرا .. خۆ لە شارۆچکەیەکی وەکو کۆیە و گوندەکانی خراپتر بوو . مەئمووری تەموین ، بە

---

[1] (دلدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) نوسینی : عبدالخالق علاءالدین . لاپەڕە ٤٦

پشتیوانی قایمەقام ، بە ئارەزووی خۆی یاری بە لیستی ئازووقەکە دەکرد و بە دزیەوە دەهاتەوە بازار و بە پارەیەکی زۆر دەفرۆشایەوە !

چەند مامۆستایەکی قوتابخانە و مەئموورە رووناکبیرە سیاسیەکان ، بەمە رازی نەبوون و کەوتنە تانە و توانج گرتن و چەند جارێکیش بووە دەمەقاڵێ و خەڵکی دەکەوتنە بەینەوە .. ئێوارەیەك مەسەلەکە دەتەقێتەوە ، چەند پیاوێکی قایمەقام هێرش دەبەنە سەر ( فەخری ) . سادقی کەریمە گۆج ( برازای هەمینی خێزانی ) بە سەری رادەگا و پشتی دەگرێ و دەیگەێنێتەوە ماڵ . لەبەر دەرگا پێی دەڵێ :

– بەڵێن بێ .. تاخۆت دەگۆڕی .. تۆڵەت بکەمەوە !

پاش ماوەیەکی کەم چەند فیشەکێك بە ماڵی قایمەقامەوە دەنێ .. هەر بەو شەوە دەبێتە مقۆمقۆ .. هەڵپەرست و کاسە لێسەکان خۆیان دەگەێننە ماڵی قایمەقام و چاوڕۆنی سەلامەتی لێدەکەن . قایمەقام لەمەسەلەکە گەیشتبوو ، دەشی زان کێ کردوویەتی .. بەڵام لێی بێدەنگ بوو .. منەوەرەکان لە تەواوی مەسەلەکە بێدەنگ نەبوون.. لە دژی دزی تەموین ، کەوتنە ناو شار و مۆر و پەنجە و ئیمزای جەماوەر کۆدەکەنەوە ( راستەوخۆ ناوی قایمەقام و مەئمووری تەموینیان برد بوو ) دەیگەێننە موتەسەریفی لیوای هەولێر .. تا قایمەقام دەکەوێتە خۆی و دەگاتە هەولێر کار لە کار دەترازێ و شکاتەکە بەرەو بەغدا دەبرێ .. ئەویش ، هەرچی حەق و ناحەقە بۆ رووناکبیرانی هەڵدەبەستێ و ناوی گێرە شێوێنەکانیشی تێدەکا !.. بەوەش دڵی ئاو ناخواتەوە ، بە خۆی و مەئمووری تەموین و پۆلیس و جاسوسەکان چاودێری منەوەرەکان دەکەن و راپۆرت لەسەر چالاکیان ( بە راست و بە درۆ ) دەنووسن تا تۆڵەی سەردەرو بەردەریان لێبکەنەوە.. بەڵام ئەوان لە بزوتنەوەی خۆیان ناکەون و هەر رۆژە گوبەندێکیان بۆ دەنێنەوە .

شانۆگەری (کچی کوردستان – ۱۹۳۱) کە مامم بە دەستکاریەوە لە چیرۆکێکی شانۆیی لوبنانیەوە کردبوویە کوردی[٢] و بەرگێکی کوردستانی لەبەر کردبوو . لە لایەن مامۆستا و قوتابیەکانی شارەکە پێشکەش دەکرێ . دەبێتە ( تەحا.. تەحا.. )ی ناوبازار و هەموو ئێوارانێ هۆڵەکە پڕ دەبێ و منەورەکانی رانیە و قەڵادزەش دێنە سەیرکردنی!.. ئەمە ، هەلێکی باش بۆ قایمەقام و پیاوەکانی دەرەخسێنێ و راپۆرت و نامە دەنووسن و بروسکە بۆ موتەسەریف و بەرێوەبەری (مەعاریف) لێدەدەن .. لەئەنجامدا .. شانۆگەریەکە رادەگیرێ و پاش ماوەیەکیش، بزوێنەرەکان ، بە بڕیاری ئیداری ، هەر یەکە بۆ شوێنێك هەڵدەدرێ . لەوانە .. عەبدوڵڵا بۆ قوتابخانەی ( عەفەك ) ی سەر بە لیوای ( دیوانیە )ی باشووری عێراق و فەخری بۆ قوتابخانەی ( الاسکندریە ) و جەلال حەوێز بۆ ( بێتواتە ) و ئەوانیتریش ، هەریەکە بۆ شوێنێکی دوور . وەك دەست بەسەر ، بێ رەزامەندی نووسراوی شوێنی بەرزی خۆیان ، نەدەبوو جێگایان جێبهێڵن!..

باوکم کە مرد ، چواردە ساڵی مامۆستایی کردبوو . بە پێی یاسای خانەنیشینی ئەوسای حکومەتی عێراقیش ، هەر فەرمانبەرێ پێش پانزدە ساڵ خزمەت ، واز لە کاربهێنێ یان بمرێ . مانگانەی خانەنشینی پێنابڕێ .. ئێمە ( شەست دینار ) ئیکرامییەمان وەرگرت!.. بێگومان ئەوسا ، پارەیەکی باش بوو ، بەڵام : ئەگەر خانومان بگرتایا و ئاگر و دووی خۆمان هەبوایە .. دایکم ، چەند دەستی بگرتایەوە ، هەر بەشی دە – دوانزدە مانگی دەکردین و دەکەوتینە کۆڵانان!.. خاڵەکانی کۆییمان – بەتایەبتی خاڵە بەکر – چاودێریان دەکردین و بە پێی توانا یارمەتیان دەداین . بەڵام لەبەر ئەوەی ( زڕ بوون ) نەنکە هەیبەتم خاڵە تایەری تەنگاو کردبوو ( کە لە دایەرەی تەسوویەی سلێمانی

---

[٢] مێژووی کۆیە یان کویسنجق / طاهر حەویزی / بەرگی دووەم / بەشی یەکەم، لاپەرە ۲٤۸

موفەتیش مەساح بووە ) لە پشووی نیوەی ساڵ هات و بەرەو سلێمانی بردین .

بۆ ئێوارە گەیشتینە شارۆچکەی ( چەمچماڵ )ی بچوکی کۆڵانە قوڕ . خەڵکێکی بێ کار و کاسبی .. خانووە قوڕە تاریکەکانیان نیشانەی بێدەرامەتی و هەژاریان بوو .. لە ماڵی مامە نەدیمی وجاخ کوێر لاماندا ( فەرمانبەر بوو لە دایەرەی پۆستە و خێزانەکەی خەڵکی سلێمانی بوو، خوشکی مامۆستا یونس تۆفیق عەبدولحەمیدی بەڕێوەبەری ئەوسای قوتابخانەی خالیدیەی سەرەتایی ).. هەرچەندە یەکەمجاربوو ئەم مامەمان دەدی ، بەڵام پیاوێکی بەرەحم دیار بوو .. بەدەم خواردنەوەوە ، تا بەیانی بەرامبەرمان دانیشت و خوڕ خوڕ فرمێسکەکانی دەهاتە خوارەوە .. هەر کاتێ بەخەبەر دەهاتین و چاومان دەکردەوە . بەدەم هەنسکی گریان و هەناسەی ساردەوە دەستی بەسەرماندا دەهێناو تێوچەوانی ماچ دەکردین .

## دیداری سلێمانی

(١)

خاڵە تایەرم ، لە خانووی ( قالە چاو جوان ) بوو ، دەکەوتە کۆڵانە تەسکەکەی پێش جووخمەی سابونکەران ( بەرامبەر حەوزو چایخانەکە ) دوکان و ماڵی حاجی کەریمی شمقاری پەنیر و ماست فرۆش دەکەوتە سەری کۆڵانەکە . هەر لەو ریزە ( ئەوەی لە بیرم بێ ) ماڵی حاجی خدری قەرەداخی ( خەزووری خالم ) و پیرێژنێ لە خانوێکی قوڕا بوو ( نەفسیەتی زۆر بەرز بوو ) لە خوارماڵمانەوە ، ماڵی مەلا نەجمەدین ( باوکی زانا خاتوون ئەختەر ، کە لە هێزی ئەتۆمی عێراقی لە ساڵانی هەشتا فەرمانبەر بوو ) حەمەی عەونی ( کەتازە لە کۆلێژی ئەفسەری لە بەغدا دەرچوو بوو ) مامۆستای تێکۆشەر هەمزە عەبدوڵڵا. ئەو خانووەی کە لە دواییدا مامۆستای تێکۆشەر ئیبراهیم ئەحمەد

گرتبووی دەکەوتە نزیك ئاشە مەکینەکە و خانووی ناو بازاریان ( کە ئێستا گەلەری زاموایە) خوشك و براکانی تێدا دەژیان .. ماڵەکانی ئەو بەری کۆڵانەکە: دەرگای پشتەوەی ماڵی میرزا عەبدوڵڵای سابونچی بوو ( باوکی حاکم عەزیزی هاوسنفی عومەر دەبابە ) دەرگاکە لەسەر حەوزێکی لاکێشەی نیو مەتری قوڵ دەکرایەوە . جام ، کوپە ، تەنەکە لەو ناوە بەسەر یەکدا کەوتبوون . کەسابونیان دەکرد ، دەرگاکەیان دەکردەوە . هەر چەندە حەسەن و حوسێنی کوڕی ( کە هاوڕێی گەڕەك و خوێندنم بوون ) بۆیان گێڕاومەتەوە کە چۆن سابون دەکەن ، بەڵام هیچی وام لەبیر نەماوە ( قسل و قڵی و بەز و پیو و خوێ و ئاو دەکوڵاو دەبووە سابوون! ) لە خوار ئەوانەوە ماڵی حاجی عەلی دارتاش . ئیبراهیم خان ( خەزووری نووسەری دیار مەلا شوکور ) چەند ماڵێکی تر. بەرامبەر ماڵی هەمزە عەبدوڵڵا ، ماڵی مستەفا رەشیدی بەرید بوو ( هاوەڵ زاوای خاڵم ) . ئاشە عەلەتریکەکە ( کە ئێستا قوتابخانەیە ) لە ساڵی ۱۹۳۰ یەوە لە باخی ( پورە بەگی ) دامەزرابوو کارەباکە بە کۆڵەکەی دار و تەل بە کۆڵان و ماڵەکاندا بەش کرابوو .. لە ئێوارەوە تا درەنگانێ تەقەی مەکینەکان گەڕەکی پڕ دەکرد ..

خانووی قالە چاو جوان ، بینایەکی کۆن و پاك بوو . دەرگای دوودەری دەرەوەی بۆ سەر دالان و حەوشەیەکی شەرقی بچوك دەکرایەوە . بەلای راستدا دیوەخان و بەلای چەپدا سەر شۆرکێك و ئاو دەست و لەو بەری حەوشەش ، ژێر خان ( کرابووە جێگای داری زستان و بەخێو کردنی پەرەوەر ) نزیك دەرگای دیوەخان ، پێپلکەی بەرد بۆ هەیوانی باڵەخانە و دوو ژووری نووستن و مەتبەخ دەچوو ( جخزی دانیشتن و چالاکیەکانی ماڵ بوو ) بە لای راستیدا پێپلکەی بەرد بۆ راڕەو و دوو ژوور. پەنجەرەی یەکێکیان بەسەر کۆڵانەکەدا دەیڕوانی و ژووری پێشەوەی ، دەرگایەکی لە بەرزییەوە هەبوو ، هاوینان ، بە پێپلکەی دار دەچووینە سەربان ، ( کە بە سەربانەکانی ترەوە نوسابوو! ).. بەرامبەر ژوورەکان سەربانێکی بچوك ، ئێوارانی هاوین خێزانی لێدا دەنیشت و هەندێکیانی لێ دەنوست .. خانوەکە دارە ڕابوو.

له زستاندا ( بانگوشی ) بۆ دەگیرا ، به ( بەفرماڵ ) بەفری لەسەر لا دەبراو به باگردێنی دار دەگێڕدرا ..

جگه له ئێمه ، خێزانەکه حەوت کەس بوون . کەم ڕۆژیش بێ میوانی قاوەڵتی یان شێوان دەبوون .. سەرەڕای گرانی و کەم دەرامەتی ، تەنیا خاڵم نان پەیداکەر بوو ( ئێمه ، نان خۆری جێگر بووین ) ڕۆژێ ، خاڵم و خاڵۆژنم به روو گرژی نەدی . نامۆیی و هەتیویمان پێوەدیار نەبوو .. پیاوێکی قانع و سەر بەرزق بوو . له ناخەوه موسڵمان بوو . بڕوای به قەزا و قەدەر بوو . که ئێوارەی ١٩٤٨/١/٢٧ خەبەری بریندداری عومەری برای بیست ، لەلای دایك و خوشکانی و خێزانی بەسەر خۆی نەهێنا. تا درەنگانێ له دەرەوه مایەوه .. لەگەڵ مستەفا رەشید و محەمەدی حاجی تایەر و حاجی فەرەجی ئۆتراخچی، له ماڵی میرزا عەبدوڵڵا ( خادم )ی شاعیر ، خەریکی پەیوەندی بوون . هەر خزم و دۆستێ له بەغدا بوو ، داوای سۆراخی دەبابەیان لێکردبوون ، تا دکتۆر رەفیق ی تایەر چەلەبی خەبەری ئەسەحی دابوونێ که برینداریەکەی جێگای مەترسی نییه . ئینجا گەڕابۆوه ماڵ و بۆ سبەینێ به خێزانی ڕاگەیاند .. شین و شەپۆڕ دەستی پێکرد .. چەند ڕۆژێ ئاگر و دوویان نەکردەوه .. که نەنکم دەگریا ، یان لەبەر خۆیەوه سەر دولکەی دەووت و ژنەکانی تریش له پرمەی گریانیان دەدا ، خاڵم به کزییەوه دەیووت :

- دایه گیان .. ئەگەر خوا عومەری به ئێمه دابێ ، لەناو کورەی ئاگریشدا بێ ، هیچی لێنایێ .. ئەو ، بەسەر گرانەتاو ئەسپەکدا زاڵ بوو.. پۆلیس چۆن له وزەی دێ؟.. دڵی ئێمەش تەنگ مەکه و تا چەند ڕۆژێکی تر نەهاتەوه ، تۆ سەری لێبدە.

ئەوسا ، ڕۆژی دوو جار دەچووینه قوتابخانه ، بەیانیان چوار وانه ( که زووربەی زانستی و زانیاری بوون ) پاش نیوەڕۆیان دوو وانه ( که زووربەی رەسم و وەرزش بوون ) مان دەخوێند .. بەیانیان ریز دەکراین ، تەماشای پاکی کەل و پەل و ڕوو و دەست و سەر دەکرا . نینۆک کردن و دەسەسڕ پێویستی ڕۆژانه بوو . ئەو سروودانەی له ریز

دەوتران :خوایە وەتەن ئاواکەی . شاخی رەنگا و رەنگی گۆیژە ، وەتەنی من کوردستانە .. بەلام پێنج شەموان زۆرتر لە ریز دەماینەوە ، ئالای عێراق ( بەسێ زیرەك یان پاك ) لە ناوەڕاستی حەوشەی قوتابخانە هەلدەکرا . سرودێکمان دەووت کە باسی مەلیك و عێراقی تێدابوو . وەك بیرم مابێ ، یەك — دوو جار منیان بۆ ( تحیه العلم ) هێنایە دەرەوە ( ئەویش لەبەر زیرەکی نا ! لەبەر پاك وتەمیزی! )

ئەو ( شەهادە )ی لە کۆیێ بۆیانکردبووم ، لە ئاستی تەمەنم بوو. بەو پێیەش خرامە پۆلی دووی مەکتبی گۆیژە . بەلام هیچی وام نەدەزانی . منی هەتیوی قوون خالْوان ، لە گوندی ( هەرتەل )ی یەك مامۆستاییەوە ، بۆ شارۆچکەی ( کۆیە ) ی ئاوەدان و مامۆستای باش و لێهاتوو . پاش نیوەی سالْیش بۆ سلێمانی ( مەلْبەندی خوێندن و ڕووناکبیری ) دەبێ حالْی بەندە چیبووبێ؟!.. نە هەولْ و تەقەلای خۆم، نەیارمەتی خالْم ، نە وانە تایبەتیەکانی موعەلیمە ناسیارەکان .. ئاستی زانیاری و زانستی منی ئەوەندە بەرز نەکردەوە کە بە سانایی دەرچم . لە قوتابیە تەمەلْەکان بووم . ڕۆژ نەبوو ، بە دەستی مامۆستایەك لێدان نەخۆم یان نە نێردرێمە ئیدارەو بەرگۆچانی حەیزەرانی غەفورە فەندی ( بەرێوەبەر ) نەکەوم .. ناو لەپم سور هەلدەگەڕا ، چاوانم ئاوی تێدەزا ، بەلام بیرم نایێ ( ئۆف )م کردبێ یان گریابم ( چەند سالْێ لەمەوبەر غەفوورە فەندی ئەو هەلْوێستەی بە بیر هێنامەوە ! ).

ئەو مامۆستایانەی زۆرمان لەگەلْ مانەوە. بەرێوەبەر ( مامۆستا غەفوری مەلا عەلی مەلْکەندی ) هاشم فەندی کۆیی ، قادر خەلیل حسەین . رەسولە قەلْبەی کۆیی . شێخ مستەفا بەرزنجی .. لە هەموویان کەمتر مامۆستای ( جوغرافیە ) کەریم زەند بوو . ئێستاش زۆر باش لە بیرمە ، زەند ، لەبەردەمی تەختە ڕەش وەستابوو ، باسی ئەو گوند و شاخ و چەم و شارۆچکانەی دەکرد کە دەکەوتە سەر ڕێگای سلێمانی و بەغدا ، فەڕاش لەدەرگای دا ، بەرێزەوە لە مامۆستا چووە پێشەوەو بە گوێیا چرپاند!.. ئەویش ، بە زەردەخەنەوە سەری باداو

پۆلەکەی دایە دەست چاودێر ( مراقب الصف ) چووە دەرەوەو فەڕاش بەدوایا دەرگایان پێوەدا .. پاش ماوەیەکی کەم ، هاتەوەو دوو ئەفەندی بە دواوە بوو . لەبەر دەرگا وەستان . هەرچەندە کەریمە فەندی شێوان بەروویەوە دیار بوو ، بەڵام بە زەردەخەنەی سەربەرزی داپۆشیبوو .. بە شانازیەوە ، چاوی بە هەمووماندا گێڕا . کتێبەکانی هەڵگرت و قیت وەستا ( ئەوەندەی لە بیرم مابێ ) وتی :

– رۆڵە ژیرەکانم .. من بۆ فەرمانێکیتر داوا کراوم و دەبێ بڕۆم .. مامۆستایەکیتر وانەکە تەواو دەکا .. ریزی بگرن .. زۆر کۆشش بکەن .. سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم ..

خواحافیزو سەردانەواندن و چوونە دەرەوەی یەك بوو .. ئەمە لەلای قوتابیان سەیر نەبوو . زۆرجار مامۆستاکان ، وانەکانیان دەگۆڕییەوە ، یان مامۆستایێ دەڕۆیی یان دەهات ، وانەکان سەر لە نوێ دابەشدەکرانەوە . بەڵام بەدەرچوونی کەریم زەند بێدەنگیەکی سەرسوڕمێنەر باڵی بەسەر قوتابخانەکەدا کێشا . لەناو ئەو هەموو پۆلانە دەنگی مامۆستایێ ، قوتابییێ نەدەبیسترا .. کە ( فیکە )ی پشوو لێدرا . لە چرپەچرپ و فسکە فسکی ناو قوتابخانە تێگەیشتین کە ئەو دوو ( جاسوسە) بۆ گرتنی هاتبوون . وەکو بیستم ، ماوەیەك لە ( مەهاباد ) لەژێر ئاڵای شەکاوەی کۆماری کوردستانا ژیابوو ( دەرسی وتبۆوە) گەڕابۆوە ئەم دیوو ، دەوڵەتیش پێیزانیبوو ناردبووی بیگرن!.. ئیتر تا دوای شۆرشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ بە خزمەتی نەگەیشتمەوە (..هەتا رووداوەکەشم بۆ نەگێڕایەوە ، نەیناسیمەوە!..).

پاش کۆچی دوایی باوکم و بریندارbوونی دەبابەی خاڵم ، ئەمە .. وانەیەکی تازە بوو بۆ منی مێرد منداڵ .. لە پێناو مەسەلەی نەتەوە و رزگاربوونی چەوساوانی کورد ، هەموو شتێ لە رێگەیە .. گرینگ ئەوەیە نەدۆڕیی .. زیندانی و بریینداری سیمای خەباتی بەردەوامە .

(٢)

له سەرەتای ژیانی سلەیمانیمدا ، رۆژی چەند جارێ بە بەردەرگی سەرا و شەقامی سابونکەرانی ئاوەداندا دەهاتم و دەچووم . بەرگی پۆلیسی موروری ژێر چەتری ناوەڕاستی گۆڕەپانی سەرا و دەست بزوان و وەستان و رۆیشتنی ئۆتۆمبیل .. سەرنجی منی نیمچە لادێیی راکێشابوو .. بە دوکان و رووی دوکاندارەکان ئاشنا بووم . بەیارمەتی حسێن مستەفا ( کە بووە مامۆستا ) جەمال ئەحمەد ( کە بووە ئەندازیاری کشتوکاڵی ) عەلی جنۆکە و رەئووف ئەحمەد ( نازانم بوونە چی ).. بەرە بەرە ناوەکانیانم لەبەر کرد .. لە هاتوچۆی سابونکەرانیشدا ، پێش هەموویان ، دوکانی ئۆفیك و جەرجیسی مەیفرۆش هەڵوەستەی پێکردم .. هەر چەندە ( وەکو لە دایکم بیستبوو) باوکیشم دەیخواردەوە . بەڵام دوکانی مەیفرۆش لە کۆیە نەبوو . لە هەندێ ماڵە جوو و دیاندا ، هەمە جۆرە مەی دەکرا و دەخورایەوە . بە قڕابە و بوتڵ دەفرۆشرا .

بەگشتی ، لە دیوەخانی خانەدانەکاندا ، نەك هەر مەی نەدەخورایەوە ، زۆرجار نوێژی شێوان و خەوتنانیشی تێدا دەبەسرا.. بەڵام هەندێ دیوەخان ، بە پێی پلەو پایەی خاوەنی هەردووکی لێدەکرا.. بە هۆی پەیوەندی خانەدانەکە بەفەرمانبەرانی گەورەی لیواو پایتەختەوە .. ناچار دەبوون ، لەکاتی میوانی تایبەتیدا ، پاش نوێژی خەوتنان کۆنکان ، پۆکەر ، بیست و یەك ، ئاگر و تۆپ ، خواردنەوە دامەزرێنن . بۆ ئەم مەبەسەش مەعمیلی تایبەتی مەیان هەبوو .
نۆکەرەکان ئاگاداری مەیفرۆشەکانیان دەکرد ، وێسکی و بیرە و عارەقیان دەهێنا . دیارە لە ترسی دڵی خاوەن دیوەخان عارەقی ( قاچاخی ) تایبەتیان دروست دەکرد ، ئەوانیتریشیان لە شاری کەرکووك دەهێنا .

سۆفی بەکری خالّم ، دنیا دیدە و قسە خۆش و گاڵتەچی و نوکتە باز بوو . قسەی نەستەقی زۆر بوو . تانەو توانجی رەقی هەبوو ( کەم لێپرسراوێ حکومی و پارتی هەبوون ، بە ئامادەبوونی خۆیان بەر نەشتەری نەکەوتبن ) کۆنکان و تاوڵەی دەکرد . جگەرەی بۆنداری دەکێشا ، بەڵام نەیدەخواردەوە ، لە باوکیەوە — وەك زووربەی براکانی — سۆفیەتی تەکیەی نەقشبەندی ( بیارە)ی بۆ مابۆوە.. زۆربەی ئێوارە لە دیوەخانی ( کاکە زیاد ) و هەندێ دیوەخانی تردا یاری دەکرد و هەندێ شەویش تا درەنگانێ دەنگی ( سێوە ) یان تایەر تۆفیق گۆرەکەی دەوروژاند . دانیشتنەکەی جۆشدەدا ( ئەوسا نەك تەلەفزیۆن نەبوو ، رادیۆش دەگمەن بوو ) .

ئێوارەیەك ، مەیفرۆش پێویستی شەوی دیوەخانێ دەهێنێ و لەگەڵیاندا پشوویێ دەدا . کە چاوی بە خالّم دەکەوێ ، گلەیی لێدەکا کە مەی لەوناکڕێ!.. ئەویش بە گاڵتەوە پێی دەڵێ :

— .. دەڵێن .. عارەقەکەت مەغشوشە !

مەبەستی ئەوە بووە کە فێڵی تێدا دەکا . ئەویش زویر دەبێ و دەڵێ :

— .. کاك بەکر هی من مەغشوشە؟!.. شەرتە رۆژێ نیشانت دەم چ عارەقێکی نایابم هەیە !

رۆژێکی قورو چلپاو و باران .. بە شوێن خالّمدا دەگەڕێ و لەگەڵ خۆی دەیباتە گەڕەکی ( دیانان ) هەر لە سیلەی کۆڵانەیەکدا ، ئەفەندیەك دەبینێ ، رەپا و ڕەپ بەدەما کەوتووە ، هەموو لەشی قوڕە.. مەیفرۆشەکە بە شانازیەوە دەڵێ :

— .. ئەوە عەرەقی منە .. بەسەری جەنابتان تەنیا چارێك و نیوی خواردۆتەوە ! !

لە ناوەندی شەقامی سابونکەراندا ( کەشتی نوح )ی نەجمەدین مەلاش هەڵدابوومی! دوو دوکانی نزمی شڵەژاوی تاریك ، بەرامبەر تونی حەمامی ( موفتی ) پیاوێکی خرپلەی زیت ، بە کەلوپەلی شڕەوە تێدا دەهات و دەچوو یان لەسەر مێزێکی شڕ خەریکی دەفتەر و کتێب بوو ، پشیلەی گوربەش بە دەوریا دەهاتن و دەچوون ، لە رۆژانی

هەتاوی بەهاری زوو و پایزانی درەنگدا ، لە بەردەمی دوکانەکەیدا ، پشتی بە دەرگا و جامخانە دەدا و خەیالاوی دەوەستا یان بە چیچکانەوە پشتی بە دیوارەکە دەداو بە چیلکە خەتی لە زەوی دەکێشا و پشیلەش هەر لە چوار دەوری بوون .

زۆربەی پیاوانی ناوچە ، بەرێزەوە سەلاویان لێدەکرد . ژنان بە ترسێکەوە بەلایدا تێدەپەڕین . منداڵە چەتوونەکانی گەڕەکیش ، هەر دەرفەتیان دەستکەوتایا شەڕیان پێدەفرۆشت و توڕەیان دەکرد .. منی تازە میوان ، بێ هیچ هۆیەك سڵم لێدەکردەوەو خۆم لێلادەدا . هەتا بمتوانیایا بە بەردوکانەکەیدا تێنەدەپەڕیم ، لەو بەری شەقامەکەوە خێسەم لەناو دوکانەکە دەکرد!.. ئێستاش نازانم ئەم سڵکردنەوەیەم لەبەر جۆری دوکانەکە یان دیدار و هەڵسوکەوتی نەجمەدین مەلا بوو؟.. رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە بۆ یەکەم جار مامۆستام دی ، لەو پەڕی توڕە بوندا بوو!!.. خۆ کە تاریك دادەهات ناچار نەبوومایا بە بەری دوکانەکەیدا تێنەدەپەڕیم!.. رووناکی شەوانی شەقامەکان کز بوون . کۆڵانە تەسك و تروسکە پێچاوپێچەکانی گەڕەکە کۆنەکان تاریك بوون ، کەشتی نوحیش سامێکی تایبەتی هەبوو ، دوکانی نزم ، جامخانەی پیس و تاریك ، چرای کز ، توپەڵە سەری پیاوانی ناو دوکان ، ئێستاش ناتوانم وەك دەمەوێ وەسفی بکەم . هەتا خاڵیشم بە سەر نەجمەدین مەلای هەڵداو باسی زانایی و بلیمەتی ئەوی بۆ کردم . ترسی منی هەر نەڕەواندەوە . بەداخەوە تا سلێمانیم بە جێنەهێشت و نەبوومە لاوێکی خوێندەوار نرخی ئەو پیاوە مەزنەم نەزانی کە : خەڵکی فێری خوێندەواری کرد . سەدەها شیعری کۆنی لە فەوتان رزگار کرد . دەیەها چیرۆکی نایابی بۆ منداڵانی کورد نووسی و لە ( ژین )یشدا ، یارمەتی ( پیرەمێرد ) ی دەدا..

## (٣)

هەر لە منداڵیەوە بیستبووم ( لە ناو خەڵکیش هەروا باو بوو ) کە ( هەر کەسێ گوێی لە بانگی محەمەد – درووودی خوای لەسەر بێ – بوویێ و نەبوو بێتە ئیسلام ، بە کافری دەمرێ ) بۆیە.. لە وڵاتی عەرەباندا ( تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش ) گاور و جولەکە ( کە ئەهلی کیتاب بوون ) بە چاوێکی تر سەیر دەکران و تاڕادەیەك ئازار دەدران و لە بیروکاری ئاینیدا ئازاد نەبوون . دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیلیش ، توند و تیژی موسڵمانە عەرەبەکانی دژی جوو زۆرتر و توندتر کردبوو . سەدەها نمونە و نوکتە و مەتەڵۆکەیان بۆ هەڵدەبەسرا.. بەڵام لە کوردستاندا ، تا رادەیەك باریان سوکتر بوو.. بەرای من ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ وشیاری شێخ و مەلا کوردەکان و ئازار و ئەشکەنجەی هاوبەشیان و کاری داگیرکردن .. لە سلێمانی ( وەك زووربەی شارەکانی تر ) گەڕەکی جولەکان و گاوران هەبوون و ئێستاش ناوەکانیان هەر پێوەیە .

جوولەکەکان .. خمچی و بەقاڵ و دەستگێرو مەیفرۆش بوون.. ( نەدەبوو موسڵمان مەی بفرۆشی یان مەیخانەی هەبێ ) . زووربەی رۆژان ، دەسگێڕێکی جوولەکە دەهاتە گەڕەکی سابونکەران و بوخچەیەك کوتاڵ و قوماشی ژنان و منداڵانی بە کۆڵەوە بوو . وەك لە بیرم مابێ ، (عەزرە) جوویان پێدەووت . بە کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوەو بە دەنگێکی ناسازی شێوە جووانە هاواری دەکرد و ژن و منداڵانی لێ کۆدەبوونەوەو سەیری کۆڵەکەیان دەکردو سەودوا و مامەڵەت دەستی پێدەکرد . لەبەر : قسەی خۆشی . هەرزان فرۆشی . ( زۆر جار بە قەرزیشی دەدا ) فرۆختی زۆر بوو . ماڵی ئێمەش لێیان دەکڕی .. عەزرە وورد بین بوو . لە هەڵسوکەوت و دەمودووی ژنەکانمان دەیزانی

که سیاسەت دەکەین و کوردایەتی دەمانبزوێنێ .. که کەسی له دەور نەبوایا ، قسەی دڵی خۆی هەڵدەرشت..

پورە ( فاطمە)م ( که ئێمە پێمان دەوت فافە) ئافرەتێکی زیت و به دەم و دوو و مەشرەب خۆش بوو . خێزانی مەلا جەلالی سەعاتچی خزممان بوو ( خەزوری هونەرمەندی نەمر عوسمان چێوار ) بەدەم کرینی شتومەکەوە ، بەزمی به عەزرە جوو دەکرد . تانەو توانجی لێدەدا . زۆرجاریش پێی دەووت : کەی دەرۆی و ماڵەکەت هەراج دەکەی؟!.. ئەویش به پێکەنینەوە دەیووت : جارێ نۆرەم نەهاتووە رزگارم بێ له دەستان!!.. که لەوە پتر تەنگی پێهەڵدەچنی عەزرە به دەوری خۆیدا چاوی دەگێڕا و به زەردەخەنەوە دەیووت : فاتمەخان.. بڕوا بکە زۆرم پێناخۆشە ئەم شارە جێبهێڵم و بچمە غەریبایەتی ، با دەوڵەتی خۆشمان بێ . بەڵام ناچاریان کردووم .. چاك نییە رێگەمان دەدەن خانوو ناو ماڵمان هەراج بکەین؟!.. بۆ بزوانی هەستی ژنانیش دەیووت : ( رۆژێ دێ کوردیش دەربەدەرکەن . نە ( ئیسرائیل ) یان هەیە و نەشوێنێ بە خۆیان دەگرێ . نە دەهێڵن ماڵ و خانووشتان هەراج و هەرزان فرۆش بکەن!.. هەرچی هەیە بەتاڵان دەبرێ!!..) پانزدە ساڵێکی پێنەچوو ، قسەی عەزرە جوو هاتە دی و ( فورسانی وەلید و سەلاحەدین ) له ساڵی ١٩٦٣ گەرمیانیان تاڵان کردو سەدەها گوندیان داغان کردو بێ چەکیش له دەستیان دەرباز نەبوو!!.. منی بێچەکیش له ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥ ( که ماڵم له سلێمانی بوو ) له کۆچرەوە ملیۆنییەکەی ساڵی ١٩٩١ یش ( که ماڵم له هەولێر بوو ) رووم کردە شاخ و ماڵ و حاڵم بەجێهێشت ، بێ ئەوەی بتوانم پەرە تیرێکی لەگەڵ خۆم دەربازکەم یان هەراج و هەرزان فرۆشی بکەم!.. زۆر جار چ له رێگای راکردن و دەشت و دەرا ، چاوە فرمێسکاویەکان و هەناسە ساردی پیری و بێوەژنی و دەربەدەری دایکم .. قسەکانی عەزرە جووی به بیر دەهێنامەوە!!.. ( ئەگەر ئێستاش سەرکردەکانی کورد ، زۆر وشیارانە لەگەڵ زروفی پاش شەڕی سارد و کارەساتی سەپتەمبەر

هەڵسوکەوت نەکەن و کورد نەگەێننە کەناری ئازادی ، هەمان شت دووبارە دەبێتەوەو عەزرە جوومان لێدەبێتە دنیا دیدەی بلیمەت ! ! . . )

هەر لەو ماوەیەدا ( کە جوولەکەکان بەرەو ئیسرائیل دەچوون ) یەرمیە جووی دۆستی خاڵە عومەرم ( کە بازرگانێکی بەغدایی بوو ) بۆ ماڵئاوایی و دوا چاو پێکەوتن ، لەگەڵ کورە گەورەی هاتنە سلێمانی و دوو شەو لە ناوماندا مانەوە .. بێگومان خاڵە تایەرم ( کەلەنەوەی سۆفیان بوو ) و هەموو ژنەکانی ماڵەوە ، نوێژکەرو ڕۆژوگر و لەناخەوە موسڵمان بوون . هاتنی یەرمیەیان پێناخۆشبوو . بەڵام نەشیان دەویست دڵی عومەر بشکێ و لێیان زویر بێ . بۆیە.. بە دزی ئەوەوە ، مەنجەڵ و قاپ و پیاڵەو کەوچکی ئەوانیان جیا کردەوە . هەر شتێکیان دەست بدابایێ ، پێیان بخواردایە.. بەلاوەیان دەنا ! !

ئەو ڕۆژەی گەیشتن ، خاڵە عومەرم مریشکێکی تێرو پڕی لە ژێرخان بۆ گرتم و دایە دەستم و بە پێی ناونیشان چوومە گەڕەکی جوولەکان .. هەرچەندە یەکەمجارم بوو ئەو گەڕەکە ببینم ، بەڵام بەسانایی گەیشتم . گەڕەکێکی ناریکی کۆن ، خانوی داتەپیوو ، قوڕ و چڵپاوی کۆڵانە و جۆگە ئاوی پیسی ناوشار.. بۆنی ناخۆشی گەڕەك بە لووتما هەڵدەژنا.. کە گەیشتمە بەر دەرگای ( دێر ) جوولەکەیەکی ریش چەرمووی چاو کزی ، پشت کۆماوەی لاواز لێم ڕاما . تەماشای مریشکی بن هەنگرم و ناو دەستی دەکردم و خۆی وەلاوەوە دەنا.. وەیدەزانی وەك منداڵە چەتوون و لاسارەکان بەرد بارانیان دەکەم . بەڵام کە بە کزیەوە دەنگم دا ، بە سڵەمینەوە لێم نزیك بۆوە . منیش پێم ووت : میوانێکی جوولەکەی بەغدایمان هەیە ، هاتووم ئەم مریشکەم بۆ سەرِ بڕن!.. ئێستا چاکم لە بیرە ، کابرا لە خۆشیاندا نەی دەزانی چۆنم لێوەرگرێ لە ڕوو و هەڵسوکەوتیا دیار بوو کە بە منداڵە موسڵمانی دانەنابووم ، بۆیە پرسی – ماڵتان لە گاورانە؟ – نەخێر .. ئەلحەمدولیلا ئیسلامین و ماڵمان لە سابونکەرانە ! .. ئیتر پرسیاری تری نەکردو لەبەر دەرگا کورسیەکی شەق و شڕی بۆ دانام و چووە ژوورەوە..

پاش ماوەیەك ، مریشکەکەی بۆ هێنامەوەو لە ناو نایلۆنێکی ڕەشی وەرپێچابوو . پێیووتم : هەتا نەیبەیتەوە ماڵ مەیکەوە . نیشانی کەسی مەدە!.. کە هێنامەوە ، خاڵم نیشانی یەرمیەی داو خێرا لە ژێرخان سەری لێکردەوەو دایە دەست ژنەکان .. ئەوەی لە بیرمە ، مریشکەکە ، لەجاران ملی درێژ تر بوو . سەری لە ملیەوە سورابۆەوە، بووبووە گرێ!.. ئەوەندەی من دیم .. جێ برین و خوێن دیار نەبوو .. وام هەست کرد خنکێندرابێ .. کە خاڵیشم سەری لێکردەوە ، خوێنی لێنەهات!.. نەشم وێرا لە خاڵم بپرسم!.. پاش ئەوەی گەڕانەوە . ئەوەی ئەوان بەکاریان هێنابوو ، فڕێیان دا یان بەقورە سوور شۆرا.. هەتا جاجم و بەرگە لێف و دۆشەك و سەرین .. لێکرایەوەو بسمیل کرا.

(٤)

دایکم ، ئافرەتێکی جوان و جحێل بوو . زۆر بە گەنجی لێیقەوما . داواکاریشی زۆر بوو . مامە نەدیمی وجاغ کوێریش ، بە بیانووی بەخێو کردن و چاودێریمان . بە دزی ژنەکەی ، خەڵکی بە دایکمەوە ناو و داوای لە خاڵە تایەرم کرد ، رازی بکا.. بەڵام دایکم دەستی بە رووی هەموویانەوە نا . هەر هەشت ساڵێ پێکەوە ژیان ، وەڵێ خۆشەویستی و وەفایەکی سەیری بۆ هەبوو . گۆڕی هەڵنا ، هەر بۆی بلوایا ، لە سلێمانیەوە سەری لە مەزاری دەداو کێلەکانی لە ئامێز دەگرت و تێر دەگریا.. تا مردیش ، وێنە و پەساپۆرتی باوکمی هەڵگرتبوو . ساتە داماوی و مەلوولی و نەداریی ، بە تەنیا دەریدەهێنا ، لە ناخەوە دەیدواند و سکاڵای بۆ هەڵدەرشت ! فرمێسکی بۆ دادەباراند .

رێزێکی تایبەتی بۆ نەنکە عەیشێ و پورە فەتحیە ( کە لە کۆیە دەژیان ) و مامە عەبدوڵام هەبوو . تا کۆچیشی کرد . گلەیی و گازەندەی لێیان نەبوو ، بە خراپە ناویانی نەدەهێنا .. بە پێچەوانەوە باسی رۆژە خۆشەکانی پێکەوە ژیانیانی بۆ دەگێڕاینەوە . لە ناونانی

خاتوزینەوە دەستی پێکرد و بە هیوای دوا رۆژی پێکەوە ژیانی ( مەم و زین ) کۆتایی پێدەهێنا .. هاوینی ١٩٤٦ بۆ دووەم جار ، چاومان بە عەبدوڵا کەوتەوە . لە ماڵی نەدیم ، بە مامۆژن و ئامۆزاکانمان شاد بووین .

ئەو چەند رۆژەی لە چەمچەماڵ ماینەوە . لەگەڵ خاتووزین و فوئاد ( کە بەناوە شەهیدی سەرکردەی کوردستانی باکوور دکتۆر فوئاد ناونرابوو ) یاریم دەکرد . سلێمانیش لەتەك مەستی ( کەبە مستەفا ناسرا ) ناسکە ( کەبە نازلی بانگهێشکرا ) چەند رۆژێکی پڕ لە کامەرانیمان لە بازار و گەڕەك بەسەر برد .. ئامۆزاکانم دەمێ بوو کەوتبوونە باشووری ئێراق . نەك هەر خۆیان بە کورد دەزانی و بە کوردیەکی باش و رەوان قسەیان دەکرد . هەستی نەتەوایەتیشیان بەهێز بوو .

دایکم و ئامۆژنم بە رووی یەکترەوە پێدەکەنین ، قسەیان لەگەڵ یەکتری دەکرد و بە سەرزارەکی هیچیان نەهێشتبۆوە . بەڵام هەست بە ساردی و کۆنە زام و پاشقوڵ دەکرا . مامم زۆر وشیارانە چاودێری وەزعەکەی دەکرد نەتەقێتەوە !

خاتووزین و من ، لە دەوری هەرزەکاری و دڵداریدا نەبووین . بەڵام ئەوەندەیان بەر گوێ خستبووین کە بۆ یەکتر دانراوین ، زوو لە یەکتری نزیك بووینەوە ، جۆرە پەیوەندی و خۆشەویستیەکی تایبەتی دروستبوو . خۆم بە لێپرسراوی دەزانی !.. رۆژێ بە کراسی کورتەوەلە بەر دەرگام دی . بە توورەیەوە دەنگم دا . بە دەم گریانەوە خۆی هاویشتە باوەشی دایکم !

مامم سەرەڕای کۆزی زۆر و ساوا و مووچەی کەم ، ئاوارەش بوو . نەیدەتوانی باری گوزەرانمان هەلگرێ . خۆی بەکەم تەرخەم و شەرمەزار دەزانی . ئەو ماوەیە بە دەورمان دەهات و بە سۆزە لە ئامێزی دەکردین ، هەستی مام و برازایەتی دەبزواندین . چەندەها جار بە هەناسەی ساردەوە فرمێسك لە چاوانی قەدیس دەما .. گەرانەوەیان، لە ساتە ناخۆشەکانم بوو . هۆگریان بووم ، خاتووزینیش

شوێن پەنجەی لە گیانمدا بەجێهێشت .. ئەم دیتنەیان ، دەرگای تازەی کردەوە ، پاش گەڕانەوەشیان ، جاروبار نامەی پڕ سوپاس و پێزانینی بۆ خاڵم دەنووسی ، ئێمەش دەمان خوێندنەوە .

(٥)

خاڵە تایەرم تالیبی خواردنەوە نەبوو . زۆر کەم دەچووە یانەی فەرمانبەران . ماوەیەك سەری لە حاجی توفیقی پیرەمێرد دەداو بە قسەو دەنگوباس رایاندەبوارد . چەند جاریکیش کۆنکانم بە دەستەوە دیون !.. ئەوەندەی بیرم بێ ، پیرەمێردی شاعیر ، پیاوێکی خریلەی بە ساڵا چوو بوو ، چاکەتی درێژ وپانتۆلی پانی لە بەر بوو . سەدارەی لە سەر دەکرد .. گۆچانی بە دەستەوە بوو . هەردوو باخەڵی چاکەتەکەی پەنەما بوو ( کەم جارم بە خاڵی دیوە ) نوقوڵ و حەلقومی لێدەر دەهێنا و دەیدایە منداڵانی کۆڵانەکە ( وەکو بیستبووم هەندێ جار پارووە کەبابیشی تێکردووە ) و هەر منداڵێ زوو مامە حاجی بدیایا، دەنگی ئەوانی تریشی دەدا و ژنانی گەڕەك بە پەرۆشەوە لە منداڵەکان تورە دەبوون . بەڵام پیرەمێرد دەیووت :

— وازیان لێبێنە من .. خۆم حەز دەکەم .

چاپخانەی ژین ، دەکەوتە دیووی پشتەوەی ( ئاشە مەکینەکە ) و نزیك گەڕەکی گاوران ( نازانم ماوە یان نا ) خانوویەکی کۆنی داتەپیوو ( هەمیشە پیرەمێرد دەستی تێدا بوو ) دەرگای نزمی دەرەوەی بە سەر هەیوان وحەوشەیەکدا دەکرایەوە . بە لای راستدا ژووری چاپخانە و لەو لاشەوە ئیدارەی رۆژنامەی ژین ( کە تاکە بڵاوکراوەبوو لە سلێمانی ) رۆژنامەکە هەمە چەشن بوو ، رووی ئەدەبیەکەی بە سەر بەشەکانی تریدا زاڵ بوو ( شیعر لە هەموویان دیار تر بوو ) زۆر لە ئەدیب ورۆشنفکران سەریان لێدەدا.. جگە لە خۆی دوو — سێ شاگردیشی هەبوو ، پیتیان بۆ دەچنی و کارەکەیان بۆ رێکدەخست .

کە بۆ سۆراخ وبانگکردنەوەی خالّم دەچووم ( کەم جار دەچوومە ژوورەوە ) وەك فێرکرا بووم ، بەرێزەوە دەوەستام . پیرەمێرد ( لای من ) جۆرە هەیبەت و هالەیەکی ئەفسووناوی هەبوو . هەرچەندە ( تا ئەو کاتەش ) نەك بە لای گۆڤار و رۆژنامە دا نەدەچووم . لەگەلّ قوتابیەکانیتریشدا، سەد لەعنەتمان بۆ ( حامووراپی ) دەنارد کە خوێندنگای داناوە!!. بەلاّم چاوم پێدا دەگێرا و سەرناوەکانم دەخوێندەوە.

بە هۆی ئەم هاتوچۆیە ، پیرەمێرد ، نەك هەر دەیناسیم ، سەر گوزشتەی باوکمیشی لە خالّم بیستبو .. چاکم لە بیرە .. ئێوارەیەك چوومە چاپخانە.. پیرەمێرد ، لە سەر کورسیەکی داری بە دەسك ، لە بەر هەیوانەکە ، لە گەلّ چەند مێوانێك دانیشتبوو . بانگی کردم وتی :

— دەزانی ناوەکەت زۆر خۆشە؟.. سەد رەحمەت لە گۆڕی باوکت کە ئەم ناوەی لێنای . بە ئیزنی خوا ، بە خاتوزین دەگەی و چیرۆکی مەم وزین ، بە سەرکەوتوویی یادی دەکەن!

دەمم بووە تەلّەی تەقیوو.. سەیری خالّم کرد .. ئەویش ولاّمی دایەوە:

— خوا لە گەورەیت کەم نەکا .. جا نیشتمان هەر بۆ بمێنیّ! .

پیرەمێرد رووی پرسیاری لە دانیشتووان کرد :

— کیّ دەزانیّ ( مەم وزین ).. کاکە مەم.. مەم.. مەمۆ لە چیوە هاتووە؟

نەك هەر سەرنجی حەپەساوی من ، هی دانیشتوانیش باشترین وەلاّمی بوو .. پیرەمێرد بە زەردەخەنەیەکی پڕ شانازییەوە ، سەیری دانیشتوانی کردو وتی :

— مەمۆ.. مەم.. لە (محەمەد)ەوە هاتووە . بەلاّم ئەوەندە کوردییە ، بە ئاسانی ناچێتەوە سەر ئەسلّەکەی .. خۆ (کاکە) کە تەواو لە بنچینەکەی شووراندوە!!

(بەم بۆنەیەوە شتێکیترم بە بیرهاتەوە.. کە دوا ناوەندیم لە کەرکوك تەواوکرد ، بەشی کوردی لە پەیمانگای بەرزی زمان لە بەغدا کرایەوە ، دۆسێم دایە چەند کۆلێژیّ ، لەوانە ، ئەم بەشە کوردیە بوو.. رۆژی

موقابەلە.. مامۆستا عەلادین سوجادی دانیشتبوو.. هەمان پرسیاری لێکردم .. منیش هەمان وەڵامم دایەوە .. هەڵوەستەیەکی کرد .. پرسی چۆن دەزانی؟! .. منیش وتم : پیرەمێرد فێری کردم! )

هەموومان .. باسی پیرەمێرد و نەورۆزمان بیستووە.. من.. چەند ساڵێ بەر دەستیم کردووە . مەنجەڵە یاپراخی گەلامێوو ، لە ماڵە خزم و دۆستانی لێدەنرا ( ماڵی ئێمەی تێدا نەبووە ) و دەبرایە بناری گردی مامە یارە (ئەوسا.. نەك هەر چۆڵبوو . دوورە شاریش بوو ) دەهۆڵ و زوورنا ، شایی و رەشبەڵەکی گەرم دەکردو ( گەر بارانی خوور نەبوایا ) سوارەکان ئەو دەشتەیان دەکێلا ، تا ئێوارەیەکی درەنگ ئاهەنگ جۆش دەدرا.. بەلام ، بیرم نایێ ، وەك هاوەلانی قوتابخانە و گەڕەك تام و لەزەتم لە هیچ ئاهەنگ و رەشبەڵەکی کردبێ!.. هەر لە پەنایەکا سەیرم کردوون و خەیالم تێکەلی سروشت و دەهۆڵ و زوورنا بووە!!.. ( تا ئێستاش شایی نازانم!!) .. بۆ؟.. رەنگە بگەڕێتەوە بۆ نەفسی داتەپیووی هەتیوویم . خۆ وەدیار نەخستن و شاردنەوەی نهێنی سیاسی .. یان هەردووکیان بە جووتە کاریان لە ناخم کردبێ!.. چونکە.. نەورۆزی سلێمانی لە هیچ ئاهەنگ و زەماوەندێ نەدەچوو.. سروشتیش بە رووی ئەو خەڵکەوە پێدەکەنی .. هەتا مەلا رەشیدە کوێرەی قورئانخوێنیش ، لەو رۆژەدا ، خۆی پێ رانەدەگیرا و دەهاتە مامە یارەو گوێی بۆ زەماوەندەکە شل دەکردو چەند فەرەیەکیشی شایی دەکرد!

ئەوسا.. قورئانخوێن لە شاردا باوبوو . ماڵەکان ، مەلایان هەبوو.. هەفتەو دوو هەفتە جارێ ، دەهاتە ماڵەکە و چەند سورەتێ قورئانی دەخوێند و ماوەیەك لەگەلیان دادەنیشت.. رۆژانی پیرۆز و هەینی و عالفە.. سەری لە گۆڕی مردووەکانیان دەداو چەند ئایەتێکی لەسەر دەخوێندن.. تا قورئانەکەی بۆ ماڵەکە خەتم دەکرد.. هەندێ.. مانگانەیان دەداو هەندێکیتر ، بە خەتم بوو . مەلا رەشیدەکەی ئێمە ، پیاوێکی بالا بەرزی ، روو ئاولاوی کوێری قسە لە روو بوو ، دەنگی ناخۆش نەبوو.. هەر بەدەنگ ، هەموومانی دەناسیەوە.

ئێمەی کۆیی تازە ماڵ ، گۆڕو گۆڕستانمان لە سلێمانی نەبوو. مەلا رەشید بۆ مردووەکانی کۆییمانی خەتم دەکرد.. کە ئێمەش هاتین ، دایکم ، هەر ئەمی بۆ گۆڕی خوشکم و باوکم گرت.. بەڵام کە( دڵاوەر )ی خاڵم و ( ئازاد )ی پورزام بە منداڵی مردن و لە سلێمانی نێژران.. ئێمەش بوینە خاوەن گۆڕ!!.. لە کۆتایی ساڵدا.. سۆفی بەکری خاڵیشم ( لەبەر کەم کاری و بێدەرامەتی کۆیەی بەجێهێشت ) بە خاوو خێزانەوە هات و لە گەڕەکی جولەکان خانوویێکی دوو قاتی پاکی تەعمیرکراوی بە هەرزان ( لە جولەکەیەك ) کڕی و ئەویش مەلا رەشیدی کردە قورئان خوون!

( ٦ )

بەیانیەکی تەمووز ، زەمبیلە و پارەیان دامێ و بۆ لای مەعمیلەکانمان خلۆر بوومەوە . بەناو شەقام و کۆڵان و دوکانەکانی سابونکەراندا ، خەیاڵاوی هەنگاوی تەمبەڵانەم دەناو هەر هاوڕێیەکم تووش دەبوو ، ماوەیەك دەوەستاین و قسەی منداڵانەی خۆمان دەکرد. کە بازار و شت کڕینم بە بیردەهاتەوە ، بەپەلە هەنگاوم دەناو هەر دەڕۆیشتم و نەدەگەیشتم!.. نزیك بەردەرکی سەرا ، هەستم بە شڵەژاوی و گۆڕانکاری کرد ، چەندەها پەڕۆی رەش هەڵواسرابوو ، باسی کۆچی دوایی وەزیرێکی عێراقی دەکرد.. پۆلیس و خوفیە بەناو شاردا وەربوو بوون ، بە ووردی سەرنجی هاتوچۆکەرانیان دەداو لە هەندێ شوێن نەیان دەهێشت خەڵکی بە کۆمەڵ بووەستن .. ئەمەش کارێکی ئاسایی بوو . چونکە لێپرسراوێکی وا گەورە مردبێ ، هەندێ گەورە دەسەڵاتەکانی پایتەخت لەگەڵ تەرمەکەی دێن و پیاوە گەورەکانی شار دەترسن ، نیشتمانپەروەرەکان ئاژاوە بنێنەوە و موتەسەریف و بەرێوەبەری پۆلیسی تێدا شەرمەزار بێ .. بەتایبەتی زۆر نەبوو خۆنیشاندان لە شارەکە کپ بوو بۆوە!..

هەرچەندە لەگەڵ ( پارتی ) حیزبی ( تەحەرور )م بیستبوو ، بەڵام .. لام وابوو ، رێگای بەختیاری کوردان ، رێبازی باوکمە ( کە گیانی لە پێناو دانا ) و ئێستاش خاڵە عومەرم لەسەری دەڕوا.. ئەوەی دژایەتی بیریان بکا ، دژی کوردایەتیە و رقی لە کوردە و نابێ ئێمەش بە چاوی دۆست سەیری بکەین!.. بەتایبەتی وەزیرەکان و گەورە لێپرسراوەکانی بەغدا ( کە نۆکەری ئەڵقە لە گوێی ئیستعمارن ) بە دوژمنی کوردم دادەنان و تف و نەعلەتم دەکردن . چونکە گەورەترین دەسەڵاتی داپلۆسین و ئازاری جەماوەر ( ئەنجومەنی وەزیران ) بوو!.. بۆیە.. ئەو پەڕۆ رەش و دروشمانە جۆرە خۆشیەکی بەگیانم دەبەخشی. لە ناخەوە ، لە خوای مەزن دەپاڕامەوە ، تەخت و تاراجی بەغدا نغرۆبێ و زۆرداران بە کۆمەڵ تەفروتونابن.. بەڵام .. لە پڕا.. خەیاڵم رەوییەوە.. ( هەتا زووربەی ئەو کورد پەروەرانەی بە دزیەوە، هاتوو چۆیان دەکردین و لە دیوەخان سەریان بەیەکەوە دەناو چرپە چرپیان دەکرد ). بە مەلوولیەوە خەبەری وەفاتی ( ئەمین زەکی بەگ ) یان بەیەکدەدا و هەندێکیان سەرخۆشیان لەیەکتری دەکردو خۆیان سازو ئامادە دەکرد پێشوازی لە تەرمەکەی بکەن ! !

من.. لە رەحمی خێزانێکی سیاسی لە دایک بووم و لە باوەشی دەربەدەری و ئاوارەیی پێم گرت و زمانم پژا.. پاش مردنی باوکیشم ، کەوتمە ئامێزی خێزانێکی تری سیاسی .. بۆیە.. هەندێ شت هەستی منداڵیمی دەبزواند.. کاری ئەو رۆژەم پێ هەرس نەدەکرا، کەسیش نەبوو تێمبگەێنێ ( مردنی وەزیرێکی حکومەتی کۆنەپەرستی بەغدا — کە باوکمی بەو دەردەبردو پێش چەند مانگێ چوار ئەفسەری کوردپەروەری لە سێدارە داو لە راپەڕینی کانووندا ، خاڵە عومەرمی گوللە باران کردو برینداربوو — پێویستی بە پیرۆزبایی کردنە یان ماتەم؟! دەبێ.. داوا لە جەماوەری خۆ راگری شارەکە بکرێ بەشداری لە ناشتنی نەکەن ، خۆیانی تێنەگەێنن! ! دەبێ ئەو وەزیرە چی کردبێ شایەنی ماندوو بوون و ئارەقەی تێکۆشەران بێ؟!) لە نەنکم بیست ، کە خاڵم لەگەڵ تەرمی قودسی و هەڤاڵانی شەهیدی گەڕایەوە سلێمانی .

جەماوەری ستەمدیدەی شار ، بە شان و شکۆوە ناشتیانن . گەورە لێپرسراوانی حکومەت ، نەك بەشداری ڕێورەسمی شاردنەوەکەیان نەکرد . دوای گەڕانەوەی خەڵکەکەش ، کۆمەڵێ نیشتمانپەروەریان گرت و لە زیندانیان پەستێن!.. ئەگەر تێکۆشەرانی کورد ، تەرمی ئەفسەرەکان و وەزیرەکە بەیەك چاو تەماشا بکەن ، جیاوازیان چی دەبێ؟!!

بەپەلە ، شتەکانم بردەوەو گەڕامەوە ناو حەشامەتەکە . زووربەی خەڵکی شار لە دەرەوە بوون و هەردوو بەری شەقامەکانیان چنی بوو.. گەورەپیاوان ، مەئمووری دایەرەکان ، کەشافە ، تەپڵ و مۆسیقای سوپا.. بە ریزو ڕێزەوە دوای تەرمەکە کەوتبوون.. هەندێ خوڕ خوڕ ، فرمێسکی دەباراند و بە کوڵ دەگریا.. منیش بە پرسیارەکەی خۆمەوە دوایان کەوتم!.. کە گەڕامەوە.. رووی پرسیارم لە خاڵە تایەرم کرد . ئەویش خێسەیەکی پڕ گومانی لێکردم و هەر ئەوەندەی درکاند :

– مێژوو نووسێکی گەورەی کورد بوو

– وەزیرێکی دیاری ( شا ) ش بوو

منیش لەبەرخۆمەوە وام وەڵام دایەوەو ئیتر نەم وێرا درێژەی بدەمێ .. تا ماوەیەکیش ئەم پرسیارەم لە خۆم دەکردەوەو وەڵامم پێنەدەدرایەوە.

وەکو لە نەنکم بیستبوو ( هاوینی گەرم ، زستانی ساردو تووشی بەدوادا دێ ) هەر لە کۆتایی هەمان ساڵدا (١٩٤٨) نەك شاخەکانی گۆیژەو ئەزمەڕو گڵە زەردە مەندیلی سپیان لەسەر نابوو ، چاڵە بەفرەکانی ئەو دیو گۆیژەش پڕبوو بوون ، ناوشاریش بەفر داپۆشی بوو . بانگوش ، ڕۆژی یەك – دووجار لەسەر بان ( بەفرماڵی ) و ( گێڕانی ) دەکردو بەفرەکەی دەخستە حەوشەو کۆڵانە تەسکەکەمان.. کۆڵان ئەوەندە بەفری تێکەوتبوو، چارەگێکی دەرگای حەوشەمانی داپۆشی بوو، بە خاکەناز پێشی قاپیمان پاکدەکردەوە!.. بۆ چەند ڕۆژێکیش دەرگای مەکتەب داخرا . بەیانیەکی زوو ، بە چاودێری دایکمان ، خۆمان گۆڕی و گەلوپەلی زۆرمان لەبەر کرد ، دەستکێشە

دەستدرویەکانمان لە دەست کردو جانتامان لە کتێب و دەفتەر ئاختی و ملی قوتابخانەمان گرت ( زووربەی قوتابیان دەستکێشیان نەبوو . دەستیان لە باخەڵیان دەپەستی ) تا گەیشتین ، دەست و پەنجەو رووومان تەزی . بەرێوەبەر ، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەیری هەڵسووکەوتی خوێندکارانی دەکرد . بەڵام جۆرە کزی و مەلوولیەك بە روویەوە دیار بوو..

فیکە لێدرا ، ریز نەکراین و یەکسەر چووینە پۆلەکانمان . رووی گرژی مامۆستاکان نیشانەی رووداوێکی ناخۆش بوو ( وەك لە بیرم مابێ) مامۆستا شێخ مستەفا هاتە ژوورەوە دەرسی کوردی وتەوە . بەڵام لە باتی پرۆگرامی کتێبەکە ، باسی چەند شیعرێکی فایەق بێکەسی بۆ کردین و چەند نمونەیەکی هێنایەوە . منیش رووم کردە قوتابیەکەی تەنیشتم و بە چرپە دێری یەکەمی ( بیست و حەوت ساڵە..) م وتەوە . سەرنجی پڕ تووڕەی مامۆستا بێدەنگی کردمەوە.. رەنگە یەکجار بێکەسم دیبێ ، بەڵام بەقەدەر هاوەڵانی خاڵم خۆشم دەویست . لە ئیبراهیم ئەحمەدی نەمر ، زۆر کردەوەی شیرینیم بیستبوو.. بە تایبەتی گیانی پڕ فیداراکاری و لە خۆبوردنی . هەڵبەستە هەمیشە زیندوەکەی کە لە نەورۆزدا تەقاندیەوە !.. باسی ئاوارەیی و دەربەدەری بێکەس لەسەر زاری زۆر لە خوێندەواران بوو.. کاك برایم ، زۆر جار باسی قەناعەتی بێکەسی بۆ خاڵەکانم دەگێڕایەوە . ئەوەندە بەتامولەزەتەوە باسی جەنگاوەری بێکەسی دەکرد ، سەرنجی رادەکێشام .. فایەق بێکەس تا دوا هەناسەی ملی بۆ نۆکەرانی بەریتانیا شۆڕ نەکرد . حەزم دەکرد بە خزمەتی بگەیشتابام . پۆلی پێنج و شەش ( کە هەموویان گەورە بوون ) یان لە راڕەوەکە ریزکردو قوتابیە گەورەکانی پۆلی سێ و چواریشیان خستە پاڵیان.. بەو ساردو سەرمایە بەرەو بەر دەرگای سەرا چووین.. تەرمی بێکەس لە پێشەوە بوو ، ئێمەش بە دوایا . هەرچەندە گەورە لێپرسراوانی شار ( وەك ئەمین زەکی بەگ ) ئامادە نەبوون ، بەڵام کاسب وبازرگان و مامۆستا وفەرمانبەران لە پشت ئەو کەللە پیاوە وە هەنگاوی مەلوولیان دەنا و

فرمیسکم لـه چاوانیانـدا ده‌دی!. و گه‌وره‌یی بێکه‌سیان بـۆ ده‌سه‌لماندمه‌وه.
من . له ناخه‌وه پێمخۆش بوو که ئه‌و شه‌ره‌فه‌م هه‌بێ دوای ته‌رمی شاعیری نیشتمانپه‌روه‌ر بکه‌وم ، هه‌تا ده‌هات پرسیاره‌که‌ش ( رێزی نیشتمانپه‌روه‌رێك و و وه‌زیرێ؟! ) لای من گه‌وره‌تر ده‌بوو ، به تایبه‌تی که بیستم ( جا نازانم راست بوو یان نا ) پاش کۆچی دوایی ، له به‌غداوه ئه‌مری گرتنی ده‌رچوو بوو !!..

## شار و شاره‌زوور
## (١)

سۆفی به‌کر ، دوو ژن و نه‌وه‌ی سێ ژنی له گه‌لدا بوو . داوای له تایه‌ری برای کرد ، له ناوچه‌ی شاره‌زووردا ، زه‌وی گوندێ به ئیجار بگرن و توتنی لێبکه‌ن.. پێکه‌وه رۆیشتن و من و برامیشیان له گه‌ڵ خۆیانا برد ( به هۆی ته‌سویه کردنی زه‌وی و زاری شاره‌زوور و ناوچه‌ی هه‌ڵه‌بجه ، خاڵه تایه‌رم ، به مه‌ساحی و موفه‌تیشی مه‌ساحه هه‌موو شوێنه‌کانی دیبوو ، په‌یوه‌ندی دۆستایه‌تیشی له‌گه‌ڵ زۆر له به‌گزاده‌کاندا په‌یداکردبوو ) له هه‌ڵه‌بجه ، له ماڵی کاك نوری عارف ( برای به‌ڵێنده‌ری ناسراوی ئه‌وسای به‌غدا ره‌شید عارف و باوکی دکتۆر محه‌مه‌د محه‌مه‌د نوری ) ی کۆیی و خزم دابه‌زین .
هه‌ر له ناحیه‌ی ( عه‌ربه‌ت )ه‌وه، زه‌وی پان و به‌رینی کاکی به کاکی شاره‌زوور ده‌ستی پێکرد ، ئاوه‌دانی که‌م ، درك و داڵ سه‌ریان به‌یه‌که‌وه نابوو ، دانیشتوانی زه‌رد و لاواز و ورگ زل.. نه‌ك به شه‌و ، به رۆژیش پێشووله خوێنی خه‌ڵکی ده‌مژی!!. ( سه‌راوی سوبحان ئاغا ) چه‌ند ماڵێ بوون به سه‌ر یالێکه‌وه.. گرد و جۆگای ده‌وری سه‌رنجی راکێشام . خاڵیشم هه‌ندێ له مێژووی ئه‌و گردانه‌ی بۆ گێڕاینه‌وه ( له‌به‌ر ئه‌وه‌ی شاره‌زوور ته‌ختانی بووه و سوار به ئاره‌زووی خۆی

تەراتێنی تێداکردووە . دانیشتووانی لە سەر بەرزایی خانوویان کردووەو جۆگە ئاوی پان و قوڵیان بە دەورا هەڵکەندووە، تا دوژمن ، لەناکاو زەفەریان پێنەبا ) کە لە پردی ئاسنینی( سەی سایەق ) پەڕینەوە ، لە تاکە چایخانە قورەکەی لاماندا ، ( تاکە ئاوەدانی بوو لەسەر رێگەی هاتووچۆی پاس و لۆریەکانی سلێمانی و پێنجوێن و هەڵەبجە) بەدەم پشوودانەوە سەیری ئەو دەشتەمان دەکردو لە دوورەوە ، چەند دێیەکمان لێدیار بوو ؛ زووربەیان لەچەند ماڵێ تێنەدەپەڕین .. پێش ئەوەی بە بەرزایی هەڵەبجەدا هەڵگەڕێین ، چەم و ئاوو ئاوەدانی ناوچەکە سەرنجی ئێمەشی راکێشا..

ئێمە لەگەڵ کورەکانی کاک نوری کەوتینە ناو بازار و کۆڵانەکانی شارۆچکەی بچوک و کۆشك و باڵەخانەی ئاوەدانی بەگزادانی جاف و ئەوانیش چوونە دیوەخانی جافەکان و لە ئەنجامدا ، بە سانایی و پارەیەکی کەم ، زەوی و زاری دێی ( بێستانسوور ) یان بە ساڵانە گرت. بۆ سبەینی دابەزین و گوندەکەمان دی و خاڵوانم قسەیان لەگەڵ جوتیارەکاندا کرد.. چەندیان کردو کۆشان نەهاتنە سەر بار کە توتن بکەن ( خەڵکەکە فێری توتنەوانی نەبوون و ئامادەش نەبوون کاسبی تازە فێر بن ) و ماڵ و حاڵیان پێچایەوەو چوونەوە ناو کەسوکاریان.. ئەمانیش ، بە ناچاری ، هەندێ توتنەوانیان لە دەشتی کۆیە و بیتوێن هێنا ( ئەم کۆیی و نەوەی کۆییانەی کە ئێستا لە سەی سایەق و ئەو ناوچانە دەژین ، زووربەیان هی ئەو کاتەن ) و بە سەلەم پارەیان لە ( کاکە ) ی ئامۆزایان ( لەکەرکوك ) وەرگرت و دایکم و کاك عثمانی برازای چوونە بێستانسوور و بوونە بنەوان و من و براشم هەر لە سلێمانی ماینەوە .

دایکم فێری بەکارهێنانی تفەنگ و دەمانچە کرا و لەناو توتنەوانەکاندا بە ئاغا ژن بانگدەکرا . لەگەڵ کاك عثماندا سەرپەرشتی کاری رۆژانەی توتنەوانەکانیان دەکرد و میوانیان بەڕێ دەکرد . دەرویش و عەلەشەلیش بەر دەستیان دەکردن . ئێمەش.. رۆژانی پشوو، سەرمان لێدەدان. بەڵام دایکم نەخۆش و بێتاقەت نەبوایا

بنەوانی بەجێ نەدەهێشت ، چونکە دزی زۆر بوو ، خەڵکی بێکارو برسی هەر شتێکی بەردەست بکەوتایا تاڵانی دەکرد!.. شارەزووری پڕ پیت و بەرەکەت زەوی و ئاوی زۆر بوو ، جوتیاری کاسبی کەم بوو. زووربەی زەوییەکان بەیار بوون.. جگە لە گەنم و جۆ کەمێ مەرەزە و لۆکە و سەوزە و میوەی هاوینەی لێدەکرا.. نەخۆشی ( مەلاریا ) بەڵایەك بوو بەسەر ئەو خەڵکەوە .. چەند جارێکیش دایکمی بردە شەرای مەرگ!!

ساڵان و عەیامێ ، ئەم شارەزوورە ، خاوەنی شارستانیەت بوو . ماوەیەکی زۆری مێژووی ناوچەکەی بۆ خۆی تەرخان کرد بوو ، شوێنەوارە مێژوویەکانی شایەدی بۆ دەدەن کە ناوچە نەبووە شان لە شانی بدا.. هەرچی گردو گردۆلکەی هەیە ، پاشماوەی ئەو کاتەن (تا ئێستاش هەموویان هەڵنەدراوەتەوە شوێنەوارناسەکان لێینەکۆڵاونەتەوە ) .

ئەو ساڵە ، توتنێکی زۆریان کردو لە شارەزوورا بووە تەحا تەحاو خەڵکی ناوچە بۆ بینینی دەهاتن.. بەڵام پێش ئەوەی ساڵ وەرسوڕێتەوە ، لە بەغداوە بڕیاری ( ئینحسار)ی توتن دەرچوو ، شارەزووریان لە توتنکردن وەدەرنا!.. سۆفی بەکر وازی هێناو تایەر تووش بوو.. بەناوی عومەری برایەوە ( چونکە ئەو وەختە یاسا رێی نەدەدا فەرمانبەر پاش دەوام کاری تر بکا!) گوندی ( سۆیلەمیش )ی ئاوەدان کردەوە . لەسەر گردی سەرچەمەکە ، خانوویەکی گەورەی کردو ماڵە جوتیارەکانیشی بە دەوریا ژووریان قوت کردەوە. دوو توتکە سەگی ( هەوشار )یان بە دیاری بۆ تایەر هێنا ( کە لە دواییدا راوە بەرازیان پێدەکرد! ) جوتیارەکانی بردە لای خۆی و زراعەتی سەرەکیان لۆکە بوو ، بە دەمیەوە مەرەزەو گەنم و جۆو ، نۆك ، کونجی ، هەندێ میوەی هاوینە و پیاز .. یان دەکرد.. منیش تازە بوومە پۆلی چوار ئەویشم بە ئیکمالی بڕی بوو!

(٢)

سلێمانی لە شارە زیندووە پڕ چالاکیەکانە و خەڵکەکەی ، هەمیشە خاوەن زەوقن و حەزیان لە کەیف و سەفایە. هەر لە نەورۆزەوە دەرگای گەڕان و سەیران و چوونە قەراخ شار دەکرایەوە. لاوەکان ، بە پیاسەو گاڵتە و گەپەوە ، تا سەرچنارو قلیاسان و کۆسە چەم دەچوون و هەندێ سەری خۆیان گەرم دەکردو ئێواران بەرەو شار دەگەڕانەوەو وردە شەڕیشی تێدەکەوت!.. زۆر ئێوارە ، خێزانەکان لە ڕێگەی بەکرەجۆ و سەرچنار دادەنیشتن و بەدەم سەماوەرو چەرەس خواردنەوە زاخاوی چاوو مێشکیان دەدایەوە.. چوار شەموانیش لە ( وەیس ) لایان دەدا . لاوان بە پێ و پاسکیل دوای پاسەکان دەکەوتن و تا ( کانیبا ) دەچوون .. ئەو ناوە بە ئافرەتی ئاڵووالا و ڕووی سوراوو سپیاو دەچنرا ، هەندێ فسك و هۆر و چاوبازی و دڵداریان .. لە دنیای پڕ خۆشی بەهار لوول دەدا.. منیش لەگەڵ هاوەڵانم ڕەئووف ئەحمەد ( برای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ) و سەردار ڕەمزی ئامۆزای و ڕەئووفی حاجی عەلی ماستاو و .. دەکەوتینە ئەو دەشتە.. بە تایبەتی من و ڕەئووف ئەوەندە لێك نزیك بوو بووینەوە، وەك خزممان لێهاتبوو!..

پاش نیوەڕۆی پێنج شەموان و ڕۆژانی عالفە ، ڕیزی ژن و پیاو بەرەو گۆڕی ئازیزانی گۆڕستانەکانی ناو شار و دەوری و سەیوان دەبەسرا.. منی بێگۆڕو گۆڕستانیش ، بە دوایاندا ، تا قەراخ شار دەچووم و یادی ڕۆژانی باوکم بەبا دەداو لەناخا دەیسووتاندم . ( بەڵام بە بیرم نایێ تەمەنای مردنی باوکی کەسم کردبێ!..) نزیك ئێوارەش ، وەك نیمچە سەیرانێ بەرەو ئاوەدانی دەگەڕاینەوە .

لەو ماوەیەدا ، ماڵە کۆیی لە سلێمانی کەم بوون . ئەوانەی لەوێش بوون ، فەرمانبەر و مامۆستا بوون یان گوزەران گەیاندبوونیە شارەکە ، بەڵام بەسەر پۆشی ڕەشەوە ( سەرپۆشی ژنانی سلێمانی سپی بوو ) لە دوورەوە هاوێردەکران.. خاوەن مردووی کۆیی ، جلی ئاو دامان ڕەشی

تەواویان لەبەردەکرد ، سلێمانیەکانیش رەشی پەڵەی سپی یان گوڵداریان دەپۆشی ، کە پاش چلە و نۆ جەژن کۆییەکان لەبەریان دەکرد . جلی ژنە سلێمانیش دەبووە گوڵگوڵی رەنگاو رەنگی کپ و مردوو ، کە ژنە کۆیی پاش ساڵێ دەیپۆشی .. سلێمانیەکان دوای ساڵێ تازەیان دەشکاندو جلی ئاڵو واڵایان دەپۆشی!.. دایکم ( کە دوای چل و پێنج ساڵێ پاش مردنی باوکم ، وەفاتی کرد) جگە لە کراسی رەشی پەڵە سپیی وردم لەبەری نەدی!.. چەندەها جاریش لەپەناو پەسیوی ماڵەوە ( بێئاگاداری ئێمە ) وێنەی باوکمی دەردەهێناو شێوەنی تازە دەکردەوە . بێگومان ئەوەش ، دەورێکی خراپی کردبووە سەر نەفسیەت و خۆشی ئێمە .

بۆ یەکەم جار ، لەگەڵ خاڵم و هاوەڵانی چوومە شانۆگەرییەك ( وەك بە هەڵە نە چووم ) کاك ئیبراهیم ئەحمەد بەناوی ( تێکۆشانی رەنجدەران ) ئامادەی کردبوو . تام و لەزەتێکی زۆرم لێکرد و بە دزیشەوە لەگەڵ هاوەڵانم جارێکیتر چوومەوە.. رەنگە هەر ئەوەش ئارەزووی ئەدەبی بزواندبم .. من بە خزمەت کاك ئیبراهیم گەیشتبوم ، وەك سەرکردەیەکی تێکۆشەریش دەمناسی . بەلام لە ناخەوە بەقەڵەمەکەی شاد بووم کە ئەو کارە هونەریەی هێنابووە کایەوە .

هەر لە هاوینی ئەو ساڵەدا ، دوو سینەمای هاوینە کرایەوە . یەکێکیان بەناوی ( گوێژە ) بەرامبەر قوتابخانەکەمان . ئەویتریان لەگەڕەکمان ، بەناوی ( سەلاحەددین ).. سینەماکانی ئەوسا بەزۆری فلیمی عەرەبی و هیندیان دەهێناو هەریەکە چەند ( لۆج )ێکی بۆ خێزان هەبوو . بەلام ئەوەی لە بیرم بێ، خێزانی ئێمە بەس، چەند جارێ چوون.. هەمیشە ، بەخەبەری ناخۆش ، کۆچ ، ئازاری بەندیخانەی عومەر دەبابە دەتلانەوە!!.. منیش هەر دەرفەتم بهێنایا ، لەگەڵ خزمان و هاوڕێیانم دەچووم . هەرچەندە زووربەمان لە قسەکانیان نەدەگەیشتین ، بەلام وێنەو نیگارو نواندن سەرنجی رادەکێشاین ، گوێمان لە مۆسیقاو گۆرانیەکانی دەگرت!!

هەر لە هاوینی ١٩٤٩ دا لەگەڵ چەند ماڵە خزمێکی خاڵۆژنم چووینە سەیران.. ئەوسا ، خزمایەتی بەهێز تر بوو. خۆشەویستی و پیاوەتی باو بوو . دراوسێیەتی پیرۆز بوو . وەفا زۆر بوو . خەڵکی دڵپاك بوو ، شەرەفی کچ و ژنی گەڕەکیان بە هی خۆیان دەزانی ، چەندەها شەڕە گەڕەك لەسەر تەماشا کردنی کچێ ، تانەو توانجێ روویداوەو سەرو پۆتەڵاکی خەڵکی بە خوێن هێناوە ! !

کاك مستەفا رەشیدی بەرید ، کارەکەی خستە ئەستۆی خۆی ، پاسێکی تازەی گرت ( ئەوسا پاسی مۆدێرن نەبوو . لۆریەکان لە نەجەفی ئەشرەف دەکرانە پاس و هاتو چۆی شارانی دەکرد ) پێش ئەوەی بەرێکەوین ، جەخت لە ژنان کرایەوە ، ئاڵتون بە خۆیانەوە نەکەن ، نەوەك جەردە بێنە سەر رێگا . خواردن بیر نەکەن ( سەرە ڕای کەم دەرامەتی خەڵکی ، خۆشترین خواردن لە شتە سەرەکیەکانی سەیران بووا ) پێش خۆرهەڵاتن گەیشتینە بناری ئەزمەری بەردەڵانی تەسك و پێچاو پێچ ( زووربەی زستان بەفر رێگەی دەگرت و شەوانی سایەقەش دەیبەست و تا چێشتەنگاو نەیدەکردەوە ) لەسەر شاخەکە ، هەوای ساف و فێنکی شاربازێر بە رووماندا خەنیەوە ، لە چەمی ( قەڵاچۆالان ) پشووماندا .

هەریەکەیان باسی لایەکی ئەمارەتی بابانی کردو پەنجەیان بۆ کەلاوەکانی ئەو بەرەوە رادەکێشا.. دیارە من تامێکی تایبەتیم لە ئیدارەی کوردی دەکردو بە شانازی و خۆشیەوە سەیری شوێنەوارەکانم دەکرد.. ئەوەی سەرنجی تەواوی منی راکێشاو ساردی کردمەوەو تا ئێستا لە بیرم ماوە ( برا پێش لەشکری داگیرکەر کەوتووەو ئەمارەتی بابانی لە ناو بردووە! ).. بەناو شارۆچکەی چوارتادا تێپەڕین و لە هاوینە هەواری (سەرسیر) گیرسانەوە.. لە تەختانیەکدا، لاکێش راخراو پیاوەکان کەوتنە قسەو کۆنکان کردن . ژنانیش خەریکی ئامادەکردنی چاو خواردن بوون!.. ئێمەش بە کورو کچەوە، کەوتینە یاری ( ئاشە بە تەنورە ) و ( دایماسۆن ) و ( گوریس کێشەکێ ) و.. بەدەم خواردن و گاڵتە و یاری و قسەی خۆش ، رۆژمان بردە سەر ، ژنەکانیش لە کاری

دەبوونەوە ، کارێکیتر چاوەڕوانی دەکردن . بەڵام بە خۆشیەوە هەڵدەسووڕان .. هەر چۆنێ بێ ، لە ژیانی چوار دیواریماڵیان خۆشتر بوو!.. کە رۆژ لە زەردان سایەق و سەکێ دەنگیان داین ، بە پەلە شتی ماڵەکان جیاکرایەوەو بەڕێکەوتینەوە.. خۆری ئێواران و تیشکی زەردی ناو دارستان ، جوانیەکی بێ هاوتا بوو.. منی هەتیوو و دوورە دایکی خستبووە رۆژانی هەرتەل و رێزی کورە گەورەی مامۆستای گوند ! !..

لە چوارتا تاریکمان بەسەرا هات . هەندێ دەیووت ( بمێنینەوە ) و هەندێکیتر رایان لەگەڵ گەڕانەوە بوو.. لە ئەنجامدا گەڕانەوە سەری گرت . دووبارە بە ژنان وترایەوە : وردە زێرێکی پێیانە لە خۆیانی کەنەوەو بیشارنەوە !..

هەرکاتە و تامی خۆی هەیە . تاریکی شەوی ناو شاخ و لێرەوار ، رێگای پێچاوپێچی سەربەرەو خواری چوارتا ، دەنگە دەنگ و مقو مقوی ژن و پیاو . دەستبازی ئێمە و پێکەنینی پڕ شادی هەمووان.. گڵۆپی پاس کە لەو بەرو کێوی دەدا .. دونیای کشو ماتی چوار دەور جۆرە سامێکی هەبوو . جگە لە دەنگی پاسەکە و جریوەی هەندێ باڵندە هیچیتر نەدەبیسترا! .. پاش ئەوەی بە گوندی ( قەرەچەتان ) دا تێپەڕین . لە ناوەراستی پێچەکانی بەرەو لوتکەی ئەزمەڕ چەند بەردێکی گەورە رێگاکەی گرتبوو . ناو پاسەکە بووە ئاشی ئاو لێبڕاو گریانی منداڵیش کپ بوو!.. سایەقەکە سەرنجی حەپەساوی لە دوو پیاوەکەی پێشەوەدا.. پێیانووت :

– بگەڕێنەوە.. تەقەمان لێدەکەن و دەربازیش نابین.. ماڵ و منداڵ بە فەتارەت دەچن .

لەبەردەمی بەردەکاندا وەستا.. دەمامککراوێ لە پشتی تاوێرە بەردێکەوە دەنگی داین :

– کێ چەکی پێیە.. تفەنگ ، دەمانچە ، خەنجەر.. لە پەنجەرەوە تووڕیدا . !

– سەیران کەرین و ماڵ و منداڵمان پێیە !

– پارەو ئاڵتوون و زیوی پێتانە لە شوێنێ کۆمەڵی کەن .

– هیچمان پێنیە.
– وەرنە خوارەوە بتان پشکنین .
کاك مستەفا بە تەنیا چووە خوارەوە ، کە لە جەردەکە نزیك بۆوە ، دوو – سێ‌یەکی تر لەپەنا بەردەکانا دەرپەڕین و گەمارۆیانداو یەکێکیش رووی تفەنگی لەناو پاسەکە کرد . پاش تۆزێ ، یەکێکیان دەمامکی کردەوەو دەستی لە ملی مستەفا فەندی کرد . بەرد لادراو کەوتینەوە رێ .. بەدەم رێگاوە گێڕایەوە .
– جەماعەتی ( تالە )ی برای ( خولە ) پیزە بوون.. لە بەیانییەوە ئێمە یان دیبوو خۆیان لە مرخ نابوو روتمانکەنەوە!.. بەڵام تالە من دەناسێ و دەزانی معاملەی توتن بۆ ( رەشە جەنجەڕ ) دەکەم و دەمیشی چەور دەکرێ ، کردییە پیاوەتی !
– دەشی زانی هیچمان پێنیە!
یەکێکیان وای وت و کاك مستەفا قسەکانی تەواو کرد :
– بەڵام سوێندی دام کە پۆلیس و سەربازمان لەگەڵ نییە.
هەرچەندە ، تووشی هیچ نەبوین ، بەڵام هەموو سەیرانەکەمان لە کونەلووت هاتە دەرەوە . تا گەیشتینەوە سلێمانی نقەمان نەهات و ترس بەری نەداین!

(٣)

لە کۆتایی ساڵانی چلدا ، چالاکی سیاسی لە گەشە کردندا بوو ، راپەڕینی کانوون ( تائێستاش ) هەر دەوترێتەوە . خۆ پیشاندانەکان ، بە دروشمە پێشکەوتوخوازەکانەوە لە بەغدا سەری هەڵدەداو دەگەیشتە سلێمانی .. دروشمە هەرە زەوقەکانی کوردایەتی ( بەردانی شێخ ئەحمەدی خودێنی بارزان و ئازادکردنی بارزانیان بوو ) ئینجا لە لیواکانیتر سەری هەڵدەدا.. دەگێڕنەوە ، ماوەیەك کاك موحەرەم محەمەد ئەمینی چیرۆکنووس ، خۆنیشاندانەکانی پارتی ئامادەو

رێگدەخست.. بۆ ئەوەی جاسووسەکان نەیناسنەوە ، خۆی دادەپێچاو کاسکێتێکی لە سەردەنا و عەینەکێکی رەشی گەورەی لە چاو دەکردو رۆژنامەیەکی پێچراوەی لە دەستی دەگرت و بەرەو بەردەرگای سەرا دەچوو.. پێش چەپڵەی دەست پێکردن و هوتاف کێشان دەمامکی دەکرد.. ئەم کارە سەرنجی ( ئۆفیك )ی عارەقفرۆشی راکێشابوو.. هەر کە لە دوورەوە موحەرەمی بەو چەشنە دەدی ، خێرا شتەکانی دەپێچایەوەو دەرابەی دادەدایەوەو بە گزیەوە لەبەر دوکان دەوەستاو تیلایی چاویشی هەر لەو بووە.. عارەق کرەکان بە دەوری .. دا هاتوون و داوای عارەقیان لێکردووە و ئەویش خۆی لە گێلی دەدا کە لێیان دەپرسی ، بەناڕەزاییەوە وەڵامێکی داونەتەوە . ئەم مەسەلانە ، لای خەڵکی شار ون نەبوو.. کە زاندرا.. پتر تەنگیان پێهەڵدەچنی و بە قەستی تەنگاویان دەکرد.. تا ناچاریان دەکرد نهێنی دڵی بدرکێنێ.. دەستی بۆ پەنا دیواری لای موحەرەم رادەکێشا و دەیووت :
— ئێن کەچەڵ.. کاسکێت لەسەری.. جۆزلخ لە چاوی.. غەزەتە لە دەستی.. موزاهەرەیەو شتی من دەدزرێ ، دەشکێ ، دەرژێ ! !
من ، لەو تەمەنە نەبووم شەرەفی بەشداربوونی خۆ نیشاندانەکانم پێبرێ .. بەڵام هەر لەو کاتەوە خۆم بە خاوەنی کارەکە دەزانی و چەند بووایا ، دوو — سێ ئەوەندەم پێوەدەنا و بۆ هاورێیەکانم دەگێڕایەوە.. رێکەوت ، پاش نیوەڕۆیێ ، خستمیە ناو جەماوەرەکە . جۆرە سام و ترسێ لەشی دەهەژاندم وسڵی پێدەکرمەوە ! .. دڵسۆزیش بۆ مەسەلەکە وەدەری نەدەنام و لەگەڵیاندا هەنگاوم دەنا.. وەك دەروێشی حاڵ لیهاتوو هوتافەکانم دەوتەوە.. پڕ بە دەم هاورم کرد ( ئازادی بۆ برا بارزانیەکان ) ئەوەندە بە کوڵ بوو ؛ سەرنجی پیاوەکانی دەورم راکێشا.. یەکێکیان ( وا دیار بوو ناسیمی ) دەنگی دام :
— ئەو زیقە زیقەت لە چییە ؟ ! .. بگەڕێوە ماڵ !
لە قسەکەی تەریق بوومەوە . لە ناخیشەوە نارازی بووم . لە خۆم گەورەتر نەبوایا بە روویدا دەتەقیمەوە .. شاڵاوی پۆلیسی ( دۆنکی ) بە دەست و رووی تفەنگەکانی شوورەی سەرا ، مۆڵەتی هیچی تری

نەدا، هەر یەکە بە لایەکدا هەڵات و خۆیان لە کۆڵان و دوکانەکان حەشاردا.. پۆلیسەکان بەرەو ( موتەسەریفیەت ) گەڕانەوە ، وەك شانە مێروڵە هەڵقوڵانەوەو دروشمەکان هەڵگیرانەوەو ( بروخێ و بژی ) دەستی پێکردەوە..

پۆلیس و چەك و دۆنکی هاتنەوە ، لە جاریتر ، توند تر دەستیان وەشاندو منیش چەند دۆنکیەکم بەرکەوت و بەرەو ماڵ گەڕامەوە ، سەرەڕای ئازاری لێدانەکە ، بە نیشانی خەبات و تێکۆشانم دەزانی و سەرم بەرز بوو .. بەڵام نەموێرا لای خزمانم بیدرکێنم . چەند شەوێ ئازاری دەست و قاچم نۆشی ، لە شارەزووریش ، کە دایکم لە ئازاری پشتمی پرسی ، راستیم نەدرکاند ، چونکە بە نهێنی خەباتم دەزانی!..

تا خونیشاندان گەرمتر دەبوو ، لە شارەکانی تر سەری هەڵدەدا و بڵاو دەبۆوە.. لە ئەنجامدا عومەری خاڵم لە بەغدا گیراو لە دادگای ( عورفی ) دوو ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوەو رەوانەی بەندیخانەی ( کووت ) کرا.. ئیتر مەلوولی باڵی رەشی بەسەر خێزانەکەدا کێشا ، خواردنمان ژقنەبووت بوو ، رۆژانەی ژیانی ژتان ، هەناسەی ساردو فرمێسك بوو.. تا خاڵە تایەریشمی وروژاند و ئێمەش بەر شاڵاوی تووڕەیی وی دەکەوتین!.. خۆ کە باسی ( مانگرتن لە خواردن )ی بەندەکان گەیشتە شار ، ماڵ بووە دۆزەخ.. نەنکم ، ناچاری کردن ، لەگەڵ ( عوسمان سدیق )ی خوشکە زای رێگەی کووت بگرنە بەر!..

(٤)

سەرەڕای کەمی کارو کاسبی ، زووربەشی وەرزی بوون . پارەکەشی بەشی ژیانی کوڵەمەرگیشی نەدەکرد ، شارەکە هەژارو برسی زۆر بوو.. دەوڵەت ئەوەی دەزانی . بەڵام بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵکیش پلانێکی ئەو تۆی نەبوو . لە هەموو شارەکانی کوردستاندا – جگە لە کەرکوك – کارگەیەکی دوو سەد

کەسیش نەبوو!.. پایزی هەموو ساڵێ ، لیژنەیەك لە گەورە پیاو و فەرمانبەرەکانی لیوا پێکدەهات بۆ : کۆکردنەوەی جل و بەرگ و کەلوپەل و خۆراك و پارە.. بۆ ماڵە بێدەرامەت و پیرو پەککەوتەی ناو شار.. پێیان دەووت ( لیژنەی بارو بووی زستانە ) و بەسەر دەوڵەمەندو خانەدان و پیاوە دیارە کانی شارو بازرگان و .. دەگەڕان و شتیان کۆدەکردەوە . موختاری گەڕەکەکانیش ناوی ماڵە کەمدەرامەتەکانیان دەنووسی . هەژارو بێ سەروەرەکان ، خۆشیان ئەرزو حاڵیان دەدا.. بە پێی ئەو یارمەتیەی لە شارەوانی کۆ دەکرایەوە، دەستی پیرو هەژاران دەگیرا .. دەڵێن ( شارەوانیش مانگانەی بۆ هەندێ پیرێژن و پەککەوتە بڕیبۆوە ) بەڵام قەترە بە دەریایەك بوو!!..

لەسەرەتای ساڵی خوێندنیشدا ، حکومەت ، هەندێ دەفتەرو قەڵەم و پێویستیەکانی تری بەسەر قوتابیە هەژارو هەتیوو لێقەوماوەکاندا.. بەشدەکردو کەلێنێکی لە پێویستیەکان پڕ دەکردەوە.. زۆرجار ، من و سلێمانی براشم بەرمان دەکەوت .. ئەو چەند ساڵەی لە سلێمانی و قوتابخانەی سەرتایی خوێندم، هەموو سەرەتای زستان ( یان کۆتایی پایز )ێ ، چەند تۆپە قوماشێ ( یان پارەی قوماش ) لە خێرخوایەکی خەڵکی سلێمانی ( دانیشتووی بەغدا ) کەناوی ( عەلی کەمال ) بوو ( ئەگەر بەهەڵە نەچوو بم ) دەهات و بە پێی ژمارەی قوتابخانەکان بەشدەکراو چەند قاتێ بەر مەکتەبی گۆیژە دەکەوت.. مامۆستاکان دادەنیشتن و بە پێی توانا ، بەسەر خوێندکارانیاندا بەشدەکرد . بەڵام ئەوەندە رووت و رەجاڵ و جلوبەرگ پیناوی .. زۆر بوون ، لیستی ساڵانی رابوردویان دەردەهێناو ئەوانەی وەریانگرتبوو ، هاوێر دەکران . لە پایزی ١٩٤٩ شدا بەر من کەوت!.. لە راستیدا ، منیش هەتیو بووم و باوکم هاوڕێی پیشەیان بوو.. بەڵام هەتیوی لە من هەژار تر زۆر بوو ، چەندەها پینە بە شەڕواڵەکەیانەوە بوو ، تێریان بە سکی خۆشیان نەدەخوارد .

کە فەڕاش هات و بردمیە لای بەڕێوەبەر و لەگەڵ هەژارەکانیتر ریزکرام ، خۆم زۆر بە زەلیل دی . لە ناخدا دەکوڵام . فرمێسك بە چاوما هاتە

خوار.. غەفوورە فەندی بە شێوەیەکیتر لەمەسەلەکە گەیشت ، دەستی بەسەرما هێنا ، دڵی دامەوە ( خەمت نەبێ ساڵێکیتریش دەیدەینە سلێمان! ) پێش هەموویان قوماش و چەند درهەمێکی دامێ و بەڕێی کردم!!.. لە راستیدا ، رووم نەدەهات ( بێ پرسی کەسوکارم ) لێیوەرگرم . نەشم دەتوانی مەبەستی خۆمی تێبگەیێنم . کە قوماش و پارەم بردەوە ، خاڵە تایەرم زۆر تێکچوو ، لێم تووڕە بوو . چەند پاکانەم کرد کە خۆم داوام نەکردووە هەر سزای دام!.. پاش نیوەڕۆش لەگەڵم هاتە قوتابخانە و بەزویرییەوە دایەوە غەفوورە فەندی وتی :

– هەردووکیان هەتیوون و باوکیان مامۆستا بووە و ئەوەتان لەبەر چاو بووە.. بەڵام لەسایەی خواوە کەسوکاری وایان هەیە ، هەتیوویان پێوەدیار نەبێ .. سەیری کەلوپەلیان بکە! ئەوە بدەنە هەتیوێکی رووت و رەجاڵی بێکەس .. خێرتریشە .

بەڕێوەبەر پاکانەی کرد کە بێ مەبەس کراوەو گوناحەکەی خستە ئەستۆی مامۆستا کۆیەکان . خاڵم ماوەیەك قسەی لەگەڵیان بڕییەوە تا میرزا عەبدوڵڵای شاعیر ( خادم )وحاجی تایەری کۆیی کەوتنە بەینەوە..

سلێمانی لەو شارانە بوو کە لەسەرتای دامەزراندنییەوە ، کوردی وەك : سابلاخی و سنەیی و بانەیی و قەڵادزێیی و.. تێکەوتبوو . بەڵام ماڵە کۆیی کەم بوون . زووربە پاش شەڕی گەورە بۆ کاسبی و بازرگانی هاتبوون وەك : میرزا عەبدوڵڵا و حاجی تایەری کۆیی . هەندێ کاری فەرمانبەری هێنابوونی وەك : سابیرە فەندی و تایەر مستەفا و نادر باشجاوەش.. یان مامۆستای قوتابخانە بوون وەك : عیزەت و هاشم و رەسوڵ .. زووربەیان لە سلێمانی یەکتریان ناسی و بەسەریەکیانەوە هەبوو . لەکاتی تەنگانەو پرسەونەخۆشی دەوری یەکیان دەداو ( کۆیاتی و خۆیاتیان ) دەکردو خەڵکی شارەکەش رێزیان دەگرتن .

لە راستیدا ، کەلوپەلی تازەمان کەم بوو . بەڵام ئەوەی لەبەرمان دەکرد، جوان و پاك و نەدڕاو بوو. چەند جارێکیش لەسەر پاکی بۆ ( تحیە العلم ) هێنرابوومە دەرەوە ( تاکە فەرمانبەرێ ، دە – دوانزدە

سەر خێزانی دەستە پاچەو براشی لە بەغدا بخوێنێ . دەبێ گوزەرانیان چۆن بێ؟!) رۆژانەم عانەیەك ( چوار فلس ) بوو کە زۆر شتی پێنەدەهات .. دایکم خەیاتی دەزانی و مەکینەیەکی ( سنجەر )ی نیو داشتی لە جوولەکەکان کڕیبۆوە . دوورمان و پینەو پەڕۆی ماڵەوەی پێدەکرد . هەندێ جار ، جل و بەرگی نیو داشتی خاڵەکانمی هەڵدەوەشاندەوەو بۆی تەسك دەکردینەوە . ساڵی وا هەبوو ، بۆ جەژنیش هیچمان بۆ نەدەکرا.. بەڵام پاش زەراعەت کردن ، باری ئابووری باشتر بوو ، جلوبەرگی جەژنمان بۆ دەکرا . جلە نوێیەکان ئەوەندە خۆشەویست بوون لەگەڵ خۆمان دەمانئواند ! !

(٥)

مەلاکانی کوردستان ، بەگشتی ، دەستەیەکی خوێندەواری لە خۆ بردوو بوون . گوزەرانی ئەمرو ئەژینیان بە میرات بۆ مابۆوە ( قیسمەتی خوایەو هەر ئەوەندەی بڕیوەتەوە ) بە زەکات و سەرفترە و دیاری بێ مەبەسی سەرانی ناوچە ، ماڵ و منداڵیان بەخێو دەکرد . هەندێ ، وردە کاسبیان دەکردو مەلاژنیش رستن و چنین!.. کەمیان پارەو موڵك وماڵیان لەپاش بەجێما .. چونکە ژیانیان ساکار بوو ، خاوەن راو بۆچوون و هەڵوێست بوون . ئەوەی بە هەق و راستیان دەزانی دەیانووت و دەیانکرد و چاوەڕوانی پاداشتی کەسیش نەبوون. خەڵکەکەش ( کەلە ٩٥٪ ی نەخوێندەوار بوو ) بڕوایان بە قسەو بۆچوونیان هەبوو .

دەوڵەتی عێراق ، لە دامەزراندنیەوە ، مەبەستی بوو ، ئەم توێژە رووناکبیرە کۆمەڵایەتیە ، لەگەڵ شێخ و دەرەبەگەکان ، بەلای خۆیدا بخاو قسەی خاسیان بۆ بێژن . زووربە ، خۆیان لە دەم چەور کردن دزیبۆوە . لە پارەو موچەو مانگانەی حکومەت وە دوور کەوتبوونەوە ، بەڵام ، چاوچنۆك و کاسەلێس و هەڵپەرستی واشیان تێدابوو ، لە پێناو

بەرژەوەندیان ، لە حەق لایان دەداو فتوایان دژی راستیش دەدا!!..
هەندێکیان بوونە خاوەن پول و پارەو مولك و ماڵ و دەسەڵاتیش!!..
بەگشتی ، مەلاکان ، پارەی حکومەتیان لا پیس و حەرام بوو.. چونکە: ئەو پارەی دەچێتە خەزێنەو مەعاشی لێدەدرێ ، لە باج و خەراج کۆ دەکرێتەوە.. هەتا باجی مەلها و مەیخانەو مەیفرۆش و ئافرەتی خراپی مەیدانیشی تێدەکەوت ( شوێنێکی رەسمی بوو لە بەغدا ، بۆ رابواردنی لاوان و پیاوان! )

سوختەو فەقی( قوتابی مەلا بوون ) بە ژیانی کولە مەرگی حوجرەو تەکیە راهاتبوون . بیرو هۆشیان لای ئاین و پەروەردەی ئایینی بوو . بۆ گوزەرانی رۆژانەیان ، چاویان لە دەستی خێرخواکانی گەرەك بوو ، بە شۆربای تەکیە رازی بوون . لە سلێمانی و هەموو شارەکانیتر . ئێوارانی هەینی کوچەو کۆڵانەیان تەی دەکردو ماڵ بە ماڵ لەدەرگایان دەداو بانگیان دەکرد ( راتبێ فەقێ ، رەحمەتی خواتان لێبێ ) هەرماڵە نانێکی تیری ( کە ئەوسا باو بوو ) دەدانێ ( ئەوانەی بەشی خۆشیان نەبوو ، تەخسیرییان بە فەقێ نەدەکرد ) هەموو نانەکان دەبرایەوە حوجرەو گوزەرانیان پێدەکرد.

دایکم ، زۆری مەبەست بوو ( دەمی باوکم بە وشکی نەمێنێتەوە! ) و خێری بۆ بکا . بەڵام نانی خاڵم ، بۆ باوکم ، بەخێر نەدەشیا.. بۆیە ( لە پارەی ئیکرامیەکەمان ) هەندێ شەکری قەندی کریبوو ، جارو بار دەیکردە خێرو کە بۆ فەقێی دەهێنا ، تکای لێدەکرد ( بەڵکو بەم شەوی جومعەو جەماعەتە ، چەند فاتحایەك بۆ رۆحی فەخری سامی بنێری! ).. ئای لەو ساتە پڕ نائومێدیانەی دایکم بەرێی کردو سەری سپی لە پێگەیاندنی ئێمە هۆندەوە!!

وەنەبێ ، گوزەرانی خەڵکە کەم دەرامەتەکە ، لە هی مەلای پاك و فەقێیەکان باشتر بووبێ ، زۆر رۆژ ماڵە هەژارەکان ئاگریان نەدەکردەوە، منداڵانیان بێ نان و شێو دەنووستن . بەڵام دزی کەم بوو. رووتکردنەوە دەگمەن بوو.. لەو چەند ساڵەی لەم شاردا ژیام ،

جگە لە رووداوی ( عەلەکەو وەلەکە ) شتێکی وا زەقم نەبیست و هیچم نەدی .

لەسەرتای پایزەوە ، لەناو شار قاو بوو ( عەلەکەو وەلەکە ) لە گەڕەکی جوولەکان پەیدا بوون ، بە شەوان خەڵکی رووت دەکەنەوە . ئەوەی هیچیشی پێنەبێ ، چینێکی باشی لێدەدەن.. جۆرە خۆ پاراستن و ترسێکی پەیداکرد . ( وەك لە بیرم مابێ ) دەرو دراوسێ دەیانووت : تاریکە شەوان ، چەند جەردەیەکی دەمامککراو لەسەری کۆڵانە تەسك و باریکەکان خۆیان حەشار دەدەن. هەر پۆشتەو پەرداخێك ببینن ، دەنگی لێناکەن تا لە یەکێکیان نزیك دەبێتەوە . ئەوسا یەکتری دەدوێن:

- عەلەکە - وەلەکە - بیگرە - رووتیکە .

ڕێبوار ناچار دەبوو لە شوێنی خۆی بوەستێ و چیپێبێ لە ( زێر . سەعات . پارە . شتی بەبەها ) لە ئەرزەکەی دانێ . ئەگەر گومانیشیان لێبکردایا ، دەمامککراوێ دەیپشکنی و ئینجا مەرەخەسیان دەکرد .

رۆژ دوای رۆژ ، خەبەرەکە زلتر دەکرا و چەندەها رووداوی ( بێ ناوو نیشان )ی سەیریان لێدەگێڕانەوە.. پاش ماوەیەك ، باسی چەند کۆڵانەیەکی ناوشاریش کرا.. مەسەلەکە بووە بنێشتە خۆشەی دەمی خەڵکی و لە چایخانە و بازار و مەیخانە و مزگەوت باس دەکرا.. هەندێ دەیان ووت: هەر ئەوانن و جێگایان دەگۆڕن تا بەردەستی پۆلیس و حەسحەس نەکەون . هەندێکی تر دەیان ووت : کاسبیەکی چەورو بێ ئارەقەیە و خەڵکیتریشی پێوە نیشتۆتەوە .

بەرە بەرە ناوی رووتکراو دەهێنرا . شەو نەبوو ، ئەفەندییەك ( کە لە یانەی فەرمانبەران گەڕاوەتەوە ) دوکاندارێ ( کە پاش نوێژی خەوتنان مزگەوتی بەجێهێشتووە ) بازرگانێ ( کە لە میوانداری هاتۆتەوە ) توشیان نەبووبێ . وادیار بوو حکومەتیش زۆری مەبەست نەبوو ، گوێی لێخەواندبوو!.. ئیتر خەڵکی بە وشیارییەوە دەچوونە دەرەوە . یان بەخێزانەوە . دەچوونە ماڵان!.. مێردمنداڵەکانی گەڕەکی سابوونکەران ، بە تەنیا نەدەناردرانە ماڵە دراوسێیەکانیش .

خۆ نەوەی فەرمانبەرو دەوڵەمەندەکان هەر هیچ!.. من و برام ، هەر لە ئێوارەوە دەکراینەوە ژوور و نەیان دەهێشت لەبەردەرگای ماڵەوەش بووەستین!.. بەڵام لە مانگە شەواندا ، چەژنمان بوو ، لە بەینی نانخواردنی ئێواران و نوێژی خەوتناندا ، لە ژێر چاودێری یەك — دوو گەورە ، لە کۆڵانەکەماندا یاریمان دەکرد.. ئەو دەنگوباسە.. تا بەهار بڕی کردو دەنگی نەما.. جا .. ڕاست بوو؟.. وازیان هێنا؟.. گیران؟.. نازانم!

(٦)

هەر لە سابونکەران بووین ، خاڵە عومەرم بەر لێبوردنی گشتی کەوت و چۆوە بەر خوێندن ( لە کۆلێژی ماف ) منیش بۆ یەکەمجار جلی دێدەوانیم لەبەرکرد . هەر چەندە لاوازو زەردو کەم خوێن بووم و لە ژێر چاودێری دکتۆرا گولاجێکی بۆن و تام ناخۆشم دەخوارد ( دەیان ووت ڕۆنی حوتەو بۆ خوێن باشە ) بەڵام بۆچوونە نمایشی گشتی و کاری دێدەوانی ، چوست و چالاك بووم و ڕابەرانە لە ڕیزی پێشەوە ئاڵام هەڵدەگرت ( دوو ئاڵا هەڵدەگیرا . ئاڵای عێراق و ئاڵای دێدەوانی ) نازانم ڕێکەوت بوو؟.. مامۆستای وەرزش خێزانەکەمانی دەناسی؟ یان هەر خۆم ، بە بیرو لێکدانەوەی ئەوسام ، ئاڵای کەشافەم هەڵدەگرت )
لەسەرەتای ١٩٥٠ دا ، خانووی ( عیسایی ) ئەرمەنیمان گرت . دەکەوتە سەری کۆڵانی گاوران ( بەرامبەر ماڵی سەی مەجید ) داڵان و حەوشەیەکی گەورەی بەربەرەڵا ، لای ڕاست ژێر خان و لە سەریەوە دوو ژووری گەورەو هەیوان و بەرهەیوان و کەلەکی و بەو بەریەوە ، مەتبەخ و حەمام( بۆ یەکەمجار حەمامان لە ماڵ بوو. لەویتر دەچووینە حەمامی ( موفتی ) و خوارتریش ..) نزیك مەنزلگای چاپخانەی ژین و پیرەمێرد بوو ( کە خاڵەتایەرم هەر هامشۆی دەکرد ) ئێمەش بەهۆی زەراعەتی لۆکە( ئەوساڵە گوندی — زێرینجۆ — گیرا بوو ) ژیانمان خۆشترو

گوزەرانمان چاکتر بوو . دایکمان هەر لە گوندی بوو ، بەڵام خزمەتی نەنکمان بێکەسیمانی بڕی بوو . ڕۆژانەشمان هەر عانەیەك بوو.

تا دەهات ، پتر ئاشنای سلێمانی دەبووم و دۆست و ناسیارم پتر دەبوو . خۆشەویستی شارەکە لە دڵ و دەروونم دەچەسپا . ڕەشەباکەشی تام و کێژێکی خۆشی دەدامێ . شێوەی قسەو داڕشتنی ڕستەی سلێمانیانە فێر بووم ( تا ئەم تەمەنەش بە گفتوگۆمەوە دیارە ) لە قوتابخانە هەر تەمەڵ بووم . لە دانیشتنی پۆلیشدا ریزی پشتەوەم گرتبوو! !.. بەڵام لە دوای نیوەی ساڵی پۆلی چوارەوە ، جەباری مەلا محەمەدی توتنچی ( کە بووە ئەندازیار ) و سەلاحی فەرەجی کەبابچی ( کە بووە مامۆستای دوا ناوەندی ) سالار بەهائەدین ( بووە ئەفسەر ) جەمال ئەحمەد (کە بووە ئەندازیاری کشتوکاڵی) نجمەدین زینەدین (کە بووە محافظ ) حوسێن مستەفا ( کە بووە مامۆستا ) بوونە هاوڕێ و هاو خوێندنم و لەگەڵ عەلی جنۆکە دەمانخوێند.. زۆر جار لە ژێر عەلەتریکی کۆڵانی ماڵەکانماندا دەوەستاین و دەورمان دەکردەوە . بەدەم قسەوە ، باسی مامۆستاکان دەکراو جارو باریش مەسەلەی ( پارتی ) و ( تەحەڕور ) دەهاتە پێشەوە ، بێ ئەوەی هیچ لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆیان بزانین!

زۆرم حەز لە خەت نووسین بوو . ناو و ناوی ناوەڕۆکی دەفتەرەکانی خۆم و برام و برادەرەکانم ( بە دزی ماڵەوە ) بە خەتاتی دەنووسی و دەمڕازاندەوەو زۆرم شایی بە خەتم بوو.. لەپاڵ ئەوەشدا ، کێشم لە هەڵبەستەکانی بێکەس و حاجی قادری کۆیی و هەندێ شیعری نیشتمانی زێوەرو ئەحمەد بەگی جاف و قانع و .. دەکردو هەستیان دەبزواندم و زوو لەبەرم دەکردن . ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ، مامۆستای وانەی کوردی ( بەهەڵە نەچوو بم هونەرمەند شێخ مستەفا بوو ) پاش ئەوەی هەڵبەستەکەی لەسەر تەختەی ڕەش دەنووسی ، وشە عەرەبیەکانی دەکردە کوردی ، بێ ئەوەی کێشو سەرواى تێکچێ ( واشی پێ لەبەر دەکردین ) کە بێگومان لە ئەدەبدا کارێکی گونجاو نییە.. ئێستاش ، بە ترسەوە ، دێرێ لەو شیعرانە دەڵێمەوە !..

خاڵە عومەرم ، لە بەغداوە بە قەمەرەیەکی ( پلایمۆث )ی نوێ گەڕایەوە. پاش چەند ڕۆژێ ، جێبێکی لاند دڕۆفەری تازەشی لەبەر ماڵەوە ڕاگرت!.. لە خۆشیدا پێمان بە ئەرز نە دەکەوت ، بەڵام هەستم کرد کە لە بەینی هەردوو خاڵمدا مشتومڕێ هەیە کاك ئیبراهیم ئەحمەد و کاك محەمەدی حاجی تایەر و لە دوایشدا کاك عەلی عەبدوڵڵا بەشداریان تێداکردو لە ئەنجامدا مەسەلەکە هێور بۆوە.. حەزدەکەم ، وەك نموونەیەکی هەڵسوکەوتی هەردوو خاڵم لێرەیا بیگێڕمەوە :

بەرهەم ( لەبەینی خاوەن زەوی و جوتیاردا ) بە نیوە بوو . مەللاك جگە لە زەوی و تۆ ، نیوەی پارەی پێویستیەکانیتریشی دەدا . جوتیاریش ( جگە لە کاری خۆی و خێزان و منداڵانی ) نیوەی تری لەسەر بوو . ئەوەی خاڵمی لە خاوەن زەویەکانیتر جیا دەکردەوە ، بۆ گوزەرانی ڕۆژانەی جوتیارەکان ، دەست قەرزی ( بێ سوود ) دەدانێ تا بەرهەمەکە دەفرۆشاو قەرزەکەی لێهەڵدەگیرایەوە.. هەرچەندە ، گەنم و جۆو گەنمە شامی و گوڵە بەڕۆژە و نیسك و تۆك و مەرەزە و کونجی .. دەکرا ، بەڵام بەرهەمی سەرەکیان لۆکە بوو . پاش چنین ، دەکرایە فەردەو باڵە ، دەکێشراو بۆ لای بازرگانێکی لۆکەی بەغدا بار دەکرا ( وابزانم یەکێك بوو لە کەرکوکلی زادەکان ) جا .. بە پێی بازار.. چ بەو شێوەیە دەفرۆشرا ، چ هەڵاجی دەکرا ( ناوکەکە دەر دەهات ) ناوکەکەی بەکارگەی ڕۆن و سابوون دەفرۆشا و پەمۆکەشی بە کارگەی ڕستن و چنین.. مەسرەف و حەقی خۆی هەڵدەگرت و ئەویتری دەناردەوە یان دەیدایە عومەری برای. خاڵە عومەرم لە پارەی ئەو ساڵە، قەمەرەی بۆ خۆی کڕیبوو ، جێبەکەش بۆکاری نهێنی پارتی ! !.. تایەر حیزبی نەبوو ، بەڵام ماڵی واڵابوو بۆ کوردایەتی . خوشکەکانیشی چالاکیان دەنواند ( هیچ لێپرسراوو سەرکردەیەکی ئەو کاتە نییە ، چەندەها شەو لەو ماڵە نەی خواردبێ و نەنووستبێ و خۆی نەشاردبێتەوە !..) خاڵە تایەرم دەیزانی قەمەرەکەشی بۆ خۆشی خۆی و خێزانی نەکڕیووەو ئەویش بۆ کاری حیزبی تەرخان دەکا.. بەڵام

ئەوەندەی خۆش گەرەك بوو ، ئەوەی لە چاو نەبوو . مشتومڕەکە لەسەر پارەی جێبەکە بوو . ئەو دەیووت :

— ئێوە.. بە مانگانەی ئەندامان ، وەکرتان پێ بەرێوە ناچێ ، ماڵە لێقەوماوەکانتان پێ بەخێو ناکرێ و قەرز و قۆڵە لە چەندەهای وەکو من دەکەن و پارمەتیان لێوەردەگرن . ئەو پارەیە چۆن دەدەنەوە؟!

بە هەموویان رازیان کرد کە لەگەڵ کاری حیزب ، نەفەریش هەلگرێ . هەرچی لە مانگانەی سایەق و مەسرەفی جێبەکە مایەوە . بدرێتەوە قەرز!.. وەکو ئاگادارم ، تا جێبەکە کەلکی بڕا ، قەرزی پێنەدرایەوە!! قەمەرەکەشیان لە بان دانا.. من و برام هەر شوشتن و پاککرنەوەمان پێ بڕا!!

(٧)

هەر قوتابخانەی ئەو ساڵە تەواو بوو ، من و برامیان پێچایەوەو لەگەڵ دەرویش و ئازووقە چوونە ( سەی سایەق ) و عەلە شەل بە دوو هێسترەوە چاوەڕوانمان بوو .. خۆرئاوای سروشتی شارەزوور ، دیمەنێکی ئەفسووناوی و جوانیەکی دلگیری نامۆی بە دیدەم دەدا. زۆر خۆرئاوابوونی دوور ئاوایی ( هەتا لە بیابانی باشووری عێراقیشدا ) دیداری بەسەر کردوومەتەوە ، بەڵام هیچیان زەفەریان بەم خۆرئاوابوونە نەبردووە.. تا چاو بڕی دەکرد ، دەشتێکی پان و بەرین بوو ، گردەکان، وەك دومەڵان و قارچك لە زەوی هەڵتۆقیبوون ، شارستانیەتی شارەزووریان دەوردەکردەوە!!.. چەمی زەمەند ، بێشەلان ، قامیشەلان .. جۆگای وشك ، تەر ، پڕ ئاو.. پەڵە شینایی و سەوزی سەر سینگی گیای زەرد هەلگەڕاوی زەردەپەڕ .. پیادە ڕێی پێچاوپێچی گوندە ئاوەدانەکان.. سام و ترسێکی خۆشی لە دلمدا چەند بوو!.. بەڵام هێرش و ئازاری تەپۆ ، هەراسانی کردبووم . بە هەر دوو دەست پێشوولەم دڕدەداو هەر پێمانا دەچزان.. قسەی نەستەقی ڕەزای مەلا

حەبیب ( برای ئەنکم )م بیر هاتبۆوە کە دەیووت ( شارەزوور زێرەو لە پێستی سەی دایە ! )

تاریکە شەو و تروسکەی چراو ئاگری دووری خانووی بەرزی گوندان و کەپری سەر شینایی ، دیمەنێکی قەشەنگتری دەدامێ و ئەفسانە کوردییەکانی وەبیر رێبوار دەهێنایەوە ! .. پێش ئەوەی بەسەر بەرزایی دێدا هەڵزنێین ، سەگە هەو شارەکان شالاویان هێنا ، دەرویش دەنگی دان ( کەسەرپەرشتی دەکردن ) تا بەردەرگای حەسار لە پێشوازیماندا بوون ! .. لەبەر هەیوان ، بە دایکم و کاک عوسمانی خالۆزام شاد بووینەوە .. شۆخەژنێکی بێوەژنی جەرگسووتای دایك ، بە دوو تولفی بگاتەوە ، چی دەکا ؟ ! چۆن دنیای خۆشەویستی دەشلەقێنێ ؟ !

کپی شەو، بەویزەی تەپۆو سەگوەر و قرمەی بەراز دەرەوییەوە .. جوتیاران بەخێرهاتنیان کردین.. شەو لە نزیك دایکمانەوە ، لەسەر قەرەوێرە جێگامان بۆ راخراو پەردە کوللەیان بۆ کردین. کاك عوسمان تفەنگە ( ئیستەرلینگ )ی خالە عومەرمی لەژێر سەرینی داناو دایکیشم دەمانچە ( تۆپلی ) یەکەی خالە تایەرم ( لەبەر گەورەیی پێیان دەووت لاقەبزن ! ) بەلام لەگەرماو تەپۆو عجمینم نەبوو ! .. بەدەم خۆ هەلگرانەوە خەوم لێکەوت و بەرە بەیان لە هاتوو چۆی نوێژکەران و سەگ بەستنەوەو ئاژەڵ بەردان ، راپەریم . هەڵسام .. خۆر هەلاتیش چیرۆکی خۆر ئاوابوونی دەور دەکردەوە ! ..

لە کۆشك و دەشت و دەری ( زێرینجو ) ئازاد بووین . بە ئارەزووی خۆمان دەگەراین و میوەی هاوینەمان دەخوارد .. تەنیا ژووری تایپ و رۆنێۆ داخرابوو . بۆ عومەرو مێوانی دەکرایەوە . ئەوانیش شتیان چاپ دەکردو رایان دەکێشا لەگەڵ خۆیاندا دەیانبردەوەو دەرگاو پەنجەرە دادەخرایەوە !

چەند پاش نیوەرۆیێ ، بە تاپرو گەماڵەوە دەچووینە راوە بەرازی چەم و بێشەلانی نزیك ئاوایی . سەگەکان بۆنیان دەکردو دەبووە شەر . هێرشی گەماڵ و بەرگری یەکانەو کەمتیار بەزمەکەی جۆش دەداو ئێمەش لە دوورەوە هەر ( حەلە .. حەل ) مان بوو .. ئەگەر

زۆر بەرگرییان بکردایا ، گەماڵەکان دەنگ دەدران ، بە ساچمەی گەورە بەرازەکەیان دەپێکاو سەگەکان مێرشیان دەبردەوە تا دەیانخست و لاشەکەی لەو ناوە دەکەوت!.. ئێمەی ئیسلام گۆشتی بەراز ناخۆین و لاشەکە لەو ناوە دەکەوت. بەڵام کەمتیار بە نرخ بوو.. لە ناو کوردەواریدا، ئەگەر یەکێك لە ناو خەڵکی خۆشەویست بێ و ئافرەت حەزی لێبکا دەڵێن (.. کەمتیاری پێیە ) جوتیارەکان دەوریان دەدا و ئەو بەشەیان لێدەکردەوە و دەیانبرد!!..

دەشتی شارەزوور پۆڕی زۆر بوو . زۆر ئێوارە دەچووینە ڕاوە پۆڕ و هیچ ئێوارەیەك بە دەستی بەتاڵ نەدەگەڕاینەوە . بە پۆڕی سوورەوەکراو ، کوڵاو ، برژاوی. شێومان دەکردەوە . هەرچەندە خزمانمان راوچی بوون . بەڵام هیچیان وەك شیخ لەتیفی شێخ مەحموود حەفید نەبوون. ئەو چەند جارەی میوانداریمان کرد ، لەگەڵ عومەر دەبابە دەچوونە راو. پۆڕەکانی هەڵدەفراند ، ئینجا تەقەی لێدەکردن.. کەم جار نەیدەپێکان!.. کە ئەوەش نیشانەی زانیاری راو بوو. ئێمەی شاری ، بەرە بەرە ، لە گەرماو تەپۆی شارەزوور راهاتین . ئەوەندە خۆشمان رابوارد ، شارمان بیر کردبوو.. کە کاتی خوێندن هاتەوە ، پڕ بە دڵ پێم ناخۆش بوو شارەزوور جێبهێڵم.. چاریش نەبوو، خوێندن کرابووە. کارێکی پێویست بوو ، نەدەبوو کەمتەرخەمی لێبکەین!

(٨)

شەوانی رەمەزان ئازاد بووم و لە ساتە خۆشەکانی ئەو سەردەمەم بوون . پێش بانگی فتار لەگەڵ کوڕانی گەڕەك دەچوومە باخی میللی ( دەبۆکە ) ( دەکەوتە بەرامبەر مزگەوتی گەورە ) و بە دیوارا هەڵدەزنام و سەیری سەربازەکانم دەکرد کە بە دەوری تۆپەکەدا دەهاتن و شتیان ئامادە دەکردو پەڕۆیان لە دەمی تۆپەکە دەئاخنیو..

لەگەڵ بانگی مزگەوت ، تۆپەکە ئاگر دەدرا : کە دەتەقی و پەرۆ بەو ناوەیا وەردەبوو.. بە پەلە دەگەڕامەوەو لە گەڵ خێزان فتارم دەکردەوە.

لە راستیدا.. کەم جار بە رۆژوو دەبووم و نوێژیشم نەدەکرد . بەڵام لە ترسی تورە بوونی خاڵم و سزادانم ، نەم دەوێرا لای گەورەکان بیدرکێنم .. لەگەڵیانا فتارم دەکردەوە. بەناچاری پارشێوانیش لە خەوی خۆش هەڵیاندەساندم و بەنا بەدڵیەوە شتێکم دەخواردو خێرا دەچوومەوە ژێر جێگا. زۆر جار خەوم لێدەزراو لە ناو پێخەفا جەنگەڵەم دەدا. بەرۆژیش ، بە دزیەوە ، خۆم نیوە تێر دەکرد ! ! ( خاڵۆزایەکی قسە خۆشم هەبوو، حەجیشی کردبوو ، بەڵام نەی دەتوانی بەڕۆژوو بێ. لە پارشێوانیشدا لە هەموو خێزان پتری دەخوارد.. کە پێیان دەووت : کە بە رۆژوو نابێ هەڵمەستەوە ! .. بەزەردەخەنەوە خۆی تووڕە دەکردو دەیووت : بە رۆژوو نەبم و پارشێویش نەکەم؟ ! .. چۆن خوا لێم قبوڵ دەکا ؟ ! )

پاش نوێژی خەوتنان جووڵە دەکەوتە گەڕەك و کۆڵان.. خەڵك ، بە خاوو خێزانەوە دەچوونە میوانی . هەندێ دوکان دەکرایەوە . کوڕو کچی گەڕەك لە کۆڵانەکاندا یاریان دەکرد . لە یاری چاوشارکێدا ، کچانیش پێکدەکران.. کوڕو کچی دوانزدە — سێزدە ساڵانی زیت و زیندو و، دەرفەتیان دەهێناو بە جووتە دەچوونە پەناو پەسێوەکان و دەستبازیان دەکردو دەیان گەیاندە دەست لە ملانێ و ماچیش ! !

ئەو چایخانانەی لە شەوانی رەمەزاندا حیکایەتی تێدا دەخوێندرا ، مونجەی دەهات لە پیاوی بەساڵاچوو و لاو.. من .. هەر لە منداڵیەوە حەزم لە حیکایەت بوو . خاڵە ( صدیق )م کە لە ( کۆیە) چەرچی بوو ، ساڵی چەند مانگێ ، بۆ کڕین و فرۆشتن ، دەچووە ناوچەی ( خۆشناوەتی ) حیکایەتی زۆری دەزانی و بەتامیش دەیگێڕایەوە . هەڵبەست و فۆلکلۆرو قسەی نەستەقی زۆری لەبەر بوو. شیعری خۆشی هەبوو ( بەداخەوە ، وەك پێویست سوودم لە زانیاریەکانی وەرنەگرت ! ) کەلە ( کۆیە و هەرتەل ) دەهاتە لامان ، لای خۆی دایدەنام و کورتە

حەكايەتی بۆ دەكردم و مەسەلەی خۆشی بۆ دەگێڕامەوە تا خەوم لێدەكەوت . دایكیشم لەوەوە فێر بوو بوو ( تالێی نەقەوما بوو ) حەكایەتی بۆ دەكردین.. منیش هۆگری بووم .

زۆر شەو ، یاری منداڵانم بەر دەداو لە نزیك حەوزەكەی سابونكەران و بەرامبەر چایخانەكە دەوەستام و گوێم دەگرت . لە ناخدا حەزم دەكرد ، عەیب نەبوایا و پارەم هەبوایا و وەك ئەو پیاوانە لەسەر كورسی دانیشتبام و بەدەم چاو دیشلەمەو پاقلاوەو حلقوم خواردنەوە ، گوێم بگرتایا.. بەڵام بۆ هەتیوێكی وەك من خەونی نەهاتە دی بوو! !.. حەكایەت خوانی ئەو ساڵە مەلا سمایلی ئەرزو حاڵچی بوو ( بەرۆژ ، لەبەر دەركی سەرا ، عەریزەی بۆ خەڵكی دەنووسی ) پیاوێكی باریكەلەی لاوازی مام ناوەندی ، كڵاوجەمەدانی بەسەر بوو ، چاو زیتی عەرەق خۆری قسە خۆش بوو.. لە سوچێكی چایخانەكەدا ، مێزو كورسیەكی بەرزی بۆ دادەندرا ( بە هەڵە نەچووبم ، تایبەتی بۆ ئەوە كرابوو ) كتێبێكی گەورەی دادەنا . پاش سەرتای دەستپێكردن .. ( هەبوو نەبوو.. كەس لە خوا گەورەتر نەبوو ، كەس لە پێغەمبەر خۆشەویستر نەبوو ، كەس لە بەندی ، درۆزنتر نەبوو.. ( بە تەواوی لە بیرم نەماوە دەیووت ) وادی بە وادی . تەختی مرادی . خواردنی كاردی. نوستنی لبادی . سێبەری كەپەنكی . ئاوی دێمكی . نووستن بادۆستی . مەلای گەرمێنی . فەقێی كوێستانی... جووی بە .. دیانی . ئۆبالْ بەو مامۆستایەی ئەمەم لێزانی..

بە كورتی و پەلە ، رووداوی شەوی رابوردووی بە بیر دانیشتووان دەهێنایەوە . ئینجا دەستی پێدەكردەوە!.. بە چەندەها شێوە دەنگی خۆی دەگۆڕی . بە پێی پێویستی دەنگی بەرزو نزم دەكردەوە . خۆی توڕە دەكردو مستی لە مێزەكە دەدا.. زەردەخەنەی سەر لێو. پێكەنین، دەست و سەری دەجولاند..( بێ ئەوەی لە هیچ قوتابخانەیەكی شانۆیی خوێندبێتی ، هەر بە دانیشتنەوە ، جوانترین نواندنی دەكرد !). لە پڕ.. دەوەستا.. سەیری گوێگرە حەپەساوەكانی دەكردو كتێبەكەی دادەخست و دەیووت : ئێستا چایان دەخواردەوە

( یان هەر خواردن و خواردنەوەیەکی ئەو کاتە مەلا سمایل حەزی لێبکردایا ) پشووی دەداو دەستی پێدەکردەوە.
درەنگە شەو ، لە جێگایەکی گەلێ ئاڵۆزو دژوارا حەکایەتەکەی بۆ شەوی داهاتوو جێدەهێشت و گوێگرانی ناچار دەکرد کە سبەی شەو بۆ ئەنجامەکەی بگەڕێنەوە و چایخانەکە هەر لە فرۆخت دابێ!.. ئەوەی ، ئەو ساڵە ، من لە مەلا سمایلم بیست، حەکایەتی ( رۆستەمی زاڵ ) بوو. بەڵام لە چایخانەکانیتر حەکایەتی : ئەمیر ئەرسەلان. رۆستەم و زۆراب . مەم و زین . شیرین و فەرهاد .. دەخوێندرایەوە .
بێگومان ، کەلتوری خۆرهەڵاتیەکان ، زۆر لە یەکەوە نزیکن و رەنگە ئەم دانیشتنەی حەکایەتخوانە ، هەر هی کورد نەبێ ، بەڵام سیمایەکی کوردی هەر پێوەیە.. بۆیە لە سلێمانی . لە دانیشتنێکی خۆمانەی یانەی مامۆستایاندا ، ئەو دیمەنەم بە بیر هونەرمەندی ناسراو کاك ئەحمەد سالار هێنایەوەو پێشنیارم کرد ، کە لە بیرچوونەوەو فەرامۆشکردنی رزگاری کاو لە دەرهێنانێکی بەرهەمەکانیدا بەکاری بهێنێ ( لێرەشا.. بۆ هەموو هونەرمەندانی کورد دووپاتی دەکەمەوە ، کە ئەو جۆرە شتانە لە فەوتان رزگار بکەن و شانۆگەریەکانی پێ دەوڵەمەند بکەن ) .
ڕۆژانی چەژن ، وەك هەموو منداڵانی شارەکە ، جوانترین و تازەترین کەلوپەلم لەبەر دەکرد.. پاش دەست ماچکردنی گەورەکان ، چەژنانەم وەردەگرت و بەپەلە دەچوومە بەردەمی مزگەوتی گەورە یان گۆڕەپانی ( حاجیحان ) بۆ سواری ( چەرخو فەلەق ) و ( عارەبانە ) و ( لۆری ) و نەوسنی و چلێسی، بەڵام.. زوو زوو .. منداڵە دەستگێرەکان لەخەیاڵیان دەدام. بە تایبەتی، ئەوانەی بە گزیەوە بەرامبەر یارییەکان دەوەستان!!.. خۆشترین کاتم وەرگرتنی چەژنانە بوو ( کە خزم و دۆست ، لە بەینی خۆیاندا، بە منداڵانیان دەدا ).. سەیرە.. تامێکی زۆر خۆشی هەبوو . هەتا بوومە خاوەن ماڵیش و خۆم چەژنانەم بە منداڵانی خزم و کەسم دەدا ، حەزم دەکرد ، منیش چێژنانە لە گەورەیەکم وەرگرم!!

## هەنگاو

(١)

کە ڕۆژی ساردو سەرمای شەمەی ١٩٥٠/١٢/٢٣ بە دەفتەرو کتێبەوە گەیشتمە بەر دەرگای سەرا ، کۆمەڵە دارو بەردوو ئاسنێ ، لای دیواری سەراو یانەی ئەفسەران ( وابزانم ئێستا دادگایە ) سەرنجی ڕێبوارانی رادەکێشاو پرسیاریان دەکرد و بێکارەکان دەوەستان .

– بڕیاری لە سێدارەدانی ( تالە )ی برای ( خولە پیزە ) گەڕاوەتەوەو لەم ڕۆژانە هەڵی دەواسن !

– قەنارە بۆ ( تالە ) دروست دەکەن !

– بەلام بۆ وا بە ئاشکرا دەیکەن ؟

– چاوی خەلکی پێدەترسێنن ! !

– ئەفسەرە کوردەکانیشیان هەروا لە سێدارە دا؟ !

– ئەی وێنەکەی ( قازی محەمەد )ت نەدیووە ، فارسەکان چۆنیان هەڵواسیوە ؟ !

موچڕکێك هەژاندمی ، دەتووت باسی لە سێدارەدانی ( فەخری ) باوکم دەکەن ، پیلی سلێمانم گرت و چووینەوە مەکتەبی گۆیژە.. کە لە دەرسەکانی پاش نیوەڕۆ بووینەوە ، قەنارەکە لە تەواو بووندا بوو ، سەیرکەران پتر بوون ، فسکە و قسەش لەولاوە بووەستێ و هەریەکە لە ئاشێکی دەکرد :

– ( خولە ) سوێندی خواردووە کە ناهێڵێ تالەی برای هەڵواسن ، ئەمشەو بەندیخانە دەشکێنێ و ڕزگاری دەکا !

– کێ دەڵێ ئێستا لە شار نییەو خۆی ئامادە ناکا ؟

– خەلکی ( شاربازێر )م دیووە و دەڵێن : خولە، سوێندی بە قورئانە رەشەکەی مزگەوتی گەورە خواردووە.. ئەوەی بڕیاری لە سێدارەدانی برای دەرکردووەو ئەوەی جێبەجێشی دەکا ، بە ماڵ و منداڵەوە لە ناویان دەبا ! !

تاله.. ماوەیەك بوو ، دەستگیر کرا بوو.. بەتاوانی کوشتن و تالان و ریگری لە دادگا ، بریاری لە سیدارەدانی دەرچوو بوو.. بە گشتی خەلکی شار پییان خوش بوو ، بەلام گومانیان دەکرد لە سیدارە بدری.. پاش ماوەیەك ( عەبدوال ئیلاه )ی ( وەصی ) سەرشای عیراق ، بریارەکەی ئیمزاکردو ناردیەوە سلیمانی..میزیکی گەورەی چوار قاچی توندو تولی تەختەی نویی شانویی . لە مەتری بەرزتر دامەزرا بوو. دوو ستونی قیتی بەرزی شاقوولی ، لە سەرەوە بەیەکەوە بەسرابوونەوە. هەتا بەرەو مال گەرامەوە. هەر ئەوەندەم دیت.. شەو، جەنگلەم دەدا ، بەیانی زوو بەخەبەر بیم و بچمە سەیری..لەگەل مەلا بانگداندا راپەریم ، تویژ کەران زووتر هەلسا بوون ، نەیان هیشت بەو بوو لیلە بچمە دەرەوە .. ناچار پالکەوتمەوە.. بەلام لە روژان زووتر چوومە قوتابخانە.. بەر دەرگای سەرا جمەی دەهات .. ریی هاتووچوی عارەبانەو ئوتومبیل نەمابوو. هەموو چاوەکان لە جخزیکی دوور گیری خواردبوو .. سەیری سیدارەو لاشەی هەلواسراویان دەکرد. کە پولیسی چەکدار بازنەیەکیان بە دەورا گیرابوو.خەلکی پالە پەستویان بوو لە قەنارەکە نزیك ببنەوە .. ئەوەی لە بیرم مابی: پەتی، لە داری قەنارەکەوە شور بوو بووەو لە ملی ئالابوو. بەلام سەری بە کیسەیەك داپوشرابوو . ( وابزانم هەردووکیان سوور بوون ) لە یەکتریان دەپرسی: بو روویان داپوشیوە؟.. شارەزاکان وەلامیان دەدایەوە:کە خەلك لە سیدارە دەدری، هەردوو چاوی دەردەپەری!.. بویە ئەم کیسەیان لەسەر ناوە !..

لاشەکەی راست شور بوو بووە. چەندم چاوگیرا ، کورسی ژیر پیم نەدی ! !.. من.. لە ناخدا ، پیم ناخوش بوو ، هیچ کەسی ئەوەندە بینرخ تەماشا بکری و بکریتە گالتە جاری سەیرکەران.. هەندیکیتر پییان ناخوش بوو، چونکە پولیسی دەکوشت . ( ئەوسا پولیس و جاسووس لای زور کەس خوشەویست نەبوون ، چونکە بە گشتی دار دەستی حکومەت بوون ! ).. زوو .. دەستی برام گرت و چووینەوە قوتابخانە.. بەلام لە گەرانەوەدا، نەچوومەوە بەردەرگای سەرا.. بەناو

بازارا بۆ ( ئەسحابە سپی ) و گەڕەکی ( قەزازان ) تا گەڕامەوە ماڵ.. هەر لەو ساتەوە لاشەکەم دی ، تووشی جۆرە ترس و سڵەمینەوە.. یەکبووم . ئارەزووی نانخواردنم کەم بۆوە.. شەو .. لەباتی دەورکردنەوەی وانەکان ، ناوی تالەو برایم بە خەتاتی دەنووسی.. حەزم دەکرد بەووردی باسی رووداوە کە بکەم.. وازم لە خەتنووسی هێناو وەك ( ئینشای مەکتەب ) لە چەند دێرێکدا باسەکەم داڕشت ، چەند جارێ خوێندمەوە ، زۆرم شایی بە خۆم هات کە توانیوومە ئاوای بنووسم.. بۆ سبەینێش بردمە لای جەبارو سەلاحی برادەرم و ئەوانیش رایان لێبوو..

چەند شەوێ ، تا خەو بەلایدا دەبردم ، لاشەو سێدارەم لەبەرچاو بوو.. خەوی ترسناك و ( حەلەق و بەلەق )م دەدی!.. ترس.. مۆتەکەیەك بوو ، سەروچاو و دڵمی گرتبوو . لەخەو رایدە پەڕاندم . ترسم لە سێدارەدانی نەبوو . رقیشم لێبوو (چونکە پاش چەند ساڵ رەشپۆشی سەیرانی ئەزمەر و سەرسیری لێتێکدا بووین ) بەڵام جۆری هەڵواسینو سزاکە دەیهەژاندم. ساڵی تێوەر نەسووڕایەوە، شانۆگەریەکە بە جۆرێکیتر دووبارە بۆوە !

چەند رۆژێ بوو ، لەشارا قاو بوو کە حکومەت پۆلیسی سوارەی ناردووە خولە پیزە بگرن . بەڵام خەڵکەکە لەو بڕوایە نەبوون حکومەت دەستی بگاتێ.. شەوێ خاڵم گەڕایەوە، باسی کوشتنی خولەی پێبوو.. هەتا ئەویش لەخەبەرەکە دڵنیا نەبوو!.. بۆ سبەینێ ، کۆڵانەمان شەقڒا.. بەدەم خەبەری فرێدانی لاشەی خولە، گەورە و بچوك و نێرو مێ ، بەرەو بەردەرگای سەرا رێیان کردو منیش دوایان کەوتم!.. دیسان بەردەرگای سەرا ، شێوا بوو.. پاڵە پەستۆی خەڵکی زریکەی لە منداڵ هەڵدەستاند و ئافرەتی تورە دەکرد!.. هەرا بوو ، پۆلیسیش دەرەقەت نەدەهات.. هەر چۆنێ بوو لە لاشەی خولە نزیك بوومەوە، پێش ئەوەی بە تەواوی بیبینم ، شەپۆلێ دووری خستمەوەو نەگەیشتمەوە شوێنی خۆم.. کۆتایی بە ئەفسانەی خولە پیزە هات و سلکردنەوەو جۆرە ترسێکی لە دڵ و دەروونی مندا تۆو کرد.. هەر

چەندە نووسینەکەی تالەم چەند جارێکیتریش پاکنووس کردووەوە، ئەنجامەکەی دڕان بوو!.. بەڵام شان بە شانی خەتاتی ، هەستی نووسینم بزوا و یەکتریان تەواودەکرد .

(٢)

دیسان.. بارو بارگەمان تێکنایەوەو گواستمانەوە گەڕەکی مەلکەندی.. خانوەکە کۆن بوو، نەوژەن کرابۆوە . کەوتبووە بەینی ماڵی قونسوولی ئێران و مزگەوتەکە. دەرگای حەوشە لەسەر ڕاڕەوێکی تەسك دەکرایەوە تا حەوشە . دارتووێکی بەرز ( لق و پۆپەکانی ) باڵیان بەسەر حەوشەکەدا کێشابوو . لادیوارێ ، کۆسپەی دانیشتنی ئێوارنی هاوینی بۆ کرابوو. ئەوسا ( موبەریدە ) نەبوو . پانکە زۆر کەم بوو. ئێمەش نەمان بوو. بەفر ، لە چاڵەکانی گۆیژەوە دەهات . لە بازار دادەندرا ، دەستدار دەیکڕی و بێدەست تەماشای دەکرد! ! ئێمە دووجار بەفرمان دەکڕێ، نیوەڕۆ و ئێوارە.. بەڵام زووربە بۆ ئێواران دەیانکڕی.. ئاوی کوپەو شەربە باو بوو! .. پێش ئێوارە جێگای سەربان ڕادخراو شەربەی پڕ ئاو دەبرایە سەرەوە تا بۆ شەو فێنك بێ.. لە خواریشەوە کوپە ساردکەرەوەیەکی باش بوو.

خانووە دوو نهۆمە بە بەرد دروستکراوەکە ، لە خوارەوە دیوەخان و جێگای چێشت لێنان و پێویستیەکانی تری خەڵك و ژووری دار . پێپلکەی بەرد ، دەچووە سەرەوە، کە بریتی بوو لە سێ ژوورو هەیوان و بەر هەیوانێ کە زووربەی پەنجەرەکانی لەسەر بوو.. بەڵام من، دڵم هەر بە سابوونکەران دەکرایەوە (پێڵاوی غەریبیم لەوێ داکەندبوو) بە هەر بیانوێك بووایا، ڕۆژی جارێ ، سەرم لێدەداو لەگەڵ برادەرەکانم یاریمان دەکرد!

مزگەوتی مەلکەندی ، حەوزێکی لاکێشەیی قوڵی گەورەی تێدا بوو ( وابزانم ئاوەکەی کاریز بوو ) بە بەردە نوێژ دەورە درابوو . حەوزەکە

ماسی وردو تۆزێ هەراشی تێدابوو . ئەوانەی تووشی (زەرتك) بوون ، دەهاتنە سەر حەوزەکەو ماوەیەکی باش بەرامبەر ماسیەکان هەڵدەتورکان یان لەسەر بەردە نوێژەکان دادەنیشتن و چاویان لە حەوزو ئاوو ماسی نەدەتروکاند.. ئەوسا بڕوایان وابوو ، ماسیەکان زەرتك دەپەڕێنن!.. منیش ، جاروبار لاسایی ئەوانم دەکردەوەو خەیاڵاوی لە ماسیەکان رادەمام . جۆرە ئارامیەکی بە گیانم دەداو رەنگ و بزوانی ماسیەکان هەستی دەجولاندم .

هەر چەندە دروستیم بەرەو باشی دەچوو لە جاران چالاکتر دەجووڵام ، بەڵام زەردو لاوازیم پێوە ما بوو . پۆلی چوارەمم نەبڕی بوو، مامۆستای دیدەوانی کەوتە مەشق کردنم بۆ یاریەکانی نمایشی ساڵانەی قوتابخانەکان.. هەموو یاریەکانی پێتاقی کردمەوەو لە ماڵیشەوە فێری کتێب خوێندنەوە بووم.. جار و باریش بە دەم خەت نووسینەوە ، هەندێ وڕێنەم دەنووسی. بەڵام رووم نەدەهات نیشانی هاوڕێیەکانیشی بدەم ، پاش چەند رۆژێ دەمدڕاند ! !.. ئەو یارییانەی، مامۆستای وەرزش رای لێبوو ، منی بۆ پەروەردە دەکرد: راکردنە کورتەکان . بازدان . خۆهەڵدان . بالە بوون . پێش سەری ساڵ ناچاری کردم لەگەڵ تیپی تۆپی پێی قوتابخانەکەمان بەرامبەر تیپی قوتابخانەی ( فەیسەلییە )ی دراوسێمان یاری بکەم.. من زۆر لەو یارییە دەترسام ( ئێستاش هەر دەترسم ) چونکە توندو تیژی زۆری پێوەیە.. خواو راستان ، یەك شەقیان لە ئەژنۆم هەڵدا ( ئاگر لە چاوم هەڵسا ) تا دوو هەفتەش هەر دەشەلیم. مامۆستاش وازی لێهێنام!.. خۆم ، حەزم لە : یەکباز . بەرید . راکردنی سەد مەتری . بازی بەرز بوو.. لەوانیتر سەرکەوتوو نەبووم .

ساڵانە.. دوای نەورۆز . نمایشی قوتابخانەکان دەستی پێدەکرد . دیدەوان و یاریکەران بە بەرگی تایبەتیەوە لە پێشەوە ریز دەبوون . قوتابیەکانیتر لە دواوەیان دەڕۆیشتن.. ئاڵای دیدەوانیم لە پێشەوە هەڵدەگرت ، لە قوتابخانەی گوێژەوە تا تەیارەخانەکە ( گەڕەکی عەقاری ) بە پێو لەسەر نەزمی تەپڵ و مۆسیقای دیدەوانەکان ڕێمان

دەکرد . خەڵکی شارو کەسوکاری خوێندکاران دەهاتنە سەیر کردن . لەو شوێنەی بۆمان داندرابوو دادەنیشتین.. نمایش تا نزیك ئێوارەی دەخایاند.. ئەو ماوەی لە سلێمانی بووم، دوو ساڵ بەشداریم کرد، تەنیا یەك جار ( کاسی ) یەکەمی سەد مەتریم و جارێکیش ( مەدالیا )ی سێیەمی یەکبازیم وەرگرت.. لەوانیتر نەدەخوێندرامەوە! !..(ماوەیەکی زۆر کاس و مەدالیاکەم لە ژووری خۆم دانا بوو! !) .

سەری ساڵ ، بە ئیکمالی چوارم بڕی. بە دزیشەوە کتێبی ئەدەبیم دەخوێندەوە ، کە لەماڵەوە پێیان دەگرتم . لە ترسی سزا ، دەمووت ( مامۆستای کوردی داوای لێکردووین ، هەر یەکەمان کتێبێ ، گۆڤارێ بخوێنینەوەو چی تێگەیشتین بۆیان کورت کەینەوە! !) حەزم لە کتێبەکانی قوتابخانە نەبوو.. بە زۆری جەبارو سەلاح نەبوایا دەستم بۆ نەدەبردن!.. بەڵام لە پۆلی پێنجەمەوە ، گۆڕانێکی سەیرم بەسەراهات ، تا خەو بەلایا دەبردم کتێبی قوتابخانەم بە دەستەوە بوو . خوێندن بووە خولیای شەوو ڕۆژم! .

(٣)

نیوەڕۆ.. بەسەر مرومۆنی ژنانی ماڵا هاتمەوەو ئافرەتێکی قەیرەشیان لە لابوو . لە ماڵە پرسە دەچوو!.. سەیری نەنکم کرد ، ئەویش لە برسیەتیم وە ئاگا بوو ، مۆڕەی لێکردم. بە دزیەوە چەند پارویێکم گلاند.. ترس لە ڕوویاندا دەخوێندرایەوە.. منیش بە ڕووی پرسیارەکانمدا دەچوومەوە. هیچ وەڵامێکم دەستگیر نەدەبوو.. خاڵە عومەرم و عەلە شەل خۆیان بە ماڵاکردەوە ، ئافرەتەکە شاڵاوی بۆ بردو چەند چرپەیەکی لەگەڵدا کردو ماڵئاوایی کرد.. خاڵم شڵەژا ، بەڵام زەردەخەنەی سەرلێوانی نەسڕییەوە.. منی برسی دەنگداو بۆی درکاندم: هەندێ شتم لەو ماڵەیە و دەبێ بچین دەربازی کەین.. لەچاوی خاڵت کەوێ خۆت گورج کەو دوامکەوە.. من ئەوەندەم دەزانی کە ئەو

شتە هی خۆی نییەو پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە ، دوای کەوتم.. کە خۆمان بە ماڵەکەدا کرد . ژنە زەرد هەڵگەڕاوەکە هەر پەك و پۆکی بوو، دەستی بەیەکدادەداو بێهودە دەهات و دەچوو!.. خاڵم بەپەلە ، لە پشت ( باغلەمە ) نوێنەکان ، سندوقێکی تەنەکەی گەورەی قوفڵ دراوی داگرت وتی : مەمۆی خاڵی .. قورسە.. بە زیری هەڵیگرە.. لە دەستت نەکەویّ! منی ماندوو و برسی ، بەنابەدڵیەوە دەستم دایێ ، لەوە قورستر بوو ، پێم بەرز بکرێتەوە.. دەبابە خۆی تورە کردو پەلاماریداو لەسەر شانی دانام و دوای کەوتم.. لەبەر قورسی ، هەموو ساتێ دامدەنا، جێگۆڕکێم پێدەکرد . ناو لەپم سوور هەڵدەگەڕا.. ئارەقەم دەکرد.. ئازاری شانم ، سەرم ، دەستم ئۆقرەی لەبەر هەڵگرتبووم!.. خاڵم.. ماوەیێ لە پێشمەوە دەڕۆی و زوو زوو ئاوڕی دەدایەوە.. کە ( باوڵ )ەکەم دادەنا، خێسەی لێدەکردم و لە ترسانا هەڵمدەگرتەوە!.. لە ناخدا حەزم دەکرد بزانم ، ئەم بارە قورسەی من چییە؟.. چیتێدایە؟.. ئاسنە.. پۆڵایە.. بەردە.. خوردەی پارەیە؟!.. بۆ واگرانە؟.. لە دڵی خۆشمدا وەلامم دەدایەوە ( لە شتە نهێنیەکانی حیزبە!).. کۆڵانەی ئەو ناوە نەما گێرەی نەکەم. کام لاکۆڵان و قوڕو چڵپاو بوو بەوێیدا دەبردم و لە راستە شەقام و جادە قەڵەباڵغەکان لای دەدام. ( بڕوام نەدەکرد خاڵم ئەوەندە شارەزای کون و کەلەبەری شارەکە بێ! )

کۆڵانە پێچاو پێچەکانی گەڕەکی قەزازان لووشی دام .. ئەم کۆڵانەی ، رۆژان ، بە فڕکانێ دەمبڕی ، هەر تەواو نەدەبوو!.. لەگەڵ ئازارو ماندوو بوونم دەکشا.. جار جارەش، کە کەس دیار نەبوایا خاڵم هەنگاوەکانی خاو دەکردەوەو لێم نزیك دەبوومەوە ، بە دەم زەردەخەنەی خۆشەویستیەوە ئاوڕی دەدایەوە و دەیووت: کەسی خاریێ.. زۆرمان نەمایە!

لە گەڕەکی گاورانیشدا ، چەندکۆڵانەیەکمان کوتایەوە ، خۆمان بە خانووێکی کۆندا کرد ، باوڵم لە حەوشە داناو بەڕێی کردم .. خۆم گەیاندە مزگەوتێکی نزیك و لە سەر حەوزو بەردە نوێژەکان دەموچاوم

شووشت .. پشوومدا. ئارەقەم وشك بۆوە .. سكی برسی ، قۆڕەی دەهات .. ماندوو .. ماڵ دوور .. كوڕێكی سێزدە ساڵەی لاواز ، وەك كۆتری باڵ شكاو ، ڕێم كرد .. خولیای ناو جانتاكەش دەیهەژاندم.. لەوە ناخۆشتر نییە كارێ بكەی، نەزانی بۆ؟!.. بارێ هەلگری نەزانی چیتێدایە؟!.. چۆنە؟!..

پاش خواردن و پشوو .. خاڵم گەڕایەوە .. بە ڕوومەوە پێكەنی و دەستی بەسەرما هێناو بە شانازییەوە وتی ( كوردایەتی بە ئاوی زێڕ بۆت دەنووسێ! ).. گەورەو گچكەی خێزانەكەمان ، چەندەها جار ئەو ڕستەمان ( بە چەند شێوەیەك ) لە گەورە لێپرسراوانی ئەو سەردەمەی پارتی بیستووە..

– خاڵە.. بۆ وا قورس بوو؟
– ئاسن قورس نییە؟!
– جا.. مەترسی چی لەسەر بوو؟

چاوەڕوانی ئەم پرسیارە نەبوو .. وەڵامی نەدامەوە . پێش ئەوەی ژوورەكە جێبهێڵم ، گەڕاندمیەوە ، لەسەر قەڵەوێرەكەی دانیشتم و وانەی یەكەمی دادام :

– مرۆ.. چەند نهێنی بپارێزێ ، ئەوەندە مەزنتر دەبێ و لە مەترسی دوور تر دەكەوێتەوە .. دەم پەل بە هیچ ناگا.. نهێنی كارت ، دڵت.. لای دایكیشت نەدركێنی باشترە..
– باوكی ڕەحمەتیشم هەر وای فێركردووین!
– ئەوەی دەربازمان كرد تایبی پارتی بوو . هەڵمانوەشاندبوو ، تا جێنەگرێ .. نەم ویست پێت بڵێم ، نەوەك بترسی و بشڵەژێی و لە ڕووتدا دیاربێ .. دەمزانی بارەكە قورسە.. بەڵام بەو پەلەپەلەییە كەسی وانەبوو .. خۆم هەڵمگرتایا ، خەڵكی گومانیان لێدەكرد .. هەر بۆیەش پێشت كەوتبووم!

وەكو زانیم .. تایپی دایەرەی مەعاریفی سلێمانی بوو . ماوەیەك لەمەوبەر دزرا بوو .. جا .. ئەمان كڕیبوویانەوە .. یان وەكو هەندێ دەیانووت : لەگەڵ پاسەوانەكان ڕێكەوتوون و دز و مارخۆ یەكبوون و

دەستیان بەسەرا گرتووە .. برابووە ئەو ماڵە تا دەستبەکار دەبن.. پیاوە دەم پەلەکە، لای دایك و خێزانی نهێنی باوڵەکەی درکاندبوو ، بۆ ئەوەی لە مەترسی دەربازیکەن .. ئەو رۆژە .. ژن و مێرد .. لەسەر پارە لێیان دەبێتە دەمەقاڵێ و کورە چینێ لە خێزانەکەی دەداو ئەویش بە دەم گریانەوە دەست دەداتە عەباو سوێند دەخوا کە لە پۆلیسخانە شکاتی لێبکا .. پیاوە جانتاکەی بە بیر دەکەوێتەوە.. پەشیمان دەبێتەوەو هەوڵی ئاشت بوونەوەی دەدا .. بە دزیشەوە دایکی دەنێرێ کە تایبەکە دەربازکەن ، وەختێ دایکە گەڕابۆوە ، کوڕو بووك لەوێ نەمابوون !

(٤)

سلێمانی لەو شارە زیندووانەی کوردستانە ، کە لە هەموو چالاکی نیشتمانی و سیاسیەکانی عێراقدا بەشداربووە!.. مەڵبەندی بە تێنی حیزبایەتی بووە .. کوردایەتی لە دڵ و دەروونی خەڵکی تۆوی کردوەو خونچەی خەباتگێری تێدا پشکوتووە . هەتا شۆڕشی عەرەبی میسر بێ جموجوڵیان تێنەپەڕیوە!! سەرکردەکانیان کرابوونە وانەی پەروەردەکردنی جەماوەرو خۆیان لە جخزی ئەو شۆڕشە سەربازییەدا دەدیتەوە .. شیوعیەکان ، چەندەها چالاکیان نواندو دروشمیان لە دیوار نووسی . هەتا پارتیش ، بەیان و بانگەوازی پشتگیریان بڵاوکردەوە . جموجوڵ گەیشتە رادەیێ ، جاسوسیش مەراییان بۆ سیاسیە دیارەکان دەکرد!!.. گڕو جۆشی جەماوەر لە راپەڕینی ١٩٥٢ دا لە مێژووی سیاسی عێراقدا دەدرەوشێتەوە! هەتا منی هەرزەکاریش فێری دەمامککردن و بروخێ و بژی بووم. بەلام بە ترسەوە رەفتارم دەکردو زوو خۆم دەشاردەوە ، نەوەك دەستگیر بم و دڵی پڕ زامی دایکم بە سووێ بێنمەوە.. لە راستیدا ، ساتەکانی جۆشدان و راپەڕین جۆرە ( زکر )ێکی دروێشانەیە بۆ هەژانی ویژدانی مرۆڤ، .. ئای لەو

ساتە خۆشانەی کە ڕوو بە ڕووی زوڵم دەبیەوە.. هەست بە بوونی خۆت دەکەی و مەزنی شەهیدانت دێتە بەرچاو.

هەر بە ڕستەی دروشمەکانی سەر دیوار دەزاندرا چ هێزێ نووسیویەتی ، چونکە ڕەنگدانەوەی بیری ڕێکخراوەکە بوو ، دروشمەکانی شیوعی : عێراقیەتی و چینایەتی پێوە دیار بوو ، بەسەر سەرکردایەتی سۆڤیەتی (ئەوسای) هەڵدەدا . هی پارتی لە : برایەتی کوردو عەرەب . کوردایەتی . ئازادی بارزانیان .. خۆی دەنواند .. مێژووی ١٩٥٢ بۆ بزوتنەوەی نیشتمانی ساڵێکی بە پیت بوو ، چالاکیەکی فرەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو .. پۆلیس و حەسحەس و جاسووسەکان ئەوەندە لە دروشم کوژاندنەوە وەڕس بوو بوون ، تا چەند ڕۆژێ بە دیوارەکانەوە دەمایەوە یان خێرا و کاڵ دەیانکوژاندەوە کە بە سانایی دەخوێندرایەوە . هەموو شتێ لەم شارە ، حەقی خۆی دەدرایێ .. لە چالاکی نیشتمانیدا ، پێشڕەو بوون . لە کەیف و سەفا و ڕابواردن و سەیران و گەڕاندا ، ڕابەر بوون . لە شین و شەپۆرو ناخۆشیدا وە دیار بوون . گۆڕستانی شەهیدان نمونە بوو.. ئەوساش ، داگیرکەرانی کوردستان حسێبێکی تایبەتیان بۆ شارەکە دەکرد! و مەراییان بۆ دەکردن و نەیان دەویست بخرۆشێن !

بە پێی ئەو وێنانەی دیومن ( ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ) جارێ ، شاعیری شۆرشگێڕ ( بێکەس ) م بە زیندویی دیووە ( لە دەورەیەکی هاوینەدا ، کە بۆ قوتابیە دواکەوتوو ، تەمەڵەکان دەکرایەوە ، دەرسی پێ وتومەتەوە ) بەڵام پیرەمێردم زۆرجار دەدی، لاپەڕە ئەدەبیەکانی ڕۆژنامەی ( ژین )م دەخوێندەوەو ئەوەی تێیدەگەیشتم ، چێژێکی تایبەتیم لێوەردەگرت.. هەندێ جار بە ئیشی نهێنی خاڵە بچوکم دەچوومە خزمەت کاك نوری ئەحمەد تەهای تێکۆشەر، لەوێ، چەند جارێ چاوم بە ( ئەخۆل ) ی شاعیرو ( کامەران )ی وتەبێژ و تازە شاعیری برای دەکەوت . هەرچەندە هەڵبەستی (بەهار نامەوێ جوانیت ببینم..)م نەك هەر لەبەرم بوو ، زۆرم حەز لێدەکردو لەبەر خۆمەوە دەموتەوە ، ڕەشبینیەکەی پتر دەیبزواندم، بەڵام مامۆستا ( قانع )م

ئەدیبوو ( دوای شۆڕشی ١٩٥٨ ی عیراق لە ماڵی مستەفا کرێکار ، لە کەرکوك بە خزمەتی گەیشتم ).. زووربەی بەرهەمی شاعیرانمانان ( هەتا ویژدانی و ڕۆمانسیەکانیشیان ) سیمایەکی پێشکەوتوو خوازی کۆمەڵایەتی . نەتەوایەتی . چینایەتی .. پێوە دیار بوو . پەنجەیان بۆ دەردوو دووە کۆمەڵایەتیەکان درێژ دەکرد.

جاروبار ، کاك محەرەم محەمەد ئەمینی چیرۆکنووسم لەگەڵ هەندێ ئەدیب و رووناکبیر ، لەبەردەمی کتێبخانەی ( گەلاوێژ )ی رەئووف مەعرووف دا دەدی ( کە کەوتبووە تەنیشت دایەرەی بەریدەوە ) و یەکجاریش نامەیەکی عومەرم بۆ بردبوو!.. بەڵام حەمە ساڵح دیلان و قادری برای ، زۆرجار لە دانیشتنە تایبەتیەکانی ( خاڵم ) دەمدیتن.. جارو باریش رەشۆڵ ( کە دەورێکی باڵای هەبوو لە راپەڕینی بەر دەرگای سەرای سلێمانی ساڵی ١٩٣٠ و تا ئێستاش حەقی خوراوە ) ( کەریم کابان ) و ( قادری حاجی حوسێن ) بە دەنگە خۆشەکانیان هەستیان دەوروژاندم . خۆ گۆرانیە تازەکانی ( شەماڵ سایب ) بە دەم هەموو هەرزەکارێکی شارەکەوە بوو.. ئەم شارە پڕ بەهرەیە، بۆ منی کۆیی ، قوتابخانەیەکی پڕ شکۆ بوو! جەمال بەختیاری تابلۆکێش ( کە دوکانەکەی لە نزیك مزگەوتی گەورە بوو) و سەی موحسینی خەتنووس، سەرنجیان راکێشا بووم . بەرامبەر کارەکانیان دۆش دادەمام . من .. لە دەوری دروست بوون و دامەزران بووم ، هەموو شتێ سەرنجی رادەکێشام و خشتێکی دەخستە سەر بادلۆی دوا رۆژم. قین و خۆشەویستی دەیهەژاندم . دەیبزواندم . لە ئەدەب . سیاسەت . وەرزش . خوێندن.. بە هەڵپە بووم . هەمویان لای منی قوتابی تەمەن پانزدە ساڵە شان بە شانی یەکتری دەرۆیشتن و راستە رێی مرۆڤیاتی منیان دەکوتایەوە !

دایکیشم ، جاروبار خاتوزینی بە بیر دەهێنامەوە . حەزی دەکرد ئاواتی باوکم بێتە دی و مەم و زین بەیەك بگەن .. بە نووسینە ( کاڵ و کرچەکانم ) بەختیار دەبووم. پاش چەندەها دەستکاری و گۆڕین و پاکنووس ( بە دزیەوە نیشانی هاوڕێیانم دەدا ) دەمدڕاندن! ! پارتی

بووم و چالاکیم دەنواند و تەتەریم دەکردو لە قوتابخانەو کۆلانەکانیشدا تووشی دەمەقالێ دەبووم ، بێ ئەوەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی حیزبم دیبێ ! !.. پێناسەیەکی تەواوی کوردایەتیم لابێ ! !..

لە راستیدا .. باوکم و خاڵی بچوکم دەوریان لە بیرکردنەوەی مندا هەبوو . بە ماڵ و منداڵ و خێزانەوە دوای رێچکەی کوردایەتی کەوتبووین. وشەی : مەلیك مەحمود . قازی محەمەد . ئیحسان نووری پاشا ( کە لە ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی مێژوونووسی بلیمەت مەلا جەمیل رۆژبەیانی لە تاران بە خزمەتی خۆی ماڵ و منداڵی گەیشتم ) شێخ ئەحمەدی بارزانی ( کە بۆ یەکەم جار لە هاوینی ١٩٥٨ لە ماڵی خاڵە تایەرم لە کەرکوك خزمەتم کرد ) مەلا مستەفای بارزانی ( کە جاری یەکەم وەك نوێنەرانی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ چووینە خزمەتی لە بەغدا ).. چەندەها خەباتگێڕی کە دەیهەژاندم!.. تا گەورە تر دەبووم ، بەرچاوم رووناکتر دەبۆوە ، پتر قینم لە داگیرکەر هەڵدەستا.. کاربەدەستە زلەکانی بەغدام ( بە کوردەکانیشەوە) بە دوژمنی بابە کوشتەی خۆم دەزانی . چەندەها شەو ، خەیاڵی هەرزەکارانە ، شاو دەستوپەیوەندەکانیم تەفروتونا دەکردو لەسەر کەلاوەیاندا دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردستانیم دادەمەزراند ( وا منیش پیر بووم و ریشم بووە گۆرەوی . خەون و خەیاڵم هەر نەهاتە دی ! ! ) .

وەك لاوێکی تازە هەڵچوو ، لە لارو لەنجەی هەموو کیژێ رادەچڵەکیم و لە بەژن و باڵایان رادەمام . بە زەردەخەنەیان زوو هەڵدەخەڵەتام . لە نازو فیزیان دادەمام .. خەونی خۆشم پێوە دەدیتن.. کە روویان لێوەردەگێڕام ، خەیاڵ بەلایەکی تریدا دەبردم .. دەفڕیم و بە گوڵێکی ترەوە دەنیشتمەوە .. بەڵام لەو تەمەنەدا، نەك هەر دڵدارم نەبوو، لێوم بە لێوی هیچ کچێ نەکەوتبوو.. لەنامە ناردنیشدا ترسنۆك بووم . هەر خەیاڵ لە باوەشی دەکردم .. جار جارەش، قسەکانی دایکم دەیبردمە باوەشی بە سۆزی ( خاتو زین )ی ئامۆزام و تەواوکردنی عەشقی پیرۆزی مەم و زین .

له گۆڕانه هەر گرینگەکانی ژیانم ، توانای فێر بوونم پتر بوو . لەگەڵ چەبارو سەلاح و عەلی.. لەسەر خوێندن و دەورکردنەوه بەردەوام بووم . هەستم دەکرد توێژی دەبەنگی و تەمەڵیم توڕداوه . لەوانەی ( حیساب ) دا زۆر بەرەو پێش دەچووم و کەوتمە ریزی زیرەکەکانی پۆلی شەش!.. بە هرەی نواندن و ئەکتەریم لەخۆما نەدەدی و بەلایدا نەدەچووم . بەلام له پۆلی پێنجدا دوو دەورم دی .. بە بۆنەی نەورۆزەوه ، هەرزەکارەکانی گەڕەك شانۆگەری کاوەو زوحاکیان پێشکەش کردو من دەوری وەزیرم درابوویێ. لەسەرتای زستانیشدا ، مامۆستای وێنه کردمیه ئەکتەرێ له شانۆگەریەکی یەك پەردەییداو دەوری ( کوڕ )م دی.. ماوەیەك پرۆڤەمان تێداکرد. هەر له راڕەوی قوتابخانەی گوێژە. شانۆیەکمان به مێزەکانی ئیدارە دروستکردو چەند پەردەیەکمان لێکدا ، پاش نێوەڕۆیەك پێشکەشی مامۆستایان و قوتابیان و هەندێ مامۆستای میوان و کەوسوکاری خوێندکارنمان کرد. قسەکانم کورت و کەم بوون.. له دواییدا ، باوکه دەکوژرێ ، شین و شوپۆر دەست پێدەکا.. من زۆر بە کوڵ دەگریام . هەموو بینەران لایان وابوو که بەراستی دەگریم!.. که گوێم له ( ماشمه فەندی )بوو ، مردنی باوکمی بۆ مامۆستایەکان دەگێڕایەوه ، بەسۆز گریام.. بەراستی گریام..

لەو چالاکیانەی که له دووساڵی دوایی سەرەتایم دا کردومەو بیرم ناچێ ، بوومه دەستەی نووسەرانی ( بلاوکراوەی دیوار )ی قوتابخانه . له پۆلی پێنجدا هی وانەی کوردی . هەندێ باس و سەردێرەکانیشم نووسی و له دیوانی حاجی قادری کۆیی کورتەیەکم له ژیانی وەرگرت و هەلبەستی ( ئێمەش دەمرین و دەبینه خاکی سەرە رێ..) لەلای چەپی بلاوکراوەکه نووسرایەوه .. ئەم هەلبژاردنه، به دوو شێوه ناخی دەروونی منی دەردەبڕی : کۆیاتی و خۆیاتی. فەلسەفەی مردن و ژین!.. له پێش نیوەی ساڵی پۆلی شەشیش ، بۆ وانەی مێژوو. هەر لەسەر داوای مامۆستا ، مێژوویەکی کورتی شاری کۆیەم له خاڵوانم وەرگرت و لەگەڵ وێنەیەکی فۆتۆگرافی شارەکه بلاوم کردەوه.. زۆرم

دڵ بەو دوو چالاکیە خۆشبوو.. ڕۆژ نەبوو ، جارو دووجار ، نوسینەکەم نەخوێنمەوە ، بە شانازیەوە سەیری ئەو خوێندکارانەم نەکردبێ کە سەرنجیان لە بەرهەمەکەم دەدا ! ! .. بەبۆنەی ( کۆییاتی و خۆییاتیەوە ) دڵداریەکم بە بیرهاتەوە.

(٥)

ئافرەتی شاری ، بە پێچەوانەی لادێیی ، نەك هەر لە چوونە دەرەوەدا عەبا و پەچەیان دەگرتەوە ، لە ناو ماڵیشدا ڕوویان نیشانی پیاوی (غەیرە ) نەدەدا. هەتا ژنە دیانەکانیش عەبایان لە خۆیان لوول دەدا.. ڕووی واڵا ، لە ناو قوتابیە کچە موسلماندا دەگمەن بوو. هەڵبەستی ( جادە چۆل وسێبەر...) هکەی مامۆستا گۆران ، لە نموونە باشەکانی ژیانی ئافرەتی کوردی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمە ! ! .. کچی تازە هەڵچوو ، ترس بە سەر ناز و فیزیدا زاڵ بوو.. لە سنوور و چوارچێوەیەکی نهێنیدا دڵدارییان دەکرد .. بەڵام عەشق لە گیانی پڕ هیوای مرۆڤ، نابرێ.. لە پێناو خۆشەویستیدا ، دەردەسەری دەکێشرا.. لە سەربان ، هێمای دەست ولێوو خەندە. لە کۆلانی چۆلد ا، نامە وبۆن ووێنە. لە ئێوارانی کۆڵانەی چۆڵ وپەناو بەسێوی کەلاواندا ، دەستگوشین و جار بە جاریش ماچ .. بۆ دڵدارانی خزم و ناسیار و خەلکی گەڕەك ، ساتە دەست لە ملانیش دەڕەخسا.. بەڵام ژووان زەحمەت بوو. لە دەرفەتی لۆچی سینەمادا ، لە ناو ئۆتۆمبیلی دەولەمەندا ، دەستبازی دەبوو .. هەر ئەمانەش وای دەکرد ، سەرکێشەکان دەستی یەك بگرن وسەری شەیداییان هەلگرن چی دەبێ با ببێ !!.. دڵداری ئەوسای شار ، کارێکی سەخت و دژوار بوو . چەندەها شەڕ وفیتنەی لێپەیدا دەبوو . هەرای جەرگبڕ ڕوویدەدا.. تا کوشتنی کوڕەو کچەش دەچوو.. مێژووی شارەکەمان ، نموونەی وایان زۆرە ! !

له سالآنی ژیانی سلێمانیمدا ، کوڕێکی قۆزی کۆیی و کچێکی نازداری سلێمانی ، حەز له یەك دەکەن ( هەر دوو لاشیان دۆست وناسیاری ئێمه بوون ) گڕیْ عەشقیان گڵپه دەسێنیْ ، به ڕێکەوت ، له چۆڵاییکدا به یەك دەگەن وسواری ئۆتۆمبیلی دەکا و بەرەو سەرچنار ملدەنێن .. له ژێر پەچەو عەباوە، ناز و رازیان دەکەن و له دونیای خۆشەویستی دا دەژین.. (بەکر مەرگەوەڕ)یْ ، نهێنی دەدرکێنی و له مالّی کچه دەبێته ئاژاوەودوایان دەکەون ، که کوڕه کۆیی هەست دەکا، له پەنایەکدا کچه دادەگریْ .. بەلآم له ناو خەلکدا دەتەقێتەوە و دەگاته دادگا.. کوڕه راستی عەشق و خۆشەویستی خۆی دەدرکێنیْ و ئامادەش دەبیْ بیهێنیْ .. مالّی کچه به لەنگی دەزانن ، نەك هەر رازی نابن بیدەنیْ. پەیوەندیەکەش ڕەتدەکەنەوەو تۆمەتی بوختانیش دەدەنه پالْ کوڕه!.. ئیتر بەند وبالۆره له شاردا سەری هەلّدا و بووه گولی مەجلیس!.. رۆژی دادگا، دایکی کچه به (دەمانچه)وه دەچێته بەر دەرگای دادگا و کوڕه کۆیی بریندار دەکا.. دەبێته ئاژاوه.. خەلکی پێوەی هەلّدەپەڕیْ و هەلّبەستیان له سەر دادەنێن و دەبنه بنێشته خۆشەی دەمی ژنانی شارەکە. که خەبەری برینداری دەگاته مالّه کۆییەکان ، به ژن وپیاوەوه روو دەکەنه مالّی باوکی کوڕه ، بۆ هەوالْ پرسین . منیش به دوایاندا.. که چووین چەند پۆلیسیْ له دەوری مالّەکه وەستابوون و سەرنجی هاتوچۆکەرانیان دەدا . کەسوکاری کچەش ، کۆبووبوونەوه ، هەڕشەیان دەنارد ( چەند پۆلیسێکیش له دووری ئەوان وەستابوون ) تا رۆژ هەلّدەکشا ، هەڕەشەو گوڕەشه له هەر دوولاوه بەتینتر دەبوو.. منی سەیرکەری بزێو ، مەکووکی جولآ ئاسا ، له بەینی هەردووکیاندا دەهاتم ودەچوم وبەناو خەلکەکەدا دەسوڕامەوه . خەلکی خێرخوا زوو کەوتنه بەینەوه و سولْحی عەشایریان کرد دلّدارانیش بەیەك نەگەیشتن . خەلکی چەندەها چوارینەیان له سەر رووداوەکه دانا وئێمەی هەرزەکار وخوێن گەرمیش دەمانووتەوه !

## (٦)

له هەرتەل وكۆیەش وانەی ( عەرەبی )م خوێند بوو . بەڵام وەك هی سلێمانی نەبوو، بۆیە هیچی وام لێ نەدەزانی . خۆ، له وانەی ( ئاین) و ئایەتەكاندا ، هەر تەقەی سەرم دەهات! تا پۆلی شەش ، بە هەزار حاڵ خۆم دەپەڕاندەوە.. لە دوا پۆلی سەرەتایی دا شتێ فێر بووبووم ، بەڵام دەمویست زیرەكی و بلیمەتی بۆ هاوەڵان و مامۆستا بسەلمێنم .

له بەر ئەوەی یەكەم ساڵ بوو ( ئاین ) خرابووە تاقیكردنەوەی ( بەكەلۆری ) گرینگێكی تایبەتیان پێدەداو غەفور فەندی بەڕێوەبەر خستبوویە ئەستۆی خۆی. لە تاقیكردنەوەیەكدا داوای كردبوو بە ( ئایەت ) تاك وتەنیایی خوای مەزن بسەلمێنین . من له پێش هەموو پرسیارەكانیتر وەڵامم دایەوە وچاوەڕوانم دەكرد ، باشترین نمرەی لێوەرگرم. پاش چەند رۆژێ ( ئەنجامەكە) هاتەوە.. مامۆستام بە گرژ ومۆنییەوە وەستاو سەیری كردین و لە پێش هەموویان ناوی خوێندمەوە .. منیش بە شادی وخۆشیەوە چوومە بەردەمی ، بەو هیوایەی نیشانەی زیرەكی بە بەرۆكمەوە بكا.. وتی : ئایەتێ .. بۆ تاك و تەنیایی یەزدانی گەورەبێنەوە؟.. منیش بە شانازییەوە سەیری قوتابیەكانم كرد و ئایەتەكەم ( وەكو بۆم نوسیبوو ) بۆ وتەوە.. بە سەرمدا نەڕاندی وگۆچانەكەی بەرزكردەوە ، سەری چەماوەی له تەوقە سەرم توند كرد و خوێن بەلاجانگمدا هاتە خوارەوە! منی لاواز ، لە ترسی مامۆستاو خوێن زەرد هەڵگەڕام .. بەڕێوەبەر شڵەژا.. بەڵام خۆی تەریق نەكردەوە ، بە دەسەسڕ شوێنی زامەكەی گرت وبردمیە ئیدارەو بە دەم ڕێگاوە هەر دەیووت : كوڕم كفرە.. كفرت كرد.. وا ناوترێ .. ئایەتەكە واناڵێ.. منیش نەم دەزانی كفرەكە لە كوێیە.. بە ترسەوە.. زوو زوو دەمووت : ( لاییقی ) مانای( یموت ) نییە؟..

ئەو پتر هەڵدەچوو ، نەشی دەوێرا مەرخەسم بكا.. بە دەم تیمار كردنی زامەكەوە ئایەتەكەی بۆ ڕاستدەكردمەوە . تێشی گەیاندم كە نابێ

دەستكاری هیچ ( وشە ) و( رستە ) یەكی قورئان بكری یان بخرێتە سەر زمانێكی تر ، قورئان بە عەرەبی هاتووە و دەبێ بە عەرەبی بووترێ وبەس !

(٧)

رووداوە كتوپرەكەی ئێران ، خەونێكی سەرسوڕمێنەر بوو لە مێژووی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وتریسكەشی كوردستانی خۆرهەڵاتی گرتەوە.. لە ماوەیەكی زۆر كەمدا ، دكتور مەسەدەق بووە سەرۆك وەزیران و كاری دەوڵەتی ئێرانی گرتە دەست ولە ١٩٥٣/٨/١٦ شاهنشای ئێرانی دەرپەڕاند ( بە خاو خێزانەوە بوونە میوانی وەسی عێراق – عەبولئیلاه )ودەرگای ئازادی وحیزبایەتی خرایە سەر پشت و بڕیاری خۆماڵی كردنی نەوتی دەركرد.. حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران كەوتە جموجۆڵی ئاشكرا و گەشەكردنی رێكخراوە دیموكراتیە كوردستانیەكان . محەمەد عەلی ( ئەسعەد خودادادا )ی وەك نوێنەر وتەری خۆی ناردە ئەم دیوو ، چاوی بە تێكۆشەران ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە و نوری ئەحمەد تەهاو.. كەوت و داوای یارمەتی لێكردن، ئەوانیش بە پێی توانای خۆیان و پارتەكەیان درێغیان لێنەكردن..

خەونەكە.. لە سەردەمەكەی گەورەتر بوو. بۆیە ، لە چاو تروكانێكدا ، كەڵەك و گەمییەی دكتۆر موسەدەق رووچوو ، دوای هەفتەیەك بە تەپڵ ومۆسیقاوە شاهنشایان گەیاندەوە تاران و سەرۆك وەزیران لە زیندان توندكرا . دەستی حیزبی تودە (شیوعی)و دیموكراتیش كەوتە روو.. سەركردە و كادروچالاكەكانیان ، نەك هەر لە شارەكاندا، لە زووربەی گوندەكانیش رانەدەگیران وچەندەهایان گەڕانەوە وخۆیان دایە دەست قەدەری حكومەتی بڕ قینی ئێران .

لە هەڵە هەرە گەورەكانی پارتە كوردستانیەكانی هەموو پارچەكان – هیچ عیبرەتیشی لێوەرناگرن – لە كاتی ئەو جۆرە ئازادیەدا هەرچی مێژ

وتواناو کادرو لێپرسراوی هەیانە دەیخەنە روو.. کە بارە سیاسیەکە گۆڕایان دەسەڵاتدارانی تازە جێگایان قایم بوو ، کەوتنە وێزەی حیزب و کوردایەتی ، پاکتاویان دەکەن! ! دەبێ هەموو پارتێکی کوردستانی بگاتە ئەو ڕاستیەی کە ( هیچ ئازادییەك بۆ کورد تا سەر نییە،تا دەوڵەتی کوردی دروست نەکا ).. دەبێ ، لە هیچ زروفێکی سیاسی لەباردا هەموو تواناو سەرکردەکان نەخاتە روو ، دەبێ رێکخستنی نهێنی هەر بمێنێ ) .

لە پاشا گەردانی دوای موسەدەق خەباتگێران ، بە تاك وبە کۆمەڵ، بە خاو خێزانەوە..خۆیان گەیاندە سنووری کوردستانی باشور ولە رێگەی قەڵادزێ و پێنجوێن.. بەم دیوەدا هاتن زۆربەیان لە شاروچکەکاندا خۆیان حەشاردا و کەوتنە کارو کاسبی وخۆ ژیان.. هەندێ لە سەرکردەکانیش بوونە میوانی پارتی ولە شارەکانی کوردستان وبەغدا مانەوە . محەمەد عەلی ( بە تەواوی نایەتەوە بیرم وەسفی بکەم ) وئامینەی خێزانی سکپڕی هاتنە ماڵی ئێمە ( ئامینە.. کچی تێکۆشەر محەمەد مولودە. ئافرەتێکی سپیکەڵەی گفت ولفت شرینی تازە هەڵچوو بوو ، لە دواییدا بووە خێزانی گورانیبێژی ناسراو حەمەی ماملێ ) ئەوسا.. ماڵمان لە خانووێکی دوونهۆمی سەرەوەی شەقامی سابونکەران بوو ( چەند خانوویەك مابوو بگاتە قەراغ شار . پاش ماوەیەکیش بووە پۆلیسخانە و یانە و.. )

حکومەتی عێراق بە هاتنی ئەو کوردانە سەغڵەت بوو.چونکە جگە لە پرۆتۆکۆل و رێکەوتنە دووقۆڵیەکانی سنووری ( کە هەمووی دژی کورد بوون ) باری سیاسی ناوخۆشی قورس و سەخت بوو . دەوڵەت رێنمایی وئاگاداری بڵاوکردەوە کە هەر کەسێکی ئاوارە و نامۆ لە ناوچەکە دیترا.. بیگرن ولێکۆڵینەوەی لە گەڵابکەن و رەوانەی ئەودیو سنوریان بکەنەو . بۆیە.. هەموو دەربەدەرەکان خۆیان شاردەوە یان شوناسنامەی عێراقیان ( بە بەرتیل ) بۆ دەرکردن.. بە سانایی هاوێر نەدەکران !

له لایەکی تریشەوە ، رووداوی میسر و ئێران ، جۆش وخرۆشێکی نوێی دابووە ، رێکخراوە نهێنێکانی عێراق و چالاکی سیاسی پەرەی سەندبوو . کەم رۆژ هەبوو لە شارێکی وولاتدا خۆپێشاندان نەکرێ ، لە سلێمانیش حەوزەکەی ناوبازار بوو بووە شانەی زیندووی راپەڕین.. لەپڕ.. دەبووە دەنگە دەنگ و بڕوخێ وبژێ و پۆلیس دەکەوتە گیانی مانگرتوو رێپێوان و.. منیش چەند جارێ وەگەڵ هەلا کەوتم.. کە پۆلیس شالاوی دەهێنا ، خۆم بە دوکانی حاجی فەرەجی ئۆتراخچی دا دەکرد ( پیاوێکی بە تەمەنی کاسب بوو ، زۆر دۆست وبرادەری خاڵە تایرم بوو ، جێگای بڕوای هەموومان بوو . نەوەکانیشی بوونە کورد پەروەری دڵسۆز ) کە لە سەری کۆڵانەیەکی لای حەوزەکەوەفەرشی ئێرانی دەفرۆشت..

کاربەدەستانی بەغدا تەخسیریان لە گرتنی تێکۆشەرانی عێراق نەدەکرد چ جا کوردی ئەودیو.. بۆیە.. پاش گەڕانەوەی حەمە عەلی بۆ سنور و بنکەی هەڤالانی ، ئامینەش برایە شارەزوور . بووە هاودەنگی دایکم و وەك کچی خۆی سەرپەرشتی دەکرد و ئەویش کەلێنیکی بۆ پڕ کردبۆوە.. پاش ماوەیەکیش بە سدیق حەیدەری تێکۆشەریان زانی ( کە لە قەڵادزە لە ژێر باڵی حاجی رەسوولی خالۆزام و زاهیر رەشیدی خزممان خۆی شاردبۆوە ) بە پەلە دەربازیان کرد وگەیشتە سلێمانی، ماوەیی لەماڵەوە و لە شارەزوورا ژیا ( پیاوێکی قسە خۆشی سەرکوزەشتەزان بوو. حەزم لە گفت ولفتی بوو. کە بە تەنیا دەبوو، دەچوومە خزمەتی ) لەدیوەخانماندا ، چەند جارێ بەخزمەت مامۆستا غەنی بلوریانی گەیشتم و خزمەتم کردووە . جارێکیش هێمنی شاعیر لە ماڵمماندا رۆژی کردەوە ( کە لە سەرتای حەفتاکاندا لە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا بە خزمەتی گەیشتم وبەبیریم هێنایەوە ، منی ناسیوە وسەیری بە سەرو ریشی سپیم مات !!.. ئەو ماوەیەی لە بەغداو باشووری کوردستان ژیا، چەندەها جار پێکەوە شەومان کردەوە )

کە ئامینە رۆژ وسەعاتی منداڵبوونی نزیك بۆوە، دایکم هەموو پێویستیەکی بۆ ئامادەکردبوو. مامانیش لە گوندەکانی دەوری

( زێرنجۆ) هەبوو ، بەڵام دایکم رازی نەبوو ( چونکە یەکەم منداڵی بوو ) مێردیشی نەگەڕابۆوە . عەلەشەل و دەروێشی گاڵ دا و لە ( سەی سادق )ەو بە پاس گەیاندیانە شار.. لە ماڵی ئێمە کوری بوو، چەند رۆژێ چاوەڕوانی حەمە عەلیان کرد ( کە وەختی منداڵا بوونەکەی دەزانی) هەر پەیدا نەبۆ، خاڵە عومەرم ناوی نا – شۆرش – ( وەکو بیستومە ، ئێستا ئەویش لە ریزی خەباتدایە ودرێژە بە رێبازی کوردایەتی دەدا ).. هەرچەندە خاڵە تایەرم نازەنین ودلێر وشلێری هەبوون ، بەلام شۆرش جێگەی خۆی لە دڵی خێزانەکەمانا کردبۆوە و بە پەرۆشەوە چاودێریمان دەکرد .

وەنەبێ.. ئەو بارە هەر لە ملی ئێمە بووبێ وخەڵکی شارەکە کەمتەرخەمیان کردبێ ، بەڵکو باوەشی پڕ سۆزیان بۆ ئاواران کردبۆوەو لە دڵەوە خزمەتیان دەکردن.. بەڵام بنەماڵەی حاجی سۆفی مستەفا ( کەلەشارەکاندا پەرت وبلاوبوون ) پتر دەیانلاواندنەوە ، هیچ تێکۆشەرێکی ئەوسای کوردستانی خۆرهەڵات نەبوو ، بەم دیوودا هاتبێ، یەکێك لەم بنەماڵەیە خزمەتیان نەکردبێ .

(٨)

ساڵی خوێندنی پۆلی شەشەم ( ١٩٥٣– ١٩٥٤) ، پڕ خێر وبێر و بزووتنەوە بوو . رۆژانە ، گۆڕان بە سەر بیرو هەست و ئارەزووی لاویەتیم دا دەهات . گەشەکردنم زۆر بە چڕی دەستی پێکرد، بەڵام لە هەندێ شت دا ، هەستی ( هەتیوویم ) سڵی پێ دەکردمەوە و خۆم لێ لادەدا ، نەوەك خاڵوانم لێم وەڕەس و تورە بن! !

تا دەهات ، بیری نەتەوەیی . چینایەتیم پەرەی دەسەند ( بێ ئەوەی کتێبی مارکس و لەنینیم خوێندبێتەوە ) بەڵام بەیان و بڵاوکراوەو رۆژنامەی ( رزگاری )م سەیر دەکرد (کە بە دەگمەن دەردەچوون! ) هەندێ جار خۆشم بەشم دەکرد.. کاری رۆژانە

ڕپەروەردەی ماڵ وناوی عومەر دبابە ویادە پڕ سۆزەکانی باوکی دەربەدەری جوانەمەرگم .. منی خستبووە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان . تابەهاریش ( بەدزیەوە ) چیرۆك وشیعرم دەخوێندەوە و تامم لێوەردەگرتن و دەبیزواندم . هەندێ جاریش هەوڵم دەدا لاسایی چیرۆکەکانی ناو گۆڤاری (گەلاوێژ) بکەمەوە کە لای رەئووف برای کاك برایم دەستم دەکەوتن.. لای من گرینگ نەبوو چیرۆکەکە هی کێیە ( تا ئێستاش ئەو خووەم هەر ماوە) لای من گرینگ بوو چۆن دارێژراوە و دەڵێ چی ( شێوە و ناوەڕۆك ) ومەبەستی چییە !

دیارە لاوێکی پانزە - شانزە ساڵە ، لە هەرەتی ئارەزوو بزواندایە سەرەڕای سێبەری خاتوزین ، حەزم لە قسەی هەموو کچەکانی گەڕەك وناسیاران بوو ، پێشم خۆش بوو دڵداریم لە گەڵدا بکەن . بەڵام نەمدەوێرا دەری برم . لە نامە نووسین و هەڵپەش ترسەنۆك بووم. دەستم بەر هەر کچێ بکەوتایە موچورکەم پێدا دەهات و ئارەقەم دەردەدا.. بۆیە ، گۆشەگیر بووم.. داڵغە وخەیاڵ ، شۆڕەسواری مەیدانم بوو! ( بۆ دونیای چیرۆکنووسین دەستی دەدا ) وەڵامی هەموو زەردەخەنەیەکم دەدایەوە، بەڵام من دەستم پێنەدەکرد! ! نەوەك پێی ناخۆش بێ و شکاتم لێبکا..

لە دونیای خوێندندا ، هەر لە نەورۆزەوە دەستم لە ئەدەب وخەتخۆشی هەڵگرت و پرۆگرامێکی چڕ وپڕ م بۆ خوێندن دانا تا لە هاوەڵەکانم دووا نەکەوم!.. لە تاریکورووناا هەڵیان دەساندم .. ڕۆژانی باو باران و سەرمای بەهار ، لە ژوورەکەمان دەهاتم ودەچووم و سلێمانیشم لە خەو دەکرد. ڕۆژانیتریش لە بوولێڵا دەردەپەریم وبە عەلی جنوکە و جەباری مەلامحەمەد و سەلاحی فەرەجی کەبابچی و جەمال ئەحمەد .. دەگەیشتم .. بەدەم خوێندنەوە ، بەرەوردربەندی گوێژە هەنگاومان دەنا ( چەندەها قوتابی تریش دەکەوتنە قەراخ شار ) وتا دەمی دەربەند دەچووین . لە سەر تاتە بەردەکانی پشوومان دەدا . زووریەی کات ، لەوێدا خۆری ڕۆژی نوێ سەرەتاتکێی لە گەڵا دەکردین.

بەرەو شارو ماڵو قوتابخانە دەگەڕاینەوە. ڕۆژانی هەینی وپشووش تێشومان هەڵدەگرت ( هێلکەی کوڵاو وپەنیر . گوێز . پیازی تەڕ...) و دەربەندمان دەبڕی . بە سروشتی پڕ نەشئەی ئەو دیوو شاد دەبووین ، ماویەکی تریش دەڕۆیشتین ودەگەڕاینەوە . گەرمای ڕۆژانی پێش تاقیکردنەوەی بەکەلۆریش نەی توانی ئەو( سەفاومەروا ) یە مان ببڕێ تا دەگەیشتینەوە شار ئارەقەمان دەردەدا .

ئەو ناوەمان ئەوەندە کوتا بۆوە ، ببوینە برادەری قەتارچی و کاروانچی گوندەکانی ئەودیوو ، سەلاممان لە یەکدەکرد ئەوانیش هەواڵی سلێمانیان لە ئێمە دەپرسی . ئای لەو ڕۆژە خۆشانە. ژیانە ساکارو ئاسانە . لەو هاوڕێی و هاودەمە بێهاوتایانە!.. لەو بەرزیەوە شار ، دووڕ وگەوهەر بوو . گوڵالەیەکی تازە پشکوتووی ناوچەبوو. سروشتی نازداری بۆ گڵە زەردە دەخەنی ..

بەڕێوەبری تاقیکردنەوەی بەکەلۆریمان کاک عەبدول حەمید حەمەدی کۆیی بوو ، کە بە ( حەمیدە شەل ناسرابوو). لە هەولێرەوە هاتبوو، ناسیاری نزیکمان و هاوڕێی عومەر دەبابە بوو ، لە ماڵی ئێمە دابەزی وپرسیارەکانی لای بەڕێوەبەری مەعاریف دانا بوو. خالم وکاك عوسمانی خالۆزام گاڵتەیان لە گەڵدادەکرد و شەڕیان پێدەفرۆشت.. ( لەبەر ئەوەی من لە ماڵەوە بووم ، هەتا وەڵامەکانیشی ، نەدەهێنایەوە نەوەك بگەڕێم ودەستکاری دەفتەرەکان بکەم) . منی هەرزەکار ، حەزم دەکرد ، وەڵامەکانم هەمووی ڕاستبوایا و یەکەمی شارەکە بوومایا ، بەڵام لە ناخدا ، زۆرم پێخۆش بوو کە دەفتەرەکانی نەدەهێنانەوە.. سەلاح وجەبار ، یەکێکیان یەکەمی وئەویتریان دووەمی پچڕی و ڕەئووف و جەماڵ وعەلیش دەرچوون.منیش چوارەمی قوتابخانەی گوێژەم پێبڕا.. ئاین وزمان ( عەرەبی وئینگلیزی ) نمرەکانی هێنابوومە خوارەوە . باشترین نمرەش لە ( ژمێریار )م وەرگرتبوو.. بنچینەیەکی تۆکمەم بۆ (ماتماتیك )و ( هەندەسە وجەبر)ی قوتابخانەی ناوەندیم داڕشت وتا دواناوەندیش هەر لە ریزی پێشەوەی قوتابیان بووم .

زۆرم شایی بە ئەنجامەکە بوو . لەو خۆشیەش خزمانی کۆیەم وەسەرکردنەوە . بە بۆنەی مردنی نەنکە ( عەیشێ )م سەرم لە گۆڕی باوکم دا وسەرەخۆشیم لە پورە ( فتحیە )م کرد . هەواڵی مامە ( نەدیم)م دایێ . بەلام دەنگوباسی مامە عەبدوللام نەبوو.. لە ڕاستیدا لە باوکەوە ، خێزانێکی پەرشوبلاو بووین.ئامۆزاکان لێك دابڕابووین.. بۆیە بە خاڵواندا خۆمان هەلواسی بوو. مەسەلەی( مامان ، برازا ، بزرکرد . خالان ، خوارزا ، مەزن کرد! )لەئێمەی نەوەی( مەلا سلێمان) روویدا بوو!.. تا ئێستاش درێژەی هەیە.
هەرچەندە ، مێردمنداڵێکی ئەوتۆم بە خۆمەوە نەدی وتام وچێژم لە منداڵیم وەرنەگرت.. پاش دەرچوونیشم ، کاری هەرزەکارانەم وەلاوەونا ، لاوانە خۆم پۆشتە دەکرد. رووناکبیرانە هەڵسوکەوتم دەکرد. لاسایی هەردوو خالم دەکردەوە . بەشداریشم لە خۆنیشاندانە توندو تیژەکان ، بۆ دوا رۆژی رامیاریم مەشقێکی باش بوو .

(٩)

سانەوی سلێمانی ، کەوتبووە بینایەکی نوێی نزیك قەراخ شار ، بەرامبەر یاریگای گەرەکی چوارباخ.. شەوی ، یەکەم رۆژی خوێندن ، تا درەنگ چەنگلەم دەدا. چەند جارێکیش لە خەو راپەریم وسەیری جریوەی ئەستێرەکانم کرد وگوێم بۆ دەنگی مەلا شل کردبوو.. بە پەلە، بەرچایم کرد و لەگەڵ خۆگۆڕین ، دڵە کوتە دەستی پێکرد.. هەنگاوی دوودڵی بەرەوخواری کردمەوە . لە بەر دەرکی سەرا، بە هاوەڵەکانم گەیشتم..هەمووومان پاکترین وجوانترین بەرگمان پۆشی بوو!.. بە دەم قسە و ڕاو تەدبیرەوەگەیشتینە بەر دەرگای قوتابخانە.. کات و ساتێکی پڕ خۆشی وترس، بڕوا وگومان بوو!.. لە حەوشەش تۆپەڵ ، تۆپەڵ وەستاین . وەك مەرەگێژە بە قوتابخانەکەمان هەڵدەڕوانی وسەرنجی هەڵسوکەوتی قوتابیەکانی ترمان دەدا.. ئەوانیش لە حەوشە و

پەنجەرەی پۆلەکانەوەسەیری ئێمەی تازەیان دەکرد و گاڵتەیان پێدەکردین و هەندێکیان توانجیان تێدەگرتین!

بەڕێوەبەر ، ریزی کردین . هەندێ ئامۆژگاری داینێ ، بە بەخێرهاتنێکی هەڕەشاویەوە دەستی پێکرد وبە سزا کۆتایی پێهێنا.. بە سەر هۆبەکاندا سی سی بە شیکردین و داینیە دەست چاودێری هۆبە.. ئەویش لە بەردەمی ژوورەکە بە پێی کورتی ودرێژی ریزی کردین و لە سەر کورسیەکانێ دانانین.. دووبارە ئەویش هەندێ ئامۆژگاری داینێ و خۆی پێناساندین و ئێمەش یەکە یەکە هەڵسایین و خۆمان پێناساند.. ساختمانە سەرەکیە دووقاتەکە ، بریتی بوو لە ژووری بەڕێوەبەر ومامۆستایان ، چەندەها پۆلیش لە سەر ڕارەوەکەی بوو. لە بەر ئەوەی ژووری چۆڵ نەبوو ، ئێمەیان لە چەند هۆدەیەکی دەرەوەی ساختمانەکە ترنجاند بوو . لە دیوی پشتیشەوە دەچووینە چایخانە و حانووت . کە لە دوورەوە بۆنی جگەرەو وتوتنی لێدەهات . جگەرەکێشان بۆ ئێمە قەدەغە بوو . سزاشی لە سەر بوو . بەڵام نەك لەوێدا، هەتا لە ئاودەستەکانیشدا بە دزیەوە دەکێشرا .

ئەوسا.. کۆمەڵی کوردەواری ( ئیسلامی ) نەك هەر رێی نەدەدا ، ئافرەتان لە دەزگاکانی دەوڵەتدا کار بکەن . خۆشیان ئامادەنەبوون. بە گشتی دەبوونە مامۆستا یان لە هەندێ دەزگای دروستی کاریان دەکرد.. بۆیە.. ئەوەی سەرنجی راکێشابووین و دەیوروژاندین ، لە ناو ئەو هەمووهەرزەکارو لاوانەدا ( وەك دەڵێن : زرتە بۆزانەدا ) چەند کچێکی عازەبی نەشمیلانە ، لە بەشی زانستی دواناوەندی دەیانخوند ( چونکە سانەوی کچان تەنیا بەشی ئەدەبی هەبوو ) ئەوەش ، سەریەشەی بۆ بەڕێوبەریەتی و مامۆستایان دروستکردبوو.. ناچار.. کیژەکان لە ریزپشتەوە دادەنران . پرسیاری کەمیان لێدەکرا.. لە هۆڵی تاقیگە( مختبر ) بە تەنیاکاریان دەکرد و چاوێکی مامۆستاشیان لە سەر بوو.. لە پشوەکاندا لە پۆل دەمانەوە ، بۆ ناچاریش دەچوونە ژووری مامۆستایان . من نەکەسیانم دەدی ونەدەمناسین . مەگەر لە رێگە چاوم پێیان بکەوتایا . بەڵام قوتابیە لاسارەکان دوایان دەکەوتن و

هەندێكیان ناچاربوون برایان بە شوێنیاندا بێن . ئینجا.. هەر قسەو باس و بەند وبالۆرەش یان بە دوا دەكەوت ودەیەها دۆست و دڵداریان بۆ دەدۆزرایەوە.

زۆر لە قوتابیانی دواناوەندی دەمیان لە سیاسەت دەدا وبیری كوردایەتی وئومەمیەت دەبزواندن . لە قسەو هەڵسوكەوتیاندا هاوێر دەكران . هەندێكیان بە دزیەوە فسك وهوریان دەكرد.هەرچەندە لە ناو مامۆستایەكانیشدا رووناكبیری سیاسی پێشكەوتوخواز هەبوون ، هەندێكیان گفت ولفتیان شیرین بوو . لە مامۆستایانی سەرەتایی هێمن وقسە خۆشتربوون . بەلام توند وتیژیشیان زۆر بوو . بە تایبەتی لە كاتی تاقیكردنەوەدا دەبوونەپیاوێكی تر .. ریزكردنی بەیانیان نەمابوو . بەلام ریزی سەلاوی ئالا وئامۆژگاری هەر هەبوو .

پاش چەند رۆژێ ، سلكردنەوەم شكا ولە ژیانی تازە راهاتم. لە گەڵ هاورێیانم بە حەوشە گەورە خۆلاویەكەدا پیاسەمان دەكرد. لەم ماوەیەدا فوئاد ئەسكەندەر عەلەكە( لەدواییدا بووە مامۆستای سانەوی) وئەنوەر عوسمان ورەئووف حاجی عەلی م پتر ناسین.. وەك ئامۆژكاری كرا بووم ، خۆم لە قوتابیانی چەتوون و بزێووە دوور دەگرت . بەلام لە هەڵسوكەوتیان رادەمام . قوتابیە سەعی كەرەكان سەرنجیان راكێشابووم . پشووشیات لە دەست نەدەدا وبە دەفتەر وكتێبەوە دەهاتن و دەچوون ( وەك فەقێ ئەلێبابەیان دەكرد) هەرچەندە وانەی قوتابخانەی سەرەتایی وناوەندی جیاوازیان زۆر بوو. بەلام لە بەر كەمی مامۆستا ، هاتایان بردبووە بەر مامۆستا زیرەكەكانی سەرەتایی لەوانە : هاشمەفەندی كۆیی ، ماتماتیكی پێدەوتینەوە.. وەرزش و رەسم شوێنێكی دیاریان هەبوو . ساڵی جارێ پێشبڕكێی( خوتبەش ) دەكرا ..

بەتەواوی وازم لە وەرزش هێنا . خووم دایە خوێندنەوەی كتێبی ئەدەبی وبلاوكراوەی نهێنی سیاسی . لە كاتی تریشدا خەت نووسین ووڕێنەی چیرۆك ومەتەڵ ونوكتە وقسەی بە توێكڵ.. وەك پارتییەك دەبزوتم ، بێ ئەوەی باسی حیزبایەتیم لە گەلا كرا بێ.. پارتی دیموكرتی كوردستان ، حیزبێكی نهێنی نەتەوەیی بوو ، بەلام لە مەرجە

یاساییەکانی حیزبایەتیش لای ئەدا بوو . هیچ مێرد مندال وهەرزەکارێکی بە ئەندام وەرنەدەگرت ئەگەر مەرجەکانی تێدا نەبوایا. لە هەموویان زەقتر ، دەبوو هەژدە ساڵی تەواو بکردایا ( من وای بۆ دەچم کە ئەوە بیر وبۆچەنی کاك برایم ئەحمەدی سکرتێر بووە ) لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناخۆشیدا جەختی لە سەر کرابۆوە .

ئارەزوو وهەست و هەڵسوکەتم لە گۆڕاندا بوو . دەهەژام و لە ناوەوە دەکوڵام ودڵم پڕ هیوا بوو.. بەڵام ترسەنۆك بووم ( یان بڵێین : شەرمم بە خۆم بوو ) بیرم نایێ ، بە قەستی چوویمە نهۆمی سەرەوە و سەیری کچەکان بکەم. بە بەردەمی سانەوی کچاندا تێپەڕیبم یان لە ڕێگا توانجم تێگرتبن و شەڕم پێفرۆشتبن. هاورێیەکەشم کردبێتی ، خۆم وە دوور خستووە.. حەزم لە شەڕە شەقی کۆڵانان و شەڕەگەڕەك نەبوو. بیرم نایێ ، قۆچەقانیم هەبووبێ یان بە دار لاستیك گلۆپی سەر جادەو پەنجەرەی ماڵانم شکاندبێ.. خۆم لە شەڕ لادەدا، بەڵام کە توشیش دەبووم ، خراپ دادەڕسامێ .

بە هۆی هاتوچۆم بۆ ماڵی حیلمی عەلی شەریف ( روشدی ) برایم ناسیبوو.لە حانووتی قوتابخانە چاوم پێکەوت ، بەخێرهاتنی کردم وئامادەی یارمەتیدانم بوو ، بە پشتیوانی خۆم دەزانی.. وەك لە بیرم مابێ ، لە ڕۆژێکی پڕ هەتاوی خۆشی پایزدا ، روشدی هاتە پۆل وبە حەوشەدا پیاسەمان دەکرد. وەکو دەمێ بووبێ لە ریزی پارتیدا کارمان کردبێ.بێ پێشەکی ومەرجەکانی ڕاکێشانی قوتابی بۆ دونیای سیاسەت، کەوتە باسی یەکبوونی خوێنکاران وبەرز کردنەوەی ئاستی خوێندن ومەسەلە نەتەوەیەکان ( حیزبایەتی وپیشەیی تێکەڵ کرد ) هەر لەوپشووە ، کۆبوونەوەی داهاتووشی داناو ئاگاداری کردم کە شانەکە بریتی یە لەهاوڕێیانم ( بەڵام ناوەکانی پێنەوتم ومنیش لە کەسیانم نەپرسی ) .

پاش چەند ڕۆژێ ، دوای تەواو بوونی وانەکان ، سەلاح ورەئووف وجەبار ومنی کۆ کردەوە وبەرەو قەراخ شاری بردین ( تائێستاش نازانم کۆبوونەوەی پارتی بوو یان یەکێتی قوتابیان ) بێگومان خۆشترین

شانە بووین.. هەر ئەو ڕۆژە ، خۆم بە لاوێکیتر هاتە بەرچاو و ئامادەباش بووم بۆ کارە نشتیمانیەکان . فێری کردین کە نهێنی دڵمان لای کەس نەدرکێنین ، بڕیار جێبەجێ بکەین ، ئینجا ڕەخنە بگرین یان ڕای خۆمان نیشاندەین ، دسپلینی حیزبایەتی بپارێزین..

کاک روشدی لاوێکی زۆر جدی وحیزبی بوو. هێمن ولە سەرەخۆو وشیار ودووربینبوو. قسەزان بوو ، وەلامی پرسیارەکانمانی بە روونی دەدایەوە.. بە گومانەوەسەیری خەلکی دەکرد و نەشی دەترساندین.. لای ئەو : تێکۆشەر ئەو بلیمەتە لە خۆ بردووە بوو کە کارەکانی ئەدابکا، بێ ئەوەی دایەرە ئەمنیەکانی دەوڵەت گومانی لێبکەن یان دەستگیری بکەن . داوای کرد هەمیشەبخوێنینەوە وخۆمان پەروەردە بکەین .

مانگانەمان بە ناوی ( یارمەتی ) یەوە دەدا ( بە هەڵە نەچووبم ، مانگی بیست فلسم دەدا ) تا پێش نیوە ساڵ باسی : خوێندن ونووسین بە کوردی . مێژووی کورد و جوغرافیای کوردستان . زمان و کەلتوری کوردان. ئیستیعماری بەریتانی و کەرت کردنی کوردستان . کوردایەتی . ژەنەراڵ مەلا موستەفای بارزانی . شۆڕشەکانی کوردستانی ئێران و تورکیاو عێراقی.. بۆ کردین . کە تاقیکردنەوە نزیك بۆوە ، کۆبوونەوەکانی دواخست تا خەریکی دەورکردنەوە بین.. ئەمەش دوا کۆبوونەوەم بوو لە سلێمانی .

لە وەرزی یەکەمی خوێندن دەرچووم ، بەڵام نمرەکانم کەم بوون. نیوەی ساڵیش لەوە باشتر نەبووم . لە ماتماتیك سەرکەوتوبووم . کتێبی ئەدەبی و سیاسیم بە لاوە گرینگ بوو، هی قوتابخانەم بە لاوەوە نابوو.. دوای پشووی نیوەی ساڵ ، بە ماڵەوە چووینە کەرکوك و لانە لە هەمووومان تێکچوو.

بە پێی یاسای ئەوسا، نەدەبوو فەرمانبەر پاش دەوامان کاسبی بکا . راپۆرت نووسان بۆ خالە تایەرمیان تێکۆشی بوو کە(لەشارەزووردا خەریکی زەراعەتە ) لێژنەیەك لە بەغداوە هاتبوو ، لێکۆڵینەوەیان لە گەڵا کردبوو . ئەویش ئینکاری نەکردبوو . بۆ ئەوەی هیچ بیانوویان

ئەمێنێ هەرچی ( عقد ) وحیساب هەیە نیشانیانی دابوو ( کە بە ناوی عومەری برایەتی ) بەڵام ئەوان لە ناخدا دەیانزانی هی تایەرە ودەبابە کاری وا ناکا.. بۆ یەکالاکردنەوەی مەسەلەکە ، بڕیاردرا بە پلەیەکی بەرزتر بچێتە کەرکوک و ببێتە( بەڕێوەبەری مەساحەی ناوچەی ئوورووی عێراق ).

وەکو ووتم ، هەموو ، یەك ماڵ بووین وخاڵە تایەرم بارەکەی هەڵگرتبوو. خاڵە عومەرم فێر نەبووبوو لە ماڵەکە جیا ببێتەوە . ناچاریش بوو لە بەر : کاری حیزبایتی وفەلاحەتی شارەزوور.. سلێمانی بەجێنەهێڵی وراستەوخۆ ئیدارەی گوندەکەی وەرگرت وچاودێری کوردەکانی ئەو دیوی دەکرد.. پاش تەواو بوونی فەلاحەتی وڕێکخستنی کاری حیزب ، ئەویش هاتە کەرکووك و کوردە ئاوارەکان لانەیان تێکچوو. دوای ماوەیەك کاك ئیبراهیمیش ڕەوانەی کەرکوك کراو بە کردەوە( مەکتبی سیاسی) پارتی کەوتە کەرکووك . زووربەی کۆبوونەوە کانیشیان کەوتە ماڵی تایەر موستەفا.

# له ئامێزی کەرکووکدا

(١)

هەر جارێ بە کەرکووکا تێپەر بووبم ، ( لە بۆنی ناخۆشی ) لە دوورەوە لوتم گرتووە. هەناسەم سوار بووە.. بۆیە ، لای من کەرکووک دنیایەکی سەیر بوو ، هەر لە گردو بەرزاییەکانی دەرەوەی، ئاگرە نەمرەکانی باوەگرگر بە خێرهاتنی دەکردین . نەفەرەکان باسی گڕی نەمریان دەکرد . کەرکووکیە شارەزاکان بڵێسەکانیان دەناسیەوە.

سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی بازرگانی لە گەڵ کۆیە خۆشبوو، ڕێی بەغداو سلێمانیشی بە سەرەوە بوو ، بەڵام هیچی لەوان نەدەچوو . دۆستایەتی کەژ وهەواشی لەگەڵیانا نەبوو . لە سەرەتا ، دڵم بە کەرکووک نەدەکرایەوە. هەرچەندە لە گەڕەکی کوردانا خانومان گرتبور، بەڵام خۆم هەر بە نامۆ دەزانی . من فێری هەوای پاکی سەرچنارو حەمامۆک ، گوێژە ، چنارۆک ، ڕەشەبای هەردوو شار بووم.. بۆنی قورسی نەوتی خاو، تەنگی بە ژیانم هەڵچنی بوو. لە خواردنا ، لە ئاوا ، لە هەناسەدانا.. هەستم بە قورسییەك دەکرد وجوانی وقەشەنگی ئاگرەکەی لە بەرچاو دەخستم .. ڕۆژانە ، بۆنە ناخۆشەکە ، قەڵستری دەکردم .. بارێکی قورس بوو ، لە ژێریا دەمناڵاند . چارەشم نەبو و، قەدەرم وابوو ، دەبوایە لەم شارە جەرگبڕە گوزەران بکەم . بێدەنگ ژیان بە سەر بەرم ، ماڵێ لەمان بەرەحمتر وبە توانا تر ورووخۆشتر نەبوو . سەری پیا بکەین. چونکە باوکم لە کوردایەتی بەولاوەهیچی تری لە پاش بە جێ نەما . هەتا خزمەتی ئەوەندەکەم بوو ( تقاعد )یان بۆ نەبڕینەوە .مامم وخاڵوانی ترم گوزەرانیان کز بوو . هەر مناڵانی خۆیان پێبەخێو دەکرا .

دانیشتوان ، کوردی وتورکمانیان باش دەزانی وبێ سڵکردنەوە قسەیان پێدەکرد . بەڵام زمانی ڕەسمی بازارو بازرگانەکان تورکمانی

بوو( هۆی سیاسی و ئابووری ئەمەش دیارە )ئەوەی تورکمانی نەزانیایا ، بە کوردییەکی رەوان قسەیان لە گەڵا دەکرد . بەڵام لە شێوەی دەربڕینی وشە وداڕشتنی رستەیا ، تورکمان وکورد جیا دەکرایەوە . جل وبەرگی بازرگانەکان ، شێخ ، سەید ، دەوڵەمەندەکان .. کەواو سەڵتە بوو ، هی سەوزە فرۆشیش بە گشتی کورتەك و شەرواڵ بوو . ئەفەندییەکان قات بوو ، هەندێکیان سیدارەیان لە سەر دەکرد .

ئەفسانەی باوگرگڕ ، بە سەرکەوتویی خوێندنی ساڵی پێ تەواو کردم و باری سەرشانمی سوکتر کرد . کە هەناسەم هەڵدەکێشا هەوای بۆنداری – وەك جاران – قورس نەبوو . تا دەهات رادەهاتم . بە قەڵاو کۆڵانەو خاسەو تاکە پردەکەی ئاشنابووم ، حەزم لێکردن . لە رۆمانێکی دەستنووسما ، وا باسی ئەم شارە مەزنە دەکەم .. ( لە دێر زەمانەوە ، بەهاری کەرکووك ، لە بەهاری شارەکانی تر ناچێ . کە چاوی پڕ شانۆو شکۆی هەڵدێنێ ، دەست لە ملی باوەگرگڕ دەکا، یەکتری دەگەوزێنن . رەنگی پێدەشتی ( رەش) ی دەپەڕێنی ، سەوز وسوور وشین و سپی.. فەرشیان رادەخەن . بۆنی قورس وتیژی نەوتی خاو و خۆڵی تەڕی پاش باران، تێکەڵ بە بۆنی گوڵە حاجیلە و هەڵاڵە.. دەبن و بۆن ورەنگ وروخساری پەخش دەکا ، لە دونیادا هاوتای نییە !.. کەرکووکیەکان بەم بۆنە مەڵاشویان هەڵدراوەتەوە و گەشەیان پێکردووە . هەر بەهارێ ، بۆنی قورسی نەکەن . بە کلچوکی، چاویان نەڕێژن .. قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ و دێنەمردن!.. دەفڕن .. دەفڕن بە پێش بێ ، چەندەها قۆناخەڕێ دەبڕن.. تا.. خۆیان دەگەیننە پێدەشت وقەڵا ودەماغی خۆیان بە بۆنی باوەگرگڕ ئاو دەدەنەوە. زۆران ، بۆ هەناسەی ئەم بۆنە ، گیانیان خستۆتە سەر لەپی دەستیان و تیربارانکراون و سەریان بە فەتارەت چووە . باخەڵی هەر دەر بەدەرێکیان بگەڕێی ، مستێ لە خۆڵی رەشی تێدایە و سێژەمەبۆنی دەکا ) .

## (٢)

لەو چەند مانگەی خوێندنا ، کەس بە لاما نەهات . بەڵام لە ڕێی عومەر دەبابەوە ( کە لە گەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد محاماتی دەکرد وشوێنەکەشیان بۆ حیزبایەتی تەرخان کردبوو ) لە جموجۆڵا بووم و هەر زوو فێری کون کەلەبەری سەختی گەڕەکە کۆنەکان و خانووە داڕووخاوەکان بووم . چاپەمەنی نهێنیم دە گواستەوە . سەرم بە شوێنە نهێنیەکانا( وەکر ) دەکردو ڕاکردوو شاردراوەکانم دەگواستەوە ، لە بازارا پێویستیەکانیانم دەکڕی و بۆم دەبردنەوە . بە دزیەوە یارمەتی مانگانەی حیزبم بۆ ماڵە لێقەوماوەکان دەبرد.. زووربەی کارگێڕو لێپرسراوەکانی ئەوسای حیزبم ناسی : مامۆستایان ابراهیم احمد . عباس حوسێن . خالید دلێر . علی احسان . عمر دبابە. مستەفا نەریمان . جلال عبد الرحمن . حمید باتاسی . محمد قەرەداغی . حمید کۆیی ..

ئەوەی زۆر ئاشنایم لەگەڵ پەیدا کردو سەرنجی ڕاکێشام شەهید حمید باتاسی بوو. کەس نەبوو بە نموونەیەکی خەباتگێڕو پاك ودڵسۆزی نەزانی و بە دەروێشی کوردایەتی لە قەڵەمی نەدا . جگە لە مجید کاکەی خزمان ، ئاشناییمان لە گەڵ هەندی شیوعیش پەیدا کرد : مامۆستایان مکرم تاڵەبانی و نوری تاڵەبانی وشەهیدان معروف و حسێن وحسن بەرزنجی و جەباری پیرۆزخان.. هاتووچۆی یەکمان دەکرد. بۆ یەکەم جار ، لە ماڵی کاك ئیبراهیم ئەحمەد چاوم بە کاك شێرکۆ بێکەس و فریشتەخانی خوشکی کەوت . کە بۆ چەند ڕۆژێ هاتبوونە سەردانیان.. هەستم بە بەرێز و خۆشەویستیەك کرد بۆ ئەوەی کەڵە شاعیری کورد فایەق بێکەس .

خەباتی ئەوسا پاکی ، گیانفیداکاری ، نیشتیمانپەروەری بوو . سەرمایەو پارە دەوری نەبوو . ڕامیاری لە کەرکووکاپیرۆزیەکی سەیری هەبوو . ئەندام ، نەك هەر خایەو مایەی لە پێناو دادەنا ، سەریشی بەخت دەکرد . چونکە کردار پاك بوو ، سەرکردەکان بە

خەباتی بێوەچانیان ، بە خوێن وئازارو ئەشکەنجە گەیشتبوونە ئەو پلەو پایە ، شەرەف وناموسی ئەندام وخێزانەکانیان بە هی خۆیان دەزانی وەك بیلبیلەی چاوانیان دەیانپاراست .. بە درێژی ئەو سالانەی کەرکووك ، کارێکی نارەوام نەبیست .. پارووی دەمی خۆیان دەدایە یەکتری.. کەرکووکیەکان ، لە ناوەڕاستی پەنجاکان بە خێڵ وشێخ و گەورە پیاوانیانەوە تەبا بوون . رێزی یەکتریان دەگرت . لە کاتی تەنگانەدا ، بە دەنگ یەکەوە دەچوون .

نەك هەر پارتی ، حیزبەکانی تریش ئەندامی کەم و پاکیان هەبوو . کوردایەتی ، جەماوەرێکی زۆری بۆ پارتی دروستکردبوو ، بەڵام لەناو پارتیدا لێکدانەوەی جیاواز هەبوو . ئەو بۆ چوونانەش نەبوو بووەنە هۆی دروستبوونی رێبازی سەربەخۆ و دروستکردنی دەستەو تاقم . لەوانە : هەندێ .. حیزبیان بە حیزبی شیوعی کوردستان دەزانی و خۆیان بە تیئۆری مارکسی – لینینی دەبەستەوەو لە رێی خەباتی چینایەتی کوردستانەوە ، کوردیان رزگار دەکرد . حیزبی شیوعی عیراقی زۆر دژی ئەم رێبازە بوو، حیزبی شیوعی کوردستانی بە خیانەتی چینایەتی لەقەڵەم دەدا . هەبوون ، کوردایەتیەکی ساکاریان دەکردو دژی خەباتی چینایەتی بوون . کەم و کوڕی بزوتنەوەی نیشتمانی کوردیان دەخستە ئەستۆی یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوسا.. ئەم دوو رایە ، لەناو حیزبا کەمینە بوون . زۆرینە ، خەباتی کوردایەتیان بە مەسەلەی سەرەکی دەزانی و پشتیان بە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان دەبەست، بەتایبەتی جوتیار، کە زووربە بوون. ئەندامیش لە شانەکانا هەر بەم بۆچوونە پەروەردە دەکران و یەکێتیی سۆڤیەتمان بە دۆستی کورد دادەنا ( نەمان دەزانی ئەوانیش لەکاربەدەستانی عەرەب و تورك و فارس خراپتر بوون! ) کە ستالین نەخۆشکەوت ، هەموومان کزو مەلوول بوین . کە مرد ، نەك هەر سەرخۆشیمان لە یەکتر دەکرد ، بەڵکو زۆر لە سەرکردەکان ، بە کوڵ فرمێسکیان رشت! !

له ساڵی ١٩٥٤دا ، حکومەت توندو تیژی دژی حیزبایەتی دەنواند . ماڵە گومانلێکراوەکانیان ( مشبوه ) دەپشکنی ، دەیانگرتن، دەیانخستنە ژێر چاودێری یان دەبوایا بەیانی و ئێواران له پۆلیسخانە ئیمزا بکەن.. لەبەرئەوە ، بە وردی هەڵسوکەتمان دەکرد . لە هاوینا حکومەت توند تر بوو. کە چاپەمەنیمان بۆ شارەکانی تر دەبرد ، یان کاغەزمان دەگەیاند . من و دایکی رەحمەتیم، یان یەکێکمان .. بڵاوکراوەکەمان بە رووتی لە خۆمان وەردەپێچاو جل و بەرگمان لەسەر لەبەر دەکرد تا : کۆیە ، بۆ مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا . سلێمانی ، بۆ مامۆستایان حلمی علی شریف یان محەمەدی حاجی تامیر . جاروباریش هەولێر ، بۆ خوالێخۆشبوو عەونی یوسف یان مەلا عەبدوڵڵامان دەبردو دەگەڕاینەوە . جار نەبوو ، لە گەڕانەوەدا ابراهیم احمد بە دایکم نەڵێ ( هەمینە خان ، کە کوردستان رزگار بوو ، دەبێ لە پایتەختا پەیکەرێکت بۆ بکرێ و لە ژێریا بنوسرێ ( دایکی نیشتمان ). کەرکوك لاویەتی هەژاندم . هەر چەندە خەیاڵم هەر لای خاتوزین بوو، بەڵام نازی کچە کەرکوکی دەیبزواندم . بەداوەیانەوە دەبووم . نامەمان دەگۆڕیەوە ، لە سەری کۆڵانەو بەردەمی دوکانەکانی گەڕەگ چاوەڕوانم دەکردن و بە زەردەخەنە پێشوازیم دەکردن . هەندێ جار دیاریشمان دەگۆڕیەوە .

(٣)

پۆلی دووەمی ناوەندی لە ( موصللا ) بووم ( تازەکرابۆوە ) بوومە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان . پاش چەند مانگێ بوومە ئەندامی شار ( بۆیە لێپرسراوی یەکەمم لە بیر نەماوە ) بەڵام : شەهید علی عسکری . خوالێخۆشبوو جیهان صدیق شاوەیس . مامۆستایان شیت عزیز . محمد غریب و پیرۆت تاڵەبانی . نورالدین و

عبدالخالق عبدالرحمن . کمال و جمال رشید . داراو ئەفراسیاب مجید یاوەر. فوئاد بابان . تەها تۆفیق . پێکەوە کارمان دەکرد . پەیوەندی دۆستایەتی هەندێکمان ئەوەندە توند بوو ، لە ماڵی یەکتری دەمانخواردو دەماننووسی و دەنووستین.. جیهان صدیق ، چەند مانگێ، لە ژووری منا دەنووست و پێکەوە دەژیاین!.. هەر لەم ناوەندیە، دۆستایەتیم لەگەڵ شیوعیەکی عەرەبی رەشتاڵەی خوێن شیرین پەیداکرد . کە لە دواییدا فاضل گلۆ العزاوی شاعیری لێدەرچوو..

ناوەندی موسەڵا تازەکرابۆوە . مامۆستای کەم بوو . لە بەرئەوە پشتیان بە مامۆستای سەرەتایی و بێگانە بەستبوو، مامۆستای عەرەبیمان میسریەکی ( ئیخوان مسلمین ) بوو چالاك و وشیاربوو . بیری رامیاری دەبزواندین ، زۆربەی نموونەی (دەستووری زمان و هەڵبەستەکانی ) نیشتمانی و سیاسی بوون ، بۆیە.. خۆشم دەویست و هەندێ جاریش پەلارمان لە داگیرکەر دەگرت .

کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی ( مطالعه ) پەخشانێکی جوانی لە سەر سەربەستی ( الحریه ) تێدا بوو . کە نۆرەی خوێندنەوەم هات .. بە دەنگی زوڵاڵ و بە شێوەی (خطبه) دەستم پێکرد .. دەنگی بەرزم لە حەوشەش دەنگی دەدایەوە .. هەر قوتابیە ( پەرەگراف ) ێکی دەخوێندەوە ، من .. هەموو پەخشانەکەم تەواو کرد .. نەك هەر ئافەرین، چەپڵەشیان بۆ کوتام .. کە پشوو هات و چوینە دەرەوە ، دەستی خستە سەرشانم و سوپاسی کردم بە زەردەخەنەوە وتی: وشیاربە.. بروا بە پیاوانی ئیستعمار مەکە.. ئەوانە مانای ئازادی نازانن . ، ژیرانە کار بکە.. تا وڵات ئازاد دەبێ .

مامۆستای( ئاین ) کورد بوو ، ناوی یونس بوو ( مامۆستای سەرەتایی بوو ، لە گەرەکەکەمان بە یونسە شێت ناسرا بوو ) زۆربەی رۆژ وانەکەی بە ( تورکمانی ) دەوتەوە ( من و هەندێ کورد و عەرەبیش هەرەمان لە برەی نەدەکرد) هەندێ جار دەستم هەڵدەبری ئاگادارم دەکرد کە تێناگەم .. بۆ چەند ساتێ دەیکردە عەرەبی و

چەند رستەیەکی کوردی تێدەخست دەگەڕایەوە سەر تورکمانیەکە .. تومەز لە قوتابخانە سەرەتایەکانەوە دەمی راهاتبوو بە عەرەبی بۆی نەدەوترایەوە .. هەموو وانەیەك هەڵدەستام و بە بیرم دەهێنایەوە و چاری نەبوو .. رۆژێ باسی محەمەدی ( د.خ ) دەکرد وتی : ( پێغەمبەرە فەندمز ) منیش بۆ بەهۆش هێنانەوەی دەستم هەڵبڕی و پرسیم : بۆ پێغەمبەر ئەفەندی بوو؟! سترە و پانتۆڵی لە بەرا بوو !؟

قوتابیەکان دایانە قاقای پێکەنین . مامۆستا تورە بوو .. دەریکردم .. بۆ سزاش ناردمیە لای بەڕێوەبەر .. کە رووداوەکەم بۆ بەڕێوەبەر گێڕایەوە .. ئەویش زەردەخەنەی هاتێ .. سزای نەدام ! !

ئەوسا ، هەرچی نیشتمانپەروەر بوایا ، حکومەت پێیدەووت ( شیوعی ) بۆیە لە حیزبەکانیتر بەناوبانگتر بوو . دوای ئەمان ، تۆرانیەکان دەهاتن و بە ئاشکرا قسەیان دەکردو لاوەکانیان باجی ( ئەتاتورکیان ) لە سینگ دەداو وێنەکەیان لەماڵەکاندا هەڵدەواسی و حکومەتیش بێدەنگ بوو. ئینجا ئێمەی پارتی دەهاتین. (اخوان المسلمین) یش چالاکیان دەنواند . ئەرمەنەکان دوو رێکخراویان هەبوو : نەتەوەیەکیان ( طاشناق ) یان پێدەوترا ( بۆشناق )یش چەپڕەو بوو ..ئەمانە ،بە پێی توانایان چالاکیان هەبوو، بڵاوکراوەیان دەردەچوو. لەو ماوەیەدا، حیزبەکان لە بەینی خۆشیانا رێکنەبوونایا شەڕیان نەدەکرد ، راپۆرتیان دژی یەکتری نەدەنووسی .

بە پێی نزیکم لە سەرکردایەتی ، شتی زۆرم پێدەگەیشت و زانیاریم لە هاوەڵەکانم پتر بوو . باریشم قورستر بوو. جگە لە چالاکیەکانی خۆم وپەیدا کردنی ئەندامی نوێ . هاتوچۆی ماڵی حیزبیشم دەکرد . اسماعیل فەلاحی تێکۆشەر و ماندوونەناس وا باسی ئەوسام دەکا :

( لە سەر داوای کاکی کاکان ، لە گەرەکی شۆریجە ، خانوێکی گەورەمان بۆ خۆم وصالح شیرە گرت، تایپو رۆنیوکەمان لە ژێرزەمین داناو (کاك همزە عبداللە)ش هەر لەوێ دەژیاوشتی دەنووسی .

چاپدەکرا . کاکە دەبابە دەیبرد . هەندێ جاریش کاکە مەم ( خوارزای کاك عمر ) بە پاسکیل دەهات و بڵاو کراوەم دەدایێ . بەڵام نازانم بۆ کوێی دەبرد )..

لەو ماوەیەدا : خولیای خوێندنەوەی کتێبی : سیاسی ، فەلسەفی ، مێژووی کورد ، ئەدەبی ، لە سەری دام . هەرچیەکم بەر دەستکەوتایا ، دەم خوێندەوە و رستە جوانەکانم ئەزبەردەکرد . لەگەڵ هاوەڵانم کتێب و گۆڤارم دەگۆڕیەوە. ژین و هەتاو و هیوام دەکڕی . ئەگەر پارەشم نەبوایە ، لە مەکتەبەکانا ، بە پێوە دەوەستام ، وتارە گرینگەکان و بەرهەمی نووسەرە ناودارەکانم ورد دەخوێندەوە . هەرچی لەسەر سۆڤیەت بنوسرایا هاوێرم نەدەکرد . جاروباریش دەستم دەدایە قەڵەم و شتم دەنووسی و هەر زوو دەمدڕاند. چونکە خۆم گەلێ بە بچوکتر دەزانی لەو بەرهەم و ناوانەی لەسەر گۆڤارەکانا ناویانم دەدی . بەتایبەتی ئەوانەی شارەزای خەبات و تێکۆشانیان بووم . بەڵام دەرەقەتی ئەو نووسینانە دەهاتم کە لە گۆڤاری نهێنی قوتابیان یان بڵاوکراوەکانا دەمنووسی .

خەباتی ئەوسای قوتابیان پڕ مەترسی بوو. وەك حیزبایەتی تەماشا دەکراو گرتن و لێدانی تێدا بوو . شتت لە دەستبگیرایا زیندانی دەکرای . چالاکیەکانمان شاکارو خۆشبوو . کە رەنگە خوێنەری ئێستا بەهەندی هەڵنەگرێ . چونکە لەم ماوەیەدا زۆر شت گۆڕاوە، پێوانەکان شڵەژاوە ، خەباتی سیاسیش کەوڵێکی تری لەبەرایا .. کاری سەرەکیمان ، کۆکردنەوەی خوێندکارو رێکخستنیان بوو ، بیروباوەڕی کوردایەتیمان تێدەگەیاندن . فێرمان دەکردن ، نەترسن ، بپرسن . رووداو شیکەنەوە . پرسیاری سەرەکیمان ئەوەبوو ، کە لە کەرکووکێکی کوردا ، بۆ بە کوردی ناخوێنین؟ بۆ کوردستان پارچە پارچە کراوە؟ بۆ حکومەتمان نییە؟ بۆ دەبێ یەکێتیی قوتابیان قەدەغە بێ؟.. پاڵمان پێوە دەنان فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بن . کتێب و گۆڤاری کوردی بکڕن . بە کوردی قسە بکەن . لە ئاهەنگ و سەیرانا جلی کوردی لەبەرکەن!..

پەیوەندیمان بە دوکانداره کوردەکانەوە دەکرد، کۆگاکانیان بە کوردی بنووسن یان ناوی کوردی لێنێن!.. کە لە چایخانەکانا دادەنیشتین بە دەنگی بەرز باسی کوردو کوردستانمان دەکرد تا بە گوێی دانیشتوان ئاشنابێ . جاسوس و سیخورو موعتەمیدەکان بە دەورمانا دەهاتن ، سەیریان دەکردین ، لەبەینی خۆمانا لە باتی ( السلام علیکم ) (رۆژباش . ئەم کاتەت باش . نیوەڕۆت باش.. )مان بەکار دەهێناو ببوە سیمای ( کوردایەتی ) حیزبەکانی تر پێیان ناخۆش بوو . هەر لە دوورەوە دەیان ووت : جەماعەتی رۆژباش هاتن سەرو دڵمان بگرن!.. کە رۆژباشمان لە شیوعیە لاوەکان دەکرد ، بۆ گاڵتە پێکردن وەلامیان دەدایەوە : ( عەنتەر ناش! ! پاشەو پاش! )

ماوەیەك بوو ، شەوان ، حکومەت راوی گومانلێکراوانی دەکردو لە بەندیخانەیان دەئاخنین.. ئاگاداریمان بۆ دەرچوو، ئەوانەی لە خۆیان دەترسن ، خۆیان بشارنەوەو بەردەست نەکەون . وا بڵاو بوو، شانەیەکی شوعیەکان گیراوە هەندێکیان روخاون و قسەیان کردووە . ابراهیم ئەحمەد . عومەر دەبابە خۆیان شاردەوە . بەلام من ( صحیفه الاعمال )م نەبوو ، لە خۆم نەدەترسام . بەیانیەکی هەینی چومە لای حمید باتاسی ( ژنی نەهێنابوو ، بە زوگورتیش شەهید بوو)و کەوتینە قسەو دەنگو باس .. دەستی چەپی بەسرابۆوە . بەسەرسامیەوە پرسیم.. ئەویش دەستی بە سمێڵی زلیا هێنا (پێکەنینێکی تایبەتی هەبوو ) وتی: سەرکەوتم!.. ئیتر پێینە دەویست پرسیاری تری لێبکەم رووداوەکەی بۆ گێڕامەوە : چەند رۆژێکە زۆر ماندووم . زۆر بیر دەکەمەوە . دەزانی پیاو بمرێ باشترە لەوەی لە ژێر ئازارا ناوی هەڤاڵەکانی بێنێ؟.. چۆن رووی دێ سەیری خەڵکی بکا؟.. کورە زۆر ناخۆشە پیاو بکەوێ!.. توخوا مردن خۆشتر نییە؟.. ئێوارە چوومە ماڵەوە هەر بەو خەیاڵەوە تۆزێ رەژووم گەشاندەوەو قۆریە چام خستە سەرو بیرم کردەوە.. لە پڕ . بە خەیاڵما هات خۆم تاقی بکەمەوە .. بزانم ئازار چیم لێدەکات.. دەزانی چیم کرد؟.. پشکۆیەکی گەورەی گەشاوەم بەم دوو پەنجەیە

هەلگرت ( هەردوو پەنجە سوتانی پێوە دیار بوو ) خستمە سەر لەپی دەستی چەپم .. ئازاری دام .. ئازار ناخۆش بوو.. تا پشکۆکە بە پێستما دەچزاو بۆ نکروزی هەڵدەستان ، پتر دەیەشا.. منیش پتر فوم لە پشکۆکە دەکردو دەگەشایەوە.. تا ئەو وەرس بوو . کوژایەوە ئیتر پەڵەیەکی گەورەی سوتاند..ئەو شەوە لە ئازاری خەوم لێنەکەوت . بەلام توانیم بەرگەی ئازارەکە بگرم .. نەهاوارم کرد .. نە فرمێسك لە چاوم هاتە خوارەوە ! .

(٤)

کەرکووك شارێکی تەڵەسماوییە. قەڵایشکۆدار ئەفسانەکەیەتی سەدەها ، هەزارەها ساڵە ، دەستە خەڵکی بەرپێدەکاو لە ژێر خۆی دەئاخنێ و خۆی هەر ماوە !.. ئەوسا ،کوردو تورکمان لە قەڵا تێکەڵ بوون . چەند ماڵە دیانێکی چوار دەوری ( دانیاڵ ) پێغەمبەر لە گەڵیانا هاوبەش بوون . کۆڵانە تەسك و تەنگژەکانی ، دیواری خواروخێچ، خانوی تۆزی مێژوو لەسەر نیشتووی ، بەناو یەکا چووی، کون و کەلەبەری نادیاری قەڵا بوو . چڵکاوی ماڵان ، کۆڵانە چیمەنتۆ کراوەکانی دوولەت کردبوو . هەر بەو ئاوە دەزانرا ، کێ کوڵ دەکا ، حەوشە دەشوا ، حەمامی داخستووە.. دەرگای ماڵان داخرابوون ، ئەوانەی دەشکرایەوە پەردەی پیا هەڵواسرابوو. بێدەنگیەکی سەیر لە قەڵا هەبوو، وەك دەمی منالەکانیشیان دروبێ وابوو . هەرزەکارو دڵدارەکان ، بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد یان بەدەم فیکەیان لێدەدا.. بۆ ئەوەی کچ و کاڵان لە دەرزی دەرگا پەردە ، پەنجەرەوە سەیریان بکەن . زەردەخەنەیەکیان تێگرن . دڵدارەکان ، چەندجارێ دەهاتن و دەچوون ، ئاوڕیان دەدایەوە.. تا بە پەنجە و دەست ماچێکیان دەناردو وەریان دەگرتەوە یان نامەیێ ، دیاریەکیان دەگەیاندە دەست یار .. ئای چەند شووشە بۆن ،هەڵدراوەتە سەریان

و پێیان نەگێڕاوەتەوەو شکاوە ، بۆتە هەراو لێدان.. بە درێژی زەمەن ، دڵداری لەم قەڵایە قەدەغە بووە.. سونەتی ئافرەت باو بووە. دووانی کوڕی دراوسێش سزای لە دوا بووە . عەباو پەچە باوبووە . کچی مامۆستاو فەرمانبەرە سەربەستەکان ، بێ پەچە ، عەبایان دەپۆشی و بەر تانەو توانجی پیرێژنان دەکەوتن .

گەڕەکەکانی خوار قەڵا ، دابەش بوو بوو . زۆربەی دانیشتوانی گەڕەکێ یەك نەتەوە بوو. گەرەکەکانی: امام قاسم ، اخی حسین ، بەرتەکیە ، پیریادی ، شۆریجە ، تەپەی مەلا عبدالله ، ئیسکانی کۆن..زۆربەیان کورد بوون ، تەکیەی بەرزنجەی قەرەچێوار و تاڵەبانی و خادم السجادە یان بە خۆوە گرتبوو . بەپێی سەرژمێری دەوڵەت لە ٥٢٪ ی ناو شاری کەرکووك کورد بوون . هەر لە جووت قاوەخانەی بازاڕی بەری قەڵاوە ، گەڕەکی بۆلاق و موصلی.. زۆربەی تورکمان بوون و چەندەها گۆڕی شێخ و موشایەخی لێ بوو!.. خاسەی بە هاوین و پایزانی وشك و برینگ، بە زستان و بەهاران ئاودار و جۆگەی بەردەوام.. لەو دیمەنانە بوو کە لەیەکەم رۆژەوە سەرنجی راکێشابووم! تاکە پردە پشتکۆماوە تەسك و تروسکەکەی سەری بە بەرد و گەچ و قسڵ دروست کرابوو ، هەردوو بەری بەیەکەوە دەبەستەوە ( وەك پردی دەلالی شاری زاخۆ ) چەند تاقێکی کۆماوەی هەبوو . جگە لە سەڵتە زەلام ، عارەبانەی ئەسپی و ئۆتۆمبیلی بەسەرا دەڕۆی، بەلام لەبەر تەسکی هەر جارە لایەکیان دەکرایەوە . پردەکە رێگای دەمی دەرگای قەڵای بە قۆریەوە بەستبۆوە..

دەرگای سەرای کۆن کەوتبووە ئەو بەرەوە . سەرا بینایەکی گەورەی دیوار ئەستووری داخراوبوو . ئیدارەی کۆنی دەوڵەتی عوسمانی دروستی کردبوو . لە سەرەتای پەنجاکانەوە کرابووە بەڕێوەبەرێتی پۆلیس و ئەمن ( تەحقیقاتی جینائی ) . نهۆمی خوارەوەی ، ژوور ژووری گەورە بوو، بۆ تەویلە دروستکرابوون . چەند ژوورێ هەر بە ئاخوڕی مابوونەوە ، ئەسپی پۆلیسی سوارەی

لێدەبەسرایەوە . ئەوانیتر پاککرابوونەوە بوو بوونە : جبەخانەو مەخزەن و بەندیخانە . نهۆمی یەکەمی دەست و دائیرەی پۆلیس و ئەمنی تێدا بوو . لە خوار پردەکەوە، سینەمای ( غازی ) لە تەنیشت مزگەوتەکەوە دروست کرابوو . هەراو مقۆمقۆیەکی زۆری لەسەر کرا بوو . مەلاو شێخ و سەیدەکان بە توندی دژی وەستابوون ( چۆن ماڵی خواو سینەمای کافران لە تەنیشت یەکەوە دەبن؟!)( مەجیدیە باغچەسی ) لایەکی کەوتبووە نزیك پۆلیسخانەو چایخانەیەکی گەورەی لێکرابوو . بە زۆری فەرمانبەرە گەورەکان لێی دادەنیشتن . لایەکەی تری نزیك ( موتەسەرفیەت ) بوو . یانەی فەرمانبەرانی لێ قووت کرابووە . حەریقەکە ئەوەندە گەورە بوو ، ئەو دوو بینایەی پێوە دیار نەبوو . حامیەی کۆنی عوسمانی کرابووە بارەگای ( فرقەی دوو )ی سوپای عێراقی و پشتیشی بە پشتی ناوەندی مەشقی سەربازیەوە بوو ( مرکز تدریب ) ، دەکەوتەوە تەنیشت تەکیەی خانەقایەکان و ماڵی شێخ .. هەردوو سینەما ( حمرا ) و ( علمین ) لە دەوری بازارو شاطرلوو بوون . مزگەوتیش بەناو شارا بڵاو بوو . بازاری قۆریە ، لە بازاری قەڵا گەورەترو تازەتر بوو . شەقام و کۆڵانەکانی گەورەترو رێکتر بوون . بەڵام بازاڕی کوتاڵ و بازرگانی کەمتر بوو .

باخی ( ام الربیعین ) و یانەی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت ، کەوتبووە سەر رێگای هەولێر . گەڕەکی ئەوبەر ، بە (شاطرلو) و ( چای ) یەوە.. زۆرینەی تورکمان بوون ، هەروەها گەڕەکەکانی دەوری بازاری قۆریەتا ( گاورباغی ) . بەڵام رازەی کوردو دیان پتر بوون لە چاو ئەو بەرەوە . بە تایبەتی گەڕەکە تازەکان تورکمانی کەم بوو . گوندی ( تسعین ) کە دەکەوتە سەر رێگای وێستگەی شەمەنەفەری بەغدا ، هەمووی تورکمانی شیعە بوون . لە خانەوادە دیارەکانی ئەوسای تورکمان : نەوتچی و یەعقوبی بوون . عەرەب ، نەك خاوەن گەڕەك نەبوون ، لە دیانیش کەمتر بوون ، بەناو شارا بڵاوەیان کردبوو . زۆربەی فەرمانبەرانی حکومەت تورکمان بوون .

کوردی فەرمانبەر بە پلەی دووهەم دەهات . حاکمەکان کورد بوون . هەرچەندە نووسینی دائیرەکان عەرەبی بوون ، بەڵام بەکوردی و تورکمانی یەکتریان دەدواند .. من لە ناوەڕاستی پەنجاکانا کەرکووکم وا هاتە بەرچاو.

(٥)

ساڵی سێیەمم لە ناوەندی ( الشرقیە ) تەواو کرد کە کەوتبووە نزیك شەقامی ( اطلس )یانی هەرسێ ناوەندیەکانی ئەوسای کەرکووکم کرد . ئەم گۆڕانە بۆ چالاکی ناسینی خوێندکاران باش بوو. بە تایبەتی بۆ من کە قسەم لەگەڵ خەڵکا خۆش بوو ، حەزم لە تورە بوونی خەڵك و شەڕ نەدەکرد . دۆستایەتیم دەبووە هۆی پێناسینی یەکێتیی قوتابیان بە خوێندکارە کوردەکان . بەڵام تا دەهات تۆوی نائارامی و خۆڕانەگرتن لە گیانما شین دەبوو . ڕەنگە ئەوەش، وەك کارێکی دەروونی ، بگەڕێتەوە سەر ژیانی منداڵیم و جێگا بە خۆنەگرتنی باوکی ڕەحمەتیم . پاش وەفاتی ئەویش من : کۆیەو سلێمانی ( چوار گەڕەك ) و کەرکووکم کرد!.. ئەم نائارامیە نەك هەر لە خوێندن ، بەڵکو لە ژیانی زانکۆو فەرمانبەری و پێشمەرگایەتی و کۆمەڵایەتیشم ڕەنگی دایەوە. چەند هێزو بەتالیۆن و سەنگەرم کرد . چەند شارو شارۆچکەو گەڕەکم کرد . ئەوەی لە منداڵیەوە پێی گۆشکرام و تا ئەم ساتە نەگۆڕاوە ( کوردایەتیەکی پێشکەوتوو خوازە ) لە پێناویا تاڵ و سوێریم چێشت . هەست بە ئارام نەکردن . دابین نەبوون . ئیستقرار .. کارێکی تاڵە . تا دوای ژن هێنان و منداڵیش بەم دەردە تلاومەتەوە . هەر هیچ نەبێ ، دوو — سێ ساڵ جارێ خانووێ دەکەم .

بە درێژی ئەم ماوەیە ، مامە عەبدوللام نەدی ( کەباوکی خاتوزین بوو ) مامە نەدیم هاتە کەرکوك و لە قەلا خانووێکی گرت و هەفتەی جارێ سەرم لێدەدان . پورە فەتحیەم ( کە سەرپەرشتی

نەنكیشمی دەكرد ) لە پشووی هاویندا دەدی . بە هۆی ئەوانەوە كەوتمە كاغەز نووسین بۆ مامە عەبدوللام و ئەویش وەلامی دەدامەوە. بەلام بە چاك و بە خراپ باسی خاتوزینم نەدەكرد .

لە دوا سالی ناوەندیم گۆرانی بە پەلە بەسەر ژیانما دەهات و بەرەو یەكالاكردنەوەی كارو كردارو بیر.. دەچووم . لە خوێندنەوە بەردەوام بووم و ووردتر سەرنجی دارشتن و شیكردنەوەی نووسین و باسەكانم دەدا . فێری خوێندنەوەی گۆڤارە عەرەبیەكانی لوبنان و میسر بووم ، بەتایبەتی ( اداب ) جاروبار لاسایی نووسرە دیارەكانم دەكردەوە . بەلام هەر زوو هەستم بە جیاوازیەكە دەكرد . لای من ئەدەبی سەركەوتوو ، قەلایەكی سیحراوییە ،كەس بەئاسانی نایگاتێ. هەرچی سمێلیشی سوور بوو هەمزە ئاغا نییە.

لەو دەورەیا شانازیم بە لاویەتی خۆمەوە دەكرد. حەزم لە گەنجایەتی و دلداری بوو . رەوتی هەموو شۆخێ دایدەخورپاندم . گۆرانی كاسی دەكردم . سەرنجی لەش و لاری كچانی گەرەكم دەدا . هەرچەندە ، هاتوو چۆم بەبەر دەمی ئامادەیی كچانا بوو.. بەلام ، وەك هاوەلە لاوەكانم ، نەمدەوێرا شەرپیان پێبفرۆشم، قسەی بە تێكۆلیان تێگرم.. چونكە بیرو كرداری سیاسیانە زوو بە هۆشی دەهێنامەوە ! لەبەر هەلبەستی نیشمانی نەدەپەرژامە سەر دلداری.. نامەی دلداریم پێ نەدەنوسرا.. لە سەرەتایا نەمدەزانی چۆن موفاتەحەی كچ دەكرێ. چ بلێی باشە !.. دایكیشم زوو زوو خاتوزینی بە بیر دەهێنامەوە . حەزیشی دەكرد خەونی باوكم و مامم بێتە دی .

خوێندن و سیاسەت و چالاكی قوتابیان ماوەیەكی زۆریان لێگرتبووم . بۆیە وەك ئەدیب دۆستانی تر كەمتر دەپەرژامە سەر خوێندنەوە . چەندەها جار هەلبەستە نیشتمانیەكانی حاجی قادرو دلدارو بێكەس.. م دەخوێندەوە ، خۆم كەم لە هەلبەستی خانی و جزیری و مەولەوی و نالی.. دەدا . دەستم لە نووسینیش هەلنەگرتبوو . ئەوانەی زۆرم را لێبوایا نیشانی خالید دلێرم دەدا . بۆی چاكدەكردمەوە .بەلام هەر نەم دەوێرا بۆ بلاوكردنەوەی بنێرم..

لەبەر ئەوەی خوێندنی سەرەتایم لە هەرتەل و کۆیەو سلێمانی بە کوردی بوو ، لە زمانی عەرەبی باش نەبووم. تا ئێستاش بە دەست ( ال ) و نێرو مێ وە زەلالەتمە . بۆیە ، هەوڵمدەدا عەرەبیەکەم تۆزێ باش کەم . هەرچیم دەخوێندەوە تێیدەگەیشتم و بە کوردی دەموتەوە . بەڵام کەمجار دەمتوانی بە عەرەبی دووبارەی بکەمەوە . جا ، ئەدەب بە عەرەبی نووسین، هەر زەحمەت بوو . کە دەردی خۆم بۆ مامۆستایان : جمال نەبەزو مارف خەزنەدار دەگێڕایەوە ، ئەوان رایان پێچەوانە بوو. لایان وابوو خۆم دەترسێنم! بەڵام لە ناخا، هەر خۆم بە راست دەزانی . بۆیە تائێستا لە ٣-٤ نووسینی کورتی عەرەبی هیچی ترم نییە . لە زمانا ئەوەندە دەبەنگ بووم، بەهەزار حاڵ لە عەرەبی و ئینگلیزی دەردەچووم . لە کەرکووکا ، فێری تورکمانی نەبووم . تێدەگەیشتم ، نەمدەتوانی قسەی پێبکەم . بەڵام لە ( ریاضیات ) دەرکەوتێکی سەیری کەرکووک بووم ، بە نموونە دەهێنرامەوە .

مەسەلەی تورکمانی .. جگە لەوەی لە گەڕەکی کوردان بووم و پێویستم بە تورکمانی نەبوو . ئەوان مستەفا کمال ئەتاتورکیان خۆشدەویست ، منیش بە بابە کوشتەی کوردم دەزانی . بەسەر شارەکانی تورکیایان هەڵدەدا ، کە ئێمە بە زیندانی کوردانمان دەزانی . هەتا ئەستەمبولیشم لەبەرچاو کەوتبوو! بۆیە ، خۆم لەبەرهەمی ئەدەبی تورکە پێشکەوتووخوازەکانیش دوور دەخستەوە. بەڵام بۆ ئەدەبی عەرەبی و فارسی وانەبووم!

خوێندکارە کوردەکان ، بەگشتی ، ئاشنایمان لەگەڵ مەکتەبەی بێکەسی مامۆستا عمر بێکەس هەبوو ، کە دەکەوتە نزیك ( انضباط ) خانە . هەر لەوێ یەکترمان دەدی. هەندێ فسکە فسکیشمان دەکرد. گۆڤارو رۆژنامەکانمان دەخوێندەوە، راسپاردەشمان بەجێ دەهێشت. هەر لەوێشدا شاعیر و مێژوونووس ( عوسمان عوزێری شەهید ) و ( محیەدین زەنگەنەم ) ناسی و دۆستایەتیمان پەرەی سەند . باسی دنیای ئەدەب و سیاسەتمان دەکرد . لەبەر لا چەپی ، کەممان

سەرمان لە مەکتەبەی ( عصریە ) کە لەپێشا بە ( تورقی ) دەناسرا ، دەدا ، مامۆستا محمد امین عصریش لەگەڵ لاوانا سەری خۆشنە بوو، بەم بۆنەیەوە نابێ دەوری دوکانی ( نەریمان ساحێبقران ) فەرامۆش بکەین کەرووناکبیرانیکوردی کەرکووکی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە.

یەکێتی بارەگای نەبوو . کۆبونەوەکانمان لە ماڵی هاورێیان ، بە پیاسە.. دەکرد.. چەند ژمارەیێ گۆڤارمان بە دەست نووسیەوە و بڵاومانکردەوە ( وەك لە بیرم مابێ ناوی ئامانجی قوتابیان بوو ) سکرتاریەتمان چالاکیان کەم بوو . بەیان و بڵاوکراوەو گۆڤار ( کە لە تایپ و رۆنیۆی حیزب دەکرا )مان پێبگەیشتایا ، لە خۆشیا شەویش بوایا ، بڵاومان دەکردەوەو دەمانخوێندەوە .. لە شانەکانمانا پتر باسی کورد دەکرا . بەتایبەتی شۆرشەکان و هۆی کەوتنیان .. هەموو خراپەکانمان دەخستە ئەستۆی ئیمپریالیزمی بەریتانی و عەیب و عارو غەشمان لە سەرکردەکانی خۆمان نەدەدی!! ئەمەش رەنگدانەوەی خراپ بوو . کاریکردە سەر بیرمان کە عەیبی خۆمان نەبینین و نەگەرێین بە شوێن هۆیە سەرەکیەکانا.. ئەم حاڵە چەند سالێکی لە ژیانی سیاسیم بە فیرۆ دا . تا بە هۆش هاتمەوە و بە بۆچوونەکانی خۆما چوومەوە ، مەسەلەکانم بە هەموو سەرەکانا هەڵدەسەنگاندو بە پێی ئاستی بیرکردنەوەم دەگەیشتمە ئەنجام . کە هەندێکیان لەگەڵ بۆچوونی سەرکردایەتیم نەدەگونجا .

لەم ماوەیەدا گرتن زۆر بوو ، لە بەندیخانە لێدان و داخکردن و بە پانکە هەڵواسین و نینۆك دەرهێنان هەبوو . ابراهیم احمد و عمر دەبابە خۆیان وەدەرنەدەخست و چالاکیان کەم کردبۆوە . من و سلێمان کارە سەرپێیەکانمان بۆ دەکردن . لەگەڵ ئەوەشدا کاری خۆم دەکرد . لەگەڵ ( جیهان صدیق شاوەیس )دا شارەزای فەلسەفەی مارکس بووین . نامیلکە بچوکەکانی ( بێروت )مان بە ووردی دەخوێندەوە ، بۆ یەکترمان دەگێرایەوە ( جیهان ) خۆش مەشرەب بوو ، حەزی لە قسە بوو . قسەی نەستەق و بەندی زۆری لەبەر بوو ، نەك هەر حەزی لە ئەدەب بوو ، شیعریشی دادەنا . دڵدار

بوو. منیشی فێری دڵداری و عیشق و نامەنووسین کرد ، شارەزایم لەفەلسەفەی مادی دایلێکتیك پەیدا کرد. تا لە چەپڕەوەکانی حیزبا خۆم دۆزیەوە، بەڵام هیچ ڕۆژێ‌و تا ئێستاش حەزم لە ( تکتل ) نەکردووە. هەر ئەوەش وایکرد، دۆستایەتی لەگەڵ زۆر خەڵکا بکەم. فاضل العزاوی‌و محی الدین زەنگەنە، لە هاوڕێ نزیکەکانم بوون. لەرێ ئەوانیش کۆمەڵی ئەدیبی لاوم ناسی: انور محمد (الغسانی) مؤید الراوی. یوسف الحیدری. جلیل القیس.. پەیوەندیم لەگەڵا پەیدا کردن کە لە ئەدەبی عەرەبی عێراقی بەشەپۆلی شەستەکان ناسراون.

بەبۆنەی یادی یەکێتیی قوتابیان بڕیاری دیوار نووسینماندا. جیهان‌و من گەرەکی ( بۆلاق ) مان بەرکەوت‌و دروشمەکان : بژی یادی یەکێتیی. لێبوردنی گشتی بۆ برا بارزانیەکان (ئەوسا، خوالێخۆشبوو شێخ احمدی بارزانی‌و هەندێ لە عەشیرەتەکەی لە باشووری عێراقا دەست بەسەر بوون). بژی کوردو کوردستان. بروخێ ئیمپریالیزم‌و نۆکەرانی.. بوون. پاش نوێژی عیشا بەدرەنگەوە(خەڵکی کەم دەچوونە دەرەوە) بەنۆرە دیوار نووسینمان دەستپێکرد.. نیوەی گەڕەکمان تەواو کرد، جیهان دەنگی دام و رایکرد . منیش قوتووە بۆیاخ و فڵچەم لە پەنا دیوارێ داناو رامکردو چەکدارەکە بە دواما . خۆم بە کۆلانێکی دەرنەچوودا کرد . رۆح لەجێگایەکی قایم بوو، دەرنەدەچوو. لەبەر ئەوەی یەکەمجارم بوو کاری وا بکەم زۆر شڵەژام . کە چەکدارەکە نزیك بۆوە، پاسەوان بوو. ترسم کەمتر بۆوە، رووم کرایەوە. لێم ورد بۆوە، لەدز نەدەچووم، دواندمی. کە بۆیاخی دەستی دیتم زانی دیوار نووسینە. نووسینەکانی سەر دیوارەکەم بۆ خوێندەوە، بەریدام. کە گەیشتمە ماڵەوە، هەموو حەپەسان. جیهان ئاگاداری کردبوون کە گیراوم. بۆ بەیانی چوومەوە، هەر بە فڵچەو بۆیاخەکەی خۆمان دروشمەکانی کوژاندبۆوە !

هەژدە ساڵیم تەواو کرد ، پاڵێوراویەتی و ئەندامیەتیم لە پارتیدا زۆری نەخایاند ، لە شانەیەکی خالید دلێرا ئەندام بووم .

ئەوسا ( دلێر )، لە کۆمپانیای نەوت کاری دەکرد ( زێبا )ی خوشکی ( کە لە دوایدا بووە خێزانی جلال عبدالرحمنی نەمر ) ، شەهیدی سەرکردەی کۆمەڵە ( جعفر عبدالواحیدی برای ) لە گەڵیا دەژیان و خانوویێکیان لە کۆڵانەکانی ناو بازاڕی قۆریە و نزیك دوکانی حمید باتاسی گرتبوو . خەریکی ئەدەب و شیعر و چیرۆکی فۆلکلۆری بوو . جارجارەش حەزی لێبوایا گۆرانی دەچڕی . بیری خالید نەتەوەیی چەپڕەو بوو . لێپرسراوێکی دڵسۆزو وردەکار بوو . چی دەزانی فێری دەکردین . سەرچاوەی رووناکبیری باشی بۆ دەستنیشان دەکردین . من بە پاراستنی نهێنی گۆشکرا بووم ، تا ئێستاش بەرم نەداوە . بۆ نزیکترین کەسم نهێنیم نەدرکاندووە . هەرچی لە ماڵمان روویداوە بۆ خالیشم نەدەگێڕایەوە. کات و شوێنی کۆبوونەوە باس نەدەکرا.. جارێکیان کۆبوونەوەی هەفتانەمان کەوتبووە عەسرێکی پێنج شەمە. ئەو رۆژەش ماڵمان دەگواستەوە.. کە وەختی هات ، بێ پرس چووم . کەهاتمەوە ، ماڵ رێکخرا بوو . هەموو ماندوو شەکەت بوون . خاڵە عومەرم لە خۆ دزینەوەم پەست بوو . دەنگی دام منیش زۆر بە ساردییەوە وەڵامم دایەوە . پتر تورە بوو . چونکە لەو رۆژە چ کارێ لە ماڵ گواستنەوە گرنگتر نەبوو . شالاوی بۆ هێنام ، خۆم دەرباز کرد.. بۆ سبەینێ خالید دلێر کۆبونەوەکەی پێوتبوو . داوای لێبوردنی کرد . دەستی بەسەرا هێنام . سوپاسی کردم کە نهێنی خۆم نەدرکاندووە . چەند جارێکیش منی بە نموونە بۆ هەڤاڵانی هێنابۆوە .

پاش چەند مانگێ برامە لای مامۆستا ( عباس حسین ) کە بێدەنگ کوردایەتی دەکرد . شتی حیزبی بۆ شیدەکردینەوە.. کە یەکەم شانەم درایە دەست ، ( علی عسکری ) تێدابوو.. بۆ؟.. نایەتە بیرم .. چونکە ئێمە لەیەك ئاستا بووین.. بەڵام پاش دوو- سێ هەفتە ، کاك علی جیاکرایەوە . وەك دوایی زانیم ، راستەوخۆ پەیوەندی بە لیژنەی ناوچەوە بوو ، گرینگیەکی تایبەتیان پێدابو و. چونکە ( حەقە)کان ، زۆریان هەواداری شیوعیەکان بوون و

گەرەکیان بوو هێڵی ( علی ) لە ناو حەقەکانا بەهێز بکەن .. لەماوەیەکی کەما جێگای خۆی کردەوەو هێڵێکی پان و بەرینی دروست کرد .

لەو ماوەیەدا ، زۆر لە مامۆستا بەرێزەکان لەگەڵ منا ، یان لە شانەکانی منا کاریان کردووە ، لەوانەی لە بیرمە ( جگە لەوانەی باسم کردوون ) جلال قەرەداغی . چالاك و حمید تاڵەبانی ، رووناك محمد ، نەوزاد صدیق ، عبدالرحمن گۆمەشینی ، زێبا عبدالواحید ، دارا و ئەفراسیابی مجید یاوەر ، روشدی خضر ، جەمال ئەحمەد کە حمید عوسمانی نەمر ، بووە پارتی ، لە کەرکووك شاردرایەوە ، منیان بردە لای و شتی نوێی فێرکردم . کوردایەتیەکی شیوعیانەمان دەکرد!.. بەم جۆرە لێکدانەوەی خاڵە عمرو من بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی جیا بوو ، بەڵام هەر بە گەورەو رێنیشاندەری خۆم زانیوە . تا نەمریشی بەباڵا کێشرا ، لە قسەی دەرنەچووم .. هەموو بنەماڵەکەمان وەك ئەو کوردایەتیەکی رەسەنمان دەکرد.

## (٦)

دوانزە مانگەی ساڵی ١٩٥٦ پڕ رووداو چالاکی نەتەوایەتی ، عێراقی ، جیهانی بوو . هەندێکیان لەناو کەرکووکا رەنگی دایەوە . یان بۆ پاشەڕۆژی مەسەلەی نیشتمانی عێراقی دەوری هەبوو . وا لەم بەندە سەربەخۆیە ، گرنگیەکانی تۆمار دەکەم .

* کۆنگرەی قوتابیان و لاوانی جیهان لە ( وارشۆ ) دەگیرا . حیزب و قوتابیان بڕیاریاندا ( مام جەلال ) بچێ و هەوڵبدا ، لە یەکێتیی قوتابیانی جیهانی بە ئەندام وەربگیرێن . بە هەموومان هەندێ پارەمان کۆکردەوە.. لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کەوتنە جموجوڵ تا خوێندکارانی کورد سەربەخۆ لە ژێر دروشمی نەتەواتیمانا بەشداری بکەن . بەڵام یەکێتیی قوتابیانی عیراق دژی وەستاو بەکارێکی جیاخوازی دانا . رازی نەبوون دوو رێکخراوی

قوتابیانی ( عێراقی ! ! ) ببنە ئەندام.. تا لە دواییدا نوێنەری عێراقیان ناچار کرد لەگەڵیانا دانیشێ و بە خەستی گفتوگۆ بکەن . لە کۆتاییدا ، لەسەر هەندێ شت ڕێکەوتن . ئەوەی لە کەرکووک بە ئێمە گەیشت بریتی بوو لە :

- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ، نوێنەری خوێندکارانی لیوا کوردیەکان بن و ڕێکخراوەکەش ببێتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی عێراق .
- سکرتاریەتی یەکێتیی لە نوێنەرانی هەردوو ڕێکخراوە کۆنەکە پێک بێن و لەسەرەتا لیژنەی هاوبەش بۆ یەکگرتنەوە پێکبهێندرێ .
- خوێندکارە کوردەکانی کۆلێژەکانی بەغدا، ببنە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی عیراق و چەند نوێنەرێکیان لە سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی عێراقیدا هەبێ .
- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ، ببێتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی .

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧ و سەرەتای ١٩٥٨ ، ئاگاداری سکرتاریەتی هەردوو یەکێتیی کرا ، ئەوانیش بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیارەکە . مامۆستایان شمس الدین مفتی . فاضل سعید ئاغا. محمود عوسمان کرانە ئەندامی سکرتاریەتی ی.ق.ع. لیژنەی بەرزی کوردستانیش ئەم زاتانە بوون : نوێنەری ی.ق.ك و ی.ق.ع لە هەولێر: حیدر همزە نوێنەری ی.ق.ك لە سلێمانی : حمە چاوشین و نوێنەری ی.ق.ع یش عبداللە عزیز . نوێنەری ی.ق.ك لە کەرکووک : کاکە مەم فخری بۆتانی و نوێنەری ی.ق.ع کەرکووک . فتح اللە عزت و لە دوای ئەو عزت عوسمان هات . یەکەم کۆبوونەوەدمان لە ماڵی (طاهر مصطفی)ی خاڵم بوو . پاش یەکتر ناسین . لە دوو ڕۆژا سێ کۆبوونەوەی تێرو تەسەلمان کرد . ئەم بڕیارانەماندا :

- لیستی ناوی ئەندامانی هەردوو ڕێکخراو بە پێی شارو قوتابخانە بۆ کۆبوونەوەی ئایندە ئامادە بکرێن . بۆ ئەوەی تێکەڵ بکرێن و لێپرسراوی چالاکیان بۆ دابنرێ .

– کاکە مەم بۆتانی کرایە نوێنەری لیژنەکە بۆ پەیوەندی کردن بە نوێنەری قوتابیە کوردەکانی کۆلێژەکانی بەغدا ( ئەوسا زانکۆی بەغدا دانەمەزرابوو ) .
– لە کۆبوونەوەی دووهەما کە هەر لە هەمان جێگا گیرا ، لیستەی ناوەکان ئامادەکرابوون ، بەڵام لە کەرکووکا ئەوەندە لێك ئەمین نەبووین یەکیان بخەین .
* شەوی ۱۰/۹ تشرینی یەکەمی ۱۹۵٦ ئەستێرەیەکی پرشنگدار و یەکەم مەلیکی کوردستان خاوەن شکۆ محمود لە بەغدا ئەمری خوای کرد . هەر خەبەرەکە گەیشتە کەرکووك جەماوەری شار شەقڕا . عەشیرەتە کوردەکان ئامادەبوون . پیاوە ماقوڵانی تورکمان پەیوەندیان بەسەرانی کوردەوە کرد . شانەکانی حیزب و قوتابیان ئامادەکران . سەر شەقامەکان پڕ لە خەڵك بوون . تەرمەکە لەدەرەوەی شار پێشوازی کرا .. چاو بە فرمێسك و هەناسە ساردەکان بابە ڕۆیان بوو . زۆربەی کاربەدەستانی دەوڵەت لە پێشوازیا وەستابوون . پۆلیس بە ( دۆنکی )یەوە دەهاتن و دەچوون. دەرویش دەفیان دەکوتا . شار بە جۆرێ شڵەژابوو تەرمەکە بە زەحمەت تێدەپەڕی. تا لە شار دەرچوو جەماوەری بە دواوەی بوو . لە گەڕانەوەی خەڵکا جۆرە خۆپیشاندانێکی پێوە دیار بوو .
* هەر لە سەرەتای ئەم ساڵەدا، هەست بە جۆرە سەربەستیەك دەکرا . حکومەتی عیراق زەبرو زەنگی کەم کردبۆوە. حیزبە سیاسیە نهێنیەکان چالاکانە تر دەبزوتن . (انصار السلام) کە حیزبی شیوعی عیراقی سەرپەشتی دەکرد ، بە شێوەیەکی ئاشکرا کاری دەکرد . لە سەرەتادا ، کۆترە ئاشتیەکەی ( بیکاسۆ )ی هونەرمەند ، ( کە لە زیوو زەرد دروستکرا بوون ) بە دزیەوە هەڵدەگیرا . پاش چەند مانگێك ترس شکاو بە ئاشکرا بە سینگ و بەرۆکەوە دەکرا . دەزگای ئەمن چاودێریان دەکردو دەستیان بۆ کەس نەدەبرد . سەرکردایەتی شیوعی و پارتی لە ژێر ئەو دروشمەیا چالاکیان دەنواند . لە

هەموویان گورچتر کوڕانی خوالێخۆشبوو ( کاکەی حاجی محمود ) مجید و نوزاد و دلشاد بوون .
لیژنەی ( انصار السلام )ی کەرکووک نهێنی بو و. چونکە زۆربەی ئەندام و لایەنگرانی شیوعی تێدابوو. ئەم پارتیانەی لە لیژنەکە بوون: ابراهیم احمد و عمر دەبابەو حمید باتاسی.. بوون . ڕووی ڕاستی حیزبەکەیان دەردەخست و ئەو پڕوپاگەندەیان رەت دەکردەوە کە گوایا ، نەتەوە پەرستێکی گۆشەگیرن! یان کە هەندێ لە شیوعیەکان دەیانووت : ( پارتی پیاوی ئینگلیزو ئەمەریکایە ! ! )
* بەرەی نیشتمانی لە بەغدا لە حیزبی استقلال . وطنی دیمقراطی . شیوعی. بعث پێك هات . سەرکردایەتی پارتی زۆری هەولدا، وەرنەگیرا. چونکە حیزبە نەتەوەییە عەرەبیەکان رازی نەبوون!.. ئەوەش لەبەر دوو هۆی سەرەکی بوو : ئەوان ( تائێستاش ) دان بە بوونی کوردستان وەك نیشتمانی کوردان — داناتێن و بە عەرەبستانی دەزانن! !.. ئامادەش نەبوون پارتی وەك نوێنەری کورد بناسێنن .
لەبەرئەوەی جگە لە حیزبی شیوعی عیراقی حیزبەکانی تر جێ پێیان لە کەرکووکا نەبوو . کە دەوترا ( بەرە ) هەر کۆمەنستەکانی کەرکوکی دەگرتەوە . ئەوانیش لە کەرکووکا لەگەڵ پارتی توندو تیژ بوون . بۆیە ، لەناو ئێمەی ئەنداماتا ( بەرە )ش خۆشەویست نەبوو .
* پاش ( تأمیم )ی ( قناە السویس ) خۆشی و شادی بە ڕووی سیاسیەکانی کەرکووکەوە دیار بوو . بە ئاشکرا باس دەکرا . لە چایخانەکانا گفتوگۆی لەسەر دەکرا . خەلکی ڕووناکبیری شارەکە ، رۆژانە ، بەسەر رۆژنامەکانی بەغدایا کە لەکەیان دەکرد . دەنگوباسی نوێیان لە رادیۆکانا دەبیست . کە شالاوە سێ قۆلییەکە دەستی پێکرد . حیزب و لایەنە سیاسیەکان نارەزاییان دەربڕی . بە دزی و ئاشکرا دژی بێدەنگی حکومەتی عێراق قسەمان دەکرد.
* پارتی و شیوعی گەرەکیان بوو ، وەك شارەکانی تر ، خۆنیشاندان سازکەن ، بەلام کەرکووك لەو شارانە بوو کە دەبوایا بە وردی

حیساب بۆ ئەو جۆرە چالاکیانە بکرێ .. پاش هەڵسەنگاندن خۆیان لێ مات کردو بە بەیاننامە شکایەوە . بەیاننامەی پارتی پشتگیرکردنی میسری تێدابوو . هێرشەکەیان مەحکوم دەکرد . باسی کوردو کوردستانیشی تیا کرابوو کە چۆن داگیرکەرانی ئینگلیز دابەشیان کردووەو مافی کوردان خوراوە.

* دیارە ، ئەم جۆرە چالاکیانە، دەکەوتنە ئەستۆی لاوان . بۆیە ، هەر یەکە بەشی خۆی درایی و کەوتینە بڵاوکردنەوەی ، بەشەویش لە دیواری ماڵانمان دەدا .. بە گشتی قوتابیان و لاوان و فەرمانبەران لێیان وەردەگرتین . بەڵام زووربەی کاسب و هەندێ لە فەرمانبەران لێیان وەرنەدەگرتین .. وەك لە بیرم مابێ هەرزەکارێکمان ، دانەیەکی دابووە دەست ( ئەمن ) ێکی ناسراو . ئەویش بە زەردەخەنەوە لێیوەرگرتبوو. هیچشی لێ نەکردبوو!

* هەر لەم ساڵە بۆ یەکەم جار دائیرەی ( ئەمن ) ( صحیفە الاعمال ) یان بۆ کردمەوە . بۆ مێژووی سیاسیم دەمەوێ تۆماری کەم .. زووربەی پشووی هاوینان ، بۆ چەند هەفتەیێ ، دەچوومە ( کۆیە ) و لەماڵی خزمان دەمامەوە . ئەو هاوینە تۆزێ زووتر بەرێکەوتم . لە دووریانی( دارەمان )مەفرەزەی پۆلیس وەستابوو . ناسنامەیان داواکرد . کە ناوی منیان دی ، ئوتومبیلەکەیان گەڕاندەوە بەڕێوەبەرێتی پۆلیس ( کە دائیرەی ئەمنیشی تێدابوو ) بە خۆم و جانتاوە دابەزیم . ئوتومبیلەکەیان بەڕێکردەوەو منیان بردە نهۆمی سەرەوە . زۆر بە وردی جانتاکەیان پشکنی . جگە لە کتێبی قوتابخانە ، هیچی تریان نەدۆزیەوە . ئینجا ئەنکیت ( استمارە)یەکی چەند لاپەڕەییان دەرهێناو کەوتنە پرسیارکردن و (مفوض ئەمن)ەکە بە وردی سەرنجی : بەژن و باڵا و چاوو برۆو روو و قژی .. دەدام . وەڵامەکانی بە عەرەبی دەنووسیەوە . لە دواییدا پرسی : تۆ شیوعی یان پارتی؟.. بۆیەکەم جار شڵەژام . وەڵامم دایەوە کە هیچیان نیم . زەردەخەنەیەکی هاتێ و هەندێ شتی نووسی . بردمیانە خوارەوە ، لەبەردەمی پۆلیسخانەکە وێنەی ( شمس )ی یان بۆ گرتم . کە

گەڕامەوە ( مفوض )ەکە لە جێگاکەی هەڵسابوو . منیش چوومە لای مێزەکە و سەیری نووسینەکەم کرد . لە دوا رستەیا نوسرابوو (پارتی — شیوعی) . کە هاتەوە مۆرەیەکی لێکردم و وێنەکەی وەرگرت . دیسان بردمیانە خوارەوە ، لە ژووری ، هەر دە پەنجەی دەستمیان رەشکردو بە ( استمارە ) یەکیانەوە ناو پاش دەست پاککردنەوە . بە هەردوو دەستم هەندێ شتیان پێنووسیم وەك لە بیرم مابێ : ناوی خۆم . پۆل ، قوتابخانە ، ئەو زمانانەی دەیزانم . ئەو دەرسانەی دەیخوێنم .. ناوی هاوڕێکانی گەڕەك و قوتابخانەم .. ئینجا بەریاندام و چوومەوە گەراج بەرەو ( کۆیە ) بەڕێکەوتم . سەیر ئەوەبوو ، ترسم لێ نەنیشتبوو . بەڵام بیرم لە کردەوەکانیان دەکردەوە . لەکۆیە ، رووداوەکەم بۆ خزمان گێڕایەوە. ئەوسا تێگەیشتم کە مەبەستەکانیان چی بووە !

نووسینی هەردوو دەستمیان تاقی کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر نامەم لێگیرا ، یان بانگەواز بڵاوکرایەوە ، بزانن من نوسیوومە ( ئەوسا تایپ و رۆنیۆ زۆر کەم بوو بڵاوکراوە تا گۆڤاری نهێنیش بە دەست دەنووسرایەوە ) مەسەلەی پارتی و شیوعیش هەر بۆ ئەوە بووە کە بە هەر تۆمەتێ مەبەستیان بێ بمگرن ! !

سەرەڕای ئەمانەش ، ئەوسا ، گرتن بە تۆمەتی سیاسی تام و بۆنی خۆی هەبوو . سیاسی زۆری رێز لێدەگیرا . زووربەیان بەیەکەوە دەکرانە قاوشێ ( ژووری تاکە کەس کەم بوو ) هەر رۆژە ماڵێ خواردنی بۆ دەکردن . کە بەردەبوون ، کەرکووکیەکان بە شانازییەوە دەچوونە لایان و بەخێرهاتنیان دەکردنەوە ، دیاریان بۆ دەبردن . لە کۆڕو کۆبوونەوەو دانیشتنی ماڵانا گوێ لە سیاسی دەگیرا . رێزیان لە ڕاو بۆچونیان دەگرت .. هەتا کاربەدەست و لێپرسراوانی دەوڵەت ، بە چاوێکی ترەوە سەیریان دەکردن . ساڵێکیان دەبابەو ئیبراهیم ئەحمەد گیران ( خوا هەڵناگرێ ساڵ نەبوو ژیانیان گرتن و راکردن و خۆشاردنەوەی تێدا نەبێ ) و گەرەکیان بوو بەرەو بەغدا بیانبەن .

ئێمەش بە ماڵ و مناڵەوە لەبەردەمی پۆلیسخانەکە وەستابووین تا بەڕێیان دەکەن .

که هەردووکیان هێنانە دەرەوەو ویستیان بە ( کەلەبچە ) وە سواری ( مسلحه ) یان بکەن . رازی نەبوون . مفەوەزەکە لێیان پاڕایەوە . هەر رازی نەبوون . هەندێ ماددەی یاسییان هێنایەوە کە: پارێزەرو پیاوی ناودار و ماقوڵ نابێ کەلەبچە بکرێن .. دەشتوانن قەمەرە بگرن و پۆلیسیان لەگەڵ بنێرن. کە (معاون)ەکەش هات، ئەوان هەر رازی نەبوون . ناچار بردیانەوە ژوورەوە . پاش تۆزێ قەمەرەیەکی نوێ هات و سواریان کردن و دوو — سێ پۆلیسیان بە چەکەوە بەگەردان! !.. هەر لێرەشا دەمەوێ بۆ مێژوو باسی ( مفەوەز ئەمن ) جمیل صبری بکەم . کاك جمیل ، لاوێکی ژیرو چالاکی کۆیە بوو ( باوکی لە بەڕێوەبەرە ناودارەکانی پۆلیس بوو . ماوەیەك بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغداش بووە ) دۆستایەتی و ناسیاریمان خۆش بوو ، کچی ( بەکر ئاغا )ی کۆیێی لە باخەڵ بوو . ماڵیشی نزیکمان بوو . هەر کاتێ بیزانیایە دەیانەوێت پارتیەك بگرن، یان ماڵە پارتیەك بپشکنن .. زووتر ئاگاداری عومەر دەبابەی دەکردو چارە دەکرا .

* وەك لاوێکی تازە هەڵچوو ، هەرچیەکم دەنوسی ، زۆرم رالێبوو ، بەڵام پاش چەند رۆژێ کە دەمخوێندەوە.. پەشیمان دەبوومەوەو دەمدڕاند . هەتا ئەوانەی لە دڕانیش رزگار دەبوون ، دەمبردە لای خالید دلێرو بۆی سەیر دەکردم . هەڵەکانی بۆ چاك دەکردمەوە. زۆر پێمەوە خەریك بوو. جاری وا هەبوو ، من وەرس دەبووم ، ئەو وازی نەدەهێنا ، تا باشی تێدەگەیاندم . بۆیە ، تا مردن ئەو قەرزارییەم پێنادرێتەوە . هەر ئەویش پاڵی پێوەنام هەندێکیان بڵاوبکەمەوە. سەبر سەبرەش ( بە پێی توانای ئەوسام ) کتێب و گۆڤارو رۆژنامەم دەکڕی ، لە ژوورەکەما کتێبخانەیەکی بچوکم دانا . لە خۆشیا هەر پێم هەڵدەپروانی و کتێبەکانم دووبارەو سێبارە دەکردەوە . لەو ماوەیەدا ، جارێکی تر گرتمیان و منیان بردە ماڵەوە. هەموو

ژوورەکان گەڕان . بەڵام هەر ژوورەکەی منیان بە وردی پشکنی . تازە مەکتەبەکەم دانابوو ، حەفتا کتێبێ دەبوون یەکە یەکە سەیریان کرد . ٧ – ٨ کتێبیان لادا . وەك بیرم بێ هی : خالیدمحمد خالید ومحمد حسنین هیکل و کتێبێ لەسەر دیموکراتیەت و ڕۆمانی (دایك)ی مەکسیم گۆرکی.. بوون (هەمووشیانم لە بازاڕ کڕی بوون )لەگەڵ خۆیان برد . زۆر پیێ تێکچووم . ئەوەندەم پێناخۆش بوو ، نەبێتەوە . کە لە دواییدا لە جمیل صبریم پرسی وتی : ئەو ( مفوض )ە زۆر حەز لە خوێندنەوە دەکا ( بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نییە) هەر جارێ بۆ پشکنینی دەنێرن ، هەندێ کتێب بۆخۆی پەیدا دەکا ! !

* لە پشووی سەری ساڵا ، مامە عەبدوڵام سەری لێداین و پتر لە یەك نزیك بوینەوە . ناونیشانی خاتوزینی دامێ ( کەلەخانەی مامۆستایانی بەغدا وەرگیرابوو ) منیش کە دەچوومە بەغدا سەرم لێدەدا ، لە بەشی ناوخۆ پێکەوە دادەنیشتین . هەوالی خزمانمان دەپرسی . وەك لاوێکی هەرزە لە ناوەوە دەکولام حەزم دەکرد لە گەل خۆشەویستەکەم بچمە دەرەوە .. نەك هەر ئەو رێی نەدەدام ، بەلکو منیش شەرمم دەکرد . بەڵام وا دەردەکەوت کە نهێنی دلی لای دەستە خوشکەکانی درکاندبێ ، بۆیە لەپەناوە سەیری عاشق و مەعشوقی ترسنۆکیان دەکرد! ! تەنیا شتێ هەستمان پێدەکرد ، جۆرە خۆشەویستیەك بوو کە لە دیت و رووماندا دەدرەوشایەوە .

(٧)

تا ڕۆژێ زۆرتر لە کەرکووك دەمامەوە ، پتر شەیدای دەبووم ، بەبۆن و بەرامی گۆش دەبووم . تا دەهات پتر شارەزای نهێنیەکانی سەدەها ساڵەی دەبووم . چ مێژوێکی شکۆداری هەیە ئەم شارە!.. هەر کیسە خولێکی ، هەر خشتێکی سەر گوزوشتەی دنیای لایە.. بۆیە پتر خۆشم دەویست . هیچ رۆژێکی ئەم شارە ، لە رۆژێکی تری نەدەچوو . هیچ وەرزێ ، لە وەرزی ساڵانی تری نەبوو!.. ئای شارە

ئەفسووناويەكە ، چيت بۆ من و گەلم حەشارداوە؟ بۆ هەرگيز لێت تێر نابم؟ بۆ درەختی خۆشەويستيت لە دڵما كلۆر نابێ ، وشك نابێ.. تۆ چ نهێنيەكی مەزنی تا ئێستا كەس زەفەری پێ نەبردووی. تا كۆن دەبێ ، پلەو پايەت بەرزتر دەبێتەوە؟

تازە هەڵدەچووم فێری دڵداری دەبووم . هەموو شتێكی شارم خۆشدەويست ، لەوانەش كیژانی نازداری .لەهەمووشيان خۆشەويستر سياسەت بوو. بە تەپەی پێی ئافرەت دڵم دادەخورپا . لە نيگای درزی پەچە دەهەژام . خۆ لە لادانی عەباو دەركەوتنی پاوو پۆزی كچە كەركوكی، گيانم دەكەوتە هەڵكە سەما. حەزم دەكرد هەرچی كچی ئەم شارەيە خۆشم بووێ ، خۆشی بوێم . بەڵام لەبەر سياسەتی نيشتمانپەروەری دەبوايا هەناسەی سارد هەڵكێشم . خۆم راگرم نەوەك ناو و كردارم بزرێ . كە خاتوزينيشم بە بیر دەهاتەوە ، يان خزمان بە گوێيان دادەدامەوە ، كپ دەبوومەوە .. بەڵام ناسك و جوانی ، نازو فيزی كچە كەركووكی چەند جارێ لە خشتەيان بردم . نامەی عيشقيان پێنووسيم و دياريان پێ كرپيووم . خەونی خۆشم پێوە ديوون .

پياسەی ئێوارانی ( عەرەفە ) عەسرانی ( شاطرلو ) لەگەڵ هاوڕێيانما يان گەڕانی رۆژانی هەينی ( بەرتەكيیە ) و تاوڵەو دۆمينەی چايخانەكانی ( ئيمام قاسم ) و باسی سياسەت . دانيشتنی چێشتەنگاوانی بەر سێبەری دارە گەورەی تەكيەی ( خانقا )و تەماشاكردنی گۆڕستانی شێخانيان ، مێژووی كوردی كەركووكيان بۆ دەگێڕامەوە . ئەو رۆژانەی ، ( چەند هاوڕێيی ) سەرمان لە جمال نەبەز دەدا ، لەتەك حەوزو فوارەی حەوشەی ئوتێل ، قسەی خۆشی مێژوويی بۆ دەكردين يان بەسەرهاتی ( لالۆ كەريم ) و بۆچوونەكانی بۆ دەگێڕاينەوە . تا ئێستا تامی خۆيان ماوە ، بەتايبەتی بۆ منێ كە لە گۆمی سياسەت مەلەم دەكرد . لەماڵ ، لەدەرەوە ، لە خەوا ، لە زيندە خەوا .. سياسەت .. هەر سياسەت !

خۆ کە لە بازاڕی (قۆریە)یا ، خۆم بە دوکانی سەوزەی حمید باتاسی یا دەکرد . بۆنی گوڵە مێخەکی سیاسەتی ساکارو ڕاستگۆیم دەکرد. لەو ڕۆژەوە کاک حمید کەوتبووە کەرکووك بێ ئەوەی چاوەڕێ ی پاداشتێ بکا ، جەنگاوەرانە کوردایەتی دەکرد . جگە لە سۆرانی و بادینی.. عەرەبی و ئاسووری و ئەرمەنی و تورکمانیشی زۆر باش دەزانی . شتێ ئینگلیزیش فێر بوو بوو — کە بەداخەوە لە مێژووی خەباتی کوردایەتیا فەرامۆش کراوە — لە هەراکەی (گاور باخی) دەوری هەبوو . تۆڕانیەکان (تێزابیان) بە ڕوویا کرد. لە دانیشتنێکا خۆی بۆی گێڕامەوە کە چەند مەبەستی بووە، لە گرتنا وورە بەرنەداو شەرمەزاری مێژووی سیاسی نەبێ .
هەر لە سەرتاوە ئێمە و شیوعیەکان لەیەك بە بیانوو بووین . هیچمان نوماندەویست ئەندامانی قوتابیانمان بەیەکتری بناسێنین . یەکێتیی قوتابیانی عێراق نوێنەری هەولێرو کۆییان نەنارد نەوەك رایانکێشین. نوێنەری سلێمانیو کەرکووکیشیان لەکادرە دیارو پێشکەوتووەکانیان بوون و نزیك بوون لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراقی . لە راستیدا ، هەموو رێکخراوە پیشەییەکان ، دەستنێژی حیزبەکانن . بەناوی رێکخراوی سەربەخۆوە جەماوەر پەیدا دەکەن و لە ئەنجاما دەبنە مێرگ و بەردەباز بۆ ئەوانەی فێری سیاسەت دەبن (.. تا ئیمرۆش ئەم کردەوە لە کوردستانا بەردەوامەو هەر حیزبە رێکخراوی پیشەیی خۆی هەیە ، تا ئەدیبانیش لەم دەردە رزگار نەبوون ! !) بۆیە، مانگ دەهات و دەچوو هیچ نەدەکرا . وەك لە بیرم مابێ ، لە کۆبوونەوەکانی ترا ( لەسەر کاغەز ) یەك ناوەندی کەرکووکمان یەکخست ، بەڵام نەچووە ناو قوتابخانەکەوە.. هەرواش مایەوە تا شۆڕشی ١٤ تەمووز . ئەوەی لەو ماوەیەدا وەك خۆی مابۆوە ، پەیوەندیمان بوو بە بەغداوە .

لە پۆلی چوارەمی زانستی بووم ( ئەوسا ئامادەیی دووساڵ بوو) کە دەبابە ئاگاداری کردم لە بەغدا داوام دەکەن . منیش بەیانی چووم و نیوەڕۆ بەهۆی کاك حەبیب محەمەد کەریمەوە کاك ( شمس

الدين مفتي )م دۆزیەوە . عەسرانی برادەرێکی عەرەب هات ( وەك لە بیرم مابێ لە بانك کاری دەکرد ) کەوتینە قسەو باس و ئەو کارانەی لە شارەکانی کوردستان کراوەو چالاکیەکانمان.. کۆمەڵێ پۆستەرو بەیاننامەی یەکێتیی قوتابیانی عێراقی هێنا . بۆ ئەوەی بیگەێنمە کەرکووك و لەوێوە بەسەر شارەکانی ترا بەشی بکەم . داوای لێکردم، ئەگەر توانیمان ، بەبوونە یادی یەکێتیی یەوە ئاهەنگ لە قوتابخانەکان بگێڕین و شیرینی دابەش بکەین . هەندێکم خستە ناو جانتا تەنەکەکەم و خاولی و بیجامەکەم بەسەردادا . ئەوەی ماشەوە خستمە ناو سەبەتەیەك و هەندێ میوەم خستە سەر . لە گەراج ( ئەوسا چەند نەقلیاتێ هەبوو )ێکی شەقامی ( ئەمین ) ئوتۆمبیلیان بۆ گرتم . من و ئافرەتێکی عەلمۆدە ( سفور )ی عەرەب لە پێشی قەمەرەکە سوار بووین . سێ کوردی کاسب لە پشتەوە . چەنچەی سەرەوە پڕ بوو لە پێڵاوی لاستیك ، جانتاو سەبەتەکەش بە تەنیا خرایە ناو سندوقەوە. ئێوارە وەختە، لە گەڵ باران داکردنا، بەڕێکەوتین!.. کە بۆم دەرکەوت ئافرەتێکی عەرەبی جەزائیرییە ( ئەوسا شۆڕشەکەیان کلپەی دەکرد ) بە دەست نوێژەوە لە تەنیشتی دانیشتم و نەم دەهێشت بەری بکەوم ( چۆن دەبێ نیشتمان پەروەرێکی کورد بەر شۆرشگێڕێکی جەزائیری بکەوێ؟! ) کەوتمە باسی خەباتیان و شانازی و پشتگیری کورد . ئافرەتەکە بە تیلالی چاو تەماشای دەکردم و جار جارەش زەردەخەنەیەکی بۆ دەکردم ، بەڵام هەستم دەکرد ، ئەم قسانەی من نیشتمانیەتی ئەو نابزوێنێ . بۆیە لە دڵی خۆم لێکم دایەوە کە رەنگە گومانم لێبکا.. ناچار بێدەنگ بووم .

ڕێگای کەرکووکی ئەوسا ، بە ( بەعقوبە )دا تێدەپەڕی و دەگەڕایەوە ( خالص )لەوێوە تادەگەیشتە ( دووز ) قیرتاو نەبوو بارانیش ئەوەی دەیکرد نەیدەکردەوە . چاڵ و چۆڵی بە ئاو داپۆشراو هەڵیدەتەکاندین . باران و من و ژنە جەزائیری و هەڵبەزو دابەزی ئوتۆمبیل چوارینی سەیرمان دروستکردبوو . لەنزیك ( عظيم )

موسەلەحەیەکی پۆلیس لە سەر چەقی ڕێگا وەستابوو ، هەردوو گلۆپی و پرۆجەکتەرێکی تەنیشتی پێکردبوو ، ئەو ناوەی ڕوونکردبۆوە . ڕایانگرتین ، سەیری ناو ئوتۆمبیەکەیان کردو بارەکەی سەریان لە سایەقەکە پرسی . ئینجا دایان بەزاند . نەك قسە ، خۆشم لەبیرچۆوە . ڕۆح لە جێگایەکی قایم بوو نەدەهاتە دەرەوە . باری سەری قەمەرەکەیان پشکنی و چوونە وێزەی سندووقی پشتەوە . ئۆقرەم لەبەر بڕابوو . زەرد هەڵگەڕام . نەم دەزانی بەو شەوە تاریك و نوتەکە ڕاکەم . خۆم بەدەستەوە بدەم . گوێم موچ کردبووە . ژنە لە شڵەژانم بە ئاگا بوو ، بەڵام خۆی تێنەگەیاندم . کارم خراپ بوو . گرتنم مسۆگەر بوو ، چونکە هەر من لە ناویانا قوتابی بووم! کە پۆلیسەکە لە جانتاکەی پرسی و داوای کلیلەکەی کرد ، دەمم وشك بوو ، زمانم لاڵ بوو . سایەقەکە هەر لە خۆیەوە وتی : وابزانم هی ئەو ژنەیە ئەچێ بۆ شەریکەی نەوت . یەکسەر پۆلیسەکە دەستی هەڵگرت و سندوق داخرایەوە . منیش هۆشم هاتەوە بەرو پڕ سییەکانم هەناسەم هەڵکێشا . ئافرەتەکە تیلایی چاوی تێبڕیم و زەردەخەنەیەکی هاتێ .. جا نازانم ، بێدەنگی و سەیرکردنەکەی ڕێکەوت بوو یان هەستی بە دەردی من کردبوو .. بۆیە ، کە دەستمان بە ڕۆیشتن کردەوە . منیش کەوتمەوە باسی خەباتی جەزائیر . لەناو شار سێیەکەی دواوە دابەزین ، ئافرەتەکەش داوای لە سایەقەکە کرد کە بیباتە فرۆکە خانەی ( عەرەفە ). سایەقەکە زانی خەڵکی ئیمام قاسمم . داوای لێکردم لەگەڵی بچم و منیش بگەڕێنێتەوەماڵەوە . هەر دەرگەوانی تەیارەخانەکە چاوی بە ژنە کەوت ، تێی گەیاندین کە بارەکەمان چییە؟!.. من و سایەقەکە سەیری یەکمان کردو بە ڕووی خۆمان پێکەنین . لەبەر دەرگای پرسگا وەستاین و کابرا بە زەردەخەنەوە بەخێرهاتنی ئێمەو نێچیرەکەی کرد.. پیاوێکی بیانی قۆزی درێژ لە بەردەمانا ئامادەبوو، بە فەرەنسی قسەیان کردو باوەشیان بەیەکا کرد . سواری لاندلۆڤەر

بوون و رۆیشتن . پیاوی پرسگاکە وتی : لەوێ .. لە خوێنا دەیانگەوزێنن . لێرەش ئافرەتەکانیان لە باوەشیان دەگەوزن ! !

کە( مام جەلال )لە دەرەوە گەڕایەوە. ماوەیەك لە ژێرخانەکەی ماڵی ئیسماعیل فەللاح لەگەڵ کاك هەمزە عبداللە خۆی شاردەوە. هەندێ جار دەمدی ، بەڵام کەم جار یەکترمان دەدواند . بەگشتی لای هەموومان خۆشەویست بوو . دانیشتنەکانیمان پێخۆش بوو.. ئەو کاتانەی بۆ کارێ دەچوومە ( وەکر )ەکە شتەکان ئامادە نەبوایا یان پێویستیان بە بەستن هەبوایا . لە خزمەت هەردووکیانا دەمامەوەو لەگەڵیانا باسی چالاکیەکانی خۆمانم بۆ دەکردن.. ئەوەی دڵی سیاسەتمەدارو خەباتگێڕانی خۆشدەکرد ، خۆشەویستی خەڵکی بوو ، ڕێزلێنانی تێکۆشانیان بوو . پیاوانی دەوڵەتیش ئیحترامیان دەگرتن.. کە دەگیران ، پێخەف و چەرچەفیان بۆ دەبرا . ئاسیارو دۆست سەریان لێدەدان و دیاریان بۆ دەبردن . لەو کاتەدا ، ئەو پارەی کۆدەکرایەوە زۆر کەم بوو . هەموو بوجەی حیزب ( مانگانەی ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگیران بوو) لەوەش هەژارو کەم دەرامەتەکان دەبوێران و ئەوانی تریش لە (٥٠ –٢٠٠ فلس )یان دەدا . ئەو پارەیە بۆ : چالاکی حیزبایەتی خەرج دەکرا . ماڵ و منالی هەڵاتوو و گیراوی پێبەخێو دەکرا پارەی ( وەکر )ی لێدەدرا.. بە کورتی حیزبایەتی ئەوسا جۆرە دەروێشێك بوو.. بۆ نموونە : کاك ئیبراهیم ئەحمەد ( کە ماوەیەك دادوەر بووە . لەو دواییەشدا پارێزەری دەکرد ) کە خۆی دەشاردەوە یان دەگیرا ، پارتی یارمەتی ماڵ و منداڵی دەدا . چەند جارێ من پارەم بۆ دەبردن . مانگانەیان بە کرێ خانووەوە ٢٠– ٣٠ دینار بوو . سەرەڕای ئەوەش ، ساڵ نەبوو ، دوو سێ جار ماڵی تێکۆشەرانی دیار نەگەڕێن . خۆ ئەگەر چالاکی دەوڵەت هەبوایا ، یان مەلیك و سەرۆك وەزیران بهاتابان ، ئەوا پۆلیس و ئاسایش بە لیسەکانیانا دەچوونەوەو گومانلێکراوەکانیان دەگرت و چەند ڕۆژێ ، مانگێ ، هەفتەیێ ( توقیف ) یان دەکردن .

له بیرمه ، مەلیك فەیسەڵی دووەم ، بۆ كردنەوەی بەندی دوكان دەچووە سلێمانی . جمیل صبری خەبەری نارد كە دوای نیوە شەو دێن بۆ گرتنیان ( تا مەلیك دێ و دەڕوا ) ئەوانیش ڕێكەتن كە خۆیان نەشارنەوە.. وەختێ گەیشتنە ماڵمان ، هەندێكیان گرتبوو ( پارتی و شیوعی تێكەڵ بوون ) هەموو خۆیان گۆڕی بوو ، جانتاو نوێنیان پێبوو . تەنیا برادەرێكیان نەبێ هیچ شتی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو ، دەبابە لێیكردە هەرا .. بەڵام ئەو دەیووت : سبەینێ دەگەڕێتەوە.. كە چوونە ژوورەوە پتر لە مانگێكیان پێچوو . لە دوایشدا هەریەكەیان لە شارو شارۆچكەیەك دەست بەسەر كران ! !

(٨)

كەركووكی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و هیجری دەدە ، لەوشارە كوردانە بوو كە ئەدیب و نووسەری كورد و توركمانی گەورەو دیاری هەبوو یان بەكارو فەرمان لە شارەكانی ترەوە بۆی هاتبوون و تێدا دەژیان و چالاكی ڕووناكبیرییان تێدا دەنواند ، لە گۆڤارو ڕۆژنامەكان دەیانووسی و بەرهەمی بە پێزیان بڵاودەكردەوە . نابێ دەوری كتێبخانەو چاپخانەی ( العصریه — الترقی ) و ( بلدیه ) فەرامۆش بكەین . لەو ساڵانەدا ( ئەسیری ) نەمرم دەدی ( قانیع )ی لە خۆبردووش بزوتنەوەی خستبووە ناو ڕووناكبیران و لە ماڵی ( مستەفا كرێكار) دەورەمان دەداو شیعرە بە پێزەكانی بۆ دەخوێندینەوەو لاوانی كەركووكەی جۆشدەدا . علی باپیر ئاغای شاعیریش لەگەڵ یادەكانیا دەژیاو خەریكی دۆست و برادەرانی شیعر بوو . ئەو قەڵەمە دیارانەی ئەو ساڵانە لەم شارەدا دەژیان و چالاكی ڕووناكبیریان هەبوو ، مامۆستایان : مكرم تاڵەبانی ، مارف بەرزنجی، شێخ عبدالعزیز خانقا و مستەفا نەریمان بوون . ئەوانەی لە شارەكانی ترەوە هاتبوون و كەركووكیان كردبووە مەنزڵ ، مامۆستایان : جمال نەبەز ، مارف خەزنەدار ، ئیبراهیم ئەحمەد ،

خالید دلێر . عمر عارف ، تاهیر صادق کۆیی .. ئەو کوردە دیارانەی بە عەرەبیش دەیانووسی : شێخ عبدالصمدی خانەقا بوو .

سیاسەت و ئەدەب و کەرکووک لێك جیاناکرێتەوەو نەوە دوای نەوە پێدەگەیێنێ کە هەندێکیان تا ئێستا ڕێبازیان بەرنەداوە . لەوانەی وەبیرم مابن : عبدالله سراج . جیهان صدیق . کەمال بێزار . کاکە مەم ( ئەوسا بەناوی ڕاپەر یان ڕاپەڕ بۆتانییەوە دەمنووسی ) مستەفا کرێکار . لەتیف( کە بۆ گاڵتە ناومان نابوو لەتیف قەبیح ) لەتیف حامید بەرزنجی . تەیموور کاکە . هەر لە سەرەتاشەوە محی الدین زەنگەنە بە عەرەبی خەریك بوو .

لە سلێمانی ، ڕۆژنامەی ( ژین )ی هەفتەیی ، لە هەولێر ، گۆڤاری ( هەتاو )ی نیو مانگی و لە بەغدا ، ( هیوا )ی مانگی ( یانەی سەرکەوتنی کوردان ) بڵاودەکرایەوە . بەڵام کەرکووك بێ گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی بوو . ڕووناکبیران لە خولیای ئەوەدابوون کە گۆڤارێکی کوردی دەرکەن . ببێتە لانەیان و لە دەوری کۆببنەوە . چونکە ئەوسا زۆر بە زەحمەت ڕێگای ڕێکخراوی ڕووناکبیری دەدرا ، چ جای کوردی بێ.. لە زۆر کۆبوونەوە تایبەتیەکانا ، لە دانیشتن و گفتوگۆدا ..مەسەلەی چاپەمەنی دەهاتە پێش و چارەیان پێنەدەکرا. چونکە یاسای چاپەمەنی ئەوسا ڕێ ی بە فەرمانبەرو گومانلێکراوی سیاسی ( نهێنی ) نەدەدا داوای گۆڤارو ڕۆژنامە بکەن .

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧ دا ، ئەفسەری خانەنشین خوالێخۆشبوو شێخ عبدالقادر بەرزنجی ( کە ماڵی لە خوار قەڵا لە گەڕەکی ئەخی حسێن بوو ) داوای گۆڤاری ( شەفەق )ی کرد کە بە کوردی و عەرەبی دەرچێ . بۆ ئەم مەبەستە چەند دانیشتنێکی لەگەڵ ڕووناکبیرە کوردەکانی کەرکووك کردو ئامادەییان دەربڕی کە بە خۆڕایی کاری تێدا بکەن و یارمەتی پارەشی بدەن . لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ یەکەم ژمارەی بە پێزی گۆڤای ( شەفەق )ی ( کوردی و عەرەبی ) کەوتە بازارەوە . دەرگای فراوانی بۆ نووسەران کردەوەو کۆرپە ئازیزەکەیان لە ئامێز گرت . بەتایبەتی ئیبراهیم ئەحمەد .

مارف خەزنەدار . شێخ مارف بەرزنجی . عبدالصمد خانقا.. دەوری سەرەکیان تێدا دەدی . دەبێ ئەو راستیەش بلێم کە کریاری کتێبی کوردی کەم بوو . لە بیرمە، کۆمەڵە شعرێکی ( گۆران )ی مەزن بە نیمچە زۆر دەدرایە توتن فەحسکەرەکان .. جا .. بەو پێیە سەیری بەرهەمەکانی تر بکەین !!

لەم ماوەیەدا ، ترس‌ولەرزی بڵاونەکرانەوە بەریدام ، چەند نووسینێکم بە نازناو لە گۆڤای ( هەتاو ) بڵاوکردەوە . وتارێکی سەرەکیم لەسەر مەسەلەی ئافرەت لە گۆڤاری هەتاو نووسی کە داوای سەربەستیان بۆ دەکەم و دژی کرداری کۆنەپەرستانە وەستا بووم . مەلایەکی نووسەر لێم راپەڕی و چەندەها تۆمەتی خستە پاڵم ( بێ ئەوەی نووسەرەکە بناسێ!! ) یەکەم چیرۆکی کورتیشم لە شوباتی ١٩٥٧ لە ژێر ناوی ( بەسەرهاتی کنێز ) لە هەمان گۆڤار بڵاوکردەوە . کە بە سەرەتای چیرۆك نووسینم دادەنرێ .

مەسەلەی نووسین لە تەمەنی ئەوسای منا ، کارێکی زۆر خۆش بوو . کە نازناوی خۆم لەسەر لاپەڕەی گۆڤارەکە دەبینی ، لە خۆشیا خەریك دەبوو باڵ بگرم . پارەشم نەبوایا بە قەرز دەمکڕی و نیشانی دۆست و برادەرم دەدا ، بەتایبەتی حەزم دەکرد کە بزانن ئەو نازناوە منم.. بۆ بە ناوی خۆم نەدەنووسی ؟ نازانم.. وەك هەرزەکارێ دەبوایا حەز لە ناوی خۆم بکەم . وەك ناو ، ناوێکی کوردی خۆش و جوان بوو.. ئێستاش کە بیری لێدەکەمەوە . ناتوانم خۆم بە بیانووەکانم رازی بکەم. رەنگە بگەڕێتەوە : بۆ ئەو هۆیە دەروونیەی کە لە منالیەوە پێی گۆش کرابووم ( پاراستنی نهێنی ) یان دەرنەکەوتنی ناوم لەناو دەزگا ئەمنیەکانا یان بەرهەمەکە بڵاو نەکرێتەوە لە بەشی ( ئێمە و خوێندواران ) داوای لێبوردنم بۆ بنووسن و هاوڕێیەکانم گاڵتەم پێبکەن . کە گۆڤاری ( شەفەق ) دەرچوو هەستم دەکرد ، من لە ناو ئەو کەڵە نووسەرانە دیار نابم . یان جێگام نابێتەوە . یان مەبەستم نەبوو خۆم پێشبخەم . بۆیە نووسینەکانم بۆ هەتاو دەنارد . بەڵام لەبەر دەستیاندا کەمتەرخەمیم

نەدەکرد . ساڵی ١٩٥٧ پڕ چالاکی و وشیاری بوو ، نەك هەر بۆ منی لاوی خوێن گەرم ، بەلکو بۆ هاوڕێیانی فێرخوازیشم . ئەوانەی مەبەسمە بیخەمە بەر دیدەتان :

* لە ١٩٥٧/٢/٢١ بۆ یەکەم جار یەکێیەتی قوتابیانی کوردستان لە شاری کەرکوك دامەزرا . بەڕێزان : عەلی عەسکەری ، عەبدولخالق و نورەدین عەبدەلرەحمان ، جیهان سدیق شاویس ، جەلال قەرەداغی ، سالح دزەیی ، نوری هێرش ، عەبدولجەبار کامل داودی ، تەها تۆفیق نوعمان ، نوری هیدایەت ، کاکەمەم بۆتانی ( وا بریار بوو فەئاد بابانیشمان لەگەڵ بێ بەلام نەهات ) لە مالی تایەر مستەفا ( خالم و خەزوورم ) لە ژێر چاودێری عومەر دەبابە و خالید دلێر دەستمان بە کۆبونەوە کرد . لە ئەنجام دا لێژنەی شاری کەرکوك لەم زاتانە پێکهات : عەلی عەسکەری ، عەبدولخالق عەبدەلرەحمان ، نوری هێرش ، عەبدولجەبار کامل داودی ، تەها تۆفیق نوعمان ، کاکەمەم بۆتانی . کەوتینە چالاکی و لە ماوەیەکی کەمدا . پەرەمان سەند و لە هەموو قوتابخانەکانی ناوەندی و دواناوەندی ئەندامان هەبوو لەو کات و شوێنەدا ، کۆمەڵی کچیشی تێکەوت . لەوانەی بیرم ماون : زنیاعەبدولواحد ، رووناك محمەد ، نەسرین ( خوشکی مستەفا کرێکار) ، نازەنین بەکر ئاغا ، نەسرین خەزنەدار ( خوشکی مارف خەزنەدار ) ، پەخشان عبدولواحد ، پەروین شێخ.....

* سلێمانی لە شارە خۆشەویستەکانی کوردستانە و شوێنی خەبات و ململانێی چالاکی بوو . لە بەرئەوە کە لافاوی سالی ١٩٥٧ روویدا . بە پەرۆشەوە دوای بانگەوازی کەوتین و لە ژێر چاودێری پارتی کەوتینە کۆکردنەوەی پیتاك و کەلو پەل و جلو بەرگ .. لە ماوەیەکی کەمدا پارەیەکی باشمان کۆکردەوە لە گەل چەند هاورێیەکمان ناردمانە سلێمانی و بە سوپاس و پێزانینەوە دایانە ( لێژنەوی بالای باروبوو ).

* سەرژمێری سالی ١٩٥٧ بزوتنەوەیەکی گەرمی خستە ناو فەرمانبەرو مامۆستایانی تورکمان و کورد و عەرەب و دیان کە بە کاری سەرژمێرەکە هەلدەستان سەرۆك و ئەندامانی لێژنەکان

زۆربەیان تورکمان بوون ، لە ناویان کۆمەڵی تۆرانی تێکەوتبوو .. تۆرانیەکان بە شێوەیەکی رێکو پێك پلانیان دانابوو کە لە ناوچە کوردە هەژارەکان و نەخوێندەوارەکان دەستی خۆیان بووەشێنن و لە خانەی ( لغة الأم – زمانی دایك ) زۆرترین تورکمانی بنووسن .. بەڵام رێکەوت یاریدەی کوردی دا ، زوو دەستیان ئاشکرا بوو .. بووە هەرا و مەسەلەکە گەیشتە دادگا . بەڵام هەندێکیان هەر تێپەڕاند .

(٩)

زۆر رووداوی بەنرخ و کەم نرخ لە دێیەك ، شارۆچکەیەك روودەدا ، دەبێتە مێژوویکی زەقی ئەو شوێنە و دەماو دەم دەگێردرێتەوە . ساڵانەی کارو ژیان بەو دەدۆزرێتەوە . ئەمە دیاردەیەکی کوردەواریمانەو نموونەیان زۆرن . لە کەرکووکیشدا ، رووداوی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٨ دیاردەیەکی تایبەتیە ، رەنگە نەوەی نوێمان رووداوەکە بە کەم بایەخ و نرخ بزانن . بەڵام تا ئێستا لەناو خێزانە سیاسیەکانی کەرکووکدا دەڵێن : ساڵی قەدەغەکردنی نەورزەکە . بۆیە هەوڵدەدەم ئەوەندەی لەبیرم مابێ بیگێڕمەوە .

یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە کەرکوك ، لەو بڕوایەدا بووین کە زروفی سیاسی عێراق لەبارە بۆ چالاکی نەتەوەیمان . باشترین کاریش لەو ماوەیەدا گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز بوو، کەسیمای نەتەوەیی پێوەیەو رووی ئاشکرای سیاسەتیش نییە . چونکە لە شارەکانی تری کوردستانا چ کەم چ زۆر دەگێڕدرا . بۆ ئەم مەبەستە ژێر زمانی هاوەڵانی قوتابی شیوعیمان چێشت (کە بەناو یەکمان گرتبوو!) و رای پارتیشمان وەرگرت . بە دوو دڵیەوە کارەکەیان بە باش هەڵسەنگاند .. لەگەڵ علی عسکری و شێخ نەوزاد عەبدوڵا چووینە خزمەت شێخ عبدالله ی ( کەوڵە )ی رەحمەتی کە هاوڕێی ( موتەسەریف ) بوو . بە شێنەیی بیرەکەمان تێگەیاندو دڵنیامانکرد کە هیچ دەستێ لە پشتیەوە نییە و کاری زەق ناکەین . بەس

گەرەکمانە رووی کوردی شارەکەمان دەرخەین و لە شوێنێکی وەك ( بەرتەکیە ) ئاهەنگێکی خنجیلانە بگێڕین . بەگەرمی بە پیر پرۆژەکەمانەوە هات وبەڵێنی دینێ لای موتەسەریف باسی بکا . پاشان شێخ عبدالله ئاگاداری کردینەوە کە ( موتەسەریف ) رازییە ، بە مەرجێ لە شایی و گۆرانی و ئاگردنەوەی خوێندکارو لاوان تێنەپەڕێ و حیزبە نهێنییەکان دەست نەخەنە کاریانەوە ! !

ئەم رەزامەندییە نەنوسراوە قۆزرایەوە. پەیوەندیمان بە لیژنەی ناوچەوە کردو لەوانیشەوە بەرەو ژوورتر. ئەوانیش لەناوخۆیاندا دوورا بوون ، بەڵام کردن بەسەر نەکردنا زاڵ بوو . بۆ ئەم مەبەستە چەند لیژنەیەك پێك هات لەوانە :

لیژنەی ئامادەکردنی گۆڕەپان ، دابەش کردنی کارت ، دانانی پرۆگرام و سەرپەرشتی ئاهەنگ، پاراستنی ئاسایشی گۆڕەپان . حەزم دەکرد لێرەیا ، تەواوی ناوی سەرۆك و ئەندامانی لیژنە تۆمار بکەم ، بەڵام بیرم نەماون جگەلە : علی عسکری ، شێخ محەمەد بەرزنجی ، جیهان صدیق شاوەیس ، احسان صدیق ، نورالدین عبدالرحمن ، ئەنوەر سلێمانی ، سلێمان فخری ، عادل عزت ، عبدالرحمن گومەشینی ، تیمور کاکە ، حمید تاڵەبانی ، چالاك تاڵەبانی، پیرۆت تاڵەبانی ، ئازاد خانقا ، ئیسماعیل دەرویش ، کاکە مەم بۆتانی ، دڵشاد کاکە ، ئەنوەر جاف . جەلال حسێن قەرەداغی . تەها تۆفیق . ئەفراسیاب و دارای مەجید یاوەر . نوری هێرش . شیت عەزیز . سالح دزەیی. کەمال کەڵە مێرد . کەمال عەزیز . نەوزاد سدیق . عادل عزەت . ئیسماعیل دەروێش . تاهر نەجمەدین . شێرکۆ محەمەد خدر . کە شیوعیەکان زانیان کارەکە گەرمەو خەریکە سەر بگرێ . داوایان لە پارتی کرد پێکەوە دانیشن و جەڵەوی ئیمەی هەرزەکار بگرن و کەتنێ نەکەین و کارەساتێ روونەدا . پارتیش مەبەستی بوو کە هیچ روونەداو ریشی ئەو بگرێتەوە . شەوێ لە ماڵی عبدالصمد خانقا ی ئەدیب و شیوعی ( کەدەکەوتە پشت ماڵمان ) دانیشتین ئەوانەی لە بیرم مابن .. لە شیوعیەکان : شێخ مارف

بەرزنجی ، شێخ حسێن بەرزنجی ، عەزیز خانەقا و خاوەن ماڵ . لە پارتیەکان : ئیبراهیم ئەحمەد ، عمر دەبابە ، عباس حسێن ، حمید باتاسی لە قوتابیان : جیهان صدیق ، علی عسکری ، تەها تۆفیق ، نورالدین عبدالرحمن ، کاکە مەم بۆتانی بە درێژی باسەکەمان گێڕایەوە ، چالاکیەکانمان نیشاندان ، پێخۆشحاڵی خۆیان نیشاندا .
داوای چاو دێریمان لێکردن کە لە پشت پەردەوە یارمەتیمان بدەن و داوا لە ئەندامان و دۆستانیان بکەن ئامادەی ئاهەنگەکە ببن و هەراو هۆریامان بۆ دروست نەکەن . ئەوانیش وایان بە باش زانی ئەوانەی چالاکی دەنوێنن خەڵکی دیارو ئاشکرا نەبن.حکومەت گومانیان لێنەکا . بە سروودی نەورۆز بکرێتەوەو تەواو بێ . ئاوو شەربەت و نوقڵ پێشکەش بکرێ و پارەکەشی لە گەورە پیاوانی کوردی شارەکە کۆکرێتەوە . خانەقایەکان هەر زوو بەدەنگمانەوە هاتن و هەندێ پارەیان داینێ.
کارت چاپکراو درایە لیژنەی تایبەتی و ئەوانیش بەسەرخۆیانا ( بەپێی گەڕەك ) بەشیان کرد . هەموو گەورە پیاوانی شارو متصرف و بەڕێوەبەرکان و لێپرسراوانی کۆمپانیای نەوت و هەتا ( قنصل )ی بەریتانیاو ئەمریکاش بانگ کران . ئەوانەی کارتەکانیان دابەشدەکرد ، تووشی شتی سەیر بوون ، لەوانە : بەڕێوەبەری ئامادەیی کەرکوك ناهێڵێ کاك علی عسکری کارت بداتە مامۆستاو خوێندکاران . دەبێتە قیرە قیریان ، تەلەفۆن هەڵدەگرێ بۆ پۆلیسخانە ، علی دەرگای ژووری بەڕێوەبەر دادەخاو دەکەوێتە وێزەی تادەرگا دەشکێنن چینێ لەبەڕێوەبەر دەدا !.. نورالدین عبدالرحمن لەم دواییەدا بۆی گێڕامەوە کە کارتەکەی قنصل ی ئەمریکی بردووە ، سکرتێرەکەی بردوویەتی و کە هاتۆتە دەرەوە داوای لە نورالدین کردووە چاوەڕوان بکا ، قنصل دەیەوێ بیبینێ . ئەوی هەرزەکاریش لە ترس ئەوەی بە گرتنی نەدا رایکردووە ! ! کە کارتی بەڕێوەبەری پۆلیس و ئەمن دەگا ، سەریان دەسوڕمێ و ئاگاداری متصرف دەکەن کە : لاوانی کوردی کەرکوك بەبێ

ڕەزامەندی ڕەسمی ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن . ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی گومانلێکراوان بیقۆزنەوەو ئاژاوە بنێنەوە ، وەك بیستوشمانە جەنابتان ڕێتان پێداون ، ئەویش یەکسەر داوایان لێدەکا ، نەهێڵن بیکەن و چی پێویستە بە پێی یاسا ڕەفتاریان لەگەڵا بکەن .

دەمەو عەسرانێکی درەنگ ، کە دەیەها لاوو قوتابی خوێن گەرمی تازە تەریقەت بەسەرکردایەتی جیهان صدیق شاوەیس ، بە پاچ و خاکەنازو گەسك و سەتڵ و ئاوەوە لە گەرمەی ئیش و پاککردنەوەی گۆڕەپانی ( چوارباغی بەر تەکیەی نزیك ئیسکانی ئێستا ) ئاهەنگ خەریك بوون و خەڵکی ناوچەکە دەورەیان دابوون و سەیریان دەکردن . بۆیەکەم جارە لە مێژووی ئەم شارەدا بە ئاشکرا ئاگری نەورۆز دەست لە ملی باوەگرگڕ بکا . چەند مسلحەیێ خۆیان بە گۆڕەپانەکەدا دەکەن و دەکەونە ڕاویان و پانزدە کەسێ دەگرن ، لەوانە : جیهان صدیق ، دلشاد کاکە . پیرۆت تاڵەبانی ، ڕەشاد ، احسان صدیق ، سلیمان فخری ، تیمور کاکە چەند پۆلیسێکیش لە چوار باغ جێ دەهێڵن .

هەر کە ئاگادارکراینەوە ، خۆمان گەیاندەوە شێخ عبداللە و مەسەلەی پەشیمانبوونەوەی متصرفمان بۆ گێڕایەوە . گرتنی هاوڕێیەکانیشمان سەرباروو بن بار . ڕەحمەتی ئێمەی جێ هێشت و چووە متصرفیەت . کە گەڕایەوە ، کەوتە سەرزەنشتمان ( ئێمە پێما وتووە ئاهەنگی لاوانە ) بەڵام کەس نەماوە کارتی بۆ نەنێرن !.. خۆمان مات کرد . ساردبۆوە ، ئینجا وتی : هەموو مناڵەکانم بەردا . متصریفیش لە قسەی خۆی پەشیمان نەبۆتەوە.. داوا دەکا پیاوە ماقول و ناودارەکانی کوردی کەرکوك بێن بە نووسین بەڵێنی دەنێ کە هیچ ڕوونادا . با نەورۆزەکە بگێڕن .. شێخ فەرمووی : وا من بەناوی خانقا وە ئامادەم . بچن بۆ لای ئەوانیتر . بەرزنجیەك و کاکەی حاجی مەحوودو تاڵەبانیەك و خادم سوجادەیەك بێن و پێکەوە دەچین بۆی مۆر دەکەین . بە پەلە خۆمان گەیاندەوە هەڤالان و دەسکرا بە کۆبوونەوەو گفتوگۆو دیتنی شیوعیان ئەنجامەکەی بەم جۆرە

هاتەوە: لە ناحیەی سیاسیەوە توانیمان بزووتنەوەیەك دروست بکەین ، بەقەدەر ئاهەنگەکە خەڵکی وشیار کەینەوەو دەنگمان بگاتە هەموو لایێ . بۆ ئەوەی ( ئەمن ) هەوڵی ئاژاوە نانەوە نەداو دەستی تێوەردانیان بۆ نەکرێت .. واز لە ئاهەنگەکە بێنن .. هەر دەستەو کۆمەڵە ، وەك ساڵانی رابردوو ، لە شوێنێ نەورۆز بکەن .. ئێمەی قوتابیان بەو بڕیارە نارازی بووین . بەڵام دەشمانزانی گەورە پیاوان بە ئێمە رازی ناکرێن . بە ناچاری وازمان لێهێنا . لە هەمووی خۆشتر لە رۆژی گرتنی هاوەڵانمانەوە تا دوای نەورۆز ( مەفرەزە )یەکی پۆلیس لەبەر تەکیە چادریان هەڵدابوو ، نەیاندەهێشت کەس لە گۆڕەپانەکە نزیك ببێتەوە ! ! لەرۆژی نەورۆزدا، قونسوولی ئەمریکی بە دەوری گۆڕپانەکەدا سووڕابۆوە .

(١٠)

لە دێر زەمانەوە ، نەورۆز و کوردایەتی هاوشان و هاودەمی یەکترین ، بەتایبەتی لە کەرکووکی زێری رەش ، نەورۆز و شۆڕش تەواوکەری یەکتری بوون . داگیرکەرانی بەریتانیا و کۆمپانیای نەوتی، شاگردە عەرەبەکانیان ، بە هەموو توانایان هەوڵیان داوە ( ئاگری پیرۆزی نەورۆز ، گڕی ئەمری باوەگوڕ لە ئامێز نەگرێ ) هەر جارە بە بیانوێ ، هەر ساڵە لەبەر شتێ.. ئاوی قینیان بە ئاگریا کردووە. ئەگەر لە شارەکانی تری کوردستانی باشوورا ، لەسەر چالاکی نەورۆز یەکێك هەفتەیەك بەند کرابێ یان دەست بەسەر بوو بێ.. لە کەرکووك ( حسنی سلوك ) یان لێسەندۆتەوەو چەند مانگێکیش هاتوو چۆیان پێکردووە.. بۆیە ، ئەم جەژنە لای کەرکووکیان تامو چێژێکی تری هەبوو . هەر بۆیەش گەرەکمە ئەو چالاکیانەی دیومن ، وەك مێژووی خەباتی سیاسی تۆماریان بکەم .

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حیزبمان ، وەك کارێکی نیشتمانی نەگۆڕ ، هەموو ساڵێ ، بەبەیان یان بڵاوکراوە پیرۆزباییان لە کوردان دەکرد . بەشەو دیوارەکان بە دروشمی قەبە قەبە پڕدەکرانەوە . ئەندامان ، دۆست و لایەنگیر ، خەڵکی شاریان تێدەگەیاند کە نەورۆز بکەن . لەولاشەوە کاربەدەستانی دەوڵەت ، مەلا گومان لێکراوو پیاوانیان دەبزواند کە دژی نەورۆز و ئاگری بووەستن و لە وتاری هەینی باسی خراپی ئاگرکردنەوە بکەن!.. ئەو ماوەی لەم شارەبووم ، هیچ ساڵێ ، چەژن ، بێ گرتن و لێدان و سزادان نەبووە .

کەرکووکییەکان هەر لە بەیانیەوە ، بەرەو قەراخ شار بەڕێ دەکەوتن ، هەندێ بە ڕێگای سلێمانیدا تا قەرە هەنجیر بڵاو دەبوونەوە . هەندێکی تر روویان دەکردە ڕێگای هەولێرو کۆیەو دارەمان.. ئەوانەی مەبەستیان نەبوایا ، بەرەو ڕێگای حەویجەو بەغدا دەچوون.. هەر چەند خێزانێ ، لەسەر گردێ ، دەشتێ ، بن دارێ.. دادەنیشتن سەماوەریان جۆش دەدا . خواردنی هەمە جۆرەیان دەکرد . گۆرانیان دەووت . شایی دەکرا.. زووربەی دوکاندارو بازرگانەکان ، دوکانیان دادەخست . فەرمانبەران ، هەوڵیان دەدا پشوو وەرگرن.. ئەوانەی پشوویان نەدەدرایێ ، یان بێ ئیجازە دەڕۆیشتن یان پاش نیوەڕۆ بەشداریان دەکرد .

دیارە ، ئێمەش نەورۆز بوێرمان نەکردووە . لەگەڵ خەڵکەکە دادەنیشتین و شیرینی و شەربەتمان بەسەر دراوسێیەکانماندا بەش دەکرد . هەتا خاڵە دەبابەش گیرابێ یان خۆی شاردبێتەوە.. ئێمە وەك کارێکی حیزبی بەچاوی پڕ فرمێسك و هەناسەی ساردەوە نەورۆزمان هەر دەکرد.. ئەو ساڵە لەگەڵ ماڵی کاك ئیبراهیم ئەحمەدو حمەی دەرویش کەریم چووینە ( نمرە هەشت ) و لەسەر زێ چادرمان هەڵداو بارمان داگرت . زۆری پێ نەچوو لاندلۆڤەرێکی نوێ لە نزیکمانەوە وەستا ، سایەقەکە دابەزی و لێمان نزیك بۆوەو وتی : جەناب دەفەرموێ ( مەبەس لە جەناب لێپرسراوی ئینگلیزە ) سەیران

لێره قەدەغەیە . دەبابە لێی هاتە وەلام و پرسی : بۆ؟ شۆفێرەکە بە نیمچە پاڕانەوەیەکەوە وتی : چونکە نزیکە لە پرۆژەی نەوت . شوێن زۆرە . بچنە جێگایەکی تر.. دەبابە وتی : بە جەنابی بڵێ . ئێرە کوردستانەو ئێمەش کوردین و جەژنی نەورۆز دەکەین . ئەگەر پیرۆزبایمان لێناکاو بەشداریش نابێ . بالێمان تێکنەدا!!.. سایەقەکە رۆی . جەناب دابەزی ، بە زەردەخەنەوە پیرۆزبایی جەژنی کرد . داوای لێبوردنی کردو رۆی .

وەکو لە پێشا وتم ، لەناو ( حەقە ) کانا شیوعی زۆر بوون . کاك علی عسکری یش لای خۆیەوە خەریکیان بوو فێری کوردایەتیان بکا ، بۆیە ، بڕیارماندا چالاکی نەورۆزێ بەرینە ( عەسکەر و گۆپتەپە) لەچەند رۆژێکدا پارەی ( پاس )مان کۆکردەوەو خواردن و خواردنەوەشمان خستە سەر خزم و کەسانی علی ، پاسێکی گەورەمان بە پارەکە گرت تا ئێوارە لەگەڵمان بێ ( پاسەکە ، لۆری بوو ، بۆدی تەختەی بۆکرابوو. کورسی بۆ دروست کرابوو . دەوری چل کەسێکی دەگرت ) جلی کوردیمان گۆڕی تەپڵ و زوورناو شمشاڵ پەیدا کرا . بەرەبەیانی هەینی بەڕێکەوتین . بە ئارەزووی خۆمان سروودو گۆرانیمان دەوت . لە عەسکەر ، شایی و زەماوەندمان کرد . خواردنێکی زۆرو چاکیان کردبوو، چەند بەرخ و مەڕیان سەربڕی بوو.. چۆن گەیشتین ، ئاواش بە گەرمی بەرێیان کردینەوە .
علی رەحمەتی ، وەك خاوەنی داوەتەکە هەڵسوکەوتی دەکرد. لە ناو پاسەکەیا جێگای بۆ دابین دەکرین . لە نزیك دەرگای پاسەکە ، کاك شیت عزیز بەرزنجی خەنجەرێکی دەسك سپی پێ بوو ، بە رووتی یاری پێدەکرد ، لە ناکاو علی پشتاو پشت گەڕایەوەو خەنجەرەکە بە سمتیا چوو . شەرواڵی سوور بوو . خێرا پشتێنم کردەوەو لە سمت ورانیم وەرپێچاو جەراندم . خوێنەکە وەستا ، بەڵام ئازاری زۆر بوو ، خۆشی نەشڵەژاندو بە رووی هەموومانەوە پێدەکەنی . شیت لە تەریقیدا خۆی لالوت کردبوو ، هەر سەیری دەکردین و دەیووت : علی نازانێ گاڵتە بکا !!

# (١١)

لەو ساڵەوە میسرو سوریا یەکیان گرت ، کێچ کەوتە کەوڵی عێراق و ئۆردن و بەریتانیا.. دەیان ویست بیسەلمێنن کە تەنیا بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی بە تەنگ یەکێتی نیشتمانی عەرەبەوە نییە ، بەڵکو دەوڵەتە ( دیموکراتیە پەرلەمانیەکانیش ) یەکگرتنی عەرەبیان دەوێ . بەڵام لەبەر بێ دەرامەتی ئۆردون ، مەسەلەکە ساردی لێدەکرا . ( نوری سعید )ی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عێراق وای پێشنیار کرد کە ( کوێت ) یشیان لەگەڵا بێ.. بەڵام پرۆژەکە سەری نەگرت . یەکگرتووی هاشمی ( الاتحاد الهاشمي ) هاتە سەر خوانی گفتوگۆ . پارتی دیموکراتی کوردستان ، کەوتە جموجوڵ و دەرکردنی بەیان و بڵاوکراوەو داوای دەکرد ، لەم یەکگرتنەدا مافی رووناکبیری کوردان دابین بکرێ . هەر بۆ ئەم مەبەستەش ، مەکتەبی سیاسی حیزب کۆبووەو بڕیاریاندا کەسەر لە : پیاوە ناودارەکان و شێخ و سەیدە ناسراوەکان و بەگ و ئاغا دەست رۆیشتووەکان.. بدەن و بە هەموویان یاداشتێ بدەنە حکومەت و داوای مافی کورد لە یەکگرتووی هاشمی بکەن .

لە کەرکوك کاك ئیبراهیم ئەحمەد و عمر دەبابە.. خۆیان گەیاندە کاکەی حاجی محمود ،( کە دیوەخانەکەی ببوە جێی کۆبوونەوەی پیاوە ماقوڵانی شار ) مەسەلەکەیان تێگەیاند. کاکە نەك هەر پێی خۆشبوو ، یارمەتیشی دان بۆ دیتنی دەست رۆیشتووەکانی تر.. لە هەولێریش عەونی یوسف و ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی ، لە کۆیە کاکە زیاد ، لە سلێمانی حیلمی عەلی شەریف و نوری ئەحمەد تەها محەمەدی حاجی تایەر و .. دەستیان بە سەردان و دیتنی دەست رۆیشتووەکان کرد . لە ماوەیەکی کورتدا زووربەی سەرۆك خێڵ و شێخ و ئاغاکان یاداشتیان مۆر کردو بەچەند دانەیەك نێردرا..

هەرچەندە یاداشتەکان هیچ دەورێکی ئەوتۆیان نەدی.. بەڵام بۆ دەوڵەتی عێراق دەرکەوت کە تا ئێستا نەیان توانیووە گیانی کوردایەتی لە بنا دەربێنن .

لەو مانگانەدا ، کاك عەباس حسێن ، بە گوێیا چەپاندم کە ئەندامێکیان بۆ لیژنەی ناوچە گەرەکە ، من و جیهان صدیق پێشنیارکراوین و لە کۆبوونەوەی ئایندە بڕیاری لەسەر دەدەن . من حەزم دەکرد کە جیهان ببێ ، چونکە سەرەڕای ئەوەی لەدەرسێ کەوتبووم ، کاری قوتابیانیشم بەسەرا کەوتبوو ، خەریکی دنیای ئەدەبیش بووم . جیهانیش بەکەلۆری تەواوکردبوو ، خوێندنی وای نەمابوو.. تومەز ئەویش بیستبووی ، حەزی کرد بوو جێگاکە بدرێتە من . خۆی پێ نەگیرا هاتە لام و تەشجیعی کردم ئەندامیەتەکە وەرگرم.. بیانوو لەسەر بیانومان بۆیەك دەهێنایەوە . وەنەبێ ئەم کردەوەیە هەر لە من و هاورێم روویدابێ . ئەوسا ، گیانی کوردایەتی ئەوەندە بەهێز بوو کە دەتوانم دەیەها نموونەی وا بهێنمەوە !.. بەڵام من لەسەر حەق بووم ، بڵاوبوونەوەی یەکەم چیرۆکم ( بەسەرهاتی کنێر ) پتر پاڵی پێوەنام بۆ نووسین . رازی بوونی ئەدیب و دۆستانی کەرکوك لە بەرهەمەکە گەرمتری دەکردم ( بەگشتی نووسینەکانم ، پەخشان و چیرۆك بوون . هەر بەرهەمە دە — دوانزدە جارم دەنووسییەوە . هەر لێی رازی نەدەبووم ) خۆ نووسین بۆ گۆڤاری ( هیوا ) لای من شاخێ بوو ، دارێکی بەرز بوو نەیدەگەیشتمێ .

کوردایەتی زۆر پەرەی سەند . زووربەی دوکانی کوردەکان ناوی خۆماڵی لێندرا ، بە ئاشکراتر باسی کوردو کوردستان دەکرا . هەفتە نەبوو،دیواری گەرەکەکان بە دروشمی کوردایەتی نەنەخشێ . خۆ باسی خوێندن بە کوردی زۆر بڵاو بۆوە . هەتا ئێمە پتر پێمان لەسەر ئەو کارە دادەگرت و خەلکمان فێری ( رۆژباش ) دەکرد . حیزبەکانی تری( هەتا شیوعیەکانیش ) گرژتر دەکرد . کە بە سەرکردە شیوعیەکانمان دەووت، ئینکاریان دەکردو وایان نیشان دەدا کە کردەوەی هەرزەکارانەی هاورێیانیانەو ئەمان رازی نین .

ئەوانی تریش بیانوویان ئەوەبوو کە رۆژباش یەکێتیی نیشتمانی! دەخاتە مەترسیەوە! ! تۆرانیەکان زۆر لە خۆیان بایی بوو بوون . تورکمانەکان زۆرجار، لاوێکی کوردیان دەگرت و شل و کوتی مەرگیان دەگرد . یان شەڕیان بە کچی کورد دەفرۆشت ، وێنەی ( مستەفا ئەتلتورك ) لە زۆربەی مالآنا، لە هەندێ دوکانی تۆرانیانا هەڵواسرابوو (بەتایبەتی پاش مۆرکردنی پەیمانی بەغدا) زۆر بلاوبۆوە . بەلآم بە گشتی ئەم حالە لە سنوری لاوەکان و تۆرانیەکان بەرەو ژوور نەبوو بۆوە. پیاوە کوردو تورکمانە ماقولانی شار رێزی یەکتریان دەگرت و هاتوو چۆیان گەرم بوو .

لەم ماوەیەدا ، بیری عەرەب چییەتی لەناو دەسەلآتداراتی دەولەت پەرەی سەند . بە پلانی نەخشاو عەرەبیان لە کەرکووك و حەویجە زۆر دەکرد . فەرمانبەری عەرەب زۆر دەکراو هی کوردو تورکمان کەم دەکرایەوە . فرقەی دوو ، ( کە پەیوەندی دار بوو بە کوردستانەوە ، زووربەی ئەفسەرەکانی ئەگەر نەلێم هەمووی کوردو تورکمان بوون ) لەم دوابیەدا ، بەچەندەها برو بیانوو ، ئەفسەری عەرەب دەخرایە ناو فرقەی دوو ، هەندێ ( معاون ) و دەرەجەدارو پۆلیسی عەرەبیان چاند . هەر لەوساوە دەیانویست رووی نەتەوەیی کەرکووك بگۆڕن . لە دووسالی دوایشدا هەندێ حەویجەیی ( کە زۆربەیان عەرەبی جبور بوون و پاش پرۆژەی حەویجە نیشتەجێ کرا بوون ) بۆ ئیش و کار و کاسپی هاتنە شارەکە. کەلوپەلی عەرەبی پەرەی سەند . بەلآم رووی شار نەگۆڕا بوو . بۆیە کەم کەس هەستی بەم پیلانە دەکرد!

دیانەکان ، کە زووربەیان لە کۆمپانیای نەوت دامەزرابوون ، خۆیان لە ژیانی رۆژانەی خەلکی شار هەلنەدەسوو.. زووربەیان لە عەرەفە بوون و ئەوانی تر لە گەڕەکەکانی نزیك عەرەفە خانویان گرتبوو . بەلآم ئەوانەی قەلآ بە تەواوی لەگەل خەلکەکەی تر جیا نەدەکرانەوە . دیانەکانی عەرەفە ، سەربەست و ئازاد بوون . ئێواران ژن و کچیان میکیاجیان دەکردو لەناو باغچەی بێ دیواری مالەکانیان دادەنیشتن و

گۆرانیان لێدەدا ، بە شەقامەکانیا پیاسەیان دەکرد.. ئەم سەربەستیەیان ، وای لە لاوانی کەرکوك کردبوو ، برژێنە ناو ئەو کۆڵان و شەقامانە و سەیریان بکەن و چاویان بە رووی جوان و سینگ و مەمك ی قیت و پاو پووزی رووت بلەوەرێنن . چونکە لەناو کەرکووکا بە دەگمەن ( سفور )ێ دەبینرا . هەرە سەربەستەکان ، بەس پەچەیان نەدەگرتەوە . خۆ ئێوارەی یەك شەممان عەرەفە بەبەر نەدەکەوت .

نووشتەی چاوەزار ، خۆشەویستی ، رەشکردن ، بەستنی ژن و مێرد.. لەناو ژنانی کوردو تورکمان دەوری دەدی . هاواری ( یا قریب الفرج ) لەسەربانی مزگەوتەکانا دەبیسترا . شێخی نووشتەکەر ، نانی کەوتبووە رۆنەوە . هەفتەی رۆژێ دەچوونە سەر گۆڕی شێخ و مشایەخ ، قەفلی ئیمام قاسم و ئەخی حسین رادەوەشێنرا . کتێب گرتنەوە . دەست خوێندنەوە . بەخت گرتنەوە لەناو ژنە موسڵمانەکانا زۆر باو بوو . دوو شەمووان و پێنج شەمووان ، گۆڕستانەکان رەش دەچۆوە . پاش گریان و لاواندنەوە.. دەبووە یانەو دیوەخانی ژنان و قسەو قسەلۆك .

جیگای رابواردنی پیاوانی کەرکوك ، بە پێی جۆری بیرکردنەوەیان دەگۆڕا . هەبوو، هەر لە عەسرەوە دەچووە مزگەوت و تەکیەکان و کۆمەڵ کۆمەڵ دادەنیشتن و باسی ئاین و شەرع و حەرام و حەلاڵ دەکرا . نوێژیان دەگێڕایەوە . قورئانیان خەتم دەکرد.. هەندێکیتر سەری چایخانەکانیان دەدا . دۆمینە . تاوڵە . سێرسکێن . دامە . شەترەنج و کاغەزێنیان دەکرد . بەناوبانگترین چایخانەکانی ئەوسا قۆریە : احمد ئاغا ( کە لەسەری بازاری قۆریە بوو ) و مجیدیە . لەبەری قەلا : جووت قاوەخانە . چایخانەی سەرجسر.. حەدیقەی ام الربیعین و قەلاو ناوچەی گاورباخیش جێی رابواردنی لاوان بوو . تاکە شوێنی خواردنەوەش بۆ فەرمانبەران : یانەکان بوو. کۆمپانیای نەوتیش یانەیەکیان بۆ کرێکارەکانیان کردبۆوە.. تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٨ کەرکووکم وادی .

# (١٢)

بەهۆی مامە ( ئەدیم )مەوە ، نامەمان لەگەڵ مامە عەبدوڵڵام گۆڕییەوەو وێنەی خۆمان بۆ ناردو ئەویش وێنەیەکی خۆی ( تەنیا خۆی ) بۆ ناردین و لە شێوەی نووسینەکانیدا وا دەردەکەوت کە مام و برازایی بزوابێ ، گەرەکی بوو بمانبینێ.. لە هەموو نامەکانیشیدا سوپاس و ستایشی خاڵە تایەرمی دەکرد کە دەستی بەسەرماندا هێناوەو چاودێریمان دەکاو پێمان دەخوێنێ.. لە دوا نامەیدا تکای کردبوو کە رێمان بدەن سەری لێبدەین ( چونکە ئەی دەتوانی بێتە کوردستان ) وەك هەستیارو هەرزەکارێ ( بەتایبەتی بەمەبەستی بینینی خاتوزین ) زۆرم پێخۆش بوو ، بەڵام دەترسام خاڵوانم رازی نەبن و حەقیشم دەدانێ!.. چونکە لە مردنی باوکمەوە نەك هیچ یارمەتیەکی نەدابووین، لە ژیان و گوزەرانیشمان بێئاگا بوو!.. جاروباریش خزمان تانەیان لێدەداین و دەیانووت ( خاڵان خوارزا مەزن کرد، مامان برازا بزر کرد ! ! )

دەرچوونم بۆ سانەوی کردە بیانوو و مەبەسی چوونم بۆ ( دیوانیە ) باسکرد . لەو حاڵەتانەدا ، خاڵە عومەرم خاوەن بڕیار بوو. ئەویش نەك هەر رازی بوو ، پێشی خۆشبوو خزمایەتیمان تازە ببێتەوە ، چونکە مامی بە تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەری نیشتمانپەروەر دەزانی.. تەنیا مەرجی ئەوە بوو کە ئەم جارە بە تەنیا خۆم بچم.. لە خۆشیدا پێم بە ئەرز نەدەکەوت . خەون و خەیاڵم تێکەڵ دەبوون و کۆشك و باڵەخانەم لەسەر یەك دادەنا.. مامیشم بە وردی رێگەی چوونمی بۆ نووسیم.. دەبابە لەگەڵ خۆی بردمیە بەغدا. ( بۆ ئەوەی بە چاوی رووناکی بگەمە لایان ) ، سواری شەمەنەفەری ( چەتڵە )ی کردم .

هەموو رۆژێ ، دوو شەمەنەفەر دەچووە بەسرە ، خێراکەیان شەو دەکەوتە رێ و لە شارە سەرەکیەکان دەوەستاو درەنگە شەوان

دەگەیشتە شاری ( دیوانیە ). ئەویتریان کە ( چەتڵە) یان پێدەووت . بەیانی زوو دەردەچوو ، لە زووربەی گوندو گشت شارۆچکەکان لای دەداو بارو نەفەری هەڵدەگرتو نزیك ئێوارە دەگەیشتمە لای مامم.. کە گەیشتم ، مامم و فوئادی کوڕی لە دوورەوە گازیان کردم و بەیەك شادو گوشاد بووینەوە . چاوانی پڕ فرمێسکی مامم هەژاندمی ، بە قورگی پڕ گریانەوە بەخێرهاتنی دەکردم و دەکردەوە!.. لە ماڵیشیاندا پێشوازیەکی گەرم کرام . هەر زوو هەندێ شت سەرنجی راکێشام : هەرچەندە مامم دەمێ بوو کەوتبووە خواروی عیراق و هەندێ منداڵیشی لەوێ لەدایك بوو بوون . بەڵام هەموویان کوردیان دەزانی و قسەیان پێدەکرد . بچوکەکان بە عەرەبیش پرسیاریان بکردایا ، ئەوان بە کوردی وەڵامیان دەدانەوە . مامۆژنم بە روومەوە پێدەکەنی ، بەڵام بەحەزەرەوە سەیری دەکردم ، وەك چاوەڕوانی گۆڕانێکی گەورە لە ژیانی خێزانیان بکا.. کوڕو کچەکانیان بە ساکارانە سەیری هاتنیان دەکردم و هەڵوێستێکی تایبەتیشم لە خاتوزین نەدی . هەستم بە خۆشەویستیەکی تایبەتی نەکرد . بەڵکو خۆشی بە قورس و گران رادەگرت!.. بەشەرمەوە سەیری دەکردم!.. بەڵام کیژێکی جوانی شۆخی نازدارو نەشمیلانە بوو. هەسەلەی ( مەم و زین )یشی دەزانی ! !

دانیشتوانی شارەکە شیعە مەزهەب بوون و رووباری ( فورات ) کردبوویە دوو کوتی نارێك . چەند ماڵە کوردێکی لێبوو . خەڵکی شارەکە بە گشتی چەپڕەو بوون ( کە ئەوسا لە شیوعیەتدا خۆی دەنواند ) پەیوەندی عەشایەری و مەزهەبی و بنەماڵەیەیی لە برەودا بوو . بیکاریان زۆر بوو . بێدەرامەتیان پێوە دیار بوو . شارەکە پیس و ناخۆش و پەرپووت بوو . بازاری نارێك ، خانوو وبەرەی کۆن و پەرپووت .. پێشوولەی زۆر ، گەرمای هاوینیش سەربارو بن بار! !.. ئەو چەند رۆژەی لەوێ بووم ، بۆساتێکیش بە تەنیا لەگەڵ خاتوزین دانەنیشتم و یەکتریمان نەدواند.. بێگومان ، ئەم دەزانی چی لە دڵ و دەروونیدا هەیە . بەڵام هەستم بە خۆشەویستیەکی ساکار

دەکرد کە رەنگە لە سنوری ئامۆزایەتی تێنەپەری بێ . هەتا ئەو چەند جارەش لە بەغدا بە تەنیا دیم ، نەك لەگەڵم نەهاتە دەرەوە ، خۆشەویستی و دڵداریش لە قسەکانیدا دیار نەبوو.. ئەو چەند دەقیقەیەی لەگەڵم دەوەستا جگە لە هەواڵ پرسین . نەمن رووم دەهات ئەو باسە بکەمەوە ، نە ئەو بەلایدا دەچوو . بەڵام کە خوا حافیزیم دەکرد . دەیووت : هەر هاتیە بەغدا سەرم لێدە ! !

نازانم لە کەیەوە مامە عەبدوڵام پەیوەندی بە خزمانی جەزیرە تازە کردبۆوە . بەڵام زۆربەی هاوینان دەپەریەوە لایان لە گەڕانەوەیدا هەواڵ و دەنگوباسی بۆ مامم دەنارد . ئەویش بە نێمەی رادەگەیاند ( کە هەفتانە هاموشۆمان دەکرد ) . لە راستیدا خاڵوانم خۆشتردەویست و گوێرایەلیان دەبووم . بەڵام حەزیشم دەکرد مامەکانیشم ببینم .. کەم ساڵ هەبوو نەچمە کۆێی و سەر لە نەنکم و پورم نەدەم . بە هۆی فوئادیشەوە مالی پورە ( حەلیمە ) مان دۆزیەوە .

من ، جگە لەوەی کوڕی گەورە بووم و بیر و هەستی لاوێتیش دەیجولاندم ، لە مێرگی سەوزی خەیاڵدا دەژیام ( بەڵام خەون و خە یالی خاتوزین ، لە دڵداری کچە کەرکوکیانی نەکردبووم ) کە مالی مامە عەبدوڵام هاتنە بەغدا و لە ( راغبە خاتوون ) خانوویان گرت ، زوو زوو سەرم لێدەدان و خزمایەتیمان گەرمتر بوو . بەتایبەتی لە گەڵ فوئاد ( کە هاوتەمەن بووین )ی رووخۆش و خاتوزینی خۆشەویستم ( کە زۆر نەبوو بوو بووە مامۆستا) . بەڵام هیچمان نەمان دەوێرا سنوور ببەزێنین . هەلێشمان بۆ برەخسایە و دلی خۆم بکردایەوە ، تاکە وەڵامی وی : حەز دەکەم ئاواتی مامی جوانەمەرگم بێتە دی !

فوئاد لاوێکی خزم دۆست بوو .. خۆی گەیاندە ( باقوبە ) و عەبدولستار و گوزیدە و عەبدولخالق و جەباری دیبوو ( بەگشتی چەپڕەو و کۆمەنیست بوون ) لە سەفەرێکی هاوینی بەغدا لە گەڵی چووم .

باقوبه ، شارێکی دواکەوتووی پیسی ناخۆش بوو . خانووی تارێك و داتەپیوو بوو . خەلکی هەژار و دەست کورت بوون .. پورم ، ئافرەتێکی بێوەژنی پیری لاوازی روو لۆچاوی سەر سپی بوو . عەبدولستار ( کە لە خزمانی باوکی ژنی هێنا بوو ) پاش مردنی باوکی ئیدارەی ماڵەکەی دەکرد .. هەندێکیان خۆیان بە کورد دەزانی ، بەڵام زمانی ناو ماڵەکەیان تورکمانی بوو . پورم کەم بە لامانا هات . منیش هەستم نەدەبزووت . عەبدولستار و عەبدولخالق چەند جارێ هاتنە کەرکوك و سەریان لێداین . بەلام پاش ئەوەی بوومە پێشمەرگە (١٩٦٢)و پورم مرد ،لێکدابراینەوەتا ئیستاش هاموشۆمان نەماوە . هەتا کە سەر لە ئەدیبی ناسراو ( محیەدین زەنگەنە) دەدەم مەبەستم نیە پورزاکانم ببینم !!

(١٣)

دەنگوباسی چوونە تورکیای مەلیك فەیسەلی دووهەم بڵاوبۆوە . هەندێ دەیان ووت : بە کەرکووکا تێدەپەرێ و هەندێکیتر موسڵیان دانابوو . سیاسیەکان و نیشتمانپەروەرە دیارەکان — کە حکومەت بە مشبوە ناوی دەبردن — چەند رۆژێ چاوەروانی گرتن بوون . لە دوای سێیەکی مانگی تەمووزەوە تا درەنگی شەو خۆمان نەدەگۆرِی و گوێ قوڵاخ دەبووین . کە دەچووینە سەربانیش ، لە هەموو دەنگ و جووڵەیە رادەپەرین.. دوای سەعات حەوتی بەیانی (١٤) مانگ ، پورم، من و سلێمانی رەحمەتی برام و ئیحسانی خالۆزامی هەڵساند و ئاگاداری کردین کە مقۆ مقۆی رێبواران باس لە ( انقلاب )ی بەغدا دەکەن . ئێمەش بە بیجامەوەو هاتینە خوارەوەو چوینە سەر شەقامی خاسە ( کە جادەی سەرەکی سلێمانی بوو ) گوێمان هەڵخست ، هەندێ ماڵ رادیۆیان کردبۆوە ، خەلکیش بە ئاشکرا باسی کۆدەتایەکی سەربازیان دەکرد . بەڵام هیچ شتێ روون نەبوو.. لە ماڵەوە رادیۆمان کردەوە ، لەعەرەبیەکە( مارش )و سرودی نیشتمانی

دەوترا . کوردیەکەی بەغداش، نەبای پیا هاتبوو نە باران!! پاش قورئان ، لەسەر بەزمی شایی و گۆرانی خۆی دەڕۆیشت . خاڵە عومەرمان هەڵساندو بەدەم خۆگۆڕینەوە ، گوێ رایەڵی رادیۆی کوردیو عەرەبی بووین!! بێگومان بووین لەوەی کە گۆڕانێ رووی داوە. چۆنە؟ کێیە؟ هیچ دیار نەبوو. کوردیەکەش دەنگوباسی نەخوێندەوەو گۆرانی و شایش بەردەوام بوو.. دەمانویست ناوی ئەو کەسانەمان گوێ لێبێ کە کارەکەیان کردووە یان ناوی دەرکراوو گیراوەکان.. بۆ ئەوەی بەو پێیە هەڵیسەنگێنین . پاش ماوەیەك مجید کاکە هاتو لەگەڵ خاڵم چوونە ژوورەوەو فسکە فسکێکیان کرد. دەرچوون . داوایان لێکردین ، چاوەڕێ بین تا بڕیارمان دەگاتێ .

دەوری سەعات (١٠) سەرەتای گۆڕان دەرکەوت لیوای بیست و نۆزدە بە سەرکردایەتی عبدالکریم قاسم و عبدالسلام عارف کودەتایەکی سەربازیان کردووەو داوا لە جەماوەر دەکەن لە بەغداو شارەکانا پشتیان بگرن و دامودەزگای کۆن تێکدەن و پیاوانی ئیستعمار بگرن . ئەندام و دۆستی حیزبە نیشتمانیەکان ( کەلە کەرکووکا بریتی بوون لە شیوعی و پارتی ) کەوتینە سەر شەقام و کۆڵانەکان و پەلاماری چەند پۆلیسخانەیەکماندا و هەندێ چەکمان لێسەندن . کۆمەڵ کۆمەڵ وەستاین و چاوەڕوانی بڕیاری حیزبمان بووین . هەندێ چووینە لای ( انضباط ) خانەو بارەگای ( فرقە ) و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ئاسایشی شار.. بەڵام نەماندەزانی چی بکەین .. خەڵکەکەش بە ترس و لەرزەوە رژانە سەر شەقامەکان و کەوتنە خۆنیشاندان و هەڵواسینی دروشمی نوێ. نە ئێمە دەمانوێرا پەلاماری دەزگا سەربازیەکان بدەین، نە ئەفسەرو سەرکردەکان دەیان وێرا لێمان نزیك ببنەوە.. تا فرقە چووە پاڵ شۆڕش ، وەك مشك وپشیلە لێك مۆڕ دەبووینەوە !

سەربازو معاون و ئەفسەرو دەرەجەدارەکان کەوتنە ناو جەماوەرو بەشداری خۆنیشاندانیان کرد . هێزێکی چەکداری ئاراش چوار دەوری کۆمپانیای نەوت و سێنتراڵ و قونسولیەتی ئەمەریکا و

بەریتانیای دا ، بۆ ئەوەی ، تا هاتوو چوو قەدەغە دەکرێ کەس لێیان نزیك نەکەوێتەوە یان ئاژاوەو تالان دەستپێنەکا . بەلام ئەو قەدەغەیە هەر قسە بوو. شەقام و کۆلانەکان پڕ خەلکی جەربەزە بوون. بژی و بروخێ هەر هەبوو.. لەو ساتانەوە پێشبڕکێ و خۆدەرخستنی نەتەوایەتی و حیزبایەتی دەستی پێکرد . هەر حیزبە دەیوویست زۆرترین کەس لە ژێر دروشمەکانی کۆبکاتەوەو لە هی حیزبەکەی تریش گەورەترو درێژتر بێ!!.. هەر حیزبە خەریکی کۆکردنەوەی مۆرو ئیمزا بوون . ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش ، سێ – چوار جۆر بوو . شیوعیەکان ، بە ( عێراق) چیەتی . پارتەکان بە ( کوردایەتی ) تورکمانەکان بە ناوی ( تورکە)وە!!.. بروسکەی پارتی بریتی بوو لە: برایەتی کوردو عەرەب و دلسۆزی کورد بۆ سەرکردایەتی شۆڕش و داوای مافی رووناکبیری.. لە (١٦) ی مانگا بەیانی مەکتەبی سیاسی پارتی دەرچوو کە لەگەل ناوەڕۆکی بروسکەکانیانا جووت بوو. لەسەرو هەموو داواکان دروست کردنی بەڕێوەبەرێتی مەعاریفی کوردستان بوو ( لە کەرکووك ) . ئازادکردنی بارزانیان .

پاش ماوەیەك ، دیارترین حیزبی ئاشکرای کەرکووك ( شیوعیەکان ) بوون ، چونکە جگە لەوەی لە شارە عەرەبیەکانا دەسەلاتیان زۆر بوو ، کە رکووکیش هەمە نەتەوە بوو ، دروشمی ئەوان جێگیر بوو. ئێمەو رێکخراوە جەماوەریەکانمان ، بە دووەم دەهاتین ، بۆیە گورج تر کارمان دەکردو دەمانویست زۆرترین کورد بەلای خۆمانا راکێشین . بەلام زۆری پێنەچوو ، دەرکەوت کە دروشمەکانمان لەگەل ئامانج و ئارەزووی سەرکردەی عەرەبی شۆڕشەکە ناگونجێ . ئەمەش ، هۆیەکی تر بوو کە ئێمەی گەرمترو سوورتر دەکرد لەسەر کۆکردنەوەی کوردان . خواردن و خۆراك و پشوومان هەر کار بوو . لە بەیانیەوە مالمان نەدەدیتەوە تا درەنگە شەوێ . شەرە دەنووك و پاشقول گرتن لە بەینی رێکخراوە

سیاسیەکانا دەستی پێکرد، سەر لە نوێ تۆمەتی ( پیاوانی ئەمەریکا)مان پێوە لکێنرایەوەو ( دەرەبەگایەتیشی ) هاتە سەر!

پاش چەند رۆژێ ئیبراهیم ئەحمەد و عمر دەبابە چوونە بەغدا بۆ ئەوەی لە رێی ئەفسەرو وەزیرو ناودارانی کوردەوە چاویان بە سەرکردایەتی شۆرش بکەوێ. کاتێ بۆ ناودارانی کوردستان و سەرۆك خێڵ و شێخ و دەست رۆیشتووەکان دانین . کە دەبابە گەڕایەوە کەوتینە جموجوڵ و پەیوەندی کردن بە شارو شارۆچکەکانەوەو هەموو ئامادەکران و چوونە بەغدا . جگە لەوانە خانەخوێیان هەبوو، ئەوانی تر لە ئوتێلی ( ترۆکادیرۆ و مستنصریە و تایگرپلص ) دابەزین و پەیوەندیان کرد.. لە (٢٧) ی مانگ نوێنەرانی کوردستان (کەرکووك ، سلێمانی ، هەولێر ، موسڵ – دهۆك ، قەزایکی بوو – خانەقین ..) بەسەرپەرشتی ئیبراهیم ئەحمەد چوونە وەزارەتی بەرگری ( کە بارەگای عبدالکریم قاسم بوو ) پاش پیرۆزبایی کردن لە شۆرش و سەرکردەکانیان ، یاداشتێکیان پێشکەش کرد کە تیا نووسرابوو :

- دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ : برا بارزانیەکان ( کەشێخ ئەحمەدی نەمریان لەگەڵا بوو )و بارزانیانی یەکێتی سۆڤیەت ( کە مەلا مستەفای نەمریان لە گەڵا بوو )، چوار ئەفسەرە کوردە لە سێدارە دراوەکان . بەندە سیاسیەکانی ناو زیندان..
- خوێندن بە کوردی لە شارە کوردەکاناو دروستکردنی بەڕێوەبەرێتی مەعاریفی کوردستان ( لە کەرکووك )
- بوژاندنەوەی کشتوکاڵ و دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی لە شارە کوردەکانا و دامەزراندنی فەرمانبەری کورد لەو شوێنانە.
- رێدان بە رێکخراوە سیاسی و پیشەیی و کۆمەلایەتی کوردی کە بە ئاشکرا کار بکەن.
- رێدان بە رۆژنامەو گۆڤاری کوردی و دەست گرتنیان.

کاروباری دەوڵەت کەوتە ژێر دەستی ئەفسەرانی سوپا . نەقبەی ( متصرف )ی ( لیوا )کان و شوێنە گرینگەکان بە ئەفسەری

سەر بە شۆڕش پڕکرایەوە . بە بیانووی بەرهەڵست کردنی پیلانی داگیرکەران ( احکام العرفی ) لە هەموو لایەك بانگهێشت کرا . بێ پرسکردن : کۆبوونەوەو خۆنیشاندان و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و بڵاوکراوەی حیزبی و پیشەیی و نووسین و گۆڤارو ڕۆژنامە قەدەغە کرا . هەتا چالاکی وەرزیشی دەگرتەوە!.. دیارە کەرکووك کۆتی توند تر بوو . چونکە شوێنی چالاکی کۆمپانیای نەوت و شاری فرەنەوتەوەو کەمە نەتەوایەتیەکان بوو . هەموو بڕیارێ دەبوو لە سەرکردەی فرقەی دووەوە دەرچێ کە ( ناظم تەبەقچلی ) بوو ( کە لە دواییدا دەرکەوت نەتەوە پەرستێکی شۆڤییەنی عەرەب بوو ) لام وایە ، سەرکردایەتی شۆڕش ، هەر بە ئەنقەست بۆ کەرکووك و کوردستانی هەڵبژاردبوو . بە هەموو توانایێ هەوڵی دەدا ، ڕێژەی عەرەب زۆربکا . کوردو تورکمان بەگژیەکا بکا . سەرکۆنەی کوردو پارتی و دروشمەکانی بکا .

ئێمەی لاوو خوێن گەرم ، هەر تەقەی سەرمان دەهات ، بەرای خۆمان ، چی باش بوو ، دەمانکردو گوێمان بە حیزبیش نەدەدا!! لە رقی شیوعیەکان ، دەرگامان خستە سەر پشت بۆ وەرگرتنی لایەنگیرو پاڵێوراوو ئەندام . بەڵام دسپلینی حیزبیمان تێك نەدەدا ، دەبوایا ئەو دۆستە چەند مانگێ بمێنێتەوە تا دەبووە لایەنگیر و لەوەش کەمتری نەدەویست تا ناوی لە لیستەی پاڵێوراو تۆمار دەکراو مانگانەی لێوەردەگیرا.. خۆ شەش مانگێ پاڵاوتن نەدەکرا دەستکاری بکرێ . کەم کەس هەبوون بە دوو دەوری سەرەکی دا تێپەڕن کە بەلانی کەمەوەساڵێکی دەخایاند . لەولاشەوەکۆبوونەوەی هەفتەیی بەردەوام بوو . دواکەوتن سزای لەسەر بوو . سێ کۆبوونەوەی نەهاتنی ( لەسەریەك ) بەلانی کەمەوە ، راگرتن ( تجمید ) ی لە دوا بوو . شانە لە ٥-٧ ئەندام پتر نەبوو . محاسەبە توند تر بوو .

زۆرینەی ئەندامە خوێندەوارەکان لە هێڵی چەپ بوون . بڕوایان بە مارکسیەت هەبوو . خەباتی نەتەوایەتیان بە چینایەتیەوە

بەستبۆوە . بەلام لەگەڵ هێڵی ( همزە – حیدری – حمید) نەبوون . ئەوانیان بە تێکدار دەزانی چونکە ، گەرەکیان بوو ، چەپڕەوەکان بچنە ناو حیزبی شیوعیی عێراقی ، پارتی ببێتە نوێنەری وردە بۆرژوای کورد . لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی شیوعیەکانا و کردەوەی تۆڕانییەکان و سیاسەتی حکومەت، کوردایەتیەکی وشکی ساکارمان دەکردو لە هەندێ کارمانا شۆڤیەنیانە بیرمان دەکردەوە . من خۆم لە هێڵی چەپڕەو دوژیبۆوە . بەلام لەگەڵ هێڵی کاک هەمزەش نەبووم و پارتیم بە نوێنەری چەوسانەوەکانی کورد دەزانی.

پاش شۆڕش ، ئەوانەی دەوری دیاریان لەناو یەکێتیی قوتابیان هەبوو ، هەر ئەوانە بوون کە دەوریان لەناو حیزبیشدا هەبوو. کاری چەپڕەویا روون و ئاشکرا بوو، بەلام لەئەنجامی چالاکیانا ناخۆشیان کەوتبووە ناو ، لە گفتوگۆی بۆچونە تایبەتیەکانیانا کۆبوونەوەکانی گەرم تر دەکرد ، بێ ئەوەی ناخۆشیەکە ببێتە کۆمەڵ دروست کردن . بەرامبەر ناوەندی ( الشرقیە) دوکانێکمان گرت . بەلام تابلۆمان لەسەر دوکانەکە نەنووسی . دیوارەکانی بە وێنەی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەو بارزانی مستەفاو قازی محمد و شێخ محمود رازاندەوە . خوێندکاران دەهاتن و راوبۆچوونی کوردمان بۆ باس دەکردن و مێژووی یەکێتیمان دەوتەوە. هەموو جارێکیش وامان نیشاندەدا کە یەکێتیەکەمان ئازادو سەربەخۆیەو حەقی بەسەر حیزبایەتیەوە نییە ! ! و کارمان خزمەتی قوتابیانە.. بەم قسانە نەك خوێندکارانمان پێ هەڵنەدەخەڵەتان ، نەماندەتوانی خۆشمان رازی بکەین!.. رۆژێ پیاوێکی کاملی کەلوپەل کوردی ، خۆی بە بارەگاکەمانا کرد . پاش بەخێرهاتنی ، چایەکی خەست و خۆڵمان دایێ و فەرمومان لێکرد . ئەویش دەستی بۆ وێنەکانی سەردیوار درێژکردو وتی :

– دەمەوێ داخل بم

– قوربان لە مەکتەبی شەو دەخوێنی؟

– نەخێر.. خوێندەواریشم نییە ، بەلام..

– ئێرە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانە!
– دەزانم.. دەزانم.. بەڵام بمبەنە ئەو جێگایەی دەکەوێتە پشت ئەو رەسمانە!!
زوو لە مەبەستی گەیشتین و دامانە دەست هاوڕێیەك و بردیە بارەگای ناوچە . جا.. ئەگەر قسەکانمان لەبارەی سەربەخۆیی و بێ لایەنی یەکێتیی لادێیەك هەڵنەخەڵەتێنێ . چۆن خوێندکارێکی نیشتمانپەروەر هەڵدەخەڵەتێنێ؟!

(١٤)

هەرچەندە حوکمی سەربازان ( الاحکام العرفیه ) بوو . هیچ حیزب و رێکخراوێ بەرەسمی رێی کارکردنی پێنەدرابوو . هەر چالاکیەکی جەماوەری بکرایا ، دەبوایا لەبەرایی داوای رەزامەندی بکرایا . بەڵام بۆ شیوعیەکان و پارتیەکان ئازادی قسەو رێکخستن و دانانی بارەگا یەك واڵابوو . چالاکییەکانی ناو بارەگا رەزامەندی نەدەویست، هەتا زەماوەندوشانۆگەریشمان لە بارەگای حیزبا پێشکەش دەکرد . ئێمەی قوتابی خولیامان بوو کە هەتا زووە رێکخراوەکەمان و ناوی کوردستان بە گوێی لێپرسراوانی تازەی شاردا بدەین. بە وشەی کوردستان رایان بێنین . چونکە وشەی کوردستانیان پێ هەرس نەدەکرا . بۆیە هەر پاش مانگێ ، لە لیژنەی ناوچەی قوتابیان بڕیارماندا ، تیپێکی وەرزشی تۆپی پێ پێك بهێنین و لەگەڵ تیپێکی سلێمانی یاری بکەین. دوای رەزامەندی عمر دەبابە، ( کە لێپرسراوی لقی کەرکووك بوو ) ، داوایەکمان پێشکەش قائیدی فرقە ( نازم تەبەقچلی ) کرد . منیش دەست نیشان کرام کە داوایەکە ببەم . داوایەکمان بە عەرەبی نووسی و ئیمزام کرد . لە ماڵەوە خۆم قۆز کرد . ریشم تاشی ، جوانترین و نوێترین کراس و پانتۆڵم لەبەرکرد . قۆندەرەکانم بۆیاخ کرد. دەوری سەعات (١٠) ی بەیانی لەگەڵ چەند کەسێك بەرەو بارەگای فرقە چووین . لەبەردەم

مەکتەبەی عمر بێکەس سەرلەنوێ داواکەم خوێندەوە . بەخۆما هەڵڕوانی و بەرەو فرقە چووم . لەبەردەرگا دوو سەربازی چەکدار وەستابوون و لێیان پرسیم . بۆ ژوورێکی نهۆمی ئەرزیان بردم . ئەفسەرێکی کورد لەسەر مێزێکی کۆنی پەڕپووت دانیشتبوو ، دوو — سێ کەرەوێتەی شڕ دانرابوو ، چەند ئەفسەرو مەدەنی یەك دانیشتبوون . داواکەی خوێندەوە . سەیری کردم . دایینام ، داواکەی خستە دۆسێی بەردەمی و دایە دەست ( مراسل )ێك . منیش دڵم لەسەر سەد لێی دەداو بیرم لە پرسیارەکانی قائید دەکردەوەو وەڵامم ئامادەدەکرد .

بەدەم چا خواردنەوە ، سەیری ژوورەکەم کرد . دیواری زۆر ئەستوری بەردو گەچ و قسڵ ، پەنجەرەی بچوك . دەرگای داری ئەستورو گەورەی سەربە ( قەوس ) نەخشەیەکی عێراق . وێنەی عبدالکریم و عبدالسلام.. لە ژێرخانێکی کۆن دەچوو . ئەفسەرەکەش لەسەرەخۆ کەوتە پرسین : توانای تیپەکەمان . ژمارەی ئەندامانی یەکێتیی . بارەگامان . شوێنی مەشقی تیپ.. وای نیشان دەدا کە هیچمان لێ نازانێ ! منیش چەند بوو ، دوو ئەوەندەم پێوە دەنا ! پاش ماوەیێ ، سەربازێ هاتە ژوورەوە . سەلامی کرد . داوای خاوەن سکاڵاکەی کرد . فەرموویان لێکردم . بردمیانە نهۆمی یەکەم . ژوورێکی گەورەی تازە سپیکراو . دوو — سێ مێز و تاقمە قەنەفەی نوێ . چەند ئەفسەرێ.. بە عەرەبی فەرموویان کردو دایانام و بە خێرهاتنیان کردم . لە دەرگایەکی ناو ژوورەکەوە چەند کەسێکی جل و بەرگ عەرەبی هاتنە دەرەوە . ئەفسەرێکیان بە دۆسێیەکەوە چووە هەمان ژوور و منیش بە دوایا . سەلامێکی سەربازی توندی کرد دۆسێیەکەی خستە بەر دەستی . ناظم داواکەی خوێندەوە . سەیری کردم . دیسان تەماشای داواکەی منی کردەوە . توڕەیی پێوە دیار بوو . دیسان لێم راما . بە ناڕەزاییەوە دایینام.. منیش بێباکانە سەیری دارو دیوارو ژوورەکەو مێزو کورسیەکەی قائیدم دەکرد . دۆسێیەکەی داناو رووی تێکردم و دەستی بە پرسیار کرد ، زۆری

پرسیار کرد . ورد پرسیاری کرد . لەناوی یەکێتیی و ژمارەمان . پرۆگرامەمان . کێ وەردەگرین . کەی دروست بووین . بارەگاکانمان . سەرکردەکانمان.. هەرچی بۆ لێکۆڵینەوە دەستیدەدا . منیش بە شانازیەوە وەلامم دەدایەوە . زۆریشم پێوەدەنا . ئینجا سینگی هێنایە پێشەوە بەشێوەیەکی توندو رەق دەستی بە قسە کرد . هەولدەدەم ئەوەی لەبیرم مابێ بێ کەم و زۆر بیگێڕمەوە.

– کورم.. ئێرە عێراقە..عێراق لە فاوەوە تا زاخۆ یەك وولاتە.. بەشێکەلەوڵاتی عەرەب.. کوردستان وتورکمانستان و عەرەبستان نییە..کوردستان وشەیەکە ئیستعمار هێناویەتە ناوەوە.. دەیەوێ عێراق وێران بکا.. پارچە پارچەی بکا.. من تۆم خۆش دەوێ.. هەموو قوتابیەکم خۆش دەوێ . ئێوە خەریکی کاری خۆتان بن . بە دوژمنانی عێراق هەڵمەخەڵەتێن . من ئەزانم ئەم داوایە ئێوە نەتان نووسیووە.. خەلکی تر بۆی نووسیوون و دەیانەوێ بەبیانوی تیپی پێ لەسەر وشەی کوردستان رازی بم.. منیش شتی وا ناکەم . چونکە لە عێراقدا شتێ نییە پێی بووترێ کوردستان!..

تۆزێ داما . سەیری کردم . هەستی بە رەقی قسەکانی کرد . بە هێمنی وتی :

– من لەگەڵ یەکێتیی قوتابیانم ..دەبێ قوتابیان رێکخراوی سەرتاسەری خۆیان هەبێ .. پاش چەند مانگێکی تر ، رێکخراوی قوتابیان دروست دەبێ .. بۆ هەموو قوتابیانی کوردو تورکمان و عەرەب و مەسیحی ئێوەش بچنە ناوی .. دیسان پێت دەلێم کوردو کوردستان نییە ئێمە هەموو عێراقین .. خەلکی عێراقین!!

لەگەڵ قسەکانی تەواو کرد . پێش ئەوەی من بکەومە وەلامدانەوە . زەنگی لێدا . ئەفسەرەکە هات . فەرموویان لێکردم کە گەیشتمە بەردەرگا دووبارەی کردەوە : ئێمە هەموو عێراقین و کوردو کوردستان نییە.. خەریکی خوێندنی خۆتان بن!

هەر لەو رۆژانەدا یادی ١٦ ی ئاب گەڕایەوە . لەبارەگای حیزب ئاهەنگێکی گەورەو جوان و پڕ پرۆگرامامان گێڕا . بۆیەکەم جار بوو حیزب ( لە مێژووی کەرکووك ) وا بە جۆش یادی بکرێتەوە . وەك لە بیرم مابێ .. کاك ئیبراهیم ئەحمەد، عمر دەبابە ، وتەیان خوێندەوە ، خالید دلێر سرود و چەند گۆرانیەك .. ئێوارەش شانۆگەری ( شەوی کۆتایی ) پێشکەش کرا . کە لەلایەن کمال قەرەداغی نووسرابوو {لە ساڵی ١٩٧٤ ( کمال قەرەداغی )م لە ( تاران ) دییەوە کە سەرپەرشتی پێشمەرگەی بریندارى دەکردو ئەو رۆژانەم وەبیرهاتەوە . ئەو چەند هەفتەیەی لە تاران مامەوە. شەوو رۆژ پێکەوە بووین} ( بەداخەوە لە ساڵی ١٩٩٩ دا برادەرێ لە رۆژنامەی برایەتی بەرێزدا ، باسی شانۆگەری شەوی کۆتایی دەکاو نووسینەکەی داوەتە پاڵ یەکێکی تر! ) . بەڵام بۆ مێژوو دەبێ ئەوە تۆمار بکەم کە شانۆگەریەکە زادەی بیری کاك کەماله . ئەوانەی لە شانۆگەریەکە دەوریان هەبوو : نورالدین عبدالرحمن . کەمال کەلەمێرد. کاکە مەم بۆتانی. چەند کەسێکیتر بوون.

* خوێندن لە شاری کەرکوك بە عەرەبی بوو. بەڵام وەك کەلەپورێکی داگیرکارنی عوسمانی ، هەندێ مامۆستا ، لە هەندێ قوتابخانە سەرەتایەکاندا ، هەندێ وانەیان بەتورکمانی شیدەکردەوە.. منیش لە زمانی تورکمانی تەقەی سەرم دەهات و لە عەرەبیش پێخاوس بووم ! .. لە تەمەنی هەرزەکاریدا خۆدەرخستن دەوری دەدی، بەڵام بازنەی زمان دەوری دابووم . نەم دەتوانی شت بنووسم و نەشم دەویست فێربم .

— بۆ من فێری تورکمانی و عەرەبی بم ، ئەوان فێری کوردی نەبن ؟

هەموو ساڵێ چەند بلاوکراویەکی دیوار لە ناوەندی و دواناوەندی بە عەرەبی دەردەکرا . نەك هەر هیچی منی تێدانەبوو ، حەسودیشم بە وانە دەبرد کە تێیاندا نووسیووە .

ئەم دەردەم بۆ مامۆستایان مارف خەزنەدار و جەمال نەبەز و جەمال عەویز ... هەڵڕشت . ئەوانیش ڕێنمایان کردم کە لە نووسینی عەرەبی سڵ نەکەمەوە .

باسی مێژووی ئەدەبی و ژیانی زانایانی کورد بکەمە عەرەبی .. هەندێ باسم کورت کردەوە بۆ بڵاوکراوەکانم نارد ، بەڵام پشت گوێ خران ! ! .. تاکە هەلی بۆم رەخسابوو بڵاوکراوەی دیواری ( ریاضیات) بوو کەلێنێکم پڕکردەوە ! ! گەڕامەوە بۆ دنیای وەرزش. مەشقم لە سەر : بازی بەرز ، یەکباز ، سێباز ، راکردنی سەد و دوو سەد مەتری، بەرید و قورس دەکرد . لە نمایشی ساڵانەی خوێندنگاکاندا پلەم وەردەگرت .

* رامیاری زۆربەی کاتی گرتبووم . خوێندن بە پلەی دووەم دەهات، جگە لە وەرزش ، دنیای ئەدەبیش لە باوەشی کردبووم . دۆستایەتیم لە گەڵ : فاضل العزاوی ، مؤید البدری ، یوسف الحیدری ، جلیل القیسی پەیداکرد . لە تەك ( محیەدین زەنگەنە) زۆر برادەر بووم ( تا ئێستاش لێکدانەبراوین ) لە باسی سیاسەتەوە دەپەڕینەوە دنیای ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبی ، رەخنە و لێکۆڵینەوە و هەڵبەست و چیرۆك و ...

چەند چیرۆك و نووسینێکم بۆ گۆڤاری هەتاو نارد . ماوەیەکیش باوەڕ پێکراو و پەیامنێری بووم و دەنگوباسم بۆ دەناردن . بەڵام هیچم لە گۆڤاری شەفەق بڵاو نەکردەوە .

## (١٥)

ساڵی ١٩٥٩ بۆ وشەی کوردی بە پیت و بەرەکەت بوو . گۆڤارو رۆژنامەیەکی زۆر دەرچوو. ژمارەی چاپیان پتر بوو . هەندێ باسی تێرو تەسەلیان تێدا بڵاودەکرایەوە . رۆژنامەی : رای گەل . ئازادی . خەبات. گۆڤاری : رزگاری . دەنگی قوتابیان . چارەسەرکردنی

کشتوکاڵی ، بڵێسه ، نەورۆز ، ئافرەت ، هونەر ، نیشتمان ، هیوای کوردستان.. دەردەچوون.. ئەوەی زۆرتر سەرنج رادەکێشێ ، زووربەی ئەمانە : لەلایەن حیزب و رێکخراوە سەر بە حیزبیەکان دەردەچوون . نووسینی کوردی و عەرەبی تێدا بوو . بەرهەمەکان بە خۆڕایی بڵاودەکرایەوە . هەندێکیان چەند ژمارەیەکیان لێدەرچوو ، پەکیان کەوت یان لەکاتی خۆیدا بڵاونەدەکرانەوە .

لەپاڵ ئەمانەشدا ، جۆرەها کتێبی فکری و ئەدەبی و هونەری دەردەچوون ، مێژووی کوردو شۆڕشەکانی تۆمارکران . هەندێکیان لێکۆڵینەوەی بە پێزیان بەخۆیانەوە گرتبوو.. بەڵام ، هیچ کتێبێکی لە هەزار ژمارەی پتر لێدەرنەچووە. ئەویش بە سانایی نەدەرۆیشت گۆڤاری : هیوا . هەتاو . شەفەق . رۆژنامەی ژین یش هەر دەردەچوون . بەڵام ، نە وەك جاران : پەرێکوپێکی ، نە باسەکانیان بە پێزبوو . ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ : کەمی نووسەرو رووناکبیرو زۆری بڵاوکراوە.. لە راستیدا ، زۆرو بۆر ، بیری تەسکی حیزبایەتی.. دەردێکە تا ئیمرۆش پێوەی دەتلێینەوە . سەرەڕای ئەمانەش زۆربەی دەهۆڵ لێدان و پیا هەڵدانی کاربەدەستان و سەرکردەو لێپرسراوانی دەسەڵاتداری دەوڵەتی عیراق! بوو .

بەهۆی چالاکی سیاسی و کۆمەلایەتی و پیشەیی، زۆری چاپەمەنی ، رۆیشتنی نووسەرانی کەرکووك ، پشت لە گۆڤاری ( شەفەق ) کراو باسەکانی لاواز بوون و لەکاتی خۆیدا نەدەکەوتە بەردەست خوێندەواران.. بەڵام من ، نەك هەر هاموشۆی ( شێخ قادر بەرزنجی )م دەکرد ، لە یارمەتی دانی کاری گۆڤارەکەشی دوا نەکەوتبووم. لەگەڵ دەستەی نووسەرانی دادەنیشتم و لە هەموو سەرێکیشەوە یارمەتیم دەدان.. تا لە بەهاری ١٩٥٩ بوومە باوەڕپێکراوی گۆڤارەکەو بەگەرمی شانم دایە بەر.. دیارە، گەورەترین کۆسپی بڵاوکردنەوە – تائیستاش – بوجەو پارەو فرۆشتنی ژمارەکانییەتی. لە ئاداری ١٩٥٩دا بانگەوازێکم لەوبارەیەوە لە گۆڤاری ( هەتاو )ی هەولێر بڵاوکردەوە. دەورم لە گۆڤارەکە چ

وەك باوەڕپێکراوێ ، چ وەك کادرو سەرپەرشتی چاپکردنی گۆڤارەکە.. لە تشرینی ١٩٥٨ وەیە تا دەرچوونم لەدواناوەندی و چوونم بۆ بەغدا .. وابزانم ، پاش ئەوە، گۆڤارەکە برایە سلێمانی و چەند ژمارەیەکیشی لەوێ دەرچوو . بەڕێز ( عەبدولقادر بەرزنجی ) ئەفسەرێکی خانەنشین بوو . جگە لە کوردپەروەرییەکەی، حەزیشی لە دنیای ئەدەب و رووناکبیری بوو. ئەدیب و نووسەرانی کوردی کەرکووك بەتایبەتی : کاك ئیبراهیم ئەحمەد و موکەڕەم تاڵەبانی و عەبدول سەمەد خانقا و مارف خەزنەدار شێخ مارف بەرزنجی و.. دەوری سەرەکیان هەبوو لە رازی کردنی و دەرکردنی گۆڤارەکە.. راستە،هەموو نووسینەکان بێ پاداشت بوون، بەڵام ئەویش بە مایەی خۆی نەدەگەیشتەوە ( وەك دەڵێن : سەپانی پوشێ بوو ) ئەوەی بۆی مایەوە ناو و نیشانی گۆڤارەکە بوو.

## (١٦)

شیوعیەکان دەوری سەرەکیان لە عێراقدا دەدی . جگە لە هەزارەها ئەندام و لایەنگر ، هەواداریکی زۆریان هەبوو. لەناو نەتەوەو کەمە نەتەوەیەکاندا دەوریان هەبوو . بەڵام زۆریەی هەرە زۆری لێپرسراوو کارگێرو ئەندامەکانیان لە کەرکووکدا ، کورد بوون (لە بیرمە هەموو جارێ کاك ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێرمان هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا بۆ ئەو کوردانەی شیوعیەت دەکەن و نایەنە ناو ریزی کوردایەتی) بەرگری میللی (مقاومە شعبی ) کە رێکخراوێکی نیمچە سەربازی سەر بە حیزبی شیوعی بوون (لە پیاوو ژن و لاو و کچ .. پێکهاتبوون ) لە کەرکووك زۆربەیان کورد بوون ، دەورێکی دیاریان هەبوو . بێپرس هەندێ ماڵ دەگەڕان. شەوان دەسوڕانەوە ، خەڵکیان رادەگرت ، دەیانپشکنین ، دەیانگرتن.. زۆر شتی سەیریان لێدەگێڕانەوە (رەنگە بوختانیشی تێدابێ) لەبەر ئەوەی زووربەیان لاو

بوون ( كە ئەوان پێیان دەوتن – گەنج – ) هەندێ كاری نابەجێیان دەكرد . لەوانە : شەوێ ئەندامێكی لقی حیزبی شیوعی لە ( قۆرییە)ەوە دەپەڕێتەوە بەری ( قەلاّ ) لەسەر پردی خەبات ( ناظم تەبەقچلی ) ئێستا ، مەفرەزەیەكی بەرگری میللی رای دەگرن پێی دەڵێن : رەفیق.. (ناوەكەی دەڵێن) هەویەت!.. ئەویش بە هێمنی پێیان دەڵێ ئێوە دەمناسن و ناویشتان وتم ئیتر هەویەتان بۆ چییە؟!.. لێپرسراوەكەیان سنگی دەهێنێتە پێشەوەو دەڵێ: رەفیق ئەوە ئەمری حیزبە!!

لەدوای ئەمان لیژنەی بەرگری لە كۆمار ( لجنە دفاع عن الجمهوریە) دەهات.. ئەمان زووربەی فەرمانبەرو پیشەدار بوون ، هەندێكیان دونیا دیدەو وشیاربوون.. چاودێری دایەرەكان و كارگەكانیان دەكرد . جانتای گومانلێكراوانیان دەپشكنی . شەوان لە دائیرەكان دەنووستن.. بەگشتی هەردوو رێكخراو ، لەگەڵ حیزب و رێكخراوەكانیتر ناكۆك بوون ( ئێمە لە هەموو ئەوانیتر باشتر بووین و چەند ئەندامێكیشیان وەرگرتبووین ) ئەو توركمانانەی لەگەڵیان نەبوون ، هاتووچۆیان نەدەكردن بە ( تۆرانی ) ناوزەدیان كردبوون (بێگومان هەموویان وانەبوون ، توركمانی نیشتمانپەروەری بێلایەن زۆربوو . لەگەڵ كوردا كۆك بوون. خانەدانەكانیان هاتوچۆیان گەرم بوو) ئەو ئەرمەنی و ئاشوورییانەی دۆست و لایەنگیریان نەبوون ، بە جاسووس و بەكرێگیراوی كۆمپانیای نەوت و ( طاشناق ) ناویان دەبردن. كوردە پارتیەكان، بێلایەنەكان ( بەتایبەتی ئەوانەی كوردی دەمارگیر بوون) بە بەكرێگیراوی ئیستعمارو پیاوی دەرەبەگ ناویان دەبردن.. ئەمانە هەمووی لە ئەدەبیاتی ئەوسای شوعیەكاندا زۆر زەق دیارن.. باوەڕ ناكەم پاساویان بۆی هەبێ .

لەولاشەوەو چاوەكانی كۆمپانیای نەوت و دەستوپێوەندەكانی بەریتانیا.. ئەمەی ناو حیزبەكان و نەتەوەكانی بەهەڵدەزانی ، بە نەزمی هەموویانیان لێدەداو درزی بەینیانیان گەورەو گەورەتر دەكرد. لای توركمانەكان زەمی كوردەكانیان دەكرد ، لە لای

کوردەکان باسی تورکمان ، تا جۆرە گرژیەك کەوتە ناوەوە.. دیارە ئەمەو هەڵوێستەکانیتریش لەبەرژەوەندی رێکخراوە سیاسیە نەتەوەییە عەرەبیەکاندا بوو ( کە زۆر نەبوو شانەیان لەناو عەرەبە فەرمانبەرو ئەفسەرو سەربازەکانیاندا دروستکردبوو ). ئەوانیش ئاگریان خۆشدەکرد، بەتایبەتی کە ( نازم تەبەقچەلی ) قیادەی فرقەی دووی کەرکووکی بەدەستەوە بوو، هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و ئیداری و سەربازی هەبوو!بۆ ئەوەی ئەو گومانە لە خۆیان دووربخەنەوە ( لیژنەی برایەتی لە کوردو تورکمان دروستکرد) و لەژێریشەوە پشکۆی قینیانیان دەگەشاندەوە ( دروستکردنی لیژنەی برایەتی لە کوردو تورکمانی بەڵگەیەکی ترە لەوەی کە کەرکووك عەرەبێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو ).

ئەوسا بارەگای پارتی لە شوقەی بەرامبەر ( حامیە)ی نزیك تەکیەی ( خانقاە)دا بوو. چەند ژوورێ ، پێپلکەیەکی تەسکی کورت، بەڵام وەك کورەی هەنگ وابوو . لە هەموو ژوورەکاندا چالاکیەکی نەپساوە دەبینرا. هەموومان پێشبڕکێی پەیداکردنی لایەنگیرو ئەندام بووین. پرۆگرامی رووناکبیریمان : پەیرەوی حیزب . شۆڕشەکانی کورد . جوغرافیای کوردستانی یەکگرتوو . مێژووی سیاسی کورد.هەندێ کتێبی پێشکەوتووخواز کە زۆریان مارکسی — لەنینی بوون . بەتایبەتی : اصل العائله — طبقات المجتمع. النضال الطبقي و القومي. تطور الانسان.. هتد. لەولاشەوە قوتابیان و لاوان و ئافرەتان گەشەیان کردبوو. لەو هاوینەدا ، لقی قوتابیانی چەمچەماڵمان کردەوە. لەولاشەوە چووینە کفری . لەبەر تایبەتمەندی شارەکە، بەجۆرێ لقمان کردەوە، خۆپیشاندانێکی گەورە بوو. جەماوەرێکی زۆرمان لە باخچەیەکا کۆکردەوەو شایی و زەماوەندمان گێڕا . تا ساڵانێ باسی لێوە دەکرا . لاوان و قوتابیان دەرویشی کاربوون . ماندووبونیان نەدەزانی.. لەم ماوەیەدا ، هەندێ رووداوی تایبەتیم دێتەوە یاد . تام و چێژی خۆی هەیە. حەز دەکەم بیگێڕمەوە ( داوای لێبوردن لە خاوەنەکانیان و نەتەوەکانیان دەکەم ) لەوانە :

* حەمید تاڵەبانی لاوێکی خوێن گەرمی دڵسۆزو چالاکی حیزب بوو. ماندووبوونی نەدەزانی کارو خوێندن و خواردنی بۆ سیاسەت تەرخانکردبوو . لە بەیانیەوە تا ئێوارە دەبزوی و خەڵکی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوەو هەموومان حەسوودیمان پێدەبرد.. بەڵام پاش ماوەیەك ماندوو دەبوو . کارێکی وای دەکرد ، دەبووە هۆی ( تجمید ) کردنی و هەوڵەکانی بە فیرۆ دەچوو!

* (.. .. ) وەك لاوێك حەزی لە دڵداری بوو . دڵداری ئەوسا چەند سەخت و گران بوو. هەتا کچێ دەستەمۆ دەکرا، خوێنمان دەبووە ئاو.. ئەو برادەرە، پاش تەقەلاو کۆششەکانی دەگەیشتە ئەوەی دوو پیاسەی لەگەڵا بکاو چەند جارێ دەستی بکووشێ.. لەپڕا.. خوازبێنی کچە دەهات و دۆستەکەی لە دەست دەچوو.. ئێمەش بۆ پێکەنین دەمانووت : هەر دڵداری ئەوەو ژنی خەڵك ! !

*هەر بەم بۆنەیەوە دووبارە حەمید باتاسم هاتەوە بیر . وەك باسم کرد لە بازاری قۆرییە دوکانی سەوزەی هەبوو. پاش شۆڕشی ١٩٥٨ ئەندامما زۆر بوو . پێویستمان بە کادری ( متفرغ ) هەبوو. چەندەها مامۆستاو فەرمانبەرو کاسب.. دەستیان لەکار هەلگرت و خوویان دایە حیزبایەتی.. بەڵام ئافرەتی لێوەشاوەی وانەبوو، کاری ژنانی پێراسپێردرێ، هەموو کەسێکیش بۆ ئەو کارە دەستی نە دەدا . هەرچەندە حەمید باتاسی ، ژنی نەهێنابوو ، بەڵام لەوانە بوو کە کورد دەڵێ : (نوێژ لەسەر دامەنی دەکرا) . حیزب بڕیاری دا بیکاتە لێپرسراوی ژنانی کەرکووك و داوایان لێکرد دوکانەکەی هەلگرێ.. پاش ئەوە شتەکانی دوکانی فرۆشت و قەرزەکانی وەرگرتەوە.. هەموو سەرمایەی (٧٨) دیناری بوو.. دایە حیزب.. لێیان وەرنەگرت ووتیان : پارەی خۆتە بۆ بیدەی بە حیزب

– کە بوومە کادر .. حیزب بە خێوم ناکا؟

– با.. ئێمە مانگانەت بۆ دەبڕینەوە !

– ئیتر ئەم پارەیەم بۆ چییە ! !

بەم جۆرە حمید باتاس بووە کادری لێهاتووی کوردایەتی ( تکایە لەگەڵ کادرانی هەموو حیزبەکانی ئێستا بەراوردی بکەن ! ! ) هەر لەو ڕێگایەشدا بە پیری شەهید کرا .

* بەوەش ، دەروێشییەکی خۆم بە بیرهاتەوە.. ڕۆژێکیان مەلا عبداللە اسماعیل کە ئەندامی لق و کادرێکی فەللاحی لێهاتووی ئەو سەردەمە بوو . لەگەڵ صالح شێرە هاتنەماڵەوە.. لە حەدیقە لە خزمەتیاندا دانیشتم و گوێم لە قسە خۆشەکانی کاک صالح دەگرت و پێدەکەنیم . لە دواییدا ، هاتە سەر ریش و سمێڵی مارکس و ئەنجلز و گاڵتە پێکردنیان.. منی بڕوا بە خەباتی نەتەوایەتی چینایەتی هەر پێشم لێدەخواردەوە ( لەبەر ئەوەی لە ماڵمان بوو هیچم پێ نە دەووترا ) چەند جارێ بە نارەزاییەوە سەیری مەلا عبداللە م کرد ، ئەو لەبەر پێکەنین ئاگای لێم نەبوو . هەر ماڵئاواییان کردو بەپەلە ڕاپۆرتێکم نووسی لە دژی مەلا کە ( لەسەر ریش و سمێڵی مارکس و ئەنجلیزی هەلینەداوەتێ ) لق بانگی کردم و باسی قسەی خۆشی بێ غەرەزی صالح شێرەیان بۆ کردم . هەر نەهاتمە بەر بارو ڕاپۆرتەکەم ڕانەکێشایەوە و پێم داکوتا کە دەبێ هەردووکیان سزا بدرێن ( ئەوسا مەلا عبداللە لێپرسراوی دووەمی لق بوو پاش عمر دەبابە )وەك لە بیرم مابێ و بەهەڵە نەچووبم ( تنبیە ) یان دایێ ! !

* لەو ڕووداوانەی کەرکووکی بیریان ناچێتەوە، لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەو هاتنەوەی تەرمی شێخ مەحمودی حەفید و گەڕانەوەی شێخ احمد بارزانی یە.. لە بەرەبەیانەوە شار دەشەقژا ، تا عەسر هەست بە جووڵانەوەیەکی بێ شوومار دەکرا. لە ڕاستیدا ، تورانییەکان نەك هەر بە هاتنی شێخ ئەحمەد قەڵس بوون ، بە هەموو چالاکیەکی کوردان چاویان دەچووە پشتی سەریان.. بەڵام دەبێ دەوری تورکمان و خانەوادەکانیان بیر نەکەین کە نەك دۆستایەتی خانەوادەکانی کوردیان گەرەك بوو، بەڵکو بەشداری خۆشی و ناخۆشیشیان دەکردین.. بۆیە.. مێژوو نووسی بە ویژدان ، ئەم دووە لێك جیادەکاتەوە . کە شێخ ئەحمەدهاتە کەرکوك لە ماڵی ئێمە

دابەزی . بۆ ئێوارە لە گەلی چووینە هەولێر کە لە مالی عەونی یوسف دابەزی .. لەوێ ، لە گەڵ شوعیەکی هەولێری تووشی شەڕ بووم و بووە هەرا . بەڵام زوو کپ کرایەوە .

چالاکی ئاشکرا لەگەڵ جموجوڵی نهێنی وەك یەك نین و هەر دەورە پێویستی خۆی هەیە. ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی پێوانەکان و هاوسەنگەکان.. لەوکاتەی بە نهێنی خەباتمان دەکرد ، لەگەڵ جیهان صدیق شاوەیس دۆست و هاوڕێ و خۆشەویستی هەمیشە بووین و چەندەها مانگ لە مالی خالە تایەرم لەیەك ژوور دەنوستین . بەڵام پاش چواردەی تەمموز پێوانەکان گۆڕان و خەباتی ئاشکرا جۆرە خۆ دەرخستنێکی لەگەڵ خۆی هێنا بوو ، ئەمەش وایکرد، ساردی بکەوێتە بەینی هەردووکمان.. ئەم دابڕانە لە بەرژەوەندی هەندێکی ترا بوو ، قسەیان دەهێناو دەبردو ئاگریان خۆشتر دەکرد.. تا کۆنفرانسی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە بەغدا ( وەك بیرم مابێ لە گەڕەکی راغبە خاتووندا ) گیرانوێنەری کەرکەك بریتی بوو لە عەلی عەسکەری ، کەریم فەیلی ، تەها تۆفیق ، جیهان سدیق ، کاکەمەم بۆتانی ، مەسەلەی زویری هەردووکمان گەیشتە کۆنفرانس ( ئەوسا من لێپرسراوی کەرکووك نەبووم ) وا پێشنیار کرا کە هیچمان خۆمان نەپاڵێوین و هەردووکیشمان بە کاك علی عسکری رازی بووین.. پاش چەند مانگێ ئەوەش یەکلابۆوە.. ئەنجامی دەوری یەکەمی تاقی کردنەوەی بەکەلۆری دوا ناوەندی دەرچوو ( ئەوسا سانەوی پێنج ساڵ بوو) من دەرچوو بووم بۆ پێنج ، کۆمەڵی ئەندامی ئیکمالمان هەبوون . لەبەر ئەوەی هەموو کاتمان بۆ کاری سیاسی تەرخانکردبوو.. هەندێ لە برادەرانمان لەدەوری دووەمیش دەرنەچوون.. بەڵام لە مانگی ئەیلولدا ، عبدالکریم قاسم بریارێکی دەرکرد ( پێی وترا زەحف ) هەرچی ساقیت بوو بە دەرچووی دانا.. ئەو برادەرانەشمان دەرچوون و چوونە دەورەی مامۆستایان ، بەو هیوایەی لە ژیانی قوتابخانە رزگاریان ببێ و گوڕ بە کاری سیاسی بدەن.

هەرچەندە لێپرسراویەتی قوتابیانی کەرکووکم نەمابوو ، کاری حزبایەتیم دەکرد بەڵام لە رووە دیاریەکانیان بووم ، هیچ کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ من نەدەکرا.. لەبەر ئەوە خوێندنم فەرامۆش کردبوو. ئەو ساتانە کتێبی خوێندنگام دەدی کە لە قوتابخانە دەمکردنەوە، چاوو گوێم لە مامۆستا بوو. بیرم لای چالاکیە سیاسیەکان.. بۆیە کەسی خێزانەکەمان نەبوو ، چاوەڕوانی دەرچوونم بکا ( بەتایبەتی کە لەبەشی زانستی بووم ) خۆشم هەروای بۆ چووبووم.. بەڵام هەر لە پۆلی یەکەمی ناوەندییەوە جۆرە زیرەکیەکم لە ( ریاضیات ) دا تێدابوو . لە تەواوی دەوری ناوەندی مامۆستایەکانم بە نموونە دەیان هێنامەوە ( تا ئێستاش تیمور کاکە بەسەر سورمانێکەوە دەیگێڕێتەوە) کە ئەنجامی بەکەلۆری دەرچوو ، من ناجح بوو بووم ( هەرچەندە نمرەکانم کەم بوون ) بەڵام کەس بڕوای پێنەدەکردم! !.. هەر بەم بۆنەیەوە حەزدەکەم ئەمەشتان بۆ بگێڕمەوە :

* نوێنەری قوتابیانی کەرکووك ( جگە لە پێنج ئەندامی کۆنفراس ) چەند قوتابیەکی تریشمان لە گەڵا بوو ( بە هەلە نەچووبم ) لەوانە : عادل عیزەت ، نورەدین عەبدولرەحمان ، ئەفراسیاب مەجید یاوەر ، رووناك محەمەد ، زێبا عەبدولواحد ، پەخشان .. بوون . کە بۆ بەخێرهاتنەوەی سەرۆك بارزانی دەست نیشان کرابوون . لە تەك نوێنەرانی شارەکانیتر سەرمان لە ئوتێل دا . کە مەلا مستەفا دەرکەوت بە هەموو دڵ و دەروونمان چەپڵەمان دەکوتا . حەزمان دەکرد لە ئامێزی بکەین . ماچ و بۆنی بکەین . پاش بەخێرهاتنمان . میر حاج هەندێ قسەی بۆ کردین . هەموو گیانمان بیستن و دیتن بوو. هەندێ بڕوای نە دەکرد لە خزمەتی بارزانیدایە . پاش بڵاوبوونەوەمان کچەکانم بردە ماڵی مامم . بە گەرمی پێشوازیان کردین . خزمەتیان کردین . خاتوزین لە هەموویان گورج وگۆلتر بوو . دەیویست دڵسۆزی بسەلمێنێ . کە هاتینەدەرەوە کچەکان کەوتنە

باسی جوانی و ژیری و نازداری خاتوزین . هیوای بەختیاریان بۆ خواستین . بەلام نەمزانی چ دەوریکی هەبوو لە مالی مامم .

* وەکو وتم لە سالی ۱۹۵۷ دا وا بریار بوو یەکێتیی قوتابیان لە کوردستاندا ( بە موصل و دهۆك و کەرکووکیشەوە ) هەبێ و ببێتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی عێراق ، بەلام هەردوولامان لەیەك لە فیل بووین و پاش چواردەی تەمووز هەلوەشایەوە.. کە هەلبژاردنی قوتابیانی سالی ۱۹۵۸-۱۹۵۹ دەستی پێکرد ، ناچار بووین لەگەل قوتابیانی عێراقدا بکەوینە گفتوگۆ: شەوێ نوێنەرانی ئێمە کە : علی عسکری ، جیهان صدیق ، نورالدین عبدالرحمن ، بەندە بووم . لەگەل نوێنەرانی قوتابیانی عێراق بە سەرکردایەتی فاضل گلۆ العزاوی دانیشتین بۆ ئەوەی بەیەك لیستە بچینە هەلبژاردن دژی ئەو لیستەیەی کە تۆرانیەکان و کۆنەپەرستە عەرەبەکان. دروستیان کردبوو.. لە ئەنجامادا وا ریکەوتین کە ٤٠٪ بۆ ئێمەو ٦٠٪ بۆ ئەوان بێت. بەمەرجێ ، ئەو قوتابخانانە ئێمە هەلیان بژێرین.. پاش دوو رۆژ من و فاضل دووبارە کۆبووینەوە، ئێمە بە راستی ئەندام و دۆستانی خۆمان هێنابوو. ئەوان بە پێچەوانەوە، بەمەش سەرمان لێتێکچوو.. دەنگی وامان لەو قوتابخانانە نەهێنا. لەلایەکی تریشەوە، ئێمە دەنگمان بۆ لیستی ئەوان دابوو ( لەوخوێندگایانەی بۆ نوێنەرانی ئەوان دانرابوون ) ئەوان هەر بۆ لیستی خۆیان!!.. ئەمەش بووە هۆی گلەیی و گازاندە لە بەینی پارتی و شیوعی و لە نیوەی پتری پۆلی قوتابخانەکانا لیستەی تۆرانیەکان و کۆنەپەرستە عەرەبەکان دەرچوون.

* سالی ۱۹۵۸ مالئاوایی لێنەکردبووین کە مەسەلەی یەکێتیی عەرەبی بە جۆرێ تەقیەوە کە بەرووداوی ئەو چەند سالە دادەنرێ.. بەعسیەکان و نەتەوەییە عەرەبیەکانیش داوای یەکێتیی تەواویان لەگەل میسردا دەکرد ( الوحدە ) و لەگەل عبدالکریم قاسم گرژی دەستی پێکرد. شیوعیەکان داوای ( یەکێتیی — الاتحاد) یان دەکرد.. خۆنیشاندان نەما چەند دروشمێ لەو بابەتە هەلنەگرن.. راستە

عەرەبەکان ئەو توانایەیان نەبوو ، دژی دروشمەکە بووەستن ، بەڵام هەرچیەکیان پێبکرایا دەیانکرد : سڕینەوەی ئەو نووسینانە . دڕانی ئەو کاغەزانەی ئەوەی تێدا نووسرابوو.. لە هەنگاوە دیارەکانی ئێمەش ئەو بڕیارە بوو کە دەڵێ : ئەگەر لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەب جۆرە ( اتحاد) ێکیان پێك هێنا دەبێ ( ئۆتۆنۆمی ) بە ئێمە بدەن . ئەگەر ( وحدة )یان کرد . دەبێ هەرێمی کوردستان فیدراڵی بدرێتێ.. هەتا لە ٤ نیسانی ١٩٥٩ ڕۆژنامەی (خەبات) ئەو داوایەی وەبیر لێپرسراوان هێنایەوە. لە ڕاستیدا.. زستانی کەرکووك لە دووبەرەکیدا دەکولا.. هەر لایەش ئۆباڵەکەی دەخستە ئەستۆی ئەوانیتر و ئیستعمار ، نەتەوەییە عەرەبە شۆڤێنیەکان و تۆرانەیکانیش فویان لە ئاگرەکە دەکرد.. تا نازم تەبەقچەلی گیرا ( کە لە دواییدا لە سێدارە درا ) پاش ڕۆیشتنی ئەو ( داود الجنابی ) بووە قائیدی فرقەی دوو. زۆر بەلای شیوعیاندا دەیشکاندو وەك ئەوان هەڵسوکەوتی دەکرد.. تاوای لێهات مەنجەڵی گرژی و شەڕی ڕۆژانە جێگای نەماو لەسەری ڕژا .

## (١٧)

پێش وەلاوەنانی ڕۆژانی کەرکووك ، دوو ڕووداوی زەق و گرینگ ڕێم پێدەگرن . هەرچەندە زۆریان لەسەر نووسراوە، منیش لە دوو تووێی دوو کتێباندا گێڕاومنەتەوەو ڕاشم لەسەر داون ، بەڵام ناکرێ لێرەشدا فەرامۆشیان بکەم .

لەسەرتای تشرینی ١٩٥٨وە ، بەتەك بڵاوبوونەوەی باسی هاتنی مەلا مستەفا بارزانی بۆ شارەکانی کوردستان ( بەرەزامەندی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆك وەزیران ) پڕوپاگەندەیەکی خەستیش تەشەنەی کرد کە : تۆرانیەکان، کۆنەپەرستەکان ، ئەفسەرە عەرەبە شۆڤیەنیەکان.. پێکەوە، خەریکی پلانی لەناو بردنی بارزانی مستەفان! !.. نەك هەر پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو گشت

کەرکووکیان تەنگاو بوو بوون و عومەر دەبابەش ( وەك لێپرسراوی پارتی لە شاری کەرکووك ) چەند جارێ ئاگاداری نازم تەبەقچەلی ( قائیدی فیرقەی دوو ) کرد ، بەڵام ئەو گرینگیەکی ئەوتۆی پێنەدا ، ئێمەش گومانمان لێ پەیدا کردبوو ، چونکە ئەفسەرێکی شۆڤێیەنی بوو. دەبابە ناچار بوو ، دەستەیەکی لاوی دڵسۆزی چاو نەترس ، بە دەمانچە چەکداریان بکاو پارێزگاری گیانی سەرۆکی حیزب بکەن..

هەرچەندە، ئەفسەرە عەرەبەکان و تۆڕانیەکان لچیان بەیەکدادابوو ، ئامیر ئینزبات ( هیدایەت ئەرسەلان )ی تورکمان بە بیانووی نەخۆشی کارەکەی دابووە دەست ئەفسەرێکیتر ، بەڵام کە لە ۱۹۵۸/۱۰/۲۰ هات ، لە فرۆکەخانە دابەزی و لە دواییدا بە سەلامەتی بەرەو شاری سلێمانی بەرێکەوت.. مەلا مستەفا ، ماندوو بوونی پێوەدیار بوو ، هەستی بە مەترسیەکە کردبوو. کە لە ( قەرەهەنجیر ) بەرێمان کرد ، گرژ بوو . مامۆستایەکی کورد پەروەر دەستی ماچ کرد، بارزانی شەقازیلەیەکی لێدا ، بە تووڕەییەوە بە مامۆستاکەی ووت: کوڕی خۆم ، من چیم دەستم ماچ ئەکەی . منی دەربەدەری دوورە وڵات، خەونم بە رۆژێکی واوە دەدی ، ئێوە ، شۆڕشتان کر د، منتان هێنایەوە، بەم جۆرە بەخێرهاتنەوەم دەکەن ، دەبێ من سوپاستان بکەم ، من مەمنونتان بم ، من سەربازێکی جەمهوری و ( زەعیم )م ! !

کە لە ۲۵ی مانگدا گەڕایەوە ، پڕوپاگەندەکە تیرتر بوو بو و، شاری کەرکووك پتر شڵەژابوو. دیسان ئامیر ئینزیبات دیار نەبوو . بۆیە گومان رووی لەو بوو. هەر چۆنێ بێ ، بەسەلامەتی گەیشتە ناو شار ، لە شار بەرەو تەیارەخانە بەرێکەوت ، هەزارەها کورد لە پێشوازی و بەرێکردنی وەستا بوون . پێش ئەوەی بگەنە فرۆکەخانە،ئەفسەرێکی کورد قونبولەیەکی دۆزیبۆوە، بە پەلە لەکاری خستبوو ، کە خەبەرەکە گەیشتە هیدایەت ئەرسەلان ، هەندێ دەڵێن لە ترسدا ، هەندێکیتریش دەڵێن لەشەرما ( کە دەوری خۆی وەك ئینزبات نەدیووە) زۆریش دەیان ووت، لە خەفەتا ( کەبارزانی پێوە نەبووە ).. دڵی لە لێدان کەوت ! ... پێشوازیەکە

بووه خۆنیشاندان و ئاژاوەو هەرا.. شارەکە بەتەواوی شڵەژا ، رق و نارەزایی لەچاوماندا دەتەقیەوە . هەموو ئەندامانی لق خەریکی هێور کردنەوەی ئەو خەڵکە بوون و دەرەقەت نەدەهاتن.. تا تاریک داهات ئاپەزایی درێژەی هەبوو.. سەرکردایەتی فیرقەش بڕیاری ( قەدەغە کردنی هاتوچۆی دا ) بەڵام تا درەنگانێ هێور نەبۆوە!..

تا ئیمرۆش ، راستیەکانی ئەم کارە وەدیار نەکەوتووە. من وای بۆ دەچم کە رووداوەکە بە گشتی راست بوو، پیلانی کوشتنی بارزانی لە ئارادابوو ، بەڵام کێ دەیکا؟.. چۆن دەکرێ؟.. راستە فرۆکەکەیان دەتەقاندەوە یان لە فرۆکەخانەکە دەکوژرا؟.. لای من نەزاندراوە.. هەرچۆنێ بوو بێ ، کارەکە بۆ ئەوە کرابوو ، ناخۆشی بەینی کوردو تورکمان خەستر بێت . دیارە ئەوەش لەبەرژەوەندی تۆرانیەکان و عەرەبە شۆفیەنیەکان بوو!..

هەر لەسەرەتای ژیانی ئەدەبیمەوە، بڕوام بە رێکخراوی ئەدەبی کوردستانی بووە. بەڵام خۆم لەو ئاستەدا نەدەدی کە هەوڵی بۆ بدەم. بۆیە کە پێش چواردەی تەمووزی ١٩٥٩ کاک مارف خەزنەداری مامۆستام داوای لێکردم لە رێپێوانی یادەکەدا بچمە ژێر دروشمی یەکێتیی ئەدیبانی عێراق ، رازی نەبووم ، بەڵام کە زانیم زووربەی ئەدیب و نووسەرانی کورد و عارەب و تورکمان و ئاسوری.. کەرکووك بەشداریان تێدا کردوە هەستم بە بوونی ئەدەبیم کرد . خاتوونەکان : نەسرین خەزنەدار ( خوشکی دکتۆر مارف ) و نازەنین طاهر ( خێزانی ئێستام ) دروشمەکەیان هەڵگرتبوو . لە پێشەوە ( لە دوای بەرەوە ) دەڕۆیشتین . بەرەو سەرکردایەتی فیرقەی دوو ، موتەسەریفیەت ، شەقامی ئەطلس بەرێکەوتین . ریزەکانمان هێمن و بێدەنگ بوو. بەڵام رێکخراوە پیشەییەکان و کۆمەڵایەتیەکان و فەرمانبەران.. هوتاف دژی: کۆنەپەرستان ، پیاوانی ئیستعمار. لێپرسراوانی کۆمپانیای نەوت.. درود بۆ: ئاکە سەرۆك، کۆماری ساوا.. لێدەدرا ، هەڵبەست دەخوێندرایەوە . کاك مەجید ناوێك ( کە بە مەجید جەپهە دەناسرا ) زوو زوو هاواری دەکرد ( الهتاف باللغة الكردية ممنوع !!!) ئەم

رستەیە ، لە هەموو خۆنیشاندان و ڕێپێوانەکان دەوترا ، بەڵام پارتیەکان گوییان نەدەدایێ .. ڕازیش نەبوون لە کەرکووکی کوردانا بە عارەبی هاوارکەین .

ڕێپێوانەکە بێ گرێ دەڕۆیشت . بەڵام کەگەیشتینە شەقامی ( ئەتلەس ) گرژیەکی زۆر هەبوو . جگە لەوەی جەماوەرێکی زۆر لە هەردوو بەری شەقامەکە وەستا بوون، کۆمەڵ کۆمەڵ و تۆپەڵ تۆپەڵ تورکمان هەبوون مۆرەیان لێدەکردین ، هەندێ لاوی تورکمانیش ، بەسواری لۆریەوە ڕێپێوانەکەیان دەپچڕاند . بە تورکمانی هاواریان دەکردو جنێویان بە شیوعیەت و بەرە .. دەدا.. دیارە لاوەکانی ناو ڕێپێوانەکەش فریشتە نەبوون و بەچەندەها شێوە ناڕەزاییان دەردەبڕی .

لە نزیک سینەما ئەتلەسی هاوینەوە هەستمان بە کۆمەڵە تورکمانی کرد، لەسەر بانەکانەوە جنێویان دەدا.. کە لە چایخانەی ( یۆلدز ) نزیک بووینەوە ، ناو بەناو وردە بەردمان بۆ دەهات و لەبەر دەمی چایخانەکەش لاوانی تورکمان وەستا بوون هەڕەشەیان دەکرد. بەڵام سەرەتای ڕێپێوانەکە تارادەیەك بەسەلامەتی دەربازبوو . بێگومان.. هەموو دەستمان لەسەر دڵمان بوو. چونکە لاوانی ڕێپێوانیش ئەوەندە هێمن نەبوون لەو کارە بێدەنگ بن. سەرمان لەنزیك بازاری ( العصریە ) بوو ، لە پشتەوە چەند تەقەیەککرا.. ئیتر بووە هەرا . ڕێپێوان تێکچوو.. کار لەکار ترازا.. من و کاك مارف هەر ئەوەندەمان پێکرا ، دەستی هەردوو کچ بگرین و بیەرینەوەو بچینە ماڵی کاك مارف..

شیرازەی شار تێکچوو ، بەکەس ڕانەدەگیرا. دوای شەوو ڕۆژێ، هاتنی سوپاو قەدەغەکردنی هاتووچۆ کەرکووك هێور بۆوە.. زۆر کەس کوژرا ، خەڵکی ئازاری خوارد ، دوکان دزرا.. تورکمانی تۆرانیو نیشتمانپەروەریش پێوە بوون!!.. بەڵام لەماوەی چەند مانگیدا تۆڵەیان لە کوردی تاوانبارو بێ تاوانیش کردەوە . سەدەها کورد گیرا و درایە دادگا . ئازار دران . چەندەها کوردیان کوشت .

تێزابیان پێداکرا.. شوێنەواری لە دڵ و دەروونی زۆر کەس ماوە.. هەرچەندە ، تا ئێستا راستی رووداوەکان دیار نییە . بەڵام بەپێی زرووفی شارەکە.. من ، بۆ ئەوە دەچم تەقەکە کاری تێکدەرانەی شۆڤینیە عەرەبەکان بێ ، بۆ ئەوەی کوردو تورکمان بەیەکدا بدەن و گۆڕەپان بۆ ( تعریب ) خۆشبێ . چونکە رووداوە یەك لەدوای یەکەکانی مێژووی شارەکە هەر ئەم لێکدانەوەیە هەڵدەگرێ.

## ( دارو سەلام )ی نا ئارام
## ( ١ )

هەر چەندە زانکۆی بەغدا دامەزرابوو ، بەلام کۆلیژەکان ئازاد بوون لە وەرگرتنی قوتابیان .. بۆیە . لەبەڕێوەبەرێتی پەروەردە ( مەعاریف )ی کەرکووك ( وثیقە )م بۆ کۆلێژی : پەروەردە ( کەجاران دار المعلمین العالي یان پێدەوت ) ئاداب . سەربازی . پەیمانگای بەرزی زمانەکان وەرگرت . وێنەی خۆم . شوناسنامە . رەگەزنامە . ئەنکێتی خوێندنی بالام خستە ناو دۆسێیەکان .. کارەساتی کەرکووك چلەی چووبوو کە لەگەڵ هەندێ هاوڕێی خوێندنم ، لەوانە : جەلال حوسێن قەرەداغی ( کەبووە مامۆستای ناوەندی ) لەتیف شێخ حامید بەرزنجی ( ئەدیب و مامۆستا )و .. پێش خۆر ئاوابوون بەعارەبانە چووینە وێسگەی شەمەنەفەر ، کە دەکەوتە دووره شار و ئەولای گوندی تسن ( تسعین ) یشەوە ( زووربەی ئاوایەکە تورکمانی شیعەی ئاژەڵداربوون ) .

وێسگە ساختمانێکی گەورەی بە بەرد دروستکراوی جەنگی جیهانی یەکەم بوو . هۆڵی چاوەڕوانی لاتەختی درێژی تێدابوو . شەمەنەفەریش سێ پلەی هەبوو . ( لۆچ ) ی رێکوپێکی چوارنەفەری بۆ خانەدان و پارەدارو فەرمانبەری پلە بەرز . (سیاحی ) کورسیەکانی نیوەقەنەفەیی بوون ، بۆ نووستنیش دەستی دەدا . سێیەمیان ، تەختەی رەق و تەقی کەم دەرامەت و قوتابی و سەرباز بوو . خوێندکار نیوەی پارەی بلیتی دەداو بۆ سەربازیش بەخۆرایی بوو . ئازا ئەوە بوو جێبگرێ و تووشی شەڕو لێدان و بەپێوە وەستان نەبێ . خەڵکەکە لەسەر ئەو تەختانەو راڕەوی بەینی کورسیەکان ، هەندێ سوکەڵە لەسەر رەفەکان ، دەنووستن . هەندێ جار کە جێگا نەدەما ، نەفەرەکان دەچوونە سەر ( فارگۆن )ەکان و تابەغدا لەوێ دەبوون !!.. شەو لە کەرکووك دەردەچوو ، بەیانی دەگەیشتە بەغدا . لەزووربەی شارۆچکەو گوند لای دەدا ..

ریزی بلیتمان گرت . لەگەڵ پەنجەرەی بلیت فرۆش کرایەوە . بووە پاڵەپەستۆ و بەسەریەکدا کەوتین تا بلیتمان بڕی شەکەت بووین . لەو

ماوەیەدا ، ئێمەی لای خوێن گەرمی چاو لەدەر ئۆقرەمان نەبوو .. شەمەنەفەر وەستا . دەرگای هۆڵ کرایەوە . پاڵەپەستۆ دەستی پێکردەوە . هەندێ لەپەنجەرەوە خۆیان پێداکرد .. یەکێکمان لای جانتاکانمان مایەوە و ئەوانیتر بەگەڵ حەشامات کەوتین . کەلافاوی خەڵکی نیشتەوە ، شتەکانمان سەرخست و لەسەر رەفەو ژێر کورسی و ڕاڕەومان دانا ..

وەستان و دابەزین و سوار بوون زۆر بوو . نووستن نەبوو . بەگاڵتەو گەپ و قسەی خۆش و چاوبازی شەومان بەرێدەکرد . هاواری ساردی فرۆش ( ئەوسا تەنیا – سیفۆن – و– ناملێت – هەبوون )و میوەو شەکرۆکەو پسکوێت فرۆش ئەو ناوەی پڕکردبوو . بەرەبەیانیش دەستگێڕی ، ماست و پەنیرو هێلکەی کوڵاو نۆك و پاقلە و کولێرەی عەرەبی پەیدا بوون . لەنزیك بەغدا (سەریفە)کانمان دی ( کە خانووی قوڕو تەپاڵەی نزمی دارەڕا ، تەختە ، چینکۆ بوون) حەوشەی ریخاوی سەرنجی راکێشاین ، سەیری ئەو زەحمتکێشانەمان دەکرد . دەتووت لەسەربانی دۆزەخ وشك بوونەتەوە!.. لەگەڵ ژیانی رەنجدەرانمان بەراورد نەدەکران .. بەلام حەوشەی ریخی گامێش منی بردەوە دنیای گەوەڕ و سەرگوڤکی گوندی ( هەرتەل ) .

شەمەنەفەر لەنزیك ( باب المعظم ) وەستا . بەعارەبانەچووینە شەقامی رەشید و لەئوتێلی ( شمال الکبیر )ی حەمەی دەرویش کەریمی ناسیارمان دابەزین .. بۆ سبەینێ هەریەکەمان دوای کاری خۆی کەوت . من .. وەك مەڕەگێژە لەو ناوە دەسووڕامەوەو هەرخەریکی پرسیاری شوێن و جێگا بووم . لەکۆلێژەکانیش بەپاڵەپەستۆ دۆسێیەکانم دایە ئیدارە . کۆلێژی پەروەردە لەنزیك هێڵی شەمەنەفەری ( وەزیرییە ) و پەیمانگاش لەولایەوە ( دەکەوتە نزیك وێسکەی شەمەنەفەرەکە ) دۆسێی سەربازیش لەئۆردوگای ( رەشید ) وەردەگیرا .. بەغدا لەپایتەختە بەناوبانگەکانی دنیایە . سەدەها ساڵ ، مەڵبەندی خەلافەتی عباسی بووە . هەرە دیارەکانیان ( هارونە رەشید ) بووە . سەدەها کەللە شاعیرو رووناکبیر و

فەیلەسوفیان هەبووە . هەرە بەناوبانگەکانی ( ئەبو نواس ) بووە . مەلبەندی چیرۆکی ( هەزار شەو و شەوێکە ) .. دەیەها کتێبی کۆن و نوێی لەسەر نووسراوە . بەلام لای منی لاوی قوتابی کوردی تازە سیاسی : بەغدا مەلبەندی شایەتی و حکومەتی عەرەبی بوو . جێگای زیندانی و گرتن و سزای رامیاران بوو . شوێنی رابواردن و کەیف وسەفا بوو !.. ( مەیدان ) لە هەموویان بەناوبانگتر بوو!

لەبەر نمرەکەمی ، لەکۆلێژی پەروەردە وەرنەگیرام . بەلام سالانە چەند کورسیەك بۆ نەوەی مامۆستایان تەرخاندەکرا .. داوایان لێکردم پشتگیری بێنم . گەرامەوە و .. لە کەرکووکەوە چوومە هەولێر . سکالایەکم بۆ مەعاریف بەرزکردەوە .. لەپڕ .. پیاوێکی بەقەلافەت لەپشتەوە باوەشی پێداکردم . ئاوڕم دایەوە ، دەستی لەملم کردو لەناو ژوورەکە فرمێسکی هاتە خوارەوە . بەقورگی گریانەوە وتی : ئامۆزا نامناسیەوە؟!.. کاکەمەم گیان منت بیر نەماوە؟!.. من ( رەفعەت)م .. رەفعەتی ئامۆزات!.. بردمیە ژوورێکیتر . فەرمانبەرەکان پشتگیریەکەیان بۆ کردم لەگەلم دانیشت .. بەلام چەندی کرد ، لەگەلی نەچوومەوە مال .. ( رەفعەت)ە فەندی ، تاکە کوڕی مامە(عیزەت )م بوو . مامۆستای سەرەتایی بوو لەهەولێر . لەمردنی باوکمەوە نەم دیبۆوە . بەکاغەزیش بەسەری نەکردبووینەوە . بۆیە.. رەحمم بۆی نەدەجوولا .. بەلام ، ئەوەندە بەسۆزەوە بەدەورما هات و چوو ، تائێستا بیرم نەکردووە!

پێش ئەوەی لەکۆلێژی پەروەردە وەرگیرێم ، ناوم لەپەیمانگاش هەلواسرا بۆ ئەوەی چاویان پێم بکەوێ .. کەچوومە ژوورەوە ، دووکەس دانیشتبوون ، یەکێکیان بەجبەو عەمامە بوو . یەکسەر زانیم مامۆستا علاءالدین سوجادی یە .. من .. شتم بەناوی خوازراوەوە لەگۆڤاری (هەتاو)ی هەولێر نووسیبوو ، پاش شۆڕشیش بەناوی خۆمەوە شتم هەبوو . بەلام ئەو ، نەناوی بیستبووم نەشتی منی بەر چاو کەوتبوو.. بۆیەپرسی :

حەز لەمێژوی کوردو ئەدەبی کوردی دەکەی ؟

- بەڵێ
- باشە ( مەم ) ، لەچیەوە هاتووە ؟
- لە محەمەدەوە
- ئافەرین .. باوکت پێی وتووی ؟
- لەپیرەمێردی شاعیرم بیستووە !

بە هەڵوەستەیەکەوە سەیری دۆستێیەکەی کردم ، پرسی : تۆکۆیی؟

- بەڵێ قوربان .. ماوەیەك لەگەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی ژیاوین .

غیرەتم دا خۆم و بەشەرمێکەوە لە سەرقسەکانم رۆیشتم و ئارەقەش بەرووما دەهاتە خوارەوە :

- .. خۆشم .. هەندێ شتم بڵاو کردۆتەوە !

دوا رستەمی نەبیست، مەبەسی نەبوو ، خۆی لێگێل کرد.. نازانم!.. سەیری یەکیان کردو بەڕێیان کردم لە کۆلێژی پەروەردە ( بەشی ماتماتیك ) وەرگیرام و پاش دوو هەفتەیەکیش ناوم لەبەشی کوردی پەیمانگا دەرچوو . هەرچەندە حەزم لە ئەدەب دەکرد ، بەڵام پەروەردەم هەڵبژارد . بەشی ناوخۆی هەبوو ، مانگانەشیان دەدا ، لەگەڵ تەواوکردنی خوێندنیش دادەمەزرام و باری سەرشانی خاڵوانم سووك دەکرد!.. بەڵام ئەولا ، لەگەڵ تەواوی ئارەزوومدا دەگونجا و هیچیان مسۆگەرنەبوو! لەتەك هاوڕێی رۆژانم لەتیف و جەلال . شارەزای شەقامی رەشید . النهر . ابونواس . باب الشرقی .. بووین . بۆ دیدەنی و قەڵەباڵغی سەرمان لەتەکیە شێخ عبدالقادری گەیلانی ، إمام الاعظم . إمام الکاظم دەدا .. هەر لەم ماوەیەدا ، بەهۆی خوێندکارانی کورد ( بەتایبەتی پارتیەکان ) فێری چایخانەکانی : بلدیە . عجمی . پرلمان . برازیلی .. بوین . سەعی تێدا دەکرا و رۆژنامەی ئەو رۆژەو گۆڤارە عەرەبیەکانی بە(یەك عانە) تێدا دەخوێندرایەوە . تاوڵەو دۆمینەو شەترەنجیش هەبوون!

لەو ماوەیەشدا ، هەفتەی جارێ سەرم لەماڵی مامم دەداو لەگەڵ فۆئاد دۆستایەتیم پتر دەبوو . بەڵام لەگەڵ خاتوزین رووم نەکرابۆوە .

بەشەرمەوە لێی ورد دەبوومەوە . ئەویش لەمن باشتر نەبوو . هیچمان هەوڵمان نەدەدا ، بەتەنیا بین و هەستی خۆمان بۆ یەکتری دەربڕین .

( ٢ )

که یاسای ( کۆمەڵەو حیزبەکان )ی ساڵی ١٩٦٠ دەرچوو ، دووحیزبی سەرەکی ( بەدوو ڕێبازی فکری جیاوازەوە) ڕێگای کارکردنیان پێنەدرا ، بەڵام بەکردەوە شوێن و جێگاو جەماوەری خۆیان هەبوو ( حیزبی شیوعی عیراقی و حیزبی بەعثي عەرەبی سۆشیالیستی بوون ) لە دێر زەمانەوە ڕێکخراوی قوتابیان و خەباتی ژێرخانیان هەبوو ( نەك هەر ئەوان ، پارتی و اخوان المسلمین و وطني دیموکراتیش ڕێکخراوی قوتابیانیان هەبوو ) . کە یەکێتی قوتابیانی عیراق دەستی بەکاری کرد ، ئێمەیان ناچار کرد بەگەڵیان کەوین . بەڵام بەنیوەدزی هەرمابووین .. نەگۆڕانی هەڵوێستی حیزبەکان بەرامبەر یەکبوونی ڕێکخراوی قوتابیان زیانی لەڕەوت و بەرژەوەندی خوێندکاراندا .. هەر جارە بەناوێ ، بەبیانوێ ، دەمەقاڵێ و شەڕو پێکدادان بەرپا دەبوو . خوێندن دەشڵەژا . زۆر جار دەپەڕییەوە سەرشەقام و گەڕەکەکان !.. وای لێهاتبوو ، هەندێ گەڕەك بۆ حیزبێك پاوان کرابوو !

پێش دەرگای سەرەکی کۆلێژ ، پان و بەرز و درێژ بوو. گۆڕەپانێکی گەورەی لەبەر دەمدا بوو . کۆ بوونەوە ، یادەکان ، بۆنەکان .. لەوێ ساز دەکرا . قسەکەرەکان لەبەرزیەوە دەدوان .. وتەبێژی دیاری شیوعیەکان کاك کەمال غەمبار و هەندێ جاریش کاك فاضل گلۆ العزاوی بوون . هی ئێمە کاك لەتیف شێخ حامیدی بەرزنجی بوو ( ئەوانی تریشم بیر نەماوە) لەو دەیەها کۆبوونەوەی ئەو ساڵەدا ، هیچیانم نەدی بەسەلامەتی دەرچێ ! برینداریشی تێدەکەوت !! ئێمەی پارتیش ، دەوری ناوبژیوانمان وەرگرتبوو ، هەر دوولاش بەقسەیان دەکردین !.. پارتیە

چالاك و دیارەکانی ئەو ساڵە ( ئەوانەی ناویانم بیر مابێ ) مامۆستایان : ئەسعەد خێلانی . محمودی مەلا عیزەت ، ابراهیم میرانی، صدیق صادق . عبدالکریم عبدالرزاق ، حیدەر همزە ... لە کچانیشدا : درەخشانی شێخ جەلال . سورەیا محمد ، ژیان ، ڕووناك زوهدی ، مریم عزیز ، وداد خالص قازی ، ئەختەری مەلا نجم الدین ( کەبووە وزیر لەسلێمانی )

پاش کارەکەی جەماعەتی سەرۆك و سکرتێری پارتی ، دژی جەماعەتی کاك هەمزە و شێوەی جێبەجێکردنی کارەکە ، بەمن هەرس نەکرا . لەدڵسۆزیم بۆ ڕێڕەوی حیزبم و شەرعیەت و یەکێتی پارتایەتی ، لەحیزبایەتی دوورەو پەرێز وەستام و خەریکی کاری قوتابیان بووم .. ئەم کارەم بەدزی نەبوو . نامەیەکم بۆ سەرکردایەتی نووسی ودامە دەست کاك خێلانی کەتێدا هاتبوو ( ... وەکو خۆتان دەزانن من لەگەڵ ڕێبازی جەماعەتی کاك هەمزە نەبووم ، بەڵام جۆری لابردنیان بەشێوەی سروشتی نەبوو ، ئەمەش بەمن هەرس ناکرێ .. بۆیە .. بڕیارم داوە ماوەیێ حیزبایەتی نەکەم تا دەگەمە بڕیاری خۆم .) ڕەنگە ئەم جۆرە بڕیارە سەیر بێ و هەر من دابێتم . ( شتی وا لەسیاسەت و پارتایەتی دا نەبێ ). بەڵام ئەوانیش لێیان قبوڵ کردم ومنیش لێی پەشیمان نیم . کاك ئەسعد زۆرم لەگەڵ خەریك بوو ، نەهاتمە سەربار !

منی لاوی خوێن گەرم لەماڵی مامە عبدالله لەگەڵ فوئادی کوڕی لە ژوورێك دەژیام و مەلێکی ئازاد بووم ، بەشادی و خۆشییەوە هەڵدەفریم وتۆڵەی شەرم و ترسی کەرکووکم دەکردەوە . ئەوەی لام گرینگ نەبوو خوێندن بوو .. بەدەم کۆبوونەوەکانەوە ، لەو کۆڕەوە بۆ ئەو ئاهەنگە ، بەدەم جگەرەی جەمهوری کێشانەوە لەم سینەمایەوە بۆ ئەو مەیخانە ، بەدەم ( ڕۆتمان و گرێفنەوە ) لەو چاوبازییەوە بۆ ئەو نازە .. دەسووڕامەوە . چونکە سەرەڕای ( ٧٫٥ ) دیناری یارمەتی حکومەت ، مامیشم ( ١٠ ) دە دیناری دەدامێ !.. لەوانەکاندا دادەنیشتم ، هەست و هەستم لەیانەو باخچەی کۆلێژ بوو . لە (مختبر) یش دا ، تەنیا کە نۆرەم دەهات ، بەهۆش خۆم دەهاتمەوە و کارم دەکرد .

هەرچەندە دڵسۆزی و خزمایەتیم لەگەڵ خاتوزیندا تازەکردبۆوە ، کچە قوتابیەکانیش کەلێنێکی گەورەیان لەبیرم گرتبوو ، ئەوانیش لێم نزیک دەبوونەوە . بەقەدەر کوڕان ، برادەری کچم هەبوو . بەڵام ئامادە نەبووم کردەویەکی هەرزەکارانەیان نیشان بدەم .. وەك زووربەی خوێندکارانیش خۆم بەکۆڵانە پیس و تەسکەکانی گەڕەکی ( مەیدان )دا نەدەکرد و ئارەزووم نەدەبزوا . ئەو گەڕان و هەڵبژاردن و سەوداو مامڵەتە بەمن قبول نەدەکرا ، بەپێچەوانەوە قێزم لێدەبۆوە . تا ئێستا ، چەند جارێ چوومەتە ( مەلها) و سەیری سەماو گۆرانیم کردووە . کەبە بیرم دەهاتەوە ، ئەوەی لەسەرشانۆ دەیبینم بۆ پارەیە ، تام و لەزەتم لێ نەدەکرد .. ڕەنگە گیانی نهێنگری و دوورەو پەرێزی سیاسی و خۆشەویستی خاتوزینیش دەوریان هەبووبێ لە نەخزانم ..

لەسەر پێ داکوتانی مامم لەماڵیان دەژیام کە کەوتبووە گەڕەکی ( راغبە خاتوون ) و خانوەکە لەسەر شێوەی کۆن دروستکرابوو ، بەڵام نەوژەن کرابۆوە وپاك و ڕێکوپێك بوو ناتخواردنمان خێزانی بوو ، هەرچەندە هەڵسوکەوتم تەسك بوو ، بەڵام توانیبووم ناخی دڵی خۆم بۆ خاتوزین دەربڕم . بێ ئەوەی دەستمان بەر یەك بکەوێ !.. وا بزانم ڕەوتی بەسەر هاتی ڕۆمانی ( مەم و زین ) و دڵدارییە بێگەردەکەیان دەوری هەبووبێ لەم کارەماندا . هەستم دەکرد، بەرە بەرە دڵ و دەروونم لەگەڵ ئامۆزاکانم دەگونجاو هەستی خۆشەویستی خاتوزین دەمبزوێنێ . تاکە رستەی ئەویش لە ( حەز دەکەم هیوای مامە فخریم بێتە دی ) تێنەدەپەڕی بۆیە ، هەر خۆشەویستیەکیشی لەدیدی دیار بوو بێ . وەم دەزانی ئامۆزایەتیەو بەس .

لە پشووی نیوەی ساڵ ، سلێمانی برام لە کەرکووکەوە هاتە ماڵی مامم و نیوەڕۆی ڕۆژێکی هەینی ( کە هەموو دانیشتبووین ) بەسادەو ساکارانەی خۆی مەسەلەی خاتوزین و منی تەقاندەوە .. نەك هەر خاتوزین لاری نەبوو ، مامم و کوڕو کچەکانیشی پێیانخۆشبوو ، هەموو پیرۆزباییان لێکردین . خۆشی و کامەرانی لەرووماندا دیار بوو . کە مامۆژنم بەقورگی پڕ گریان و

شلەژانەوە هات . نەك هەر رازی نەبوو ، هێرشێکی سەختی کردە سەر هەموو کەسوکارمان !.. نەك من و خاتوزین ، ئەوانیتریش نقەیان لەخۆیان بڕی !.. کەسەیری ڕووی پەژارەی کچی کرد . تۆزی هێور بۆوە وتی :
– ئەگەر واز لەدایکی و خالوانی بێنێ ..دەیدەمێ !
چاوەڕێی وەلامێ بووم کە پڕ بەپێستی داوا کەی بی . مامم بەزەردەخەنەیەکی گرژاوی تووڕەوە سەیری من و برامی کرد و وتی :
- من کاکە مەمێکی بێ وەفام بۆ چییە ؟ ! چۆن لەگەڵ کچم بەوەفا دەبێ ؟!.. پاداشتی ئەو هەموو سالەی بەبێوەژنی پەروەردەی کردون، پشتی تێبکا ؟
مامۆژنم هەڵچوو ، بەدەم یەخەدا درینەوە لەهۆش چوو..باسەکە کۆتایی پێهات . بەو هیوایەی لە هەڵێکیتر هەڵدەتەوە .. من لەناخا دەکولام ، بەلام نەمدەویست ئەو داوەی لە بەینمان ماوە بپسێ .. ڕووی مامۆژنیشم زۆر نەگۆڕابوو .
نامەیەکم بەعەرەبی نووسی ( چونکە نەیان دەزانی کوردی باش بخوێننەوە ) و بەدزیەوە خستمە ژوورەکەی خاتوزین . گلەیم لەدەوری ساردی ئەو کردبوو . هیوام خواستبوو دایکی لەکەڵی شەیتان بێتە خوارەوەو نەبێتە دڕکی مەم و زین .. پاش چەند ڕۆژێ مامم گازی کردم . بەشەرمەوە لەتەنیشت خۆی دانام . ڕووی پڕ بوو لە نائومێدی .. وەك بیرم مابێ وتی :
- کوڕم ، شوکور لاوێکی ژیرو وشیاری . دایکت و خالوانت جوانیان پەروەردە کردووی ، شانازیت پێوە دەکەم .. هەموومان پێمان خۆشە بۆ یەك ببن .. بەلام نسیب و قیسمەتە ، فاتم چۆتەسەر کەلی شەیتان .. ددان بەخۆتا بگرە . شەرمەزارم نەکەی ، مالم وێران نەکەی ..
سەری شەرمم داخستبوو ، ئارەقەم دەڕشت ، قوڕگم پڕ بوو لەگریان . بەدەمی تەتەڵە وتم :

- سڵ مەکەوە . تالێرەبم ناهێڵم مامۆژنم دڵی گەرد بگرێ . خێزانی دروست ناکەم ، یەکێکیتر خاپور بێ .. چاوڕوانی پەشیمانبوونەوەی مامۆژنم دەکەم .

ئەم قسانەم بەبۆڵە بۆڵی مامۆژنم زانی ، نەوەکا کردارێکی نابەجێ بکەم .. بەڵام لە دوایدا دەرکەوت نامەکەی منی بەدەست خاتوزینەوە دیبوو . هەرچەندە نەیخوێندبۆوە ، بەڵام لەناوەڕۆکی حاڵی بوو .

چەندەها جار بیرم دەکردەوە ، ماڵەکە جێبهێڵم و بچمە ( بەشی ناوخۆ ) . بەڵام دەترسام لەناو هەردوو خێزان و بنەماڵەکاندا ، بەجۆرێکیتر لێکبدرێتەوە وقسەو قسەلۆکی لێبکەوێتەوە و سمعەمان لەکەداربێ . بۆیە .. بڕیارمدا ، ئەگەر هەر ساتە مردنێ بێ ، تاسەری ساڵ لەگەڵیاندا بژیم و ئەو ژەهرە فڕکەم ! .. بەیانیان درەنگ هەڵدەستام و بەپەلە خۆم دەگۆڕی و بێ بەرچایی دەردەپەڕیم . بەبیانووی سەعیشەوە تا درەنگە شەوێ نەدەچوومەوە !.. بێگومان هەموو هەستیان بەو گۆڕانە کردبوو ، بەڵام لەروویان نەدەدام ..

لە وانەکانیشدا ، هەستی پڕسۆزی زامم کۆچی دەکردو لەگەردای زەریادا دەخنکاو لەدوا رستەکانی مامۆستا خۆم لەپۆلا دەدۆزیەوە . خەیاڵ، خۆی لە کورەی قینی مامۆژنم دەسووتاند و لەگڵپەی گڕا پەشیمان دەبوومەوە هەر شەوێ خاتوزین دەرگای بکردایەوە ، چەند چرکەیەك بەرامبەر یەك دەوەستاین و بێدەنگ دادەماین.

مامۆژن ، هێمنی و ژیری مامم و بێدەنگی ئێمەی قۆستەوە ، بەدزیەوە ناردیە شوێن خوشکی و بەگوێیدا چرپاند کە داوای خاتوزین بکا بۆ( فاضل ی کوڕی ) . پیێ وت :

- ئەگەر رازی بوون ئەوە باشە ، رازی نەبوون ئەوە نابێ کاکە مەمیش بۆنی پێوە بکا !!

کاك فاضلم دەناسی ، پارتیەکی چالاك و رووخۆشبوو . دەرچووی کۆلێژی ماف بوو . لەیەکێتی قوتابیانی کوردستاندا کاری کردبوو . لەسەرە خۆبوو . مەسەلەی هەردووکمانی دەزانی .. بەڵام وەك لاوێ ، حەزی دەکرد

ئەو کچە جوان و نازدارە ببێتە خێزانی .. هەر لەو هاتنەدا مەسەلەکەیان تەقاندەوە .. هەر چەندە خێزانەکە پێیان ناخۆش بوو ، بەڵام زووربەیان خۆیان لێدەرباز کردبوو ، بارەکەیان خستبووە ئەستۆی خاتوزین .. ئەویش زۆری دادو فیغان کردبوو ، چارەی نەکردبوو .. سەری ساڵ نیشانکرا و باسەکە تەقیەوە .. خەم و خەفەت هەموو جومگەکانمی تەنی بوو .. هەتا ( خادم السجادە ) یەکان لەکارەکە نیگەران بوون !.. تانەو توانج لەمن و ئامۆزاکانم دەگیرا.. رۆژێ عەلی عەسکەری نەمر فاضل دەبینێ ( کەتازە ببووە بەڕێوەبەری ناحیە ) گلەیی لێدەکا ، کەنەدەبوو ببێتە دڕکی مەم و زین . ئەویش بەجۆرێکیتر خۆی دەرباز دەکا و سەری شەرمی دادەخا . کاک عەلی قۆڵی دەگرێ ، بەدەم پیاسەوە قسەکانی تەواو دەکا :

- .. بەڵام کاکەمەم هاورێ چەندەها ساڵە و هەر من لە ناخ و دەروونی ئەو دەگەم !.. ئامادەیە پێ لەجەرگی خۆی بنێ و ناوی کەسوکاری لەکەدار نەبێ .
- کاك عەلی .. پیلانی ژنانەو کەسمان لەدەستی رزگار نابین ! .
- وازی لێبێنە .. تانەت گواستۆتەوە دەستی لێبەردە ، بەڵکو پورت ..
- ناکرێ .. ناکرێ ..
- دەنا .. هەتا مردن زەمیرت شوژنا ژۆت دەکا .. خێر لە یەك نابینن .

سەرەڕای ئەوەی بێهودە دەسووڕامەوە ، پێم ناخۆش بوو بەو رەقیە سەرزەنشتی کردبووا !

دەتوانم بەکورتی نەخشەی ئەو مانگانەم بەم جۆرە بکێشم . تا عەسران پۆل و یانەی قوتابیان . سەیری یاری باڵە . باسکە تاوڵە ( تۆپی مێز ) کۆبونەوە . ئێواران و رۆژانی پشوو ، چایخانەکانی ناو شار ، یانەی سەرکەوتنی کوردان ، پیاسەی شەقامی ( النهر ) و ( ابونواس ) مەیخانە شەعبیە هەرزانەکانی ( باب الشرقی ) و شەقامی ( أمین ) .. مەیخانەکان نموونەیەکی سەرنج راکێشەر بوون . تاریك . ناو دوکان و مێزو کورسی ئاسنی قورس و پیس . دەنگە دەنگ و قرە قرو گۆرانیەکانی ( نازم

غەزالی، أم کلثوم ، مائیدە نەزهەت ...) زووربەیان قاپی نایلۆن و فافۆنیان هەبوو ، هەندێکیان قاپەکانیان لە مێزەکە گیر کردبوو ، مەزەکانی تێدەکرا !.. شەڕو هەرا بەردەوام بوو . کەم شەو بەیەك – دووشەڕ تەواو دەبوو ، هەرچی بەردەستیان بکەوتایا لەیەکتریان دەگرت . مەترسیترین کات ، شکانی بوتڵی عارەق و بیرە بوو ، شەڕیان پێدەکرد و خوێن فیچقەی دەکرد . تا پۆلیس دەهات ئەو ناوە دەشڵەژا .. مەزە ، بەخۆڕایی بوو ، بەلاَم هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبوو . زەلاتە ، بەخراپترین خاس و تەماتە . جاجیك ، ماستی ترشاو . پاقلەی مێشاویمان دادەکرماند . نۆکی نەکوڵاو .. هەتا بەفریشیان پاك نەبوو . نازانم چۆن دانەدەخران ؟.. سەیر ئەوەیە ، زۆریشمان تام لێدەکرد ! !

پاش ئەمانە ، ئەگەر کاتم بوایە ، خوێندن و دەورکردنەوە !.. ئەوە، گۆڕانێکی سەیرو خێرا بوو لەژیانمدا ، بەلاَم بۆ تاقیکردنەوەش بەلای ( حەشیشە و جۆرەکانی) نەچووم !.. بیرو هۆشی سیاسیم زامنی نەخزانم بوو.. هەر ئەوەش ، وای لە هەندێ کچە کورد کردبوو ، ببنە هاوڕێ و هاودانیشتنم ، بەدۆستایەتیم شانازی بکەن . هەندێکیان ئەوەندەیان بڕوا پێم بوو ، گرێی دڵیان دەکردەوەو نهێنی تایبەتیان دەدرکاند .. هەشبوون، مەبەسیان بوو ، پتر لێم نزیك ببنەوە ، بەلاَم خاتووزین لەبەیندا بوو ، منیش نەم دەویست دەستیان بەزاخا بکەم . خۆم گێل دەکرد .. جاریش هەبوو هەرزەیی هەڵی دەگرتم و خۆم هەڵدەخەڵەتاند . بەلاَم زوو پاشگەز دەبوومەوە !.. تا لە ئەنجامدا لە چەند وانەیێ کەوتم ! !

یانەی سەرکەوتنی کوردان و گۆڤاری ( هیوا) دەکەوتە شەقامی ( الزهاوی) ی نزیك گۆڕەپانی (کشافە) لەوەزیرییە . چەندەها ساڵ بوو شوێنی کۆبوونەوەو یەکتری دیتن و چالاکی قوتابیان بوو ، یەك – دوو ژووریشیان بۆ قوتابیانی بێ شوێن تەرخانکردبوو. منیش لەشەرمی کەوتن و مەسەلەی خاتوزین ( کەسلێمان لەنوکەوە بۆ دایکم و خاڵوانمی گێڕابۆوە ) بۆ هاوین نەچوومەوە کەرکووك ، بەهۆی ئیبراهیم میراتی و مامۆستا سوجادی ، بوومە بەرێوەبەری ئیداری یانەکەو سەرپەرشتی چاپی

گۆڤارەکەم کەوتە ئەستۆ . تا ساڵی تازەی خوێندن دەستی پێکردەوە ، لەوێش دەنووستم . هاموشۆی ماڵی مامم نەدەکرد . لەدەرەوە قوئادم دەدی و هەواڵیانم دەپرسی .

( ٣ )

تا شۆڕشی تەمووزیش ، رۆژنامەی ( ژین )ی هەفتانەی سلێمانی و گۆڤاری ( هەتاو)ی نیومانگی هەولێر و گۆڤاری مانگانەی ( شەفەق) ی کەرکووك و ( هیوا)ی بەغدا دەردەچوون . نووسەران ، بەخۆڕایی کاریان تێدادەکرد و ئەدیبان بەرهەمیان بۆ دەناردن .. منیش بەرهەم و نووسینەکانم بۆ هەتاو دەنارد .. بەبۆچوونی رۆوف حەسن و هیمای حوسێن عارف چیرۆکی ( بەسەرهاتی کنێر ) کەبە سەرەتای چیرۆکنووسینم دا دەندرێ ..
یەکەم چیرۆکی کوردییە شێوەو ناوەرۆکێکی نوێی پێوە دیار بێ و (فلاش باکی ) تێدا بەکار هاتبێ . نووسینێکیشم لەسەر سەربەستی ئافرەتی کورد ( کرابووە سەروتاری ژمارە) بەر هێرشی توندو تیژی مەلایەکی کورد کەوت ! وتارەکانی پێش تەمووزی ١٩٥٨ بەناوی خوازراوەوە بوو . راپەر ، راپەربۆتانی و باسێکیشم بەناوی خاتوزین نووسیبوو ، لای من ، گرینگ ئەوەیە ، ئەوەی بەبیرما دێ و بەڕاستی دەزانم ، بڵاوی بکەمەوە و خوێنەر لەمەبەسم بگا . رەخنەگران ئازاد بن لە هەڵسەنگاندنی .. لەماوەی ئەم تەمەنە درێژەی ئەدەبیم دا ، وەڵامی هیچ رەخنەو هێرش و توانجێکم نەداوەتەوە ، داوام لەکەس نەکردووە لەسەر بەرهەمم بنووسێ ( وەك زۆران کردوویانە) یان وەڵامی تانەو توانجە کان بدەنەوە.. ئەگەر راست بووبێ ، سودم لێوەرگرتووە و هەوڵی چاککردنەوەیم داوە و لەناخیشدا سوپاسم کردووە . ئەگەر هێرشیش بووبێ ( بەپێچەوانەی هەموو هاوتەمەنەکانم ) داومەتە دەست مێژووی ئەدەبیمان ( لام وایە ، رۆژێ

هەردێ ، هەریەکە بەپێی خۆی هەڵواسرێ ) نەک هەر دۆستایەتیم تێکنەداوە ، لەرووشم نەداون ..

لەدوای شۆڕشەوە ، بەبیری تەسکی پارتایەتی ، کۆمەڵە چیرۆکێکی ئایدۆلۆژی سیاسیم ئامادە کرد بۆ چاپ ( ئەگەر بەهەڵە نەچوویم، حەوتی کورت بوون ) و دامە ( چاودێری چاپەمەنی لە بەغدا) کە لە لایەنی سیاسیەوە هەڵدەسەنگا .. پاش ماوەیەک رەزامەندیم بۆ هاتەوە. ( وەک دوایی کاک فاروقی مەلا مستەفا بۆی گێڕامەوە . ئەو هەڵیسەنگاندبوو) . کە بۆ جاری یەکەم بوومە پێشمەرگە ، لەگەڵ شتەکانی ترم قەوتان !.. لەپاڵیشیدا ، چیرۆکێکی تازەم بەناوی ( تونێڵی دەربندەکە) لەرۆژنامەی ژین دا بڵاو کردەوە . هەوڵم دابوو ، ناوەرۆکێکی چینایەتی نەتەوایەتی بدەمێ . لەدارشتنیشدا ، خۆم لەشێوە باوەکان دوور خستبۆوە . وەک هەموو جارێ کاک محموود زامدار جەختی لەسەردەکا ( نەخشەی پارتی پرۆلیتاری کوردستانی تێدا بووە!) زۆر لەئەدیبان دەست خۆشیان لێکردم ، نامەی رۆژنامەکەش داوای چیرۆکیتری لێدەکردم !

لەم نووسینەمدا ، گەرەکمە رووداوێکی ئەدەبی تۆمار بکەم ، رەنگە زۆرتان نەتان بیستبێ : لەگۆڤاری ( رۆژی نوێ ) ی سلێمانیەوە ، بە ئیمزای کاک جەمال شاڵی پارێزەر ، نامەیەکم بۆ هات . ئەوەندەی بیرم مابێ ، تێدا هاتبوو(.. چیرۆکەکەت گەیشت ، بریاری بڵاوکردنەوەی درا ، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ وشەو رستەی لەگەڵ بۆچونت و رای ئێمەش نەدەگونجا . دەستکاریمان کرد . بۆ نموونە ( بێ وڵات ) ئێمە خاوەن وڵاتی خۆمانین ( بێ دەوڵەت ) نین تکایە ئاگادار بفەرموون .

سەیرم پێهات .. نەچیرۆکی وام نووسیووە ، نەبۆ رۆژی نوێشم بەرهەم ناردووە . بەپەلە نامەیەکم بۆ نووسینەوە .. کەچیرۆکەکە بڵاو بۆوە ناوی ( مەم ) ی بەسەرەوە بوو . ئەوسا ، هەستم بەهەڵەی دەستەی نووسەران کرد . بەڵام وام زانی دوای نامەکەم ، رەزامەندی کاک محەمەد مەولودیان وەرگرتووە .. پاش ماوەیێ ، وێنەی نامەیەکی توندو تیژی

مامۆستا ( مەم )م پێگەیشت کە بۆ گۆڤارەکەی ناردبوو . وەك دەڵێن ( حەشری پێکردبوون) دوای ئەوە نامەی کاك جەماڵم پێگەیشت داوای کردبوو ، هەڵەکە بۆ کاك محەمەد روونبکەمەوەو ساردی کەمەوە منیش کاغەزێکم بو ( مەم ) نووسی و وێنەی نامەی کاك جەمال و وەلامەکەشم لەگەلا نارد . وابزانم ، بێدەنگی لێکرد .

ئەمە .. یەکەم هەڵە بوو ، بەلام دواجار نەبوو .. هەردووکمان چیرۆکنووس ، شێوەو ناوەرۆك لێك نزیك ، دوور لە مەڵبەندی رووناکبیری سلێمانی ، نزیکی نازناوی ( مەم ) و ناوی ( کاکەمەم) هەر چەندە ، لای خۆمەوە ، هەمیشە هەوڵم داوە ( بۆتانی ) یەکەی پێوەبێ .. بەلام زۆر جار، نووسەر و خوێنەر ، چیرۆکەکانی کاك محەمەدیان بە هی من و چیرۆکەکانی منیان بەهی ئەو دەزانی !!.. کەهەستم دەکرد ، بۆیانم راست دەکردنەوە ، تا ماق ئەو کەللە چیرۆکنووسە دلناسکە نەفەوتێ .

دەستکاری نووسین لەلایەن دەستەی نووسەرانی رۆژنامە، گۆڤارە کوردیەکان دەمێکە باوە!.. تائێستاش هەرماوە . من دژی ئەوەنیم کە دەستەی نووسەران ( چ بە نووسین چ بەدەم ) تێبینیان نیشانی نووسەرەکە بدەن . بەلام دەستکاری بێ پرس ، کارێکی گەلێ نەگونجاوە ، دوور نییە بەپێچەوانەی مەبەسی نووسەرەوە بێ !.. خۆ ئەگەر تارادەیەك بۆ باس و خواسێکی کۆمەلایەتی ، سیاسی ، پیشەیی... دەست بدا . بەهیچ شێوەیەك بۆ بەرهەمی ئەدەبی ، ( شیعر، چیرۆك ، شانۆگەری ..) ناگونجێ و گوناحێکی گەورەیە .

بیستوومە ، بەر چاویشم کەوتووە ، گۆڤارو دەزگای بلاوکردنەوەی ولاتان ، بۆ هەر بەرهەمێ ، لیژنەی هەڵسەنگاندنی لێوەشاوەیان هەیە .. بەوردی دەیخوێننەوە تێبینیان ( لەشێوەوناوەرۆك ) تۆمار دەکەن .. خاوەن دەزگا ، بەرێزەوە ، بەرهەمە ئەدەبیەکەو تێبینیەکان بۆ نووسەر دەنێرێتەوە یان لەگەڵی دادەنیشێ .. ئەگەر تێبینیەکانی بەراست زانی ، چاکی دەکاتەوە دەینێرێتەوە . ئەگینا هەوڵ دەدا راکانی خۆی بسەلمێنێ . یان وازیان لێدێنێ ..

( ٤ )

لە دووەم ساڵی خوێندنمدا ، چوومە بەشی ( کیمیا ) و کەوتمەوە چالاکی پارتایەتی . ماڵی مامم جێهێشت و لەخانووێکی بەشی ناوخۆی گەڕەکی ( وەزیریە) لەگەڵ سێ قوتابی کورد ژوورێکمان لە نهۆمی دووەم وەرگرت .. بەقسەی خۆش و گۆرانی و رادیۆ لێدان و کۆنکان ( لەسەر پاکەتە جگەرە) رامان دەبوارد . تا دنیا تەواو سارد بوو ،شەوانیش دەرگاو پەنجەرەکانمان دەکردەوە. هەندێ جار ، بەلاساری ، بەدزی ( چاودێر )ی ناوخۆکە ، دەمانخواردەوە ، بێ ئەوەی گوێ بدەینە بۆنی عارەقەکە!.. بۆ نووسین و خوێندنەوە ، دەچووینەکتێبخانەی کۆلێژ یان مەڵبەندی رووناکبیری بەریتانیا .. (کە نزیکمان بوو ) رۆژانی پشووش ، چایخانەکانی سەر شەقامی ( رەشید ) .

مەڵبەندی رووناکبیری بەریتانیا ، شوێنێکی هێمنی خۆش بوو . ساڵێ چەند جارێ جۆرەها دەورەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەخۆڕایی دەکردەوە . فلیم و شانۆگەری پێشکەش دەکرد . ئاهەنگی مۆسیقاو سیمفۆنیای دەگێرا . جارو باریش کۆڕی بۆ شارەزاو زاناکانیان دەگرت . لەدیواری راڕەوەکەیدا ، نەخشەیەکی گەورەی جیهانی لێهەڵواسرابوو . لە نێوان سنوری ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا نووسرابوو (کوردستان) قوتابی کورد نەبوو ، چەند جارێ زاخاوی چاوی پێنەداتەوە . ئای لەو ساتانەی گوێمان لەو وشە پیرۆزە دەبوو !

پاش نیوەی ساڵ ، خوێندکارێکی ( خەفاف )ەکانی سلێمانیمان ، هاتە لا ، تکای لێکردین چاودێری بکەین ، هەندێ شەو لەخەوا دەڕوا ، ئێمە بڕوامان پێنەکرد ، وەمانزانی گاڵتەمان لەگەڵدا دەکا . بەڵام سەروسیمای لەکوڕە چوختیەکانی شار نەدەچوو . لاوێکی ناسکی کەم دووی شەرمنی ئێسکسووك دیار بوو .. ئێمە بیستبوومان و لەهەندێ فلیمی عەرەبی و تورکیش شەوڕۆمان بینیبوو ، گوێشمان لێبوو بوو کە دەبێ لەپڕ خەبەر نەکرێنەوە و ( پەرکەم ) بگرن !.. دوای نیوەشەوێ ، هاوڕێیەکمان

خەبەری کردینەوە . سەرنجماندا بەتانیەی سەر ( قەڵەوێرە ) کەی قەد کرد و هەندێ کتێبی لەبن باخەڵی ناو و چووە دەرەوە ، ئێمەش بەدوایدا ! . لەسەرەخۆ بە پێپیلکەکاندا چووە خوارەوە ، دەرگای سەر حەوشەی پێنەکرایەوە ، گەڕایەوە ، سەرکەوتەوە ، لەسەر جێگاکەی نووستەوە .. خەومان زڕا .. بۆ سبەینێ باسمان کرد .. هەستی بەهیچ نەکردبوو . تکایلێکردین کە جارێکیتر لەسەرە خۆ بەخەبەری بێنین .

ژیانی بەشی ناوخۆ ، ناخۆش نەبوو . پارتایەتی تا ناو جێگاشمان هاتبوو ، هەر ژوورە قوتابی پارتێکی تێدا بوو .. وردە شەڕیشی تێدەکەوت .. بەڵام کوردەکان لەگەڵ هەموویان ئیدارەیان دەکرد ! .. چێشتخانەمان لەناو کۆلێژ بوو ، دەبوو کوڕوکچ سێ ژەمە خۆیان بگۆڕن .. بەگشتی خواردنەکانمان بێتام بوون ،باش لێنەدەنرا .. بەناچاریش دەمانخوارد .. زۆر ئێواران ، چاودێر نەدەمایەوە ، بەڵێندەر خراپترین خواردنی بۆ دادەناین .. ئەوەی پارەی هەبوایا لە دەرەوە نانی دەخوارد ..

لەژێر پردی خەتی شەمەنەفەرەکە ، پیاوێ وەك عەرەبەکان دەڵێن ( فەشافیش ) ی دانابوو . جگەر و گۆشت وگون و گورچیلکەو ... برژاوی دەفرۆشت . شیش پێنج پشکی بچوکی پێوەبوو بە ( دە ) قلسی دەدا . نان و تەماتەو سەوزە ، ترشیات وعەمبەی خۆماڵی بەخۆڕایی بوو . کوڕو کچی بەشی ناوخۆیی ئەو ناوەی تێوەردەهات .. هەندێ ئێوارە ، لەگەڵ هاوەڵانم جلال حسین قەرەداغی و لطیف حامید دەچووین یەکی دووشیشمان داوا دەکرد و لەگەڵ دوو .. سێ کولێرە و کۆمەڵێ سەوزەو تەماتە دەمانخوارد .. هەموو جارێ کاك لەتیف پشکێکی جیا دەکردەوە، پاش نانخواردن بەرووتی دەیخستە دەمی تا تامەکەی لەزاریدا بمێنێ .. دەیووت : سەری پێدەگرم ! !

مارەبڕینی ئامۆزام کۆستی خستم و دنیام لێ وێك هاتبۆوە .دڵیان دەدامەوە و زامم سارێژ نەدەبوو .. بۆ خۆ خافڵاندنم ،خۆم لەهەموو شتێ هەڵدەقورتاند !.. فەرامۆشیم نەدەهات !.. کە شاعیری دیاری عەرەب

( نیزار قەبانی ) هاتەبەغدا ، بۆ یەکەم جار قوتابیانی شیوعی وبەعثی و پارتی بەئاشتییانە پێکەوە چووینە ئوتێل ( بەغدا ) و لەگەڵی دانیشتین .. هەر لەسەرەتاوە توانجی تێگرتین : ئەوە بۆ کچتان لەگەڵ نییە ؟!.. پاش چەند هەوڵێ رازی بوو بێت ، بەمەرجێ کە : زووربەی گوێگران کچ بن .. نەك هەر لای من ، لای قوتابییەکانی تریش سەیر بوو !.. چونکە راستەو خۆ وتی : ئەگەر زووربەی هۆڵەکە ئافرەت نەبێ ، شیعر ناخوێنمەوە !!..

ئەو شەوە بووە ( رۆژی حەشر ) هەرچی کورو کچی بەشە ناوخۆیەکانی وەزیریە وکۆلێژە نزیکەکان هەبوون ، هاتبوون . بەپێوەش جێگە نەما بوو ، لەراڕەو و حەوشە گوێیان دەگرت . نیزار ، پتر لە دوو سەعات لەسەریەك شیعری جوانی خوێندەوە، چەپلە دەچووە کەشکەلانی فەلەك !.. هاوارو زریکەی کچان هۆڵەکەی پڕ کردبوو.. بەراستی شەوێکی سەیر بوو .. هەر لەو شەودا بوو کچێکی نەشمیلانەی هاوپۆلم بەوردی سەرنجی دەدام ، دەیدواندم ، منیش باسی شاعیرە کوردەکانم بۆ دەکرد وهەردی و گۆران و نیزارم وەك یەك هەڵسەنگاندن .. وا دیار بوو ، چاوڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە شاعیری وەك نیزارمان هەبێ .. بۆ سبەینێ دۆستانە تر یەکترمان دواند وپتر لێك نزیك بووینەوە . لەکاری ( موختەبەر )یشدا چووینە یەك (گروپ ) .. (ئیبتسام ) هەر خۆی زەردەخەنە بوو . کوردێکی. ( شاری بەدرە) ی بیر شیوعی ( کوردی نەزان ) بوو ، بەڵام شانازی بە کوردییەتی خۆیەوە دەکرد .. کۆڕ و مێزی قوتابیە عەرەبەکانی جێهێشت و لەناو ئێمە دادەنیشت و کوردییەکەی دەمەزەرد دەکردەوە ! بەڵام پێش ئەوەی خوێندن تەواوکا شووی بە قوتابیەکی تورکمانی شیوعی کرد .

بەرە بەرە ، ئازارەکانی ئامۆزام سوکتر دەبوو ، تا ماڵی مامم هاتنە خانووی بەرامبەر پەنجەرەکانی یانەی قوتابیان .. زامەکەم بەسوێ هاتەوە، بەتایبەتی کە هەردووکیانم پێکەوە دەدی !.. ناچار ، یانەم جێهێشت و پێویست نەبوایا سەرم پێدا نەدەکرد !.. فوئاد لە ئازارم بەئاگابوو . بەڵام لەرووی نەدەدام و داواشی نەدەکرد بچمە ماڵیان .

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەماڵی مامم ژیام . دڵداری و دەستبازیم لەگەڵ خاتوزین نەدەکرد . بەتەنیا لەگەڵی نەچوومە دەرەوە . لەماڵیشەوە بەتەنیا بووینایا ، جگە لە قسەی خۆش و یادی ژیانی رابووردوی خێزانەکانمان . هیچی ترمان نەدەدرکاند .. تەنیا چاو و هەناسە دەربڕی خۆشەویستیمان بوو . کە شووی کرد ، ئازارەکەی لەوە زۆرتر بوو بەمنی هەتیویش هەڵبگیرێ .. نەك هەر لەبەر ئەوەی هیوای باوك و مامم نەهاتنە دی . مەم و زین دیسان بەیەك نەگەیشتن ، بەڵکو یەکەم جاریش بوو تووشی ئەم جۆرە نوجدانە بم ( خۆشەویستی من و ژنی خەڵك بێ ! ! )

( ٥ )

پاش ریدانی پارتی کەبە ئاشکرا کار بکا . سەرکردایەتی ، خانووێکی گەورەی کۆنیان لە کۆلانەیەکی گەڕەکی ( بەتاوین )ی نزیك شەقامی ( سەعدون ) بۆ بارەگای لقی بەغدا گرت . دەرگایەکی ئاسن ، راڕەوێ ، بەچەند پێپلکەیەك دەگەیشتە دەرگای داری دوو دەری خانووەکە هۆڵێکی گەورەو دەرگای هەموو ژوورەکانی لەسەر بوو . دیوەخان و نانخواردنی کرابووە ژووری کۆبوونەوە گشتیەکان ، ژوورەکانی تریش بۆ : سکرتێر . ئەندامانی مەکتەبی سیاسی . لق و لیژنەی ناوچەی بەغدا . دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (خەبات ) تەرخانکرا بوون ، لە ژێر خانەکەشدا چاپخانەی ( صلاح الدین ) دامەزرابوو .. رۆژانە ، مونجەی دەهات و تا درەنگە شەوانێ دەرگای دانەدەخرا .. سەرکردەو ئەندامان ئەوەندە یەکتریان دەدی و لێك نزیك دەبوونەوە ، دۆستایەتیان پەیدا کردبوو .

لەسەرەتای کردنەوەی زانکۆوە تا نزیك سەری ساڵ ، کۆبوونەوەی فرەوانی خوێندکارانی کوڕ و کچ بە ئامادە بوونی ئەندامێکی سەرکردایەتی لە دیوەخانەکە دەگیرا ( باشم لەبیر نەماوە ، هەموو هەینیەك بوو یان

مانگی هەینیەك ) كۆڕو كۆبوونەوە كە بریتی بوو لە : باسێكی وشیاری و رووناكبیری كە حیزب دەست نیشانی دەكرد و دەبوو خوێندكارێ ئامادەی بكا و بیخوێنێتەوە و لە دوایدا گفتوگۆی لەسەر بكرێ . قوتابیەكیتریش ، دەنگوباسە سیاسی و كۆمەلایەتی و ئابووریەكانی ئەو ماوەی كۆدەكردەوەو دەیخوێندەوە .. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەموو قەتابیە پارتیەكانی زانكۆ یەكتری بناسن و دۆستایەتیان خۆش بێ و پەیوەندیان توند و تۆڵ بێ .. منیش ، نەك هەر هەموویانم ناسی ، كۆمەڵێ برادەری ئازیزم پەیدا كرد ، سەرم لێدەدان و بەسەریان دەكردمەوە .. لەكۆلێژی ( تەحریر ) ی كچانیش خاتوون ( شەفیقە عەلی ) و خوشكی مەئموون دەباغ ( ناوەكەم لەبیر نەماوە) م ناسی و دۆستایەتیم لەگەڵ پەیدا كردن .. ئەو ساڵە ، من دووجار چالاكیم بەركەوت .

كە ساڵی ١٩٥٧ بەڕێزان حەمید عثمان و كەمال فوئاد و نەژادی عەزیز ئاغا و هاوەڵانیان سەنگەری خەباتیان لەپارتی كۆمەنستی عیراقەوە بۆ پارتی دیموكراتی یەكگرتووی كوردستان گواستەوە ، كێشەیەكی تازەی ئایدۆلۆژی كەوتە ناو پارتەكە ، زووربەی جەماوەرەكەی لەگەڵ كوردایەتی و خەباتی نەتەوایەتی بوون ( بۆ رزگاری و یەكێتی و دەوڵەت )، شتەفكرییەكانی تریان مەبەس نەبوو ، سەركردەو رووناكبیرە شۆڕشگێرەكانیش تێئورە زانستیە پێشكەوتووەكان و رێبازی ماركسی لەنینیان مەبەس بوو ، بۆیە لە بەینی خۆیاندا ، ناكۆك بوون .. من .. وەك ئەندامێكی پارتی ، لەخەتی ماركسی لەنینەوە نزیكتر بووم ، مەبەسم نەبوو( رێباز ) بێ یان ( سودی لێوەرگیرێ ) چونكە كوردایەتیەكەم بە سەرەكی دەزانی .. ئەم ماركسیەتەشم لەكاك حەمید عثمان بۆ مابۆوە ، چونكە لە كەركووك بۆ چەند مانگی قوتابی شانەكانی بووم ..

بەلابردنی دەستەی كاك هەمزە ( سەرەڕای شێوەی لابردنیان ) مەترسی ئەوەم لێپەیدا بوو بوو كە رێبازی پارتی گۆڕانی سەرەكی تێبكەوێ . بۆیە ماوەیەك چالاكیم نەكرد . كە هاتمەوەكاریش وەك زووربەی كەركووكیەكان و قوتابیانی زانكۆ دەست بەرداری بۆ چوونەماركسیەكە

نەبووم .. وەك بیرم مابێ ، لەدوا كۆڕدا ، كەكاك حیلمی عەلی شەریف سەرپەرشتی دەكرد . لەسەرپێشنیارم رازی بوو كە بۆ كۆڕی داهاتوو ، باسێكی تیئۆری لەسەر بەندی سێ پرۆگرامی پارتی ئامادە بكەم .. هەموو دەرس و دەورم بەلایەك و باسەكە بەلایەكیتر!.. كتێبە ماركسیەكانم ( كە زووربەیانم خوێندبۆوە ) لەدەوری خۆم دانا، لێكۆلینەوە و شیكردنەوەیەكی پوختم بۆ بەندەكە ( بەپێی بۆچوونی خۆم ) نووسی . لەكۆڕەكە . بەئامادەبوونی كاك حەبیب محەمەد كەریم ، خوێندەوە .

لێكدانەوەكانم و پێكەوە بەستنی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی قورسایی خۆی هەبوو . گەلێ بە وردی هەرسێ بۆ چوونەكانی ناو پارتیم شیكردبۆوە و بە وتەو رستەی ماركسی و لەنینی و ستالین پشگیریم كردبوو، لەگەڵ كوردایەتی و مەسەلە نەتەوایەتیەكەدا تێهەلكێشم كردبوو . بەلام زووربەی لەچوارچێوەی رای سەركردەكان دەرنەدەچوو .. تەنیا شتێ سەرنجی كاك حەبیب و رووناكبیرە شارەزاكانی راكێشا و بووە جێگەی گفتوگۆیەكی زۆر . توانیبووم چ بە شێوەی تیئۆری و چ بەكردەوە بیسەلمێنم كە : بۆرژوازی كورد ژێردەستە و زوڵم لێكراوی بۆرژوازی نەتەوەی سەردەستەیە . پرۆژەكانی و كارگەكانی و كارەكانی سەرناگرێ و ناچەسپێ گەر بۆرژوازیەكی نەتەوەی خاوەن دەسەلات نەكاتە هاوبەشی یان لێپرسراوێكی گەورەی نەتەوەكە لەگەڵی نەبێ !.. بۆیە .. بۆرژوازی كوردی ناتوانێ لەئاستی نەتەوایەتیدا و دروستكردنی دەولەتدا دەوری سەرەكی ببینێ و بەرژەوەندی چینایەتیشی بپارێزێ !

جا .. پاش پتر لە چل ساڵ و ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەر عیراقدا هاتووە ، هەمان بۆچوون چخزی راستی نەپێكاوە؟.. ئێستاش دەلێم : بۆرژوازی كورد ، نەك هەر گیانی نەتەوایەتی پێدروست نابێ ، بەلكو ئازادیش بەخۆیەوە نابینێ و بەپێوەناوەستێ ، بێ دەسەلاتی سیاسی نەتەوە — كە رووناكبیرە شۆڕشگێرەكان و جەماوەری ستەمدیدە دروستی دەكا — خۆ لە دنیای عەولەمەدا هەر هیچ !!

ئەو کۆڕەی کۆکردنەوەی دەنگوباسم پێسپێردرا ، ڕۆژانە دەچوومە چاپخانەی ( بەلەدییە ) وڕۆژنامەو گۆڤارەکانم سەروبن دەکرد و زانیاریەکانیم دەنووسییەوە .. پوختەم کردن و بەپێی جۆرەکانیدا بەشم کردن .. ئەو ڕۆژە سکرتێر خۆی ئامادەبوو ، چونکە لە هۆیەکانی سەنەکەوتنی شۆڕشەکانی کورد دەدوا .. بەوردی گوێی دەگرت و تێبینەکانی دەنووسی و لەدوای هەمووشمانەوە باسەکەی هەڵسەنگاند و ڕایەکانی دەربڕی .

کەنۆرەم هات ، دەنگوباسم پێشکەش کرد ، لەبەشی ڕامیاریدا باسی گرتنی هەندێ شیوعی و بەعثیم کرد کە لەدادگای عورفی بڕیاری زیندانی کردنیان دراوە( من بەدادگای قەرەقوش ناوم برد ) ..کاك برایم چاوەڕوانی ئەم وشەیە نەبوو ..ڕایگرتم وتی :

- ئەوە دادگای قەرەقوشی پێناڵێن !

لەزۆر کۆنەوە کاك ابراهیم احمد دژی ( الاحکام العرفیە و المحاکم العرفیە ) بووە و بڕیارەکانی بەنایاسایی و ناعادیلانە زانیووە و پێی ووتووە ( دادگاکانی قەرەقوش ) لای منیش هەرواکەوتبۆوە ، جا چۆن ؟ کەی ؟ کێ پەیرەوی دەکا ؟ گرینگ نییە ، بەڕێوەبردنی یاسای توند و تیژییە . هیچ لەئەنجام ناگۆڕێ . بۆیە وتم : قوربان دراونەتەدادگای عورفی وبەپێی یاسای مەدەنی سزا نەدراون . زۆر جاریش لەجەنابتانم بیستووە کە ئەو جۆرە دادگایە قەرەقوشانەیە .

- ئەمە دادگای گەل و زەعیمە و دەبێ حیزب لێکۆلینەوەش لەگەڵ تۆ بکاو سزات بدا .

زۆر شێوام .. دانم بەخۆماگرت .. دەنگوباسەکەم تەواو کرد .. پاش چەند ڕۆژێ کاك عەلی عبداللە بە سەردان هاتە بەغدا . لەگەڵی چوومە لای کاك ئیبراهیم و ئاشتم کردەوە .. وتی :

- مەمۆ ( لەسەرزاری خاڵە عومەرمەوە ) هەرچی لەدڵتە نابێ لەسەرزارت بێ .. شوێن و کات دەوری خۆی دەبینێ !

(٦)

ژیانی قوتابیەتی چەند دژواربێ ، خۆشی خەم رەوێنەی تێدەکەوێ . لەسەرەتای ساڵەوە تا نزیك نیوەی ساڵ ، هەفتەی ئاهەنگێ ..دووئاهەنگی یەکتری ناسینی تێدەکەوت . ئەگەر ئاهەنگی بەشێ یان کۆلێژیش بووایا میوانی تێدەکەوت . تیپی مۆسـیقا . گۆرانیبێژی میللی و ئێسگەو تەلەفزیۆن دەهێنران ، جارو بار گۆرانی کوردیشی تێدەکەوت !.. زووربەی پرۆگرامەکان لەیەك دەچوون .. ئێمەی قوتابیانی کورد ، بەکوڕ و کچەوە ، لـەدەوری یەك کۆدەبووینەوە .. شەرم وناز دەشکاو لـێك نزیـك دەبووینەوە .. چەندەها دلداری لەو شەوانە سەری هەلدەدا .. یەکەم سالم چەندم تام و لەزەت لێکرد ، لە دووەم ساڵدا هەمووم لە کونەلووت هاتە دەرەوە . لە بەر هاوڕێیانم نەبوایە سەرم پێدانەدەکرد .

لەکۆڕەکانی بارەگای پارتی و لەئاهەنگی یەکتری ناسین ، چەند جارێکیتر شەفیقە خانم دییەوە و دەکەوتینە باسی دنیای ئەدەب و سیاسەت و کتێب خوێندنەوە.. پاش ماوەیەك هاتینە سەر ئەوەی بەجووتە پرۆگرامێ لە ئێسگەی رادیۆی بەغدا بەکوردی پێشکەش بکەین .. باشترین باسێ ، لەو کاتەدا بە خەیاڵماندا هاتبێ ،مێژووی کورد بوو .. هەرچەندە چاودێریەکی توند لەسەر دەزگاکە هەبوو ، بەلام شوێنە گرینگەکان بەدەست کوردە شیوعیەکانەوە بوو . ئەفسەری کورد کاك وەحید بامەرنی بەشەکەی بەڕێوە دەبرد .. ئەوەی شیوعیەکان مەبەسیان نەبوایا جێگایان نەدەبۆوە !..

ئێمە .. دوای بیری گەنجانەی خۆمان کەوتبووین ، بەجووتە چووینە پرسگاو داوایەکمان پێشکەشکرد .. ماوەیێ چاوەڕوانمان کرد ، چەند جارێکیتر چووین ، وەلاممان دەست نەکەوتەوە ، رێشیان نەدەداین کەسیان ببینین !..جارێ .. هەردووکمان لەبارەگا خالە عومەرمان دی و

بۆمان باسکرد ..زۆری پێخۆش بوو ، چونکە پرۆگرامی وا لەئێسگە نەبوو .. وتی :

- زۆر رۆژان کاك وەحید دەچێتە ماڵی مەلا مستەفا . ئەم جارە بیبینم قسەی لەگەلا دەکەم ..

پاش چەند رۆژێ ، خالم ئاگاداری کردم کە بەرێکەوت باسەکەی ئێمە و دەوری شیوعیەکانی ئێسگەی بۆ مەلا مستەفا گێراوەتەوە .. ئەویش وتوویەتی با ( کاکەمەم ) بێتە لام و لەگەڵ وەحید مەسەلەکە دەبڕێنینەوە .. لەخۆشیدا پێم بە ئەرز نەدەکەوت .. وەلامەکەم بۆ شەفیقە خان بردەوە ..

نزیك ئێوارەی رۆژی دیاری کراو چوومە ( دور السكك) وەکو بیرم بێ ، لەکۆشك و باڵەخانەیەکدا بوو کە کاتی خۆی بۆ ( صباحی نوری سەعید ) کرابوو . خانوو و باخ و باخچەیەکی گەورە ، شوورەیەکی بەرز .. دوو بارزانی بەشەلو شەپککەوە دەرگایان کردەوەو بردمیانە دیوەخان ..چەند کەسێ دانیشتبوون ( هیچیانم نەدەناسی ) . کە بارزانی هات ، هەمووهان لەبەری هەڵساین و بەخێر هاتنی کردین ، پاش چا خواردنەوە ، لەخزمەتیدا سەرکەوتمە ژوورێکی سەرەوە ، دەوری ٤ × ٥ مەترێ دەبوو . لەشێوەی رێکخستنی لە مەکتەبی تایبەتی دەچوو ..

بەوردی کەوتە پرسیار .. خوێندن . ژیانی رۆژانەم . هەڵسووکەوتی خاڵوانم . دایك و برام .. منیش زۆر بەرێز و شەرمەوە وەلامم دەدایەوە ، هەستم دەکرد ، زۆرم لێورد دەبێتەوە ، وەك بیەوێ هەڵم سەنگێنێ .. ئینجا لە کارەکەمی پرسی .. منیش بەکورتی پرۆژەکەم بۆ باسکرد ، زۆری پێخۆش بوو ، لەدواییدا وتی :

- وەحید چۆتە دەرەوە ، هەندێ شتم راسپاردووە رەنگە درەنگ بگەرێتەوە .. خۆم قسەی لەگەڵدا دەکەم .. ئێوە .. سبەینێ بچنە ئێسگەو داوای ئەو بکەن .

پاش دەرچوونم ، تا گەیشتمەوە بەشی ناوخۆ ، بیرم لە دانیشتن و قسەکان دەکردەوە ، لەخۆشیدا خەریك بوو باڵ بگرم .. بەلام وای بۆ

دەچووم کە ئەو حاڵە هەر بۆ پرۆگرامێکی ئیسگە نەبوو . ویستویەتی بزانێ چەندم لەبارە ، چۆن بیر دەکەمەوە.. بۆیە وا بە وردی لە ژیانمی دەکۆڵییەوە .. ئیتر نازانم چۆنی هەڵسەنگاندم ؟.. بەڵام لەبەر ئەوەی جارێکیتر نەیناردەوە شوێنم .. بڕوا ناکەم منی بەدڵ بووبێ .. لە تاقیکردنەوەی کەوتم !

ڕۆژی دوایی ، بەجووتە چوینەوە پرسگاو تەلەفۆنیان بۆ کاک وەحید کرد ، تەلەفۆنەکەیان دایە دەستم .. باسی ئەوەی کرد کە بەشی کوردی هەموو بڕیارەکانی لەدەست نییە ، دەبێ ڕەزامەندی لایەکانیتریش وەرگیرێ ، بەتایبەتی بەڕێوەبەری گشتی ئێسگە .

- داوایەك بنووسە و هەردووکتان ئیمزای بکەن و ناوونیشانتانی لەسەر دابنێن کە بڕیاری لەسەردرا ، دەنێرم بەشوێنتاندا ..

ئیتر دەنگی نەبوو ..جا .. لەئێمە یان پرۆگرامەکە رازی نەبوون ، یان هەردوولا !! ئێمەش ڕوومان نەهات ئاگاداری سەرۆکمان بکەینەوە . وای بۆ دەچم لای بارزانی و ئێستەکەش ساقیت بووین .

لەتشرینی ١٩٦٠ وە عبدالکریم قاسم کەوتە بیانوو لەکورد بەگشتی و لەپارتی بەتایبەتی . سەرەتاش لە نووسینی ڕۆژنامەی ( الثورة)ی کاک یونس الطائي ( کە نزیکی زەعیم بوو) دەستی پێکردو کاک برایم بە سەروتاری ڕۆژنامەی ( خەبات ) مەسەلەی کوردی تەقاندەوە و ئەوانیش وتاری شۆڤێنی ( کلۆفیس مقصود ) یان لەبارەی ( کەمەنەتەوەیەکان لە وڵاتی عەرەبدا !!) بڵاو کردەوە ، لەناو قوتابیانی زانکۆش دەنگی دایەوە . دەمەقاڵێمان لەگەڵ عەرەب و شیوعیەکان دەبوو .. بۆ یەکەم جار، سەرکردایەتی کورد لەعەرەبی گەیاند کە هەموو عێراقی سیاسی بەشێ نییە لەوەڵاتی عەرەب ، چونکە لە کوردستان و عەرەبستان پێکهاتووە .. هەر لەسەر ئەوەش کاک برایم درایە دادگا ، بەڵام بە سانایی لێی دەرباز بوو .. ئیتر بەرە بەرە ، بەرەو دابڕان دەچووین . منیش دیسان کەوتم و کۆلێژی پەروەردەم جێهێشت !

دووساڵی پڕ لە نەهامەتیم لە خۆشەویستی و پارتایەتی و کۆمەڵایەتی و خوێندن بەسەر برد . شەباقەی زامی خاتوزین نەك سارێژ نەدەبوو . تادەهات لێی پیس دەکردم ، بەدڵدارەکانیشم نەدەبۆرژام و زوو زوو لێم وەرس دەبوون!.. بەلام تا دەهات خاتوزینم خۆشتردەویست و ساتەکانی دەیبۆرژاندم ، رازیش نەدەبووم کەس باسی بکا .. هەر جارێ دەگەڕامەوە کەرکووك و سەرم لەماڵەوەدەدا ، دەورەیان دەدام و دەیانلاواندمەوە ، بەڵکو ئازاری خاتوزینم لەدڵ و دەروون دەرچێ ..

ئەو هاوینەش لە بەغدا مامەوە ، وەك جاران لەیانەی سەرکەوتنی کوردانا هەڵدەسووڕام ناسیارم لەتەك موکەرەم تاڵەبانی و سوجادی و حەمەی مەلا کەریم و نوری علی امین و ... توند و تۆڵتربوو . کاری سەرپێی گۆڤاری هیوام بەڕێوە دەبرد و دوو باسم تێدا نووسی کەهەرە دیارەکەیان لە بارەی راپەرینی ئەیلوولی ۱۹۳۰ سلێمانی‌یەوە بوو .

پارەیەکی ئەوتۆم نەبوو کتێب بکرم . بەلام کتێبخانەی یانەم لەبەردەست بوو ، بە کتێبەکاندا دەچوومەوە . گۆڤاروڕۆژنامە عەرەبیەکانم ( بەتایبەتی باسە : ئەدەبی و فکری و فەلسەفی و رەخنەیەکان .. ) دەخوێندەوە . لەکاری پارتایەتیش بەردەوام بووم ( چ قوتابیان‌و چ حیزبی )

## ( ٧ )

عبدالكريم قاسم ، مەبەسی بوو لەسەر کورسی دەسەڵاتی عیراق بمێنێ و بەچاکەش باس بکرێ ، باشترین کاریش تێکبەردانی حیزبەکانی خاوەن جەماوەر بوو.. خۆنیشاندان ، مانگرتنی نەتەوەییە عەرەبەکان ، بەچاودێری بەعثیەکان ببوە کاری هەفتانەی ناو بەغداو هەندێ شارو شارۆچکە.. شەڕ و هەراو پێکدادانی بەعثی و شیوعی لەکۆڵان و گەڕەکەکاندا .. نائارامی شار ، خەڵکی بۆ نژۆدەکرد !.. ئەم کەرت بوونەی بزوتنەوەی نیشتمانی عیراقی ترسی ئەوەی رەواندبۆوە کە پلانگێڕان سەربکەون ، باشترین نموونەش هەوڵدانی کوشتنی عبدالکریم ( ١٩٥٩ ) بوو!.. لەلای خۆشمانەوە ، عەشایەرە کوردەکان بەدوو شێوە بزوان .. پیاوانی ئەمن و ئیستخبارات ، بەئاگاداری سەرۆك وەزیران ، کۆنەزامی خێل و عەشیرەتەکانی بەسوێ دەهێنا یەوە و نیوە ئاشکرا چەکداریان دەکردن . بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ بارزانیان ناکۆك بوون ، چەند شەڕێکی توندیش روویدا ..

مەلا مستەفاش ، جگە لەپاراستنی بەرژەوەندی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان و وەرگرتنەوەی گوندو زەوی و زاری بارزانیان ، هەندێ عەشایەری ناوچەی سۆرانی بزواند کە لەگەڵ هەندێ هەنگاوی چاککردنی کشتوکاڵی دەوڵەتدا نەبوون .. ( بێ ئەوەی ئاگاداری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بکا ، یان خۆی بکاتە خاوەنی ) .. ئێمەی ئەندامانی پارتیش ، لەناخا ناڕازییەکەمان دژی قاسم پێخۆش بوو ، بەڵام دژی داواکان و خۆ ئامادەکردنی عەشایەرەکانی سۆران بووین !.. وای بۆ دەچووین کە پلانی شای ئێران و ئەمەریکایە و دەیانەوێ عیراق بخەنەوەژێر رکێفی خۆیان .

منیش .. پاش دووساڵ ساقیت بوونم ، ناچار بووم بەشوێن کارا بگەڕێم . چونکە ، جگە لەوەی زانکۆ وەری نەدەگرتمەوە ، خاڵە عومەریشم دەستبەسەر کرا بوو ، نەی دەتوانی یارمەتیم بدا ، خۆشم بە لێپرسراوی

ژیانی دایکم و براشم ( که قوتابی سانەوی پیشەسازی بوو) دەزانی ، کەلەماڵی خاڵە تایەرم لە کەرکووك دەژیان .. ئەو چەند پوولەی لە یانەی سەرکەوتنی کوردانیش وەرم دەگرت ، بەشی خۆمی نەدەکرد ، نەك خێزانی پێبەخێو بکەم!.. هەر دائیرە و دەزگا بوو ، سکاڵای منی تێدەکەوت و وەڵام نەدەهاتەوە !.. لە دەرگای کۆمپانیای رەشید عارف و دەوڵەمەندەکانی کوردم دا ، بەنائومێدی گەڕامەوە.. دکتۆر خالید دەباغ ی کۆیی و ناسیاری عائیلەو مامۆستای کۆلێژی کشتوکاڵی ئەبو غریبم بەبیر هاتەوە کە ( فەردا) خانی خوشکی وەزیرێکی لەباخەڵا بوو ، چوومەلایان و تا درەنگانی دڵیان دامەوە و ئینجا دکتۆر وتی :

- ئەلمانیا ، پەیمانگای دارستانی لە کۆلێژی کشتوکاڵی کردۆتەوە ، دووساڵی تەواو ( ٢٤ مانگ ) دەخوێنن و بۆ دامەزراندن بە سێ ساڵ خوێندن دەچێ و یەکسەریش دادەمەزرێی!.. ئێستا کاتی پێشکەش کردنی داوایە ، بەپەلە ئەو راقت بێنە ،بێ ترس وەردەگیرێی ، چونکە خەڵکی ناوچە دارستانیەکان بەچاوێکیتر سەیر دەکرێن !

بەسانایی وەرگیرام و لەگەڵ قەتابیانی کۆلێژ لەبەشی ناوخۆ دەژیام .. بەڵام پەندم لەو دووساڵ کەتنە وەرنەگرتبوو ، هەر بەعەقل و هۆشی هەرزەکارانەی خۆم هەڵسووکەوتم دەکرد .. کاری ئەدەبی ، پارتایەتی ، قوتابیان ، یانەش سەربارو بن بار!!.. خوێندنمان بە ئینگلیزی بوو ، زووربەی مامۆستاکان بێگانە بوون ، کار ، دەوری سەرەکی دەدی ، ئەو مامۆستایانەی بیرم ماون بەرێزان : ( والتر ) ی ئەلمانی ، کەچاودێری پەیمانگا بوو ، ( زەندەر ) کە ئابووری دارستانی پێدەوتین ، ژنێکی ئەمەریکی (مێردەکەی عارەب بوو دکتۆری کۆلێژەکە بوو ) ، زمانی ئینگلیزی وەرگرتبوو ، سویسرییەك ، مەساحەی دەوتەوە..بەرێوەبەری پەیمانگا دکتۆرێکی تورکمان بوو ، هاوبیر و هاونەتەوەیی دکتۆر محەمەد سەعید کەتانە بوو .. لە کوردەکانیش ، کە عەمەلیان پێدەوتین بەرێزان : خەسرەو شاڵی ( کە بووە سەرۆکی زانکۆی صلاح الدین) رەشاد باڵەطەی دهۆك ، فەردا خان .. بوون ..زووربەمان گەورە بووین ، قوتابی کچی تێدا!

نەبوو . من لە هەرەگەورەکانیان بووم . دووساڵیش تاقیکردنەوەی ژیانی زانکۆم هەبوو ، میرمحێیانی بووم ! !

کە چووم ، لێپرسراوی پارتی لە ئەبو غریب کاك سەلاح رەفیق سراج ی کۆیی بوو ، لەپارتە دیارەکانی ئەو دووساڵەمدا لە کۆلێژ و پەیمانگاو ( وەبیرم مابن ) . بەرێزان : شیت عەزیز بەرزنجی . جەمال نامق . کمال شاڵی . فەرەیدون مەلا عمری شووشە فرۆش ، علی کریم بەرزنجی . سەردار رەزا . رووناك شاڵی .. لەشیوعیە کوردەکان بەرێزان عبداللە خلف . ناجی حمید . عبداللە مجید ( بووە بەڕێوەبەری پشکنینی کشتوکاڵ لە هەولێر ) جمیل احمد ( بووە بەرێوەبەری دارستانی دهۆك ) فەرەیدون مەعروف بەرزنجی ( بووە بەرێوەبەری پشکنینی دارستان لەهەولێر ) .. لەبەعثیە دیارو درەکان و لەدوادەوری حکومەتی بەعثدا کاری گەورەیان وەدەستەوەگرت ، بەرێزان : عبدالاه النعمه . وائل التکریتي .قحطان خلف . محمد طاهر الحیالی . مهدی جواد العید .

یەکەم چالاکی جەماوەریم لەیادی راپەرینی شۆرشی ( ئەلجەزاین) بوو . قوتابیان و هەندێ مامۆستا ، لەراڕەو و هۆلی ناوەوەی بینای ئیدارەی کۆلێژ ئامادەبوون .. شیوعیەکان و بەعثیەکان ، هەریەکە لەلایەك وەستا بوون و مۆرەیان لەیەك دەکرد ، ئێمەی پارتی و بێدەخلەکانیش لەبەینیاندا بووین . پاش وتەی هەردوو حزب ، نۆرەم هات .. بەعەرەبی وتەیەکم نووسیبوو بەشێوەی ( خطبة) وبەدەنگی بەرز خوێندمەوە ، داکۆکیم لە دووشت کرد : هیچ کاتێ ئەلجەزائیر پارچەیەك نەبووە لە فەرەنسا (وەك کۆنەپەرستەکانی فەرەنسا دەیانووت)و بەڵکو دەوڵەتێکی داگیرکەرە . هەموو نەتەوەیەك، مافی چارەنووسی خۆی هەیە ، بەمافی جیابوونەوەشەوە . هەرچی دژی ئەو مافەش بووەستێ دەچێتە پاڵ داگیرکەران .. چەپلەی وتەکەم ، لەهی ئەوانیتر درێژو توندتر بوو ، دەستخۆشیم لێدەکرا .. پێش ئەوەی کۆڕەکە تەواوبێ بەعثی و شیوعی تێك بەربوون و هەندێ پەنجەرەشکا ، تا ئێوارەش ، وردە شەڕ و جنێو و لێدان و کوتان لە ژوورەکان سەری هەڵدەداو قوتابیان دەکەوتنە

بەینەوە!.. لەو ڕۆژانەدا ، یانەی قوتابیان ، تەنیا بۆ ئێمەو قوتابیە بێدەخلەکان دەمایەوە !!.. (ئەو قوتابیانەی سیاسەتیان مەبەس نەبوو زۆرتر بوون لەئێمە !) بۆ نموونە : لەسەرتای خوێندن دا ، لاوێکی بادینی ( حیکمت ئیسماعیل ) لەنزیك منەوەدەنووست و لەپەیمانگاش پێکەوە دادەنیشتین .. منیش مرخم لێخۆشکرد بیهێنمە ریزی پارتی .. عەسرێ ، بەرەو دارخورماکان پیاسەمان کرد ، باسی کورد و کوردستان . مەسەلەی نەتەوایەتیم بۆ کرد ، ئەویش بەپەرۆشەوە گوێیگرتبوو . کە گەڕاینەوە، مۆژدەم بەبرادەرانم دا کەخەریکە رایکێشم .. پاش چەند ڕۆژێ دیسان بەرەو خوارم کردەوە و شورشەکانی کوردم بۆ باس کرد و ئەویش هەر سەری دەلەقاند . کە گەیشتینەوە ناو کۆلێژ ، بەپێکەنینەوە سەیری کردم و بەهێمنانەوتی :

- حەز دەکەم هاورێیەتیت بکەم .. بەڵام بەم قسە بێ سەرو بەرانەوە نا .. هەرچی سیاسەت و حیزبایەتی هەیە بەپولێکی قەڵبی ناکرم .. لەوەش پتر خۆت ماندوو مەکە!.. پیرە بابمان ، کۆمەڵێ منداڵی بەسەرا کەوتووە ، دەبێ زوو تەواوی کەم و لایەکی لێبکەمەوە!.. ئەگەر واز لەم قسانە ناهێنی ئیتر هاورێیەتیم مەکە !

( ٨ )

ڕۆژ دوای ڕۆژ ، ژیانی سیاسی و ئابووری ولات ئاڵۆزتر دەبوو . ( الزعیم الاوحد ) یش پتر کورسیەکەی دەپاراست . هەر پیاوێکی دیار و ناودار ، کارەکەی بەدڵ نەبوایا ، دەیشکاندو هەوڵی دەدا لەئاستی کەم کاتەوە . باشترین نموونەیەکی ئەم کارە نابەجێیەی عبدالکریم قاسم : گرتنی شاعیری بەناوبانگی عیراق ( ئەل جەواهیری ) و بەردانی بەکەفالەتی پەنجا فلس!.. وابزانم دیارترین ئاشتیخواز ( عەزیز شەریف ) یشی گرت و بەسەد فلس کەفالەت بەریدا !.. جا .. دەبێ چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ

ناودارانی کورد کردبێ؟!.. نامەوێ ئەوەش لەبیر بکەم کە هەنگاوی پێشکەوتوخوازانەی هەبوو . لەساڵی ١٩٦١ دا . داوای لە کۆمپانیای نەوتی عیراق کرد ( کەبەدست دەوڵەتە سەرمایەدارەکانەوەبوو ) داتووسانی نوێ بکەن و سنوری چالاکیان نیشان بکرێ . رازی نەبوون .. شیوعیەکان جەماوەریان هێنایە سەر شەقام و کەوتنە رێپێوان و داوای خۆماڵی نەوتیان کرد .. کۆمپانیاکان ناچار بوون لەگەڵ حکومەت دانیشن و رێکەوتنی نوێ مۆر بکەن کە لە بەرژەوەندی عیراقدا بوو .

بەعثیەکان و نەتەوەییەکان و موسولمانە توندرەوەکان ، زۆر دژی قاسم بوون و بە ( قاسم العراق ) ناویان دەبرد . بەهەموو شێوەیەك برو بیانوویان پێدەگرت .. کە لە مانگی ( نیسان)دا نرخی گاڵۆنی بەنزین ( پێنج ) فلس زیادی کرد . سایەقە تەکسیەکانیان هاندا ، مان بگرن و گواستنەوەی خەڵکی بشێوێنن .. ئاژاوەکەوتە ناو بەغدا ، هاتوچۆ زەحمەت بوو .. سایەقی ( ئەمانە) کانیان ناچاردەکرد مان بگرن ، یان ئۆتۆمۆبیلەکانیان بشکێنن تا نارەزایی خەڵکی پتر بێ . ئەوانەی بەقسەیان نەکردبان ، لێدانیان دەخوارد ، ئەمانەکەیان دەشکاند، دەسووتاند!.. حکومەتیش ، وەك مەبەسی نەبێ ، خۆی مات کردبوو . لەبری چارەکردنی ، کەوتبووە وێزەی کوردو شیوعی!!.. تا دەهات ، ژیانی سیاسی و ئاسایشی کوردستانیش ئاڵۆزتر دەبوو .

بەکردەوە ( پێش ئەوەی بریاری رەسمی پێدەرچێ ) بارەگاکانی پارتی لەشارەکاندا داخران ، ئەوەی سەری بدایا دەگیرا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرا . سەرۆك ، بەغدای بەجێهێشتبوو لە بارزان دانیشت .خاڵە عومەرم دەرفەتی هێنا بوو ، رایکردبوو . ئەندامانیتری کۆمیتەی ناوەندی گیرابوون یان خۆیان شاردبۆوە . دەمێکیش بوو ئیبراهیم ئەحمەد لەبەر چاو بزر بوو بوو .

بریاری گرتنی سلێمانی برام لە کەرکوك دەرچوو ، خۆی گەیاندە بەغدا و کەوتە چالاکی نهێنی ( حکومەت ئەوەندە بریاری گرتنی دەرکردبوو، بەهەموو پۆلیس جێبەجێ نەدەکرا .. بۆیە هەر لەشارەکە دوور

کەوتنایەوە، بەنیمچە ئازادی دەسووڕانەوە ، ( بەغداش باشترین شوێن بوو بۆ راکردوانی کورد ) لەدواییدا دوکانێکی لە کۆڵانەیەکی شەقامی ( شێخ عومەر ) گرت .

پاش نەمانی بارەگای پارتی لەبەغدا ، کۆلێژی پزیشکی بوو بووە جخزی چالاکیەکانی زانکۆ ، هەرە دیارەکانیان ( وەك بیرم مابێ ) بەرێزان : محمود علی عثمان ، احمد کمال شالی ، سەروەری دەرویش کەریم ، فوئاد بابان ، نهاد کەرکووکی ، نەوزاد رفعت کاکەیی ، باقی دباغی هەولێری ...( کەهەموویان بوونە دکتۆر ) کۆلێژی یاساش دوای پزیشکی دەهات . لە دیارەکانیان . بەرێزان : مەئموون دەباغ ، عبدالوهاب باجلان . پیرۆت و چالاك تاڵەبانی .. بوون .. لەکوردستانیشدا کاری ژێرزەمینی دەستپێکرد وهەندێ خێل و عەشایەریش لە چەند ناوچەیەکی سۆران بەچەکەوە کۆبووبوونەوە ، مەرجیان هەبوو .. خاڵە عومەرم . مام جەلال . نوری احمد طه .حیلمی علی شریف ... بەناویاندا دەسووڕانەوە و هەولیان دەدا ، خۆنیشاندانە چەکداریەکەیان شێوەیەکی سیاسی و نەتەوەیی وەربگرێ .. بەڵام سکرتێر لەگەڵ چەکدا نەبوو . مەلا مستەفاش لەژێرەوە هانی چەکدارانی دەدا .

سلێمان .. بەپارەی پارتی ، دوکانێکی لە گەڕەکی ( سنەك ) گرت و هەندێ وردەواڵەو شەکرۆکەو پێویستی رۆژانەی ماڵی تێخست و لەدیووی پشتەوەش لوولە بڵاوکراوەو رۆژنامەی نهێنی لەناو کارتونەکاندا دەشاردەوە . شەوانیش لەگەڵ کاك ئەسعد شێخ بزێنی ( کەلە دواییدا بووە ئەفسەرو لە ئەنجامدا بەعثیەکان شەهیدیان کرد) لەماڵێکی حیزبدا دەنووستن .. کە خاڵە تایەرم لە کەرکووك گیراو رەوانەی بەندیخانەی شاری (رومادی ) کرا ، دایکم خۆی پێ رانەگیرا و هاتە بەغدا ، بۆ ئەوەی لە کوڕان و برای نزیك بێ و هەموو سەردانێکی بەندیخانە ، بەسانایی بێگاتێ ! ئێمەش شوقەیەکی دوو ژووری تاریکی کۆنمان لە شەقامی ( شێخ عومەر) و بەرامبەر گۆڕستانی ( ئەل غەزالی ) بە دە دینار گرت و دایکمان بووە بنەوانمان . بۆ یەکەم جار بووینەخاوەن ماڵ و حاڵی

خۆمان . بەپارەی خۆم و یارمەتی حیزب دەژیاین و هەموو رۆژێ بۆ خوێندن دەچووومە ( ئەبو غریب ) .

خالە تایەرم ، حیزبایەتی نەدەکردو سیاسەتیشی بۆ برای جێهێشتبوو ، بەلام مالی دیوەخانی پارتی بوو . چونکە دەبابەی لەهەموو مندالەکانی خۆشی خۆشتر دەویست ( خۆی دەیگێرایەوە ، چاوەکانی هەر عومەری دیوە ! ) و زۆریش پێکدەچوون .. هەر لەبەر ئەوە ، دەزگا ئەمنیەکان لە دائیرە راپێچەکیاندا و مالیان حجز کرد و لەبەندیخانەیان توند کرد .. هەموو رۆژانی دیتنی بەندەکان ، بەخواردنەوە دەگەیشتینە رومادی !

پاش روو بە روو بوونەوەی سوپای پڕچەکی عیراق و چەکدارە عەشایەرەکان لە یانزدەی ئەیلوولی ١٩٦١ . سوپا ، کەوتە وێرەی گوندەکان ، دێیەکانی شۆراو ، رۆژئاوای جەوەلبۆری ناحیەی دووبزی ئاگر دا . سەدەها مالی دەربەدەر کرد . لەئەفسەرە درەندەکان : خلیل جاسم ، عیسا رحومی .. بوون .. شیوعیەکانیش چەندەها هەلوێستی دژ بەیەکیان بەرامبەر ئەمە هەبوو :

لەکاتێکدا ، ئەفسەر و فرۆکەوانەکانیان بەشداری کوشتن و وێرانکردنیان دەکرد . لەبەغداش خۆنیشاندانیان بەڕێوە دەبرد و دروشمی ( یاشعب طفي النیران ، السلم فی کردستان ) یان بەرز دەکردەوە . شیوعیەکانی سلێمانی راپەڕینەکەیان بە ( بزووتنەوەی کۆنەپەرستانەی گومانلێکراو ) ناو زەرد دەکرد ، شیوعیەکانی هەولێریش بە ( رابوونێکی نەتەوەییان دەدایە قەلەم ، دژی شۆفیەنیەتی عەرب و دکتاتۆریەت ! )

لە چالاکیە دیارەکانی شیوعی ، کۆبوونەوەیەکی تایبەتی رووناکبیران و نیشتمانپەروەرانی عەرەب بوو ( بە ئامادە بوونی نوێنەرانی پارتی ) لە ئوتێلێکی سەرشەقامی ( ابونواس ) گیرا .. نارەزایی رەسمیان دایە حکومەتی عبدالکریم و ئەویش کۆمەلێکی لێ زیندانی کردن .. دەبێ چالاکیەکانی تریش باس بکرێ : بەرێزان کامل جادرچی . عزیز شریف . مصطفی علی یاداشتیان دایە ( الزعیم الاوحد ) دژی ناردنی سوپا بۆ

کوردستان ( چونکه سوپا بۆ پاراستنی سنوره دژی هێرشی بێگانه ) بەرێز عبدالفتاح ابراهیم و هاوڕێیانی بانگەوازی ئاشتیان بلاو کردەوە . له هەموو لایەکیشەوە ئیمزا کۆدەکرایەوە دژی شەڕ ، تەنیا بەعث و ئیسلامی و نەتەوەیە عەرەبەکان نەك هەر پێیان خۆش بوو ، ئۆباڵی راپەڕینەکەشیان دەخستە ئەستۆی دیموکراتیەتی قاسم بەرامبەر کوردان ! !..

چالاکی ژێر زەمین پەرەی سەند ، رۆژێ سلێمان هاتەوەو پێی وتین :

- پارتی خانوویێکی بۆ کاری نهێنی هەیە و کاك ئەسعەدی تێدا دەژی ، لەژێر خانەکەیدا ، تایپ و رۆنیۆو پێویستی چاپی تێدایە .. کاك ئەسعەد تازە ژنی هێناوەو بەتەنیا دەترسێ ، بۆیە داوایان کردووە کە ئێمەش بچینە ئەوێ .. جا ئێوە دەڵێن چی ؟

نەك هەر سەرمان پێوەنەبوو بۆ پارتی ، کرێی شوقەکەشمان لە کۆڵ دەبۆوە . رازی بووین و گواستمانەوە . خانووەکە دەکەوتە گەڕەکی وەزیریەو پشت ( سەدە) بینایەکی دووقاتی خۆشی پێش بەرەڵلا ، ماڵی کاك ئەسعەد لەخوارەوەو ئێمەش چووینە سەرەوە .. بەیانیان زوو دەچوومە ئەبوغریب و نزیك ئێوارە لە خوێندن و کاری پارتی دبوومەوە و دەگەڕامەوە ماڵ . بەڵام هیچمان ، میوانمان رانەدەگرت و شوێنەکەشمان نیشان نەدەدان . ماڵی مامیشمان بەتەواوی فەرامۆش کردو فوئادیشم نەدەدی .

وەکو ئەندامێکی لیژنەی زانکۆ ، بۆ کۆبوونەوەو دەنگوباس و رێنمایی .. هاتووچۆی سەرەکیم بۆ کۆلێژی پزیشکی بوو .. هەڵیشم دەست کەوتایا ، خۆم لەکۆلێژی پەروەردە دەدیتەوەو لەگەڵ هاوەڵانی جارانم دادەنیشتنم ، بەتایبەتی کاك لەتیف حامید ( کە لە بەشی عەرەبی بوو) کاك جەلال قەرەداغی ( کە لەبەشی ماتماتیك بوو ) و پێکەوە دەچووینە ناو شار و پارەمان هەبوایا ، شەوان سەرمان گەرم دەکرد !

زۆر شەو کاك لەتیف خۆزگەی دەخواست ببێتە موزیع لە ئیسگە و تەلەفزیۆن .. کەخوێندنی تەواو کرد ، دوای خەونەکەی کەوت و پێکەوە

چووینە لای کاک حەبیب محمد کریم ( کە ئەوسا لە ئێسگە کاری دەکرد) و بەگەرمی دوای کارەکەی کەوت و لەهەموو تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوت .. تەنیا یەك گرێی مابوو ، ئەویش شێوەی وتنی پیتی ( ث ) بوو کە لەتۆمارکردندا ، وەك خۆی دەرنەدەچوو .. ئەوەش بە هۆی شاشی بەینی دووداتی پێشەوەی بوو ، دەبوو بە هەر شێوەیەك بێ پڕی بکاتەوە ..

ئەوە کارێکی ساناً بوو ، بەڵام ئێسگەی بەغدا ، شێتگیرانە هێرشی دەکردە سەر سەرۆك و سەرکردایەتی پارتی و بزوتنەوەی کوردایەتی و بەنۆکەری ئەڵقە لە گوێی ئیستعماریان دادەنان ! !.. دەیەها بروسکەو نامەی پڕ قسەی ناشیرینیان بڵاو دەکردەوەو کاک لەتیفی لەکارەکە سارد کردبۆوە.بۆ ئەوش چووینەوەلای کاک حەبیب ( کە کادرێکی دیار و کۆنی پارتی بوو) پێی ووت :

- من ناتوانم ئەو بروسکەو ناڕەزاییانەی دژی کوردو شۆڕشەکەی لێدەدرێ بیخوێنمەوە !

کاک حەبیب وەك هەموو سیاسیەکێتر سەیری ئەوەی دەکرد و لای ئەو( السیاسه فن الممکینات .. ) ە و بە پێکەنینەوە وتی :

- ناقل الکفر لیس بکافر !

من خۆم پێنەگیراو لەجیاتی کاک لەتیفیش وتم :

- کافر کوڕی کافریشە ! !

- ببورە کاک حەبیب.. نە ئەو کارەو نەئەو شەرمەزارییە. مامۆستایەتیەکەم ( ضرب زید و عمراً ) گەلێ باشترە .. با هیوایەکەم نەیەتەدی .

بەڵام هیوای کاک لەتیف گەلێ باشتر هاتەدی ، پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕی ۱۹٦۳ بووە موزیعێکی سەرەکی ئێسگەی ( دەنگی کوردستان ) و بەسەر بەرزانەوە چالاکیەکانی کوردو پێشمەرگەی دەخوێندەوە .

که عەبدول کەریم قاسم بووە ( الزعيم الاوحد ) و هەموولایەك چەپڵەیان بۆ دەکوتا . نەك دژە ڕای پێناخۆشبوو ، ئەوانەشی بەند دەکرد کە ڕەخنەیان لەکارەکانی دەگرت تا (بحرالعلوم) ی شاعیر وکامیل جادرچی سیاسەتمداری دیاری عیراقی .. گرتەوە . لە ژوورێکی وەزارەتی بەرگری بەندی کردن و پاش چەند ڕۆژێ بە چەند فلسێ کەفالەت بەریدان .

ئەگەر بەهەڵە نەچوویم ، سەرەتای ١٩٦٢ بوو ، کامیل جادرچی گیراو بەردرایەوە. کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی لەماڵی خۆی گرت .. لەسەر داوای پارتی ، بەشوناسنامەی گۆڤاری ( هیوا ) چووم بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بێنمەوە : ئایا کورد بە کردەوە هاوبەشە لەحکومەتدا ؟.. مافی کوردان دراوە؟.. عیراق وڵاتێکی دیموکراتیە ؟.. لەگەڵ هێرشی سوپای بۆ سەرکوردستان ؟ بۆ ؟

کە چوومە ژووری ( مەکتەبە )ی هەر ڕۆژنامە نووسێ پاکەتێ جگەرەی ئەجنەبی و کاغەزو قەڵەمی بۆ داندرابوو . ئەوانەی بیرم ماون بەڕێزان : يونس الطائي خاوەنی ڕۆژنامەی ( الثورة) طه فايزی ( الفجر الجديد) پەیامنێرانی (الحرية) و ( إتحاد الشعب ) و .. قسەکانیش تۆمار دەکرا.

پاش بەخێر هاتنمان ، کەوتە باسی سیاسەتی دەرەوە ، ئینجا زروفی ناوخۆ ! دیموکراتیەتی ئاراستەکراو ( کە دروشمی شیوعیەکان بوو ) دەوری کزی پارتەکان لە دەسەڵاتی ئیداری دەوڵەت . دەستوری هەمیشەیی . هەڵبژاردنی پەرلەمان . ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری و مەسەلەی کوردو کەمەنەتەوەییەکان .. ئینجا دەرگای پرسیاری کردەوە . یونس زۆری مەبەس بوو شێوەی گفتوگۆ وەرگرێ .. من هەڵم دۆزییەوە پرسیم : مێژوو شایەدی برایەتی کوردو عەرەبە . بەڵام ئەمڕۆ زروفێکی ئاڵۆز لە کوردستاندا هەیە . ئەگەر دەکرێ ، ڕای جەنابتان بەڕاشکاوی بزانین؟

رۆژنامەنووسەکان ئاوڕیان لێدامەوە . الطائي و فایز خێسەیان لێکردم . وەك بەهۆش هاتبنەوە بێگانەیان لەناوەو بێ پەروا باسی عەرەب دەکەن !.. جادرچی وەلامێکی دیپلۆماسیانەی دامەوەکە عەرەب و کورد دەمێکە براو هاودەم و هاو خەباتن . دەستوری کاتیش کوردی بەشدار کردووە ( من لەگەڵ شەڕو ئاژاوەنیم ، دەبێ ناکۆکیەکان بەئاشتی چارەسەرکرێ . نە چەك هەلگرتن و نە هێرشی سەربازی سەرناکەون!) ال طائي قۆستیەوە و مەسەلەی کوردی بە بزوتنەوەیەکی عەشایەری کۆنەپەرستی سەر بەئیستعمارو شای ئێران ناوزەدکرد . بەلگەشی ئەوە بوو ، هاوکاتە لەگەڵ دانووسانی نەوت .. وەستان دژی یاخیبووان کارێکی نیشتمانی و نەتەوەییە .

جاردرچی بەتوندی بەرپێچی دایەوەو بەتۆمەتێکی نابەجێی دانا . پشگیری رای شیوعیانی کرد کە دروشمی ( السلم ڤ كردستان) یان بەرزکردۆتەوە.. کورد ( نەك هەر هاویەش نییە ، زولمیشی لێدەکرێ ..) ناڕەزایی عەشایەر و داواکانی پارتی لێکجیاکردووە .. ( من .. ناتوانم بە زنجیرە پرسیارو وەلامەکان بنووسمەوە . بەلام هەولدەدەم کاکلەی بۆ چوونەکان تۆمار بکەم . چونکە هەمووی دیزە بەدەرخۆنەکراو لە رۆژنامەکان دەرنەچوو .. وا دیارە چاودێری چاپەمەنی رێگەی نەداون ).

- مەلا مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد ، وەك ئێمە پەرۆشی یەکێتی عیراقن . کۆماری ساوا دەپارێزن . بەلام رەخنە و ناڕەزاییان هەیە .
- کورد حەقی خۆیەتی داوای ماف ئیداری و رامیاری و رووناکبیری بکا .
- خۆم بەنەتەوەیەکی راستەقینە دەزانم بۆیە دەبێ رێز لە بیری نەتەوەکانیتریش بگرم . چیم بۆ خۆم دەوێ ئەوەشم بۆ کورد دەوێ . هەموو گەلێ ماف چارەنووسی خۆی هەیە .

ال طائي پرسی ، کە جەنابتان لەگەڵ دروستکردنی دەولەتێکی کوردی دان؟.. ئەویش وتی :

- من بڕوام به یەکێتی خاکی عەرەبە . ئامانجمان دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتووە . بۆیە .. ناتوانم ڕێگە لە نەتەوەیەکیتریش بگرم کە بیر لە یەکێتی خاك و نەتەوەی دەکاتەوە .
- سبەینێ بە مانشێت لەڕۆژنامەی ( الثورة ) بنووسم کە لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دای ؟
- بەڵێ .. هەموو گەلێ مافی چارەی خۆ نووسینی هەیە .

پاش میوە خواردن ، هەڵساین . هەر ڕۆژنامە نووسە پاکەتەکەی خۆی هەڵگرت ، کە چوومە دەستی بەزەردەخەنەوەوتی : زەمیلەکانت ، ڕێگەی پرسیاریان نەدای . وتم : لە قسەکانتان ، وەڵامی پرسیارەکانی خۆم وەرگرتەوە . سوپاستان دەکەم .
ڕووداوێکیتری ئەو ماوەیە ، یەخەم دەگرێ ونایەوێ دێزە بە دەرخۆنە بکرێ .

زۆر نەبوو ڕۆژنامەی خەبات داخرابوو . ئیبراهیم میرانی دیمی وکارتی دەعوەتی سەفارەتی ( ئەلمانیا )ی دامێ بۆ ئەوەی لە یادی پێشانگای ( لایبزك )ی ساڵانە ئامادەبم ، کە لە یانەی ( المنصور) دەگێرا . ئەگەر سەفیر کونگرەی ڕۆژنامەنووسی گرت ، لەبارەی : ماف کوردان . هێرشی سوپای عیراق . دیموکراتیەتی عیراق پرسیاری لێبکەم .

شەوی دیاری کراو ئامادە بووم . هۆڵێکی گەورەی جوان و ڕازاوە . سیمفۆنیاو مۆسیقای هێمن .. سەفیر و سکرتێرەکانی بەخێر هاتنیان دەکردین .. میوانەکان بەکۆمەڵ و تۆپەڵ قسەیان دەکرد .. منیش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکان دانیشتم .. بە ڕێکەوت نێراوی ( اتحاد الشعب )م کەوتەلا ..

پاش ئەوەی سەفیر ئاهەنگەکەی کردەوە . پرۆگرامەکەیان خوێندەوە، پرسیارو وەڵام دوا بڕگە بوو .. خواردنەوە گێڕدرا .. هەرچی خواردنەوەیەکی بە بەها هەبوو کرابوونە پەرداخی کریستاڵ و دەگێڕدرا .. منیش بەشەرمێکەوە پەرداخێ ( شەربەتی پرتقال ) م هەڵگرت . نوێنەری ( اتحاد الشعب ) بەدەم پێکە وێسکی وتی :

- ئەم هەلە لە دەست خۆت مەدە . لەدەرەوە عارەقی قاچاخیشمان پێناکرێ .

منیش وەك كوردی دۆ نەدیو ، لەگەڵی دەستم پێکرد . زووربەی خواردنەوەکانم تاقیکردەوە . بەتەواوی کەیل و سەرخۆش بووم . نەك بیرم چوو پرسیار بکەم . تا ئێستاش نازانم لە ( المنصور )ەوە چۆن و بەچی گەیشتوومەتەوە ( راغبە خاتون ) پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایش هەر بەری نەدابووم !!

( ١٠ )

بنەوانی دایکم ، ژیانی خێزانیمانی ڕێکخستبوو . لەژێر خاندا چاپ و ڕۆنیۆ دەکرا ، سلیمان خەریکی دوکان و پارتایەتی بوو . منیش خوێندن وپارتایەتی و یانەی سەرکەوتنی کوردان ( کە لەبەر بێدەرامەتی وکەمی هامووشۆ .. گواستبوومانەوە شوقەیەکی سەربەخۆی چەند ژووری لەکۆڵانەکانی بەینی گۆڕەپانی النصر و شەقامی ئەبو نواس ) و کارە سەرەکیەکەمان دەرکردنی گۆڤاری هیوا بوو . کە لە چاپخانەی (صلاح الدین ) چاپمان دەکرد .( چاپخانەکە هی پارتی بوو . بەڵام بەناوی ڕەشید عارف کرابوو کە بارەگای پارتی داخرا .چاپەکەشی گوازرایەوە و عبدالرحمن زەبیحی ئیدارەی دەکرد) هەفتەی عەسرێ ، دوو عەسران یانە دەکرایەوەو چەند دۆستێ سەریان لێدەداین . چونکە لەو دوو سێ ساڵەی دواییەدا حیزبایەتی دەستی خستبووەکاری و زووربەی خوێندکارو رووناکبیرەکانیش خەریکی زروفی ناڵەباری خۆیان بوون .

گرژی و ئاژاوە ، بەغدای بۆنژۆ کردبوو . حیزبیەکان تووشی گرتن و ڕاکردن و خۆشاردنەوەو بەردان بوو بوون ، لەبەینی بەعثي و شیوعیەکانیشدا لێدان و کوتان و بریندار کردنیش هەبوو .. گلۆڵەی شیوعیەکان ( کە دڵسۆزترین پارتی بوون بۆ کۆماری عبدالکریم قاسم ) لەلای حکومەتیش کەوتبووە لێژی و کەس خاسی پێنەدەبێژان! .. هەر لەو

ڕۆژانەدا کاک مەستی عبداللەی ئامۆزام ( کە لە شیوعیە گەرمە تەریقەتەکان بوو ) بەکراسی پەڵاوی خوێنەوەم دی بەرەومال دەگەڕایەوە ، بەپەرۆشەوە بەپیلیەوە چووم .. بەعثیەکان ڕێگەیان پێگرتبوو ، سەرو پۆتەلاکیان کوتابۆوە !.. بە شانازیەوە وتی :

- کراسەکەم بە خوێنەکەوە لەجام و چوارچێوە دەگرم .. یەکەم ئازاری خەباتمە !

ژیانی چەند مانگی سەرەتای دووەم ساڵی خوێندنم بێگرێ دەبڕی .. لە ( أبوغريب ) کۆبوونەوەو دابەشکردنی بڵاوکراوە نهێنیەکان و لەسەر دیوار نووسین بەردەوام بوو .. ئەندام و لایەنگرمان ئەوەندە هەبوو کە بەشی هەموو ناوچەکەی دەکرد .. ڕۆژنامەو گۆڤارە نهێنیەکانمان دەدایە مامۆستاو قوتابیانی کۆلێژی کشتوکاڵی و تەندروستی ئاژەلی و پەنمانگای دارستان و ئامادەکردنی مامۆستایان ، یارمەتی مانگانەشمان لێوەردەگرتن . لەکۆڕو کۆبوونەوە گشتیەکانیشدا مەسەلەی مافی کوردو هێرشی سوپامان دەهێنا سەر مێز ، بۆ ئەوەی ئەندامێکمان بگیرێ!.. هەرچەندە ، وەك تاکتێك ، لەبەعثیەکانەوە نزیك بووین ، بەڵام لای شیوعیەکانیش ڕێزێکی تایبەتیمان هەبوو . شیوعیە کوردەکان لەگەڵمان دادەنیشتن و ڕازو گلەیی خۆیان بۆ هەڵدەڕشتن .

دوا مانگی ساڵی ١٩٦٢ و پێش نیوەی ساڵ ، بانگەوازی مانگرتن کرا . قوتابیانی بەعثی و نەتەوەیە عەرەبەکان و ئیخوان موسلمین و.. لەسەر چەند داوایەکی خوێندن و ئابووری و سیاسی ڕێکەوتن و مانگرتنیان دەستپێکرد ، ئێمەش بڕیاری بەشدارکردنمان پێگەیشت و هەندێ دروشمی نەتەوایەتیمان هەڵگرت .. هەموومان کەوتینە لایەك و شیوعیەکانیش لەلایەکیتر . بێلایەنەکانیش ( کەزووربەی خوێندکاران بوون ) لەو بەینە سەریان لێشێوابوو . دەیانخوێند ، مانگرتووەکان شەڕیان پێدەفرۆشتن ، ڕێیان پێدەگرتن ، بەبەر چاوی مامۆستایان شتی ( موختەبەریان دەشکاند و مادەکانیان دەڕشت!).. نەدەچوونە وانەکانەوە، مامۆستایەکان بە ( غائب ) یان دەنووسین و شیوعیەکانیش بە چاوێکیتر سەیریان

ده‌كردن .. به‌گشتی كۆلێژو په‌یمانگاكانی به‌غدا شله‌ژاو خوێندن ئیفلیج بوو، به‌ڵام چاوه‌ڕێی بڕیارێكی خراپ نه‌بووین . وه‌ك دڵنیابین له‌وه‌ی عبدالكریم ده‌ڕمان ئاخا یان كوڕانێكی نوێ له‌عێراقدا ڕووده‌دا .

تاقیكردنه‌وه‌ی نیوه‌ی ساڵ ده‌ستی پێكرد . بۆ ئه‌وه‌ی مانگرتن بگاته ئه‌نجامێ . زووربه‌ی مانگرتووه عه‌ره‌به‌كان (كه له‌ئه‌بوغریب ده‌یانخوێند ) ، ملیان شۆڕ كردو چوونه پۆل ، به‌ڵام دڕه‌كانیان ڕێگه‌یان به‌قوتابیه‌كان ده‌گرت . پرسیاره‌كانیان ده‌دڕاند .. چه‌ند ئه‌ندامێكی ئێمه‌شیان تووشی ئه‌م كاره ناڕه‌وایه كرد ، تا پێمان زانی و راماگرتن !.. به‌گشتی ئه‌ندام و پاڵێوراوانمان نه‌چوونه پۆل ، به‌ڵام له ده‌ركردنیش نه‌ده‌ترسان .. پاشه‌ڕۆژی من ، به‌و ساڵه‌وه به‌ند بوو . مامۆستایانم داوایان لێده‌كردم كه‌سه‌یری ئه‌وانیتر نه‌كه‌م .. به‌ڵام گوێم بۆ نه‌گرتن .. چۆن ده‌كرێ به‌هاوڕێیانم بڵێم مه‌چنه تاقیكردنه‌وه و خۆشم به به‌ر چاویانه‌وه بچم؟ ! شه‌ره‌ڤی سیاسیم له‌ژیانی تایبه‌تیم مه‌به‌ستر بوو .. به‌ڵام دوای تاقیكردنه‌وه تووشی دوو ڕیانێكی سه‌خت و دژوار بووم .

ده‌وره‌ی دوو هه‌فته‌یی ( كاری به‌هاری ) ده‌ستی پێده‌كرد .. ئه‌گه‌ر نه‌چووبام ، ده‌رچوونم ساڵێكی ره‌به‌ق دوا ده‌كه‌وت . بچووبام ، به‌شكانی مانگرتن دا ده‌ندرا ! !.. مه‌سه‌له‌كه‌م له كۆبوونه‌وه‌ی لیژنه‌ی زانكۆ خسته به‌رده‌می هه‌ڤالان . دكتۆر خالید ده‌باغیش په‌یتا په‌یتا داوای لێده‌كردم واز له‌و كه‌لله ره‌قیه‌بێنم و بچم .. له ئه‌نجامدا ره‌زامه‌ندی لیژنه‌م وه‌رگرت .. ده‌وره‌كه بۆ دارستانی ( مسیب ) بوو ، كه‌داری یوكالیتۆس كمادولینسیسی ده‌ستكردی لێدرابوو .

ڕۆژی چوونمان ،خۆم ئاماده كرد . مامۆستایه‌كی كوردی سه‌ر به شیوعی ، پێشی لێگرتم :

- دوای نیوه‌ی ساڵ ، هه‌مووتان ده‌رده‌كرێن ، كاری به‌هاری چی ده‌كه‌ی و زه‌ره‌ر له حكومه‌ت ده‌ده‌ی ؟.. بگه‌ڕێوه ، چاوه‌ڕوانی بڕیاری زانكۆ بكه ! !

پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە ، بەڕێوەبەری پەیمانگا بەرپێچی دایەوە ( کە دکتۆرێکی تورکمان بوو )
- بەپێی یاسا ، تا ئێستا قوتابییەو ناتوانین ڕێگەی لێبگرین .
چووم ، چالاکانە کارم دەکرد و مامۆستا بێگانەکان بەدەورما دەهاتن و ڕێزیان دەگرتم .. چارو بار لە ژێر چادرەکەی ئەوانیشدا نانم دەخوارد .. دوو هەفتەکە تەواو نەبوو ، ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ، قەوما .. عبدالسلام عارف بە پشتیوانی بەعثیەکان کودەتای سەربازی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ ی کرد .

ئێمە هەر لە دارستانی موسیب بووین ، قوتابی و مامۆستایانی سەر بەشیوعی ترسیان لێ پەیدا بوو ، چوو بوونەوە قاوخی خۆیان . منیش وەك مامەپیرەیان ، کوردەکانیانم لەدەوری خۆم کۆکردەوە ، بەو هیوایەی شەرمێ لە سەرو سیمام بکەنەوە . لەراستیشدا ،هیچ کردەوەیەکی خراپ لە بەعثیەکان رووی نەدا! .. ئێمەی پارتی لە بەعثیەکان دڵخۆشتر بووین ، بەڵام لەناخدا گومانمان لە دوارۆژ زۆر بوو .. پاش نیوەڕۆ سەلمان عیساوی سەر بە ئیخوان موسلمین ( کە قوتابی پۆلی یەك بوو ، دەورەی بەهارییان لە بعقوبە بوو ) بەکەلوپەلی ( حەرەس قەومی ) یەوە پەیدا بوو ، تفەنگێکی ( سیمینۆف )ی بەشانەوەبوو ( پاش دەرچوونی بووە بەڕێوەبەری دارستان لە باقوبە ) بڕیاری گەڕانەوەمانی لەکۆلێژەوە هێنابوو ..کەوتە ناومان و بەراست بە چەپ هەرەشەی لە شیوعیەکان دەکرد . بەعثیەکانی هان دەدا ئازاری شیوعیان بدەن .. هاتە لام و خێسەیەکی لە کاك جمیل احمد کرد ( کە شیوعیەکی کوردی دهۆکی بوو . لەدواییدا بووە بەڕێوەبەری دارستانی دهۆك ) منیش تکام لێکرد کە کردەوەی ناشیرین دژی مامۆستاو خوێندکاران نەنوێنێ .. بەڵام .. ئەو هەر لەسەر سێ جرتەکەی خۆی بوو ! !

بۆ نزیك ئێوارە ، شتمان پێچایەوەو ٢٥ قوتابی و ٣ مامۆستا سواری پاسەکەمان بووین و بروسکەی کاك صالح یوسفی مان لە نیسگەوەگوێ لێبوو کە بە ( تلاحمت ثورتینا ..) دەستی پێدەکرد .

سەرمان بەرز ترو زمانم درێژتر بوو !.. لە رێگا تاریکمان بەسەرا هات !..
سەلمان بێ پرسی مامۆستایان لە پۆلیسخانەیەکی دوور لە ئاوەدانی ئۆتۆمبیلەکەی راگرت و چووە مەخفەرەکە ،دووپۆلیسی سەرخست و کاک ( جەمیل )یان دابەزاند .. زۆرمان هەوڵدا ، نەیبیست! لەهەموویان پتر تێکچووم ، نەك هەر لەبەر ئەوەی خۆشم دەویست . دەترسام لەم ئاژاوەو رەشبگیرەو لەم چۆڵەوانیە دەستی لێبووەشێنن !.. چونکە گرتن و کوشتن لای ئەوان وەك ئاو خواردنەوە وابوو !..
بە نائومێدی کەوتینەوە رێ . سەلمان هاتە جێیەکەی جەمیل و باسی سەرکەوتنی مانگرتنەکەی کرد ( کەخۆی یەکێك بوو لەوانەی بۆ نیوەی ساڵ ئیمتحانی دابوو !) و لە دۆستایەتیو هاوپەیمانیەتی بەعث و پارتی دوا .. منیش بە ناڕازیەوەباسی کرەوەکەیم کرد . بەشانازیەوە وتی :
- جەمیل ئەندامی لیژنەی کۆلێژە و بڕیاری حیزبە ، هەموو شیوعیەکان بکوژین .. دەبێ بنبڕ کرێن .. هی کەشمان لەگەڵە ، بەلام وەك ئەو خەتەرنین .. رەنگە ئێستا کوژرابێتیش !!
ئا ..لەم ساتە ناخۆشە بێدەسەلاتیەدا بروسکەی پشگیری وپیرۆزبایی یەکێتی سۆڤیەت ( قەلای شیوعیەکان ) بۆ سەرکەوتنی کۆدەتاکە لێدرا !!..چەندەها جار بە دەنگی زوڵاڵ خوێندرایەوە ! منیش .. هەر ئەوەندەم لە دەست هات ، لەدڵەوەنەعلەت بۆ ئەو رێبازە بنێرم .. لەداخا رووم لە سەلمانیش وەرگێراو خۆم کردە نووستوو!
بە پاسەکە ، تا ناو بەغدا هاتم .. شار بەتەواوی شێوابوو . لەکۆڵان و شوێنە بەرزەکانا تەق و هۆر هەبوو . هەر چەند کەسێ لە پەنایەکدا خۆیان حەشاردابوو ، خەڵکیان دەپشکنی .. شیوعیەکان بەجەرگەوە شەڕیان دەکرد ، خوێنیان دەڕشت .. بەلام بێ ئەنجام بوو !.. کە گەیشتمەوە ماڵ ، سلێمانی برام ، چەند هاورێیەکمانی هێنابوو . دایکم خزمەتی دەکردن ، ورەی بەرز دەکردنەوە .. سلێمان وتی :
- لە بەیانییەوە ، بەعثیەکان کەوتنە گرتن و بۆردومانکردن و تۆپ بارانی ئۆردوگا سەربازیەکان . هێرشی ئاسمانیان کردە سەر وەزارەتی

بەرگری ( کە بارەگای عبدالکریم قاسم بوو ) هەرچی سەر بەشیوعی و بەرگری میللی هەبوو .. هەوڵی چەك پەیداکردنیان دەدا .. جەماوەرێکی زۆریان گەیشتنە بەردەمی وەزارەتی بەرگری و داوای چەکیان کرد . بەڵام قاسم ئەوەندە لەخۆی بایی بوو بوو ، نەك هەرنەیدانێ ، داوای لێکردن بڵاوەی لێبکەن .. بەعثیەکانیش نە دەست و قاچ و نەفرۆکەیان دەوەستا .. تا ئێوارە ناوچەیەکی زۆریان پاوان کرد .

ئەوشەوە ، بەدەم گوێگرتنی دەنگوباسەوە ، خەریکی گاڵتەو گەپی خۆمان بووین و باسی ئۆتۆنۆمی و دیموکراتیەتمان دەکرد و دنیامان کردبووە ( شامی شەریف ) تەق و هۆریش هەر دەهات . پەیتا پەیتا ، برۆسکەی پیرۆزبایی و پشگیری لە لیوا و فەوج و دەزگاکانی میرییەوە لێدەدرا !.. کە ساتەکانی جەمیلم بەبیر دەهاتەوە ، موچرکەم پێدا دەهات و چەند جارێکیش گێڕامەوە . شەویش هەر جەنگڵەم دەدا ! !

کۆدەتای شوبات ، رووداوێکی شۆڤیەنی پڕ رق و کینە بوو . بەیانی سێنزدەی سەرکردایەتی کۆدەتاکە بۆ ( لەناوبردنی هەموو شیوعیەك) لەمێژووی سیاسی هەموو دنیا تاك بوو.. بەکردەوەش تەخسیرییان نەکرد . دەیەها لاشەی شیوعی لەشەقام کەوت ، دەیەهایان لەزیندان لەسێدارەدانو دەستدرێژیان لێکردن.. حەرەس قەومی، هەرچیەکی بکردایا کەس دەستی نەدەگرت ! !

(١١)

هەر زوو ، بانگەوازی قەدەغەکردنی هاتوچۆی شەوان دەرچوو ، بەڵام جێبەجێ نەدەکرا .. خەڵکی لە هاموشۆنەکەوتبوون .. کە بۆ سبەینێ هەڵگیرا ، بەبیانووی نان کرین ، لەگەڵ جلال حسین قەرەداغی دەرچووین ، لەشەقامی سەرەکی وەزیریە ، ( ئەمانە) و پاسی ئەهلی ( کە تروح یان

پێدەوت ) نەبوو . تەکسیش بە ئێمەنەدەگیرا.. بەپیاسەو سەیر کردنی دەوروبەر ، بەرەو( باب المعظم ) چووین .. ترسی تەقەی وێڵ و خۆشی ئازادی ژیان و گومانی هەڵسووکەوتی بەعثیەکان .. لەگیانماندا تێکەڵ بوو بوون .. حەرەس قەومی ، بەنەشئەی سەرکەوتنەوە ، چەند چادرێکیان لەدەوری ( فولکە) کاندا قووت کردبۆوە و بارەگای کاتییان دروستکردبوو.. لەهەر دوو بەری شەقامەکە وەستابوون و ئەو چەند کەسەیان دەپشکنی کە پێویستی ناچاری کردبوون بێنە دەرەوە .

ناوە ناوە گوێمان لە گرمەو تەقە و دەستڕێژ .. دەبوو . تا لەشەقامی ( شێخ عومەر) و ( الکفاح ) و ( تەپەی کورد ) نزیکتر دەبووینەوە ، تەقەکان پتر دەبوون!.. بازار ودوکان داخرابوون . نانەواخانە کراوەکان ، کۆمەڵەخەڵکی پێوەگیرسابۆوە و پاڵەپەستۆیانبوو . ژنە عەرەبەکاسبەکان ( بەگشتی شروجیەکانیان ) کولێرەوماست و گێمەڕی .. دەگەیاندە سەر شۆستەکان و تەواو دەبوو!.. باسی سەرەکی هەمووشیان بڕیاری ( شیوعی قڕان ) بوو .. بەدرێژی ڕێگا ، لاشەی کەسمان نەدی ، بەڵام تۆپەڵە خوێن ، پەڵە خوێن .. بە هەندێ شوێنەوە دیار بوون ..

هەر لە شەوەوە خەمی ماڵی مامم بوو . دەترسام ( مەستی ) سەرکێشی کردبێ و مۆرێکیان پێوە نابێ . بەلای ماڵی مامما گەڕاینەوە . تکام لە جەلال کرد ، بەبیانووی فوئادی ئامۆزامەوە هەواڵێکم بۆ بێنێ .. کە گەڕایەوە موژدەی سەلامەتیانی دامێ !..

تا دەهات ، بەغدا بەرەو هێمنی دەچوو . تەقە نەما . بەڵام گرتن ، لێدان ، چوونە سەر ماڵان .. شوڵی لێهەڵکێشا بوو . بەندیخانە ، پۆلیسخانە، شوێنە تایبەتیەکان ، بارەگای گشتی حەرەس قەومی .. پڕ گیراوبوون ، لە بەناوبانگەکانیان ( خلف السده) بوو .. خەڵکی ستەمدیدەو تێکۆشەرانی میللەت .. بۆ سۆراخی جگەرسۆزەکانیان عەوداڵ بوون !.. تا ئێوارە چاوەڕوانیان دەکردو بێ ئەنجام دەگەڕانەوە!.. هەتا ئەوانەی (ئیعتراف) یشیان دەکرد و پاکانەشیان دەنووسی ، هەر بەر نەدەبوون! ..

ئەندام وپاڵێوراو ولایەنگیرانی پارتی ( کەوەختی خۆی گیرابوون ) و لەم ڕەشبگیریەش پێوەبوو بوون ، شوناسنامەی ڕەسمی پارتیشیان لێ وەرنەدەگرتن و بەریان نەدەدان .. کەسوکاریان ، یەخەی پارتیە دیاریەکانی بەغدایان گرت و ئەوانیش تەنگیان بە بەعثیەکان هەڵچنی ، بەڵام هیچیان بۆ نەدەکرا !!..

پشووی نیوەی ساڵ تەواو بوو ، بڕیاری کردنەوەی زانکۆی بەغدا هەر دەرنەچوو . من وەك لێپرسراوێ دەبوو بچم . یانەی قوتابیان و چەند ژوورێکی پەیمانگای دارستان کرابوونە بارەگای حەرەس قەومی و لیژنەی بەعثی .. مەخزەنێکی گەورەی دووره دەستیش بوو بووە بەندیخانە .. لێپرسراوەکان روویان خۆش بوو ، ماوەیەك لەگەڵیاندا دانیشتم ، ئەوانیش هەواڵی کاك جەمیلیان نەدەزانی .. کە ( فەردا ) خان هەواڵی گرتنی دکتۆر خالیددەباغی دامێ .. وشك بووم .. چونکە نەك هەر پارتایەتی نەدەکرد ، لەناو خوێندکارەکانیشدا خۆشەویست بوو .. زۆر مامۆستاو ئیداریەکانی تریش لە پۆلیسخانەی گەڕەکی ( مەئموون ) حەپس بوون . ڕێکەوتین بۆ سبەینێ لەگەڵ ڕووناك شاڵی سەری لێبدەین .. بەڵام لە گەڕانەوەمدا ، خۆم پێ ڕانەگیرا ، دابەزیم .. حەشاماتێکی زۆر ، بە مەنجەڵ و سفرتاسی و نوردیيە نانەوە.. لەبەر دەرگا وەستابوون ، نەدەیان هێشت بچنە ژوورەوە، نە شتەکانیا لێوەردەگرتن !.. منیش ماوەیەك وەستام و گەڕامەوە ماڵ .. لەهەره دەنگوباسە گرینگەکان ، شکانی بەندیخانەی ( کووت ) و ڕاکردنی گیراوەکان بوو!..

بۆ سبەینێ ، بە پارەو واسیتە ، هەرسێکمان دکتۆرمان دی .بەروو خۆشیەوە دڵی داینەوە . گاڵتەی بە بەیانی (شیوعی قران ) کرد . دکتۆر ئامادە نەبوو سەر دانەوێنێ .. هەر چەندە ، شیوعی بە جەرگی وا گیرابوو کە پارچە پارچەی بکەن هیچ نەڵێ ، بەڵام زووربەیان – بەتایبەتی پاش بڕۆسکەی پیرۆزبایی سۆڤیەت – رووخان و هەموو شتیان هەڵرشتبوو!.. پەیتا پەیتاش پارتی دەگیرا .

ئەستێرەمان لە بەرزی بوو ، هیچیشمان پێنەدەکرا . برادەرانی خۆمان پێ رزگار نەدەکرا .. پاڵەپەستۆی کە سوکاریان ناچاریان کردین ( لق ) تەنگاو کەین . لە ئەنجامدا ( لە دوایشدا دەرکەوت بۆ خافڵاندنمان بوو) لیژنەیەکی هاوبەش لە بەعثی و پارتی پێکهات ، کە بەناو بەندیخانەکاندا بگەڕێن و پارتە گیراوەکان لیست بکەن تا بڕیاری بەردانیان دەرکەن !..

خوێندن دەستپێکردەوە ،پەیتا پەیتاش قوتابی کچ و کوڕی سەر بەشیوعی دەگیران و تا هاوخوێندنەکانیان ماندوو دەبوون لێیان دەدان !!..بەچەند ڕۆژێ ، لیستی ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگیرانی شیوعی کرایە دوو ( شجرە ) .. حیزبی و قوتابیان .. ئیتر هەر کەسێ دەگیرا ، پاش لێدان و کوتان لیستەکەیان نیشان دەدا ، ئەو لەسەری بوو بڵێ وایە یان نەء !! خۆڕاگرەکانیشیان لەکۆڵ خۆیان دەکردەوەو ڕەوانەی بەندیخانە گشتیەکانیان دەکردن و دوا ڕۆژیان دەکەوتە گۆمی خوێنەوە .. ئێمە توانیبوومان ، هەندێ لایەنگری شیوعیان بە ناوی لایەنگیرانی پارتی لەبەندیخانە رزگار بکەین .. هەر ئەوەش وای لە کاك عبدالله مجید کرد ( کە لەدواییدا بووە بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی لە هەولێر ) کە خۆی بە پارتی دانێ .. بەڵام بەعثیەکان هەموو شتێکیان لێ ئاشکرا بوو ، بۆ تاقیکردنەوەمان ناردیانە شوێنم ، ڕێگەیاندام بیبینم .. زۆر نەبەزانە هاتە بە چاوم .. منیش پێم وت :

- لە شجرەکەدا ، شوێنت دیارە ، بشڵێم پارتی ، بڕوا ناکەن .. بەڵام پێم دەکرێ‌بڵێم : یارمەتی مانگانەی داوینەتێ و نەشمان بیستووە شیوعی بێ! .. ئەمەش لای ئەوان ناخوا .. ئەگەر بڕوات بە حیزب و تێکۆشان هەیە ، ئەمە باشترین محەکەو شەرەفە کۆڵنەدەی ، چونکە کەف و کوڵێکەو دەنیشێتەوە . ئەو هەزارەهایەشیان پێ دادگایی و زیندانی ناکرێ و ناچارن بەرتان دەن .. ئەگەر دەزانی بەرگەی ئازار ناگری ، لێدان بەخۆت مەگەیێنە و دان بەشجرەکە دابنێ ..

- ده تۆ پاکەتە جگەرەکەم بۆ بەجێ بێڵە و ڕۆژانە بێ پاکەتم مەکە ، ئەوان سەر لەبەرد دەدەن !

زۆرم هەوڵدا چاوم بە مام جەلال یان لیژنەی هاوبەشی بکەوێ و باسی دکتۆر خالیدیان بۆ بکەم .( کە زووربەیان دەیانناسی ) نەیان گەیشتمێ ، پاش ماوەیەك لە پۆلیسخانەی مەئموونیان لابرد و لیّمان ون بوو !..

لە کەف و کوڵی کۆدەتاکەیا ، کاك ئەسعد شێخ بزێنی کاری تری حیزبی پێسپێردرا و بەخێزانەوە ڕۆیشتن ، خانوو دەزگای چاپەمەنی بۆ ئێمە مایەوە . دایکیشم ، نە دەستی لەماڵی کاکی بەردەبوو ، نە دڵی دەهات ئێمە لە ( وەکر )ەکە بەتەنیا جێبهێڵێ ، لەبەینی کەرکوك و بەغدا، لەسەفاو مەڕوا دابوو !.. کە دوا جار گەڕایەوە ، کنێری لەگەڵ خۆی هێنابوو .. چووینە دیدەنی خاڵە تایەرم ( کە هەر لەبەندیخانەی رومادی بەند بوو! ) . کۆدەتاکە دڵخۆشی کردبوو ، هیوای بەربوونی زۆر بوو ، بەڵام بەپێی تاقیکردنەوەی ئەو چەند مانگەی بەندیخانە ، چاوەڕێی خێری لەبەعثیەکان نەدەکرد .. کنێر خان ، ماوەیەك لەلامان مایەوە و فەرامۆشیمان پێدەهات !

ڕۆژێ هاتمەوە ماڵ ، کاك حەبیب سێ هەڤاڵی هێنابوو ( دووانیان فەیلی و ئەویتریان جاف بوو ) لەراکردووەکانی بەندیخانەی ( کووت) بوون . حکومەت بۆ گرتنەوەیان عەودالّ بوو .. پێناسەیان بۆ کرابوو . بەڵام ترس لەڕوویاندا دیار بوو .. داوامان لێکرا ، بیانگەیێنینە کەرکوك و بەهۆی لقەوە رەوانەی ناو پێشمەرگەیان بکەین .. یەکێکیان بێ تام دەترسا .. لەهەموو تەقەو جووڵەیێ رادەپەڕی و خۆی دەشاردەوە !.. ئەو چەند رۆژەی لامان مانەوە ، زۆری بەسەرا هاتین و ترسمان دەرەواندەوە ، بێ سوود بوو !.. سلێمان ، ئۆتۆمبیلێکی تەکسی ( کە سایەقەکەی پارتی بوو) پەیدا کرد و من و دایکم و کنێر لەپێشەوەو هەرسێکیان لەپشتەوە سوار بووین ، ترسەنۆکەکە خۆی پێچابۆوە ، عەینەکێکی رەشی گەورەی لەچاو کردبوو ، هەر لەدوورەوە گومانی لێدەکرا .. بەهەر حاڵێ بوو ، عەینەکەکەمان پێداکەند .. کنێریش (منداڵ بوو ) چووە پشتەوە ، لەسەیتەرەکاندا خۆیان

پێ دەخافڵاند!!.. ئەو بارە قورسەمان گەیاندە جێ .. تا ئاگاداری لقم کرد ، لەماڵی خاڵم پشوویانداو شەو لە کۆڵیان کردینەوە!.. چەند جاریتر، توشی ئەو جۆرە ترسەتۆکانە بووین و ژیانی ئێمەشیان دەخستە مەترسیەوە ، بەڵام چاریشمان نەبوو ، چونکە بەشێ بوو لە خەبات و دەبوو بیکەین .

لەم کاتە ناسکەدا . نەورۆزی بەشانوو شکۆ ، سەری لێداین . بێ پلان و کات ، بڕیاری یەکەم ئاهەنگی سەرکەوتن درا .. لقی پارتی ، لێپرسراویەتی شانۆو چالاکیە هونەریەکانی خستە ئەستۆم کە گرانترین باربوو تا ئەو ساتە هەڵم گرتبێ . دەبێ چۆن ئاهەنگێ لەپێەتەختدا بگێڕدرێ و قەواری هونەری کوردی نیشان بدرێ !.. بەنام بردە بەر هونەرمەندو هونەردۆستان و لەرۆژانی نزیك نەورۆزیش کاك ( ئەنوەر تۆفێ ) تەخسیری بۆنەکردم !.. بێ پرۆگرام ، کات کەم . بەدواچوونی رۆژانە و پرۆڤەی گەرەك بوو . هیچ جێگایەکی واشمان شك نەدەبرد تا خۆمانی تێدا ئامادە بکەین .. منی دەروێشی حیزبایەتی ، بۆ دووەم جار ، یانەی سەرکەوتنی کوردانم بۆ مەبەسی پارتی بەکارهێنا .. بەدوای ئەندامە چالاك و دیارەکانی یانەدا گەرام . کاك موکەرەم تاڵەبانی و محەمەدی مەلا کەریم دیار نەمابوون .. بەهۆی کاك برایم میرانیەوە ، مامۆستا علاء الدین سجادیمان رازی کرد ( وابزانم مێردی پوری بوو) تا چالاکی رۆژانەمان بخەینە ئەوێ .. ئەو دە — پانزدە رۆژەی بەدەستمانەوە بوو ، هەمووی چالاکی و تەقەڵا بوو . لە چێشتەنگاوەوە دەرگای یانە دەخرایە سەر پشت تا درەنگە شەوان دانەدەخرا .. چەند شەوێکیش هەر لەوێ نووستم .. هونەرمەندانی کوردی بەغدا ( بەوانەشەوە هێرشیان کردبووە سەر شۆڕش و سەرۆك ) بۆ بەشدار بوون دەهاتن .. ئەوانەی بە دڵمان نەبوون ، بەبیانووی ئەوەی رای لیژنە وەرگیرێ ، فەرامۆش دەکران .

بەپەلەو لەسەر رۆشنایی مێژووی کاوەو زوحاك ، شانۆگەریەکی یەك پەردەییم ئامادە کرد و کاك بەدرخان سندی ( کە بووە بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی ) کردییە عەرەبی و قوتابیانی زانکۆ ٠ ( کە بۆ یەکەم جار

دەهاتنە سەر شانۆ ) بەیارمەتی کاک ئەنوەر تۆفیق کەوتنە پڕۆڤە کردن .. بۆ پڕکردنەوەی پڕۆگرامیش ، داوا لە لقی کەرکووک و سلێمانی کرا ، بەدەنگمانەوە بێن و باشترین چالاکیمان بۆ بنێرن .

چەند بە لەش ماندوو بووم ، بەبیر زۆرتر ، خەون و خەیاڵیشم لای کۆنگرە جەماوەرییە گەورەکەی ١٧/ ٣ / ١٩٦٣ ی کۆیێ بوو . کە بڕیاری چارەنووسی شۆڕشی دەدا و داواکانی کوردی هاوێر دەکرد ، لەراستیشدا ، پەیوەندی بەینی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی یەکالا دەکردەوە .. لام وایە ، ئەو کۆنگرەیە بزمارێکی تری لەیەکێتی کوردایەتی دا .. بووە هۆیەك بۆ گەشەکردنی ناکۆکی بەینی هەر دوولایان وئەنجامەکەشی کەرت بوونی کوردایەتی و دامەزراندی شەڕی براکوژی بوو کە هەزارەها رۆڵەی بەچەرگی ئەم نەتەوەیەی لووش داوەو تا ئیمڕۆش قەرەپووی دەدەینەوە .

ئەندامانی لق ، کەزووربەیان بە پەلە لە کۆنگرە گەڕابوونەوە ، لەمن ماندووتر بوون . هەریەکەیان کۆمەڵێ کاریان خستبووە ئەستۆی خۆیان و بێوچان دەبزوان و پێیەکیشیان لای وەفدی کورد بوو ( کە بەبڕیاری کۆنگرە دروستکرابوو) بریتی بوون لە بەرێزان : مام جەلال ، عگید صدیق . صالح یوسفی . بابەکر پشدەری ، مسعود محمد ، شێخ حسین خانقا ، محمد سعید خفاف . رشید عارف ، صمد محمد ، عقید الرکن مصطفی عزیز ..

نزیك ئێوارەی رۆژی ئاهەنگ ، بەردەمی هۆڵی (خولد ) پڕ بوو لە پیاو وژنی کورد . بەجل و بەرگی نەتەوەیی ئاڵو واڵای جوان و بریقەدار و دڵفرێن چاوەڕوانیان دەکرد .. هەتا ئەو خێزانانەی شەهیدیان لەو رێگەیەدابوو ، یان جەرگیان لەبەندیخانەکاندا مابوونەوە ، بەکەلوپەلی رەشەوە هاتبوون !.. تا درەنگانێ ئەندامانی لق و ناوچە و پۆلیس کارەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو ، ئەوانەی دەعوەت کرابوون ، دەکرانە ژوورەوەو جێگەیان بۆ دابین دەکرا ، کەمام جەلال و نوێنەرانی شۆڕشی کوردو کاربەدەست و میوانە عەرەبەکان گەیشتن ، ئەو ناوە شڵەژا .. هورووژم .. پاڵەپەستێ.. دەرگای هۆڵ لە گرێژەنە چوو .. بەکەس هێور نەدەکرایەوە !.. هەموویان ،

هەر ئەوەندیان پێکرا ، دوو- سێ ریزی پێشەوە لەحەشامات بپارێزن .. تا بەپێوەش جێگە نەما ، خەڵکی هەر دەهات !!..

بەچەند سوورەتێکی قورئانی پیرۆزو سرودی ( ئەی رەقیب ..) ئاهەنگەکە کرایەوە . میوانە بەعثیەکانمان ناچارکرد ، لەگەڵ جەماوەرا ، دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شۆرش بێدەنگ بووەستن!!.. سرودەکانی کاك خالید دلێر ( پێشمەرگەین ..) و (سەلاو لەپارتی ...) هۆڵەکەی هەژاند . فرمێسکم لەچاوی دەیەها ژن و پیاو دەدی !.. مام جەلالیش گەژبینانە باسی : کۆرە فرەوانەکەی کۆیی و داوا سەرەکیەکانی کوردی کرد و چەپڵەبارانیان کرد .. بروسکەی پیرۆزبایش لەبەینی سرودەکانی نەورۆز، گۆرانی ، رەشبەڵەك . شانۆگەری . دەخوێندرایەوە .. پتر لەسێ سەعاتی خایاند .

## (١٢)

هەر خاڵە تایەرم بەربوو ، دایکیشم گەرایەوەو ئێمەی مەرەخەسکرد . پاش چەند هەفتەیێ ( لەسەر داوای دەبابە) ماڵیان تێکناو چوونە خانووی قایمەقامی کۆیە( هەر لە کۆدەتا سەربازیەکەوە کۆیێ کەوتبووە ژێر دەستی پێشمەرگەولیژنەی ناوچە کۆنترۆڵی کردبوو ) بۆ دواجار ماڵئاوایمان لەشاری زێری رەش کرد! ( بەڵام خانەو نفوسمان تا ئێستاش هەر لەکەرکووکە) . لەسەر داوای پارتیش ، سلێمان بووە پێشمەرگەیەکی دەستەی پاراستنی خاڵی . منیش سەرگەردان بووم و چوومە بەشی ناوخۆی کۆلێژی کشتووکاڵی ئەبوغریب ( لەوساوە گاڵەم پێدەکرێ ولەشوێن و جێگایەکدا ئۆقرە ناگرم!) .. پاش ئاهەنگی نەورۆز ، دەرگای یانەی سەرکەوتنی کوردان داخراو گۆڤاری هیواش کەوتە گیاندان . زوربەی دەستەی بەرێوەبەر ( جگە لە علاءالدین سوجادی ) گیرابوون یان خۆیان شاردبۆوە . ئەوەندە بێ پارەو کەم دەرامەت بوو ، کرێی ( شوقە ) کەش

نەدەدرا . کەلوپەلی هەراج دەکرا یان تالان دەکرا . لەراستیدا ون بوونی محەمەدی مەلا کەریم کەلێنێکی گەورەی لە سەرجەمی چالاکی یانە جێهێشت کە بەئێمە پڕ نەدەکرایەوە .

لە رۆژی دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کوردانەوە ، خۆی لە ململانێی پارتایەتی وەدوور خستبوو ، بۆیە ببوە رووی پرشنگداری بزوتنەوەی کۆمەلایەتی و رووناکبیری کوردانی بەغدا . گۆڤاری ( هیوا )ش قوتابخانەیەکی لێهاتووی ئەدەبی کوردی کوردستانی باشوور بوو ، هەندێ بەرهەمی ئەدەبی نیشتمانی و باس و لێکۆلینەوی رامیاری رێی نیشاندەر بوون ( لە هەموویان دیارتر ،چوارینەکانی نەمر کامەران موکری بوو ) بەلام پاش تەمووزی ١٩٥٨ کوردە شیوعیەکان ( یان سەر بە شیوعیەکان ) دەستی بالایان هەبوو ، بەپێی بۆ چوونی خۆیان هەلیاندە سووراند پارتیش تا لەتواناپدا بووایا خۆی تێهەلکێش دەکرد . جاری واش هەبوو ، ململانێیان لەسەر دەکرد . لەماوەی پێنج سالی دواییدا ، بەرەو لێکترازان و خاو بوونەوە چوو . گۆڤارەکە لاواز تر بوو . کە ( پاش کۆدەتا سەربازیەکە ) شیوعیەکان ون بوون ، یانە ئفلیج بوو ، لە هاوینی ١٩٦٤ بەتەواوی مرد !.. ئەمە ، وانەیەکی گرینگ بوو ، بۆ من ( کۆنترۆلکردنی رێکخراوە کۆمەلایەتیو رووناکبیریە کوردیەکان لەلایەن پارتە سیاسیەکان و ململانێیان لەسەر دەستەی بەرێوەبردنی ئەو رێکخراوانە ، ئەنجامی نشوستی و لەناوچوونیەتی ) بۆیە هەمیشە دژی دەستێوەردانی پارتەکانی گۆرەپانی کوردستان بووم ..

لەو ماوەیەدا ، حیزبایەتی و چالاکی قوتابیان زووربەی کاتی گرتبووم . ئەوەی لە ژیانی رۆژانەم دەمایەوە بەشی خوێندن و چالاکی ئەدەبی نەدەکردم . لەچایخانەو یانەی قوتابیان و مالاندا ، هەر باسی رامیاری و شیوعی قران و هاموشۆی نوێنەرانی حکومەت و شۆرش و داواکانی کورد و پێشنیارەکانی بەعث بوو .. هەرچەندە خوێندکارە بەعثیەکان وایان نیشان دەدا کە هاو خەبات و ئامانجین ، بەلام لەژێرەوە چاودێریان دەکردین و پلەو پایەمانیان لای خۆیان تۆماردەکرد ..

هەندێ لە شیوعیە دیارەکانی کورد و عەرەب ، هەر زوو خۆیان گەیاندە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و باوەشی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و هەندێ بەشداری کۆنگرەی کۆیەشیان کرد . بەڵام لەناو پارتی و سەرکردایەتی شۆڕش دا ( جگە لەوەی کە دەبێ رابەری شۆڕشەکە هەر خۆیان بن ) دوو رای سەرەکی هەبوو . هەر یەکێکیشیان بڕو بیانوو بەڵگەی رامیاری خۆیان هەبوو .

سەرۆکی پارتی ، وەك چۆن هەڵسووکەوتی لەگەڵ خێڵ و عەشیرەتەکاندا دەکرد . هەرواش سەیری شیوعیەکانی دەکرد .. رێگەی دابوون کە کۆمەڵە چەکدار دروست بکەن و لەگوندێ نیشتەجێ بن ، بەڵام هەمیشە لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی لیپرسراوانی سەرۆك بوون . مەکتەبی سیاسی ( بەگشتی ) نەك هەر لەبەر : حیزبایەتی و کاری رابووردویان و دەوری ئەفسەرانی شیوعی لە وێرانکردنی گوندو لادێیە بێدەخلەکان ، بەڵکو لەسەر رۆشنایی یەك هێزی چەکدار .. دژی کۆبوونەوەی چەکدارە شیوعیەکان بوون . بەتایبەتی لەناوچەی گەرمیان ، کەسنوریان لەسوپاو هێزی چەکداری دەوڵەت نزیك دەبۆوە .

مەکتەبی سیاسی لەو رایەدا بوو کە دەتوانن لە ناو هێزو لقەکاندا ، ببنە پێشمەرگە و درێژە بە خەباتیان بدەن لەپێناو ( دیموکراتیەت بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ) شیوعیەکانیش بەمە رازی نەبوون ، لەکاتی دانووساندا ، هەندێ چالاکی چەکداریشیان نواندو لەسەنگەری سوپایاندا .. ناخۆشی لەبەینی مەکتەبی سیاسی و شیوعیەکان پەرەی سەند و بە یەکاچوون و لەهەموویان دژوارتر ، شەڕی پەمۆو ناوچەی قەراخ و هۆرێن و شێخانی ناحیەی مەیدان بوون ، کە کاك عەلی عەسکەری و حیلمی علی شریف .. دەوری سەرەکیان تێدا دی !

بۆ تەشەنە نەکردنی ئەو دیاردەیە و شەڕی ناوخۆ ، مەکتەبی سیاسی پلانی گۆڕی و رێنمایی تازەیان دەرکرد کە نزیك بوو لەهەڵوێستی سەرۆکەوە : دەکرێ ، لە لق و بەتالیۆنەکاندا ، دەستەی چەکداری شیوعی هەبن .. شیوعیەکانیش خۆیان بەهێزێکی تر دەزانی و ئەو بڕیارەشیان پێ

هەرس نەکرا ، زووربەی چەکدارەکانیان ناردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەرۆك ولەچەند شوێنێکی ناوچەی سۆرانیشدا کۆبوونەوە ..

حکومەتی بەعث ، هەر لەسەرتای هاتنەسەرکاری نەك بڕوای بەیەك حیزب و قۆرخ کردنی شەقام و یەك ئیدارەی ژێر کۆنترۆلی خۆی هەبوو ، گەرەکیشی بوو سەر کردەکانی کورد ، بەکەمترین ماف رووناکبیری لەخشتە بەرێ و ئەو کۆمەڵە چەکدارەی ( لە شاخ عاسێ بوون !) ماڵیان بکات و چەکیان لێبکاتەوە !.. بۆ ئەمەش جگە لەکنەی دەزگا ئەمنیەکانیان ، وەفدێکی شەعبی لەرۆشنبیران و سیاسەتمدارانی کوردو عەرەب پێکهێناو سەرکردایەتی شۆڕش ( بەسەرۆك و مەکتەبی سیاسیەوە ) یان بە ( لامەرکەزی) رازی کرد !.. دەبێ خۆمان لەوەش گێل نەکەین ، کە سەرکرادایەتی شۆڕشیش لەو باوڕە دا نەبوو کە دانووسانەکە سەردەگرێ ، بۆیە نە ئامادەبوو ئێسگەکەیان بداتێ ، نەچەکەکانیان دانێن .. بەڵام لەگەڵ دانیشتن و گفتوگۆ دابوون .. هەندێکیان بەو هیوایەی پاڵەپەستۆی دەوڵەتان و میسر یاریدەدەری رێکەوتن بێ ، زووربەشیان بەپشوودانیان دەزانی بۆ : گەشەکردنی پێشمەرگایەتی و پەیداکردنی چەك و تەقەمەنی .. پەیوەندیشیان بەئەفسەرە قاسمیەکان و شیوعیەکانیشەوە کرد بۆ ئەوەی بێنە دەرەوەیان زانیاریان بدەنێ .. پاڵەپەستۆش بخەنە سەر دەوڵەتی ئێران تا پتر یاریدەیان بدا ..لەو چەند مانگەدا ، کاك عبدالرحمن رووتە هەر لە هاتووچۆدابوو ، کاك عومەر دەبابەش چەند سەردانێکی ئەو دیووی کرد .

کە حکومەت زانی ، سەرکردایەتی شۆڕش هەستیان بەپلانەکەیان کردووە ، مەبەسی بوو دانووسانەکە درێژە بکێشێ تا : ئیدارە رێکدەخەنەوە . ئەفسەرو دەرەجەدارەکانی شیوعی و قاسمی لەناو سوپا پاکدەکەنەوە .. ئەوسا ، بەیارمەتی دەوڵەتانی دراوسێ ، چاوپۆشی بەرەی سۆشیالیست و سەرمایەدار ، هێرشێکی فرەوان بکەن و شۆڕشگێرەکان سەرکوت کەن !.. بۆیە ، هەوڵیاندا حکومەتی میسرو سوریا دەور ببینن تا تەواوی ئۆباڵ بخەنە ئەستۆی کوردان ..

لەراستیدا .. ئێمەی ئەندامان تەنیا دوو – سێ مانگی یەکەمی شەڕ وەستان گەشابووینەوە ، ئۆخەمان لەخۆمان کردبوو .. لەدوای ئەوە ، تا دنیا گەرمتر دەبوو ، دانووسان ساردتر دەبوو ، گومان بەناو شانەکانماندا تەشەنەی دەکرد . هەردوولامان بەگومانەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ یەك دەکرد . کەزانیمان خەریکی ناو نووسکردنی ئەندام و پاڵیوراو لایەنگیرانی حیزبین ، ئێمەش ، بڕیاری گۆڕینی ( شانە ) مان داو کردمانە زنجیرە ( خطي ) و یەك – یەك ببینێ .

لەسەرەتای مایسی ۱۹٦۳ وەبڕوبیانووی شۆڕش و بەعثیەکان پتر بوو .. نائارامی سەرەتاتکێی کرد .. لەشارە کوردییەکانیشدا ، بەتۆمەتی جۆراوجۆر پارتەچالاکەکانیان راودەنا ، دەیانگرتن . ئاڵوگۆڕییان بە ئەفسەرەکان و هێزەکانی ناو کوردستان کرد .. هەر چەندە وەفدی هەر دوولا لەهاتووچۆ دابوون ، بەڵام بەرەو داتەپین و نەمان دەچوو!.. ئێمەی قوتابیش ، بەئاشکرا کەوتینە ژێر چاودێری حەرەس قەومی !.. بەڵام لە چالاکیە گشتی و نیشتمانیەکاندا بەشداریان دەکردین .. منی بەتەمەن ، وەك گای قەش دیار بووم . هەفتەی چەند جارێ دەچوومە بەغداو لە کۆلێژی پزیشکی ( کە ببوە جخزی چالاکی قوتابیانی کورد ) چاوم بە محمود عثمان و باقی دەباغ و فوئاد بابان و سەروەر محەمەد .. دەکەوت . دەنگوباس و بڕیارو بەیاننامەم .. وەردەگرت وبەهەڤاڵانم رادەگەیاند .

ڕۆژ دوای ڕۆژ گرژی پتر دەبوو . ترس دەیبزواندین . کچە قوتابیەکان تەنگیان پێهەڵچنین و داوای چارەیان لێدەکردین . کە کچە شیوعیە گیراوەکان بەردران و رەزالەتی بەندیخانەو کردەوە درندەیەکانی ( حەرەس قەومی ) یان بۆ گێڕانەوە .. پتر تەنگاویان کردین . ئێمەش داوای خۆڕاگرتنمان لێدەکردن تا بڕیاری سەرکردایەتیمان پێدەگا .. لەو بەسەرهاتانەی کە هەمیشە لەیادمە :

کچێکی باریکەلەی سپیکەلەی جوانکیلەی دەزگیرانداری ( صوبی )مان هەبوو . لە شیوعیە چالاکەکان بوو . هەر لە سەرەتای شیوعی قران گیراو تاماوەیەك بزر بوو . کاتێ هاتەوە . کز ، مەلوول ، دوورە پەرێز ، جلی

رەشی ئاودامانی لەبەرکردبوو . دەستگیرانەکەشی وازی لێهێنابوو .. بە دزیەوە بۆ کچە قوتابیە کوردەکانی گێڕابۆوە کە چیان بەسەر هێناوە ، و چۆن لە کچێنیان خستووە ، شەرەف و نامۆسیان بردووە ! ئێمە بە گومان بووین لە گێڕانەوەی رووداوەکە . بەلام کچەکان عەجمینیان لەبەر هەلگرا ! ! ( .. پاش کۆدەتا سەربازیەکەی عەبدولسلام عارف کتێبێ لەسەر پۆخرەواتی حەرەس قەومی دەرچوو ، باسی ئەو کچەی تێدابوو . خزمەکانی شکاتیان لەتاوانباران کردبوو . سەرەڕای ئەوەی دەسەلاتیان لەناو بەعثا زۆر بوو ، بەلام هیچیان پێ نەکرابوو ! ! )

زووربەی خوێندکارە دیارەکان ،ئامادەبووین برۆین و واز لە خوێندن و تاقیکردنەوە بێنین . بەلام لقی بەغدای پارتی لەگەڵ ئەو پەلە پەلیەدا نەبوو . گەرەکیان بوو تا دەکرێ بمێنینەوە و سالی خوێندن تەواو کەین .. لەراستیدا ، لەدوا مانگەکاندا دەستمان نەدەچووە هیچ . ئەوەندەی بیرمان لەگرتن و راکردن دەکردەوە ، خوێندنمان بەخەیالا نەدەهات . ترس زۆرمانی کۆنترۆل کردبوو ، چونکە بەسەرهاتی شیوعیەکانمان بەچاوی خۆمان دیبوو . بەلام لە پروپاگاندە و بلاوکردنەوەی بەیان و رۆژنامەی نهێنی و رێنمایی نەکەوتبووین.

لە سەرەتای حوزەیراندا رێنماییەك هاتە خوارەوە ، ئەوی لەبیرم مابێ : داوایان کردبوو ، ئەوەی لەخۆی دەترسێ ، لەبەشی ناوخۆ نەنووێ .. ئەوەی زۆر دیارە ، خۆی بشارێتەوە . ئەگەر ناچاریشن ، پەیوەندی بکەن تا دەرباز کرێن .. ئەوانیتر دان بە خۆیاندا بگرن تا تاقیکردنەوەی سەری سال تەواو دەبێ .

من .. چەند دەرسێکم مابوو . بەلام بە خۆشاردنەوەش دەرباز نەدەبووم . ئەو کتێب و بەرهەمە ئەدەبیانەی لام بوون ، بردمە ناوچەی ( زەعفەرانیە ) لەمالی نایب زابت ( عومەر عەبدوللا )م دانا ( عثمانی ) کوڕی لەکەرکووکەوە دۆستێکی نزیکم بوو ( لە دواییدا بووە بەرێوەبەری گشتی مدینە الطب لە بەغداو کۆچی دوایی کرد ) خۆشم دەربازکرد .. باشترین شوێن بۆ من هەولێر بوو . جگە لەخزم ، کەسیتر وەك سیاسیەك

نەیدەناسیم . لەدونیای ئەدەبیشدا گاگۆلکەم دەکرد .. کە رەشبگیری حوزەیران دەستی پێکرد ، گەلێ قوتابی گیران و لەبەندیخانەکانی حەرەس قەومی ئەشکەنجە دران .. هەبوو روخا ، زووربە ورەی بەرنەدا .. لەوانەی بیستمانەوە و لەهەموویان بەجەرگتر بوون : جەمال رەشید و حەمە غەریب تاڵەبانی .. بوون . بەڵام شاکاری خەبات حەمە صدیق بوو . کە ئێستا لە کولەکەی ئەرپیشدا ناوی ناهێنرێ !

حەمە صدیق کوڕێکی باریکەلەی یەك دەستی پێنجوینی بوو . رووبە پێکەنین و قسە خۆش بوو .. دەمناسی ، بەڵام هاوڕێیەتیمان کەم بوو . لێپرسراوی نهێنی بەشێکی رێکخستنی کچانی زانکۆ بوو ( بە هەڵە نەچووبم قوتابی ئاداب بوو ) لاوێکی زۆر بەرچاو و ئاشکرا نەبوو ، بەڵام بەعثیەکان بە لێپرسراوی زانکۆیان دانابوو .. لەگەڵ ئێمە بەغدای جێنەهێشت . مەبەسی بوو ئەو چەند تاقیکردنەوەی ماوە تەواوی بکا . بەڵام شەوی رەشبگیر بەند کرا . لەزیندانیشدا ورەی هاوڕیانی بەرز دەکردەوە .. شەوانە ئەشکەنجە دەدرا تا بێ هۆش دەبوو .. هەر قوتابیەك دەرباز بوایا ، خەبەری بەرگری خۆی پیا دەنارد .. لە ژێر ئازارو ئەشکەنجە گیانی لەدەستدا . مەیتەکەشیان نەدایەوە کەسوکاری !!

## بەرەو پێشمەرگایەتی

(١)

لە هەولێر چوومە ماڵی کاک عثماني خاڵۆزام تا ڕێیەك دەدۆزمەوە و خۆم دەگەێنمە شۆڕش . هێزی پێشمەرگە و کادیرانی پارتی ماوەیەك بوو هەولێریان جێهێشتبوو ، لە زورگ و هەڵدێر و شیوەکاندا سەنگەریان گرتبوو .. لەگوندی ( دێگەلە)شەوە تا ( چنارۆك ) بەسەرکردایەتی خاڵە عومەرم دامەزرابوون .. سۆپای عیراقیش ئەو ڕۆژە کەوتبووە ڕێی و پێشی خۆی پاکدەکردەوە .. ناو هەولێر ، لەشارە هێورەکان بوو . بەڵام ، گرتن و فڕاندن و ڕاونان و ترس .. زۆر بوو .. خەڵکی کاسبی شارکە ، تا دوو رستەی دەووت ، چەند جارێ ئاوڕی لە دەوروبەری دەدایەوە ..

منی لاوی خوێن گەرم ، وەم دەزانی بە گەیشتنم ، نەك هەر شۆڕش سەردەکەوێ ، بەڵکو کوردستانیش ڕزگار دەبێ .بۆیە .. خاڵۆزاکەم تەنگاو کرد بوو .. ڕۆژی دوو جاریش ( بەیانیان و ئێواران ) دەچوومە چایخانەی ( مستیل ) و لەبەر پانکەو موبەریدە هاوڕێیانم دەدواند و چاوم لەسەر شەقام بوو ( چایخانەی مستیل ، ئێستا دوکان و چێشتخانەیە و دەکەوتە بەرامبەر چایخانەی ( مەچکۆ) و دەلالخانەکە ، جاران گەراجی کۆیێ بوو .) جگە لە قوتابیانی زانکۆ ، چەند کۆیەکیشمان لەگەڵا بوو .

کاك عثمان حەسەن دزەیی ( کە قوتابی بەشی کوردی زانکۆی بەغدا بوو) چاوساغ وتەکبیرکەرمانبوو . بارەگرانەکەی خستبووە ئەستۆی . چونکە ..جگە لەوەی نەوەی ئاغایان بوو ، ماوەیەکیش لە شارا پارتایەتی کردبوو . پارتیەکانی دەناسی و بڕوایان پێدەکرد . کاك بەکری سەعدی ئاغاو عەبدولرەزاق دەباغ و ... وایان لە کاك حەوێزی مام یەحیای کۆیێ ( کە سەر بەحکومەت بوو) گەیاند بووکە دەمانەوێ بچینەوە ناو کەسوکارمان . ئەویش دڵسۆزانە ڕێو شوێنی بۆ دادەنایەن . داوای لێکردین کە پەلە نەکەین ، چەند ڕۆژێکیتر سوپا ڕێگە پاك

دەکاتەوە و هاتوو چۆی کۆیە دەکرێتەوە !.. بەڵام من ، بەو نیازە نەبووم لە کۆیێ گیر بخۆم . چەند مانگێکیش بوو ماڵمان راقە نابوو ، تا نزیك سنور نەوەستا بوونەوە . کاك ئاغای گوندی ( هێرۆ) کاکی بابەکر پشدەری ( کۆنە وەزیری عیراق ) دیوەخانی بۆ چۆڵکردبوون وبەگەرمی میوانداری دەکردن .

سوپای عیراقی هەر لە زورگەکانی هەولێر بوو ، کاك عثمان بەگوێیا چرپاند .. لە کات و شوێنی دیارکراوا ئامادە بووین . منی لاوی شاری نەشارەزا ، جانتایەکی بچوکم هەڵگرتبوو ، بەکراسی نیو قۆڵ و پانتۆڵی تەسك و قۆندەرەی مۆدێرنی ناسك ( چەم چەمیان پێدەووت ) چوومە ناو ( لاندکرۆزە)ی درێژ ، کە لەنزیك تەکیەی بەرزنجیەکان وەستابوو .. بەماوەیەکی کەم و پێش ئەوەی تاریك دابێ گەیشتینە گوندی ( بەحرکە)ی بایز ئاغای گەردی ( نەك هەر سەر بەحکومەت بوو، چەکیشی بۆ هەڵگرتبوون !) بەڵام لێپرسراوی پارتی ( کە لاوێکی باریکەلەی تازە هەڵچووی خوێن گەرم بوو . وابزانم مەلا محەمەد بوو) ئازادانە کاری دەکرد.. هەر دووکیان بەخێرهاتنیان کردین و تا کاتی دەرچوون ، لەماڵان دایان مەزراندین .

دوای نیوەشەو ، مانگ بەرەو ئاوابوون دەچوو . دەنگیان داین . دوو چەکداری بایزئاغاو سێ — چوار بارەهێستر .. خۆراك و پێویستی پێشمەرگە و دەوری(٢٨) کەسێکی وەکو ئێمە ، بەدوای یەکدا ریزمان بەست و ئەو دەشتەماندا بەر.. هەندێ جار ، بەرپێی خۆمان نەدەدی و رەتمان دەبردو دەکەوتین .. بەڵام چاوێکمان هەر لەبارەگای لیوای سەربازی سەرشاخی پیرمەم بوو ، کە جاروبار ، لەگەڵ فیشەکی ( رووناککەرەوە ) تۆپیان تێدەگرتین .. ئێمەش ، بەپەلە ، خۆمان بەدەما دەخست و هێسترەکانیش دەگەیاندرانە دۆڵ و شیو ونزمایی ئەو ناوە !!.. زۆر جار ترس تەنگی پێهەڵدەچنین و سەرمان لێدەشێوا .. کەلەرێگای سەرەکی هەولێر — مەسیف نزیك بووینەوە ، هەموومان خۆمان دا پەنا .. چەکدارێك جادەکەی سەح کردەوە ، ئینجا بەپەلە پەرینەوە .. پاش ماوەیەك ، لە دۆڵێکدا پشووماندا .. بەرەو بناری

( سەری ڕەش ) و ( سەفین ) کەوتینەوە ڕێ. ئەوانەی بیرم ماون : بەکری سەعدی ئاغا ، برایەکی د. بدرخان سندی ، کوڕێکی ئەنوەر مائی . عبدالرزاق دەباغ .

لەیەکەم سەنگەری پێشمەرگەی بناری سەفین ( بەلای هەولێردا ) بارەکان داگیران و ئێمەش دراینەدەست لێپرسراویان و چەکدارو هێسترەکان بەرو بەحرکە گەڕانەوە .. پاش بەخێر هاتنمان ، چاو ساغێکیان لەگەڵ ناردین . لە نیوەی بەرزایی شاخەکەدا ، بارەگای سەر لق بوو . ئەویش لەپەنا شاخێك داینایین تا دونیا ڕووناك دەبێتەوە .. من، لەهەموویان سەرماترم بوو . جانتاش هیچی وای تێدا نەبوو لەبەری بکەم ، خۆم خستەبەینی دووان تا تۆزێ گەرمم ببێتەوە ! .. لەناخدا .. وام چاوەڕوان دەکرد ، کە گەیشتمە ناوچەی ئازاد کراو ،خۆشیەك سەرتاپام بهەژێنێ .. بەلام هەستم بەهیچ نەکرد !..

لەزۆر شوێنی کوردستاندا شەڕ گەرم بوو ، ئەو دیو سەفینیش بەرگری لێدەکرا ، بەلام ئەم بنارە بێدەنگ بوو .گوندەکان ئاوەدان بوون .. هەندێ جار فڕۆکەکان بۆردمانی سەنگەرەکانی دەکرد یان چەند تۆپێکیان تێدەگرتن و زووربەی لەدەوری گوندەکانی دەدا . لەگەڵ خۆرهەلاتدا جموجۆلمان تێکەوت . سکی برسی قۆڕەی دەهات ، کەسیش لێی نەپرسینەوە .خۆشمان ڕوومان نەدەهات داوای هیچ بکەین.. لەدواییدا بۆم دەرکەوت داواشمان بکردایا ، هیچیان نەدەداینێ .. چونکە بە هەزار حاڵ خواردنی پێشمەرگەی خۆیان پێ مەیسەر دەکرا ! ! ( زووربەی هەر سێ ژەم ، نانی و شك و چا بوو ! )

چێشتەنگاو ، پێشمەرگەیەکی چاو ساغیان لەگەلا ناردین بۆ بارەگای سەرەکی ئەم ناوچەیە ( کەوتبووە نزیك گوندی قەلاسنج ) کە حەمەد ئاغای مێرگەسووری لێدادەنیشت .. برسی ، ماندوو ، شەکەت ، کەم خەو .. ڕێمان دەکرد . خەلکی گوندەکانی سەر ڕێمان ( کە زووربەیان ئافرەت و پیری پەککەوتەو مندال بوون ) نەك هەر ڕوویان خۆش نەبوو ، بەناڕەزایی و وەڕزیەوە سەیریان دەکردین .. نانی

رووتیشیان لێمان چاو بوو .. بۆ ؟ .. خۆم پێ ڕانەگیرا و لە چاوساغەکەم پرسی : ( لاوێکی نەخوێندەواری زیت بوو ) ئەو دایە پاڵ دوو هۆ : گەمارووی ئابووری سەریان ( بە زەحمت و بەگران پەیداکردنی ئاردو شەکر و چا) .. زۆری ئەو پێشمەرگانەی ڕۆژانە لەو گوندانە لادەدەن و داوای خواردن دەکەن ( هەندێکیش پیاویان لەماڵ نییە) .. بۆیە من پرسیم : ئەی بارەگای لەشکر و دیوەخان لەو ناوچەیە نیە ، خواردن بە پێشمەرگەی ڕێبوار بدا؟!.. گاڵتەی بەقسەکانم هات و سەری ناڕەزایی بادا ( ئاش لە چ خەیاڵێك و ئاشەوان لە چ خەیاڵێك !!).. ئێمە کە لە بەغدا دەرچووین ، چۆنمان بیر دەکردەوە و ئێستا لەسەرەتای گەیشتنمانا چی دەبینین ؟!..

پاش چەند سەعاتێ ، گەیشتینە بارەگای ( قەڵاسنج ) کە لە دۆڵێکی لێژی باریك و پەنا ، چەند ژوورێ کرابوو . لە میوانخانەی بارەگا دامەزراین .. یەکێ کولێرەیەك و چایەکیان داینێ و سکمان پێی نەزانی ! نووسەری بارەگا بەخێرهاتنی کردین و پرسی : چ کارەیەن . بۆچی هاتووین . بۆ کوێ دەچین .. ئێمەش وەڵامان دایەوە ..من بە ( عومەر دەبابە ) ی خاڵیشم خۆم هەڵدا ، بەڵام هیچ گۆڕانێکم لە قسەو هەڵسوکەوتی نەدی ، وەك نەیناسێ وابوو !.. زووربەمان بەسەر سامیەوە سەیری دەوروبەرمان دەکرد و هەستمان بەنامۆیی دەکرد . من لەهەموویان پتر !.. چاوەڕوانم کرد ، حەمەد ئاغا بانگم بکاو بم دوێنێ .. بەڵام خۆشی تێنەگەیاندم !

نزیك ئێوارە ، حەمەد ئاغا لەگەڵ دوو – سێ کەسی تر لە بارەگا هاتنە دەرەوە . سەریان بە میوانخانەکەدا کرد . هەموو هەڵساین . بەپێوە ، بەخێرهاتنی کردین و دەرچوو .. سواری وڵاخە بەرزەکەی بوو ، دەنگی پێشمەرگەکانیدا : دوو بزن چاکەن .. لە خۆشیدا سەیری یەکمانکردو بزە کەوتە سەرلێومان . بەڵام کە وتی : هەتا سبەینێ دەگەڕێمەوە دەستی بو مەبەن !.. لە جێگای خۆماندا فس بووینەوەو زەردەخەنەکانمان پوکایەوە . ئێمەی خوێندکاری زانکۆ و تێکۆشەرانی شار ، وامان دەزانی کە لێپرسراو وسەرکردەکان چاویان

پێمان دەکەوێ ، بەدەورماندا دێن و دڵنەوایمان دەکەن . باشترین و خۆشترین خواردنمان دەدەنێ .. بەڵام لە هەوەڵ بنکەوەتووشی بێ میوایی بووین !!

هەر چەندە خواردنی پێشمەرگەکانم نەدی . بەڵام بۆ شێویش هەر کولێرەو چایەکی شیرینمان درایێ . نووسەرەکە خەبەری نارد کە :
— سەر خەوێ بشکێنن . بەرەبەیان چاو ساغێکتان لەگەڵ دەنێرین تا لیژنەی ناوچەی پارتی لە ( هیران ) بتانبا .

لێفەو بەتانیەو جاجم .. لەگۆشەیەکی میوانخانە هەڵچنرابوو .. هەر یەکە ، پێخەفێکی دەست دایێ و بەریز پالکەوتین .. من جانتایەکەم کردە سەرین و جاجمێکی تۆزێ پاکم بەرکەوت . سەرەڕای ماندوویی ، کەم خەوی ، برسیەتی ..کێچ و ئەسپێ گاڵەی پێکردین !.. خەوم لێزڕا و خەریکی خۆ هەلکڕان بووم . بەدەم خۆ خورانەوە ، گاڵتەمان بەیەك دەکرد .. من لەهەموویان کزتر بووم .پەشیمان بوومەوە کە خۆم بە خاڵم هەڵدا !!.. هەندێ جاریش بۆ دڵنەوایی خۆم ، بڕو بیانووم بۆ ئەم پێشوازیە ساردو سڕە دەهێنایەوە .. ئەوانەی بەرو کۆیە دەچووین جگە لە من و عثمان دزەیی و بەکر سەعدی ( ٨ ) کەسیتر بووین .. پێش مەلابانگدان ، دەنگیان داین .. چاو ساغەکەمان هەندێ تێبینی داینێ کە فرۆکە هات چۆن هەڵسوکەوت دەکەین و لە بۆردمانی دەرباز دەبین . دە .. دوانزدە کەسێ بەسکی برسی دوای کەوتین . لەگەڵ خۆڕ کەوتنا، فرۆکە لەسەر ناوچە پەیدا بوو . هەریەکەمان خۆی دایە پەنا بەردو دەوەنێ تا ون بوو .. گوندەییەکان ، بەهەمان شێوەی دوێنێ لەگەڵماندا وشك بوون . داوای نان و ئاویان فەرامۆش دەکرد .. بە رەحمەکانیان دوو - سێ نانی تیرییان لەدەست بەردەبوو .. برسیەتی تەنگی بە ئێمەی ( ئەفەندی ) هەڵچنی .. کەوتینە ویژەی ( بەڵا لووك ) دەنك .. دەنك لێمان دەکردەوە و بە مست لەدەممان دەئاخنی .. من دەردەکەیم دەزانی ، بەڵام چاوساغەکەمان هەر زوو هاواری لێهەڵسا کە نەیخۆین ، کەزانی بەقسەی ناکەین ( سکی برسی هیچ ناپرسی ) وتی : هیچ نەبێ دەنکەکەی مەکرۆژن ئەگینا سکچوون هەراسانتان دەکا !..

چەند جارێکیتریش ، فرۆکە جەنگیەکانی عیراق بەسەرماندا سووڕانەوە ، بەڵام بۆردوومان و دەستڕێژ نەبوو .. گوندییەکان لەخۆشاردنەوە وەرس بوو بوون ، لە هەر شوێنێ لێیان بقەومایا لەپەنا دیوارێکا خۆیان حەشاردەدا.. ماوە نا ماوەش گوێمان لە تۆپ و بۆردمانی ئەو دیوو سەفین دەبوو .. زۆر دەڕۆیشتین و کەم پشوومان دەدا ، برسیەتیش پەکی خستبووین .. لەخۆمان وەرس بووبووین ، بەڵام ئێمەی قوتابیانی زانکۆ ، لەگاڵتەو گەپ نەکەوتبووین ..

دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە شارۆچکەی ( هیران ) هەریەکە بەلایەکدا رۆی و ئێمەی پارتیش شەش .. حەوتێ ماینەوە ، بەرەو بارەگای پارتی چووین .. دەرگای داخرابوو .. لەڕێبوارێکمان پرسی .. سەیری کەلوپەل و سەرۆپۆتەلاکی کردین ، زانی شارین و لێمان قەوماوە ، هەناسەیەکی ساردی هەڵکیشاو بەدەم بەخێر هاتنەوە وتی :

- لەبەرەبەیانەوە ، ئەم شارە گەورەیە چۆڵدەکرێ و لەترسی بۆردمانی بێرەحمانەی فرۆکە دەچنە ئەشکەوت و کونە تەیارە .. تا ئێوارە ئاودانی تێناکەوێتەوە .. منیش لەبەر هەندێ پێویستی گەڕاومەتەوە.. باشتر وایە لـە مزگەوت خۆتان حـەشاردەن تـا ئاوەدان دەبێتەوە

ئێمەی برسی و ماندووی رێگەو ترسی فرۆکە ، نەمان دەزانی چی بکەین .. پێش ئەوەی بڕوا لێمان پرسی : ئەی لیژنەی ناوچە ؟

- هەریەکە لەگەڵ ماڵ و منداڵی لەو باخانە کە پریان کردووە ..بەبیرم هاتەوە ، یـەك - دووەکیان .. ئـا .. لـەو کونـە تەیارەن .. ئەگەر دەیاننا‌سن بچنە لایان !

پێش ئەوەی لە کونە تەیارەی نەدیتە نزیك بینەوە ، کاك جەوهەر هیرانی ( کەزووربەمانی دەناسی ) پێشوازیەکی گەرمی لێکردین .. ئێمەش برادەرانی ترمان پێناساندن .. لە سەرینگانی خۆی داینایین .. خێرا چایان دیم دا و هەرچی خواردنێکی مابوو ، بۆیان دانایین ، دەنگی پێشمەرگەیەکی دا بچێتە لای خێزانی تا خواردنی ئێوارەمان بۆ ئامادە

بکا .. لەباخەکانیش چ میوەیەکی دەست دەکەوێ بۆمان بێنێ .. ئینجا کەوتە گێڕانەوەی رووداوی شۆڕش ..

– .. هەر لەیەکەم رۆژی دەستپێکردنەوەی شەڕ ، بۆردومانی ناو شاریان کردو پیرێژنێ بەر کەوت و چەند کەسێك بریندار و سەقەت .. چەند جارێکیش ، بێ رەحمانە ، بەشێستێیر ، ناو بازاری ڕشاند و خەڵکی بێدەخڵ و کاسب و .. پێوەبوون . ئێمەش بە میکرۆفۆنی مزگەوت بڵاومان کردەوە کە بەرۆژ چۆڵکرێ .. دنیا خۆشە ، دەتوانن شەوانیش نەگەڕێنەوە.. لەو ساوە ژیانمان نییە .. بەڵام دیارە ( سیخوڕ) مان لەناو هەیە ، فرۆکەوانەکان فێر بوون بەسەر باخچەو دۆڵەکەدا دەسووڕێنەوە و کەپرەکان تیر باران دەکەن ! !

لە هەواڵی شارەکاندا ،چاوانی پڕ فرمێسك بوو ، هەرچی جنێو هەبوو بە سوپای دا و پرسی :

- هیچتان نەبیستووە ؟!.. لۆ چما کەس مایە ؟!

واقمان وڕما .. پێکەوە هاوارمانکرد : دەبڵێ چی بووە ؟!

– .. لە زووربەی شارەکاندا رەشبگیرە .. زەعیم سدیق و زەعیم عەلی .. دەستیان لە دۆست و یارانی خۆشیان نەپاراستووە !.. سلیمانیان نێر بڕ کردووە و هەموویان لە حامیەو تەویلەی وڵاخان و قوتابخانەکان پەستیوە ..لەگۆڕپانی وەرزشیش کۆمەڵە لاوێکیان تیر باران کردووە !.. هەر شوێنێ سوپای لێبووبێ یان گەیشتبێتە ناوی ، قەسابخانەیەکی ناوەتەوە هەتا گوندەکانی سەر ڕێی دەربەندیخانیشی گرتۆتەوە ! !

وا .. گەرم بوو بوو ، ڕێگەی پرسیاری نەدەداین ، چاوانی سڕی و لەسەرقسەی رۆی :

– .. زۆر نابێ بیستم .. واخەریکە کۆیەش چۆڵکەن .. دەڵێن سوپا( دێگەڵە) ی گرتووە بەڵام دوو – سێ رۆژ بەتوندی بەرگری لێکرا .. شەو قسەی ئەسەحمان پێداگا..

کارەساتەکەی سلێمانی زۆری شڵەژاندم .. واقم وڕما .. چاوانم ئاوی تێزا .. باسەکان ، یەك لەیەك ناخۆشتر بوون . کاك عثمان هەستی بە مەلوولیم کرد و کەوتە دڵنەوایم .. ئیتر هەر ئەوەندەمان لەدەست دەهات ( جنێو ) ی بێدەسەڵاتانە بدەین .. پێش ئەوەی تاریك دابێ چووینەوە ناو شارۆچکە .. لەسەر حەوزو کانی و بەردە نوێژەکانی مزگەوت خۆمان پاك کردەوە و دەموچاومان شوشت .. بەرە بەرە ئاوەدانی تێکەوت و چەند دوکانێ کرایەوە و مەلا کەوتە جموجۆڵ و کاك حەسەن و حوسێن بەرزنجیش پەیدا بوون .. پێمانەوە شاگەشکە بوون .. چووینە ماڵی کاك جەوهەر و خێزانەکەی بەگەرمی بەخێر هاتنی کردین وا بەجۆش هەواڵی پرسین ، دەت ووت چەندەها ساڵە دەماننناسێ .. تا تێر برنج و بامیە ( بێگۆشت) بووین ، پێشمەرگەیەك ئاویشی بۆ گەرم کردین .. هەندێکمان خۆمان شووشت و پشوومان‌دا ..

شارۆچکەی هیران ، لە هاوینە هەوارە خۆش و دلگیرەکانی خۆشناوەتیە . رووناکبیرو شاعیری باشی لێهەلکەوتووە .. زووربەیان ناسیاریان لەگەڵ کۆیی‌اندا هەیە .. پێش شۆڕش ( ناحیە ) بووە.. کە کورد دەستیدایە چەك ، زووربەی پۆلیسەکانی پەیوەندیان بەشۆڕشەوە کرد .. حکومەت ئیدارەی ناحیەی کشاندەوەو زۆر لە فەرمانبەرو مامۆستاکانی قوتابخانە چوونە شەقلاوە .. لیژنەی ناوچەی پارتی ئیدارەی گرتبوە دەست . ئەوانەی بەشەو دەهاتنەوە ناو شار ،چرایان پێنەدەکرد .. یان ، بەکزی دایاندەگیرساند و وایان دادەنا رووناکیەکەی بڵاو نەبێتەوە .. گەمارۆی ئابووری حکومەتی عیراق شرپی کردبوون ، شەکرو چاو نارد ( کە پێویستی رۆژانەیان بوو ) زۆر کەم بوو . ئەوەی پەیداش دەبوو ، گران بوو ، بە زووربەی خەلکی بێ دەرامەت نەدەکرا .دکتۆر و داوو دەرمان نەبوو . دەستدرێژی فرۆکە ، مزگەوتیشی گرتبۆوە ، شوێنی فیشەکی شێستیرەکانی دیاربوو .. هەرچەندە هاوین بوو ، قوتابخانە نەبوو ، بەڵام لە قسەکانیان وا دیار بوو ، لە کاتی خۆیدا خوێندنگا دەکەنەوە ! کاك حەسەن و حوسێن برا بوون و قوتابی کۆلێژی پزیشکی بەغدا بوون ، لەگەڵ شەڕ

دەستپێکردنەوە ، چەندیان داوو دەرمان پێ هاتبوو ، لەگەڵ خۆیان هێنابوویان و لێرە دەوری دکتۆریان دەدی و بەخۆڕایی فەحسی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکەیان دەکرد .

ئەو شەوە ، بەهەرسێکیان خەریکی کاك عثمان و من بوون ، لەخشتەمان بەرن و لە هێران بمێنینەوە و ببینەکادر .. بەڵام ملمان نەنا .. ئەگەر هەر حیزبایەتی بێ ، پێمان خۆش بوو ( رابەری سیاسی ) ناو پێشمەرگەبین .. لەم چەند سەعاتە دا ، بە تەواوی ژیانمان گۆڕا .. کاك عثمان و برای کاك بدرخان سندی ( بەداخەوە ناوەکەم بیر کردووە ) و من یان رازی کرد کە سبەینێش لێرە بمێنینەوە .. ئەوانیتر بەرەبەیان بەرێکەوتن .. ئێمەش بۆ کونە تەیارە !.. کونە تەیارەی دکتۆرەکان نیمچە نەخۆشخانەیەکی گەڕۆك بوو .. لەترسی دزین ، داو و دەرمانەکانیان لە جانتا ئاخنیبوو ، رۆژانە لەگەڵ خۆیاندا هەڵیان دەگرت !.. هەرکە دەستدرێژی سوپامان بەبیر دەهاتەوە ، مەلوولی دایدەگرتین و نەعلەتمان بۆ دەناردن ، بەڵام سات دوای سات لەش و دەروونمان پتر دەحەسایەوە ..سێ ژەمیتر ، نانی باشیان داینێ و تێشووی سەفەریشیان بۆ ئامادە کردین .. لەگەڵ خەوتنان بەرەو کۆیە کەوتینە رێ ..

( ٢ )

دێی (ئازەنێن) لەئاوەدانیە دلگیرو جوانەکانی ناوچەی خۆشناوەتییە و میوەی زۆر بەتامی هەیە ، بەهەناری پەلك تەنکی دەنك گەوەری سوری ئاوداری مێخۆش و شیرین بەناوبانگە . لە دێر زەمانەوە کرین و فرۆشتنی لەگەڵ کۆییە و خزمایەتیان زۆرە و هاوینە هەواریانە .. شاخ و دۆڵی بە دارو درەخت چنراوە ، کانی و کانیاوی زۆرە . هەوای ساف و خۆشە .لە بەرەئەوەی لەسەر رێگەی کاروانن ، خەڵکەکەی خزمەت گوزارو رووخۆشن .. درەنگەشەو ، پێش ئەوەی بگەینە ئەقاری گوندی ، بزوتنەوە زۆر بوو . دەنگە دەنگی خەڵکی

دەهات . لەچەند لایەکەوە رادیۆی عەرەبی کرابۆوە ، گوێ قوڵاخی دەنگوباس بوون . لەچەند سەعاتی رابووردوودا ، ماڵە کۆیی زۆری تێکەوتبوو . سەربان و ژێر بانی ژوورو کەپری ئەو ناوە نەمابوو ،چەند ماڵە کۆییەکی لە ئامێزنەگرتبێ و خەڵکیش هەر بە رێوە بوو !..

لای چەند خزمی لاماندا ، دەنگوباسی تازەی دەنگی کوردستان و رادیۆی بەغداو کۆییان داینێ ، هەموو دنیاش لە کورد قڕان بێدەنگ بوو! !..خاڵۆزایەکم بەپاڕانەوە داوای لێکردین نەچینە کۆیێ و نەبینە بارگرانی بەسەر خاڵە عومەر و دکتۆر خالید و مەحمود ئاغای کاکە زیادی ( کەسەرکردایەتی بەرەکانی بەرگرییان دەکرد ) کاک عثمان و من، سەرێك بوو هێنابوومان و نەمان دەگەڕاندەوە . ئەوەندە بە جۆش و خرۆش بووین، وەمان دەزانی هەر بگەینە کۆیە ، سوپای پرچەکی عێراق دەشکێ! !.. هەر چەندە ، ئەو رێگایە پێویستی بە شارەزانەبوو، لە کۆیەوە تا نازەنین فانۆس و لایتی دەستی بوو . کاك عەبدولرزاق دەباغیشمان لە خشتە برد و پێش خۆماندا .

بە درێژی و پانی پیادە رێ ، خەڵك و کۆچ و کۆچبار سەری کزیان بەیەکەوە نابوو . دەنگی رادیۆ ، گریانی ساوا ، ئاهو نزولەی پیرەمێرد و پیرێژن ، تانەو توانجی ژن و پیاو ، دژی حکومەت و سوپای خوێن رێژ .. تێکەڵ بە یەك بوو بوون و مارش و سرودی یاخیبوون و ناڕەزاییان لێدەدا ، نەدەوڵەتان و نە کەشکەلانی فەلەك دەیان بیست ! !.. مهرەجانی رەوو راکردن بوو . ئەوەی دڵی لەبەردیش بوایا، بۆ ئەم خەڵکە ئاوارەیە ئەسرینی دەڕشت .. لەم ساتانەدا( عەزرە) جووی سلیمانیم بەبیر هاتەوە و بۆ هاوەڵەکانم گێڕایەوە ( .. ئێمە ماڵمان هەرزان فرۆش و هەراج دەکەین ، هی ئێوەبەتاڵان دەبرێ ! !) کۆییەکان ، بەدەوڵەمەندو هەژارەوە ،بەسیاسی و بێدەخڵەوە ، وشکەو سووکەی ماڵیان پێچابۆوە ، لەکۆڵیان شەتەك دابوو ، دەستی شاخ و دەشتی کۆییان گرتبوو . سەر سەلامەت بێ و ماڵی دنیا چڵکی دەستە ! !.. هەرچی سەروەت و سامان و بازرگانی و دوکان و بازار و خانووبەرەیان .. هەبوو ، بۆ دەستی تالانی ( فورسانی وەلید و

سەلاحەدین ) یان جێهێشتبوو!.. لەناخیشدا ، بۆ رەنجی ئەو هەموو ساڵەیان زوخاویان هەڵدەڕشت . هەتا پیرو نوێژکەرەکانیش قسەی وایان بەبیرو دەما دەهات کە بۆنی کفری لێبێ !..

وەکو بیستم .. ئەمە ، دووەم رەوی ئەم ساڵی کۆییان بوو . پاش کۆنگرە فرەوانەکەی کۆیێ ( کە بەڕای من ، بە پێچەوانەی چاوەڕوانکراو، یەکەم بزماری گەورە بوو لە یەکێتی پارتی دا ) بێتەلێکی شۆڕش ( بەرێکەوت ) برۆسکەیەکی (چفرە) لەبێتەلی سوپا دەگرێ و دەیبەنە لای کاک ئیسماعیل سەرهەنگ ( کە شارەزای دانان و شیکردنەوەی چفرە بوو ) و لەئەنجامدا دەیخوێنێتەوە . چفرەکە دەڵێ : (.. بزوتنەوەیەکی گومانلێکراو لەناوەوە و دەرەوەی ( کۆڕێ ) هەیە .. باشتر وایە ، بەرەبەیان بۆردمانی بکەن ..) کاک سەرهەنگ چ لەشلەژان و چ بەهەڵە لەباتی ( کۆڕێ ) بە (کۆیێ ) ی دەخوێنێتەوە .. بەپەلە ، خۆی دەگەیێنێتە کاک عومەر . لیژنەی ناوچەی کۆیێ و سەرکردە مەیدانیەکانی شۆڕش ( دکتۆر خالید و محمود ئاغای کاکەزیاد ) کۆ دەکاتەوە ، بڕیار دەدەن ، هەر بەو شەوە ساردو سەرماو تووشە کۆیێ چۆڵکەن و هێزی بەرگری کۆییان پارێزگاری سەروەت و سامانی خەڵکەکە بکاو پێشمەرگەکانیش بچنەوە سەنگەری بەرگری !.. نەوەك هێرشێکی کتوپڕیان بەدەستەوەبێ .

لەمیکرۆفۆنی هەموو مزگەوتەکانەوە ، بانگەوازی شار چۆلکردن بڵاو کرایەوە ، رەوی شارێکی وەکو کۆیە ، بەگەورە و بچوك و نێرو مێوەدەستی پێکرد . خۆیان گەیاندە گوندەکانی دەوروبەر و لادێیەکانیش باوەشی گەرمیان بۆکردنەوە.. تا چێشتەنگاو دەنگی تۆپ و بۆردمان نەبوو .. بەرە بەرە گەڕانەوە .. بەڵام تا دوو رۆژانیش بەتەواوی ناوشار هێور نەبووبۆوە .. لەهێزی سەفینیشەوە ، بروسکەیەك بەهێزی کاوە ( کە کاك عومەر دەبابە ئامیر هێزی بوو) گەیشت دەڵێ : ... ئەم بەیانیە فرۆکە جەنگیەکانی حکومەت ، بەخەستی بۆردومانی کۆڕێ و دەورو بەریان کرد..

لەبەر ئەوە ، ئەم جارە ، نەلیژنەی ناوچە پەلەی کرد ، نەخەلکەکەش زوو ورەی بەردا ، بەلام خۆیان ئامادە کرد بوو ، شتومەکیان شاردبۆوە.. تا سوپا دێگەلەی نەگرت . و سەنگەری پێشمەرگە نەچووە شاخی ( کرۆژ ) و ( سماق شیرین ) کەس نەجوولا ..
بووە رۆژی حەشرو لە جاری تر خراپتریان بەسەر هات ، زووربەیان دەستی شاخەکانیان گرت !.. هەر ئەو شەوەکچێکی عازەب و منداڵێکی شیرە خۆرە کەوتبوون وگیانیان لەدەست دابوو . چەندەهاش لە کەوتنا دەست و قاچیان شکابوو .. مەلوولی و ماندوویی هەرەسانی کردبوون .
من .. وێنەی ئەم کۆڕەوەم لەچیرۆکێکمدا بەکار هێناوە . وا ئێستا لێرە رووداوەراستیەکەم بۆ گێڕانەوە . بەلام بڕوام پێبکەن نەم توانیووە تابلۆو نیگاری ئەو کۆچە وەك خۆی بخەمە بەر دەستان .. هەرکاتێ بە بیرم دێتەوە موچڕکم پێدا دێ ، چەند جارێکی تریش بینووسمەوە تێرم ناکا .. ئێوە سەیرکەن .. شارێکی وەکو کۆیە ، لەماوەی دە — دوانزدە سەعات چۆلکرێ ، زووربەشیان شاخی سەختی هێران و نازەنین بگرن .. چی روودەدا؟!.. ( بەلام کۆڕەوی ملیونە کوردی ساڵی ۱۹۹۱ هەموو ئەوانەی لەبن هەنگڵی خۆی نا ! ! )
خەلکی کۆیێ ، بە درێژی ئەم ڕێگایە سەیریان بەسێ پانتۆل و کراس لەبەری ئەفەندی دەهات کە بە پێچەوانەیانەوە ڕێگەی هات و نەهاتمان گرتۆتە بەر و خۆمان دەکەینە خۆراکی گوللە تۆپ و بۆردمانی بێرەحمانەی فرۆکەکان !.. ئێمەش هەناومان بۆ ئەم خەلکە بێدەخلە دەسووتا و هەناسەی ساردی بێدەسەلاتیمان بۆ هەلدەکێشان ، دوعای سەلامەتیمان بۆ دەکردن ..تا گەیشتینە قەراخ شار دونیاش رووناکبۆوەو رەوی کۆییانیش نەپسابۆوە .. لەکۆیێ عادەت بوو ، دوای نوێژی بەیانیان ، دەرگای حەوشە دەکرایەوە ، تا خێرو بێر بەسەر ماڵەکەدا بباری . بەلام ئەم بەیانییە ، تا خۆمان بە ماڵی باوکی کاك عبدالرزاق داکرد ، دەرگایەکی کراوەو ماڵێکی ئاوەدانمان نەدی !.. پیرەمێردو پیرێژن ، لە حەوشە دانیشتبوون ، بەدەم بۆڵە بۆڵ و پەك و پوکەوە ، بەرچاییان دەخوارد و ئاهو نزوڵەیان بۆ مەحشەر دەبرد .. کە

چاویان پێمان کەوت ، واقیان وڕما . بەخێر هاتنیان کردین و باوەشیان بەکوڕپاندا کرد و فرمێسك لە چاویان قەتیس ما .. بڕوایان نەدەکرد ، پاش ئەم رەوەی دیومانە ، نەگەڕابینەوە . کە عبدالرزاق پرسی بۆ ماونەتەوە .. وتیان :

- خزمان زۆریان لەگەڵ کردین . ملمان نەنا .. نامانەوێ ببینە بارگرانی بەسەرکەسەوە .. ئەوەی خواش نەیکا ، نابێ .. رۆحی ئێمە لە رۆحی ئەو هەموو پێشمەرگەیە خۆشەویستر نییە !!

بەپەلە .. ماست و پەنیرو نانی تیری و چای خەست و خۆڵیان دانێ .. ماڵئاواییمان کردو لەگەڵ کاك عثمان کەوتینەناوشار .. کۆیێ ئاشی ئاو لێبڕاو بوو .. جگە لە هێزی بەرگری و ئەندامانی لیژنەی ناوچە کەسیتر بەکۆڵان و شەقامەکانەوە نەبوو .. دوکانەکان داخرابوون ، هەندێکیان دوو قوفلیشیان لێدابوو .. تەنیا نانەواخانەیەك دەنگی پریمزی دەهات ، ئەویش خاوەنەکەی هێزی بەرگری بوو .. لەنزیك سەرا، چاومان بەکاك کەمال محێ دین کەوت .. دەستی لە ملکردین و پێشوازیەکی گەرمی کردین ، بەپەلە وتی :

- ئەم شەو .. کاك نەوزاد سدیق و سلیمانی برات لەگەڵ کاك عومەر بوون و تا بەرەبەیان پەشکیان گرتووە .. ئەمان هاتوونەتەوە و دەستەیەکیتر رۆیشتون .. لەماڵ یان تەکیەی ( شێخ سەدر ) نووستون .. ئێوەش سەرخەوێ بشکێنن ، منیش پەیدا دەبمەوە و بەدڵی خۆمان تەکبیرێ دەکەین .. ئەگەر نەشپەرژام ، ئێوارە کاکە دەبابە دەگەڕێتەوە ..

ئێمەش لەریزی ئەوان لێی نووستین .. نزیك نیوەڕۆ لەقسەی کاك نەوزادو سلیمان بەخەبەر هاتین و کەوتنە بۆڵە بۆڵ کە خۆمان خستۆتە ناو کورەی شەڕەوە ..

- خوا دەزانێ کەی کۆیێ وێران دەکەن !.. وا بەرە بەرە دێنە پێشەوە .

ئێمەش بەگرژیەوە وتمان : عومری ئێمە لە هی ئێوە شیرینتر نییە ؟.. لەباتی ئەوە خواردنێکی خۆشمان بۆ بکڕن !.. هەندێ کەلوپەلمان بۆ پەیدا کەن .

هاتینە دەرەوە ، شارەکە بۆنی خوێنی لێدەهات و دنیا کپ و مات بوو ، چەند گەڕاین چێشتخانەیەکی کراوەمان نەدی .. نانەوانەکەش دایخستبوو .. ناچار گەڕاینەوە تەکیەو بە شلە ساوەری بێگۆشت رازی بووین !..

نزیک ئێوارە ، خاڵە عومەرم لە سەنگەرەکانی سماق شیرین و ئەشکەوت سەقا گەڕایەوە ، سەرەڕای ئەوەی دوو رۆژو شەوێ بوو خەو لە چاوانی نەکەوتبوو ، کەوتە گاڵتەو قسەی خۆش لەگەڵ کاک عثمان . کاک کەمال بە پاڕانەوە داوای لێکرد نەگەڕێتەوە تا سەرخەوێ دەشکێنێ .. کاک نەوزاد و سلیمانی لەقەبەڵ ئێمە کردو ئەویش لە ژوورێکی ماڵی شێخ سەدر لێی نووست . ئێمەش دیسان بەناو کۆنێدا گەڕاین و سەرمان لەخانووی گەورەی باپیرانمان دا .. بەڵام ئەویش داخرابوو .. هاتینەوە .. لەسەر حەوزی ئاوی ساف و جوانی تەکیە دانیشتین و کەوتینە باسی بەرەکانی شەڕ .. پێش ئەوەی خاڵە عومەرم بڕواتەوە رێگەی هەولێر ، سەری لێمان دایەوە و هەواڵی پرسین ..

سەرکردەکانی کورد دەیانزانی کە ناتوانن بەرگری لەشارو شارۆچکە نزیکەکان بکەن . لەبەر هێرشی یەک لەدوای یەکی سوپایەکی نزامی خۆیان راگرن . بۆیە .. هەوڵیان دەدا . هاتنی سوپا بۆ ناو کۆیێ دوا بخەن و چەند بتوانن ماندوویان بکەن و زیانی گیانی و مادییان لێدەن .. لەم بارەشەوە دوو رەئیان هەبوو . هەندێ لەگەڵ ئەوە بوون ، شاروشارۆچکەکانیان بۆ چۆڵ کەن و رێکخستنی نهێنی پارتی و پێشمەرگەی ناو خۆی تێدا بمێنێ و کاری خۆیان بکەن .. جەنگاوەرەکانیتر شاخەکانیان لێبگرن و شەڕی چەتەگەری لەگەڵ هێزەکانیاندا بکەن . رایەکەیتریش مەبەسی بوو شارۆچکە سنورییەکان ئازاد بکرێ ..

دوا سەنگەری بەرگری لە شاری کۆیە ، بەشەو بەردرا و ئەو چل .. پەنجا پێشمەرگەیەی لە زورگ و شاخەکان شەڕیان دەکرد کشانەوە شاخی هەیبەسوڵتان و باواجی و سەنگەریان گرتەوە .. لەبوولێڵەوە کاك نەوزادو سلیمان بەجلی کوردی وفیشەك دان و سیمینۆڤەوە لەسەر سەرمان ئامادە بوون . بەپەلە خۆمان پۆشتەکردەوە و بەرەو دەشتی کۆیە کەوتینە رێ .. لەقەراخ شار دنیا رووناك بۆوە . فرۆکە جەنگیەکانیش بەسەر کۆیە و هەیبەسوڵتاندا دەسووڕانەوە بێ ئەوەی بۆردمان بکا.. وا دیار بوو دەیوویست سەنگەرە تازەکان و هەڵوێستی نوێی پێشمەرگە بزانن !.. لاشم وایە ، حکومەت پیاوی لەناو شار هەبوو . ئاگاداری کردبوون کە کۆیە چۆلکراوە و دوا سەنگەریش بەردراوە !.. بەلام وا دەردەکەوت لێی روون نەبوو ، شەڕی شاری لەگەلا دەکەن یان نەء !..

من دەشتی پڕ پیت و بەرەکەتی کۆیم بیستبوو ، بەلام نەم دیبوو . دەشتێکی پان و بەرینی پڕ جۆگەو رووبار ، زێی بچوك سنوری لای خوارەوەی تەنیبوو . بەم هاوینە ، بستێ خاکی نەبوو سەوز نەچێتەوە . یان بەگەنم و جۆ دانەپۆشرابێ .. گوندییەکان چاوتێر و بەخزمەت بوون .. هەر جارێ دەنگی فرۆکە دەهات ، خۆمان بەئەرز دادەدا و سەعات و ئەلقەی پشتێنی پانتۆلمان دەشاردەوە نەوەك خۆر لێیبداو فرۆکەوان هەست بەبریسکەی بکا!.. کە دەرۆیشت ، هەموو هەڵدەستاینەوەو بەگیانی لاویەتی و پڕ هیوا دەکەوتینەوە قسەو گاڵتەو گەپ .. ئێمە ژیانی پڕ کامەرانی زانکۆمان دەگێڕایەوە و ئەوانیش ژیانی پڕ گیانفیدایی پێشمەرگە .. زوو زووش ئاوڕمان لە کۆیێ دەدایەوە و هەناسەمان بۆ هەڵدەکێشا.. چێشتەنگاو ئاگرێکی گەورە و دووکەڵێکی رەش لەکۆیە هەڵسا ، بێ ئەوەی گوێمان لەبوردمان و تۆپباران بێ .. بەدوور بینە بچوکەکەی نەوزاد سەیرمان کرد ، هیچی لێحاڵی نەبووین .. ئەوان بە جووتە وتیان ( دائیرەی ئینحسارە ) .. ئینجا سلیمان گێڕایەوە :

- ئەو توتنەی ئەمساڵ فەحس کرابوو ، جوتیارو بازرگانەکان پارەکەیان وەرگرتبوو ، لەکۆگاکانی ئینحسار داندرا بوون .. کە ساردی کەوتە بەینی شۆڕش و حکومەت ، لۆریبیا هێنا باریکەن و بیبەنە سلێمانی ، لیژنەی ناوچە نەیهێشت .. لە دوێنێوە کەوتنە گواستنەوەی فەردە توتنەکان بۆ ئەو دیو شاخ .. بەڵام وادیارە هەموویان پێنەچووە .. ئاگریان داوە ! !

ئەم ئاگرەش ، نیشانەیەکی باش بوو بۆ فڕۆکەوانەکان کە لە ناو شارەکە بەرگری نەماوە !.. ئیتر بەسەر ناوچەکەدا نافڕێیەوە . ئێمەش بەدەم گوێگرتنی رادیۆی کوردی بەغداوە ، هێدی هێدی هەنگاومان دەنا جوانی و رەنگینی دەشت و گۆڕانی هەمە جۆرەی کوردی و مەلوولی چۆلکردنی کۆیە بەناویەکدا دەچوون و شتێکی سەیری لە دەروونمانا دروستدەکرد .. جارو باریش ، بەکرێگیراوانی حکومەت دەهاتنە سەر ئێسگەو ریزێ درۆ و قسەی ناشیرینیان بە شۆڕش دەوت ..

تفەنگی ( سیمینۆڤی ) رووسی دەستی نەوزادم بۆ یەکەم جار وەرگرت ، لێی ورد بوومەوە و نیشانم لەم بەردو لەو درەختە دەگرت ، خەیاڵاوی رووم لەبرادەرانم دەکرد .. هەندێ جار بەگاڵتە گەفم لێدەکردن .. بەدەم ( خۆ ڤیشەکی لەبەرنییە ) نیشانم لەنیوچەوانی تاکە برام گرت ، کەوتی ( نەء ) پەنجەم پێدانا ، لەهارژنیدا .. خواکردی، لەسەرتاك و دەستم سووك گرتبوو ، گوللە سەری کرد . ئەگینا سەری تاکە برام هەڵتەکاندبوو !..حەپەساین ، بەجۆرێ سامگرتبووینی لە شوێن خۆمان چەقین و تەیارەش بەسەرمانا بهاتایا هەستمان پێنەدەکرد .. نەوزاد زووتر بەهۆش هاتەوە ، پەلاماری دەست و تفەنگی دام و لوولەی دانواند ..ئیتر تا ناو گوندی ( حاجی قەڵا) سەرو بنی قسەمان رووداوی کارەساتەکەبوو . چیم بەخاڵم و بەدایکی کەساسم بووتایا ؟!..

حاجی قەڵا ، کەوتۆتە بناری شاخ و نزیك زێی بچوك . زەوی پڕ پیت و خێرو بێری هەیە. دۆڵێکی باریکی درێژ لە لاپاڵییەوە هەڵدەستێ تا لوتکەی کێوەکە دەچێ .. کۆنە رێیەکی کاروانی پێدا تێدەپەڕێ و لە

هەردوو بەریەوە چەند ئەشکەوتۆکەیەکی بچوك و تەسك و دەم والای هەیە. کرابوونە بارەگای کاتی لیژنەی ناوچەی کۆیێ . ئەو بەرێزانەی دەمناسین و بیرم ماون : کەمال محێ دین ، سدیق سادق ،جەمال تاهیر ، عبدالکریم عبدالرزاق ، واحید سعید ، واحید کەبابچی ... بوون .. بارەگایەکی کاتی هێزی کاوەشی لێداندرابوو ، دکتۆر خالید سەعید و دەبابە سەرپەرشتی دەکرد . دەبابەی ئامیر هێزیش بەسەر سەنگەرەکان و بارەگاکان دەسووڕایەوە . کۆمەڵە پۆلیسێکی تازە راکردووی کۆێشی لێبوو ، هەموویان بێ چەك بوون . کاری ئیداری و ئازووقەو خواردنیان درابوویێ تا چارەیەکی چەکیان بۆ دەکەن .. ئێمەی ئەفەندی و میوانی هێز ، کە شەش – حەوت کەس بووین ، لە پەنا کەندرێکی ئەدیوودا ، شوێن و جێگایان بۆ دانابووین . بێکار دانیشتبوین لەگەڵ عثمان دزەیی یادی رۆژانی خۆشمان دەکردەوەو نزیك ئێوارەش بە کێوەکەدا هەڵدەگەڕاین و سەیری دەوروبەر و کۆێمان دەکرد یان لەسەرو چاوی کانی و ئاوەکە خەیاڵ دەیبردینەوە . سێ ژەمە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی ناوچە نانمان دەخواردو لەدواییدا ، بەنۆرە دەچووین لەچێشتخانەکە خواردنی خۆمان دەهێنا .. تا دەهات یەسکمان قورستر دەبوو .

کە سوپاو جاش گەیشتنە کویێ ، طە شەکرچی ( ئامیر لیوا ) ئەمری دا هەرچی لاو و پیاو هەیە لوولی دەن و چەند مەفرەزەیەکی ناردە قەراخ کۆیێ و ئەوەی لەپەناو پەسێوو دۆڵ و رووبار خۆی شاردبۆوە کۆی کردنەوە.. حەوت – هەشتێکی لە دیان و موسلمان دەرهێنا ( کەهەموویان کاسبی ماڵی خۆیان بوون ، نەك پێشمەرگە نەبوون ، هیچیان حیزبایەتیشیان نەدەکرد !) لە دینگەکانی بازاری جادەی سەرەکی کۆێیان شەتەك دان و دەستڕێژیان لێکردن . تا سبەینێ تەرمەکانیان بە دینگەکانەوە ما !! ئەوانیتریش ، بەزیلی سەربازی رەوانەی کەرکووك و هەولێر کران و لەزیندانەکاندا دەردو ئازاریان بە قورگا دەکردن !.. کە خەبەرو ناوی کوژراو گەیشتە حاجی قەلا ، نەك هەر کۆییەکان ، ئێمەشیان بەگریان هێنا ..

که هێزی پێشمەرگە لەناو شاری کۆیێ کشانەوە ، سەدو پەنجا یەکیان کێوی هەیبە سوڵتان و باواجیان گرت . بارەگای پێشەوەیان لە چنارۆك و بارەگای پشتەوەیان لەژێر پردی ( هیزۆب ) دابوو ، بێتەڵ و ئیداری لەگەڵ بوو . بەسەرکردایەتی دەبابەو یاریدەی نافیز جەلال و دکتۆر خالید و مەلا عبداللە ئیسماعیل ئیدارە دەکرا !.. سەرەڕای برسیەتی و ماندووی پێشمەرگە و رووتەنی هەیبە سوڵتان ، لەکۆتایی حوزەیراندا سوپا هێرشی بردە سەریان . رۆژی یەکەم شکان و بە زیانەوە گەڕانەوە ئۆردوگا ..رۆژی دووەمیش ، هاوەڵی پێشتری بوو ..

لەبەر گەرمی شەڕ و خۆ ئامادە کردن ، ئاگایان لە ئێمە نەمابوو . چەك بۆ پێشمەرگەی شەڕکەر نەبوو چ جای ئێمە . هەر سەرکردەیەکیان دەهاتەوە ، سەری لێدەدایِن یان دەچووینە لای . داوای لێبوردنیان دەکرد کە فەرامۆشیان کردوین و پەلە نەکەین ، تا بارەگای هێزی کاوە جێگیر دەبێ و بەدڵ و ئارەزووی خۆمان کار دەگرینە دەست .

زووربەی کات ، کادرەکان ، لەگوندەکانی دەشتی کۆیە دەسووڕانەوە و جوتیارانیان رێکدەخست و کوردایەتیان فێردەکردن و دەنگوباسی ناوکۆیەشیان دەهێنایەوە .. کەشەڕ لە هیبە سوڵتان نەما ، کۆییەکان دەهاتن و پێویستیان دەهێنا ، چەند جارێکیش پێشمەرگە خۆیان بەشارەکەدا دەکردو زیانیان لەپۆلیس و سەربازدەدا . ئەوانیش بۆ رۆژی دوایی ئازاری خەڵکیان دەدا و ئەم ناوچانەیان بۆردومان دەکرد .

کاکە ئەحمەد دزەیی سەری لێداین و قاتێ کورتەك و شەرواڵی بو عثمان دزەیی جێهێشت و پۆشتەو پەرداخ بۆوە . منیش تاکە پانتۆڵەکەی لەبەرم بوو ( پێشی دەنووستم ) کەلکی نەما ، داوام لە عبدالکریم کرد ،کورتەك و شەرواڵێکم لە گوندەکانی دەشتێ بۆ بکڕێ .. تا بۆم دێتەوە ، پانتۆڵێکی پۆلیسی سوارەی راکردووەکانم لە یەکێکیان وەرگرت و لەپێم کرد ..پاش دوو حەفتەیەك ، نەوزاد و سلێمان ( کە لە دەستەی پارێزگاری خالم بوون ) بۆ پشوو هاتنەوە ، قاتێکیان بۆ هێنا

بووم .. لەولاشەوە ، دەنگوباسی شەهید بوونی ( مەئموون دەباغ ) مان پێگەیشت . هاوڕێی نزیکی عوسمان و من بوو . چەند ڕۆژێ مەلوول و دڵتەنگ بۆمان دەلاواندەوە !

مەئموون لە دەباغەکانی هەولێر بوو . قوتابی دوا پۆلی کۆلێژی یاسایی بەغدا و لە ئەندامە دیارەکانی پارتی بوو . چەند ڕۆژێ پێش ئێمە گەیشتبووە ناو شۆڕش و کرابووە ڕابەری سیاسی هێزی ڕزگاری . چاوی زۆرکز بوو ، بەعەینەکەوە ساتمەی دەکرد .. ڕۆژێ ، پێشمەرگەیەکی بەرەی شەڕ دڵی دەشکێنێ و بڕیار دەدا کە ئەویش بچێتە سەنگەرەوە .. لێپرسراوانی حیزب و شۆڕش زۆری لەگەڵ دەکەن، بەقسەیان ناکا و لەنزیك چەمچەماڵ تووشی هێرشی چەکدارانی بەعث دەبن و مەئموون دەپێکرێ و شەهید دەبێ !

دەرگای نیمچە کراوەی سنوری ئێران بۆ هاتو چۆی لێپرسراوانی کورد و بوونی کاك شمس الدين مفتي ( کە نازناوی – ئەمیر – ی هەلگرتبوو ) وەك نوێنەری شۆڕش لە ( تاران )و مانەوەی هەندێ سەرکردەی حیزبی شیوعی عیراقی لە کوردستان .. دەوری باشیان دی لە گەیاندنی دەنگی شۆڕشی کورد بە دنیای دەرەوە لە ٣ / ٧ / ١٩٦٣ دەوڵەتی مەنگۆلیا ( بەهاندانی یەکێتی سۆڤیەت ) داوای لەنەتەوە یەکگرتووەکان کرد کەمەسەلەی جینۆسایدی دژی کوردان و کاولکردنی کوردستان بخاتە بەرباس و لێکۆلینەوە . لە (٩)ی هەمان مانگدا ، گرۆمیکۆ ( وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت ) نامەی ناڕەزایی بۆ بالوێزخانەی عیراق لە ( مۆسکۆ ) دژی قەتل و عامی کوردان نارد و ئینزاری ئێران و تورکیا و سوریاشی کرد کە دەست لەکاری عیراق وەرنەدەن .. بەلام هەولی میسر ، کاری مەنگۆلیای پوچەڵ کردەوە .

کە دکتۆر خالید گەڕایەوە لامان ، بروسکەی هێزی ڕزگاری بۆ خوێندمەوە کە عەلی عەسکەری ( جێگری مام جەلال ) لێیدا بوو :

- جێگەی حاکم و ڕابەری سیاسی هێزی ڕزگاری( شەهید مەئموون دەباغ ) چۆڵە.. ئەگەر دەکرێ ، کاکەمەم مان بۆ بنێرن ؟

کاک عەلی ، هاوڕێی هەرزەکاری و خوێندن و پارتایەتی و قوتابیانم بوو. یەکترمان خۆشدەویست ، قسەی دڵمان بۆ یەکتری دەکرد . سەرگوزشتەی زۆرمان بەیەکەوە هەبوو . لەئاستی بیرو بۆ چوون و توانای یەکتری شارەزا بووین . لەم بێکاریەش ( کە پێی سەغلەت بووم و لەناخدا ئازاری دەدام و بەسەر خۆشم نەدەهێنا) دەرباز دەبووم . یەکسەر رازی بووم . پاش دوو رۆژێ ماڵئاواییم کرد و بەرەبەیان ، بەخۆم و پیرەجانتای بەغدامەوە ، بەرەو خوار بوومەوە . لەدامێنی گوندی ( کلیسە )و سەرزێی بچوك پشووم داو بەرچایەکی چەوریان دامێ و بە( قەیاخ ) پەڕیمەوە و کەوتمە سنووری لیوای کەرکووك و قەزای چەمچەماڵ .. بەگوندە ئاوەدان و سەربەرسقەکانی تێپەریم و هەرچارێ فرۆکەش دەهات ، خۆم حەشار دەداو هەڵوەستەم دەکرد . لەو ماوەیە ئەوەندە بۆردمان و تەیارەم دیبوو ، بەتەواوی ترسم شکابوو .

نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتمە دێی ( عەسکەر) و لای براو خزمانی عەلی لامداو بەپەلە قاوەڵتیان دامێ و پشوویەکی باشم دا . عەسکەر ، دێیەکی گەورەبوو . وەك ئاوایەکانیتر دامزرا بوو ،بەڵام پاك و جوانتر بوو . ئافرەتیان پۆشتەو رێکتر و پیاویان قۆزترو بەهەیکەلتر .. پیاوی ناودارو ئەفسەری گەورەی تێدا هەڵکەوتبوو . بنکەیەکی دیاری رێبازی ( حەقە) بوو .. شێخ عبدالکریمی بەناوبانگ بوو . چەند جارێ ، لەکەرکووکەوە سەردانمان کردبوون . ناسیاریان بووم . زۆریان کرد ، شەو بمێنمەوە ، بۆم نەسەلماندن ..

بەرەو کێوی سەخت و چەقێنی ( چەمی رێزان ) هەڵزنام . چەند پیادە رێیەکی هەبوو ، بەڵام کاروانە رێی کەم بوو . هەڵدێرەکانی زۆر و جێگای مەترسی رێبوار بوو . چەند جارێ پشووم دا . خۆر لەزەردان گەیشتمە لوتکە و ئاوڕم لە هەردوو دیووی بەرنزارو بەرخۆر دەدایەوە . دوو دنیای لێکجیا بوون .. پێش تاریك دابێ ، عەلی و دەستە کەیم تووش بوون . دابەزی .. باوەشمان بەیەکدا کرد و چەند جارێ وتی :

- باشت کرد ..زۆر چاکت کرد .. بەتەمای کاکم بویتایا هەروا دەمایتەوە !

لەو ساڵەوە عەلی و خالم بەیەك ناساندن ، هەمیشە بە دەبابەی دەووت ( کاکە) هەرواشی دانابوو . لەکارو کردەوە و بۆ چوندا ، یەکبوون . بێ یەکتری هیچیان نەدەکرد . ماڵ و منداڵی یەکتریان دەپاراست و خۆیان بەلێپرسراویان دەزانی .. هەتا لەهەڵگیر ساندنەوەی شۆڕشی ( ساڵی ١٩٧٦ )شدا یەك هەڵوێست و یەك پارتی و یەك هەنگاو بوون .. تاشەهیدیش بوو ، هەر بەکاکی خۆی دەزانی ..پاش شەهید بوونی ، عومەریش خۆی بەلێپرسراوی ماڵ و منداڵی دەزانی .

ئینجا وتی: لەبەیانیەوە بروسکەی دکتور خالیدم پێگەیشتووە . چاوەڕوان بووم بەڵام ئەفەندیانە هاتی . جارێ ماوتە ببیە پێشمەرگە .. ناچارم بڕۆم .. کاك رەئیس حەمە دەمینم راسپاردووە . ئەو چاودێریت دەکا تا دەگەڕێمەوە ..

## چەمی رێزان
## ( ١ )

چەمی رێزان لە بووکە رازاوەکانی گەرمیانە . دۆڵێکی درێژ کۆڵەی قوڵی پڕ ئەشکەوت و کانی و دارو دەوەنە .. سێ رێی لەسەرە .. لە ناحیەی ( ئاغجەلەر) ەوە بۆ ( گەورە دێ )ی لوتکەی شاخ وشۆڕ بوونەوە تا ناو چەم لە ئاوایی ( عەسکەر )ەوە ، بۆ باسکەی کێو و لاربوونەوە تا ناو چەم . لەگوندی ( زەرزی )ییەوە ( کە شوێنەوارە بەناوبانگە دێرینەکەی لێیە ) یان لەسەر زێوە دەپەڕێتەوە بۆ دێی ( عەوالان ) و بەرەو دامێنی چەم هەڵدەزنێ .. دۆڵەکە ، کەوتۆتە بەینی دوو شاخی بەرز ، لەنزیك ( گەورە دێ ) وە دەخزی و بەرە بەرە پان و قوڵ دەبێتەوە وکانی سازگاری هەڵدەقوڵێ . کانیاوی بەرەو خوار دەخشێ ، درەختی بی و شۆڕەبی و دەوێ دایدەپۆشی ، پێش ئەوەی بگاتە دامێنی ، دۆڵەکە پانو بەرینترو کانیاوی پتر دەبێ .

دوو دۆڵی کورتی پڕ دارو دەوەن و درەختی میوەی هەمە جۆرە ( بەتایبەتی رەزی ترێ ) پێکدەهێنێ . لایەکیان لەنزیک ( عەوالآن ) سەر دەردێنێ و لایەکەیتریشی سۆلاوی ( بافڵ )ی لێپێکدێ ( رەنگە کورە گەورەی مام جەلال بەم ناوەوە ناو نرابێ بۆیە عەرەبەکان بە — ئەبو شەلال — ناوی دەبەن ) و سۆلاڤەکە دەرژێتە چەمی زەرزی و زێی بچوك لەئامێزی دەگرێ .. رەنگە ناوەکەشی لە چەمی ( رەزان ) ەوە هاتبێ .

لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە ، ئەم ناوچەیە ناوبانگی دەرکرد .. کە لەشکری عەشایەر شکاو چەکدارەکان پایدۆستیان لێکرد، پارتی دیموکراتی کوردستان ، بەپەلە ، کۆنفرانسی لەگوندی عەودالآن گرت و پلانی ئاشتیانەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی گۆڕی و بڕیاری هەڵسانەوەو بەردەوامی شۆڕشی دا . بارەگایەکی سەرەکی لەچەم داندرا و چالاکیەکانی گەرمیانی گرتە ئەستۆو کاری گەڵی مەزنیان ئەنجام دەدا . کە دانووسانی دەوری یەکەمی ( حیزبی بەعثی عەرەبی ئیشتراکی ) دەستی پێکرد ، بازرگانەکانی شاری ( سلێمانی ) دوو جۆرە قماشی ژنانی تازەیان خستە بازارەوە ، بۆ رەواجیان ناویان نان ( چەمی رێزان ) و ( ریشی مام جەلال ) !

بارەگای سەرکردایەتی هێزی رزگاری لەئەشکەوتێکی گەورەبوو، دەکەوتە ناوڕاستی کێوی چەپی چەم . ئەشکەوتی بچوکی ئازووقە و جبەخانەشی لەدەور بوو . لەپێچی لای خوارەوەی ئەشکەوتێکی دەم گەورە ، کرابووە تیمارخانەو پێشمەرگە بریندارەکانی لێکەوتبوو . لەم لاشیەوە ئەشکەوتی قوولی بە دەرگاو قوفڵی بەندیخانە . پیاو خراپ و جاسوس و سەربازی ئەسیری تێدابوو . لەبناری نزیك کانیەکەش ، بەدەم ئەشکەوتە تەسکەکانەوە ژووری میوانخانەو بارەگای رابەری سیاسی و حاکمی شۆڕش و لیژنەی وەرگرتنی پێشمەرگە قیت کرابوونەوە .. لەسەروی یەکەم کانیش چێشتخانە بوو . چەندەها ئەشکەوتۆکەی ترو بن شاخ یش پێشمەرگەی ئیداری دەستەی پارێزگاری ( چەم ) ی لێدەنووست .. شاخەکەی ئەو بەریشەوە هیچی

لێنەبوو .. لە هەموو ئەشکەوتە دیارو بەناوبانگەکانی ، ئەشکەوتێ بوو دەکەوتە بەشی سەرەوەی دۆڵ ، لەبەر دەم تەسکی بەخشکە دەچوونە ناوێ ، بۆیە ئاوەدان نەکرابۆوە . ناوەوەی لە بەژنە زەلام بەرزتر بوو . تا دەرۆیشت گەورەتر دەبوو . تا چاویش بڕی دەکرد قوڵبوو .. لەبەرتاریکی وهەناسە سواری خۆیان لێنەدەدا .. گوندییەکان بۆیان دەگێڕاینەوە ، ئەوانەی چوونەتە قوڵاییەکەی گوێیان لەبانگی مەلای مزگەوتەکانی ئەودیوو بووە . جا .. چەند راستە؟ نازانم !..

پەیوەندی بارەگاکانی ناوچەم بە تەلەفۆن بوو . مام جەلال ئامیر هێزی رزگاری بوو .. ئەوەی بیرم ماوە .. بۆ یەکەم جار ، (جگە لە کاك عەلی عەسکەری ) ، بەخزمەت ئەم زانانە گەیشتم : لەئەفسەرە ناودارەکان حەمەئەمینی دەربەندفەقەرە و حەمە ئەمین فەرەج (کە ماوەیەك بووە پارێزگاری هەولێر ) لە ئەدیبە دیارەکان : مەلا جەمیل رۆژبەیانی و خالید دلێر . لەکادرە ناسراوەکان : مەلا ناسیح ( کاری ئیداری دەکرد و لەبەر خراپی تەندروستی خواردنی تایبەتی خۆی هەبوو ) سەید مەجید . ماوەیەکیش ئەدیبی ناسراو محەمەد تۆفیق وردی کاری تێدا کردبوو .

خواردنی هەموو پێشمەرگە ( بەسەرکردەو لێپرسراوەکانیشەوە) یەك جۆر و یەك مەنجەڵ بوو . بەقەدەر یەکیان دەدرایێ . خواردنی تایبەتی قەدەغە بوو ، دیاری بەسەر شوێنەکەدا بەشدەکرا . میوانی ئازیزیش لەوە پتری بۆ دانەدەندرا !!.. بەگشتی خواردنی ناوچەم بەم جۆرە بوو : بەیانیان ،یەك چای دیشلەمەو کولێرەیەك ( ئەگەر لەگوندەکانەوە ماست ،پەنیر ، گوێز بەدیاری بهاتایا . بەسەرماندا بەش دەکرا ) نیوەڕۆیان ، شلە ساوار ، نیسك ،نۆکاو ، کولەکە .. بەرۆن ( بێ گۆشت ) ئێوارانیش کولێرەو چایەکی دیشلەمە.. لەناو پێشمەرگەکاندا باو بوو دەیان ووت ( خواردنی ئێمە ، بەیانیان ، نان وچا . نیوەڕۆیان، چاو نان ، ئێواران ، هەردووکیان !! ) هەفتەی یەك پلاو وگۆشتی تێدەکەوت ( چ بۆ نیوەڕۆیان چ بۆ ئێوارە ) زۆر هەفتەش ئەو گۆشتە نەبوو ، برنج و شلەی بەرۆنمان دەخوارد !.. سەیر ئەوەبوو ، بەدرێژی

ژیانی ناو چەمم ، گوێم لە بۆڵە و ناڕازیی نەبوو . سەرەڕای ئەم حاڵەو بۆردومان و دەستڕێژی فڕۆکە جەنگیەکانی عیراق ، هەردەم بەپێکەنین بوون .

مانگی .. قاڵبێ سابوونی رەقی و سابوونێکی دەموچاو شووشتن، دەستەیێ مووسی ( ئەبو نەخلە ) لەبەر کولی و خراپی ، بەهەر ( دە مووسەکە ٣ – ٤ تراشی پێنەدەکرا . چوار ( بەرماخ ) بۆ جگەرەپێچانەوە و هەندێ توتن ( وادیار بوو لەو فەردە توتنانە بوو کە لەکۆیەوە گوازرابۆوە شاخی ) ٧٥٠ فلس مانگانەی سەڵتە زەلامی وەك من ، دوودینار تا سێ دینار بۆ پێشمەرگەی خاوەن ژن و منداڵ ( چ لەناوچەی ئازاد کراو بووبنایا یان لەژێر دەسەلاتی حکومەت !) هەتا ، ئەو پارەیەش لەکاتی خۆی وەرنەدەگیرا . لە هەر چوار مانگێکدا ، مانگێکیان دەبڕی !!.. بەگشتی هەموو پێخەف هەبوو . بەڵام کێچ و ئەسپێ هەراسانی کردبووین ، دەرمانی کێچ و ئەسپێمان لە خۆ دەدا ، هەر یەك – دوو رۆژێ کاری دەکرد ! لەشمان بەخوری دەهاتەوە .

زووربەی پێشمەرگەی بارەگای هێزو لقەکان گەرمیانی بوون . چوست و چالاك و لەخۆ بوردو بوون .چەك زۆر کەم بوو ، ئەوەی هەبوو یان لەگەڵ خۆی هێنابووی یان لەگرتنی ( مخفر )و شەڕ وەدەست کەوتبوو . ئەوانیتر لە بارەگای هێزو لقەکانا چاوەڕوانی چەکیان دەکرد .. هەرچەکێ دەدرایە پێشمەرگە ، لێپرسراوی جبەخانە ژمارەکانی دەنووسی و لەکاتی هێنانەوەی دەپشکێندرا .. من .. دەمانچەیەکی ( وێبڵی ) گەورەم لەکاك عەلی وەرگرتبوو ، ( بەدرێژی ژیانی پێشمەرگایەتیم تفەنگم هەڵنەگرتووە . زۆریشم رق لەوانە دەبۆوە کە بۆ فیز تفەنگەکەی بە دارێوە دەکرد و پێشمەرگەش بێ چەك چاوەڕوان بوو !..) چەکەکانی هێزی رزگاری : برنەو . سێ تیر . حەوت تیری ئینگلیزی .سیمیتۆف . زۆرکەم کلاشینکۆف . ماووزەر ..چەند رەشاشێکی برین و دکتاریۆف .. بوون .

پاش گەڕانەوەی کاك عەلی بە چەند رۆژێ بۆ ناسینی رابەری سیاسی نوێ ، چووینە گوندەکانی دەوروبەرو ناو خێڵەکان ( حکومەتی

ئێران رێیان نەدابوون بچنەکوێستان ) .. کە گەڕاینەوە ، دووکاری پێسپاردم . رابەری سیاسی ( کە لێپرسراوی پارتی ناو هێزو لق و دەستەکان بوو ) ئەندامی لیژنەی لێکۆلینەوە( لەگەڵ مەلا جەمیل و کاك خالید دلێر ) .

لەناوچەی ژێر دەسەلاتی مەکتەبی سیاسی ، بە هەرەمەکی پێشمەرگە وەرنەدەگیرا . لیژنە لە داواکەی دەکۆلیەوە ، بەتەواوی دەنگ بڕیاری لەسەردەدرا .. ئەوکەسە دەبوو ، پشگیری لیژنەی ناوچەکەی پێبێ . یان لقی پێشمەرگە بیپالێوی . یان بەلانی کەمەوە ، خزمێکی کۆنە پێشمەرگەی پشگیری بکا.. چەکدارمان زووتر وەردەگرت ( چونکە پێشمەرگەی بێچەکمان زۆر بوو ، چەکیش نەبوو ) کارمان بەرێکو پێکی دەڕۆیشت و قسە خۆشەکانی مەلا جەمیلیش ( کە دەوری حاکمی دەدی ) ماندووی دەحەساندینەوە .. ئەو رووداوەی بیری ناکەم :

لە گەرمیانەوە ، لاوێکی کەلەگەتی بەخۆوە ، کەڕولاڵ ، هاتە لامان بۆ ئەوەی بیکەینە پێشمەرگەی بێچەك ولەبارەگایەکدا کاری بدەینێ ( نەتیمان دەگەیی و نەتیی دەگەیشتین ) هیچ پشگیریەکیشی پێ نەبوو .. چەند رۆژێ لە میوانخانەمان داناو چاودێری هەلسوکەوتیمان کردو بەدزیەوە ، پێشمەرگەمان دەنارد ، قسەی لەگەلا بکا ، یان تەقە بکا ، تابزانین کەرولالیەکەی راستە .. ئەویش رۆژی دوو — سێ جار یەخەی دەگرتین و پەلەی بوو بڕیاری بۆ بدەین !.. خواو راستان لێپرسراوی سەربازی لقی ئاغجەلەرهات کە پێمان دەوت ( خالە شێخ قادر ) چووە لای ، شالاوی بۆ بردو بەدەست و دەم لە شێخ قادری دەگەیاند ..شێخ هاتە لامان و پالاوتی و لەگەل خۆی بردیە لق .

هەرچەندە ، ئەم ( دسپلین )نە بووە هۆی ئەوەی ( تا دوو بەرەکیەکە ) رێکخراوەکان بە پاکی بمێننەوەو حکومەت نەتوانێ ، پیاوو چاوی خۆی بخزێنێتە ناومان .. بەلام دلی هەندێکیش شکا .. بوونە پێشمەرگە گەلێ پیرۆز و بەرێز بوو .. لەو ڕووداوانەی دەگێردرایەوە :

لادێیەکی گەورە تەمەنی ئەو گەرمیانە ، هەستی نەتەوایەتی دەیجولێنێ و خۆی دەگەێنێتە بارەگایەك .. سەرۆکی لیژنە لێی دەپرسێ ( دەڵێن ئەو سەرۆك لیژنەیە عبدالرحمن زەبێحی بووە)

- برا .. ئەندامی ، لایەنگیری ، پاڵێوراوی ؟

کابرا ، جگە لە پارتی و پێشمەرگە هیچیتری نەبیستبوو ، بەم وشانە دەحەپەسێوو بەکاری خراپیان تێدەگا .. سوور هەڵدەگەڕێ .. زمانی تێك دەئالێ و بەشەرمێکەوە دەڵێ :

- برا .. جەنابتان خراپ لەمن گەیوون !..شتی وا لەریشی چەرمووی من ناوەشێتەوە .. بشم زانیایا وام تێدەگەن هەر نەدەهاتم ..

سەرۆکی لیژنەکە دەیەوێ مەبەسەکەی تێبگەینێ ، ڕێی ناداو دێتە سەرچۆك و دەڵێ :

- .. من ( پاڵ پێوەنراو ) نیم .. ( مایەنگیریش ) نیم .. تفەنگێکیشم بدەنێ ئەگەر ( دایکی هەزار ئەندامم بۆ ...) حەقت بێ ..

هەڵدەستێ بروا ، دایدەنێتەوە و هێوری دەکاتەوەو تێیدەگەێنێ ... بڕیاری بۆ دەدەن و تفەنگێکیشی بۆ پەیدا دەکەن .

هێزی ڕزگاری ( جگە لە بارەگای هێز ) لەسێ لق ( کە لە دواییدا بونە بەتاڵیۆن ) پێکهاتبوو لقی ( ئاغجەلەر ) بەسەرکردایەتی شێخ قادری سۆتکە ( برایەکیشی شەهید بوو ) لقی ( عەوالان ) کە لێپرسراوی عەسکەری ( شێخ عثمانی شێخ فەتاحی عەوالانی ) لقی ( چەرمەگا ) لەوبەر زێ ( ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ) .. هەر لقێ ، لێپرسراوی سەربازی و ئیداری و ئازووقە و رابەری سیاسی هەبوو . یەك هەڵوێست کاریان دەکرد . منیش وەك رابەری سیاسی هێز ، یەك پێشمەرگەم هەبوو ، ئەویش تفەنگێکی کۆنی جەنگی جیهانی دووەمی پێبوو . مانگی جارێ لەگەڵ خۆم دەمبردە لقەکان . لەتەك رابەری سیاسی لق کۆدەبوومەوەو راسپاردەو بڕیارەکانم پێڕادەگەیاندو تا دوا سەنگەریشیان دەچووم . بەپێی زروف شەڕی ناوچە ، پێشمەرگەکانم کۆدەکردەوەو بیرو بۆ چوونی کوردایەتیم شێدەکردەوەو وەڵامی پرسیارەکانم ( بەراستی ) دەدانەوە . ئەوەی نەشمزانیایە ، پاش

پرسکردن وەلامم دەدانەوە .. بە دە – پانزدە رۆژێ سەنگەرەکانم دەکرد و راپۆرتی مانگانەم بۆ ئامیر هێز ( وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ) بەرز دەکردەوە . پێشنیارەکانی پێشمەرگەم بەناوی خاوەنەکانیانەوە دەنووسی . رۆژانی ناوچەمی رێزانیش بە وەرگرتنی پێشمەرگەو پەیوەندی ئیداری بەرێم دەکرد !

زووربەی پاشنیوەڕۆیان تا تاریك دادەهات ، لەسەر تاتە بەردەکانی دەوری کانی و کانیاو بناری کێو ، لەژێر داربییەکانا دادەنیشتم ، بەدەم بیرکردنەوەو خەیاڵی ئەدەبی ، لەبەرخۆمەوە سرودو گۆرانیم دەچڕی . رووداوی رۆژانەم تۆمار دەکرد .. ئەو کتێبە ئەدەبیانەی لەکتێبخانەی قوتابخانەی شارۆچکەکان دەستم کەوتبوون ، چەند جارێ دەورم کردنەوەو لەشێوەو ناوەرۆکی رۆمان و چیرۆکەکان ورد دەبوومەوە .. شەوانیش لەبەر رووناکی چرای ئەشکەوتا ، گوێم لە قسەو باسە بەتامەکانی مەلا جەمیل دەبوو . سەرگوزشتە پڕ پەندەکانیم لەبیرو هەستم تۆمار دەکرد . مەلا جەمیل ئەوەندە مەشرف خۆش بوو نەمان دەزانی چۆن کاتمان دەڕوا . هەر دادەماین ، خالید دلێریش لەبەر خۆیەوە دەستیپێدەکرد و بەرەبەرە دەنگی بەرز دەکردەوە و پێشبرکێی لەگەڵ بولبولدا دەکرد .

هەر دوای چەند رۆژێ لەژیانی چەمی رێزانم ، لەسەر بەردە نوێژەکانی دەوری سەرچاوەی کانی ، دەستم بەنووسینی یەکەم رۆمان کرد . سەرەتای ئیلهامی لە کۆڕەوەکەی کۆییم وەرگرتبوو . کەمەلا جەمیل و دلێر زانیان ، دەستخۆشیان لێکردم . سەد لاپەرەیەکیشم لێنووسیبوو ، رووم نەدەهات نیشانیان بدەم .. دیارە بەپێی بیرو بۆ چوونم ، لەسەر رێبازی ( واقیعی ئیشتراکی ) دامرشتبوو .. من ، تا ئێستاش بڕوای تەواوم بەکارەکانم نییە . لە بلاوکردنەوە زۆر سڵ دەکەمەوە .. بەرهەمی وا هەیە پتر لە دەجار بەسەریا دەچمەوە .. گومانی من لە ناوڕۆکی بەرهەمەکە نییە ، لەشێوەی دارشتن و بەکارهێنانی رستەو وشەیە !.. هەتا ئەو نامانەی دەمنووسی ، بەسەریا

دەچوومەوە جا .. نامەی دڵداری ، ئەوە هەرمیچ .. بەقەدەر بەرهەمێکی ئەدەبی پێوەی خەریك دەبووم ..

چەند ساڵێ بوو ، لەتەك کچە باوك تورکمانی ، دایك کوردی کەرکووکی دۆستایەتیمان بەستبوو ، پێکیشەوە سووراببووینەوە ، لەبەغداش نامەمان دەگۆڕییەوە .. لێرەش هەر جارێ لەسنوری چەمچەماڵ نزیك دەبوومەوە ، نامەم بۆ دەنووسی و بەهۆی جوتیاری گوندەکان دەخرایە پۆستەوە . بەڵام شێوەی نووسینێکی هەرزەکارانە بوو ، تا گومان لەناوەڕۆکی نەکەن ( ئەوسا ، لیژنەی تایبەتی هەبوو ، چاودێری پۆستەی دەکردو ئەو نامانەی جێگە گومان بوایا ، دەیانخوێندەوە ! ! )..

کە بەعث شەڕی دەستپێکردەوە ، بۆ پاراستنی ڕێگای سەرەکی کەرکووك – سلێمانی ، چەند ( رەبیە) یەکی داناو هاتووچۆی قەدەغەکرد ، هەموو هەفتەیەك کاروانێ دوو کاروانی سەربازی لەکەرکووك بۆ سلێمانی و بەپێچەوانەوە دەردەچوو .. چەند دەبابەو مودەرەعە و لۆری پڕ سەرباز و چەکداری کورد.. پێش و پاشی کاروانی قەمەرو لۆری و پاصی خەڵکی شارەکان دەکەوت .. پێشمەرگەش ، چەند سەنگەرێکی هەمیشە هەبوو . هەر ئۆتۆمبێل و مەکینەیەکی سەربازی ، پۆلیس ، چەکدارانی کوردی سەر بە بەعث .. یان بدیایا ، تەقەیان لێدەکرد ، دەیان فڕاند . زووربەی ئەو کارەش کەوتبووە ئەستۆی لقی ئاغجەلەر .. هەر لەوێشدا مەئموون دەباغ شەهید بوو .

پاش گەڕانەوەی مام جەلال ، نەهاتەوە ناو هێزی ڕزگاری .هەر عەلی جێگری بوو . لە مەکتەبی سیاسی ( مالوومە ) لایداو کۆمەڵێ پرۆژەی ئامادەکرد .. لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر درا .. ئەو هەنگاوە تازانەی بەئێمە گەیشت :

* ڕێکخستنی ( بەتالیۆن ) دامەزرا کە لە ( ٣ ) لق پێکدەهات و ئامیر بەتالیۆنەکان بە ئامیر هێزەوە بەسران.. ( دەستە . لق . بەتالیۆن . هێز ).

* هێزی (کۆماندۆ ) لەبڕوسکەیەکی بەپەلەی مەکتەبی سیاسی دا هاتبوو، کە هەر لقێ ، دوو — سێ پێشمەرگەی لاوی ، زیتی ، چالاکی ، خوێندەوار .. ڕەوانەی ( ماوەت ) بکەن .. هەندێ لە سەردەستەو لێپرسراوی سەربازی لقەکان ، هەلەکەیان قۆستەوە . پێشمەرگەی بێ چەکی زەغەلی ، ئیشنەکەری ، سەرکێش و بەگۆبەندیان . لەکۆڵ خۆیان کردەوە . لە ئۆردوگایەکدا کۆکرانەوە . باشترین چەك و کەلوپەلیان دانێ . دەستیان بە مەشقی سەربازی تایبەتی کرد . بۆ هێرش و شەڕی بەرگری سەخت ئامادە دەکران .

* بۆ ڕێکخستنی کاری پارتایەتیش لەناو رابەرانی سیاسی ، لقی شەشی ناو پێشمەرگە دامەزرا و کارەکە درایە دەست حیلمی عەلی شەریف ( ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو ) و چەند رابەرە سیاسیەك بوونە ئەندام لەوانەی بیرمە : خالید دلێر .عەزیزی فقێ سمایل . کاکەمەم بۆتانی .. یەکەم کۆبوونەوەی لقی شەش ، لەسەرچەمی رەزان کرا . حیلمی ، وەك خۆی هەمیشەی ، لەسەرەخۆو وردەکارەکانی باسکرد . جۆری پەیوەندیمانی شێکردەوە .. لە دانیشتنی دووەمدا ، باسی تەنگوچەلەمەی سیاسی و جۆری راکێشانی پێشمەرگە بۆ کاری حیزبی و کردار لەگەڵ حیزبی شیوعی .. لەکۆتاییدا داوای پێشنیار و پرسیاری کرد .

من .. لەپێشەوە باسی کەموکوریەکانی ئێسگەی ( دەنگی کوردستان) م کرد و هەوڵدان بۆ پەیداکردنی ئیسگەیەکی بەهێز . چونکە راگەیاندن دەوری سەرەکی دەبینێ لە هاندانی جەماوەر و گەیاندنی چالاکیەکان بەدنیای دەرەوە . بەتایبەتی دەوڵەتانی بەرەی سۆشیالیست بەڕابەری یەکێتی سۆڤیەت ( کە بە پشتیوانی گەلانی ژێر دەستمان دەزانی !) لەو ڕێیەشەوە بتوانین یارمەتی نەختی پەیدا بکەین .. ئینجا هاتمە سەر پێشنیارەتازەکەم : لیژنەیەکی بەرز لە شارۆچکەیەکی رزگار کراودا لە ئەدیب و هونەرمەندە دیارو ناودارەکانی کورد دابمەزرێ و پەیوندی راستەوخۆیان بەمەکتەبی سیاسیەوە بێ بۆ : دروستکردنی تیپی میللی سرودو گۆرانی کوردی . تیپی شایی

وهەڵپەرکێ . تیپی شانۆ .. لەرێگەی ئێرانەوە بنێردرێنە وڵاتانی دۆست و بە چالاکیەکانیان پیتاك بۆ شۆرش کۆبکەنەوەو پڕوپاگەندەش بکەن . لەوانەی ناوم هێنان : محەمەدی صالح دیلان . تایەر تۆفیق . کامەران موکری . خالید دلێر ... زەردەخەنەی تەوساوی سەر لێوی حیلمی بەس بوو بۆ ئەوەی لە وەڵامەکە بگەم . بەڵام وەك سیاسیەك رەتی نەکردەوە . داوای لێکردم بیکەمە راپۆرت بۆ مەکتەبی سیاسی تا بریاری لەسەر بدەن !

( ٢ )

رۆژانی ئاسایی ، شەش — حەوت جار فرۆکە جەنگیەکان لە کەرکووك و موسڵەوە هەڵدەستان و بەسەر گوندو ناوچە رزگارکراوەکانا دەسووڕانەوە ، هەر بزوتنەویەك ، کاروانێك ، گاڕان و مێگەلێکی بدیایا بە شێستیر دەیرشاندن و زیانی لەو خەڵکە داماوە بێچەکانە دەدا .. لەکاتی شەڕ و بەرگری و پێکدادانا ، نەك هەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، ناو گوندەکانی دەوریشی بە ( ناپاڵم ) بۆردمان دەکرد ( بۆمباکان بەقەدەر بەژنە زەڵامێ درێژ بوون ) زۆر بێتاوانی پێوەدەبوو .. ئەو بریندارانەی دەگەیاندرانە تیمارخانەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت ، لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا دەکرا ..

هەندێ جار ، لەبەر هەر هۆیەك بێ ، بۆمباکان نە دەتەقین ، وەك کەلاکی مردوو لەو ناو دەکەوت ، منداڵانی دێیەکان دەچوونە گژی و یارییان پێدەکرد .. لەپڕ دەتەقی و هەندێکی لەت و پەت دەکرد .. کە شەڕ دەستی پێکردەوە و پۆلیس و سەربازێکی زۆر هاتنە ریزی شۆرش ، لە لقەکاندا خەباتی چەکداریان دەکرد . لەوانە ، مین هەلگرەوە یان ئەوانەی دەورەی مین هەلگرتنەوەیان دیبوو ، دەوری خۆیان دەدی . لە هەر جێگەیەك بۆمبایەك هەبوایا دەچوونە وێزەی و چاریان دەکرد و باروتەکەیان دەردێنا و بۆ : راوەماسی ، فیشەك پڕکردنەوە بەکاریان دەهێنا .. سەرەڕای کەمی تفەنگ ، فیشەکیش نەبوو ، هەر

پێشمەرگەیێ ( ٤٠ — ٦٠ ) فیشەکی دەدرایێ ، دەبوو ژیرانە بەکاریان بهێنێ و بەشی شەڕەکەی بکا . زووربەی فیشەکەکان ، بەدزیەوە ، لە چەکدارەکوردەکان و سەربازەکان دەکڕایەوە و قاچاخچییەکان بەنێمەیان دەفرۆشتەوە .

لەم دوایییەدا ، لەهەر هێزێ ، چەند پێشمەرگەیەك داندران ، بۆمبا بدۆزنەوە وچارەی بکەن و ئەو دەستەیەی لە گوندی ( کوچك نەخشینە ) ئامادە باش بوون ، سەربازێکی لاوی خوێن گەرمی چەمچەماڵی دوو خەتی لێبوو ، ( وابزانم کاك سەعیدی ناو بوو ) ئەو کارەی لەئەستۆ گرتبوو . پاش چارەکردنیان ، بەهێستر دەیبردە نزیك جادەی چەمچەماڵ و سلێمانی و قیری جادەکەی بنکۆڵ دەکرد ، بۆمباکەی دەخستە ژێری و پاتری وشکی لێدەبەست . هەر شتێکی قورس بەسەریا بڕۆیشتایا ، هەپرون بە هەپرون دەبوو .

وەك ئیشی مانگانەم ، کە گەیشتمە لای لق ( لە گوندی کوچك نەحشینەی نزیك شیوە سوری بەینی بازیان و چەمچەماڵ ) بەهۆی پێشمەرگەی ناوخۆ ئاگادار کراین کە دوو رۆژیتر کاروانی سەربازی دەچێتە سلێمانی .. نەم هێشت لێپرسراوی سەربازی لق داوام لێبکا ، ناوچەکە جێبهێڵم وتم :

- هەر چۆنێ بێ ، تفەنگێکم بۆ پەیدا بکەن ، با شەرەف بەشدار بوونم پێببڕێ !

چاوڕوانی ئەوەیان نەدەکرد ، لێپرسراوەکانی لق سەیری یەکیان کرد و شێخ قادر وتی : ئەمە کاری تۆ نییە . تازە شەهید مەئموونمان لەدەست داوە !

- ئەو بەعەینەك و زرەبینەوە بەرپێی خۆی نەدەدی ، جا سەنگەرگرتن !! هەرعەیبە بۆ من ، لەم کاتەدا جێتان بهێڵم !..

زۆریان کرد ، من نەم بیست . چونکە دەمزانی دەبمە بنێشتە خۆشەی دەمیان . لای پێشمەرگەش سووك دەبم و ئیتر قسەکانم بای پولێ دەبێ .. ئەگینا ، منێ لە ژیانمدا تفەنگم هەڵنەگرتبێ ، شەڕی سوپاو جاشم چۆن پێدەکرێ ؟!.. مین هەلگرەوەکەش وتی :

- لەم ناوە ، دوو ( ناپاڵم ) م چارەکردووە و تەرەقەکانم دەرهێناوە ، چەند پێشمەرگەیەك و دوو هێسترم لەگوندی بۆ وەرگرن ، هەر ئەم شەو دەیانگەیەنمە ( شیوە سوور ) و بۆ راوە دەیابەیان دادەنێمەوە ..

بەرەبەیان هەردووکی گەیاندبوو ، لەکەندرێکی نەدیووی نزیك جادە دایابوون و بۆ بەرچایی گەیشتەوەلامان .

شیوە سووری لای دەربەندی بازیان ، کۆمەڵە کەندرو دۆڵ وشیوی سوور باوی رووتەنە ، جادەی سەرەکی سلێمانی و کەرکووکی پێدا تێدەپەڕی . زستانان ئاوی پێدا دەڕواو هاوینان وشکە .. سەری نزیکی ، چەند کیلۆمەترێ لە دەربەندەوە دوورە .لەسەر لوتکەی چیای دەربەند ،رەبیەیەکی هەمیشەیی ، گەورەی لە ئەیلوولی ١٩٦١ وەلێبوو، وابزانم ، ئەوسا ، بارەگای ( فەصیل ) بوو . جگە لە تفەنگ و شەستیر، تۆپی ( هاوەن )یشی لێدامەزرابوو . هەر چالاکی و بزوتنەویەکیان هەست پێبکردایا و بەدووربین بیان دیبایا ، بەو چەکانە ، ( موعالەجە ) یان دەکرد و دەستیان لێدەوەشاند . بەڵام کەندڕ و شیوەکەیان لێدیار نەبوو . ئەگینا هاوەنی دەگەیشتێ . بۆیە .. کەم کاروانی سەربازی هەبوو ، لەم شیوە سوورە تووشی بەرگری و تەقەی پێشمەرگە نەبێ .

لە بوولێڵەوە ، لەگەڵ سەر لق و سەعید و دەستەیەك پێشمەرگە ، بەدوای یەك کەوتین ، بەدۆڵە نەدیوەکاندا تا نزیك جادە شۆڕ بووینەوە . یەك یەك و دوو دوو رووەو جادەو رەبیەو چەمچەماڵ دامەزراین . بۆ من تاقیکردنەوەیەکی تازەو بەتام بوو .. سەعید و سێ-چوار پێشمەرگە بە بێل و نیۆڵ و خاکەنازەوە چوونە نزیك جادەکەو لە دوو شوێنی دوور لەیەکی نەدیوو کەوتنە بنکۆلکردنی قیرو چیمەنتۆکە .. وادیار بوو ، رەبیەکە هەستی بە شتێ کردبوو ، داوای لە ئۆردوگای سەربازی چەمچەماڵ کردبوو ئەو ناوە سەح کاتەوە !.. چێشتەنگاو چەند پیکابێك کوردی چەکدار بە شەستیرەوە بەرەو رووومان هاتن .. ئێمەش خۆمان قایمتر کرد و ئامادەباش بووین .. ترس لە دڵ و دەروونی من سەری کرد ، زەرد هەڵگەڕام ، بەڵام ورەم

بەرنەدا .. زۆری مابوو بگەنە لامان بەتفەنگ و رەشاش ئەو ناوەیان دابێژا ، ئێمەش وەلامامان نەدانەوە ، چونکە فیشەکیان نەدەگیشتێ !.. گەڕانەوە .. سەرلقەکە بەزەردەخەنەوە وتی :

- چەند رۆژێکیتر فیشەکمان پێدەگا !.. هەر ئەمڕۆ راپۆرت پێشکەش دەکەن ، چەند فیشەکیان تەقاندووە سێ ئەوەندەی پێوەدەنێن وبەقاچاخچیەکانی دەفرۆشنەوە .

هەر چەندە زەرد هەلگەڕاویەکەم دەدرەوشایەوە ، بەلام لەرزین و دڵە کوتیم نەمابوو . زمانم وشك بوو ، بەلام تەتەڵەی نەدەکرد .بێگومان شێخ قادری خاوەن ئەزموون هەستی بەترسەنۆکیم کردبوو ، بەلام نەك لە رووی نەدام ،بەقسەش دەیخافڵاندم !

دەستیان بەهەلکۆلێن کردەوە ، تادرەنگانێ هەر خەریك بوون . دەوری دوو — سێ مەتر چووبوونە ژێر ( ئەسفەلتەکە ) هەردوو ناپاڵم دامزران و بەناو دۆڵەکەدا بەرەو دێ گەڕاینەوە . منش ترس بەری دام !.. سەعید پەیدابوو ، رووی کردە سەر لق :

- وا هەست دەکەم .. وایەری ناپاڵمێکیان لە پاترییەکەوە دوورە . ئەگەر قورساییشی بکەوێتە سەر بەر پاتریەکە نەکەوێ و ماندوو بوونەکەمان بە خۆڕایی دەڕوا .. ئێوە بڕۆن و من دەچم و دەگەڕێمەوە لاتان .

ئێمە دڵمان نەهات جێیبهێڵین . لەو ناوە بڵاوەمان لێکرد .. تا نزیك جادە چاوم لێیبوو ، لێمان ون بوو ، خەریکی پاککردنەوەی دەمی چاڵەکە بوو . لە پڕا .. گرمەیەك و تۆز ودوکەڵ هەڵسا .. ئەسفەڵت و قیر و جل و بەرگی ، گۆشت و یەسقانی هەنجن هەنجنی بە ئاسماندادچوو !.. دوو هاوەنی رەبیەش وەلامی داینەوە .. چەکدارەکانی ناو گوندی ، بەدەنگ ناپاڵم و هاوەنەکانەوە هاتن .. هەندێکمانماینەوە ، لە زەردەپەرا ، گەڕاینەوە سەر کارەساتەکە .. چاڵێکی گەورەی قوڵی لەقیرتاوەکە کردبوو .. بەلام لاشەو سەری دیار نەبوو .. تا تاریك داهات ، گەڕاین .. بەهەموومان کیلۆیەك گۆشتی ونجڕ ونجڕمان نەدۆزیەوە بیخەینە ناو پشتێنێکەوە !!

ئەو شەوە ، لەخەفەتا ، چەنگڵەمان دا . سەروبنی قسەمان باسی ئەو رووداوە جەرگبڕە بوو .بۆ تاریکوروون ، دەستەیەکیتر لە شیوە سوور دامەزران ، تا رێ لە کاروانە سەربازیەکە بگرن منیش لەگەڵیان چووم . سەری قافڵە لە چەمچەماڵەوە دەرچوو ، دڵەکوتێی من پتر بوو . پێش ئەوەی لە شوێنی ناپاڵمەکە نزیك بێتەوە ، دەستم دەلەرزی و زەرد هەڵگەڕام و ترس هەناسەی سوار کردم ، هەر لە هەوەل تەقەوە ، بەتەواوی گۆڕام ، بوومەجەنگاوەرێکی چاو نەترس .. ئێستاش کە دێتەوە یادم ، نازانم ئەم گۆڕانە کتوپڕییە چۆن هات ! !

لە هەموو لایەکەوە کردمانە تەقە .جاش و سەربازەکان خۆیان هەڵداو لەم بەرو ئەو بەری جادە دامەزران و وەڵامیان داینەوە . دەبابەکەی پێشەوە .. بەرەو ئێمەهات . پێش ئەوەی بورجی تۆپەکەی وەرگێڕێ ، ناپاڵم لەژێریدا تەقی و بورج و دەبابەی هەڵتەکاندو هەریەکە بەلایەکدا کەوت .. هاوەنیش لەرەبیەکەوە دەستی وەشاند .. ئێمە کاری خۆمان کردو بەرە بەرە پێخشکەمان لێکرد .. تەقە بڕا .. کاروانی سوپا بەرو سلێمانی کەوتەوە رێ . تا ئێوارە لەو زورگانە ماینەوە .. بەچاوی رووناکی چووینە سەر شوێنی رووداو ..

دەبابەی بێکەڵك کردبوو ، چادریان بەسەر دادابوو .خوێن لەناو دەبابەکە مەیی بوو . بەڵام جگە لە ( کلاشینکۆفێکی بێقونداخ ) هیچی ترمان دەست نەکەوت . بورجەکە پەڕیبووە ئەو بەری شەقام و دەمی تۆپەکەی لە زەوی چەقی بوو . گوللە تۆپیش بەو ناوە داغان بوو بوو ! .. لەدواییدا بیستمان ، سێ — چوار نەفەری ناو دەبابەکە کوژرا بوون .

نازانم رێکەوت بوو ، دڵ خەبەری دابوو ، گوندییەکان ئاگاداری چەمچەماڵیان کردبوو .. ئێوارەی رۆژی دواتر .خێزانی شەهید سەعید بەدەست و دیارییەوە هاتە دیتنی .. کەسمان نەمان توانی راستی بدرکێنین . لەگەڵ پێشمەرگەیەکی چەمچەماڵی ناردمانە لای ئامیر هێزو نامەیەکمان نووسی کە دڵنەوایی بکەن و چەند دەکرێ یارمەتی خێزانەکەی بدەن .

( ٣ )

زوڵم و زۆری کاربەدەستانی ( بەعثی ) شارو ئەفسەرەکانی سوپا ، بەجۆرێ پەرەی سەند ( وشەی کوردیش ) تاوان بوو . بە بیانووی پاراستنی بیرو بۆری نەوت ، دەیەها دێیان چۆڵ کردو جاش ( فورسان ) وەلیدیان خستە سەر ماڵ و حاڵی کوردی بێ دەخل !.. هەر لەو رقە ، جەماوەری ستەمدیدە ، لە هەموولایەکەوە روویان کردە شۆڕش و ئامادە بوون چەك هەڵگرن . شۆڕشیش هەر ئەو چەکانەی هەبوو کە بەدەست پێشمەرگەوە بوو ، چەندەهاش لە بارەگای هێزو لق و گوندەکان چاوەڕوان بوون !.. ئەگەر ئێران ، بەدزیشەوە دەستی یارمەتی درێژ بکردایا ( قەترە بە دەریایەك بوو ) چونکە نەی دەویست پێشمەرگە ئەوەندە پەرەبسێنێ ! داگیرکەرانی کوردستان ، لەسەر هیچ رێکنەکەوتبن ، لەدژایەتی کوردو کوردایەتی موویە بەینیانەوە ناچێ !!.. ئەگینا کەی فارسی شیعە و عەرەبی سونی و تورکی عیلمانی یەکتریان ویستووە ؟ فەرموون ، ئەوە مێژوو لەبەر دەستانەو هەڵیدەنەوە !

لەدوا بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی ، کۆکردنەوەی چەك بوو ( لەو عەشایەرانەی دوورن لە شەڕ و پێکدادان ) پێشمەرگە کانی پێ چەکدار بکرێ . هەوڵدەین بەخواستی خۆیان بێ و دڵگران نەبن .. بڕیارەکە ، لە هێزی رزگاری ، بەم جۆرە جێبەجێ کرا : لیژنەیەکی تایبەتی ناسراوو جێی متمانە لە ( من و نەوەیەکی شێخی عەوالان و کوێخوایەکی دیار ) پێکهات ، کە سەر لە سەرۆك خێڵ و خاوەن دیوەخان بدەین ( بەتایبەتی ئەوانەی چەکداریان نییە ) چەکەکانیان لێقەرز کەین . کە چەکمان پەیدا کرد . قەرەبوویان بکەینەوە . ئەوانەی چەکیان نییە یان چەکەکانیان بۆ شەڕی بەرگری دەست نادەن ، یارمەتی پارەمان بدەن ،چەك و تەقەمەنی پێبکرین .. بۆ رێکخستنی کارمان ، لە دێی عەوالان کۆبووینەوە . بڕیارماندا ، هەموو گوندەکانی هەردوو بەری زێ بکەین ( بۆ ئەوەی بە جۆرێکیتر لێکنەدرێتەوە ) . ئەو

خێڵانەش بەسەر کینەوە کە ئەو ساڵە نەچوونەتە کوێستان و لەو ناوە هەڵیان داوە .

عەوالان ئاوایەکی گەورەی بناری شاخ و دەمی دەروازەیەکی چەمی ڕێزانە . شێخەکانی خاوەن تەریقەت و تەکیەن و شێخ فەتاح ئێدارەی دەکرد ( کۆنفرانسی بانگەوازی شۆڕشی تێدا گێرا ) . کورد دەڵێ ( پیازی عەوالان ، خواردنی هەیە ، بردنی نییە ) بۆ وتراوە ؟ .. نازانم !.. بەلام خەلکەکەی دەست و چاوتێرن .. هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە باوەشیان بۆ پێشمەرگە کردبۆوە .

پەڕینەوە ئەو بەرچەم و لەدیوەخانی کوێخای دێی ( زەرزی ) لاماندا ، یەکەم جارم بوو ئەو گوندە ببینم .. خۆش و دلگیرو ئاوەدان بوو . لەبناری ئەو شاخە پاڵی دابۆوە کە شوێنەوارە دێرینە گرنگەکەی تێدایە .. چەند جارێکیتر بەژێریا تێپەڕیووم ، بەلام نەچوومەتە ناو ئەشکەوتەکە .. چونکە لە شاخەکەدایەو ئەوەندە عاسێیە ، بە دوو پەیژەی درێژی سپیدار دەگەنە دەمی .. دەیان ووت : ژوور و حەوزو سەکۆی بەردین و .. تێدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەوەو بەر !.. هەرچەندە پێشمەرگەی چەکداری خۆشیان لەناو لەشکرا هەبوو ، کە مەبەسمان روونکردەوە . ( سیمینۆڤ، )ێکیان کردە دیاریمان .. منیش بە ناو و ئیمزای خۆم ( بەناوی لیژنەکەوە ) بسوولەیەکم بۆ کرد . بەو هیوایەی کە چەکمان بوو ، تۆڵەیان بۆ بکەینەوە !!.. لەسەرەتای شۆڕشەوە تا منیش چووم ، زووربەی لێپرسراوان و سەرکردەکان ناوی خۆیان دەگۆڕی .( مەلا)شیان پێوە نابوو . بەلام من بڕوام بەم کارە نەبوو ( بۆیە وتم بەناو و ئیمزای خۆم )..

بەم چەشنە ، گوند بە دێ و هەوار بە هەوارگە.. گەڕاین ، تێر پەنیرو ماست و کەرە و سەرتوێژ و برنج و شلە و گۆشتی مریشکیش بووین .. هەرچەندە هاوینەکەی گەرم بوو ، ئارەقە گاڵەی پێدەکردین ،بەلام کە لەژێر سێبەری داران ، لەسەر کانی و چەم دادەنیشتین و بای فێنکی لێدەداین ماندووومان دەحەسایەوە .. زۆر شت لەژیانی لادێیی

فێر بووم، لەئازاریان گەیشتم .. تادەهات پتر قینم لە شارستانیەتی فڕۆکە و بۆردمان ، تۆپ و گوللە تۆپ .. دەبۆوە ! !..ئەوەی لەم گەشتە سەرنجی راکێشام و لەبیرم ماوە :

گەیشتینە هەواری خێڵێکی کۆچەر . سەرۆك خێڵەکە دوو تفەنگی هەڵواسیبوو .برنەوێکی تازە و سێتێرێکی جەنگی جیهانی دووەم .. هەردووکیانی داگرت و خستیە بەردەمان .. کە سێتێرەکەم دەرهێنا ، ئەوەندە جوان و پاك هەڵیگرتبوو ، دەت ووت تازە لەکارگە هاتۆتە دەرەوە . قلۆەیەك دەستاو دەستی کرد . دەمی لوولەکەی ئەوەندە تەسکبوو ، نیوەیّ نووکی گوللەکەی تێنەدەچوو !.. بۆ شەڕیش ئەوندە ونیوی برنەویّ دەڕۆی .. منّ چەند دلّم پیّوەی بوو ، خاوەنەکەی پتر .. لەراستیدا ، بۆ شەڕی پێشمەرگە دەستی نەدەدا ، چونکە تەنیا ١٥ — ٢٠ فیشەکی هەبوو ، لەو فیشەکەش لەکوردستان دەستنەدەکەوت .. دەبوایا ( قاوخ )ە فیشەکەکان لای چەخماخسازیّ پرکرێتەوە !.. بۆ رێز گرتنی خاوەن دیوەخان وتم : کامیانمان دەدەنیّ، جێگەی سوپاسە .. برنەوکەی پێشکەش کرد و دەستی لە سێتێرەکە بەرنەبوو .

لەم گەشتەماندا ، پانزدە رۆژێکمان پێچوو . دە تفەنگێکی هەمە جۆرو دووسەد فیشەکێك و هەندیّ پارەمان کۆکردەوە . خۆشمان تێر خواردن بووین . بەتایبەتی لەناو ( کافرۆشی )یانی گەرمیان ، کەوەك ئێرانیەکان ، تۆپەڵی گەرە یان رۆنی خۆماڵیان لەسەر برنجەکە دادەنا ! !

کە گەیشتینەوە چەم ، مام جەلال گەڕابۆوە هێزو کاك عەلیش چووبۆوە هێزی خەبات . راپۆرتێکی دوورو درێژم بەناو و ئیمزای هەرسێکمان نووسی و لەگەڵ شتەکان پێشکەشمان کرد .. هەر ئەو شەوە ، بەسەر پێشمەرگەی بیّ چەکی دابەشکردو بەرەو لقەکان بەرێکەوتن .

لەراستیدا ، گەورەترین تەنگو چەلەمەی ئێمە ، خواردن و بەرگ نەبوو ( پێشمەرگە بەنان و چاو کۆنە کەلوپەل رازی بوو ) چەك بوو .

چەکی بەرگری بوو .. بەداخەوە ،هەندێ لێپرسراوو کاربەدەستی ئیداری هەبوون ، بۆ جوانی و کەشخە تفەنگەکانیان بەدیواری ئەشکەوتەکانا هەڵواسی بوو ، بێ ئەوەی سوودی لێوەرگرن ( هەرچەندە ئەو نموونانە کەم بوون ، بەڵام بۆ ئێمە زۆر بوو ) .

( ٤ )

سوپای لە خۆبایبوو ، بەئاشکرا خۆی ئامادە دەکرد بۆ هێرش بردنە سەر بارەگاکانمان و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە . سەرکردایەتی هێزیش بەپێی توانای ، خۆی ئامادە دەکرد و بەرگری نیشان دەدا .. بێگومان ، مەبەسمان نەبوو ، سوپا بشکێنین . دەمانزانی لە عودەی چەك و جبەخانەو فرۆکەیان نایێن ، بەڵام دەمانوویست زۆرترین زیانی گیانی و مادییان لێ بدەین .

چەند رۆژێ بوو ، ئاگاداری جموجۆڵی سوپای سنوری قەزای ( چەمچەماڵ ) بووین ، دەشمان زانی ، ئامانجی سەرەکیان ، سەرکردایەتی هێزی رزگارییە ، چونکە لە سەرەتای شەڕ دەستپێکردنەوە ، جمو جۆڵیانی کۆت کردبوو، لەبەینی شارو شارۆچکەکاندا کاروانی سەربازی دەوری دەدی !.. لقەکان ئامادەکران و هەر پێشمەرگەیەکی چەکدار شەست فیشەکێکی درایێ . عەلی عەسکەریش بە هێزێکەوە گەیشتە هاوارمان . کۆماندۆی تازە ئامادەکراویش بەرەیەکی بەرگری گرت !.. بەهەمووی سەدوپێنجا چەکدارێ دەبووین .. سوپای عیراقیش پتر لە ( فرقە )یەکی هەمە جۆرەچەکی ( مجحفل ) تازە ، لەتۆپ و زرێپۆش و هاوەن و .. دوو هەزار فورسانی ( کوردو عەرەب )ی کۆکردبۆوە .. لە پشتیشەوە ( ئەو بەری زێ ) لە سەر رێی سلێمانی — دوکان ، لیوای بیستی دڕ ( لەژێر سەرکردایەتی بکوژێکی وەك زەعیم صدیق ) خۆی مەڵاس دابوو .

مام جەلال ناردیە شوێنم و زروفەکەی شیکردەوە و داوای لێکردم ، لەگەڵ لقی عەوالان لەم بەر زێوە ئاگام لە جووڵانەوەی لیوای بیست بێ ، وتی :

– .. هێرشی سەرەکیان لەناوچەی بازیان و شیوە سوور و چەمچەماڵ دەبێ ، بۆ شێوان و لاوازکردنی بەرگریمان ، لیوای بیستیش ئەو دیوو تۆپباران دەکاو دوور نییە هێرشیش بەرێتە سەر گوندەکانی کەنار زێ .. تۆ .. سەرپەرشتی ئەو دیو دەکەی و راپۆرتی رۆژانەم بۆ دەنێری ..

بێگومان ، کارێکی قورسی بەمنی نەشارەزا سپارد ، خۆشی دەیزانی من لەهیچ شەڕو پێکدادانێ بەشدرایم نەکردوە .. بەڵام لەکاتی وادا ، خۆ دزینەوە ، جۆرێکە لە ترسەنۆکی ! مام جەلال لە رووم گەیشت ، بەزەردەخەنەوە وتی :

– دەزانم لەم بارەیەوە تەجرەبەت نییە .. تەواوی بڕوام بە لقەکە هەیە و هەڵم سەنگاندون و بەرگرێ لە ناوچەکەی خۆیان دەکەن .. تۆ دەوری بەهێزکردنی بەرگری دەبینی و بەس .

کە شەو چوومە لای عەلی ، پیرۆزبایی کاری تازەی لێکردم ،زانیم ئەویش دەوری هەبووە . وەك هاوڕێیەتی جاران کەوتینە گاڵتەو گەپ و قسەی خۆش .. لەپڕ ، خەبەرێکی رادیۆ ، بێدەنگی کردین کە وتی ( لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی چەمی رێزان دراوەو ... ) بەدەم سەربادانەوە نەخشەی ناوچەکەی دەرهێناو لەزەوی ژوورەکە رای خست .. شوێنی سوپای نیشانکردو وتی :

– بەپێی نەخشەکە ، راست دەکەن ،دەورەی چەمیان داوە .. بەڵام لەسەر زەوی ، تا ئێستاش دوو – سێ رێگامان ماوە یارمەتیمان پێبگا یان پاشەکشێی لێبکەین . یەکێکیان تۆ سەرکردەی دەکەی کە دەچێتەوە (زەرزی ) و ( کۆتەڵ ) و سورداش ..جابزانم چۆن شەرکەرێکی ؟!

هەر لە بوولێڵەوە ، شەڕ لە دیووی گەرمیانەوە دەستی پێکرد . شەڕێکی قورس و سەخت بوو .بستێ زەوی نەمابوو بەر تۆپ

نەکەوتبێ . تەیارەش بەئارەزووی خۆی بۆردمانی دەکرد . مام جەلال و عەلی ، هەریەکەیان سەرپەرشتی قۆڵێکی دەکرد . منیش لەتەك شێخ عثمانی عەوالآن لەشەوەوە پێشمەرگەمان بردە بناری شاخ و بەرامبەر ( زێ) دامەزران .. چاودێری جموجۆڵی زەعیم صدیقمان دەکرد .. ئەم جارە .. لەجاریتر باشتر بووم . ترسم کەمتر بوو . هەستم بە لێپرسراویەتی دەکرد !.. بەلام زۆر دەترسام ، لیوای بیست کەتنێکی گەورە بکاو شەرمەزاری مام جەلال بم !.. لەبەر ئەوە ، قیروسیام لەگیانی خۆم کردبوو ، سەنگەر بەسەنگەر سەرم لێدەدان .. ئەو رۆژە ، جگە لەتۆپباران و بۆمبا .. تووشی هیچی تر نەبووین .. بۆ ئێوارە ، بەتەتەری لق ، راپۆرتی رۆژەکەم بۆ مام جەلال بەرزکردەوە .. ئەویش لە وەلامەکەیدا ئاگاداری کردم کە هێرشی سوپا و فورسان لە هەموو قۆڵەکانەوە شکا . زیانێکی زۆریشمان لێداون ( بۆ خافلاندنمان ، رەنگە سبەینێ لیوای بیست هێرشێ بکا .. بەلام مەهێلن لەزێی بپەڕنەوە ..)

مام جەلال باشی بۆ چووبوو .. بەرەبەیان ، بەدەم تۆپ و فرۆکەوە، هێرشیان کردە سەر گوندێکی ئەو بەر زێ و چەند خانوویێکیان ئاگردا .. پاش نیوەڕۆ گەڕانەوە ئۆردوگایان . لە وەلامی راپۆرتی ئەو رۆژەما ، باسی گرتنی هەندێ گوندی گەرمیانی کردبوو .. دیسان جەختی لەسەر بەرگریمان کردبۆوە ..

ئێمە خواردنمان لە عەوالآنەوە بۆ دەهات ، پێشمەرگەکانی ئەو دیوو ، خواردنی (پەیتە) یان لە چەمی رێزان بۆ دەکرا و بەکۆڵ و گوێدرێژ دەگەیاندرایە بەرەکانی گەرمیان .. لەسێیەم رۆژدا ، تۆپباران و بۆردومانێکی خەستیان کردین و پێشمەرگەیەك بریندار بوو .. هێزێکیان گەیشتە سەر زێ و هەوڵی پەڕینەوی دا ، پێشمەرگە هاتنە دەست و گەڕاندنیانەوە ، ئەواتیش لە رقا ، دێیەکی تریان سوتاندو تا ئێوارە تۆپبارانیان کردین .. ئەم جارە ، مام جەلال دڵخۆشی خۆی دەربڕیبوو کە سوپا لە شکاندایە . ( نامەکان و راپۆرتەکانم ، لەگەڵ بەرهەمی ئەو ماوەیەم لە مالی خالۆزایەکم شاردەوە . بەداخەوە .. فەوتان ) .

بێگومان ، دەمانزانی سوپای پڕ چەك و خاوەن بۆمبای ( ناپاڵم ) بەرەبەرە دێتە پێشەوە . بەڵام وا بەزوویی نا .. ئەو ڕۆژەی لیوای بیست ، ڕەبیەكانی سەرجادەی زۆرتر كرد وبزوتنەوەیەكی خێرا لە ڕەبیەكانیتریش پەیدابوو ، وامان زانی كاروانی سەربازی تێدەپەڕێ .. بەڵام كە نزیك ئێوارە سەرەتای ( بەند)ەكان و كەلوپەلی بەندیخانەی چەم دەركەوت . حاڵیبووین . ئەوەندەی عەواڵەیەكان توانیان هێسترو بارگین و گوێدرێژیان لەو ناوەپەیدا كرد و ڕەوانەی چەم كران . پێشمەرگەكانیشمان سەنگەریان بەرامبەر سوپا گرتەوە( نەوەك حكومەت فرسەت بێنێ و بپەڕێتەوە ) .. لەگەڵ تاریكی ، كاروانی خەستەخانەو بریندار گەیشتن كە دەوری شەش كەسێ دەبوون .. لەكاروانە ڕێوە ، بەرەو زەرزی و(كۆتەڵ ) چوون و بۆ ( سورداش ) پەڕینەوە .

لە نیوە شەودا ، ئیدارەی هێزو پێشمەرگەی بێ چەك گەیشت ، لەعەواڵان پشوویان دا و بەرەو پشتی كێوی ( پیرەمەگرون ) بەڕێكەوتن .. پێش ڕووناكبوونەوە سەرەتای پێشمەرگە وەدەركەوت . ماندووبوون و مەلوولی شكانیان پێوە دیار بوو ، بەڵام بەرێكوپێكی كشابوونەوە ، شڵەژانیان پێوەدیار نەبوو .. لقی حاجی شێخ قادر كشانەوەكەی دەپاراست . و ڕووەو مۆڵگای سوپا ، سەنگەریان گرتبوو .. پێشمەرگەكان بەرزایەكان و دەمی دەربەندی چەمیان گرت .. چێشتەنگاو ، سەركردایەتی هێز گەیشت .. هەرچەندە عەلی لەگاڵتەو گەپی خۆی نەكەوتبوو ، بەڵام بە درێژی ژیانم ، (مام جەلال )م بەو تووڕەییە نەدیبوو .. وەك ژانكەر جەنگلەی دەداو بێهودە دەهات و دەچوو . لەبەرخۆیەوە دەیووت ودەیووتەوە

- كۆمانگو چۆن پلانەكەی لێتێكداین !!

دوو – سێ ژەم بوو هیچی نەخواردبوو ، چەندیان لەگەلكرد ، شێوی نەكرد.. بەسەر لقەكاندا دەسووڕایەوە و دڵناوایی دەكردن و كشانەوەكەمانی ڕێكدەخست.. ئێوارە ، كەدەنگی فڕۆكە كەم بۆوە ، كۆماندوكانی كۆكردەوە ، ڕیزكران ، چەك وتەقەمەنیەكانیان

لێوەرگرتنەوەو مەرەخەسی کردن!.. بەپێی ئەو خەبەرەی بەمن گەیشت :

لەبەر ئەوەی کۆماندوکان نیزامیتر بوون ، مەشقی باشیان کردبوو ، چەکی تازە و باشیان پێبوو .. بۆ بەرگری کردن لە بارەگای سەرەکی هێزی رزگاری ، لەشوێنێکی لاواز داندرابوون تا بیپارێزن و هەڵی سەرکەوتنی سوپا پوچەڵ کەنەوە .. هێرشەکانی سوپا ،تەنیا زەفەر بەمان دێنێ و کۆماندۆکان دەشکێن و سوپا دەچێتە شوێنەکانیان . بۆ بەرەبەیان هێزێ لەو کەلێنەوە دەپەڕێتەوە پشتی پێشمەرگەکانیتر ( دەکەونە بەینی دوو ئاگری بێ ئامانی سوپاوە ) .. ئەوانیش هەر ئەوەندەیان پێدەکرێ ، تا ئێوارە ، لە هەردوولاوە بەرگری لە خۆیان بکەن .

سەرەتای هێز گەیشتە ( عەوالان ) خەلکی گوندی چۆڵیان کرد ( تا دنیا هێور دەبێتەوە ) بەسەر کەسوکاریاندا بەش بوون .. لقی عەوالان ( کە لە شەڕا ماندوونەبوو بوون ) سەنگەرمان گرت و ماینەوە تا دوا پێشمەرگە کشانەوە .. ئەوسا ، جانتا بۆرینەم لەپشتکرد و لەگەڵ دوا دەستەی لق بەڕێکەوتم .. ناوچەکە ئەوەندە تاریک بوو بەرپێی خۆمان نەدەدی . بەر دەڵان بوو . لایتی دەستی قەدەغە بوو .. چەندەها جار کەوتم و راست بوومەوە ، دەستم روشا .. لەزەرزیش لامانندەدا و بەبناری بەردەڵان و دارو دەوەن هەڵزناین .. کە گەیشتینە دار بەرووە چڕەکانی ( کۆتەڵ ) ی نزیک جادەی سەرەکی سلێمانی — دوکان ، خۆمان بەزەوی داداو چاوەڕوانمان کرد تا سەرجادەیان سەح کردەوە(نەوەک سوپا کەمینی دانابێتەوە) دوور لە رەبیەکانی سەرشاخ، یەك لە دوای یەك پەڕینەوە . تا گەیشتینە ناوچەی ( سورداش ) و لەپشتی ( پیرەمەگرون ) پشوومانداـ هەر ئەو رۆژە ، لوتکەی شاخێك بە لق سپێردرا .. منیش یەك ، دوو رۆژ لە گەڵیاندا مامەوە تا بەتەواوی دامەزران و بەرو بارەگای هێز گەڕامەوە.

کە دەنگوباسی شەڕ وشکان گەیشتبووە ناوچەی قەڵادزە ، کەسوکارم دکتۆرخالیدیان ( دەبابە لە دەرەوەبوو) تەنگاو کردبوو ،

سۆراخم بکا .. ئەویش برۆسکەیەکی بۆ مام جەلال لێدابوو کە ڕێم بدا ، چەند ڕۆژێ سەریان لێبدەم .. ناردیە شوێنم . من ، مام جەلالم باش دەناسی و دەمزانی بۆچی مەشقی عەوالانی پێکردم . چاوەڕوان بوو کە رازی نەبم . بەلام کەوتم :

- جەنابتان چۆنی بەباش دەزانن ؟

ڕووی گرژی بەس بوو ، لەقسەکانی ناو دڵی بگەم ، یەکسەر لەبەر چاوی کەوتم و لەمەشقی سەربازی ساقیت بووم !.. بەلا لووتێکەوە وتی : برۆ با کاک تایەرو هەمینەخان گلەیم لێنەکەن ئازاد بــە .. جارێ کاری وامان نییە .. پێویستمان پێت بوو دەنێرینە شوێنت !

بەلام من خۆم مات کرد تا لە ئەنجامی هێزمان دەگەم .. ڕۆژێ ، جارێ-دووجاریش خۆم نیشانی مام جەلال دەدا .

کشانەوەمان مانگێکی پێنەچوو ، لە گەرمیانەوە ئاگادار کراین کە سوپا خەریکە چەند ( ڕەبیە )یەکی هەمیشەیی لە لوتکەو بەرزایەکانــی چەم دامەزرێنێ و سەربازەکانی لـە چـەمی ڕێزان بکشێنێتەوە .. ئەمەش پیشەی هەمیشەیی سوپای عیراقی بوو . چونکە ، نەی دەتوانی هەرچی هێزی هەیەتی بەسەر کوردستاندا داغانی بکاو بەشی هێرشی نەمێنێتەوە . نەهەموو ڕێگەو کون وکەلەبەرێکی ئەم وڵاتە شاخاویەی پێدگیرا ، بەر لەشالاو و پەلاماری کتوپڕی پێشمەرگە بگرێ و کاروانەکانی بەسەلامەتی دەربازبن ..

سەرکردایەتی هێزی ڕزگاریش بڕیاریدا : سەرەتای گەڕانەوەیان بە لقی حاجی شێخ قادر دەستپێبکا ، لەدەشتی کۆیەو کەناری زێ وە بپەڕنەوە گەرمیان و دەشتەکانی ، لەشوێنە قایمەکاندا دامەزرێنەوە . ناچار نەکرێن خۆیان تووشی شەڕ نەکەن ، تا سوپاکە ئامادەی کشانەوە دەبێ و لقەکانی تریش دەگەڕێنەوە ، لقێکی تریش لەم بەرەوە تەنگ بە سوپا هەڵچنێ و تەقەیان لەسەر بکا .. ئەم بڕیارە دڵخۆشکەرە ، لەناخا پەشیمانی کردمەوە ( بچمە قەلادزە)و بەدەستم بوایا هەڵمدەوەشاندەوە . بەلام ئاسان نەبوو مام جەلال ڕازی کەم .. بۆ دڵنەوایی خۆشم دەمووت :

- چەند رۆژێکە و دەگەڕێمەوە ..

بەدوو دڵیەوە ، بەدەمانچەو جانتاوە ، لەگەڵ چاوساغێ ، بەپێ ، کەوتمە ڕێ . تا گەیشتمە دەشتی ( بێتوێن ) کفت و هیلاك بووم بەسواری پشتی تراکتۆر گەیشتمە شارۆچکەی ( رانیە) ی ئاوەدان و پڕ بزوتنەوەو چالاکی بازرگانی .. هەرچەندە ، بەپێ ڕۆیشتن خۆشەو هەست بەچالاکی و ئازادیەکی تەواو دەکەی ، بەڵام کە کەوتیەسەر ڕێگەی هاتووچۆی ماشێن ، قەڵەمی دەست وپێت دەشکێ .. نەهێز و نەتام و لەزەتی ڕۆیشتن دەمێنێ !!

بۆ ڕۆژی دوایی بە ( جێب ) چوومە قەلادزە وخۆم بەماڵاکرد ( کە لەخانووی قایمەقام دەژیان ). کوتێکیان هاتبوون و منداڵەکانیان خستبۆوەبەرخوێندن . سەرکردایەتی شۆڕش مەکتەبی شارۆچکەکانی کردبۆوە ، مامۆستاکانی ناو شۆڕش ، وەك پێشمەرگە ، دەرسیان بە خۆڕایی دەوتەو .. بۆ سبەینێ چوومە دێی ( هێرۆ ) کە دایکم و نەنکم وەك بنکە مابوونەوە ..چەند ڕۆژێ مامەوە . پشوویکی باشم دا .. گوندی هێرۆ لەنێوەندی دۆڵێکی گەورەی پڕ ئاوکانی نزیك سنوری ئێرانە و بەدرەختی میوەی هەمە جۆر داپۆشراوە. خەڵکێکی دلکراوەو ساف و خزمەتگوزاری ڕووخۆشی تێدا دەژی . من .. لە گەرمای هاوینی گەرمیانەوە گەیشتمە ، فێنکی کوێستان ، دەبێ چ نەشتەیەکم پەیدا کردبێ .. ئینجا بە عارەبانەی پشتی تراکتۆر ، ( بەخۆڕایی ) گەڕامەوە قەلادزە ..

هەموو سەرکردایەتی هێزی کاوە ، دوو جێبی ( لاندرۆڤەر ) یان هەبوو بۆ خۆیان و کاری هەمیشەی هێز بەکاریان دەهێنا جا .. پێشمەرگە .. یان دەبوو بەپێ ڕێبکا ، یان چاوەڕوانی ڕیزی خۆڕایی ماشێن .. لەگەراجی شارۆچکە ئازاد کراوەکاندا نوێنەرێکی شۆڕش دانیشتبوو ، تا بەخۆڕایی سواریان بکا .. بۆ ئەوەی ، باری سایەق و خاوەن ئۆتۆمبیل قورس نەکرێ . هەر جێبێکی درێژ دووپێشمەرگە و کورت و عارەبانە یەك پێشمەرگە هەڵگرێ ..هەرچەندە سایەقەکان کرێکەی ئەوانیان خستبۆوە سەر نەفەرەکان ، بەڵام بەدڵ و بەگیان

پێیان ناخۆش بوو .. کە پێشمەرگەکە دادەبەزی ، بەحورمەتەوە سوپاسی سایەقەکەی دەکرد و دەڕۆی !.. سوپاسەکەلەناو گەراج بووە نوکتەو گاڵتەو گەپ . لەبەرخۆیانەوە دەیانووت :

- سوپاس ، بە بەنزین بدەم .. بەتایەبدەم . بەقەرزی سەیارە بدەم .. ماڵ و منداڵی پێ بەخێو بکەم ؟!..

کاک حەمید باتاسی و عوسمان دزەیی و خزمان پاڵیان پێوە دەنام نەگەڕێمەوە چەمی رێزان و لەم ئاوەدانیەدا پێشمەرگایەتی بکەم .. بۆ ئەم مەبەسە ، بەگوێی مەلا عبداللە و کاک ئەحمەد حەمەدەمین دزەییان چرپاند بوو . ئەوانیش پێیان باش بوو ، هەم کاری حیزب بکەم و کەسوکاریشم زوو زوو بمبینن !.. رازی بوون و بەناوی هێزی کاوەوە بروسکەیەکیان لێداو رەزامەندی هێزی رزگاریان وەرگرت و کەوتمە ناو خزم و دۆست و هاوەڵانم !.. بەڵام وەك لێپرسراوێکی سەربازی لە تاقیکردنەوەکە کەوتم !!..

# گرژی لە خاوبوونەوەدا

(١)

شارۆچکەی ( قەلادزە ) ناوەندی قەزای (پشدەر)ی سنوورییە و لەپێش شۆڕشی ئەیلوولیشەوە مەڵبەندی قاچاخی بەینی عێراق و ئێران بووە . بەتایبەتی فەرشە نایابەکانی کاشان و کرمان ی ئێران . لەسەرەتای شەستەکانیشەوە(بەهۆی گەمارۆی ئابووری سەر کوردستانی باشوور لەلایەن حکومەتی عەرەبی عێراقی ) زووربەی پێویستیەکانی خەلکی ناوچەکە ، لە رێگەی قاچاخەوە دەهات . پاش وەستانی یەکەمی شەڕ ، لەگەڵ شارۆچکەی ( گەلالە )ی ناوەندی قەزای (چۆمان ) ناوبانگیان دەرکرد و هەرچی خەلکی حەزی لێدەکرد دەیانپەڕاندەوە . بازرگانی دەولەمەندی لێپەیدا بوو!.. ئەم بازرگانیە بێ پەروایە ، یەکێتی ئابووری ناوچەی سنووری هەردوولای تۆکمەکرد .. کە بە بیرو بۆچوونی مارکسیەکان ، بەردێکی گرینگی بناغەی مەسەلەی ( ئومە)یە !

سەرەڕای باخ و باخاتی گوند و دۆڵ و لاپاڵی کێوەکان .. لەدامێنی شارەکەشدا زەوی کشتوکاڵی بەفەری هەیە و دانەوێڵە و توتن و گوڵەبەرۆژە و ... لێدەکرێ .. شارەکە زۆر کۆن نییە ، لەسەرەتای سەدەی بیستەوە پەرەی سەند و لەتەختانی بناری ئاسۆس دا گەشەی کرد .. دۆڵ و شیوی قەراخی بە بی و سپیدار چەندرابوون .. لەبەر ئەوەی شوێنێکی ئیستراتیجی ئابووری و سیاسی سنووری بوو ، حکومەتی ( پاشایەتی ) حسێبێکی تایبەتی بۆ دەکرد . سەربازی ( ئیجباری ) لێوەرنەدەگرتن . لەسنور بەزاندیان چاوپۆشی دەکرد . ئاغاکانیشی دنیا دیدە و دەست رۆیشتوو زۆرزان بوون . زووربەی پەیوەندی تایبەتیان لەگەڵ کاربەدەستانی هەردوولا هەبوو ، هەندێکیان دوو رەگەزنامەیان وەرگرتبوو !.. هەرچەندە کاربەدەستانی ، لەسلێمانی و بەغداوە دادەندران ، بەڵام بەکردەوە ، ئیدارەیان خستبوە ژێر رکێفی خۆیانەوە .

بەگشتی ئاغاکان زۆردار بوون و ئازاری جوتیارو پالەیان دەدا . هەندێکیان وەك کۆیلە سەیری رەشو رووتەکەیان دەکرد! .. رووداوی سەیر و کرداری زاڵمانەیان لێدەگێڕانەوە .. تاشۆڕشی تەمووز ، پارتایەتیان لەناودا کەم بوو ..بەڵام کوردییەتی خۆیان پاراستبوو .. پاش شۆڕش ، کەسیاسەت و حیزبایەتی لەو ناوە بلاو بۆوە . رەشو رووت و جەماوەرەکە روویان لەحیزبی شیوعی عیراقی کردو کەوتنە پرووپاگەندە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەدۆست و لایەنگیری ئاغاکانیان دادەنان .بەرە بەرە ، بۆچوونی پارتیان بۆ روون بۆوە ، بەلایدا هاتن و لە ئامێزیان کرد .. کە سەرکردایەتی پارتی ، شۆڕشی ئەیلوولیشی کرد ، پتر بووە جێگەی بڕوای چەوساوەکان و مەسەلە نەتەوەیەتیەکە لە سەرو هەموو شتێکەوە بوو .

خاڵە عومەرم .. بەهۆی ( حاجی مەحمود ) و خزمانیتری . شارەزای دیوەخانە بووبوو . بەگشتی خۆشی هێمن و رووخۆش و لەسەرەخۆ بوو . کەخوێندنی تەواو کرد ، ماوەیەك لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد محاماتی دەکرد و هاتووچۆی بیتوێن و پشدەری دەکرد .. خەڵکەکەی ( بەئاغاو چەوساوەوە ) دەناسی و خزمێکی زۆریشی لەناویاندا هەبوو.. لەدامەزراندنی هێزەکانی شۆڕش ، ئامیرهێزی کاوەی درایێ ، کە چالاکیەکانی دەکەوتە قەزای : پشدەر . رانیە . کۆیە ..

لەکۆدەتا سەربازیەکەی شوباتی ١٩٦٣ ( لەحیزبی شیوعی عیراقی قەوما و لەعیراق بەگشتی و لە بەغدا بەتایبەتی قەتلوعام کران .. ) شیوعیەکانی ناو کوردستان بەردەست نەکەوتن و خۆیان گەیاندە ناو شۆڕش و کۆمەڵێ سەرکردەو لێپرسراویشیان لەناوەندو خوارووی عیراقەوە دەرباز بوون و لەچەند گوندێك گیرسانەوە.. لەدواییدا ، هەندێکیان هاتنە قەلادزەو شوێنە هەرە دیارەکەیان ئوتێلی ( شێخ محێدین ) بوو .. من . دۆستایەتیم لەگەڵ شیوعیەکاندا کەم بوو .. بەڵام برێ لە خزمانم لەگەڵ ئەواندا کاریان دەکرد . لەو رێگەیەوە ناسیاریم لەگەڵ هەندێکیان پەیدا کرد . لەبەغداش ، ئەمانم لەبەعثیەکان بەدڵتر بوو ، لەگەڵیاندا دادەنیشتم و رامان دەگۆڕییەوە . لە تیپە

هونەریەکانیشدا ، تیپی هونەری تازە ( کە هونەرمەندی ناسراو یوسف عانی ئیدارەی دەکرد ) م بەدڵ بوو ، هەر شانۆگەریەکی پێشکەش بکردایا دەچووم .. لەبەر ئەوە ، کە هونەرمەندی دیاری تیپەکە ( زەینەب) م لەقەلادزە دی ، زۆرم پێخۆش بوو ، چەند جارێکیش دواندم .. بەڵام ژنانی قەلادزە رایان لە سەربەستیەکەی نەبوو . خۆیان لێلادەدا ..

هەرچەندە من ، لەناوپارتیدا ، بەچەپرەو تەماشا دەکرام و بەکردوەش بڕوام بەبیرو بۆچونی مارکسی – لەنینی هەبوو .. بەڵام لەمەسەلەی شیوعیە راکردووەکاندا ، لەگەڵ بۆ چوونی مەکتەبی سیاسی بووم ( نەك سەرۆکی حیزبمان ) .. چونکە هەتا لێیان نەقەومابوو جەماوەری شیوعیەکوردەکان ، دەیەها پڕوپاگاندەو تۆمەتیان دەخستە پاڵ شۆڕش .. لەگەڵ ئەوەشا حەزم نەدەکرد ، چەککرێن و زیندانی بکرێن !.. لەم رووەشەوە ، توشی دەمەقاڵێ دەبووم !

ناوچەی هێزی کاوە ( جگە لە دەشتی کۆیە ) پالەپەستۆیەکی ئەو تۆی سوپای لەسەر نەبوو ..بەڵام لە زووربەی شوێنەکانیتر شەڕ گەرم بوو . لیوای ( یەرمووك ) ی حکومەتی سووری هەر لەوڵات بوو . فورسانی وەلید ( کەبەناوی خالیدی بنی وەلیدی عەرەبی موسلمان ناونرابوو ) لە عەشایەری عەرەبی حەویجە . قەراج و( بەدوو) ی موسڵ دروستکرابوون ، بەگوند و شاروچکەکاندا وەردەبوون ، جگە لە مەرو ماڵات و کەلوپەلی ناوماڵ ، پەڕۆ و پاتاڵی منداڵیشیان تاڵان دەکرد . دوو ( هۆسە) ی بەناوبانگیان دەووت : إحنا العرب ، أهل الغيرة نمحي الاكراد من هالديرة ( ئێمە عەرەب بەغیرەتین ، کورد لەم ناوە ناهێڵین ) کە دەگەیشتنە ناو گوندەکانیش دەیانووت : إحنا البدو ، وين العدو ( ئێمە کۆچەرین ، کوا دوژمن !) چەکدارە بەکرێگیراوەکانی کوردیش پێیان دەوتن : فورسان سەلاحەدین ( کە بەناوی صلاح الدين ئەیووبی کوردی موسلمان ناو نرابوو ) تالانیان دەکرد . بەڵام لەبەر شەرمی کوردایەتیان یان شەرەفی خۆیان ، هەندێکیان دەستیان

دەپاراست .. بەداخەوە ، ئێمەی پێشمەرگەش تووشی ئەو دەردە بووین . هەر مێگەڵ و گاران و کاروانێکی پیاوانی سەر بەحکومەتمان بەردەست کەوتایا دەمان هێناو دەستمان بەسەرا دەگرت ..

جگە لەمانە ، سوپای عەرەبی عیراقیش ، زۆر بەگەرمی شەڕی دەکرد و هەرچی هونەری شەڕ هەبوو ، دژی کوردان بەکاری دەهێنا و فرۆکەش گاڵەی پێدەکردین .. لەشاری کەرکووکیشدا گەرەکێکیان بە تەواوی تەخت کرد ، هەزارەها ماڵیان لەگوندەکانی گەرمیانا دەربەدەرکرد .. لەهەمووی مەترسی تر ، سیاسەتی سووتانی زەوی و زاربوو ( سياسة الارض المحروقة ) . کە بەر بڵاو بوو !..

پاش ماوەیەك ، کرامە رابەری سیاسی لقی ( حاجی قادر ) کە بارەگای لەسەر شاخی ( کرۆژ )ی سەر دێی ( پیرەر ) بوو . رووی لەجادەی کۆیە — هەولێر بوو . برهان ئاغای دزەیی (سەرلق و لێپرسراوی سەربازی ) عثمان حەسەن دزەیی ( لێپرسراوی ئیداری ) صلاح عثمان ( بەڕێوەبەری ئازووقە) بوون . عثمانی هاوڕێم لە ژووری خۆی جێی کردمەوە .. مانگی حەفتەیەك دەچوومەوە قەلادزە . چەند رۆژێکیش سەرم لە پێشمەرگەکانی رووبەروو بوونەوە دەدا . سیاسەتی حیزبم بۆ روون دەکردنەوە .

رۆژانیتر . لەبارەگا دەمامەوە . لەتەك عثماندا شەرە شیعرمان دەکرد . کتێبمان دەخوێندەوە . باسی دنیای ئەدەب و رووناکبیرمان دەکرد .. لەو ماوەیەدا سوودم لە رووناکبیری ئەدەبی عثمان وەرگرت ( چونکە قوتابی کولێژی زمان و ئەدەب بوو ) .. هەر جارەش چەند سەعاتێکم بۆ ئەو رۆمانە تەرخان دەکرد کە لەچەمی رێزان دەستم پێکردبوو ..

هەر چەك و جبخانەیەکی بەعثیەکان هەیانبوو ( بەیارمەتی سوپای سوریشەوە ) لەشەڕ بەکاریان هێنا ، تا سەرکەوتنێکی خێرا وەدەست بێنن .. شەڕێکی توندو تیژیان دەکرد . شوێنی زۆریان گرت . زیانێکی زۆریشیان لێکەوت .. بەڵام شۆڕشیان پێ کپ نەکرا . سەرکردە سەربازیەکان تووشی بێ هیوایی بوون .سوپاش ماندوو بوو . پارەش

کەم بۆوە .. سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانیش ( بەسەرۆك و مەکتەبی سیاسیەوە ) هەستیان بە ماندووبوون و برسیەتی و بێ چەکی .. پێشمەرگەو خەڵکی ناوچە رزگارکراوەکان کردبوو .. کە لە ۱۸ /۱۱/ ۱۹٦۳ سەرۆك کۆمار ( عبدوسەلام عارف ) کۆدەتا سەربازیەکەی دژی بەعث کرد و کەوتە وێزەی ( حەرەس قەومی ) و سەرکردەکانی بەعث .. دەرگایەکی نوێ کرایەوە ..

گەرم و گوڕی هێرشی سەربازی سووك بوو .. هاتووچۆی بەینی ناوچە رزگارکراوەکان و شارەکان نیمچە ئاشکرابوو . دەنگوباسی نامە گۆڕینەوە و نزیك بوونەوە بڵاو بۆوە .. هەندێ دەیانووت بەس بڵێن ( مفاوضات ) و شەکە تەواو نابێ دەچمەوە ناوشار !!..

مەکتەبی سیاسی گەرەکی بوو . هەلەکە بقۆزێتەوە ( تا سەرکردە سوپایەکان دەگۆڕێن ) ئەوەندەی لە تواناد هەبێ شوێن لە سوپا بگرن . بەلانی کەمەوە ، ئەو شوێنانەی گیراوە بیسێننەوە . سەرۆکیش مەبەسی بوو ، شەڕ نەکرێ و پێشمەرگە پشووێ بدا .. ماڵی ئێمە ، بەکردەوە بوو بووە بارەگای کاتی مەکتەبی سیاسی .. دیوەخان و هۆڵ بۆ چالاکی پارتایەتی تەرخانکرابوو .. ژن و منداڵیشمان لەژوورکانی تر و چێشتخانە خەریکی شیوکردن بوون .. سێ ژەمە خواردن دەکراو ماڵەکە مۆنجەی دەهات .. زۆر شەو جێی خەوتنیشمان نەدەما و پەنامان بۆ ماڵە خزمان دەبرد !!.. تا دەهاتیش ، پاشقول لێگرتنی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی گەرمتر دەبوو .

بێگومان .. لێرەیا ناتوانم بەوردی و دووروودێژی و بێ لایەنانە بۆ چوونی خۆم بنوسم . بەلام هەوڵ دەدەم چەند بتوانم بێ لایەنانە و کورتی رای خۆم نیشان بدەم .. من وای بۆ دەچم :

ناخۆشی بەینی سەرۆك و سکرتێر بەتایبەتی ( مەکتەبی سیاسی بەگشتی ) بۆ گەڕانەوەی بارزانی ( بۆ ولات ) دەگەڕێتەوە .. هەر لەناو فرۆکە ، ساردی کەوتە بەینی سەرۆك و سکرتێر .. هەریەکەیان ، ئەویتری بە رێگری دەزانی ( منیش هەر وای بۆ دەچم ) بەلام دەستیان لێك بەرنەدەبوو . هەردووکیان پێویستیان بەیەك هەبوو .. تادەهات ئەم

ساردیە جێگەی خۆی دەکردەوە .. بەهەندێ شێوە سەری هەڵدەداو زوو دەپوکایەوە !.. بەڵام پاش ئەوەی ڕێگای پارتی درا بەئاشکرا کاربکا ( کە بارزانی بەهی خۆی دادەنا ) و کۆنگرەی ( بەغدا ) گیرا .. ناخۆشیەکە لەناو کۆنگرەدا تەقیەوە ، بەوردی سکرتێر ، زوو دەستی بەسەراگیراو چارەیان بۆ هەندێ لێکدابڕان دۆزیەوە .

لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول و بزوتنەوەی سەرۆک خێڵەکان ، سکرتێر لەگەڵ چەك هەلگرتن نەبوو . بەڵام سەرۆك خێڵەکان ، بە هاندانی نهێنی سەرۆك بارزانی ، هەڵسابوون و هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش دوای کەوتبوون ( هەرە دیارەکانیان مام جەلال و عومەر دەبابە بوون ) .. کە لە ( عەودالان ) بڕیاری هەلگیرسانی شۆڕش درا ، بەکردەوە دوو بەرە ، دووسیاسەت ، دوو ڕێکخستنی چەکدار سەری هەڵدا ..

سیاسەتی سەرۆك ، لەناوچەی بادینان ( تا زێی گەورە) پشتی بەسەرۆك خێڵ و بنەماڵەکان بەست و پارتایەتی و ڕێکخستنی سەربازی پشتگوێ خست . سیاسەتی مەکتبی سیاسی ( لە زێی بچوکەوە تا گەرمیان ) دروستکردنی سوپایەکی نیزامی و پشت بەئەندام و جەماوەرە بەستنەوە بوو( هەر لەڕێی ئەمانیشەوە پەیوەندی بە ئێرانەوە کرا.. ) ناوچەی بەینی هەر دوو زێ ، ( بەگشتی ) جێگەی ململانێیان بوو ، هەر لایە گەرەکی بوو بەلای خۆیدا رایکێشێ .. بۆ ئەو ناوچەیەو ئەو کاتە ، لەعومەر دەبابەیان باشتر نەبوو ، دڵی هەر دوولایان رازی کا !.. کرایە ئامیر هێزی کاوە..

کە شیوعیەکان و هەندێ ئەفسەر هاتنە ناو شۆڕش ، دوو سیاسەت بەرامبەریان بە کارهات . بۆیە پەڕینەوە لای سەرۆك ، یان لەناوچەی هێزی کاوە مانەوە ( بەداخەوە ئەوانیش دەورێکی خراپیان دی ، لەقوڵکردنی ناکۆکیەکان ).. کە دانووسان سەری هەڵداو هەر لایە ( سەرۆك و مەکتەبی سیاسی ) گەرەکی بوو سیاسەتی خۆی فەرزبکا.. ناخۆشی بەینیان بەرو تەقینەوە دەچوو.. بەڵام جەماوەر و پێشمەرگە تارەدەیەك لەم ساردییە بێئاگا بوون .

( ٢ )

پێش سەری ساڵ ، گەڕامەوە قەلادزە و لەماڵەوە پشووم دا . شەقامە درێژو راستە سەرەکیەکەی شار ، مونجەی دەهات لە خەڵکی کاسب و پێشمەرگەی بەچەك و بێ چەك .. زووربەی سەرکردە سیاسیەکانی پارتی و شیوعی ، ئەفسەرە راکردووەکان ، ئاغاو دەرەبەگەکان .. لەناو شەقام و بازاردا دەدیتران .. هەر ئەو ساتانە پشێوی دەکەوتە ناو خەڵك کە فڕۆکە جەنگیەکانی بەغدا ، بەسەر شارەکەدا دەسوورانەوە ، دەستریژیان دەکرد .. ماڵی ئێمەش تا درەنگە شەوانێ پڕ بوو لە میوان .. رۆژانەی ژیانی ژنەکان ، چێشتلێنان و چادێمکردن بوو !.. سەرەڕای ماندوو بوونیان ، لەبەینی خۆیاندا هەر پەکوپووکیان بوو .. تووك و دوعایان دەکرد . نەشیان دەوێرا لای خاڵوانم بیدرکێنن ..

شەوێ .. کە کارسووك بوو ، خێزان پشووی دا ، باسی ئەو زێرو فەرشانە کرا کە بۆ تەواو کردنی خانووی کەرکووك ، خرابوونە بانگی ( رهون ) .. کاتێ ئەوە هاتبوو دەربیێنن یان رەهنەکە تازە بکەنەوە ..خاڵە تایەرم نەدەیتوانی نەدەیووێرا بچێ ، ئەگەر بەو زووانەش پێڕانەگەن ، بانك لە بری برە پارەکەی ، هەراجیان دەکاو بەتالان دەفرۆشێ !.. چەندیان سەر هێناو سەر برد ، نەگەیشتنە ئەنجامێ .. من .. بەو خەیاڵەوە ، لەسەر جێگا درێژ بووم و سەیری ریزی تەنیشتەکانم دەکرد ، کەوەك قاوشی بەندیخانەکانی عێراق بەتەنیشت یەکەوە جێگا راخرابوو ، پڕ خەیان دەهات !..

مێرد منداڵ بووین ، لەتەنیشت دایکمانەوە دادەنیشتنێن ، بەسۆزەوە باسی ژیان و ماڵ و حاڵی سەربەستی خۆیانی بۆ دەکردین . ژیان و گوزەران و بەرەحمی باوکمان .. بیری پڕ دڵسۆزی بۆ کوردو چاونەترسی .. جاری وا هەبوو ، بەقوڕگی پڕ گریانەوە بۆی تەواو دەکردین .. ئینجا جەختی لەسەر برایەتیمان دەکردەوە . ئەو پارچە فەرشە ئێرانیە و وردە زێرەی مابووی ، بەرێکی بەسەرمانا بەشی

دەکرد .. بۆیە .. زۆرم پێناخۆشبوو ، ئەم میراتە بەنرخەمان لەدەست بچێ !.. هەر بەو خەیاڵەوە بڕیارمدا ، شتەکان دەرباز کەم و چاپووکی و پێشمەرگایەتی و چاونەترسی خۆشمیان بۆ دەرخەم !!

چوومە لای کاک زاهیری وێنەگری خزمان و بەسەرو مێزەرەوە وێنەیەکی گرتم و بردم بۆ کۆنە فەرمانبەرێکی دایەرەی شوناسنامەی قەلادزە ( کە دەفتەرو مۆرەکانی لای خۆی هەلگرتبوو ) شوناس نامەیەکی بەناوی ( مەلا سەعدی بەکر ) بەمێژوویکی کۆن و تەمەنێکی ماقوولی بۆکردم .. ( ئەوسا ، مەلا و فەقی سەربازیان نەدەکرد ) ، ترسی ئەوەشم نەما داوای دەفتەری خزمەتی سەربازیم لێبکەن .. لەگەڵ لێپرسراوی ئازوقەی لق خۆراکی مانگانەمان لە کاک حەمید باتاسی وەرگرت و خۆمان ئامادەکرد . کاک حەمید ، نەك هەر دەست پاك و سەرراست بوو . زۆر جدیش بوو لەکارەکەی .. بەدەنکە نۆکی ، نیسکێ .. تەرازووەکەی دەهێنایەوە !!

لەرێگەی گەڕانەوەمدا ، بەدوای هێستری بارکراوەوە ، خەیاڵ دەیبردمە دنیای پاکی ئەو بەفرەی بەدەم رێگاوە لێی دەدایین .. خەیاڵ و بەفری بێگەرد و سروشتی دۆڵ و چیای مەندیل سپی و چەمی ئاودار .. تێکەڵ یەك دەبوون ، دنیایەکی پڕ سەیرو سەمەرەی بۆ دەنەخشاندم .. هەندێ جار ، نەشئە دەیبردمەوە دنیای خوێندنی زانکۆ و ژیانی تێکەڵی کوڕ و کچان و چاوبازی . بەدەم گۆرانی هاوەلەکەم بیرم لە ساتەکانی خاتوزین دەکردەوە . تا دەهاتیش ، پتر ڕشت دەبووم لەدەربازکردنی میراتیەکەمان .. لەناخیشدا ، دڵم خۆشتر دەبوو کە چاوم بە دۆستە کەرکوکیە کەم دەکەوێتەوە و بۆ چەند ساتێکیش بێ ، لە کۆڵانەیەکدا ، یەکتری دەدوێنین . وەختێ زانیم . ئەو رێگە دوورەمان بڕیوەو لەنزیك بارەگای لقین !!..

شەو .. لەبەردەمی گەرمی سۆپای داری ژوورەکەمان ، لەگەڵ کاک عثمان کەوتینە باسی زروف سیاسی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی بەغدا و عبدالسلامی پێش و پاش کودەتا سەربازیەکەو لە وردە ناخۆشیەکانی بەینی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی گیر دەبووین .. یەکێك

له مەبەسە دیارەکانی پەرینەوەی سەرۆك بۆ ناوچەی مەکتەبی سیاسی، گۆڕانکاری ناو هێزەکانی بوو . کۆمیتەی ناوەندی ( بەتایبەتی مەکتەبی سیاسی ) بەم هاتنە قەڵس بوون . هەردوولا پاشقولیان لەیەکدەگرت .. دوو ڕوو و کاسەلێسەکان و ئەفسەرە ڕاکردووە بێکارەکان و ئاغاو بەگە کەم دەسەڵاتەکان و هەندێ لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی .. هەڵەکەیان قۆستبۆوە دەوری خراپیان لەبەیندا دەدیتن !.. بەڵام ئێمەی قوتابیانی زانکۆ ، تا مۆخ لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بووین .. ئینجا هاتینە سەر دەنگوباسی دانووسان و مەسەلەی ( لامەرکەزی ) ئیداری لەکوردستاندا .. هەندێ شتمان بۆ یەکتری گێڕایەوە .

درەنگانێ .. هاتمە سەر مەسەلەی فەرش و زێرەکانی کەرکووك . کاك عثمان سەیری پێهات کە کەسێکی وا نەبێ بۆمان تازەکاتەوە .. منیش تێم گەیاند کە خزمێکی زۆر هەن . بەڵام لە مەسەلەکە نازانن یان لەبەر خاڵە عومەرم ناوێرن خۆیان لەو جێگایانە بدەن و تووشی گرتن و ئازاردان بن .. وتی :

– من پێشمەرگەم . بەڵام فارق ( فارووق )ی برام لەدەشتێ ، هەموو زەویەکانمان دادەچێنێ ودەیدروێتەوەو دەیکاتە پارە .. بەشی خۆم ، دادەنێیان بۆم ڕەوانە دەکا .

– .. شارو لادێ فەرقیان زۆرە ..

– ئێ . دەتۆ بچۆ کارەکە بکە!.. حەزدەکەی ناوونیشانی هەندێ خزمت دەدەمێ لەگەڵت بێن ..

– منیش هەروام بیر کردۆتەوە.. بابزانین ..

پێش سەری ساڵ ، بەچوار ڕۆژان ، بێئاگاداری کەسوکارم ، بەبروسکەیەك داوای دە ڕۆژ پشووم لەبارەگای هێز کرد ، بێ چاوەڕوانی وەڵام .. لەبوولێڵا ، لەتەك چاوساغێکی پێشمەرگەی دەشتی کۆیە بەرەو خوار بوومەوە .. بەپەلە ، جادەی سەرەکی کۆیە – هەولێرمان بڕی و بەشیوو دۆڵ و نەدیوودا کەوتینە ڕێی . بەفریش هەر دەباری . ( سەیرە .. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاوم .. ئەو ساڵانەی کە کورد تووشی دەردەسەری یان نووشووستی دێ .. ساڵە کەشی زۆر

سەخت دەبێ ، سروشتی ناهەموار ئازاری کورد زۆرتر دەکا ! .. ) چەند جارێ فرۆکە جەنگیەکانیش بەسەر ناوچەدا سووڕانەوە ! .. لە گوندی ( بانە قەلات ) لای هەندێ ناسیار لامدا و چاو ساغەکەم بەرێکرد .. نزیك ئێوارە گەیاندمیانە دێی ( کانی دەربەند ) .

هەندێ زەوی و زار و ئاوو بەراوی گوندەکە ، لەباب و باپیرانەوە بۆ کوێخا سالح و لەویشەوە بەمیراتی بۆ پورە حەبیبە و منداڵەکانی مابوونەوە .. خۆیان بەرهەمیان دەهێنا ، بۆیە .. کێشەی جوتیاری تێدا نەبوو . حەسەنی کوڕی تاقانەی ( کە بەمام حەسەن ناسرا بوو ) زووربەی کردار و قسەی چووبۆوە سەر بەرەی باوکی . زیرەك و وشیار و شت زان بوو . بێئەوەی سەوادی هەبووبێ و چووبێتە قوتابخانە ، فێری نووسینو خوێندنەوەی کوردی و عەرەبی بوو بوو . قسەی نەستەق وسەرگوزشتەی زۆری لەبەر بوو .. لەکاتی پشوو ، لەژێر رووناکی قوتیلکە و چرای کزی شەوانی لادێشدا ، دەیخوێندەوە .. کاروانچی ئاوایی ، کتێب و گۆڤارو رۆژنامەی لە کۆیێ و هەولێرەوە بۆ دەهێنا .. دەتوانم بڵێم : رۆشنبیرێکی سروشتی بوو ، لە دنیای سیاسەتیشدا شتی دەزانی و چووبۆوە سەر رێگەی دەبابەی خاڵی . لەو ناوچەیەدا لەکادرە دیارەکانی پارتی بوو .. چاوتێر و دەست واڵابوو ، دیوەخانی لەسەرپشت بوو .. بەگەیشتنی من ، شادو گوشاد بوون .. شەو ، لەدەوری گڤەگڤ و لوورەی سوپای داری ناوەراستی ژوور ، خەریکی خواردنی : کاکڵە گوێز و بادەم ، مێوژی سوور ، نۆك و گوللە بەرۆژەی برژاو ..بووین . کەخۆی و خۆم ماینەوە، مەبەسی هاتنم تێگەیاند ..

هەرچەندە پاڵە پەستۆی سەربازی عیراق لە سەر شارە کوردییەکاندا سووك بوو بوو . بەڵام بەکارێکی پەسندی نەزانی . دەترسا ، بگیرێم و سەرم تێبچێ ! .. من .. سواری کەللە سەری خۆم بوو بووم ، قسەی ئەوم نەدەبیست .. ناچارم کرد ، بۆ رۆژی دوایی چووینە مزگەوت و لای مەلای گوندی دانیشتین .. مامۆستا ، هەندێ کردارو قسەو شێوەی داڕشتنی رستەی فەقێ و مەلایانی فێرکردم

و( جبه ) و ( عەمامە)ی بۆ هێنام . لەبەرم کرد وپێی ڕۆیشتم و خستمە بوخچەو پێش خۆر ئاوابوون ،ماڵئاوایم کرد و یەکێکیان لەگەڵ ناردم بۆ گوندی ( ڕەسوولە بچکۆڵ ) کە بارەگای کاتی لیژنەی ناوچەی هەولێری پارتی لێبوو ..

بە ترس و لەرزەوە ڕێگای پیادەی ناوچەکەمان دەبری ، نەوەك ڕەبیەیەك لەدوورەوە بەدووربین بمانبینێ یان لۆریە جاش بەرێگاکەدا بێ یان فڕۆکە جەنگیەکان گەشتێ بکەن ! کە گەیشتینە دێیەکە دنیا تاریك داهاتبوو ، بەفریش بەباوەدەباری .. خۆمان بەبارەگا داکرد.. ئەوانەی لەوێ بوون ( من لەبیرم مابێ ) کاك ئەحمەد شەریف و محەمەد حەسەن مەنگوری و .. بوون . بەخێر هاتینیان کردین و چایەکی گەرمیان داینێ .. پاش نانی ئێوارە ، لیژنە وایان بەباش زانی بگەینە ( بێستانە ) و لەوێ پشوو بدەین .

- بەڵام بەفرەکە بەباوە دەبارێ و دنیاش تاریکە!.. دەترسین دووربێ؟

- لێرەوە سەعاتێك نابێ .. شارەزایەکیشتان لەگەل دەنێرین .

ئێمە دەمانویست ئەو شەوە لایان بمێنینەوە ، ئەوانیش سوور بوون لەسەر ئەوەی لەکۆڵ خۆیانمان کەنەوە .. لەئەنجامدا دەوری دە پێشمەرگەیەك دوای چاوساغەکە کەوتین ..

( ٢ )

بەپێی قسەی گەوران ، چەندەها ساڵ بوو ، ئەم ناوچەیە ، بەفرو زریانی وای نەدیبوو . با .. بەفرەکەی لوول دەداو زوورگەکانی دادەپۆشی .. تا تاریکتر دەبوو ، دنیا ساردتر و بەفر توندتر دەباری . هەرپێمان دەکرا خۆمان داتەکێنین !.. ڕەشەبای زوورگەکان لوولی دەداین و بەدۆڵ و شیویدا دەگردینەوە .. ساردی دۆڵەکانیشمان پێ هەڵنەدەگیراو بەرەو زوورگ دەبووینەوە و بەهەموولایەکی خۆمان

هەڵدەپروانی ، ترۆسکە رووناکیەکمان بەرچاو نەدەکەوت فەرامۆشیمان پێی بێ . زۆرمان بڕی ، زۆرمان پێچوو .. هیچ شووێنێ دیار نەبوو .. تەنیا بەفرو زریان ورەشەبا سەر کاروانی ڕێگەی هات و نەهاتمان بوون !.. بەتووڕەییەوە لە پێشەنگم پرسی .. بەکزیەوە لێم نزیك بۆوە، بەشەرمێکەوە وتی :

- لەم زریانە ڕێگەم ون کردووە !
- با بگەڕێینەوە !
- ئەوەندە خولاینەوە .. زوورگ و دۆڵمان کرد ، ڕێی گەڕانەوەشم لێتێکچووە .
- چارە؟!
- هەر دەبێ بگەڕێن تا ئاوەدانیەکمان لێدەردەکەوێ!!

پیادە ڕێ و کاروانەڕێ و کۆنەڕێگە .. لەژێر بەفردا ، خۆیان حەشار دابوو .. نەسەگوەڕێ ، نەتروسکاییەك وەدیار بوون بکرێنە نیشان .. منیش ڕاستیەکەم بەهەموویان ووت . دۆزینەوی ڕێگا ، بووە خەمی هەموو .. کات و سەرما پتر تەنگی پێهەڵدەچنین .. بەڵام نەم دەهێشت پشوو بدەن و بووەستین !..

هەر پێمان دەکرا ، سەرو خوار بکەین و چاو بۆ دوور بگێڕین .. دووی بەتەمەن ، لەبەر ماندوو سەرما دەستیان گۆی نەدەکرد ، چەکەکانیان لێبووە بەلا .. من و چاو ساغەکە ، تفەنگەکانمان وەرگرت .. دڵم دانەوە .. بەڵام خۆم لەهەموویان پتر دەترسام و بەسەرخۆم نەدەهێنا .. دەبێ هەر بڕۆین وهەنگاوبنێین .. بۆ کوێ ؟.. نازانم !.. بەس .. دەبێ نەوەستین !!.. درەنگە شەو داهات و هیچ دیار نەبوو .. سەرما ، ترس ، ماندووبوون سێکوچکەی سزای ئەم ساتەمان بوون !.. مامۆستایەك ، کە بۆ سەردانی خێزانی گەڕابۆوە ونەیدەویست هیلاك و ماندوو بێ ، ( لەقۆزیەکەی بشێوێ ).. پێشنیاری کرد .

- لەپەنا تاوێر و لاپاڵێکی بەفرنەگرا ، تا بەیانی خۆمان ماتکەین .. بەو چیلکەو چەواڵەی دەورمان ئاگرێ بکەینەوە ..

ماندوو بووەکان ، قسەکەیان قۆستەوە .. من و کۆنە پۆلیسێکی سوارە( کە بەزستان زۆر دەشت و شاخی کردبوو ) بە دەمیدا هاتینەوە . تێمان گەیاندن ئەنجامی وەستان مردنە !!.. رەق بوونەوەیە .. چونکە نە ئەوەندە چیلکەو چەواڵە هەیە دەکەس گەرم کاتەوە ، نە بەوتەڕییە ئاگر دەگرێ !.. دوو – سێ یەکیان تکاو قسەی ئێمەیان نەبیست و بەرەو دۆڵ شۆڕ بوونەو تا پەنایەك بدۆزنەوە .. تفەنگم لێهێنانە سەرپێ و سوێندم خوارد نەگەڕێنەوە و لەگەڵمان رێ نەکەن گوللە بارانیان دەکەم !..

- نابێ لێکداپچڕین .. بەجێتان ناهێڵین .. مەعقولیش نییە لەبەر خاتری ئێوە دەکەس بە فەتارات چێ!.. دووکوژراو باشترە لە رەق بوونەوەی هەموومان !..

کەسەیری دەست و تفەنگ و رووبانکردم ، بەناڕازییەوە هاتنەوە ریزو کەوتینەوە ڕێ ..

وەنەبێ من ئەوەنە شارەزاو زانا بوویم یان وەك ئەوان حەزم لەپشووی پەنایەك نەبووبێ .. بەڵام ژیان لەپشووی رەق بوونەوە خۆشترە .. چونکە .. نەك هەر خوێندبوومەوە ، لەزۆر کەسانیشم بیستبوو ، چەندەها کەس بەوجۆرە لەناو چوون و لاشەکەشیان بۆتە خۆراکی گورگ و چەقەڵ !.. لەناخیشەوە ، نەعلەتم بۆ هاوڕێیانی ناوچە دەنارد کە ئێمەیان خستۆتە ئەم مەترسیە !..

بیستبووم .. مرۆ لە ناسکترین شوێنیەوە تووشی رەق بوونەوە دەبێ .. لە ( گون ) ەوە دەست پێدەکاو تەشەنە دەکا .. لەراستیدا ، هەستم بە تەزینی گون کردبوو . بۆیە .. پتر گورپم دابووە خۆم و دەنگی ئەوانیشم دەدا کە خێراتر بڕۆن .. ئێمە چەندمان دەکرد لە رەق بوونەوە دەربازبین ، بەفرو زریانیش پتر تەنگی پێهەڵدەچنین !.. چ چارەش نەبوو . مل ملانێی بوون و نەمان بوو !.. لەپڕ .. پەندی ( ئاو و ئاوەدانی ) کوردیم بەبیر هاتەوە. بۆم باسکردن و خۆمان بەهەوەڵ دۆڵا کرد .. کەوتینە لاداني بەفرەکە .. زەویمان هاتە بەر دەست .. خۆمان گەیاندە دۆڵێکی خوارتر .. بەفرمان لادا .. هەستمان کرد بنی

بەفرەکە بۆتە سەهۆڵ .. بۆ جەخت کردنی مەبەسمان سەد مەترێ بەرەو خوارەوە چووین ، بەفرمان لادایەوە ، نەك هەر سەهۆڵ ئاویشمان بەدی کرد!.. بەدەمیەوە رۆیشتین وماوە نا ماوە بەفر لادەدرا و ئاو وەدەر دەکەوت .. لەخۆشیا ماندوو بوونمان بیر چۆوە .. تا ئاو پتر دەبوو ، دۆڵەکەش فرەوانتر !.. بەلێژی دۆڵا خزاین .. بەڵام نەمان دەزانی ، بەراستی دەگاتە ئاوەدانی؟ .. چ ئاوەدانیەك ؟.. دۆستە ؟ .. دوژمنە ؟!.. چۆنمان پێشوازی دەکەن؟ .. بەخێر هاتن ؟ . لەدوورەوە شەرە تفەنگ ؟!.. ئیتر .. هەر یەکەمان لەلای خۆیەوە بەندو باڵۆرەیەکی لێدەدا !..

دوای نیوە شەو .. سەگوەر ئێستی پێکردین .. بەڵام رووناکی دیار نەبوو .. حەپەی سەگی ئەو بەر دۆڵ زۆرتر بوو ، رووناکیەك وەدیار کەوت .. لەترسا .. خۆمان حەشارداو لەبزوتنەوەش نەدەکەوتین .. بۆ تەکبیرێ ، سەرمان بەیەکەوە نا ، پێشەنگەکەمان وتی :

- من .. خەڵکی ئەم ناوچەیەم و لە هەر دێیەك ، چەند ناسیارێکم هەن .. ئەگەر رازین ، ئێوە خۆتان حەشاردەن ، من دەپەڕمەوە و دەچمەناو دێ .. ئەگەر جاش بوون و دوژمن .. من دەمێنمەوە و ئێوەش راپەرن و خۆتان دەرباز کەن .. ئەگەر دۆستیش بوون .. فیشەکێکی ئاگردار بەرەوئاسمان دەتەقێنم و ئێوەش بپەڕنەوە !!

لەو کاتەدا ، هیچ چارەیەکیترمان بەبیرا نەهات .. شەرواڵی هەڵکرد و لە ئاوی دا .. تا سەگوەر پتر دەبوو ، رووناکی چراو لایتی دەستی زۆرتر .. ئێمەش لەپەناوە هەر لەبزوان و هەڵلەرزین و جووڵانەوە بووین !.. لەگەڵ تەقەی تفەنگ ، خۆمان هەڵکردو پەڕینەوە !.. چاوساغ و کادری گوندی ( بێستانە ) لەپێشوازیمان بوون !.. رێگەی سەعات کەمتر ، بەپێنج — شەش سەعاتی پڕ کۆڵەمەرگی بڕا ..

بەو درەنگە شەوە .. لەدەرگای ماڵان دەدراو یەك و دوومان دەچووینە ژوورەوە ..هەر چەندە خاوەن ماڵ بەزەردەخەنەوە پێشوازی دەکردین ، بەڵام گومانم نەبوو لە ناخدا جنێوی بە ئێمەو کادرەکەش دەدا!.. من و بەساڵا چووێ ، چووینە ماڵێکەوە کە دوو

ژووری لەناو یەکیان هەبوو .. ژنەو منداڵانی لەژووری سەرەوە نووستبوون ، ئێمەشی لە ژووری بەرەوە نواند .. لەگەڵ مەلابانگدانا هەڵیان ساندین و بەرچایمان خوارد وچووینەماڵی کادرەکە .. من.. کەلوپەلی مەلایم لەبەرکردو دەمانچەو کورتەك وشەرواڵم جێهێشت و شوناسنامەی مەلایم لەتەنکەی باخەڵم نا..

گوندی بیستانە .. وەك زووربەی دێیەکانی هەولێر ،چەکداری حکومەتی تێدابوو ، هەندێ جار لەشەڕیشدا بەشداربوون .. بەڵام پەیوەندیشیان بە پێشمەرگەوە هەبوو ! کادری پارتی بەئاشکرا لەناویاندا کاری دەکرد و پێشمەرگەی دەهێناو دەبرد !.. وەکو کادرەکە بۆی گێرامەوە ، پاش کۆدەتاکەی عەبدولسلام و لەناو بردنی بەعثەیەکان ، حکومەت توندو تیژی زۆری نەمابوو .رەبیە و سەیتەرەکانیش چ بەپارەو چ بە خوایشت ، چاویان لە هەندێ شت دەپۆشی!!..

( ٤ )

دەووری سەعات دەی بەیانی ، چوارمان سواری پشتی پیکاب بووین ، کەپڕ بوو لە شت و چەند ژن و پیاوێکیشی تێدابوو .. ئەوانیتر .. هەندێکیان چاوەڕوانیان دەکرد ژن و منالّیان بێنە لایان و خۆیان زاتی ئەوەیان نەدەکرد بچنە ناو شار .. هەندێکیتریش خۆیان لە سەیتەرە نەداو بەپێ بەرەو شار دەچوون !.. چووینەگوندی ( باشتەپە ) و لەوێوە هاتینە سەر جادەی سەرەکی کەرکووك — هەولێر .. لەبەر ئەوەی پیکابەکە ناسرابوو ، سەیتەرە رای نەگرتین و بە سەلامەتی گەیشتینە هەولێر و تابازاری ( تەیراوە ) نەوەستایەوە .

وەك عادەتی کوردەواری ، ماڵی کاك عثمانی خاڵۆزام ، لەبەیانیەوە تا ئێوارە دەرگای حەوشەیان کراوەبوو .. کە بە جبەو عەمامەوە خۆم بە حەوشەدا کرد . هەتاوخانی خێزانی و خاڵۆژنم منیان بە کەلوپەلی مەلاییەوە دی هەتاو خان وتی :

- مامۆستا .. مام حاجی ( مەبەسی لە خاڵە صدیقم بوو ) تازە چووە مزگەوت ..

منیش لەپرمەی پێکەنینم دا . حەپەسان . کەناسیمیانەوە . خاڵۆژنم بەپەلە دەرگای حەوشەی داخست ..

کەکاک عثمانیش ( لەدایەرە ) هاتەوە و باسەکەم تێ گەیاند . وتی :

- بەهۆی دۆست و برادەرانم هەوڵم دا چارەم پێ نەکرا . دەبێ مام ئامادەبێ .

کەلوپەلەکە ، لای منی هەرزەکاری دڵ بەدنیا خۆش ، ئەو خەونە جوانانە بوو کە بەمێرد منداڵی دەمدیتن و دایکم بەگوێمیدا دەچرپاند .. چۆن نامەوێ ، مافی نەتەوایەتیم بفەوتێ و لە پێناویدا دەستی شاخم گرتووە . دەبێ ئاواش پارێزگاری لەمیراتی باوکم بکەم .. چەندم پێبکرێ لەدەستی نەیاران دەری بێنم!.. ئەوساش ، سەیرم پێدەهات : پیاوێ بیرو باوەڕێکی هەبێ و خێزانی دژی بۆ چوونی ئەو کارەبکا ، یان کوڕو باوک .. یەکێك نەتوانێ بیرو باوەڕی خۆی لەماڵ و منداڵی بگەیێنێ و بیهێنێتە سەر ڕێبازی خۆی ، چۆن دەتوانێ ببێتە پێشڕەو و جێگای بڕوای جەماوەر !..

من .. لە کەرکووکدا زۆر دیار نەبووم . چونکە لە ساڵی شێستەوە ، تەنیا لە پشووی هاوین و نیوەی ساڵ پەیدا دەبوومەوە ، یان بۆ چەند ڕۆژێ بەسەردان دەگەڕامەوە و کەهەرای کەرکووکیش ڕوویدا ، دەوری خراپم نەبوو .. تەنیا هاوەڵانی خوێندن دەیانناسیم و بنەماڵەکەشمان لەسیاسەتدا دیار بوون .. من .. بڕیاری خۆم دابوو ، سەرێ بوو ، هێنابووم و نەمدەگەڕاندەوە ( بە درێژی ژیانم ،زۆر درەنگ و لەسەرەخۆو هێمن بڕیار دەدەم .. کەبڕیاریشم دا ، زۆر درەنگ و بەزحمەت پەشیمان دەبمەوە ) بۆیە .. زوو زوو قسەم بەسەردا دەهێنا . لەگەڵ خاڵە سدیقم باسی چیرۆکی فۆلکلۆری و ئەدەبی شاعیرانی کۆنمان دەکرد .. تا بەسەر ساردی بەینی سەرۆك و مەکتبی سیاسی دا کەوتین . کاك عثمان گێڕایەوە کە ، لە هەولێر گەیاندراوەتە ( مریشکەرەشە ) و هەرچی بەگ و ئاغاو کوێخا هەن ، لەگەڵ بارزانین و

زووربەی رووناکبیرو خوێندەواری شاریشە لەگەڵ مەکتەبی سیاسین !!.. بەڕاستی زۆرم پێناخۆش بوو !.. هەستم کرد ، دەستانێ لەپشت ئەم کارەوەیە ودەیانەوێ تێکبەربین و شۆڕش لەناو بەرن .. ئەوەی دەمزانی و لەدیوەخان بیستبووم ، بەپێی بۆ چوونی خۆم بۆم باسکرد ( دیارە .. گێڕانەوەکەم بەلای خاڵم و هاوەڵانی دا دەشکایەوە ، زۆری ئۆبالم دەخستە ئەستۆی سەرۆك .. چونکە هەر ئەو لایەم گوێ لێبوبوو ! لاشم وابوو ، ساردیەکە گەواڵە هەورێکە و زوو دەڕەوێتەوە . کوردایەتی لە سەرو هەموو بەرژەوەندی یەکانەوەیە ) کاك عثمانیش گەلێ رەشبین بوو . دەیووت :

- کورد گەلێ کەللە رەق وکورتبینە و زوو هەڵدەچێ .. کە چەکیش لە بەینابێ ، ماڵکاولییە . خۆ مامم و کاك عەلی عەبدوڵڵا هێمن و لەسەرەخۆن و دەتوانن بکەونە بەینەوە !..

دەترسا .. لە ناو ئەم ململانییە کوردی تێبچێ‌و بەدەردی شۆڕشەکانیتری نەتەوەکەمان بچێ .

- من لە شاربووم ، دەمزانی ئەو بەعسیانە ، جاش عەرەب و حەرەس قەومیانە چییان کردو چۆن ئازاری خەڵکیان دەدا و ژەهریان بەقورگا دەکردن .. زووربەی ماڵە پێشمەرگە ، سەرانەو بەرتیلیان دەدا ، وازیان لێبێنن .. جا بزانن کوردایەتی کەرت بووە . دەبێ عەرەب چیمان پێبکا؟

رۆژی هەینی ، بەترسەوە کەلوپەلی مەلایم لەبەرکرد ، وتەکانی مام حەسەن و کاك عثمان ورەیان نزمکردبوومەوە و لە ناخدا شلەژاندبوومی ، هێزم داخۆم و تەزبیحی سەدویەك دەنگی قەزوانی ئەبڵەقم هەلگرت و چوومە گەراج . بە ( ناوی خوا ) (بسم الله ) ( یائەللا ) وەسواری قەمەرەی کەرکووك بووم . ترس پتر ، گومان زۆرتر .. وەك بەرەو دۆزەخ بچم وابوو .. کە سەیتەرەی یەکەمی قەراخ شار ، شوناسنامەی لێوەرگرتین ، سەیریان کردین و بەڕێیان کردین .. ترسم رەوییەوە .. بەدەم رێگاوە پەیتا پەیتا ناوی خوام دەهێناو لەبەر خۆمەوە لێوم دەجوولا .. دەمویست مەلایەتی خۆم نیشان بدەم !..

خۆمان بەناو ( پردێ ) داکرد . لە نزیک پۆلیسخانەکە ، سەیتەرەی پۆلیسی عەرەب رایگرتین .. هەموویانی دابەزاند ، من لەشوێنی خۆم نەبزوتم .. پۆلیسەکان کەوتنەپشکنینیان و ناو جانتای ئۆتۆمبیل گەڕان ، لەشوناسنامەکانیان ورد بوونەوە .. پۆلیسێکی رەشتاڵەی چاو زەقی تورە و تەنگاو لە پەنجەرەکەوە سەیری کردم ، پێش ئەوەی پرسیار بکا ، شوناسنامەی مەلایەتیم دایە دەستی . سەیری سەروسیماو ریش نەتراشاوی کردم ، بەدەم دانەوەی شوناسنامەکە :

– سەربازیت کردووە ؟

نازانم ، لەگومانەوە بوو ، لەنەزانینەوەبوو ، دەیوویست دەمودووم تاقی بکاتەوە .. بەزەردەخەنەو عەرەبی کتێب ( فصحا ) وتم :

– مەلاو فەقێ سەربازیان پێ ناکرێ ..

لیوایەك سەرباز ، لە سێ ڕیانی کۆیە – هەولێر – کەرکووك بارەگای داکوتابوو . سەیتەرەش نزیك گوندی (دارەمان ) دیسان هەموویان دابەزاندنەوەو ورد گەڕان ، سندوقی قەمارە هەڵدرایەوە .. بەدزیشەوە ، سایەقەکە هەندێ پارەی کردە دەستیان ، سەیری شوناسنامەو رووەکانی کردو بەڕێیان کردین .. پێش ئەوەی بگەینە ( رەحیماوا )ی ناو کەرکووکیش دیسان داگیرانەوە و چینێکی تر گەڕان .. من .. لەنزیك پردی ( نازم تەبەقچەلی ) ی لای خانەقاو کتێبخانەی گشتی دابەزیم .. یادەکان پاڵەپەستۆیان بوو ، هەناسەی ساردم بۆ ئەم شارە مەزنە دێرینەی کوردان هەڵکێشا ، چۆن خەریکن خاپووری بکەن !.. چەند بەنامۆیی خۆم دەتلامەوە . ئەوەندەش بەوێرانکردنی شارەکە ..

پاش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ ئەم پردەمان ناو نابوو ( پردی خەبات ) چونکە دەکەوتە نزیك شوقەی لقی پارتی . بەعسیەکانیش ناوەکەیان گۆڕی ( خۆزگەم رۆژێ کورد دەسەلاتی دەبوو ، پردەکە ، ناوی خۆی هەڵدەگرتەوە ) .. کە پەڕیمەوە.. لای راستم باخچەی گشتی و پۆلیسخانە ، لای چەپم چەند خانوو و حەمامێك . بەلای شەقامی

خاسەیا سەرکەوتم . لەکۆڵانەیەکەوە کچە کەرکووکیەکە بەخۆی و عەباوە دەرکەوت .. زوو ناسیمەوە . ئەو دوو دڵ بوو . لێك نزیك بووینەوە. فرمێسکی هاتە خوارەوە . ئاگادارم کرد کە لە ماڵی محەمەد قەرەداغی مامۆستا دادەبەزم( کە کۆنە ئەندامێکی لیژنەی ناوچەی پارتی بوو . پاش هەراکەی کەرکووك ، تۆرانیەکان ، تێزابیان بەروویدا کردبوو . بەلام دەموچاوی زۆر نەشێوابوو . هەرچەندە پارتایەتی نەدەکرد ، بەلام کورد پەروەرێکی دیاری گەڕەك بوو ).

نەجیبە خانی خێزانی دەرگای کردەوەو بەپەلە لەژووری دیوەخانی پەستیم . کوڕانی و نەسرینی کچی دەورەیان دام و بە کەلوپەل و سەروسیمام زەردەخەنەیان دەهاتێ.. ناچار عەمامەکەم لابرد و دەنگوباسم بۆ گێڕانەوە .. پاش تۆزێ .. کچەکەرکووکی بەدزداشەو عەباوە ، خۆی بەژوورا کرد، نەجیبە خان بەپێکەنینەوە وتی :

- ئەوەبۆیە.. زوو زوو هەواڵتان دەپرسێ .. دەڵێی دڵی خەبەری داوە . خۆ نەبۆتە پارتی ؟!

ماوەیەکی زۆر لەگەڵمان دانیشت . بەوردی لە ژیان و هەواڵمی پرسی ، زوو زوویش بە کەلوپەلەکەم پێدەکەنی و لەگەڵ هەناسەی سارد تێکەڵ دەبوون .. هەرچەندە بەرامبەر بووین . بەلام بە دڵ لەگەڵ یەك بووین . کە مامۆستا محمد گەڕایەوە . باسی بارمتە ( رهن ) کەی کرد :

- هەرسێ پارچە فەرش ، هەراج کرابوون ، کەس نەیوێرا بوو بچێ .. هەریەکەو لێپرسراوێکی بەعثی هەڵی گرتبۆوە .. کاك فاتیحی زێرینگەریش بە هەرزان زێرەکانی کریبۆوە ! ئێوارە دەچم بزانم چیلێکردووە !

شەو گەڕیەوە و ئاگاداری کردم کە فاتیح شانی پیا کردووە و هەموویانی فرۆشتووە .. بۆ سبەینێ ، بەدەستی بەتاڵ گەڕامەوە . چوومەوە بیستانە ، بەلام سەرم لە هاوڕیانی ناوچە نەدا و لە ( کانی دەربەند ) گیرسامەوە .. خەونێکیترم نەهاتە دی !.. ئەوەی لە باوکم بەجێمابوو بووەقوربانی کوردایەتی .

# ( ٥ )

هەر لەو ساکەوە ، سەرۆکی پارتی پەرپێبۆوە بەری سۆران و ناوچەی هێزی کاوە ، شاری ( قەلادزە ) بوو بووە جخزی چالاکی سیاسی و شۆرشگێری . گەورە لێپرسراوان و خاوەن پلەو پایەی کۆمەلایەتی و رامیاری و سەربازی .. لەو ناوە دەهاتن و دەچوون . بارەگای کاتی سەرۆك لەشارۆچکەی ( سەنگەسەر ) جێگیر بوو . مالی ئێمەش بەکردەوە بووە بارەگای کاتی مەکتەبی سیاسی .. سەرکردە سەربازیەکان ، ئەفسەرە راکردوەکانی کورد و عەرەب ، گەورە لێپرسراوانی حیزبی شیوعی عیراقی و هەندێ لە هاوەلاتیان .. لەناو قەلادزە و دەوروبەری دەژیان و هاتووچۆی هەردوولایان دەکرد ..

دەنگوباسی ناکۆکی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی لەدەمی هاتۆچۆکەران دەترازاو دەکەوتە ناو بازار ، زستان چەند سەخت و ناخۆش و بێ ئاگرو دوور بوو ، زروف پارتیش خراپتر بوو !.. ساردی بەینیان ، لەوەدەرچوو لە کۆبوونەوە تایبەتی و نهێنیەکاندا باسبکرێ ، گەیشتە دەمی خەلك و چەند بوو ، دوو ئەوەندەی پێوەدەندرا .. سەرۆك و مەکتەبی سیاسیش ، هەریەکەیان ، بەجۆرێ ئاراستەی پێشمەرگەیان دەکرد ، زۆر جار دووبریاری دژ بەیەك سەری لەپێشمەرگە دەشێواند !.. بەلام کێ راستەو لەسەر حەقە ، بەو خەلکە هاوێر نەدەکرا ..

بێگومان .. من کەوتبوومە بەرەی مەکتەبی سیاسی و بەلگەو بیانووەکانیانم دەوتەوە . ئەگەر بە هەلەش نەچووبم ( چ لەچەمی رێزان و چ لە حاجی قادر ) . نووسراوێکی تایبەتی لە مەکتەبی سیاسیەوە بۆ رابەرە سیاسیەکان هاتە خوارەوە ، داوای رازەی ئەو پێشمەرگانەی دەکرد کە لەگەل مەکتەبی سیاسین . بەپێی بۆ چوونی خۆم و کاری ناوپێشمەرگە ( وابزانم رابەرە سیاسیەکانی تریش ) زۆرینەم خستبووە

پاڵ مەکتەبی سیاسی . رەنگە ئەم وەڵامانەش یارمەتی لێکدابڕانی هەردوو باڵی دابێ ! هەرچەندە زۆرینەی هەرە زۆرمان لەگەڵ دووبەرەکیەکەدا نەبووین و هەستمان بەمەترسیەکانی دەکرد . بەڵام هیچ کاتێ چاوەڕوانمان نەدەکرد ، بەدەستی خۆمان ماڵمان وێران بکەین و تەقە لەیەك بکەین ..

ئەوانەی لە مەو بەر ناوم بیستبوون و نەمدیبوون ، لێرەدا بە خزمەتیان گەیشتم : بەرێزان : سەعید مطر . سلیم فخری . کریم ئەحمەد . شێخ رەزای گولانی . عەزیز ئەتروشی . عەزیز عەقراوی ... بوون . ئەو گەورە پیاوانەی لەو ماوەیەدا لە دەستمان چوون و لەناخدا منی هەژاند و لە بیرم ناچنەوە : دکتۆر صدیق ئەتروشی و شێخ عبداللەی کەوەڵەن .

دکتۆر صدیق ئەتروشی ، مامۆستای زانکۆی بەغداو لە بنەماڵەی شێخانی ئەتروش بوو . پسپۆری جوگرافیا بوو ، ئاوەڵ زاوای کاك ئیبراهیم ئەحمەد بوو ( رێسان خانی خێزانی ، خوشکەزای کاك هەمزە عبداللە و خوشکی گەلاوێژ خان بوو . کە لەدواییدا شووی بەگۆرانیبێژی دیار مەزهەری خالقی کردەوە ) پیاوێکی زاناو هێمن و کورد پەروەر بوو . لەکۆلێژی پەروەردە و لە ماڵی کاك ئیبراهیم چەند جارێ بە خزمەتی گەیشتبووم و ئەویش منی دەناسیەوە .. شەو ، تووشی دڵ دەبێتەوە و گیان لە دەست دەدا .. هۆی مردنەکەش ، هەریەکە بەلایەکدا دەبرد :

هەندێ خەتاکەی دەخستە ئەستۆی بارزانی . چونکە ئەو شەوە سەرۆك لە هەندێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی توڕە بووە و گڕژییەکە گەیشتۆتە مەترسی کەرت بوون . دکتۆر و هاوەڵانی کەوتوونەتە بەینەوە ، زۆر قسەی کردووە . ماندوو بووە . کە درەنگانێ دەگەڕێتەوە ماڵ . دڵی لێبەژان دێ و کۆچی دوایی دەکا .

هەندێکی تر ، خەتاکەیان دەخستە ئەستۆی سکرتێر : کە جاری یەکەم تووشی دڵ دەبێ ، داوا لە کاك ئیبراهیم دەکا بینێرنە ( تاران ) بۆ چارەسەرکردن . ئەویش لە بەر زروف بەینی هەردووباڵ . داوای لێدەکا

پەلە نەکا .. تا بۆ جاری دووەم تووشی دەبێتەوە ! و گیان لەدەست دەدا ..

هەموو لێپرسراوان و بەگ و ئاغا و .. جەماوەرێکی زۆری شارۆچکەی قەلادزە ، دوای تەرمەکەی کەوتین ( گۆرستانەکە کەوتبووە نزیك گردی حوسنی ) .. وەك بیرم بێ ، چەند کەسێ قسەی لەپیاو چاکی وی کرد . لەوانە : سەلیم فخری .. لە مزگەوتی گەورەش پرسەیەکی بەشانو شکۆیان بۆ دانا .. کورد ، زانایەکی لێهاتووی لەدەست چوو ..

شێخ عەبدوللای کەوەڵەش پیاوێکی کورد پەروەری دیاری شاری کەرکووك بوو . ماڵی لە نزیك ( خانەقا ) و ( کتێبخانەی گشتی ) بوو . حاتەم و چاو نەترس بوو . پیاوەتی بەسەر نیشتمانپەروەرە کانەوە هەبوو . لەکاتی حکومەتی شادا ، کەبڕیاری گرتنی خاڵم دەردەچوو ، زۆر جار لەگوندی ( کەوەڵە ) خۆی دەشاردەوە ( کەلە گوندی - قەرە هەنجیر - دوە بۆی لادەدا ) و بەگەرمی خزمەتی دەکردو دەیپاراست ..

پاش شەڕ دەستپێکردنەوەی ساڵی ١٩٦٣ لەترسی ئازاردان و گرتن و بەگیانی بەشداربوون لەشۆڕش ، هاتە شاخ .. کە خاڵە عومەرم پێی زانی ، چووە لای و هێنایە ماڵەوە و بە پەرۆشەوە میوانداری کرد . منیش لەگەڵ کوڕە بچوکەکەی چاودێریمان دەکرد .

من .. هاوڕێی نەوزادی کوڕی گەورەی بووم . چ لەپارتی و چ لەقوتابیاندا ، لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری و جیهان صدیق شاوەیس و .. کارمان دەکرد .. کە گەورە بووین ، هەر یەکەمان کەوتینە سەرکارێ.. کە شەڕ دەستی پێکردەوە و باوکی هاتە دەرەوە ، ئەوە چەکی بۆ حکومەت هەلگرت ، بەو هیوایەی دێیەکەیان بپارێزێ .. بەڵام شێخ عبداللە زۆری پێناخۆش بوو . هەر کە باسی جاش دەکرا ، ئەو لە شەرما ئارەقەی دەکرد . کەلە خزمەتیدا دەبووم ، پڕ گلەیی بوو لە هەڵسوکەوتی کوڕی زۆر جار دەیووت :

- کە باسی جاش ، چەکداریی حکومەت دەکرێ ، گوللەیەکی گڕدار بەسینگی منەوەدەنێن .. نازانم بۆ وای کرد ؟!

لەڕاستیدا .. نازانم چۆن نەخۆشکەوت و چی بوو .. بەڵام چەك هەڵگرتنی کوڕی دەورێکی گەلێ خراپی هەبوو لەسەر ژیانی رۆژانەی ئەو کەڵلە پیاوە .. تا دەهات دەردەکەی گرانتر دەبوو !.. هەرچەندە لەژێر چاودێری دکتۆرەکانی قەڵادزە بوو ، بەڵام هەر لاواز و بێ هێز دەبوو !!.. تا توانای زۆر دانیشتن و چوونە دەرەوەشی نەما..لە دیوەخان جێگامان بۆ راخست کاك ئازەری کوڕی و من ( کە بۆ هەندێکاری تایبەتی مابوومەوە ) کاك نەوزاد صدیق و سلیمانی برام ( ئەگەر لەگەڵ خاڵم لە قەلادزە بوونایا ) نۆرەمان لە سەری دەگرت و داواکانیمان جێبەجێ دەکرد . شەوانیش بە نۆرە شەونخونیمان لەسەر دەکێشا .. دوا شەو .. تەنیا من و کوڕەکەی لە دیوەخان لەگەڵی نووستبووین .. دوای نیوەی شەو نۆرەی من هات .. بە دەست هێمای بۆکردم و سەریم خستە باوەشم .. سەیری کردم و بە چاوی سوپاسەوە تێی ڕووانیم .. بەدەم ئاو خواردنەوە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا وتی : ئای نەوزاد چیت پێکردم ؟.. ماڵی دنیا ئەوەندە ناهێنێ ! سەری هەر لەباوەشما بوو ، چاوی بۆ کوڕەکەی گێڕا .. ملی لار بۆوەو گیانی دەرچوو!!

بۆ بەرەبەیان ، تەرمەکەی برایە مزگەوت و بەپەلە یەکێکیان بەرەو کەرکووك رەوان کرد تا چارەیەکی بردنەوەی بکەن .. هەرچی لێپرسراو و سەرکردە و سەرۆك خێڵ و بنەماڵەکانی شارەکە هەبوو ، بەشداری رەوانکردنی لاشەی ئەو گەورە پیاوەیان کرد .

## (٦)

هەر لە سەرەتای کۆدەتاکەوە خەڵکی هیوای بە دانووسان و ئاشتی کوردستان بوو .. تا گەیشتە باسی هاتوچۆو نامە گۆڕینەوە .. ناوی عبدالرزاق سەید محمودیان دەمێنا ، کە ئەفسەرێکی عەرەبی دۆستی عبدالسلام عارف بوو ( کردبوویە پارێزگاری سلێمانی ) .. ئەم

خەون و خەیاڵە پۆچ دەرنەچوو . لە کۆتاییەکانی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ دا ، گفتوگۆی سەرۆك و عبدالرزاق دەستی پێکرد ( کاك ئیبراهیم ئەحمەد و دکتۆر عەزیز شەمدینی لەئەوروپا و کاك عومەر دەبابە لەتاران بوون ) مام جەلال و کاك نوری شاوەیس هەڤاڵانی تر بەشداری کۆبوونەوەکە بوون . لای ئێمەی کادرانی پارتی هیچ روون نەبوو .. نەمان دەزانی باسی چیان کردووە و لەسەرچی رێکەوتوون یان ماوە رێکەون !.. ئەوەندەمان دەزانی دانیشتن هەیە و بەس !.. بەگشتی پێشمەرگە زۆریان پێخۆش بوو . لەو ماوەیەدا ( ئەگەر کاتیش بێ ) پشووێ دەدەن .. چونکە شەڕی ئەو چەند مانگەی بەعثیەکان گەلێ قورس و دژوار بوو . پڕ لەزیان وماڵوێرانی بوو . کەم دەراماتی و برسیەتی تەنگی بەخەڵکی هەڵچنی بوو .. پێشمەرگە بێچەکەکان ( بەهیوای دەرباز بوون لەو قەیرانەی تێدابوون ) لە هەموویان بەپەرۆشتر بوون .

لە ١/٢٥ / ١٩٦٤ دا ، خۆم ئامادە کرد بۆ سەردان بگەڕێمەوە قەلادزە ، بروسکەیەك بەناوی سەرۆکەوە گەیشتە لێپرسراوی سەربازی لق ( بۆ ئامێر هێزو لقەکانی تریش چووبوو ) و داوا دەکا لە ٣١ / ١/ ٦٤ وە هێرش راگرین . تەقە لەرەبیەکانی سوپا نەکەین . شەڕ بە ئۆردوگاو کاروانی سەربازی نەفرۆشین..چونکە حکومەت گەرەکیەتی دانووسانمان لەگەڵدا بکا ( بەس سەنگەری بەرگری بگرین ) .. بروسکەکە ، هەوری گومانی رەواندەوە . زۆر لە پێشمەرگە شاد بوون . هیوای دیتنەوەی ماڵ و منداڵ و کەسوکار پتر بوو . برواشمان بەسەرکردایەتیمان زۆر بوو کە دەتوانێ داواکانی کورد بسەپێنێ و ناچاریان بکەن ددان بە مافی ئۆتۆنۆمی دابنێن .. ( بەدرێژی ئەو چەند ساڵە ، پێشمەرگە ئامادە نەبوو ، بێ مافی نەتەوایەتی چەکدانێ ) .

من لە قەلادزە بووم کە بروسکەی ٨ /٢ / ١٩٦٤ ی شەڕ راگرتن بە ( لق ) مان گەیشتبوو . کاك عثمان و لێپرسراوی ئازوقە بەبیانووی

وەرگرتنی ئازوقەی مانگ گەیشتنە لام . بۆ چۆنیەتی ڕێکەوتنەکە سەرمان لەکاربەدەستان دەدا .. زووربەمان بە( لامەرکەزی ) ڕازای نەبووین ، بۆ گاڵتە و گەپ دەوترا ( لامەرکەزی ، قاچم تەزی ! ! ) .. لەو زاتانەی بەخزمەتیان گەیشتین ، کاک ئەحمەد حەمەدەمینی دزەیی . مەلا عبداللە . مەسعود محمد .. کەبەگشتی لەگەڵ دانووسانەکە بوون ، بەڵام دەستیان دەخستە سەر لایەنە تاریکەکانی ، ئەو دوو ڕۆژە بۆ کاک عثمان و من بە ساڵ دەچوو . لە ١٠ / ٢ حکومەت لەبنی کولەکەی دا و بەیانێکی بڵاو کردەوە کە بەڕای ئێمە ، تەنیاچارەی ئەو شتانەی تێدا بوو کە بەهۆی شۆڕشەوە ڕوویدابوو . بەڵام ئامانجەکانی شۆڕش ، هیچ باسی نەبوو !.. بڕوامان نەکرد سەرکردەمان ئاگای لەم بەیانەبێ ( وەم دەزانی وەك بەعثیەکان عبدالسلامیش یەك لایەنە کارەکەی کردووە و دەیەوێ سەرکردەکانمان تەنگاو بکا ) هەتا بڕوامان بەو بروسکەیەش نەبوو کە بەناوی سەرۆکمان لێدرابوو .. بەڵام کەپرسیمان .. بەهەڵەچووبووین .. هەمووی ڕاست بوو ، بەڕێکەوتن کرابوو!.. زووربەی کادر و ڕابەری سیاسی و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێری تووشی نائومێدی کرد .. نەك هەر لەبەر ئەوەی لەباتی ڕێکەوتن ناوی بەیانی لێندرابوو ، بەڵکو کەم و زۆر ئامانجەکانیشی نەپێکابوو !.. بەڵام زوربەمان شەڕ ڕاگرتنەکەمان پێخۆش بوو . لەهەموو لایەکەوە تەقەی خۆشی و شایی و زەماوەند بوو ..

هەندێ دەیانووت : سەرۆکیش هەستی بەپەلەیی مەسەلەکە کردووە و دەی توانی شتیتریشی تێبکا . بەڵام ، پاڵەپەستۆی هەندێ دەوڵەت ( کەویستوویانە حوکمی عبدالسلام بچەسپێ ) و مەبەستی تایبەتی خۆی ( بۆ یەکالا کردنەوەی دەسەلات لەناو شۆڕشدا ) وای لێکرد .. لەو لاشەوە ، ئێران پەست و ناڕازی بوو ، چونکە نەك هەرپرسی پێنەکرا بوو ، هیچ حسێبێکیشی بۆ یارمەتی ئەو چەند ساڵەی

نەکرابوو ( ئێران راستی بۆچوو بوو . چونکە لەسەرەتای پەیوندی شای ئێران بەشۆڕشەوە ، سەرۆك دەیویست راستەوخۆ پەیوەندییەکە بەخۆیەوەبکرێ . بەلام شاو کاربەدەستانی ئەوەیان نەکرد . لەرێگەی مەکتەبی سیاسیەوە یارمەتی شۆڕشیان دەدا . بیانووشیان ئەوەبوو کە سەرۆك بارزانی لە ئێران حوکمی لەسێدارەدانی لەسەرە . ئەو شتانەی دەیاننارد دەچووە ماوەت و لەوێ دابەشدەکرا ) .

بۆ هێمن کردنەوەی ناڕەزایی خەلکی و جەماوەرو پێشمەرگە ، لە ٢٨ /٢ دا کۆنگرەی رۆژنامەگەری بۆ سەرۆك گیرا . روونی کردەوە کە بەیانەکە سەرەتایە بۆ دانووسان . بەلام بەپێی ئەوەی من دەمبیست.. تەواوی رێکەوتنەکە بوو .. خۆی شل کرد . وەفد و وەفدکاری دەستی پێکرد . کۆڕ و کۆبوونەوە ، لیژنە دامەزراندن وەدەرکەوت ..

لەسەرەتای ئازارا ، کاك برایم و دکتۆر شەمدینی و خالە عومەرم و دەستەی چەکداریان گەیشتنەوە قەلادزە . مالەکەمان مۆنجەی دەهات لەسەرکردەو لێپرسراو و پیاوی ماقولّ ... هەر ئەو شەوە چوونە خزمەت سەرۆك . ( بۆ هێور کردنەوەی بارو دۆخەکە ) کە وتنە باسی چالاکیەکانی ئەوروپایان و هۆی دواکەوتنیان و عاسی بوونیان لەبەفر .. بەلام هەموو ئەوانەی لەوێ دانیشتبوون چاوەڕوانی تەقینەوەی مەسەلە سەرەکیەکەیان دەکرد .. لەپڕ کۆڕەکە هەژا .. گەیشتە ئەوەی مەلا مستەفا پێیان بلّێ : ئێوە دەست بەسەرن !.. هەندێ لە دانشتوان پێیان خۆش بوو جێگایان بۆ چۆلّ بێ . بەلام دنیا دیدەکان کەوتنە بەینەوە .. سەرۆك خاوکرایەوە و رێگەشی دان بگەڕێنەوە .

درەنگانی گەیشتنەوە مالّ ، دیوەخان و هۆلّ شەقژا . ئەوەی لە مقۆمقۆیان حالّی بووم .. بە بارزانیان وتبوو : ئێران نەك هەر سەغلەتە ، بەلکو زۆریان پێناخۆشە و یارمەتیان بڕی و سنوریش دادەخەن !.. ئێمەش ( وەك سەرکردایەتی حیزب ) بەبەندەکانی بەیانەکە رازی نین ..

ئەویش وتبووی ، دوو هەڤاڵتانم لەگەڵا بووە و ئاگایان لەهەمووی بووە وهیچ ناڕازیەکیان نیشان نەداوە . من خۆم پێی رازیم و لەبەرژەوەندی شۆڕش و پێشمەرگەی ماندووە و ئەگەر پێتان باش نییە ، فەرموون پێشنیار بکەن !.

لەو شەوەوە ، ناکۆکیەکە کەوتە سەرزاران و بەبەریەوە دەچوو . وەفدو وەفد کاری لە بەینی سەنگەسەر و قەلادزەو مالوومە دەهات و دەچوو .. هەردوو لا خەریکی راکێشانی خەڵکی و پێشمەرگەبوون .. مەکتەبی سیاسی ( بەزووربەی کۆمیتەی ناوەندییەوە ) و کادرەکان چالاکیان دژی رێکەوتنەکە دەنواندا . سەرۆکیش کەوتە نامەنووسین و کۆکردنەوەی رووناکبیران و دەسەلاتدارانی ناوچەکان . لەنامەیەکدا بوو : شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید . عەباسی مامەندئاغا . حاجی برایمی چەرمەگا . کوێخا سمایلی تەلان . ئەنور بەگی بێتواتە . کاکەزیادی کۆیێ .. حەزی خۆی نیشان داوە کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پێکبهێنن .. بەڵام کە سمان چاوەڕوانمان نەدەکرد ، حیزب و شۆڕش کەرت بێ .

من ( کەپاش گەڕانەوی سەرۆك بۆ عیراق ) کە ماوە نا ماوە ، کوێم لەو ناڕازیانەو وردە گلەییانەی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب دەبوو ، هەموویانم لەسنوری جیاوازی بۆ چوون دادەنا .. لەبەر ئەوە ، لەمەشا سەغلەت نەبووم .بەڵام پێم ناخۆش بوو وردە گلەیش لەبەینیاندا هەبی .. هەر بەوەش دڵی خۆم و کاك عثمانم دەدایەوە !..

لەم کاتە دژوارەدا ، بەهارو نەورۆزیش نزیك بۆوە . لیژنەی ناوچەی قەلادزە داوای لە هێزی کاوە کرد کە یارمەتیان بدەم بۆ ئامادەکردنی ئاهەنگەکە.. مەبەسیان بوو ، نەورۆزێکی پڕ بەهاو گەورەو مهرەجانێکی لێوەشاوە بگێڕن و دەوری مەکتەبی سیاسی دیار خەن .. لە بەیانیەوە تا ئێوارە ، هەر خەریکی دەبووم . شەویش دەگەڕامەوە

بۆ دەنگوباسی دانووسان و بۆڵەو ناڕازیەتی حیزب .. هەمووشمان ، هیوامان بوو پارتی کەرت نەبێ و کوردایەتی نوچ نەداو ( بەداریکی ئەفسووناوی ) کارەکە بخرێتەوە چوارچێوەی خۆی !

کە لە دانوسانی ساڵی ١٩٦٣ دا ئاهەنگی نەورۆزی هۆڵی ( خولد )م بەڕێوەدەبرد . چیرۆکێکی شانۆیی یەك پەردەم نووسی و کاك بەدرخان سندی کردیە عەرەبی و بەقوتابیانی زانکۆی بەغدا نمایش کرا . بۆ یەکەم جار خۆشم بەیارمەتی ئەنوەر تۆفی نەمر دەرم هێنا .. بیری ئەو شانۆگەریەم دووبارە کردەوە ، بۆ مهرەجانەکەی قەلادزە ئامادەم کرد.. کەدیارە دەربارەی کاوەو زوحاك و رزگارکردنی وڵات بوو .

لە دەشتایی بەرامبەر سەرا ، شوێن تەخت و چاککرا . هەندێ قەنەفەی ماڵان و سەد کورسیێ بۆ لێپرسراوان و گەورە پیاوان و ژنانی شارەکە ریز کران . بە مێزو چادر و فەرش ، شانۆیەکی تۆکمە ئامادەکرا .. هەر لە بەیانیەوە ، دەورەی ئاهەنگەکە بە پێشمەرگە چنرا .. پاش نیوەڕۆی بیستو سێی رۆژی بەهاری جوان و بێ باو باران، خەڵکی قەلادزە و دێیەکانی دەورو بەری و چەند رۆژنامەوانێکی بەغدا و ئەورووپاو لێپرسراوانی سەربازی و سیاسی و ئیداری و کادرانی پارتی و هەندێ شیوعی ئامادەبوون . گەیشتنی کاك برایم و کاك ئدریس بارزانی، خەڵکەکەی بەستە پێ راستکردەوە . هەرچەندە سەرۆك نەهاتبوو ، بەلام دیتنی هەردووکیان ، نەك هەر دانیشتوانی شاد کرد ، بەڵکو زۆر پڕوپاگەندەشی پوچەڵکردەوە !

پرۆگرامەکە بریتی بوو لە : وتاری پارتی ( نایەتەوە بیرم کێ خوێندیەوە ) کە باسی زروف و دەنگوباسی دانووسان و شەڕ وەستان و داواکانی کوردی دەکرد و هەندێ وردە دەرزیشی بە گوماندا کرد .. چەند سرودێ ، شانۆگەریەکی کاوەو گاڵتە جاڕییەك ، شیعر . گۆرانی ..

تانزیك ئێوارەی خایاند .. من .. لەناوەڕاستی پرۆگرامەکەدا ، هەڵبەستی ( بەرەو رووناکی ) کاك برایم خوێندەوە . ئەو رۆژە ، خۆم بەبەختیار ترین کەس دەزانی کە لە ئاهەنگێکی وادا ، دوو چالاکیم هەبێ !..

هەرچەندە لێپرسراوان بەگشتی دەست خۆشیان لێکردم . بەڵام شەو ، کە دیوەخان تۆزێ چۆڵ بوو ، حەزم کرد رای کاك برایم بزانم .. ئەویش بەشانۆ باڵی ئاهەنگەکەی هەڵدا و چاوەڕوانی ئەو هەموو توانایەی لەشارەکە نەدەکرد .. شانۆگەری کاوەشی خستە پاڵ ( رەمزی ) کە من وام دانەرشتبوو .. کەهاتە سەر شیعرەکەی خۆی . مەسەلەی شاعیرێکی کوردی بۆ گێڕامەوە ( وابزانم نالی دەبێ ) رۆژێ ، بەبەردەمی دوکانی جۆلایەکدا تێدەپەرێ ، لەگەڵ تەونکردندا لە بەر خۆیەوە شیعرێکی ئەو دەخوێنێتەوە . بەلام ، ئەوەندە بەسەقەت و سقوت کە خۆی پێڕانەگیرێ .. پەلاماری دەزگای جۆلاییەکەی دەداو تەونەکەی لێتێکدەدا . جۆلاکە بەسەرسامیەوە هاواری لێدەکا .. ئەویش پێی دەڵێ : تۆ دەزگای من شەق و شڕ دەکەی ، منیش تۆڵە لە دەزگای تۆ دەکەمەوە !!..

- جا تۆ شیعرەکەی منت سەقەت کرد . منیش دەڵێم .. شانۆگەریەکەت نەرەمزی بوو نەمەبەسی پێکابوو !!

# یەکالا بوونەوە
## ( ١ )

لەمانگی شوباتەوە ، کێچ کەوتبووە کەوڵی ئەو ٢٨ — ٣٠ قوتابیەی زانکۆی بەغدا ، کەلەم کاتی لێبوردنی گشتی و دانوسانەدا چارەیەکی خوێندنمان بکەین . بەلام هەنگاومان نەنابوو . لە دوای نەورۆزەوە کاک عثمان و من بە بەر گوێی کاک ئەحمەد دزەیی و خالە عومەرمان دادان ..

- ئەگەر حیزب لاری نەبێ . دەچینەوە زانکۆو چارەیەکی خوێندنەکەمان دەکەین !

زووربەمان لە وانەیێ ، دووان کەوتبووین یان لەترسی گرتن نەچووبووینە تاقیکردنەوە !.. سالێکیش خوێندنمان لە دەست چووبوو .. هەردووکیان لەگەلمان بوون.. بەلێنیان دایێ کە لە کۆبوونەوەیەکدا بیخەنەبەر چاو و وەلاممان بدەنەوە .

هەر لە قەلادزە بووم کە کۆنفرانسی بەپەلەی ماوەتی ( ٤ ی نیسانی ١٩٦٤ ) گیراو بڕیارە هەلچووەکانی تێدادرا . هەر چەندە من بەشدار نەبووم . بەلام کە نوێنەرانی کۆنفرانس بە بڕیارەکانیانەوە هاتنەوە بۆ ئەوەی چاویان بەسەرۆك بکەوێ .. هەندێ شت لەکاری کۆنفرانس حالی بووم . ترسی خستە دلمەوە .چونکە ، ئەوەی تا ئێستا لە ژێرەوە دەکراو . پاشقول دەگیرا ، ڕوویە ڕوو نەبوو .. بۆ یەکەم جار، وا بەئاشکرا کەوتنە ناو یەك!!.. هیچ لایەکیان لەم هەلوێستە نا دروستە بێ بەری ناکرێ . هەردوو لا گەرەکیان بوو مەسەلەی دەسەلات یەکالا بکەنەوە . سەرۆك دەیویست ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی شۆڕش بکا . مەکتەبی سیاسیش مەبەسی بوو ناوچەی سۆرانی لە دەستنەچێ !.. تا دەهات ئالۆزتریش دەبوو !

لە هاتنێکی کاك برایم دا ، بڕیاری حیزبی پێراگەیاندین و ئامادەش بوون بۆ هەر یارمەتی و دەست گرتنێ ..لەویش چالاکانە

کاری پارتایەتی ئەنجام بدەین .. زۆرمان پێخۆش بوو .. لە بیرمە ، درەنگە شەوێ ، لەهۆڵی ماڵەوەمان دانیشتبووین ، کاك برایم لە کاك عثمانی پرسی :

- ئەوە کاکەمەم ناچار بوو بێت ..
- منیش وەك ئەو کۆمەڵی شانەم لابوو .
- .. کەسی وای لەشارا نەمابوو ئەرکی خوێندنەکەی بکێشێ .. خۆ تۆ ئاغای ؟
- چ ئاغاتان هێشت !؟

تا دەهات گاڵتەو گەپەکە گەرمترو خۆشتر دەبوو .. کاك عثمان قسەکانی تەواو کرد .

- .. ئێمە هاتینە دەرەوەتا هەر ئەفەندییەکان میر محێی مەیدان نەبن !

کاك برایم پێکەنی و دەستی خستە سەر شانی :

- جا دەهێڵن !
- کاکە .. بڕوا بکە ، هەموو قوتابیانی زانکۆ وەمان دەزانی ئێمە دەست نەدەینە چەك کوردستان رزگار نابێ !.. حیزب وای پەروەردە کردووین ..

لەو ماوەیەدا ، کاك کەماڵ شاڵی ، حەسەن و حوسێن ئیسماعیل بەرزنجی وچەندەهایتر ، بۆهەمان مەبەس دەهاتنە قەلادزە و ئێمەش بڕیاری پارتیمان پێڕادەگەیاندن .. بەلام سڕ بووین . بە کردەوە هیچ هەنگاوێکمان نەنا .. تا لە کۆبوونەوەی ناوەڕاستی نیسانی شۆرش و حکومەت . لابەلا . باسی چارەکردنی گەڕانەوەی قوتابیانی زانکۆ کرابوو . کاربەدەستانی دەوڵەت بەڵێنیان دابوو بمانگەڕێننەوە بەر خوێندن .. بەلام چۆن ؟ .. باسی لێوە نەکرابوو ! لای ئێمەش یەکەم هەنگاو بوو ( بەپێی یاسای زانکۆ ، نەچوونە دەوری دووەمی تاقیکردنەوە ، هەموومان بەکەوتوو داندرا بووین . ساڵی دوایش نەچووبووینەوە بەرخوێندن .. بەدەرکراو داندرابووین !) .

شەو ، بڕیارەکانم بەکاک ئەحمەد گەیاند ( کە بەقەدەر خاڵم خۆشم دەویست ) زۆری پێ گەشایەوە . بەڵام ڕای وابوو کە : زروف بەینی سەرۆك و مەکتەبی سیاسی ناخۆشە . تا گەڕانەوەشتان نەبێتە کۆسپێکیتر . جوانترە رای بارزانیش وەرگرن .. کە بەهەڤاڵانی وت ، ئەوانیش لاریان نەبوو .. پاش دوو رۆژێ ، کاك ئەحمەد ، کاك عثمان و من و یەك دوو قوتابیتری ( کە ناوەکانم بیر نەماوە ) لەگەڵ خۆی هەلگرت و لەسەنگەسەر چووینە خزمەت مەلا مستەفا .. کاك ئەحمەد بڕیاری مەکتەبی سیاسی پێووت :

- ئەوە نوێنەرانیشیان هاتوون ، رەزامەندی جەنابتان وەرگرن .

منیش وتم : هەر کاتێ شەڕ دەستی پێکردەوە ، دەگەڕێینەوە . بارزانی زۆر بەگەرمیەوە پێشوازی لێکردین لە دواییدا هەندێ قسەی کرد : ئەوەی بیرم ماوە :

- کورد ، پێشمەرگەو شەڕکەری زۆرە .. بەڵام خوێندەواری کەمە . بڕۆنەوە بەر خوێندن . زانکۆ تەواو کەن .. ئەگەر شەڕیش بۆوە ، تەنگیان پێ هەڵنەچنن . مەیەنەوە دەرێ تا شەهادە وەردەگرن .. دەرگای شۆڕش بۆ ئێوە کراوەیە .

کاك ئەحمەد لە بارەی منەوە شتێکی بە گوێدا چرپاند ، وام هەست کرد منی پێناساندەوە ، ئەویش سەیری کردم و وتی : برادەرانی بەغدا ئاگادار دەکەم چاویان لێت بێ و پارەت بدەنێ تا خوێندن تەواو دەکەی .

( ٢ )

پێش ئەوەی لە پێشمەرگایەتی بگەڕێمەوە . سەرۆك و مەکتەبی سیاسی ، دژی یەکتری وەستابوون . بڕیاری مەکتەبی سیاسی لە ناوچەی دەسەلاتی سەرۆك و بە پێچەوانەشەوە نەك جێبەجێ نەدەکرا ، بەخراپیش لێکدەدرایەوە .. بەڵام مەسەلەی دەسەلات یەکالا نەبوو بۆوە . لەگەڵ یەك کۆدەبوونەوە . هەندێ جار ، پێکەوە لە تەك نوێنەرانی حکومەت دانووسانیان دەکرد !

لە کۆیە ، لەماڵی حاجی سۆفی رەسووڵی خاڵۆزام لامدا . چەند شەوێ مامەوە . گەلاڵەی رۆمان . نامەکانی مام جەلال ( کە لەچەم بۆی نووسیبووم ) یادداشتی رۆژانەم ، دایە ناجیە خانی خاڵۆزام بۆم بشارێتەوە .. لەرێگای هەولێرەوە چوومە بەغدا .. خەریکبوو تاقیکردنەوەی سەری ساڵی زانکۆ دەستپێبکا . گەرمای هاوینیش پتر تاوی دەسەند . لەتەك کەمال شاڵی و هەندێ هاورێتر لە ئوتێلی ( الخلود ) دابەزیم ( لە گۆرەپانی الرصافی بوو ) .

بەیانیان ، بەکۆلێژەکانمان وەردەبووین .. بەقوتابیەکانمان شاد دەبووینەوە . سەرمان لە مامۆستاکانمان دەداو ئاواتمان بۆ هەڵدەرشتن .. کارگێرە ئیداریەکانمان بۆ نزۆکردبوو .. ئەو بریارەی دەریان کردبوو ، دژی هیوامان بوو . چونکە یاسای گشتیان بەسەرماندا سەپاندبوو ، زووربەی دکتۆرەکان لە نارەزایی ئێمە دەگەیشتن ، بەلام دەسەلاتی یاسای خوێندنیان نەبوو .

بۆ بەرەو پێش بردنی دانووسان ، چەند جارێ سەرۆکی زانکۆی بەغدا کرابووە ئەندامی لیژنەی گفتوگۆ ( دکتۆر عبدالعزیز الدوری ) چوو بووە رانیەو سەنگەسەر .لەوێ ، داوایان لێکردبوو کە چارەیەکی شیاو بۆ ئێمە بدۆزرێتەوە . بۆیە .. ئەنجومەنی زانکۆ بریارێکی نوێی دەرکرد . ( پاری بە کەوتوو دانابوو . ئەم ساڵیشی بە ساڵی نەکەوتن . مافی ئەوەیان دابوینێ ساڵێکیتر بچینەوە بەر خوێندن ) بەمەش ، دووساڵی رەبەقمان لەدەست دەچوو !.. بەبریاری تازەش رازی نەبووین ، کەوتینە دیتنی سەرۆکی زانکۆ و کۆلێژەکان . وەزیرانی کوردو دەست رۆیشتووەکان بۆ ئەوەی چارەیەکیترمان بۆ بدۆزنەوە .

دووبەرەکی ناو کوردان ، یاریدەی داین کە ئیدارەی زانکۆ گوێ لە داوامان بگرێ ( بۆ ئەوەی نارەزاییانی دانووسان پتر نەبن و ئێمەنەچینە پاڵ دژی گفتوگۆ ) بە تاك و کۆ سەرۆکی زانکۆمان دی و پرۆژەکەمان خستە بەدەستی . بۆ پشگیریش کاك کەماڵ شاڵیمان ناردە سەنگەسەر .. لە ئەنجامدا بریاری تازەمان بۆ دەرچوو ( پار لە چ وانەیەك ماوینەتەوە ، ئەمساڵ لە دەوری دووەم تاقیمان بکەنەوە .

کەدەرچووین ، پۆلەکەمان بڕی بێ . ئەمساڵیش بەساڵی کەوتن حسێب نەکرێ ) .

وەنەبێ .. ئێمەی لاوی خوێن گەرم ، هەر لەم جخزە سووڕابینەوە . ڕۆژانی بێکاری و ئێواران ، بەشەقام و بازارو باخچەکاندا دەسووڕاینەوە . چاوبازیمان دەکرد . شەقامی ( النهر ) مان بەزەمان گرتبوو ، سەیری کچ و ژنی مۆدێرنی نازداری پێتەختمان دەکرد و هەناسەی ساردمان بۆ هەڵدەکێشان !.. ئێوارانیش شەقامی ( أبونواس ) ی سەر ڕووباری دجلە لە ئامێزی دەکردین . بۆن وبەرامی ( مەزگوف و گۆشتی برژاو ومەی .. ) لووتی پڕ دەکردین .

لە هەموویان کەمتر شتم دەکڕی . چونکە پارەکەم کەم بوو . زروف خێزانیم خراپ بوو . سلێمانی برام لەگەڵ خاڵە عومەرم پەڕیبۆوە ماوەت . بارزانیەکان دەورەی ماڵی خاڵە تایەریان دابوو .بەسەر ماڵەکەیاندا دابوو ، دکتۆر عزیز شەمدینی و علی عبداللە یان گرتبوو . بەڵام دەستیان بۆ خاڵە تایەر نەبردبوو . ئەوەی سەربەستی ژن ومنداڵی شێواندبوو . ئەو چاودێرییە توندو زەق و ئاشکرایە بوو کە لەسەریان داندرابوو . وەك دەستبەسەر وابوون ، نەیان دەوێرا سەر لەماڵە خزمانیش بدەن !..

من کە گەڕامەوە ( لەسەر قسەی سەرۆك وسکرتێر ) بەهیوای مانگانەی لیژنەی ناوچەی بەغدا بووم . بەڵام دووبەرەکی بە جۆرێ ڕێکخستنی شلەقاندبوو ، بەمن رانەدەگەیشتن . منیش لەسەرەتایا زۆرم مەبەس نەبوو .. ئەوەی پێم بوو بەشی مانگێکی دەکرد . چونکە بەلای خواردن و خواردنەوەی گرانا نەدەچووم .. کەپارەم هاتەکزی ، چاوم بەکاك برایم میرانی کەوت ( کەوتبووە بەرەی مەکتەبی سیاسی ) مەبەسەکەم تێگەیاند . بەگەرمی پێشوازی لێکردم . بەڵێنی دامی ، پاش چەند ڕۆژێ وەلامم بداتەوە ( وەکو بیستم کاك عبدالرحمن زەبێحی لێپرسراو بوو ) کە هاتەوە لام ، ئاگاداری کردم کە حیزب ئامادەیە ، وەك کادیرێك مانگانەم بۆ ببڕێتەوە بەمەرجێ کاریان لەگەڵا بکەم !.. خۆم تێکنەدا . وەلامم بۆ چەند ڕۆژێ دواخست .. لە دوکانی کاك محمد

علی فەیلی ( بازرگانی تەختەو دار بوو لە شەقامی ئەمین ) کاک علی سنجاریم دی ( کەوتبووە بەرەی سەرۆک ) .. ئەویش هەمان وەڵامی دامەوە . دەستم لەبنی هەمانە هاتە دەرەوە .

وەك جەماوەری ستەمدیدەی کورد ، نەك تەقینەوەی دوو بەرەکیەکەم پێناخۆش بوو ، نەم دەوێرا بیریشی لێبکەمەوە!.. هەستم بەو لافاوە خوێنە دەکرد کە بەدوایدا دێ !..

لەمێرد منداڵیەوە ، بەیەکێتی کوردایەتی پەروەردە کرابووم . بۆیە کوردایەتیم بە یەکگرتووی مەبەس بوو . چونکە لە سەرانسەری کوردستاندا ، بزوتنەوە یەکیتر نەبوو ، خەباتی چەکداری بەڕێوەبەری ودەوڵەت ناچارکا ، بۆ جاری دووەم دانووسان بکا . گوێ لە داواکانی کوردبگرێ! ئەمانە نەبێ .. ئەوەش بەلێهاتووی سەرۆك و بیرو کرداری ژیرانەی مەکتەبەی سیاسی وگیانی لەخۆبردوویی جەماوەر و توانای پێشمەرگەو .. بوو . ئامادە نەبووم بەشداری ئەم کارە ناڕەوایەبکەم . لەو بڕوایە بووم ، سەرۆك و سکرتێر بۆ یەك دانەهێنن . ئەنجامی شەڕی براکوژیە . کەلای من گوناحێکی گەورەیە .

نازانم.. مێژوو ئەم شایەدییەم لێوەردەگرێ ؟.. ( ئەگەر هەڤاڵو مریدو کەسوکاری هەردوو بەرە رازی بن ، بە پێویستی دەزانم بڵێم ) هیچ مرۆیێ بێ کەموکوڕی نییە . هەموو کردارێك بەرەها راست نییە .. گشت کەسێ شوێنی رەخنە و تانەو توانجە . بەڵام ئەوەندەی من : مەلا مستەفا بارزانی . برایم ئەحمەد . هەمزە عەبدوللآم ناسیبێ . لەخزمەتیاندا بوویم . کردەوەکانیانم هەڵسەنگاندبێ .. هەرسێکیان .. رابەری لێوەشاوە بوون . شوێنەکانیان پڕ کردبۆوە . هەر بۆیەش دەستیان لێك بەر نەدەبوو .. بەداخەوە ، درزێکیان خستە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان ، چلێ ساڵە خوێنی لەبەر دەڕوا ، گیانی پاکی رۆڵەکانمان دەکێشێ !!

من .. نەك هەر ئامادە نەبووم لەگەڵ بەرەی سەرۆك کاربکەم . بەمەرجی بەرەی مەکتەبی سیاسیش رازی نەبووم ( کەجگە لەوەی کەسوکارو ناکەبرامی تێدابوو . لەبۆچونیش لێیانەوەنزیك بووم ) هەر

دوولاشیان ئامادە نەبوون پولێکم بدەنێ !!.. لەو لاشەوە ، خزمی نزیکی دەوڵەمەندی وام نەمابوون یارمەتیم بدەن . بە تەواویش لە ماڵی مامانم تەوەللا بووم ( هەتا فوئاد و مەستیشم نەدەدیت !) خۆشم فێری کاسبی نەبووم ( دەستو پێ سپی بووم ) بۆیە .. دەستم بەپارەکەوە گرت ، تادەورەی هاوینەی کۆلێژ و پەیمانگا دێ و خواردن و نووستنم مەیسەر دەبێ .. لەم کاتە ناهەموارەدا ، دەرگایەکم لێکرایەوە .

کاك عبدالرحمن ( کەبووە مامۆستای سانەوی ) هاورێیەکی چەمچەماڵیم بوو . لەگەڵ کاك جەباری برای ( کەبووە فاحیسی چاو ) ژوورێکیان لە ( مەیدان ) لە پیرێژنێ گرتبوو . بە مەلوولی دیمی . منیش زاخاوی خۆم هەڵرشت . مەردانە هاتە دەست ، کەلوپەلم لە ئوتێل هێنایە دەرەو لەگەڵی چوومەخانووەکەیان . بینایەکی زۆر کۆنی داتەپیوی دووقاتی پەرپووت بوو . کەوتبووە کۆڵانەی تەنیشت مەزاتخانەی مەیدان . پڕ لە شەش ماڵی تێدابوو . ژوورەکەیان لە نهۆمی سەرەوە بوو . دەرگای شڕ ، پەنجەرەی بێ جام . دیواری رەش و پیس و درزاوی .. یەك ئاودەست بۆ هەموو !!.. لە پیرێژنی سەر قژنی مۆن و گرژیان گەیاند کە خزمیانم . ئەم ماوەیە لەگەڵیان دەژیم تا دەورەی هاوینە دەکرێتەوە ..

بەڵام گوزەرانی رۆژانەم خراپتر بوو . بۆ ( ابوغریب ) نەبوایا سواری پاس نەدەبووم . رۆژی دوو ژەم خواردنی سووك و هەرزانی سەر عارەبانەم دەخوارد . بەو ناوەیا دەسووڕامەوە . رۆژی وا هەبوو ( بۆ کات بەسەربردن ) لە مەیدانەوە بە پێ دەچوومە( کاظمیة ) (اعظمیة ) و پاش نیوەڕۆیان دەگەڕامەوە ..

پاش ئەوەی بڕیاری تازەی زانکۆ ، گەیشتە کۆلێژەکان ، چوومە ئەبوغریب و چاوم بەمامۆستایانی کورد : خالید دەباغ ( کە لە بەندیخانە بەربووبوو ) رەشاد بالطە . خەسرەو شاڵی ( کە لە دواییدا بووە سەرۆکی زانکۆی سەلاح الدین ) کەوت . بڕیاری تازەی کۆلێژم بۆ دەرچوو . کەوتمە دەورکردنەوەی زمانی ئینگلیزی ( لێی کەوتبووم ) . بێپارەش شڕی کردبووم .

سەری مانگ پارەیان بۆ پیرێژن برد ( خاوەن خانوو . پیشەکی کرێی ژوورەکانی وەردەگرت . ئەواکا کرێچییەکان شانی پیا بکەن ) لێیوەرنەگرتن . داوای پتری کرد .. منیش ئەو پارەیەم پێ نەمابوو ، رۆژی ژەمێ تێر بخۆم !.. بە نائومێدی چوومەلای مامۆستا علاءالدین سجادی ( کە بەهۆی یانەی سەرکەوتنی کوردان و گۆڤاری هیوا ناسیاریم لەگەڵ پەیدا کردبوو ) لەنووکەوە مەسەلەکەم گێڕایەوە . داوام لێکرد کە ئەو ١٠- ١٢ رۆژەی ماومە . شەوان لە مزگەوت بنووم .

هەستم بەگرژی و مەلوولی کرد . بەدەم هەناسەی ساردەوە سەری بادا . بێ ئەوەی ئۆباری دوو بەرەکیەکە بخاتە ئەستۆی هیچیان .. رازی بوو کە (بێ جانتاو کەلوپەل ) پاش نوێژی خەوتنان بچم و بەیانیانیش لەگەڵ کردنەوەی مزگەوت بڕۆم !

ئەو ماوەیەم زۆر بەکولەمەرگی و برسیەتی و شەکەتی رابوارد ( هەتالەگۆرم دەنێن بیرم ناچێتەوە ) بەڵام ئەوەی بەبیرما نەدەهات : پەنا بەرمە بەرحکومەت و ببمە چاوساغی ، جێبڕوای ( معتمد ) . لەهەڵوێستم پەشیمان ببمەوە و بچمە پاڵ باڵێکیان ( جنێو بەباڵەکەی تری کوردایەتی بدەم ) .. هەتا ئامادە نەبووم بۆ ژیانی رۆژانەی خۆم ، وانیشاندەم لەگەڵ هەڵوێستی لایەکیانم .. بەپێچەوانەوە ، بە توندی دژی هەڵوێستیان وەستابووم . داوای ئاشەوایم دەکرد !

لەمەیدان ( نزیك چایخانەی بەلەدییە ) سەموونی وشك و ڕەقی ( پاشماوەی چێشتخانەکان ) چەند رۆژە ، دەخرانە ناو تەشت و سەبەتەی نایلۆن . خەڵکی بۆ ئالیکی پەزو مەرو ماڵات ، دانی پەلەوەر دەیانکری . من بوومە مەعمیلی پیرەمێرێکی لاوازی چاوکزی شەلی عەرەب ( ژنی مردبوو . منداڵەکانیشی بەخۆیان نەدەگرت ) چاوی دەپۆشی ، بەکەیفی خۆم تەشتەکەیم سەروبن دەکرد و چەند سەموونێکی پاکم هەڵدەبژارد ..

سەموونەکانم لە بەر بەلووعەی مزگەوتێ تەردەکرد تاتۆزێ نەرم ببێتەوە .. بەچایەکی دەستگێڕ ، پەرداخێ شەربەتی مێوژی ( حاجی زیالە )م دەخوارد . نابێ ، ئەو دوو دەعوەتەی کاك عبدالرزاق بیماری ئەدیب بیر بکەم ( کە لەچێشتخانەکانی شەقامی رەشید کردی ) .

سالێ بوو حکومەتی ئەلمانیاو عیراق ڕێکەوتبوون کە پەیمانگای دارستان بکەنە کۆلێژی کشتوکاڵ و دارستان و بیخەنە سەر زانکۆی ( موسل )ی تازە دامەزراو . کەلەپێشمەرگایەتی گەڕامەوە ، قوتابی پۆلی یەکیان وەرگرتبوو ، بەڵام هەر لە ئەبوغریب دەیانخوێند .. ئێمە بووینە دوا خوێندکاری پەیمانگاکە و دوا دەورەی هاوینەش .. لەگەڵ قوتابیانی بەشی دارستانی کۆلێژە تازەکەو چەند قوتابیەکی کچی بەشی ( وقایە )ی کۆلێژی کشتوکاڵی ئەبوغریب ، لەگەرمای حوزەیرانی بەغدا رزگار بووین و تا دارستانی خۆرسکی ( قۆپی قەراخ ) نەوەستاینەوە ، زۆر نەبوو پێشمەرگەکانی مەکتەبی سیاسی بێ تەقە بۆ پێشمەرگەکانی سەرۆکی پارتیان جێهێشتبوو ( ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ) کاک شێت عەزیز بەرزنجی هاوڕێم کرابووە بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەداغ .

قۆپی قەراخ .. دۆڵێکی دوور و درێژە و لە دەربەندی بازیانەوە دەستپێدەکاو بەرەبەرە پان و قوڵ دەبێ تا لە دەربەندیخان نزیک دەبێتەوە .. رووی خوارووی ریزە شاخەکە دەشتی بەرینی گەرمیان و ناحیەی ( سەنگاو ) و ( رەبات )ە .. سەرووی ، ناوچەی بازیان و ناحیەی قەرەداغ و لەدواییدا دەشتی بەرینی شارەزوور دێ . حەوت کەلێنی تێدەکەوێ کە پێیان دەوترێ دەربەند ( لەوانە) دەربەرندی گۆشان ، ئەستێڵ ، جافەران ، وشك ، گەور .. بەرێگەی کاروان و پیادە بەگوندەکانی ناوچەی دەبەستەوە .. چەند سالێ بوو حکومەتی عیراق رێگەی ئۆتۆمبیلی خۆلی بردبوو ، قۆپیەکەی بە ناوەندی ناحیەی ( قەرەداغ ) بەستبۆوە . چەندەها شوێنەواری دێرینی تێدایە و پەیکەری داتاشراویان لەسەر کراوە و لە هەموویان بەناوبانگتر پەیکەرەکەی ( نیرامسین ) ە کەدەکەوێتە دەربەن گەور ( گاور ) .

حکومەتی پاشای عیراق ، بەنیازی ئەوەی بیکاتە هاوینە هەوار، ڕێگا خۆڵەکەی بۆ بڕی بوو . بەڕێگەی دوورو درێژی ناو قۆپی بەستبۆوە، کە لەناوچەی ( داری زەرد ) ەوە دەستی پێدەکرد تاپەیکەرەکەی نیرامسین ، قۆپی چەندەها کانی ساف و جوان و ساردی تێدابوو ، لەسەرکانی و ئاوی (وەزیارە) چەند خانوێکی هاوینە هەوارکرابوو ، پێشمەرگەکان کردبوویانەبارەگای هێزی ( قەراخ ) لەکاتی دانووساندا دەچوونەوە ناو شارۆچکەی قەراخ ..

بەگشتی درەختەکانی بەڕوو ، مازوو ، دارەبەن ، کەوت ، چەقاڵە ... بوون لەدەوری کانیەکانا پەڵە سپیدار و مێو و هەندێ میوەی تر چاندار بوون .. بەڵام هیچ ئاوەدانیەکی تێدا نەبوو ، تەنیا پیاوێکی کامڵی درێژی باریکی سمێڵ ئەستور نەبێ ( کرابووە پاسەوانی دارستانەکە ) کە بەتەنیا لەو قۆپیەدا دەژیا ، بەهارانیش هەندێ کۆچەر ( بۆ لەوەڕ) سەریان دەداو بەرەو کوێستان سەردەکەوتن ( ئەو پاسەوانە گۆشە گیرەم کردۆتە پاڵەوانی دووەم دەستنووسی ڕۆمانم کە چەند جارێ باس کراوە . وەك خوی هەمیشەم ، دەست نووسەکەم دایە چەند ئەدیبێ تا تێبینی خۆیانم دەنێ .. وەك عبدالله سەراج . سعدالله پەرۆش . کەریم دەشتی .. پێشی بڵاوکردنەوەی ( گەلەگورگ ) یش بە دووساڵێ کاك حسێن عارف دیتی و لەدواییدا وەك خۆی دایەوە دەستم .. )

دەورەمان بەئینگلیزی بوو . سەرۆکی دەورەکە ئەلمانی بوو ( واڵتر ) یان پێدەوت . پیاوێکی بەساڵا چووی چوست و چالاك بوو . کوردی خۆش دەویست ، لەشەڕی دووەمی جیهانیدا لە یەکێتی سۆڤیەت ئەسیر کرابوو ، لە دوای شەڕ بەردرابوو گەڕابۆوە وڵاتەکەی .. لەسەر لوتکە شاخێکی لای گەرمیانەوە ، ئامێری کەژو بای دانابوو ، لەبوولێڵدا بەکێوەکەدا هەڵدەزناو گەرمی و ساردی ، خێرایی و رووی بای .. دەخوێندەوە . کە دەگەڕایەوە ، پێش بەرچایی ئامێری کاری ڕۆژەکەمانی ئامادە دەکرد.. ( زێندەر )یش کە تۆزێ لەو لاوتر بوو . لە

سەعات حەوتی بەیانیەوە دەهاتە ژوورەکان و بە (کەمانجە ) و ئاوازی شیرینی لای خۆیان لە خەوی هەڵدەستاندین !

بەیانیان ، کاری دارستانی خۆرسك . پاش نیوەڕۆیان ، چەند وانەیەك . کەئێوارە دا دەهات ، لەدەوری کانی و حەوزەکە مامۆستا و خوێندکاری کوڕ و کچ کۆدەبووینەوە ، جۆرەها یاری و گاڵتەو گەپمان دەکرد ، تا خەو بەلایدا دەبردین .. جوانترین هەستێ کەسەرنجی هەمووومانی راکێشابوو ، ئەو دڵدارییە بێگەردە بوو کە کوڕە شێخێکی کوردو کچە دیانێکی عەرەبی لە ئامێز گرتبوو ، لەگەڵ دیمەنی دڵفرێنی قۆپی تێکەڵ دەبوون و سەدای دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك ( بەداخەوە پێکنەگەیشتن ) لەو ماوەیدا ، مامۆستاکانمان پێشنیاریان کرد کە دوو ساڵی تر بخوێنین و لەباتی ( دپلۆم ) ( بەکەلۆریوس ) وەرگرین .. ئێمەش بیرمان لێدەکردەوە .. سەرەڕای دڵتەنگیم و بێزاریم لە کەرت بوونی پارتی و پێشمەرگەو سەرەتای خوێن رشتنی یەکتری .. لەخۆشترین کاتە کانی ژیانم بوو .. سروشت ، هەستی هونەریمی پاراو دەکرد . دەورەکە چڵ رۆژێکی خایاند ،تێرم بەسکی خۆم خوارد . لەشوێنی تەختو نەرم و پاك نووستم . بەڵام شەوانە فرمێسکم بۆ پاشەرۆژی کورد و پێشمەرگە دەڕشت .

لە دیوی گەرمیان و نزیك ناحیەی ( سەنگاو )ەوە ، بەبیانوی رێگەی هاوینە هەواری قۆپی ، بەڕێوەبەریەتی ئەشغاڵ ( بەپێشنیاری سوپاو رەزامەندی و سەرپەرشتی پێشمەرگە ) دەستی کردبوو بە بڕینی جادەیەك بۆ ناوچەی ( داری زەرد ) ی ناو قۆپی .. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی قۆپی قەراخ ئیستراتیجی بارەگایی خۆی لەدەست بدا .. هەر دەرفەتێك و دانیشتنێکی کوردانەم دەست کەوتایا ، بەتوندی دژی پرۆژەکەو کەرت بوونی پارتی و پێشمەرگە دەدوام .. کاك خەسرەوشاڵی و شیت بەرزنجی نەبوونایا ، بەدەستی پێشمەگەی سەرۆك و بەتاوانی ( جەلالیەت! ! ) زیندانی دەکرام .. بەڵام من ، هەر بێباك بووم . چونکە گیانم لەیەکێتی کوردایەتی خۆشتر نەدەویست ، ئامادە بووم دڵۆپە خوێنی لەشم بکەمە تاڵە دەزوو و شۆڕش و

کوردایەتی پێ بدورمەوە . چونکە تاکە ڕێبازێکە کورد ئازاد و کوردستان ڕزگارو یەکگرتوو بکا .. هەر لەو ماوەیەشدا ، هەردوو هێز لە سنوری ئێرانا بەرامبەر یەك وەستابوون و ئێران و عیراقیش بەشادییەوە چاودێری هەردوولایان دەکرد ! !

کە کارەکانی دارستانی خۆرسك لەقۆپی تەواو بوو ، بارو بارگەمان تێکنایەوەو چووینە دارستانی دەستکردی ( نەینەوا ) ی قەراخ شاری ( موسل ) . زووربەی دارە دەستنێژەکانی یوکالیبتۆسی ( کمادولینسیس ) و ( نیگرا) بوون ، هەندێ سەروکاژی تێدابوو . فێری پێوان و برین و شەق کردنیان .. دەکردین .زووربەی ئێوارانیش خۆمان لەناو شاری موسڵی جوان و ڕازاو دەدیتەوە کە سینەما و چایخانەو مەیخانەو مەلهای زۆری تێدابوو ، دنیای ڕابواردنی لاوانی پارەدار بوو ( نەك وەك من موفلیس ! و دڵتەنگ ) هەموو ڕۆژێ دەچوومە گەراجی هەولێر ، بەو هیوایەی دەنگوباسێکی ئاژاوەی ناو کوردان ببیسم ! !

موسڵ ، لەشارە هەرە کۆنەکانی ئەم هەرێمەیە و سەردەمێکی زۆر پێتەختی ئاشوریەکان و شارستانیەتی ئاشووری بووە و شوێنەواری دێرینی زۆرە . مزگەوتی بەناوبانگی تێدایە . ڕووباری ( دجلە ) کەرتی کردووە ، زووربەی دانیشتوانی گەڕەکەکانی کەرتی لای ( نەبی یونس ) کوردی کارکەر و زەحمەتکێش و دیانی کەم دەرامەتن . ئەو بەریش ، عەرەبی سونی و دیانی دەست ڕۆیشتوون .. خانوو بەرەکانی هەردوو بەر ، لەیەك جیان !..

لەبەرئەوەی عەرەبی سونە ، لەچاو عەرەبی شیعەی عیراق کەمن و لە دروستبوونی عیراقیشەوە ( ١٩٢١ ) ئیدارەی دەوڵەت ، بەدەست سوونی عەرەبەوە بوو .. زۆر ئەفسەرودەرەجەداری سوپاو پۆلیس و کاربەدەست، لێپرسراوبوون، سەرۆکی دەزگا داپڵۆسێنەرەکان ( ئاسایش . موخابەرات . ئیستخبارات ... ) لەخەلکی پارێزگا سونیەکان بوون . موسڵاوی زۆریان بەرکەوتبوو . بەدرێژی مێژووی حکومەتی عیراقی ، لەناو شارە کوردییەکاندا دەوری خراپیان دەدی . لەسەرتای شۆڕشی ئەیلوولیشەوە ، هەر تاوان و کۆمەڵ کوژی و

رەشبگیرییەك لەكوردستان كرابێ ، رۆڵەكانی ئەم شارە ، دەوری سەرەكیان تێدا دیووە . شارەكەش ، هەمیشە شوێنی زیندانی و ئازارو ئەشكەنجە و لەسێدارەدان و تیرۆركردنی كوردان بووە !.. بەداخەوە ، مێژوویێكی رەشی لەگەڵ میللەتەكەماندا هەبووە ..

گەڕاینەوە بەغدا . پاش چەند رۆژێ تاقیكردنەوەی دەوری دووەمی زانكۆ دەستپێكرد .. دووبارە ، مەسەلەی تەواو كردنی خوێندنمان هاتەوە گۆڕێ .. ئێمە داوامان دەكرد ، یەك ساڵی رەبەقی تر بخوێنین و بەكەلۆریۆسمان بدەنێ . ئیدارى كۆلێژیش داوای دوو ساڵ خوێندنی دەكرد .. نەگەیشتینە یەك ..

لەبەینی دەرچوونمان و داواكردنمان بۆ ( كۆلێژی ئەفسەری یەدەگ ) ٤ – ٥ مانگ بوو . بەپەلە خۆمان گەیاندە بەڕێوەبەریەتی گشتی دارستان لەبەغدا بە رۆژانەی ( یەك دینا ر ) بەناوی ( كرێكاری شارەزا ) لەشارەكاندا دامەزراین . من بۆ بەرێوەبەرێتی لێكۆلینەوە و پشكنینی دارستانی هەولێر ( كە طاهر اسماعیل بەڕێوەبەری بوو ) داندرام .

پاش پەڕینەوەی خاڵە عومەرو سلێمانی براشم بۆ ئێران . بە هەوڵ و كۆششی دۆستانمان ، چاودێری لەسەر ماڵی خاڵە طاهرم هەلگیرا . رەزامەندی وەرگیرا كە لەقەلادزەوە بێنە هەولێر و لەتەیراوە ، كۆنە خانوویێكی گرت . بەلام نە حجز لەسەر خانوو و ناو ماڵی كەركووكی هەلگیرابوو ، نەگەڕاندبوویانەوە فەرمانبەری . پاشەرۆژی ونی دەبابەو سلێمانیش سەریارو بن بار !

# ئەو بەڕێزانەی ناویان هاتووە


ابراهیم احمد ( سکرتێر ) :
١٦/٣٥/٣٩/٥٣/٧٦/٨٥/٧٨/٩٠/٩٢/٩٦/١٠٣/١٠٩/١١١/١١٨/١١٩/١٢٠/
١٢٥/١٢٨/١٣٠/١٤٠/١٤٦/١٤٩/١٦٧/١٨٢/١٨٥/١٨٦/١٩١/١٩٢/١٩٧/
٢٦٤/٢٦٧/٢٦٨/٢٨٣/٢٨٤/٢٨٦/٢٨٨/٢٩٠/٢٩١/٢٩٢/٢٩٣/٢٩٦/٢٩٧/
ابراهیم میران : ١٦٧/١٧٢/١٩٨/٢٠٩/٢٩٦/
ابراهیم خان : ١٧/
ازەر عبدالله : ٢٨٥/
احسان نوری پاشا : ٧١/
ابراهیم چەرمەگا: ٢٨٩/
احسان صدیق : ١٢٤/١٢٦/١٣٧/
ادریس بارزانی : ٢٩٠/
احمد بارزانی ( شێخ ) : ٤٣/٧١/١٠٤/١٤٠/١٥٣/
احمد محمد امین دزەیی : ١٣٠/٢٣٥/٢٦٢/٢٧٨/٢٩٢/٢٩٣/٢٩٤/
احمد هەردی : ١٧٨/
احمد شاڵی : ١٩١/
احمد شریف : ٢٧٣/
اختەر نجم الدین : ١٦/١٦٧/ ئەمیری ل ١١٩
اخول ( شاعیر ) : ٦٩/
اسماعیل دەرویش : ١٢٤/
اسماعیل سەرهەنگ : ٢٢٨/
اسماعیل فەللاح : ٩٣/١١٨/
اسماعیل (کوێخا سمایلی تەلان ) : ٢٨٩/
اسعد خیلانی ( دکتۆر ) : ١٦٧/١٩٤/
افتاو ( خوشکم ): ٥/٩/
افراسیاب مجید یاوەر: ٩٣/١٠٦/١٢٤/١٥٥/
امینە محمد علی : ٧٧/٧٨/

امين زەکی بەگ ( وەزیر ) : ٣٣/٣٥/
انور تۆفق (هونەرمەند ) : ٢٠٩/٢١٠/٢٩٠/
انور عثمان : ٨٤/
انور مائی : ٢٢٠/
انور عبدالرحمن جاف : ١٢٤/
انور محمد العانی ( ئەدیب ) : ١٠٤/
انور سلێمانی : ١٢٤/
انور بەگی بێتواتە : ٢٨٩/
اوفیك : ٤٤/
ازاد خانەقا : ١٢٤/
اسعد شێخ بزێنی : ١٩٢/٢٠٨/
بایز اغای گەردی : ٢١٩/
باقی الدباغ( دکتۆر) : ١٩٢/٢١٥/
بافل : ٢٣٩/
برهان ئاغای دزەیی : ٢٦٦
بێکەس ( شاعیر ) : ٣٥/٦٩/٨٠/١٠١/
بیکاسۆ( رەسام ) : ١٠٨/
بکر سعدی : ٢١٨/٢٢٢/
بکر حویزی : ١١٢/
بکر مصطفی : ٩/١٥/٢١/٢٢/٣٦/
بدرخان سندی : ٢٠٩/٢٢٠/٢٢٦/٢٩٠/
بابەکر پشدەری : ٢١٠/٢١٩/
پەخشان عبدالواحید : ١٢٢/١٠٥/
پیرەمێرد ( شاعیر ) : ٢٩/٣٠/٣١/٦٩/
پیرۆت تاڵەبانی : ٩٢/١٢٤/١٢٦/١٩٢/
پەروین بەرزنجی : ١٢٢/
تیمور کاکە: ١٢٠/١٢٤/١٢٦/١٥٥/
جباری پیرۆزخان : ٩٠/

جبار محمد توتنچي : ٦٥/٨٠/٨١/٨٥/
جبار چەمچەماڵي : ٢٩٨/
جبار جودت : ١٣٦/
جزيري ( شاعير ) : ١٠١/
جعفر عبدالواحد : ١٠٥/
جلال تاڵەباني :
١٠٦/١١٨/١٩٢/٢٠٨/٢١٧/٢٣٦/٢٣٩/٢٤٠/٢٤٥/٢٥٤/٢٥٦/٢٥٧/٢٥٨/
٢٦٧/٢٦٨/٢٨٦/٢٩٥/
جلال حويزي : ١١/١٥/
جلال حسين قرەداغي : ١٠٦/١٢٢/١٢٤/١٦٢/١٦٥/١٧٧/١٩٤/٢٠٤/٢٠٥/
جليل القيسي ( چيرۆكنووس ) : ١٠٤/١٤٧/
جمال احمد : ٢١/٨٠/٨١/١٠٦/
جمال طاهر : ٢٣٤/
جمال نەبەز ( دكتۆر ) : ١٠٢/١١٤/١١٩/١٤٧/
جمال رەشيد : ٩٣/٢١٧/
جمال عزيز ( مامۆستا ) : ١٤٧/
جمال شاڵي : ١٧٤/١٧٥/
جميل رۆژبەياني ( مێژو نووس ) : ٧٨/٢٤٠/٢٤٢/٢٤٤/
جميل احمد : ١٨٩/٢٠٢/٢٠٣/٢٠٤/٢٠٦/
جميل صبري : ١١٢/١١٣/١١٩/
جوهر هيراني : ٢٢٣/٢٢٤/٢٢٥/
جمال نامق : ١٨٨/
جيهان صديق شاوەيس :
٩٢/١٠٣/١٠٤/١٢٠/١٢٢/١٢٤/١٢٥/١٢٦/١٢١/١٥٤/١٥٧/٢٨٤/
چالاك تاڵەباني : ١٠٦/١٢٤/١٩٢/
حسين خانقا ( شێخ ) : ٢١٠/
حسين عارف : ١٧٣/٢٠١/
حسن صالح ( مام حەسەن ) : ٢٧٢/٢٧٩/

حبيب محمد كريم : ١١٥/١٨١/١٩٥/٢٠٨/
حبيبه مصطفى ( پورم ) : ٢٧٢/
حسن وەستا ( خادم ) : ١٠/
حسن اسماعيل عبدالله ( دكتۆر ) : ١٧/٩٠/٢٢٥/٢٩٣/
حسين وەستا : ١٠/
حسين برزنجى ( دكتۆر ) : ١٧/٩٠/٢٢٥/٢٩٣/
حسين مصطفى رشيد : ٢١/
حسين بەرزنجى كەركووك : ١٢٥/
حميد باتاسى : ٩٠/٩٦/١٠٥/١٠٩/١١٥/١٢٥/١٥٢/١٥٣/٢٦٢/٢٧٠/
حميد عثمان : ١٠٦/١٤٢/١٨٠/
حميد تالەبانى : ١٠٦/١٢٤/١٥٢/
حميد كۆيى : ٩٠/
حمه چاوشين : ١٠٧/
حليمه سامى : ١٠/١٣٥/١٣٧/
حيدر هەمزە : ١٠٧/١٦٧/
حيلمى على شريف : ١٣٠/١٨٨/١٩٢/٢١٣/٢٤٦/٢٤٧/
حكمت اسماعيل : ١٩٠/
حەوێزى مام يەحيا : ٢١٨/
حەمەد ئاغاى مێرگە سورى : ٢٢٠/٢٢١/
خاتوزين عبدالله :
١٢/٢٧/٢٨/٤٠/٥١/٨٠/٩٢/١٠٠/١٠١/١١٣/١٣٤/١٣٥/١٣٦/١٥٥/١٥٦/١٦٥
/١٦٨/١٦٩/١٧٠/١٧١/١٧٢/١٧٣/١٧٨/١٧٩/١٨٦/٢٧٠/
خاليد دلێر :
٩٠/١٠١/١٠٤/١٠٥/١١٢/١٢٠/١٢٢/١٤٦/٢٤٠/٢٤٢/٢٤٤/٢٤٦/٢٤٧/
خاليد سعيد ( دكتۆر خاليد ) : ٢٢٧/٢٢٨/٢٤٢/٢٢٥/٢٢٦/٢٢٨/٢٥٩/
خاليد محمد خاليد ( فەيلەسوف ) : ١١٣/
خاليد دباغ ( دكتۆر ) : ١٨٨/٢٠١/٢٠٦/٢٠٨/٢٩٨/
خدر قرەداغى ( حاجى خدر ) : ١٦/

خسروشالّی ( دکتۆر ) : ۱۸۸/۲۹۸/۲۲۲/
خوله پیزه : ۴۲/۶۰/۶۲/
خلیل جاسم ( ئەفسەر ) : ۱۹۳/
داود الجنابی : ۱۵۷/
دارا مجید یاوەر : ۹۳/۱۰۶/۱۲٤/
دلّشاد کاکه محمود : ۱۰۹/۱۲٤/۱۲٦/
دلێر طاهر : ۷۸/
درخشان جلال حەفید : ۱٦۷/
رەشاد بالطة : ۱۸۸/۲۹۸/
رەشاد .. : ۱۲٦/
رەشۆڵ ( گۆرانیبێژ ) : ۷۰/
رەحمه حبیب : ۲۷۸/
رەشید عارف : ۳٦/۱۸۸/۱۹۹/۲۱۰/
رضا تالەبانی (شێخ رەزای شاعیر ) : ۱۱۹/
رضا گولانی ( شێخ ) : ۲۸۳/
رفعت عیزت : ۹/۱٦٤/
روشدی علی شریف : ۸۵/۸٦/
روشدی خضر : ۱۰٦/
رووناك محمد : ۱۰٦/۱۲۲/۱۵۵/
رووناك شالّی : ۱۸۹/۲۰٦/
رووناك زوهدی : ۱٦۷/
رؤوف احمد : ۲۸/۳۹/۸۰/۸۱/۸۵/
رؤوف حسن : ۱۷۳/
زەینەب ( ئەکتەری شانۆ) : ۲٦۵/
زاهیر رەشید : ۷۸/
زیبا عبدالواحید : ۱۰۵/۱۲۲/۱۵۵/
زێندەر ( ئەلمانی ) : ۱۸۸/۲۰۲/
ژیان عیزەت : ۱٦۷/

سامی سلیمان : ١٠/١١/
سردار رەمزی : ٣٩/
سردار رەزا : ١٨٩/
سرور محمد ( دکتۆر ) : ٢١٥/
سعید چەمچەماڵی : ٢٤٧/٢٤٩/٢٥٠/٢٥٨/
سعید مطر : ٢٨٣/
سعدالله پەرۆش : ٢٠١/
سلیمان صبغه الله : ١٠/٨٢/
سلیم فخری : ٢٨٣/٢٨٤/
سلیمان فخری :
٥/١٢٤/١٢٦/١٣٧/١٦٨/١٧٢/١٨٨/١٩٨/١٩٩/٢٠٣/٢٠٨/٢٣٠/٢٣١/٢٣٢/
٢٣٦/٢٨٥/٢٩٦/٣٠٤/
سرویا محمد : ١٦٧/١٩٢/
سید مجید : ٢٤٠/
سلمان عیساوی : ٢٠٢/٢٠٣/
شلێر طاهر : ٧٨/
شفیقه علی ( شاعیر ) : ١٨٠/١٨٣/
شمس الدین مفتی : ١٠٦/١١٥/٢٣٦/
شوکور مصطفی ( مەلا شوکور ) : ١٧/
شۆرش محمد علی : ٧٨/
شیت عزیز برزنجی : ٩٢/١٢٤/١٢٩/١٨٨/٣٠٠/٣٠٢/
شێرکۆ بێکەس : ٩٠/
شێرکۆ محمد خدر : ١٢٤/
صالح یوسفی : ٢٠٢/٢١٠/
صالح حیدری : ١٤٢/
صالح دزەیی : ١٢٢/١٢٤/
صادق کریم : ١٤/
صابیر فندی ( بەرێوەبەری پۆلیس ) : ٤٧/

صالح دیلان ( گۆرانیبێژ ) : ٦٩/
صالح شێره : ٩٤/١٥٣/
صالح بانەقەلاتی ( کوێخا صالح ) : ٢٧٢/
صدیق أتروشی ( دکتۆر ) : ٢٨٣/
صدیق حیدری : ٧٨/
صدیق ( زەعیم موصلاوی ) : ٢٢٤/٢٥٥/٢٥٧/
صدیق مصطفی : ٥٧/٢٧٨/
صدرالدین برزنجی ( شێخ ) : ٢٣٠/٢٣١/
صلاح فرج کبابچی : ٦٥/٨٠/٨١/٨٥/
صدیق صادق : ١٦٧/٢٣٤/
صلاح عثمان : ٢٦٦/٢٧٠/
صلاح رفیق سراج : ١٨٩/
صمد محمد : ٢١٠/
طاهر ( تاله پیزه ) : ٤٣/٦٠/
طاهر حویزی : ١٢/١٥/
طاهر کۆیی ( حاجی ) : ٤٧/
طاهر مصطفی :
١٥/١٦/١٨/٢٣/٢٩/٣٠/٣٤/٣٦/٤٠/٥٣/٥٥/٧١/٧٨/٨٥/٨٧/١٠٧/١٢٢/
١٣٤/١٥٤/١٨٨/١٩٢/١٩٣/٢٠٨/٢٦٠/٢٦٩/٢٧٨/٢٩٦/٣٠٤/
طاهر صادق ( زمانەوان ) : ١٢٠/
طاهر نجم الدین : ١٢٤/
طه توفیق لقمان : ٩٣/١٢٢/١٢٤/١٢٥/١٥٤/
طه فائیز ( رۆژنامه نووس ) : ١٩٦/١٩٧/
طه شەکرچی ( ئەفسەر ) : ٢٢٤/
ظاهر رەشید ( رەسام ) : ٢٧٠/
عائشه ( نەنکم ) ( عەیشێ ) : ١٠/١١/٢٧/٨١/١٠٠/١٣٦/
عادل عیزەت : ١٢٤/١٥٥/
عباس حسین : ٩٠/١٠٥/١٢٥/١٣١/

عباس مامەند ئاغا : ٢٨٩/
عبدالله مجيد : ١٨٩/٢٠٧/
عبدالله خلف : ١٨٩/
عبدالله خادم ( میرزا عەبدوللا ) : ١٨/٤٧/
عبدالله کەوەڵەیی ( شێخ عەبدوللا ) : ١٢٣/١٢٤/١٢٦/٢٨٣/٢٨٤/
عبدالله اسماعيل ( مەلا عەبدوللا ) : ٩٢/١٥٣/٢٢٥/٢٦٢/٢٨٧/
عبدالله سامی :
٩/١٠/١١/١٢/١٥/٢٧/٢٨/٨٢/١٠٠/١١٣/١٣٤/١٣٥/١٣٦/١٥٥/١٥٦/١٦٥/
١٦٧/١٦٨/١٦٩/١٧٠/١٧٢/١٧٦/١٧٩/١٩٤/٢٠٥/٢٩٨/
عبدالله سراج : ١٢٠/٢٠١/
عبدالاه ( وەصی ) : ٦١/٧٦/٧٨/
عبدالاه النعمه : ١٨٩/
عبدالجبار کامل داودی : ١٢٢/
عبدالفتاح ابراهيم : ١٩٤/
عبدالکريم حەقە ( شێخ ) : ٢٣٧/
عبدالخالق عبدالرحمن : ٩٣/١٢٢/
عبدالخالق علاء الدين : ١٣/
عبدالرزاق دەباغ : ٢١٨/٢٢٠/٢٢٧/٢٢٩/٢٣٠/
عبدالرزاق محمود ( پارێزە) : ٢٨٦/
عبدالرزاق ملا حبيب : ٥٤/
عبدالرحمن زەبيحی : ١٩٩/٢٤٣/٢٩٦/
عبدالرحمن گۆمە شينی : ١٠٦/١٢٤/
عبدالرحمن رووتە : ٢١٤/
عبدالرحمن چەمچەماڵی : ٢٩٨/
عبدالوهاب باجەلان : ١٩٢/
عبدالعزيز الدوری : ٢٩٥/
عبدالستار جودت : ١٣٦/١٣٧/
عبدالسلام عارف : ١٣٨/١٤٤/٢٠٢/٢١٦/٢٦٧/٢٧٠/٢٧٧/٢٨٦/٢٨٧/

عبدالصمد خانقاه : ١٢٠/١٢٨/١٢٤/١٢٥/١٤٩/
عبدالخالق جودت : ١٣٦/١٣٧/
عبدالعزيز خانقاه : ١١٩/١٢٥/
عبدالقادر برزنجي : ١٢٠/١٤٨/١٤٩/
عبدالكريم قاسم :
١٣٨/١٤٠/١٤٤/١٥٤/١٥٦/١٥٧/١٥٨/١٨٥/١٨٧/١٩٠/١٩١/١٩٣/١٩٤/
١٩٦/١٩٩/٢٠١/٢٠٤/
عبدالكريم عبدالرزاق : ١٦٧/٢٢٤/٢٣٥/
عثمان عوزێرى ( شاعیر ) : ١٠٢/
عثمان شێخ فتاح عەوالانى : ٢٤٣/٢٥٧/
عثمان عمر عبدالله ( دكتۆر ) : ٢١٦/
عثمان حسن دزەیی :
٢١٨/٢٢٢/٢٢٥/٢٢٦/٢٢٧/٢٣٠/٢٣١/٢٣٤/٢٣٥/٢٣٦/٢٦٢/٢٦٦/٢٧٧/
٢٧٨/٢٧٨/٢٨٩/٢٩٢/٢٩٣/٢٩٤/
عثمان صديق : ٣٧/٥٥/٨١/٢١٨/٢٧٧/٢٧٨/٢٧٩/
عەزرە ( جوو ) : ٢٤/٢٥/
عزيز شريف : ١٩٠/١٩٣/
عەزيز فقى سمايل : ٢٤٦/
عزيز شمدێنى ( دكتۆر ) : ٢٨٦/٢٨٨/٢٩٦/
عەزيز عقراوى : ٢٨٣/
عەزيز أتروشى : ٢٨٣/
على قادر ( عەلەشەل ) : ٥٤/٧٨/
على ( عەلە جنۆكە ) : ٢١/٨٠/٨٨/
على سنجارى : ٢٩٧/

علی عسکری :
٩٢/١٠٥/١٠٦/١٢٢/١٢٣/١٢٤/١٢٥/١٢٩/١٥٤/١٥٦/١٧٨/٢١٣/٢٣٦/٢٣٧
/٢٣٨/٢٤٠/٢٤١/٢٤٢/٢٤٥/٢٥٤/٢٥٥/٢٥٦/٢٥٧/٢٥٨/٢٨٤/

علی ( زەعیم علی ) : ٢٢٤/

علی عبدالله : ٥٣/٩٢/١٨٢/٢٧٩/٢٩٦/

علی کریم برزنجی : ١٨٩/

علی کمال : ٤٦/

علی باپیر اغا ( شاعیر ) : ١١٩/

علی احسان : ٩٠/

عگید صدیق : ٢١٠/

علاو الدین سجادی : ١٦٤/١٧٢/١٨٦/٢٠٩/٢٩٩/

عمر مارف : ١٢٠/

عمر دەبابە :
١٠/١٧/١٨/٢٦/٣٣/٥١/٥٥/٦٦/٦٧/٧٠/٧٣/٧٦/٨١/٨٧/٩٠/٩٤/٩٦/
١٠٣/١٠٥/١٠٦/١٠٩/١١٨/١١٣/١١٥/١١٩/١٢٢/١٢٥/١٢٨/١٢٩/١٣٠/١٣٤/
١٣٨/١٤٠/١٤٣/١٤٤/١٥٨/١٨٣/١٨٤/١٨٧/١٩١/١٩٢/١٩٣/٢١٤/٢١٨/
٢٢١/٢٢٢/٢٢٧/٢٢٨/٢٣٧/٢٣١/٢٣٣/٢٣٤/٢٣٥/٢٣٦/٢٣٧/٢٥٩/٢٦٤/
٢٦٨/٢٧١/٢٧٢/٢٧٩/٢٨٤/٢٨٦/٢٨٨/٢٩٢/٢٩٦/٣٠٤/

عمر بێکەس : ١٠٢/١٤٤/

عونی یوسف : ٩٢/١٣٠/١٥٤/

عیسا رحومی : ١٩٣/

عیزت عثمان : ١٠٧/

عیزت سامی : ١٠/

عیزت کۆیی ( مامۆستا) : ٤٧/

غنی بلوریانی : ٧٨/

غفوری ملا علی : ١٩/٤٧/٧٥/

فاروق ملا مصطفى : ١٧٤/
فاضل العزاوى ( شاعير ) : ٩٣/١٠٤/١٤٧/١٥٦/١٦٦/
فاضل سعيد ئاغا : ١٠٧/١٧٠/١٧٢/
فاطمة خادم السجاده : ١١/٢٨/١٣٥/١٦٨/١٦٩/١٧٠/
فاطمة مصطفى : ٢٥/١٣٧/
فاطمة توفيق : ١٦
فتحيه سامى : ١٠/١١/٢١/٨١/١٠٠/١٣٦/
فخرى سامى ( باوكم ) :
٥/٦/٨/٩/١٠/١١/١٢/١٣/١٤/١٥/٢١/٤٩/١٠٠/١٣٦/١٦٨/١٧٩/٢٦٩/٢٧٨
/٢٨١/٢٨٢/
فرجى ئۆتراخچى ( حاجى فەرەج ) : ١٨/٧٨/
فريشته بێكەس : ٩٠/
فتاح عەوالانى ( شێخ ) : ٢٥٢/
فوئاد اسكندر عەلەكە : ٨٤/
فوئاد بابان ( دكتۆر ) : ٩٣/١٢٢/١٩٢/٢١٣/
فوئاد عبدالله سامى :
٢٨/١٣٥/١٣٦/١٦٤/١٦٧/١٧٢/١٧٩/١٩٤/٢٠٥/٢٩٨/
فەردا خان : ١٩٨/٢٠٦/
فەريدون ملا عمر : ١٨٩/
فەريدون معروف برزنجى : ١٨٩/
قادر خليل : ١٩/
قادر ديلان : ٦٩/
قادرى حاجى حسين : ٧٠/
قادر سوتكه ( شێخ ) : ٢٤٢/٢٤٣/٢٤٨/٢٤٩/٢٥٠/٢٥٨/٢٦٠/
قانع ( شاعير ) : ٦٩/١١٩/
قحطان خلف : ١٨٩/

كاكه زيادی كۆیی : ۲۸۹/۱۲۰/
كامەران موكری : ۲٤۷/
كاكه حاجی محمود : ۱۳۱/۱۲٦/۱۰۹/۳۷/
كامل جادرجی : ۱۹۷/۱۹٦/۱۹۳/
كامەران موكری ( شاعیر ) : ۲۱۲/٦۹/
كریم زەند : ۱۹/
كمال غمبار : ۱٦٦/
كنێر طاهر : ۲۰۸/
كریم دەشتی : ۳۰۱/
كاكه ئاغای مێرۆ : ۲۱۹/
كریم احمد : ۲۸۳/
كمال شالی : ۲۹۵/۲۹۳/۱۸۹/
كمال محی الدین : ۲۳٤/۲۳۱/۲۳۰/
كمال رشید : ۹۳/
كمال عزیز ( بێزار ) : ۱۲٤/۱۲۰/
كمال كەڵە مێرد : ۱٤٦/۱۲٤/
كمال قەرەداغی ( نووسەر ) : ۱٤٦/
كمال فوئاد : ۱۸۰/
گۆران ( شاعیر ) : ۱۷۸/۱۲۱/
گەلاوێژ : ۲۸۳/
لطیف شێخ محمود : ۲۸۹/٥٦/
لطیف حامید برزنجی ( چیرۆكنووس ) :
۱۹٥/۱۹٤/۱۷۷/۱٦٦/۱٦٥/۱٦۲/۱۲۰/
مجید كاكه : ۱۳۸/۱۰۹/۹۰/
محمد غریب تاڵەبانی : ۲۱۷/۹۲/
محمد أمین دەربەندفەقەن : ۲٤۰/۲۳۸/

محمد امین فەرەج : ٢٤٠/
محمد توفیق وردی : ٢٤٠/
محمد ( مەلا محەمەد ) : ٢١٩/
محمد سعید کتانە : ١٨٨/
محمدی مەلا کریم : ٢١٢/٢٠٩/١٨٦/
محمد علی فەیلی : ٢٩٦/
محمدی حاجی تایەر : ١٣٠/٩٢/٥٣/١٨/
محمد مولود ( ایران ) : ٧٧/
محمد (قازی محمد ) : ١٤٢/٧١/
محمد عەونی ( ئەفسەر ) : ١٦/
محمد طاهر الحیالی : ١٨٩/
محمد صدیق : ٢١٤/
محمد مولود ( مەم ) : ١٧٥/١٧٤/
محمد علی ( خودادا ) : ٧٨/٧٧/٧٦/
محمد صالح دیلان : ٢٤٧/
محمدی ماملێ : ٧٧/
محمد مهدی الجواهری : ١٩٠/
محمد قەرەداغی : ٢٨١/٩٠/
محمد صالح بحر العلوم : ١٩٦/
محمد بەرزنجی : ١٢٤/
محمد سعید خفاف : ٢١٠/
محمدی دەرویش کەریم : ١٦٣/١٢٨/
محمد حسن مەنگوری : ٢٧٣/
محمود عثمان ( دکتۆر ) : ٢١٥/١٩١/١٠٧/
محمود حەفید ( ملك محمود ) : ١٥٣/١٤٢/١٠٨/٧١/
محمودی مەلا عیزەت : ١٦٧/

محمود کاکە زیاد : ٢٢٧/٢٢٨/
محرم محمد امین ( چیرۆکنووس ) : ٤٣/٤٤/٧٠/
محی الدین زەنگەنە : ١٠٢/١٠٤/١٢٠/١٣٧/١٤٧/
مەئموون دەباغ : ١٩٢/٢٣٦/٢٣٧/٢٤٥/٢٤٨/
مریم عزیز : ١٦٧/
مصطفی بارزانی ( سەرۆك ) :
٧١/٨٦/١٤٠/١٤٢/١٥٥/١٥٧/١٥٨/١٥٩/١٦٧/١٨٤/١٨٥/١٨٧/١٩١/١٩٢
/١٩٥/١٩٧/٢١٣/٢١٤/٢٦٥/٢٦٧/٢٦٨/٢٧١/٢٧٨/٢٧٩/٢٨٢/٢٨٣/
٢٨٦/٢٨٧/٢٨٨/٢٨٩/٢٩٠/٢٩٢/٢٩٤/٢٩٦/٢٩٧/٣٠٢/
مصطفی کمال اتا تورك : ١٠٢/١٣٢/
مصطفی کرێکار : ٦٩/١١٩/١٢٠/١٢٢/
مصطفی بەرزنجی ( مامۆستا ) : ١٩/٣٥/
مصطفی محمد امین ( باپیرم ) : ٩/١١/
مسعود محمد : ٢١٠/٢٨٧/
مصطفی عزیز ( عقید الكرن ) : ٢١٠/
مصطفی رشید : ١٧/١٨/٤١/٤٣/
مصطفی رسول ( حاجی ) : ٧٨/٢٩٥/
مصطفی نەریمان : ٩٠/١١٩/
مصدق ( دکتۆر ) : ٧٦/٧٧/
مستی عبدالله : ٢٨/٢٠٠/٢٠٥/٢٩٨/
معروف خزندار : ١٠٢/١١٩/١٢٢/١٢٣/١٤٧/١٤٩/١٥٩/١٦٠/
معروف برزنجی : ٩٠/١١٩/١٢١/١٢٤/١٤٩/
مکرم تاڵەبانی : ٩٠/١١٩/١٤٩/١٨٦/٢٠٩/
مەولەوی ( شاعیر ) : ١٠١/
مۆید الراوی ( ادیب ) : ١٠٤/١٤٧/
میر حاج احمد : ١٥٥/

مهدی جواد العید : ١٨٩/
ناصح ( مەلا ناصح ) : ٢٤٠/
ناظم الطبقچلی : ٣٠٠/١٥٨/١٥٧/١٥١/١٥٠/١٤٤/١٤٣/١٤١
ناڤند جلال اغا : ٢٣٥/ نافیزجەلال
ناسكە عبداللە : ٢٨/
نازەنین طاهر : ١٠٩/٧٨/
ناجیە بەكر مصطفی : ٢٩٥/
نالی ( شاعیر ) ١٠١/
ندیم سامی : ١٣٦/١٣٤/١٠١/٨٢/٢٨/١٦/١٠/
نەجمەدین مەلا : ٢٣/
نزار القبانی : ١٧٨/
نوری عارف : ٣٦/
نوری تاڵەبانی ( دكتۆر ) : ٩٠/
نوری هیدایت : ١٢٢/
نوری علی امین : ١٨٦/
نوری هێرش : ١٢٤/١٢٢/
نوری احمد طە : ١٩٢/١٣٠/٧٦/٦٩/
نەسرین كرێكار : ١٢٢/
نازەنین بكر ئاغا : ١٢٢/
نەسرین خزندار : ١٥٩/١٢٢/
نەسرین محمد : ١٨١/
نەژاد عزیز اغا : ١٨٠/
نەوزاد رفعت ( دكتۆر ) : ١٩٢/
نەوزاد كاكە : ١٠٩/
نەوزاد صدیق : ٢٨٥/٢٣٦/٢٢٣/٢٢٢/٢٢١/٢٢٠/١٢٤/١٠٦/
نەوزاد عبداللە : ٢٨٥/٢٨٤/١٢٢/

نوری سه‌عید ( سه‌رۆك وه‌زیران ) : ١٣٠/
نورالدین عبدالرحمن : ٩٢/١٢٢/١٢٤/١٢٥/١٤٦/١٥٥/١٥٦/
نهاد که‌رکووکی ( دکتۆر ) : ١٩٢/
ناجی حه‌مید : ١٨٩/
وائل التکریتی : ١٨٩/
وحید بامه‌رنی ( ئه‌فسه‌ر ) : ١٨٣/١٨٤/١٨٥/
وداد خالص قاضي : ١٦٧/
والتر ( ئه‌لمانی ) : ١٨٨/٣٠٢/
واحید سعید : ٢٢٤/
واحید که‌بابچی کۆیێ : ٢٣٤/
هێمن ( شاعیر ) : ٧٨/
هه‌مین مصطفی ( دایکم ) :
٥/٦/١١/٢١/٢٧/٣٧/٤٩/٥٢/٥٥/٧٨/١٠١/١٦٩/١٧٢/١٨٨/١٩٢/١٩٣/
٢٠٣/٢٠٨/٢٣٣/٢٦٠/٢٦١/٢٦٩/٢٧٨/
هه‌مزه عبدالله : ١٦/١٧/٩٤/١٤٢/١٦٧/١٨١/٢٨٣/٢٩٧/
هیبه مه‌لا حبیب ( ئه‌نکم ) : ١٥/٤٥/٥٢/١٦١/
یوسف الحیدری ( ادیب ) : ١٠٤/١٤٧/
یونس رۆوف ( دلدار ) : ١٢/١٠١/
یونس الطائي ( رۆژنامه نووس ) : ١٨٥/١٩٦/١٩٧/
یوسف العاني ( ئه‌کته‌ر ) : ٢٦٥/

Kakamam Botani

# ANATHER KAKAMAM

Memoir

1937-1964

Sulamani-2005

ژماره ٦٨ی بڵاوکراوەکانی

بنکەی ئەدەبی وروناکبیری گەلاوێژ

دیزاین: بازێر کرامید

